# دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت

## تێگەیشتن لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراکان و سەرۆکەکانیان

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

ناتاشا ئیزرۆ
ئێریکا فرانتز

# دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت

## تێگەیشتن لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراکان و سەرۆکەکانیان

وەرگێڕانی
د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا

newdname.com/ku/

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨١٧)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

hewalname.com/ku/

■ دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت

نووسینی: ناتاشا ئیزرۆ ـ ئیریکا فرانتز

وەرگێڕانی: د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٨٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٠٧٧)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# ناوەڕۆك

**پێشەكیی وەرگێڕ** ........................................ ١٧

**پێشەكی** ........................................ ٢٢

سیاسەت لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتدا

کورتەیەک دەربارەی ئەم کتێبە

**بەشی یەكەم**

**سیاسەتی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەكان: پۆلێنكردنەكانیان** .................... ٣٥

پێناسەکردنی دیکتاتۆرییەت

پاشخانێکی تیۆرییانە

تۆتالیتاریزم

هانا ئارێندت

کارڵ فرێدریچ و زبیگنیۆ برزیزنسکی

کۆریای باکوور: ڕژێمێکی تۆتالیتاری مۆدێرن؟

بەراوردکردنی ڕژێمی تۆتالیتاری لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی

بەراوردی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان لەگەڵ...

لە تۆتالیتاریانیزم بەولاوەتر

دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی

جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان (هەنتینگتۆن و موور)

دیکتاتۆرییەتی تاکحزبیی شۆڕشگێڕ

دیکتاتۆرییەتی تاکحزبیی یاسایی

فەرمانڕەوایی سەربازی

جۆرەکانی فەرمانڕەوایی سەربازی (پیرلمووتەر)

پۆلێنە هاوچەرخەکانی دیکتاتۆرییەتەکان

پۆلێنکردنە بەردەوامەکان

ڕژێمەکانی ناوچەی خۆڵەمێشی
ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە پێشبڕکێدارەکان
ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە خاوەن هەڵبژاردنەکان
خاڵە لاوازەکانی پۆلێنە بەردەوامەکان
پۆلێنکردنە یەکلاییکەرەوەکان
ئەو پۆلێنکردنانەی لەسەر بنەمای ستراتیجی دیکتاتۆر دانراون
ڕێکخراوە دامەزرێنەرەکان
خاڵە لاوازەکانی ئەو پۆلێنکردنانەی لەسەر بنەمای...
ئەو پۆلێنکردنانەی لەسەر بنەمای پێکهاتەی ...
دامەزراوەکانی سوپا و حزب
دەستەی هەڵبژاردن و هاوپەیمانیی براوە
دەسەڵاتی ستەمکاری و ژێرخانەکەی
جۆری سەرۆکایەتی
چۆن دیکتاتۆرییەتەکان لەم توێژینەوەیەدا پۆلێن کراون؟
پێناسەی ڕژێمەکان
دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان
دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان
دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان
دیکتاتۆرییەتە پادشاییەکان
دیکتاتۆرییەتە دووڕەگەکان (دیکتاتۆرییەتە تێکەڵەکان)
پوختە و ئەنجام

**بەشی دووەم**
**هۆیەکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت** ........................................ ٨١
ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدانی حکومەتی دەسەڵاتگەرایی
بنچینەکانی تۆتالیتاریزم
ئەو هۆکارانەی یارمەتیدەرن بۆ بەدیموکراتیکردن
هۆکارە دامەزراوەییەکان
هۆکارە ئابوورییەکان
هۆکارە چینایەتییەکان
ڕۆڵی نەژادپەرستی

hewalname.com/ku

کولتوور و دیموکراسی
ڕوونکردنەوەی جۆری دیکتاتۆرییەت
بنچینەکان دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان
دیکتاتۆرییەتی سەربازی لە ئەمەریکای لاتین
دەسەڵاتگەرایی بیرۆکراتی
بنچینەکانی دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی
دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیا
سیستەمەکانی حزبی بەهەژموون
بنچینەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان
دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی لە باشووری بیابانی ئەفریقا
سوڵتانیزم
بنچینەکانی ڕژێمە پادشاییەکان
ڕژێمی پادشایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
پوختە و ئەنجام

**بەشی سێیەم**

**مانەوەی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان: ستراتیج و ئاڕاستەکان** .................. ١٢٧
ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر مانەوەی دیکتاتۆرییەتەکان هەیە
هۆکارە گرنگەکان
پشتگیریی جەماوەر
ئۆپۆزسیۆنێکی لاواز و دابەشبوو
بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆن لە عەرەبستانی سعوودی
دڵسۆزیی دەستەبژێر
هۆکارە بوونیادییەکان
دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان
سەرچاوەکانی ناسەقامگیری لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا
دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان
سەرچاوەکانی ناسەقامگیری لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا
دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان
سەرچاوەکانی ناسەقامگیری بۆ دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان
چۆن دیکتاتۆرییەتەکان دەڕوخێن؟

hewalname.com/ku

کودەتا سەربازییەکان
دەستتێوەردانی بیانی
چارەسەرکردن بە دانوستان
شۆڕش
هەڵبژاردن و حزبەکان و مانەوەی ڕژێمە دەسەڵاتەگەراییەکان
هەڵبژاردن لەژێر سایەی دیکتاتۆرییەتدا
جۆرەکانی هەڵبژاردن
مەبەست لە هەڵبژاردنەکان
لاوازکردنی ئۆپۆزسیۆن و بەشدارییپێکردنی لە دەسەڵاتدا
بەڕێوەبردنی دەستەبژێرەکان
بەهێزکردنی شەرعییەتی ڕژێم
بەدەستهێنانی پشتگیریی بیانی
بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر هێزی جووڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن
بردنەوەی هەڵبژاردنەکان
فڕوفێڵکردن لە هەڵبژاردندا
بێزارکردن
سوودەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن
دەستکاریکردنی یاساکانی هەڵبژاردن
کۆسپی گەورە لە بەردەم بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا
بێبەشکردن
بەکارهێنانی کارامەییانەی ئابووری
کڕینی دەنگ
حزبە سیاسییەکان لەژێر سایەی دیکتاتۆرییەتدا
ئامانجی حزبەکان
سیاسەتمەداران  خستنەناودەسەڵاتەوە
کەمکردنەوەی مەترسیی کودەتاکان
بەڕێوەبردنی ناکۆکیی نێوان دەستەبژێرەکان
بردنەوەی هەڵبژاردنەکان
هەڵبژاردنەکان و حزبەکان لە ڕژێمە پادشاییەکاندا
پوختە و ئەنجام

hewalname.com/ku

**بەشی چوارەم**
**مانەوەی سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکان: ستراتیج و ئاڕاستەکان** ............... ١٧٧
ڕۆڵی دەستەبژێرەکان
ستراتیجەکان بۆ مانەوە
ئەو هۆکارە بوونیادییانەی کار دەکەنە سەر مانەوەی دیکتاتۆرەکان
ئەندامێتیی دەستەبژێر لە دامەزراوەیەکی یەکگرتوودا
مافی دەستەبژێرەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە سوپا و چەک
لاوازیی سەرۆکایەتی
چۆن دیکتاتۆرەکان لە دەسەڵات لا دەبرێن
دەرکردن
گۆڕینی یاسایی (دامەزراوەییانە) دیکتاتۆر
کوشتنی بە نهێنی (ڕەشەکوژی)
وازهێنان لە دەسەڵات
وازهێنانی کاسترۆ
پوختە و ئەنجام

**بەشی پێنجەم**
**کودەتا** ........................................................................................ ٢٠١
پێناسەی کودەتا
جۆری کودەتاکان
کودەتاکردن
جۆرەکانی کودەتا (هەنتینگتۆن)
ئەو هۆکارانەی ئەگەری ڕوودانی کودەتاکان زیاد دەکەن
بارودۆخە ئابوورییەکان
هەژاری
ئاستی سەرەوەی ڕوودانی کودەتا
لاوازیی گەشەکردنی ئابووری
متمانەکردنە سەر هەناردەکردن
خواستبەرزیی کەسی
هەڕەشە بۆ سەر سوپا وەک دامەزراوەیەک
تەڵەی کودەتا

hewalname.com/kurd

تایلەند و تەڵەی کودەتا
ئاڕاستەکانی کودەتا هەرێمییەکان
کودەتا شکستخواردووەکان
پوختە و ئەنجام

**بەشی شەشەم**
**دیکتاتۆرییەت و بنبەستی سیاسی** ........................................................ ٢٢٩
جۆری ڕژێم و بژاردە سیاسییە پەسەندەکانی دەستەبژێر و ...
بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێر لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا
پاککردنەوەی دەستەی دەستەبژێران
چڕکردنەوەی دەسەڵات
بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێر لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا
جیاوازیی ناوخۆیی
دەستەگەریی ناو حزب
نوێنەرایەتیکردنی بازنەی هەڵبژاردنەکان
بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێر لە دیکتاتۆرییەتی سەربازیدا
یەکڕیزیی ناوخۆیی
دوورکەوتنەوە لە دەستەگەری
نەبوونی بازنەکانی هەڵبژاردن
ئاکامەکانی بنبەستی سیاسی
پوختە و ئەنجام

**بەشی حەوتەم**
**دیکتاتۆرییەتەکان و ئابووری** ........................................................ ٢٥٣
جۆری ڕژێم و ئابووری
جۆری ڕژێم و گەشەی ئابووری
کۆمەکی بیانی لە دیکتاتۆرییەتەکاندا
دیکتاتۆرییەتەکان و گەندەڵی
ئاڕاستەکانی گەندەڵی لە سەرجەم دیکتاتۆرییەتەکاندا
حوکمڕانیی تاکڕەوی و گەندەڵی
دابەشکردنی داهاتی زیادە بەسەر پشتگیریکەران
زیادکردنی سامانی کەسی

hewalname.com/ku/

دەوڵەتە تالانکەرەکان
دەوڵەتە تالانکەرەکان (هەندێک تایبەتمەندیی سەرەکییان)
مۆبوتۆی زائیر (١٩٦٥-١٩٩٧)
دوڤالییەی هایتی (١٩٧٢-١٩٨٦)
مارکۆسی فیلیپین (١٩٧٢-١٩٨٦)
پوختە و ئەنجام

**بەشی هەشتەم**
**دیکتاتۆرییەتەکان و کێشەی نێودەوڵەتی** ................................................ ٢٢٧
ڕەفتاری کێشەئامێزی دیکتاتۆرییەتەکان
ئاشتیی دیکتاتۆری
ئارەزووی کێشەنانەوە
دامەزراوە ناوخۆییەکان و ئاماژەدان
سزای جەماوەر
تیۆری فیرۆن
دیکتاتۆرییەت و سزای جەماوەر
سیاسەتی دەرەوە لە دیکتاتۆرییەتەکاندا
تیۆری پۆلیهیوریستیک (Poliheuristic Theory)
دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی: بڕیاری عێراق بۆ مانەوە لە کوێت
دیکتاتۆرییەتی سەربازی: پاکستان نەناردنی هێزی...
دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی: گۆڕانکارییە ئێجگار گەورەکان...
هەواڵگریی سەربازی لە دیکتاتۆرییەتەکاندا
هەواڵگریی سەربازی
پاشخانی هەواڵگریی سەربازی
جۆری زانیاریی هەواڵگری لە دیکتاتۆرییەتەکاندا
دڵسۆزی بە باشتر زانین وەک لە شارەزایی لە...
هەڕەشەی پاککردنەوە لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا
زانیاریی هەواڵگریی لاواز لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا
عیدی ئەمینی ئۆگەندا
مۆبوتۆی زائیر
پوختە و ئەنجام

hewalname.com/kurd

**بەشی نۆیەم**

**دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لە ئەمەریکای لاتین و دەوروبەری** ............ ٣٢١
فەرمانڕەوایی سەربازی چییە؟
پێناسەی دیکتاتۆرییەتی سەربازی
شیکردنەوەی تیۆرییانەی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان
جۆرەکانی فەرمانڕەوایی سەربازی
شێوەکانی پێکهاتەی فەرمانڕەوایی سەربازی
جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتی سەربازی...
جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتی سەربازی: ناوبژیکەر،...
دیکتاتۆرییەتی سەربازیی پرۆفیشناڵ بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەتی سەربازیی پرەیتۆریان
سوپا پرایتۆرییەکان
پێکهاتی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان
تایبەتیمەندییە سەرەکییەکانی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان
مانەوەی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان
بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێرانی سەربازی
کاریگەریی ناسەقامگیرانەی دەستەگەری
پەیوەستبوون بە فەرمانڕەوایی کاتی
هەستیاریی سوپا بەرامبەر فشارەکانی بەدیموکراتیکردن
هەندێک نموونەی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو
ناسەقامگیری بە هۆی دەستەگەرایی لە ئەرجەنتین (١٩٧٦-١٩٨٣)
ڕووخانی ڕژێمەکە
یەکگرتوویی سوپا لە بەڕازیل (١٩٦٤- ١٩٨٥)
ڕووخانی ڕژێمەکە
لاوازیی دامەزراوەیی لە گواتیمالا (١٩٧٠- ١٩٨٥)
ڕووخانی ڕژێمەکە
گێڕانەوەی سەقامگیری لە تورکیا (١٩٨٠- ١٩٨٣)
ڕووخانی ڕژێمەکە
توانای سوپا لە نایجیریا (١٩٦٦- ١٩٧٩، ١٩٨٣- ١٩٩٣)
ڕووخانی ڕژێمەکە
پوختە و ئەنجام

**بەشی دەیەم**
**دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیاو دەوروبەری ..٣٦٥**
دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی چییە؟
پێناسەی دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی
شیکارە تیۆرییەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان
جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان
سیستەمە تاکحزبییە بەهێز و لاوازەکان
سیستەمەکانی حزبی بەهەژموون
دەوڵەتانی تاکحزبیی ئایدیۆلۆجی
پێکهاتی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان
بەردەوامیی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان
بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێرانی حزبەکە
ستراتیجی هێنانە ناو ڕژێم
بەرهەڵستی بەرامبەر بە دەستەگەری
مانەوەی ڕژێم دوای تەواوبوونی ماوەی فەرمانڕەوایی سەرۆکێک
چەند نموونەیەکی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو
گۆڕانی سەرکردایەتی لەناو ڕژێمدا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات
هەنگاریا (١٩٤٩- ١٩٩٠)
چیکۆسلۆڤاکیا (١٩٤٨- ١٩٩٠)
ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (١٩٤٥- ١٩٩٠)
ڕووخانی ڕژێمەکان
دەستەگەری لە ئاسیا
چین (١٩٤٩-تا ئێستا)
مالیزیا (١٩٥٧-تا ئێستا)
تایوان (١٩٤٩- ٢٠٠٠)
مانەوەی ڕژێمەکان
سیاسەتی ڕژێمە تاکحزبییە دەسەڵاتگەراییەکان لە مەکسیک (١٩٢٩- ٢٠٠٠)
ڕووخانی ڕژێمەکە
پوختە و ئەنجام

hewalname.com/ku

**بەشی یازدەیەم**

**باشووری بیابانی ئەفریقا و دەوروبەری** ...................................................... ٤٠٩
دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی چییە؟
پێناسەی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی
شیکردنەوەی تیۆرییانەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان
جۆرەکانی فەرمانڕەوایی تاکڕەوی
سوڵتانیزم
دیکتاتۆرییەتەکانی پەیامبەری، شازادەیی، ئۆتۆکراتی و ستەمکاری
دیکتاتۆرییەتەکانی پەیامبەری، شازادەیی، ئۆتۆکراتی و ستەمکاری (جاکسۆن و ڕۆزبێرگ)
پێکهاتەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان
تایبەتیمەندییە سەرەکییەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان
مانەوەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان
سەرکوتکردن
هەڵبژاردنی تۆڕەکانی لایەنگران
پەرستنی کەسێتی
پەرت بکە و زاڵ بە
هەڕەشە دەرەکییەکان لەسەر مانەوەلەدەسەڵاتدا
هەندێک نموونەی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو
دەسەڵات لە کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست...
ڕووخانی ڕژێمەکەی بۆکاسا
ناکارامەیی لە ئۆگەندا (١٩٧١- ١٩٧٩)
ڕووخانی ڕژێمەکەی عیدی ئەمین
پەرت بکە و زاڵ بە لە زائیر (١٩٦٥- ١٩٩٧)
ڕووخانی ڕژێمەکەی زائیر
بەدواییەکداهاتنی سەرکردایەتی لەناو ڕژێم لە هایتی (١٩٥٧- ١٩٨٦)
ڕووخانی ڕژێمەکە
ڕۆڵی کەسێتی
پوختە و ئەنجام

hewalname.com/ku

**بەشی دوازدەیەم**
**ڕژێمە پادشاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوروبەری** ........................ ٤٥٣
فەرمانڕەوایی پادشایی چییە؟
شیکردنەوەی تیۆرییانەی ڕژێمە پادشاییەکان
جۆرەکانی ڕژێمە پداشاییەکان
ڕژێمە پادشایەتییە بنەچەیی و نابنەچەییەکان
ڕژێمە پادشاییە بنەچەیی و نابنەچەییەکان (مایکل هێرب)
پێکهاتەی ڕژێمە پادشاییەکان
تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕژێمە پادشاییەکان
مانەوەی ڕژێمە پادشاییەکان
توانای خۆگونجاندن
ڕەوایی (شەرعییەت)
یەکگرتوویی خێزانی
کڕینی دڵسۆزی (کڕینی خەڵک)
ڕاوێژکردن
هەڵبژاردن و پەرلەمان و حزبە سیاسییەکان
سەرکوتکردنی هەڵبژاردە
دڵسۆزیی سوپا (وەفاداریی سوپا)
جێنشینی
هەندێک لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو
دەسەڵاتی کۆکراوە لە ناوەند لە ئێران (١٩٢٥- ١٩٧٩)
ڕووخانی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شا
شەرعییەتی پادشایی لە سوازیلاند (١٩٦٨-تا ئێستا)
پوختە و ئەنجام

**بەشی سیازدەیەم**
**دیکتاتۆرییەتە دووڕەگەکان** ........................................................ ٤٩٣
دیکتاتۆرییەتی دووڕەگیی تاکڕەوی-سەربازی
پاکستان (١٩٧٧-١٩٨٨)
ڕەگەزەکانی تاکڕەوی
ڕەگەزەکانی سوپا

hewalname.com/ku

دیکتاتۆرییەتی دووڕەگیی تاکڕەوی- تاکحزبی
کووبا (١٩٥٩–تا ئێستا)
ڕەگەزەکانی تاکڕەوی
ڕەگەزەکانی  تاکحزبی
دیکتاتۆرییەتی دووڕەگیی تاکحزبی–سەربازی
ئیل سەلڤادۆر (١٩٤٨-١٩٨٤)
ڕەگەزەکانی تاکحزبی
ڕەگەزەکانی سوپا
هەڕەشەی سیانی: میسر (١٩٥٢-تا ئێستا)
ڕەگەزەکانی تاکڕەوی
ڕەگەزەکانی سوپا
ڕەگەزەکانی تاکحزبی
پوختە و ئەنجام

**ئەنجام** ........................................................................ ٥١١
**بیبلۆگرافیا** ........................................................................ ٥٢١

hewalname.com/kur

# پێشەکیی وەرگێڕ

خوێنەری بەڕێز، ئەم کتێبەی لە بەردەستتدایە، دەربارەی دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەتەکان نووسراوە، کە جیهانێکی ئاڵۆزە و پڕە لە نهێنی. دەستڕاگەیشتن بەو نهێنییانە ئەگەر کارێکی ئەوپەڕی گران نەبێت، ئەوا مەحاڵە، چونکە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان هەرگیز نهێنی و زانیاریی ورد دەربارەی چۆنێتیی فەرمانڕەواییکردنیان و دامودەزگا جۆراوجۆر و دامەزراوەکانیان نادرکێنن. لەبەر ئەوە لەسەر ئاستی ئەکادیمی، لێکۆڵینەوەی کەمتر لەسەر ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکان کراوە لەچاو ڕژێمە دیموکراسییەکان، وێڕای کەمیی ئەدەبیات لەسەر ئەم بوارەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکان لە زانستی سیاسیدا.

بەگوێرەی مەزەندەی *ڕێکخراوی فریدەم هاوس*، نزیکەی دوو لەسەر سێی دانیشتوانی جیهان لە بندەستی ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکاندا دەژین و دوو ملیار کەس بەدەست فەرمانڕەوایی ستەمکارییەوە دەناڵێنن. لە جیهاندا سەدوشەش ڕژێمی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆری یان نیمچەدیکتاتۆری هەن. واتە ٥٤٪ی دەوڵەتانی سەر گۆی زەوی. نزیکەی لە هەر سێ وڵات لە جیهاندا، یەکێکیان لەژێر فەرمانڕەوایی

hewalname.com/kurd

دیکتاتۆرییەتدایە. بە تەنیا حزبی کۆمۆنیستی چین فەرمانڕەوایی نزیکەی چواریەکی دانیشتوانی جیهان دەکات.

هۆیەکانی دروستبوونی ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکان چەندان سەدەیە نەگۆڕاون، هەمووشیان لە کاتی سەرهەڵدانی پشێوی و تەنگژە و قەیرانەکاندا دروست دەبن، وەک ئەو دیکتاتۆرییەتانەی **ئەدۆڵف هیتلەر** لە *ئەڵمانیا* و **بینیتۆ مۆسۆلینی** لە *ئیتاڵیا* و **قەیسەر** لە *ڕووسیا* دایانمەزراندن. دیکتاتۆرەکان هەمیشە دەیانەوێت لە لوتکەی هەڕەمی دەسەڵاتدا بمێننەوە و نوێنەرایەتیی هاووڵاتییان ناکەن و گرووپێکی بچووکی هاووڵاتییان، کە پێی دەڵێن دەستەبژێر، لە دەوری خۆیان کۆ دەکەنەوە پارە و پلە و پۆستی باشیان دەدەنێ و چارەنووسیان بە چارەنووسی ڕژێمەکەوە دەبەستنەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە ئەو دەستەبژێرانە بەرژەوەندییان لە مانەوەی ڕژێمەکەدا ببیننەوە و ڕژێمەکە بپارێزن. هاوکات ئەو دیکتاتۆرانە ئامراز و دامودەزگای سەرکوتکردن و داپڵۆسین و تۆقاندنیان هەیە، کە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن و نەیارانیان بەکاری دەهێنن و هەرگیز لە کوشتن و بەکارهێنانی زەبروزەنگ و توندوتیژی بەرامبەر ئەوانەی بە هەڕەشەی بۆ سەرخۆیان بزانن، سڵ ناکەنەوە. گەندەڵی و بەرتیلخۆری و دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانی وڵات و تاڵانکردنی لەژێر فەرمانڕەوایی ئەو دیکتاتۆرییەتانە بڵاوە و هۆی کاران بۆ حوکمڕانییان، لە کاتێکدا زۆرینەی هاووڵاتییان لەژێر باری هەژاری و ناهەمواری و نەبوونی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان ژیان بەسەر دەبەن.

مەزەندە دەکرێت **فێردیناند مارکۆس**ی *فیلیپین* و **سانی ئاباشە**ی *نایجیریا*، هەر یەکەیان زیاتر لە پێنج ملیار دۆلاریان

دزیبێت کاتێک لە دەسەڵاتدا بوون. وەک دەڵێن، **ئەلبێرتۆ فوجیمۆری** پیرۆ شەشسەد ملیۆن دۆلاری *پیرۆی* بە تاڵان بردووە، لە کاتێکدا دوڤالییەکان لەو کاتەی لە *هایتی* لە دەسەڵاتدا بوون، نزیکەی هەشتسەد ملیۆن دۆلاری بۆ خۆیان بردووە. **بۆکاسای** سەرۆککۆماری *ئەفریقای ناوەند*، لە ئاهەنگی تاجلەسەرنانەکەی لە ساڵی ١٩٧٧دا، بیستودوو ملیۆن دۆلاری خەرج کرد، ئەو بڕە پارەیە ٢٤٪ی داهاتی نەتەوەیی *کۆماری ئەفریقای ناوەندی* پێک دەهێنا.

هەندێک لە ڕەفتارە نامۆ و نابەجێیەکانی دیکتاتۆرەکانی جیهان، کە لەم کتێبەدا باس کراون، دەخەینە ڕوو: لە ساڵی ١٩٩٧دا، **قەزافی** بڕیاری دا کە دەبێت هەموو خێزانەکانی *لیبیا* لە ماڵەکانیان مریشک بەخێو بکەن، وەک هۆیەک بۆ ئەوەی *لیبیا* بەشی خۆی لە مریشک دابین بکات و مریشک هاوردە نەکات. **موعەممەر قەزافی** ساڵنامەی گریگۆریی گۆڕی بۆ ساڵنامەی هەتاوی و ناوی هەموو مانگەکانیشی گۆڕی بۆ ئەو ناوانەی خودی خۆی دای دەهێنان. **هاستنگس باندای** سەرۆکی *مالاوی*، بڕیارێکی دەرکرد کە نابێت ژنان پانتۆڵ لە پێ بکەن. **فرانسیکۆ ماسیاس نگویما**، سەرۆکی *گینیای ئیستیوائی*، هەموو جۆرە دەرمانێکی هاوچەرخی لە وڵاتەکە قەدەغە کرد، تەنانەت لە ماوەی بڵاوبوونەوەی کۆلێرای ترسناکیشدا. **پاپا دۆکی** *هایتی* وێنەکانی خۆی لە هەموو شوێنێکی وڵاتەکەدا بڵاو کردبووەوە و هەندێک لەو وێنانە ئەو پەیامەیان بە گوێی خەڵکدا دەدا، کە ئەو لە لایەن **عیسای مەسیح**ەوە بۆ سەرۆکایەتیی *هایتی* هەڵبژێردراوە. لە یەکێک لەو وێنانەدا **پاپا دۆک** لە تەنیشت **عیسای مەسیح** وەستاوە و **مەسیح** دەستی

hewalname.com/ku

لەسەر شانی ئەو داناوە، لەگەڵ نوسینێک کە دەڵێت "من **پاپا دۆک**م هەڵبژاردووە".

سەرۆکی *ئۆگەندا*، **عیدی ئەمین**، وای بڵاو کردەوە کە لە ماوەی دەسەڵاتیدا لە *ئۆگەندا*، سەد هەزار تا شەشسەد هەزار ڕۆشنبیری کوشتووە. هەر بەرپرسێک هەر پێشنیارێکی بۆ **سەدام** کردبایە، **سەدام** ڕقی لێ دەبووەوە و دەیکوشت. بۆ نموونە، لە ماوەی *جەنگی ئێران-عێراق*دا، وەزیری تەندروستی پێشنیازێکی کرد کە **سەدام** بۆ ماوەیەکی کاتی واز لە دەسەڵات بهێنێت بۆ ئەوەی ئەو مەرجەی *ئێران* بۆ ئاشتی، جێبەجێ بکات. **سەدام** سوپاسی ئەو هەڵوێستە ڕاشکاوانەی وەزیری تەندروستیی کرد، پاشان ئەو وەزیرەی بە پارچەپارچەکراوی لە کیسەی مردواندا بۆ هاوسەرەکەی ناردەماڵەوە.

ئەم کتێبە باسی ئەوە دەکات کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان پۆلێن دەکرین لەگەڵ هۆیەکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەتەکان، مانەویان، ستراتیج و ئاڕاستەکانیان، ڕۆڵی دەستەبژێر و هۆکارەکانی ڕووخانیان. هەروەها باسی جۆری کودەتاکان و هۆکارەکانی ڕوودانیان و شکستهێنانیان دەکات. پەیوەندیی نێوان دیکتاتۆرییەتەکان و بنبەستی سیاسی و ئابووری و کێشە نێودەوڵەتییەکانیش بە دوورودرێژی ڕوون دەکاتەوە. هەروەها لەم کتێبەدا بۆ هەر یەکێک لە دیکتاتۆرییەتەکان بەشێک بۆ گفتوگۆکردن لەسەریان و ڕوونکردنەوەیان تەرخان کراوە، بەم جۆرە: دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لە *ئەمەریکای لاتین* و دەوروبەری، دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* و دەوروبەری، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لە *باشووری بیابانی ئەفریقا* و دەوروبەری، ڕژێمە پادشاییەکان لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* و دەوروبەری،

دیکتاتۆرییەتە دوورەگەکان لە *پاکستان*، *کووبا*، *ئیل سەلڤادۆر* و هەڕەشەی سیانی لە میسڕ.

لە چاپە ئینگلیزییەکەی ئەم کتێبەدا، لە کۆتایی هەر بەشێک هەندێک پرسیار و بە ناو خاڵی گرنگ هەبوون، کە زیادە و شتی دووبارە بوون و لە چاپە کوردییەکەیدا لا براون. هەروەها لە کۆتایی هەر بەشێکیش سەرنج هەبوو کە ئەو ناوانەی تێدا بوو کە دانەرانی کتێبەکە لە بەشەکاندا ئاماژەیان پێ کردبوون، لە چاپە کوردییەکەدا هەموو ئەو ناو و سەرچاوانە لە بیبلۆگرافیای کۆتایی کتێبەکەدا هەن، لەبەر ئەوە لە کۆتایی بەشەکان لا براون. هەروەها لە چاپە کوردییەکە هەموو ئەو ناوانەی لە بەشەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە، وەک خۆیان بە ئینگلیزی نووسراونەتەوە، بۆ ئەوەی ئەو خوێنەرانەی دەیانەوێت ئەو سەرچاوانەیان دەست بکەوێت، لە بیبلۆگرافیایەکەدا ناونیشانی دانەر و سەرچاوەکانیان دەربهێنن.

هیوادارم ئەم وەرگێڕانە سوودی هەبێت و کەلێنێکی بچووکی کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە.

**د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا**

*سلێمانی*

٢٠١٦/٩/٢٥

hewalname.com/ku

## پێشەکی

### سیاسەت لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتدا

هەرچەندە زۆرینەی جیهان لەژێر فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرییەتدا دەژین، بەڵام بە هەڵەتێگەیشتنێکی زۆر دەربارەی ئەو دیکتاتۆرییەتانە هەیە. دیکتاتۆرییەتەکان وا تەماشا دەکرێن کە ڕژێمی پێشبینینەکراو و دڕندەن و لە لایەن تاکێکی بەدکار کە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە، فەرمانڕەوایی دەکرێن. بە زۆری لەو جۆرە وێناکردنانەی دیکتاتۆرییەتەکان بەشێک لە ڕاستییان تێدا بەدی دەکرێت.

هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان کاری وا ئەنجام دەدەن پێشبینی نەکرێت، بۆ نموونە، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥دا، سەرۆکی ڕژێمی دیکتاتۆرییەتی *بۆرما*، **سان سوان**، لەناکاو پایتەختی وڵاتەکەی لە *ڕانگون*ەوە گواستەوە بۆ *پینمانا*. *پینمانا* جەنگەڵێک بوو لە باکووری وڵاتەکە و دووسەد و پەنجا کیلۆمەتر لە *ڕانگون*ەوە دوور بوو. فەرمانبەرانی حکومەت و ئەفسەرانی سوپا ماوەی دوو ڕۆژیان درایە بۆ گواستنەوە و بە کاروانێکی لۆریی گەورەی پڕ لە کەلوپەل، گواستیانەوە بۆ پایتەختە نوێیەکە. هەروەها لە *ئۆگەندا*، **عیدی ئەمین** لە ساڵی ١٩٧٢دا، بڕیارێکی دەرکرد بۆ دەرکردنی نزیکەی سەدهەزار ئاسیایی لە *ئۆگەندا*، کە خەڵکی وڵاتەکە نەبوون، **ئەمین** بەو کارەی وڵاتەکەی تووشی گێژاوێکی ئابووری کرد.

هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان چەوسێنەری دڵڕەقن، بۆ نموونە، لە ماوەی دیکتاتۆرییەتی سەربازیی *ئۆرۆگوای*، لە

سەردەمێکدا ئەو وڵاتە زۆرترین ڕێژەی سەدی لە زیندانیانی سیاسی لە جیهاندا هەبوو. هەرچەندە ئەو ئامارە بە بەراورد لەگەڵ نزیکەی یەک ملیۆن کەمبۆدی، کە لە سەردەمی حوکمڕانیی **پۆل پۆت**دا مردن کاڵ دەبێتەوە. هەروەها دڕندەییە بێماناکەی دیکتاتۆرییەتی **سەدام حسێن** لە *عێراق*دا زۆر بە باشی تۆمار کراوە. گۆڤاری فەڕەنسیی *لی نۆڤل ئۆبسێرڤاتور* گوتارێکی بڵاو کردبووەوە و ئاماژەی بە **سەدام حسێن** کردبوو وەک "گەمژەیەکی تەواو" و "پیاوکوژ" و "دڕندە". **سەدام** لە دادگا داوای لەسەر ئەو گۆڤارە تۆمار کرد کە ناویان زڕاندووە، بەڵام داواکەی دۆڕاند.

هەندێک دیکتاتۆر کاری نامۆ دەکەن، بۆ نموونە، **ساپارمورات نیازۆڤ**ی *تورکمانستان*، ناوی مانگ و ڕۆژەکانی هەفتەی بە ناوی خۆی و خێزانەکەی کردبوو. **نیازۆڤ** سەمای بالێی قەدەغە کرد، چونکە وای بینی کە جاڕسکەرە. زانینی زنجیرەوانەیەکی ڕوخنامە، کە کتێبێکی بیرکردنەوەی ئایینی بوو و **نیازۆڤ** نوسیبووی، مەرج بوو بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی شوفێری. بە هەمان شێوە، دەڵێن **کیم جۆنگ ئیل**، سەرۆکی ڕژێمی دیکتاتۆریی *کۆریای باکوور*، پێڵاوی پانی بەرز لە پێ دەکات و قژی بۆ سەرەوە بەرز دەکاتەوە، بۆ ئەوەی درێژتر دیار بکەوێت. وەک بڵاوە، **کیم** بە شەمەندەفەری زرێپۆش سەفەر دەکات، لەبەر ئەوەی لە سواری فڕۆکە دەترسێت و لە کاتی سەفەرکردنیدا، ڕۆژانە بە فڕۆکە قرژاڵی دەریایی بۆ دەهێنن و خواردنەکانیشی بە چیلکەی زیو دەخوات، چونکە لە کۆنەوە بڕوا وایە کە زیو ژەهر کەشف دەکات.

ئەو وێنانەی دەربارەی دیکتاتۆرەکان هەن، وەک ئەوانەی سەرەوە کە باسی چەند ڕژێمێک و سەرۆکەکانیان دەکەن، بە وردی باسی هەموو ڕژێمەکان ناکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، دیکتاتۆرییەتی وەک **عیدی ئەمین**ی *ئۆگەندا* هەیە، دیکتاتۆرییەتی وەک ئەوەی *سەنگاپوور*یش هەیە، کە زۆربەی ڕۆژانی هەفتە وەک دیموکراسییەکی مۆدێرن دەردەکەوێت.

ئەو بەهەڵەتێگەیشتنە دەربارەی دیکتاتۆرییەتەکان هەر بەردەوامە، بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە لە زانستە سیاسییەکاندا دیکتاتۆرییەتەکان کەمتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە وەک لە سیستەمە دیموکراسییەکان. بە گوتەی **ستانلی جی پەین**، "ئەدەبیاتی سیاسی لەسەر ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان زۆر سنووردار و لاوازترە لەچاو ئەوانەی لەسەر سیستەمە دیموکراسییەکان و ئەو سیستەمە پەرلەمانییانەی کە هەر بە ناو هەن".

بەشێک لە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر قورسە زانیاری لەسەر ڕژێمە دیکتاتۆریەکان کۆ بکرێتەوە، وەک **پاوڵ ئێچ لویس** دەنووسێت، "لێکۆڵینەوە لەسەر سیستەمە دیکتاتۆرییەتەکان زۆر قورسترە لە هیی دیموکراسییەکان، چونکە سیاسەتەکانی ناوخۆی دیکتاتۆرییەتەکان بە ئەنقەست لە ڕای گشتی دەشاردرێنەوە. چاپەمەنی ئازاد نییە، ڕای جەماوەر ئازاد نییە، کێبرکێی ئاشکرای حزبی یان لۆبیکردن نییە". بە هۆی سروشتی داخراوی دیکتاتۆرییەتەکان، وا دەردەکەوێت کە بەدەستهێنانی زانیاریی سیاسی زۆر زەحمەت بێت و سەرچاوە حکومییەکانیش جێی متمانە نەبن. بڵاوکراوە میدیاییەکان بە زۆری سانسۆر دەکرێن، پڕوپاگەندەی

hewalname.com/kurd

حکومەت زۆر بڵاوە و وردەکاری دەربارەی بەڕێوەبردنی حکومەت شاراوەیە.

ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان بەرەنگارییەکی بێهاوتان بۆ ئێمە، لەبەر ئەو ڕاستییەی کە دەسەڵاتگەراین. نموونەیەکی دیاری ئەوەش مەسەلەی *لاوس*ە، کە دیکتاتۆرییەتێکی تاکحزبی فەرمانڕەوایی دەکات. بۆ چەندین ساڵ لە *لاوس*، تەنانەت ناسنامەی سەرکردەکانی حزبەکە نەزانراو بوون. لە هەندێک لە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا، بەدەستهێنانی ڕاستییە هەرە بنەڕەتییەکان دەربارەی ڕژێمەکە مەحاڵە. لەبەر ئەوە، تاقیکردنەوەی گریمانەکان لەسەر سیستەمی سیاسیی ڕژێمە دیکتاتۆریەکان، دەشێت کارێکی قورس بێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات زۆر لەو ئەفسانانەی کە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی شاردبووەوە، بە درۆ بخاتەوە و ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چۆن سیاسەتەکانی ئەو ڕژێمە دەسەڵاتگەراییانە بەڕێوە دەچن. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرجەم ئەو ئەدەبیاتانەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەربارەی ڕژێمی دیکتاتۆری لە زیادبووندان، کۆ دەکاتەوە و لێیان دەکۆڵێتەوە. تیۆرییە کۆنباوەکان دەربارەی ڕژێمی دیکتاتۆری، لەگەڵ توێژینەوە پێشکەوتووەکان لەسەر ئەم ڕژێمانە لێک دەدەین، هەروەها گفتوگۆ لەسەر ئەو پۆلێنکردنە جیاوازانەی دیکتاتۆرییەت دەکەین کە لە ئەدەبیاتەکانیاندا جەختیان لەسەر کراوەتەوە، بەکارهێنانی ئەو پۆلێنکردنانە چۆن سەریان هەڵداوە. بۆ ئەوەی گفتوگۆکەمان ڕوون بکەینەوە، ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو (Case Study) دەربارەی ناوچە جیاوازەکان لە جیهاندا دەخەینە ڕوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێت لە ڕێی ئەو نموونە ڕاستەقینانەی دیکتاتۆرییەتەکانی جیهان، تیۆرییەکان بکاتە شتێکی ڕاستەقینە.

دەبێت سەرنجیش بۆ ئەوە ڕابکێشین کە لەم لێکۆڵینەوەیە، زاراوەکانی ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی، نادیموکراسی، ئۆتۆکراسی و دیکتاتۆرییەت لە جێی یەکتر بەکار دەهێنین ئەگەر بە مانای تر بەکاریان نەهێنین. وێڕای ئەوەش، لێکۆڵینەوە لە پڕۆسەی سیاسی لە ژێردەستی دیکتاتۆرییەتەکان لە سەدەی بیست و دواتر دەکەین.

دوو خاڵی سەرەکی تێکهەڵکێشی سەرجەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەین: یەکەمیان ئەوەیە دیکتاتۆرییەتەکان یەک جۆر نین و وەک یەک نین، دیکتاتۆرییەتەکان بە چەند لایەنێکی گرنگ لە یەکتر جیاوازن. هەروەک لە بەشەکانی داهاتوودا پیشانی دەدەین، ئەو جیاوازییانە کاریگەریی تەواویان لەسەر جۆرەکانی ئەو سیاسەتانە هەیە کە لێی پەیدا دەبن. خاڵی دووەم ئەوەیە دیکتاتۆرەکان لە دیکتاتۆرییەتەکان جیاوازن. ڕووخانی دیکتاتۆرێک هاوواتا نییە لەگەڵ ڕووخانی دیکتاتۆرییەتێک. لە ڕاستیدا ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان بە زۆری دوای ڕووخانی فەرمانڕەواکانیان هەر دەمێنن. تیکەڵکردنی دیکتاتۆر لەگەڵ دیکتاتۆرییەت هەر بەهەڵەتێگەیشتنی لە مانەوەی دیکتاتۆر و مانەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو بەهەڵەتێگەیشتنی لە ئەنجامە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی تریشی لێ دەکەوێتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لێکۆڵینەوە لەسەر پرسیارە سەرەکییەکان لە بواری سیاسەتی بەراوردکاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکەین. بۆچی هەندێک جۆر لە دیکتاتۆرییەتەکان زیاتر شیاوی مانەوەن و ئەوانی تر زۆر ناسەقامگیرن؟ بە هەمان شێوە، بۆچی فەرمانڕەوایانی هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان وا دەردەکەون کە بۆ هەتاهەتایی

فەرمانڕەوایی بکەن، لە کاتێکدا فەرمانڕەوایانی تر بە ئاسانی دەڕووخێنرێن؟ بۆچی هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان ڕەفتاری پێشبینینەکراو پیشان دەدەن، لە کاتێکدا دیکتاتۆرییەتەکانی تر دووربین و وریا و لەسەرخۆ دەردەکەون؟ لە ڕووی ئابوورییەوە، بۆچی هەندێک لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان گەشەیەکی ئابووریی سەرسوورهێنیان هەیە، لە کاتێکدا ڕژێمەکانی تر گیرۆدەی سستیی ئابووری و گەندەڵی دەبن؟ بۆچی هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان شەڕانگێز و تینووی جەنگن، لە کاتێکدا ئەوانی تر زیاتر مەیلیان بە لای ئاشتیدایە؟

هەرچەندە هەندێک لەو پرسیارانە وەڵامی ڕوونیان هەیە، بەڵام ئەوانی تر هێشتا هەر زۆر بابەتی مشتومڕلەسەرکردنن. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو بۆچوونە جیاوازانەی کە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە خراونە ڕوو لێک جیا دەکاتەوە و ئەو بۆچوونانەی پەیوەندییان بە پرسیارەکانەوە هەبێت گفتوگۆ لەسەر لایەنی لاوازی و بەهێزییان دەخاتە ڕوو.

سیاسەتی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان یەکێکە لەو بوارانەی زانستی سیاسی، کە زۆر بە کەمی لێی کۆڵراوەتەوە. بێگومان ئەوە ڕاستە، هەرچەندە زۆربەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی لەبن دەسەڵاتی جۆرێک لە جۆرەکانی فەرمانڕەوایی ڕژێمی دەسەڵاتگەراییدا دەژین و دیکتاتۆرییەتەکان هەرگیز نەبوونە شتێکی ڕابردوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە تێگەیشتنمان زیاتر دەکات دەربارەی ئەوەی کە چۆن ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکان بەڕێوە دەچن، ئەویش لە ڕێی خستنەڕووی شیکردنەوەیەکی گشتگیر و تەواو دەربارەی سیاسەتەکانی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەمیشە بە بەرهەمێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە حکومەت وەک شێوەیەکی بەردەوامبوونی ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی دەخاتە ڕوو.

## کورتەیەك دەربارەی ئەم کتێبە

**بەشـــی یەکەم: سیاســـەتی ڕژێمـــی دەســـەڵاتگەرایی: پۆلێنکردنەکان**

ئەم بەشە کورتەیەکی تەواوی ئەو ڕێگە جیاوازانەی کە دیکتاتۆرییەتەکانی پێ پۆلێن دەکرێت، لەو ئەدەبیاتە کۆنەی لەسەر ڕژێمی دەسەڵاتگەرایین و لە توێژینەوەی هاوچەرخیشیدا هەن، دەخاتە ڕوو. هەروەها ئەم بەشە پۆلێنکردنی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان کە لە بەشەکانی داهاتوودا بەکار دێن، دەخاتە ڕوو – پۆلێنکردنی **باربارا گیدیس**.

**باربارا گیدیس** دیکتاتۆرییەتەکان پۆلێن دەکات وەک دیکتاتۆرییەتی سەربازی و دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی، دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی یان دیکتاتۆرییەتێکی تێکەڵاو لە هەرسێکیان. ڕژێمی پادشایەتی بۆ پۆلێنەکەی **گیدس** زیاد دەکەین، بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواوتری دیکتاتۆرییەتە هاوچەرخەکانی دوای *دووەم جەنگی جیهانی* بخەینە ڕوو.

**بەشی دووەم: هۆیەکانی دروستبوونی دیکتاتۆرییەت**

ئەم بەشە لە هۆیەکانی دروستبوونی دیکتاتۆرییەت دەکۆڵێتەوە، لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شێوە دیکتاتۆییەتەکانی حکومەت، کە پێچەوانەی سیستەمی دیمۆکراسین. پاشان باسی ئەوە دەکات کە بۆچی جۆرە جیاوازەکانی دیکتاتۆرییەتەکان سەر هەڵدەدەن و لە کوێ ئەو جۆرە دیکتاتۆرییەتانە زۆرترین شیاوی

سەرهەڵدانیان هەیە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئاڕاستە ناوچەییەکان لە دابەشبوونیاندا.

**بەشی سێیەم: مانەوەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکان: ستراتیج و ئاڕاستەکان**

ئەم بەشە کورتەیەک دەربارەی ئەو ستراتیجانەی کە دیکتاتۆرییەتەکان بۆ مانەوەی خۆیان بەکاری دەهێنن، دەخاتە ڕوو. هەروەها چۆن ئەو ستراتیجانە بەگوێرەی جۆری ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکان دەگۆڕێن بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر تێکرای مانەوەیان. هەروەها ئەم بەشە لەو ڕۆڵەی کە هەڵبژاردنەکان و حزبە سیاسییەکان لە درێژکردنەوەی تەمەنی ڕژێمەکان دەیگێڕن، دەکۆڵێتەوە. لە کۆتاییدا ئەم بەشە لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن و بۆچی دیکتاتۆرییەتەکان هەرەس دەهێنن.

**بەشی چوارەم: مانەوەی دیکتاتۆرەکان: ستراتیج و ئاڕاستەکان**

ئەم بەشە سەرنج دەخاتە سەر ئەو هۆکارانەی کە کار دەکەنە سەر مانەوەی سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکان. لەو ستراتیجانە دەکۆڵێتەوە کە دیکتاتۆرەکان بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بەکاری دەهێنن، پیشانیشی دەدات کە چۆن ئەو ستراتیجانە سنووردارن یان جۆری ئەو ڕژێمەی ئەو دیکتاتۆرانە فەرمانڕەوایی پێ دەکەن، کاری کردووەتە سەریان. پاشان ئەم بەشە گفتوگۆ لەسەر ئاڕاستەکانی تێکڕای مانەوەی ئەو دیکتاتۆرانە دەکات، پێش ئەوەی بچێتە سەر لێکۆڵینەوەی ئەوەی کە چۆن ئەو دیکتاتۆرانە لەسەر دەسەڵات لا دەدرێن.

## بەشی پێنجەم: کودەتاکان

ئەم بەشە لە کودەتاکان دەکۆڵێتەوە. کودەتاکان شتێکی سەرەکین بۆ زۆر لایەنی سیاسەتی دەسەڵاتگەرایی، ئەو کودەتایانە بە زۆری وەک هێزێکی یاریدەدەرن لەپشت سەرهەڵدان و ڕووخانی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان، وێڕای دەسەڵاتبەدەستەوەگرتن و لابردنی سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکان. ئەم بەشە گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکات کە بۆچی کودەتاکان ڕوو دەدەن، لە کوێ زۆر باون و ئەو هۆکارانە چین وایان لێ دەکەن پێشوەخت ڕوو بدەن.

## بەشی شەشەم: دیکتاتۆرییەتەکان و بنبەستی سیاسی

ئەم بەشە سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی چۆن جۆری ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکە کار دەکاتە سەر چەقبەستنی سیاسی یان چەند بە ئاسانی یان بە قورسی دەبێت ڕژێمەکە سیاسەتەکەی بگۆڕێت. کاتێک بۆ یاریکەرانی سەر شانۆی سیاسی قورس بێت کە ڕازی ببن بە گۆڕانکارییە سیاسییەکان، ئەوا دەرئەنجامەکانی سیاسەتەکە ساڵ دوای ساڵ وەک خۆیان دەمێننەوە. کاتێک بۆ یاریکەرانی سەر شانۆی سیاسی ئاسان بێت کە ڕازی ببن بە گۆڕانکارییە سیاسییەکان، ئەوا دەرئەنجامەکانی سیاسەتەکە ناجێگیر دەبن. ئەم بەشە گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکات کە کام یاریکەر گرنگە بۆ پرۆسەی داڕشتنی سیاسەت لە ڕژێمە دیکتاتۆریەکاندا و ئەوەش پیشان دەدات کە چۆن جۆرەکانی ڕژێم کار دەکەنە سەر تێگەیشتن و هەمەجۆریی ئەو بژاردە سیاسەتانەی یاریکەرەکان لایان پەسەندە.

## بەشی حەوتەم: دیکتاتۆرییەتەکان و ئابووری

ئەم بەشە گفتوگۆ لەسەر ئەدەبیاتی دیموکراسی و دیکتاتۆرییەت و ئابووری دەکات، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە چۆن دامەزراوە سیاسییە خۆجێییەکان کار دەکەنە سەر ئەدا و گەشەی ئابووری. هەروەها ئەم بەشە لەو چالاکییەش دەکۆڵێتەوە کە دیکتاتۆرییەتە جیاوازەکان تێیدا کۆمەکی بیانی بەکار دەهێنن. لە کۆتاییدا لە ئارەزووی دیکتاتۆرییەتەکان بۆ تێوەگلان لە گەندەڵی دەکۆڵێتەوە و بە درێژی لە دیاردەی دەوڵەتە تالانکەرەکانیش دەکۆڵێتەوە.

## بەشی هەشتەم: دیکتاتۆرییەتەکان و کێشەی نێودەوڵەتی

ئەم بەشە سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن جۆری ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی کار دەکاتە سەر ڕەفتاری کێشەی نێودەوڵەتی. هەروەها ئەم بەشە لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن ئەو جۆرە هەواڵگرییە سەربازییەی دیکتاتۆرەکان لە ڕاوێژکارەکانیان وەری دەگرن، لە ڕژێمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. ئەم بەشە ئەوەش پیشان دەدات کە هەواڵگریی لاواز پەیوەندیی بە سیاسەتی دەرەوەی هەڵەوە هەیە.

## بەشی نۆیەم: دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لە ئەمەریکای لاتین و دەوروبەری

ئەم بەشەیان گفتوگۆیەکی قووڵ لەسەر جۆرێکی تایبەت لە دیکتاتۆرییەت دەخاتە ڕوو: دیکتاتۆرییەتی سەربازی. پێناسەی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دەکات کە چین، لەو هۆکارانەش دەکۆڵێتەوە کە کار دەکەنە سەر بەردەوامبوونیان و توێژینەوەی تیۆریی گرنگیش تایبەت بەوان دەخاتە ڕوو. لە

کۆتاییدا ئەم بەشە هەندێک لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو دەربارەی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانی *ئەمەریکای لاتین* دەخاتە ڕوو، کە لەو کیشوەرە زۆر باون، وێڕای ئەوانەی *تورکیا* و *تایلەند* و *نایجیریا*.

**بەشی دەیەم: دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیا و دەوروبەریان**

ئەم بەشە لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دەکۆڵێتەوە لەگەڵ شیکردنەوەیەکی ورد دەربارەی ئەو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبیانە. هەندێک لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لەسەر *هەنگاریا*، *چیکۆسلۆڤاکیا*، *ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات*، چین، *مالیزیا*، *تایوان* و *مەکسیک* دەخاتە ڕوو.

**بەشی یازدەیەم: دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لە باشووری بیابانی ئەفریقا و دەوروبەری**

ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان. پێش ئەوەی بچێتە سەر کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدراو لەسەر دیکتاتۆرییەتەکانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* (دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لە *ئەفریقا* زۆر باون)، گفتوگۆ لەسەر ڕوخسارە گرنگەکانی ئەم دیکتاتۆرییانە دەکات. هەروەها ئەم بەشە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدراو لەسەر دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویی *هایتی* دەگرێتە خۆ.

**بەشی دوازدە: دیکتاتۆرییەتە پادشاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوروبەری**

ئەم بەشە گفتوگۆیەکی قووڵ لەسەر دیکتاتۆرییەتە پادشاییەکان دەخاتە ڕوو. هەندێک لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لەسەر *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، کە ناوچەیەکە بەرەو حوکمڕانیی پادشایی دەڕوات، بەکار دەهێنێت، وێڕای لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدراو لەسەر *سویسرا*.

**بەشی سیازدە: دیکتاتۆرییەتە دووڕەگەکان**

ئەم بەشە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لەسەر دیکتاتۆرییەتە دووڕەگەکان دەخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە چۆن ئەو ڕژێمانە لە ڕژێمە تەواودەسەڵاتگەراییە هاوتاکانیان جیاوازن. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان لەسەر *پاکستان*، *کووبا*، *ئیلسلڤادۆر* و میسر سوودیان لێ وەرگیراوە.

# بەشی یەکەم
# سیاسەتی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان: پۆلێنکردنەکانیان

بە زۆری دیکتاتۆرییەتەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن، هەروەک چۆن ڕژێمە دیموکراسییەکانیش لە یەکێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێن. دیکتاتۆرییەت هەن وەک ئەوەی *مالیزیا*، کە لەژێر کۆنترۆڵی حزبی *نیشتمانی*دایە. هەروەها دیکتاتۆرییەتی تریش هەن وەک ئەوەی *کۆریای باکوور*، کە لەژێر چنگی **کیم جۆنگ ئیل**دایە. ئەو دوو ڕژێمە لە چەند ئاستێکەوە لە یەکتر جیاوازن، لە پێکهاتە دامەزراوەییە دیفاکتۆکەیانەوە بۆ کرانەوەی سیاسییان تا دەگاتە پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە.

لەم بەشەدا، بە پێناسەیەکی کورت دەست پێ دەکەین کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان پێناسە دەکرێن، پاشان هەندێک پاشخانی تیۆری دەربارەی ئەوەی کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان پۆلێن کراون، لە کۆتاییدا بە قووڵی گفتوگۆ لەسەر پۆلێنکردنە هاوچەرخەکانی دیکتاتۆرییەت دەکەین، وێڕای ئەو پۆلێنکردنەی لەم کتێبەدا بەکار هاتووە.

**پێناسەکردنی دیکتاتۆرییەت**

بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان کارەکانیان هەڵدەسووڕێنن، گرنگە لە سەرەتادا ڕوونی بکەینەوە کە مەبەستمان چییە کاتێک ئاماژە بۆ ئەو دیکتاتۆرانە دەکەین. بێگومان توێژەرانی زانستە سیاسییەکان بە چەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆر پێناسەی دیکتاتۆرییەتەکانیان کردووە، لێرەدا بە کورتی پیایاندا دەچینەوە.

بە گوتەی **خوان لینز**، ڕژێمە دەسەڵاتگەرایییەکان سیستەمی سیاسین، کە فرەلایەنیی سیاسیی سنووردار و نابەرپرسانەی تێدایە و جووڵەیەکی سیاسیی بەتین یان بەرفراوانی تێدا نییە و تیایاندا سەرۆکێک یان گرووپێکی بچووک، لەناو چوارچیوەیەکی سنوورنادیاری فەرمی دەسەڵاتی تێدا پیادە دەکات. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتیکی تەواو پێشبینیکراوە. ئەو پێناسەیە لە لایەن **سامیۆل هەنتینگتۆن**ەوە دووبارە کراوەتەوە، **هەنتینگتۆن** دەنووسێت "ڕژێمە دەسەڵاتگەرایییەکان بەوە دەناسرێنەوە کە سەرکردەیەک یان گرووپێک لە سەرکردە بەڕێوەی دەبەن، یان حزبیان تێدا نییە یان حزبێکی لاوازیان تێدایە و جەماوەرێکی کەمیان لەگەڵدایە و فرەلایەنیی سیاسی تیایاندا سنووردارە". **داروون ئاچمئۆگلۆ** و **جەیمس ڕۆبنسۆن** بە پێچەوانەوە، جەخت لەسەر نوێنەرایەتی دەکەنەوە. ئەوان داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کە دیکتاتۆرییەتەکان ئەو ڕژێمانەن کە تەنیا حکومەت تیایاندا نوێنەرایەتی دەکات: "پەسەندکردنی گرووپێکی بچووکی دانیشتوان بۆ حوکمڕانی، نادیموکراتین و بۆ دەستەبژێر و خاوەن ئیمتیازەکانە، تاکەکەسێک، دەستەبژێرێک، دەستەیەکی سەربازی یان گرووپێکی بچووکی حوکمڕان خاوەن بڕیارن."

پێناسەی **پۆڵ برووکەر** بە شێوەیەکی جیاواز سەرنج دەخاتە سەر پڕۆسەی هەڵبژاردن، دیکتاتۆرییەت وا پێناسە دەکات کە دزینی پۆستە گشتییەکان و دەسەڵاتەکانە. بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، پێناسە ساکارەکەی **ئادەم پریزیۆرسکی** و هاوکارانی بۆ ڕژێمی دیموکراتی و دیکتاتۆری بەکار دەهێنین: "ڕژێمی دیموکراتی ئەو ڕژێمانەن کە تیایاندا ئەوانەی فەرمانڕەوایی دەکەن لە ڕێگەی کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە هەڵبژێردراون و ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکان ڕژێمی دیموکراسی نین."

## پاشخانێکی تیۆرییانە

هەرچەندە زانیاریەکانمان دەربارەی دیکتاتۆرییەتەکان کەمتر بەرەوپێش چووە لەچاو ئەوانەی دەربارەی ڕژێمە دیموکراسییەکان هەمانە، بەڵام ئەدەبیات لەسەر ڕژێمە دیکتاتۆرییە مۆدێرنەکان لە گەشەکردندایە. هەروەک **بروووکەر** سەرنج دەدات، تیۆری دانەران و شیکەرانی تۆتالیتاریزم، دەسەڵاتگەرایی، دەوڵەتی تاکحزبی، ڕژێمە سەربازییەکان و دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی، بەشدارییەکی گەورەیان لە گەشەکردنی زانستی سیاسیدا کردووە. لەو بەشانەی کە دێن، بە درێژی کار لەسەر بیرۆکەی دیکتاتۆرییەتەکان دەکەین و چۆن تێگەیشتنەکانمان دەربارەی دیکتاتۆرییەتەکان لەگەڵ تێپەرینی کاتدا زیادیان کردووە.

## تۆتالیتاریزم

لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان لەسەر دیکتاتۆرییەت بە شێوەیەکی فراوان سروشتی پەسنکارییان هەبووە و بە زۆری سەرنجیان خستووەتە سەر بیرۆکەی تۆتالیتاریزم. **هەنتینگتۆن**

بەم شێوەیە پێناسەی ڕژێمە تۆتالیتارەکان دەکات: "ئەو ڕژێمانەن کە لە لایەن یەک حزبەوە فەرمانڕەوایی دەکرێن، حزبەکەش تاکێک سەرکردایەتیی دەکات، کە پۆلیسی نهێنیی بەتوانا و ئایدیۆلۆجیایەکی زۆر پێشکەوتووشی هەیە. لە ڕژێمە تۆتالیتارییەکاندا، حکومەت کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر میدیا و ڕێکخراوە مەدەنی و ئابووریەکاندا هەیە. ئامانجی ئەو جۆرە ڕژێمانە بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی نموونەییە لە ڕێی بەکارهێنانی پڕوپاگەندەی حکومییەوە."

**هانا ئارێندت**

دوای *دووەم جەنگی جیهانی*، چەمکی تۆتالیتاریزم هاتە ناو زانستی سیاسییەوە؛ دەشێت لە ئەنجامی ئەوە بووبێت کە جیهان زیاتر کەوتبێتە بەر کاریگەریی ڕژێمەکانی *ئەڵمانیا* لەژێر فەرمانڕەوایی **هیتلەر** و **یەکێتیی سۆڤێت** لەژێر فەرمانڕەوایی **جۆزیف ستالین**. لێکۆڵینەوەکەی **هانا ئارێندت** لەسەر ئەم بابەتە، بە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ لەم بوارە دادەنرێت. لە لێکۆڵینەوەکەی **ئارێندت** بە ناوی بنچینە*کانی تۆتالیتا*ریزم، تیشک دەخاتە سەر بێهاوتایی تۆتالیتاریزم، بە شێوەیەکی نوێ و پەرگیریی دیکتاتۆرییەت ناوی دەبات، کە لە تاکی بچووکی دابڕاو پێک دێت. **ئارێندت** بە متمانەکردنێکی زۆر کردنە سەر ڕژێمەکانی **هیتلەر** و **ستالین**، داکۆکی لەوە دەکات کە ئایدیۆلۆجیا لە ڕژێمە تۆتالیتارییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. هەرچەندە جۆری ئەو ئایدیۆلۆجیایەی بەکار دەهێنرێت دەگۆڕێت، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو ڕژێمە تۆتالیتارییەکان ئەوەیە کە سەرکردەکانی ئەو ڕژێمانە دەیانەوێت سروشتی مرۆڤەکان بگۆڕن، ئەویش بە دانانی

نەخشەڕێگەیەکی تەواو بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکان. سەرکردایەتیی ئەو ڕژێمانە هەوڵی ئەوە دەدەن کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر کۆمەڵگەدا هەبێت و هاووڵاتییان بخەنە بەر ترس و تۆقاندن وەک هۆیەک بۆ زامنکردنی ملکەچبوونیان. یاریکەرانی هەرە گرنگ بۆ هێشتنەوەی جۆرێکی وا لە کۆنترۆڵکردنی توندی کۆمەڵگە، سەرکردە و پۆلیسی نهێنی و حزبە.

کارڵ فریدریچ و **زبیگنیۆ برزیزنسکی**

به هەمان شێوە، **کارڵ فریدریچ** و **زبیگنیۆ برزیزنسکی** لە توێژینەوەی *دیکتاتۆرییەتی تۆتالیتاری و ئۆتۆکراسی*، تیشک دەخەنە سەر شەش تایبەتمەندیی دیکتاتۆرییەتە تۆتالیتارییەکان. ئەو تایبەتمەندییانەش ئەمانەن: جێبەجێکردنی ئایدیۆلۆجیایەکی فەرمی، یەک حزبی سیاسی، کۆنترۆڵی حزب بەسەر میدیادا، کۆنترۆڵی حزب بەسەر سوپادا، ئابوورییەکی ناوەندی و پۆلیسی نهێنی. لە توێژینەوەیەکی دواتری **برزیزنسکی**دا، **برزیزنسکی** تۆتالیتاریزم وا پێناسە دەکات کە شێوەیەکی نوێی حکومەتە و هەوڵ دەدات شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بهێنێتە کایەوە لەسەر بنەمای ئەو گریمانە ئایدیۆلۆجییانەی کە سەرکردایەتی ڕای دەگەیەنێت. لە ڕژێمە تۆتالیتارییەکاندا دەسەڵات "بە کارامەیی و بەبێ هیچ کۆسپێک بەکار دەهێنرێت". ئامانجی سەرەکیی سەرکردایەتی، بەدیهێنانی یەکێتیی تەواوی کۆمەڵگە و بەسیاسیکردنی جەماوەرە لە ڕێی ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە. ئەو ئامانجانەش بە هۆی پڕوپاگەندە و تۆقاندنەوە دەهێنرێنە دی. سەرکردە دەسەڵاتی لە حزب و دەزگای ئاسایش زیاترە و تایبەتمەندییەکی ئایینی

یان کاریزمیی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو نموونانەی ئاماژەیان پێ دراوە بریتین لە *ئەڵمانیای* نازی، کۆمۆنیستی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* و یەکێتیی *سۆڤێت*، *ئیتاڵیای* فاشی و *چینی* کۆمۆنیست.

## کۆریای باکوور: ڕژێمێکی تۆتالیتاری مۆدێرن؟

دیکتاتۆرییەتی *کۆریای باکوور* (ڕژێمێکی تاکڕەو/تاکحزبی) زۆر لە تایبەتمەندییەکانی ڕژێمە تۆتالیتارییەکانی تێدایە. ئایدیۆلۆجیا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ڕژێمی *کۆریای باکووردا*، ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت کە جوچەیە، بەکار دەهێنرێت بۆ لێکهەڵوەشاندنی جەماوەر و ملکەچپێکردنی گەل بۆ ویستی دەوڵەت. شانازیی داهێنانی جوچە بۆ سەرۆکی یەکەمی ڕژێمەکە، **کیم ئیل سونگ**، دەگەڕێتەوە و بڕیاری دەرکرد کە تەنیا ڕێگە بۆ تێگەیشتنی ئایدیۆلۆجیایەکە (جوچە) پەیڕەویکردنی حزب و سەرۆکە. لە بنچینەدا جوچە حاڵەتێکی بیرکردنەوەیە کە سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی *کۆریای باکوور* لە پێش هەموو شتێکەوە دابنرێت. ئەو ئایدیۆلۆجیایە ڕێنمایی بۆ هەموو بوارەکانی داهێنانی مرۆڤ دادەنێت، لە شیعرەوە تا دەگاتە چاندنی پەتاتە. کاتێک ئایدیۆلۆجیاکە لە بەدەستهێنانی پشتگیریی جەماوەری شکست دەهێنێت، ئەوا کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێت. کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگەی *کۆریای باکوور* گشتگیرە و هیچ کەسێک لە لێکۆڵینەوە و چاودێریکردنی لە لایەن دەوڵەتەوە بەدەر نییە. ئامانج لە گرتنەبەری ئەو ڕێکارانە بەدیهێنانی باروودۆخێکی تۆقێنەرە، کە وردەوردە نەک هەر لە لایەن ئەندامە دیارەکانی دەزگا داپڵۆسێنەرەوە دەخرێتە ناو دڵی جەماوەرەوە، بەڵکو بە هۆی ترسانیش لەوەی کە لەلایەن هاوپیشەیەکەوە، برادەرێک یان تەنانەت خۆشەویستێکیشەوە خەبەری لێ بدرێت. هەروەها هەوڵی بەرفراوانیش دەدرێت بۆ ئامادەکردنی جەماوەر بۆ قبوولکردنی جوچە، ئەو هەوڵانەش لە لایەن یەکێک لە پەیڕەوانی کەسایەتییەکی هەرە داپڵۆسێنەرە لە جیهاندا ئاسانکارییان بۆ دەکرێت.

## بەراوردکردنی ڕژێمی تۆتالیتاری لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی

لە توێژینەوەی ڕژێمە *تۆتالتیاری و دەسەڵاتگەراییەکان*دا، **لینز** ئەم توێژینەوەیە دەکاتە بنچینە و پۆلێنکردنێکی سیستەمە سیاسییەکان پێش دەخات، ڕژێمەکان لێک جیا دەکاتەوە بەگوێرەی ئەوەی ئایا ئەو ڕژێمانە دیموکراتین، دەسەڵاتگەراییین یان تۆتالیتارین. ئەو هۆکارە سەرەکییانەی کە ڕژێمە تۆتالیتارییەکان لە دەسەڵاتگەراییەکان جیا دەکاتەوە، ڕادەی فرەچینیی کۆمەڵایەتی و ئاستەکانی کۆکردنەوەی سیاسییانەی جەماوەرە. **لینز** داکۆکی لەوە دەکات کە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان جۆرە بیرکردنەوەیەکیان هەیە لە کاتێکدا ڕژێمە تۆتالیتارییەکان کە سیستەمێکی بڕوای ئایدیۆلۆجییان هەیە. ئامانجە سەرەکییەکانی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان پەرتکردنی سیاسییانەی خەڵک و بەسیاسینەکردنیانە. ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان هەوڵی بەتەباییکردنی کۆمەڵگە نادەن، لەبریان تا ڕادەیەک ڕێگە بە فرەیی دەدەن. بە پێچەوانەوە، ڕژێمە تۆتالیتارییەکان جەختێکی زۆر لەسەر کۆکردنەوەی سیاسییانە دەکەنەوە و ئایدیۆلۆجیا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی ڕەواییبوونیان بەکار دەهێنن.

## بەراوردی ڕژێمە دەسەلاتگەراییەکان لەگەڵ ڕژێمە تۆتالیتارییەکان

### ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان

* ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا لاوازە.
* ئامانج بەسیاسینەکردن و پەرتکردنی کۆمەڵگەیە.
* فرەیی تا ڕادەیەکی کەم ڕێگەی پێ دراوە.
* پارتە سیاسییەکان ئەگەر هەبن، ئەوا لە ئایدیۆلۆجیا دامالڕاون و دەشێت ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕژێمدا نەبینن.
* ڕژێم کۆنترۆڵی تەواوی کۆمەڵگە ناکات و جەماوەر تا ڕادەیەک دەسەڵاتی سیاسیی هەیە.
* دەشێت تۆقاندن و پڕوپاگەندە بەکار بهێنرێت، بەڵام تا ئەو ڕادەیە نابێت کە لە ڕژێمە تۆتالیتارییەکان بەکار دەهێنرێت.

### ڕژێمە تۆتالیتارییەکان

* ئامانجەکانی ڕژێمەکە شۆڕشی کۆمەڵایەتییە، مەبەستیان گۆڕینی سروشتی مرۆڤە.
* ئایدیۆلۆجیا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و شەرعییەتی بۆ دەستەبەر دەکات.
* ستراتیج بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە تۆقاندنی کۆمەڵگەیە.
* ڕژێم پلەیەکی باڵا لە ڕێکخستنی هەیە و کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر کۆمەڵگەدا هەیە.
* ئەوانەی دەسەڵاتی باڵایان هەیە سەرۆک و پۆلیسی نهێنی و حزبە.
* جەختکردنەوە لەسەر کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری دەسەلات.
* ڕژێم کۆنترۆڵی تەواوی کۆمەڵگا دەکات.

## له تۆتالیتاریانیزم بەولاوەتر

توێژەرانی تر لە کاردانەوەیان بەرامبەر ئەدەبیاتی تۆتالیتاریانیزم، لە جەختکردنەوە لەسەر ئایدیۆلۆجیا دوور کەوتنەوە. ئەوان وایان دانا لەبری ئەوەی ئایدیۆلۆجیا بە توخمێکی سەرەکیی پۆلێنکردن دابنرێت، بکرێتە یەکێک لەو چەندین هۆکارانەی کە دیکتاتۆرییەتەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە. هەروەها دامەزراوەکانیش (کە تا چ ڕادەیەک ڕەگیان لە ناو کۆمەڵگە داکوتابێت) بکرێنە هۆکاری سەرەکی.

## دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی

توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی حزبە باڵادەستەکان لە ڕژێمە تۆتالیتارییەکان، خێرافراوانبوونی بە خۆیەوە بینی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتیتر ڕۆڵی ئەو حزبە باڵادەستانە بگرێتە خۆ. بۆ نموونە، **هەنتینگتۆن** و **کلیمێنت موور** لە توێژینەوەکەیان بە ناوی *سیاسەتەکانی دەسەڵاتگەرایی لە کۆمەڵگەی مۆدیرن: داینامیکییەکانی سیستەمی تاکحزبیی دامەزراو*، سەرنج دەخەنە سەر دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی و دەڵێن کە "نموونەیەکی دەسەڵاتگەراییە لە شێوە مۆدێرنە سەرەکییەکەیدا". ئەم دوو نووسەرە دەوڵەتانی تاکحزبیی لاواز و بەهێز لەسەر بنچینەی ئەوەی حزبەکە تا چەند دەسەڵاتی بەدەستە، لێک جیا دەکەنەوە. لە دەوڵەتانی تاکحزبیی لاوازدا، بە لایەنی کەمەوە یاریکەرێکی تر ڕۆڵی حزب کەم دەکاتەوە (وەک تاکێک، سوپا یان پۆلیس)، لە دەوڵەتانی تاکحزبیی بەهێزدا حزب ڕۆڵەکەی باڵادەست دەبێت. **هەنتینگتۆن** و **موور** داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کە هێزی سیستەمێکی تاکحزبی، لەسەر بنچینەی چڕی

و بەردەوامیی خەباتی حزبەکە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات دانراوە.

**هەنتینگتۆن** و **موور** بە درێژی گفتوگۆ لەسەر جۆرە جیاوازەکانی دەوڵەتانی تاکحزبیی بەهێز دەکەن، ئەوان دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییە بەهێزەکان لەسەر بنچینەی دامەزراوەیی و ئەو ستراتیجانەی کە حزبەکە بەکاری دەهێنێت بۆ مانەوەلەدەسەڵات، پۆلێن دەکەن. بۆ نموونە، سیستەمی تاکحزبیی شۆڕشگێڕ ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە: چالاکیی کۆمەڵایەتی، سەرکردایەتییەکی ئۆتۆکراتی و کاریزمی، حزبێکی تۆکمە، ئایدیۆلۆجیایەکی زۆرپێشخراو، گرنگیدان بە پڕوپاگەندە و کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری خۆی لە ڕێی بێزارکردن و تۆقاندنەوە. بە پێچەوانەوە، سیستەمە تاکحزبییە فەرمییەکان، تایبەتمەندییەکانیان زیاتر کارگێڕییە لەچاو سیستەمە تاکحزبییە شۆڕشگێڕەکان. ئەو سیستەمە تاکحزبییە فەرمییانە ئاستی کۆکردنەوەی سیاسییانەی جەماوەریان نزمترە و ئامانجەکانیان پراگماتیترن، سەرکردایەتیی سیاسییان کەمتر کاریزمی و ئۆتۆکرات و تاکڕەوە و زیاتر ئۆلیگارشی و بیرۆکراتی و دامەزراوەیین. لە هەموو ئەو دەوڵەتە تاکحزبییە بەهێزانەی کە **هەنتینگتۆن** و **موور** پێناسەیان دەکەن، نە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا هەیە و نە ئاستی نزمی فرەحزبییان تێدایە.

**جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکحیزبییەکان (هەنتینگتۆن و موور)**

**دیکتاتۆرییەتی تاکحزبیی شۆڕشگێڕ**

* ئاستی کاریزمایی بەرزە.
* چالاکیی کۆمەڵایەتی زۆرە.
* ئاستی دیسپلینی حزب بەرزە.
* ڕۆلی ئایدیۆلۆجیا زۆرە.
* ستراتیج بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان کەمکردنەوە و نەهێشتنی دابەشبوونی کۆمەڵایەتییە.
* ئاستی بەدامەزراوەییکردن نزمە.

**دیکتاتۆریەتی تاکحزبیی یاسایی (فەرمی)**

* ئاستی کاریزمایی مامناوەندە.
* چالاکیی کۆمەڵایەتی گرنگ نییە.
* ئاستی دیسپلینی حزب مامناوەندییە.
* ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا زیاتر پراگماتییە.
* ستراتیج بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان هۆیەکانی کارگێڕی، دەستپێشخەرییەکانی سیاسەتی میانگیرییە، کە لە دەستەبژێرە تەکنۆکراتی و بەڕێوەبەرییەکان سەرچاوە دەگرێت.
* ئاستی بەدامەزراوەییکردن بەرزە.

## فەرمانڕەوایی سەربازی

لە کاتێکدا **هەنتینگتۆن** و **موور** سەرنج دەخەنە سەر فەرمانڕەوایی تاکحزبی، **ئامۆس پیرلمووتەر** بە زۆری لە فەرمانڕەوایی سەربازی دەکۆڵێتەوە. **پیرلمووتەر** تیشک دەخاتە سەر دوو جۆری دیکتاتۆرییەت، کە بنچینەکایان سەربازییە: جۆری ناوبژیکەر و جۆری فەرمانڕەوا. جۆری ناوبژیکەری دیکتاتۆرییەتی سەربازیی پرۆفیشناڵانە ئاراستە دەکرێت، بێ ئەوەی ڕێکخراوێکی سیاسیی سەربەخۆ یان ئایدیۆلۆجیای هەبێت. ئەفسەرانی دەسەڵاتبەدەست لە لایەن خەڵکی مەدەنییەوە ئاراستە دەکرێن و زیاتر قبووڵی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە دەکەن، سوپا بایەخ نادات بەوەی ڕا و بۆچوونەکانی بخاتە ناو سیاسەتی حکومەت و هەوڵیش نادات بۆ ماوەیەکی درێژ فەرمانڕەوایی بکات، سوپا، ڕاستتر بڵێین خۆی وەک پارێزەرێکی دەستوور دەبینێت و وەک هۆیەکی هێنانەوەی سەقامگیری بۆ وڵاتەکە و گێڕانەوەی سیستەم و یاسا دەبینێت. زۆر دەشێت سوپا وەک گرووپی فشار لەپشت پەردەوە ڕۆڵ بگێڕێت.

بە پێچەوانەوە، جۆری فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرییەتی سەربازی، ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسیی ڕوون و بە وردی ئامادەکراو پیادە دەکات. سوپا هەوڵ دەدات ئەوپەڕی دەسەڵاتەکانی زیاد بکات و سیاسەتمەدارە مەدەنییەکان وەک ناکارامە و مەترسیدار بۆ سەر سەقامگیریی وڵات دەبینێت.

**جۆرەکانی فەرمانڕەوایی سەربازی (پیرلمووتەر)**

فەرمانڕەوایی سەربازیی جۆری ناوبژیکەر

* ماوەی فەرمانڕەوایی سەربازی: دوای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەیەوێت بۆ سەربازگەکانی بگەڕێتەوە.

* ئامانجەکانی سوپا چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانە.

* دیدی بۆ پڕۆفیشناڵیزم پەیوەستە بە چاککردنی پڕۆفیشنالانە.

* ئاستی ڕێکخستنی سیاسی سەربەخۆ نییە.

* بڕوابوون بە هەبوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەوایی مەدەنی: ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی هەیە قبوولیەتی.

* پەیوەندیی لەگەڵ هاووڵاتیی مەدەنی: لە لایەن هاووڵاتییانی مەدەنییەوە ئاڕاستە دەکرێت، لە سزای هاووڵاتییان دەترسێت.

**فەرمانڕەوایی سەربازیی جۆری فەرمانڕەوا**

* ماوەی فەرمانڕەوایی سەربازی: ئارەزووی نییە بگەڕێتەوە بۆ ناو سەربازگەکانی.

* ئامانجەکانی سوپا: دەیەوێت ماوەی مانەوەی لە دەسەڵاتدا ئەوپەڕی درێژ بکاتەوە و بڕوای وایە کە فەرمانڕەوایی سەربازی تەنیا ئەلتەرناتیڤە بۆ پشێویی سیاسی.

* دیدی بۆ پڕۆفیشناڵیزم: بەسیاسیکردنی پڕۆفیشناڵیزم.

* ئاستی ڕێکخستنی سیاسی بەرزە، ڕێکخستنێکی سیاسیی بەهێزی هەیە.

* بڕوابوون بە هەبوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەوایی مەدەنی: بڕوای بە ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە نییە و ڕکابەرایەتیی فەرمانڕەوایی مەدەنی دەکات.

* پەیوەندیی لەگەڵ هاووڵاتیی مەدەنی: لە لایەن هاووڵاتییانی مەدەنییەوە ئاڕاستە ناکرێت، کەمێک لە سزای هاووڵاتییان دەترسێت.

## پۆلێنە هاوچەرخەکانی دیکتاتۆرییەتەکان

چەندین تایبەتمەندیی توێژینەوە لە توێژینەوەکانی پۆلێنکردنە ڕەسەنەکان کە لەسەر دیکتاتۆرییەتەکان کراون، پەیدا بوون. ئەو تایبەتمەندییانەی توێژینەوە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکرێن: پۆلێنکردنی ڕەها، پۆلێنکردنی بەردەوام. پۆلێنکردنە بەردەوامەکانی دیکتاتۆرییەت، ڕژێمەکان لەسەر ئەو بنچینەیەی کە ئەو ڕژێمانە تا چەند دەسەڵاتگەرایین، لێک جیا دەکاتەوە، لە کاتێکدا پۆلێنکردنە ڕەهاکانی دیکتاتۆرییەتەکان، هەموو دیکتاتۆرییەتەکان بە یەکسانی بە دەسەڵاتگەرایی دەبینێت و لەبریان سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی کە چەند لێک جیاوازن.

پۆلێنکردنە بەردەوامەکانی دیکتاتۆرییەت جەخت لەسەر پلە جیاوازەکانی دیکتاتۆرییەتەکان دەکاتەوە. ئەم پۆلێنکردنە بەردەوامانە، ئەو ڕادەیە دیاری دەکات کە تا چەند ئەو ڕژێمانە دیموکراتین یان دەسەڵاتگەرایین و ڕژێمەکان لەسەر پێوەری دیموکراتی–ئۆتۆکراتی دەپێوێت. زۆر لە توێژەران دەڵێن ناوچەیەکی خۆڵەمێشی هەیە دەکەوێتە نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆرییەت، ئەو ڕژێمانەی دەکەونە شوێنێکی ناوەڕاستی ئەم پێوەرە، ئەوا بە شێوەیەکی بنەڕەتی "دیموکراسیی درۆزنەن".

بە پێچەوانەوە، پۆلێنکردنە ڕەهاکانی دیکتاتۆرییەت ئاست یان پێوەری دەسەڵاتگەرایی فەرامۆش دەکەن و لەبریان سەرنج دەخەنە سەر ئەو جیاوازییەی کە لەناو جیهانی دیکتاتۆرییەتەکاندا هەیە. ئەوان دیکتاتۆرییەتەکان لەسەر بنچینەی چەند ڕێگەیەکی گرنگ لێک جیا دەکەنەوە، کە تیایاندا دیکتاتۆرییەتەکان لە یەکتر جیاوازن. لە بەشەکانی داهاتوودا، کورتەیەک لەسەر پۆلێنە هاوچەرخەکانی دیکتاتۆرییەت دەخەینە ڕوو.

## پۆلێنکردنە بەردەوامەکان

## ڕژێمەکانی ناوچەی خۆڵەمێشی

بە گوتەی **لاری دایامۆند**، چەندین ڕژێم دەکەونە ناوچەی خۆڵەمێشی، کە لە نێوان دەسەڵاتگەرایی و دیموکراسیدان. ڕژێمەکانی ناوچەی خۆڵەمێشی بە ڕواڵەت دامەزراوەی دیموکراتییان هەیە، ئەمەش یارمەتیی شاردنەوەی "هەقیقەتی بالادەستیی دەسەڵاتگەرایییان" دەدات. لەو ڕژێمانەدا، هۆی پێشبڕکێکردن بۆ دەسەڵات گرتنەدەست نییە، کە توانای دەستاودەستکردنی پۆست لە حکومەتدا بەهێز دەکات و بە هەڵبژاردنی ناشەرعیی پڕفڕوفێڵ ناسراون. بردنەوەی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکاندا شتێکی مەحاڵ نییە، بەڵام زۆر شایەنی ئەوە نییە ڕوو بدات و زەحمەتیشە سەر بگرێت. هەڵبژاردنەکان بە زۆری پێویستیان بە چاودێری و دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی هەیە. **دایامۆند** ئاماژە بۆ نموونە هاوچەرخەکانی *ڕووسیا*، *نایجیریا*، *ئەندۆنیسیا* و *فەنزوێلا* دەکات.

ڕژێمەکانی ناوچەی خۆڵەمێشی لەسەر بنەمای ڕادەی پێشبڕکێکردن لێک جیا دەکرێنەوە؛ **دایامۆند** پۆلێنکردنێکی شەشلایەنەی داناوە کە ڕژێمەکان بەسەر ئەم شەش جۆرەدا دابەش دەکات لەسەر بنچینەی پێوەرێکی دیموکراتی–دەسەڵاتگەرایییانە: دیموکراسیی لیبڕاڵ، دیموکراسیی هەڵبژاردن، ڕژێمە ناڕوونەکان، دەسەڵاتگەرایی پێشبڕکێکەر، دەسەڵاتگەرایی هەژموونداری خاوەن هەڵبژاردن و دەسەڵاتگەرایی سیاسییانەی داخراو. ڕژێمەکان بە دیموکراتی دادەنرێن، ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد و پاک بۆ هەموو پۆستە سەرەکییەکانی دەسەڵات ئەنجام بدەن. بە پێچەوانەوە، ئەو

ڕژێمانەی کە کێبڕکێی سیاسی یان فرەییان تێدا نییە، بە ڕژێمی سیاسیی داخراو دادەنرێن. ئەو جۆرە پۆلێنکردنە بەسوودە، چونکە ئەو ڕژێمە جۆراوجۆرانە دەگرێتە خۆ کە شێوەی دیموکراسیی هەڵبژاردنیان پەسەند کردووە، بەڵام ئەو پێوەرانە جێبەجێ ناکەن کە چاوەڕوان دەکرێت لە دیموکراسیی هەڵبژاردندا کاریان پێ بکرێت.

## ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە پێشبڕکێدارەکان

هەروەها توێژەرانی تر ڕژێمەکان بەگوێرەی ئەوەی تا چ ئەندازەیەک دەسەڵاتگەرایین، لێک جیا دەکەنەوە. **ستیڤن لڤیتسکی** و **لۆکان وەی**، بەتایبەتی سەرنج دەخەنە سەر ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە پێشبرکێدارەکان. لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە پێشبرکێدارەکان، دامەزراوە دیموکراتییەکان بەکار دەهێنرێن بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام ئەوانەی پۆستیان بە دەستە، ئەوەندە پێشێلی یاساکان دەکەن، کە ڕژێمەکە نەتوانێت کەمترین پێوەرە ئاساییەکانی دیموکراتی جێبەجێ بکات.

**ستیڤن لڤیتسکی** و **لۆکان وەی** تیشک دەخەنە سەر ٤ کەمترین پێوەری سەرەکی بۆ دیموکراسی:

١. دەبێت دەسەڵاتەکانی جێبەجیکردن و یاسادانان لە ڕێی هەڵبژاردنەکانەوە هەڵببژێردرێن، هەڵبژاردنەکانیش کراوە و ئازاد و پاک بن.

٢. هەموو ئەوانەی تەمەنیان ١٨ ساڵ یان زیاترە دەبێت بتوانن دەنگ بدەن.

٣. دەبێت مافە سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان پارێزراو بن.

٤. دەبێت ئەو کارگێڕانەی هەڵدەبژێردرێن لەبری سەرکردە ئایینی و سەربازییەکان، مافی فەرمانڕەواییکردنیان بدرێتێ. کاتێک پێشێلکردنی ئەو پێوەرانە بە شێوەیەک بێت کە کۆسپ بخاتە بەر جێبەجێکردنی ڕێکارە دیموکراتییەکان لە لایەن کاربەدەستانەوە، ئەوا ئەو ڕژێمانە بە ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی پێشبڕکێدار پۆلێن دەکرێن.

ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە پێشبڕکێدارەکان لەوەدا بێهاوتان کە نە ڕژێمێکی تەواو دیموکراتین و نە تەواو دەسەڵاتگەرایین. هەرچەندە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە پێشبڕکێدارەکان هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدەن، کە تیایاندا ئۆپۆزسیۆن بە مانای وشە دەتوانێت ڕکابەری کاربەدەستانی ڕژێم بکات، بەڵام مەیدانی گەمەی هەڵبژاردن وەک ئەوەی ڕژێمە دیموکراسییەکان نییە. کاربەدەستانی ڕژێم دەستیان دەگاتە سەرچاوە داراییە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت، کە یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی ئاڕاستەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن وا بگۆڕن بە لای بەرژەوەندیی ئەواندا بشکێتەوە. کاربەدەستانی ڕژێم دەتوانن تا ڕادەیەک میدیا لە ئۆپۆزسیۆن قەدەغە بکەن، هەڕەشە لە کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن و/یان پشتیوانانیان بکەن و هەراسانیان بکەن و بە چەند ڕێگەیەک یاساکانی هەڵبژاردن و ئەنجامەکان دەستکاری بکەن، بە جۆرێک بە زیانی کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن بشکێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕژێمانە تەواو ئۆتۆکراتی نین، دامەزراوەکانی هەڵبژاردن تەنیا هەر بوونیان نییە، بەڵکو هۆی کێبڕکێی گرنگیشن بۆ بەدەسهێنانی دەسەڵات. بە وتەی **لیڤیتسکی** و **وەی**، لەگەڵ ئەوەشدا گرووپی فەرمانڕەوا یان حزبی فەرمانڕەوا لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە پێشبڕکێکەرەکاندا

باڵادەستە، بەڵام هەڵبژاردنەکان پێشوەخت بڕیاریان لەسەر نادرێت، هەروەک لە ڕژێمە تەواودیکتاتۆرییەکاندا ڕوو دەدات. هەرچەندە کاربەدەستانی ڕژێم، هەروەک لە پێشدا باس کرا، چەندین کارئاسانییان بۆ دەکرێت، بەڵام هەڵبژاردن لەو ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە پێشبڕکێدارانەدا بەگشتی ساختەکاریی گەورەی تێدا ناکرێت. لە ڕژێمە تەواو دەسەڵاتگەراییەکان، بە پێچەوانەوە، هەڵبژاردنەکان یان بوونیان نییە، یان پێشوەخت پێش ڕۆژی هەڵبژاردن ئەنجامەکان بە تەواوی بڕیاریان لەسەر دراوە.

وێڕای ئەوەش، ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە پێشبڕکێدارەکان لە چەند ڕوویەکەوە لە ڕژێمە تەواو دەسەڵاتگەراییەکان جیاوازن. لە ڕژێمە تەواو دیکتاتۆرییەکاندا، یان پەرلەمان بوونی نییە، یان لە لایەن یەک حزبی فەرمانڕەواوە کۆنترۆڵ دەکرێت. دەسەڵاتی دادوەری کەمێک سەربەخۆیی یان دەسەڵاتی سیاسیی هەیە، بەدەر لە گرووپی فەرمانڕەوا یان حزب. زۆربەی جۆرەکانی میدیا هیی دەوڵەتن و لە نزیکەوە چاودێری دەکرێن. بە بەراوردکردن، لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە پێشبڕکێدارەکاندا، هەرچەندە پەرلەمان لاوازە، بەڵام جاروبار دەبێتە ناوەندێکی گرنگی چالاکیی ئۆپۆزسیۆن. دەسەڵاتی دادوەری، هەرچەندە دەکەوێتە بەر ڕێگە نادیارەکانی ناچارکردن و هەڕەشەکردنی وەک دەمچەورکردن و زۆرلێکردن، بەڵام بە تەواوی بێدەسەڵات نییە. بەگشتی میدیا بەپێی یاسا ئازادە لە کارکردنیدا، بەڵام زۆر جار لە بواری ڕاپۆرتئامادەکردندا کۆتوبەندی بۆ دادەنرێت.

**ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی پێشبڕکێدارەکان**
* هەڵبژاردن دەکرێت و ئەنجامەکانی پێشوەخت بڕیاریان لەسەر نادرێت، هەرچەندە کاربەدەستان یارمەتییەکی زیاتر دەدرێن و دەستکاریی یاسا دیموکراتییە فەرمییەکان دەکەن.
* پەرلەمان و دەسەلاتی دادوەری بوونیان هەیە، بەڵام لاوازن.
* حزبە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنەکان یاسایین و میدیا لە کارکردن ئازادە، بەڵام بە توندی کۆتوبەند خراوەتە سەر ئازادییەکانی هەردوولایان.

## ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی خاوەن هەڵبژاردن

هەروەها توێژەرانی تر جۆری ئەم ڕژێمە وەک ڕژێمێکی بەردەوام دەبینن. وەک **لیڤیتسکی** و **وەی**

**ئەندریاس شیدلەر** سەرنج دەخەنە سەر ڕۆڵی هەڵبژاردنەکان، **شیدلەر** پۆلێنێکی چوار لایەنی بەکار دەهێنێت بۆ لێکجیاکردنەوەی ڕژێمەکان، کە لە بنچینەدا لەسەر ئەوە دانراوە چۆن سەرکردەکان دەسەڵات بەدەست دەهێنن. **شیدلەر** ڕژێمەکان پۆلێن دەکات لەسەر پێوەری ڕژێمی زۆرترین دیموکراتی بۆ

کەمترین دیموکراتی، وەک ڕژێمی دیموکراسیی لیبڕاڵ، دیموکراسیی خاوەن هەڵبژاردن، ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی خاوەن هەڵبژاردن و ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی.

ڕژێمە دیموکراسییە لیبڕاڵەکان ئەو ڕژێمانەن کە لە کەمترین پێداویستییەکانی پێویست بۆ هەبوونی دیموکراسی تێدەپەڕێنن. ڕژێمە دیموکراسییە خاوەن هەڵبژاردنەکان بە پێچەوانەوە، هەڵبژاردنی ئازاد و پاکی تێدا دەکرێت، بەڵام

سەرکەوتوو نین لە بەدامەزراوەکردنی لایەنە گرنگەکانی پرەنسیپەکانی دەستووری دیموکراتی، وەک سەروەریی یاسا، لێپرسینەوە لە حکومەت و ئازادییە مەدەنییەکان. ڕژێمە دیموکراسییە خاوەن هەڵبژاردنەکان جیاوازن لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە خاوەن هەڵبژاردنەکان، جیاوازییەکەش ئەوەیە لە دیموکراسییە خاوەن هەڵبژاردنەکاندا، هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا دەکرێن و زۆر ئازاد و پاکن.

لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە خاوەن هەڵبژاردنەکاندا، هەڵبژاردنەکان بە ئەندازەیەکی وا بۆ بەرژەوەندیی کاربەدەستان دەستکاری دەکرێن، کە بە هەڵبژاردنی ڕاستەقینە دانانرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵبژاردن لەو ڕژێمانەدا هۆیەکی پێشبڕکێکردنە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، بەڵام تا ئەندازەیەک نادڵنیایی هەیە لەسەر ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە. هەرچەندە بە دەگمەن ئۆپۆزسیۆن زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست دەهێنێت، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی ڕێی پێ دەدرێت هەندێک کورسی بەدەست بهێنێت. لەم لایەنەوە، ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە خاوەن هەڵبژاردنەکان زۆر لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە پێشبڕکێدارەکان دەچن، هەروەک **لیڤیتسکی** و **وەی** باسیان کردووە. لە کۆتاییدا لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە خاوەن هەڵبژاردنە ئاساییەکاندا، هەڵبژاردنەکان (ئەگەر بکرێن) بە زۆری پێشوەخت ئەنجامەکانیان دیاری کراون، پێشوەخت دەزانرێت کام کاربەدەستەی حکومەت دەردەچێت، بێگومان بە جیاوازییەکی زۆریش.

## خاڵە لاوازەکانی پۆلێنە بەردەوامەکان

هێزی پۆلێنە بەردەوامەکان لەوەدایە، کە ئەم پۆلێنانە ڕێگە دەدەن ڕژێمەکان بکەونە نێوان دوو گرووپ، کە نە بە تەواوی دیموکراتین و نە بە تەواوییش ئۆتۆکراتین. دەشێت ئەو ڕژێمانەی دەکەونە نێوان ئەو دوو گرووپە، جیاواز بن لە ڕژێمە دەسەڵاتگەرابیە ڕاستەقینە هاوتاکانیان لە چەند شێوازێکی گرنگدا، بەتایبەتی لە ڕووی ئەو ئازادییە سیاسی و مەدەنییانەی کە هاووڵاتییەکانیان دەیانبێت.

لاوازیی پۆلێنە بەردەوامەکان لە ناوەرۆکەکەیاندایە، کە دەڵێت تا ڕژێمەکان دەسەڵاتگەراییەکەیان کەمتر ببێتەوە، زیاتر لە ڕژێمی دیموکراتی نزیک دەبنەوە. هەرچەندە دەشێت ئەوە ڕاست نەبێت. لەوانەیە ئەگەری بەدیموکراتیبوون متمانە نەکاتە سەر ئەوەی کە ڕژێمەکە چەند دەسەڵاتگەرایە.

هەروەها پۆلێنە بەردەوامەکان لە پێناسەکانیاندا دەردەکەوێت کە لە جیاکردنەوەی ڕژێمەکاندا خۆیان تەنیا بە یەک پێوەر بەستبێتەوە، ئەویش ئاستی پێشبڕکێکردن بێت لە ڕژێمەکەدا. بەڵام **ئەکسل هادینیۆس** و **جان تیۆرێل** ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن "ئەگەر پلەی پێشبڕکێکردن تەنیا پێوەر بوایە کە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکانی پێ لێک جیا کرابایەوە، ئەوا پێویستمان بە پۆلێنکردنی ڕژێمەکان نەدەبوو. لەبریان پێوەرێکی بەردەوامیی پێشبڕکێکردن (کە وەک ئەلتەرناتیڤێکی ناورد بۆ پێوانی ئاستی دیموکراسی بەکار دەهێنرێت) بەس دەبوو بۆ لێکجیاکردنەوەیان."

پۆلێنکردنە ڕەهاکان زۆر لە ئاڵۆزییەکانی دیکتاتۆرییەتەکان لەخۆ دەگرن، ئەویش بەوەی ڕێگە دەدەن چەند پێوەرێک بێنە ناو پۆلێنکردنەکان. ئەو پۆلێنکردنانە هیچ گریمانەیەک دانانێن دەربارەی ئەوەی ئایا ڕێڕەوی گوێزرانەوە لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دیموکراسی لە سروشتدا، ڕێڕەوێکی ڕاست و ڕێکە.

### پۆلێنکردنە یەکلاییکەرەوەکان

ئەدەبیاتی هاوچەرخ دەربارەی پۆلێنکردنە ڕەهاکانی دیکتاتۆرییەت تەواو گشتگیرە، لەم نەریتەی توێژینەوەدا، پۆلێنکردنەکانی دیکتاتۆرییەت یان جەخت لەسەر ئەو ستراتیجەی کە دیکتاتۆر بۆ مانەوەی لە دەسەڵات بەکاری دەهێنێت، دەکەنەوە، یان جەخت لە سەر پێکهاتەی دیکتاتۆرییەت دەکەنەوە.

### ئەو پۆلێنکردنانەی لەسەر بنەمای ستراتیجیی دیکتاتۆر دانراون

#### دڵسۆزی بەرامبەر چەوساندنەوە

هەندێک توێژەر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە چۆن جیاوازیی نێوان دیکتاتۆرییەتەکان لەسەر بنەمای ئامانج و نائارامی و ستراتیجەکانی دیکتاتۆرەکە دانراون. بۆ نموونە، **ڕۆناڵد وینترۆب** دیکتاتۆرییەتەکان لەسەر بنەمای دوو پێوەر پۆلێن دەکات: هاووڵاتییان چەند هەستی دڵسۆزییان بۆ دیکتاتۆر هەیە و دیکتاتۆر چەند هۆیەکانی چەوساندنەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتییان بەکار دەهێنێت.

ئەو دیکتاتۆرانەی چەوساندنەوە وەک ئامرازێک بۆ مانەوەی خۆیان بەکار دەهێنن، دەشێت لە ئایندەدا ئەنجامی نەرێنیی لێ بکەوێتەوە. بە گوتەی **وینترۆب**، چەوساندنەوە ترسێکی زۆر لە هاووڵاتییاندا دروست دەکات و ئەگەری ئەوەش کەم دەکاتەوە کە ئەگەر هاووڵاتییان لە فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرەکە ناڕازی بن، ئەوا لای دیکتاتۆرەکە ئاماژەی پێ بدەن. ئەگەر دیکتاتۆرەکان هیچ هۆیەکیان لە بەردەستدا نەبێت بۆ ئەوەی بزانن لای هاووڵاتییان چەندە خۆشەویستن و

زانیارییشیان دەربارەی خواستی هاووڵاتییان لا نەبێت، ئەمانە وایان لێ دەکات بەردەوام لە گوماندا بن لەوەی کە هاووڵاتییەکانیان پلان بۆ ڕووخاندنیان دادەنێن. **وینترۆب** بەو پێشبینیکردنە دەڵێت "گیروگرفتی دیکتاتۆر". تا دیکتاتۆر زیاتر هاووڵاتییان بچەوسێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕێ لە هەوڵەکانیان بگرێت بۆ لەسەردەسەڵاتلادانی، ئەوا کەمتر زانیاری دەربارەی ئەو جۆرە هەوڵانەی دەست دەکەوێت. بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی دیکتاتۆر، هەندێک لە دیکتاتۆرەکان لەبری چەوساندنەوە، چەند سیاسەتێک بەکار دەهێنن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و دڵسۆزیی هاووڵاتییەکانیان، وەک دابەشکردنی کرێخانوو.

تا چەند دیکتاتۆرەکان بایەخ بە چەوساندنەوە یان دڵسۆزیی هاووڵاتییان دەدەن، تا ڕادەیەک متمانە دەکاتە سەر ئەوەی دیکتاتۆر کامەیانی بە لاوە باشترە. لە پۆلێنکردنەکەی **وینترۆب**دا، سەرکردەکان یان هەوڵ دەدەن ئەوپەڕی کۆنترۆڵی دانیشتوان بکەن، یان هەوڵ دەدەن خەرجییەکانی هاووڵاتی ئەوپەڕی زیاد بکەن (هیچ دەسەڵاتێکی زیاتری نەبێت جگە لەوەی پێویستە بۆ مانەوەی لە پۆستەکەیدا). ئەو سەرکردانەی هەوڵ دەدەن دەسەڵاتیان ئەوپەڕی زیاد بکەن، بە زۆری لایەنگری دڵسۆزیان زۆر دەبێت کاتێک پارەی باشیان دەدەنێ بۆ ئەوەی دڵسۆزییان زامن بکەن. ئەو سەرکردانەی هەوڵ دەدەن خەرجییەکانی هاووڵاتییان ئەوپەڕی زیاد بکەن، بە زۆری لایەنگری وایان دەبێت کە دڵسۆزییان کەمتر بێت کاتێک پارەی باشیان نادەنێ.

لێرەدا **وینترۆب** دوو پرسیار دەکات: یەکەم، هاووڵاتییان چەند دڵسۆزن بۆ دیکتاتۆر؟ دووەم، ئایا دیکتاتۆر دەیەوێت

دڵسۆزان یان خەرجییەکان زیاد بکات؟ لەسەر بنەمای ئەو پرسیارانە، **ونیترۆب** چوار جۆر دیکتاتۆرییەت دیاری دەکات:

* دیکتاتۆرییەتی بێبایەخ (بەوە ناسراوە کە ئاستی چەوساندنەوە و دڵسۆزی لە ئاستێکی نزمدان).
* دیکتاتۆرییەتی ستەمکار (بەوە ناسراوە کە چەوساندنەوەی تێدا زۆرە و دڵسۆزیی تێدا کەمە).
* دیکتاتۆرییەتی تۆتالیتاری (بەوە ناسراوە کە چەوساندنەوە و دڵسۆزی تێیدا لە ئاستی بەرزدان).
* دیکتاتۆرییەتی تیمۆکرات (بەوە ناسراوە کە چەوساندنەوەی تێدا کەمە و دڵسۆزیی تێدا زۆرە).

بۆ نموونە، دیکتاتۆری ستەمکار لەپێناو مانەوە لە دەسەڵاتدا سامانێکی تەواو بۆ چەوساندنەوە و بەدەستهێنانی دڵسۆزیی هاووڵاتییان خەرج دەکات. هەر سامانێکی زیادە ستەمکارەکە بۆ خەرجییەکانی خۆی تەرخانی دەکات. قەرز و کۆمەکە بیانییەکان دەشێت ستەمکاران هان بدات بۆ هاریکاریکردن لەگەڵ دەوڵەتانی بیانی، ئەویش لە ڕێی پێدانی هاندەری ئابووری بە ستەمکارەکە، تا بەم کارە هەستێت. **وینترۆب** ئەم پۆلێنە بەکار دەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان دیکتاتۆرییەتەکان بەگوێرەی جیاوازیی ئەنجامە سیاسییەکانیان، وەک گەشەکردنی ئابووری و سەقامگیری.

**ڕێکخراوە دامەزرێنەرەکان**

**ستیڤن هابەر** چوارچێوەیەکی تیۆریی دانا، کە بایەخ بە پەیوەندیی نێوان دیکتاتۆرەکان و ئەو ڕێکخراوانە دەدات کە ئەو دیکتاتۆرانە دەکەنە خاوەن دەسەڵات. بە گوتەی **هابەر**، هەر کە دیکتاتۆر دەسەڵات دەگرێتە دەست، بە زۆری تووشی ململانێی دەسەڵات دەبێت لەگەڵ ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەی ئەویان هێناوەتە سەر دەسەڵات. ئەو ستراتیجانەی دیکتاتۆرەکان بەکاری دەهێنن بۆ دەستەبەرکردنی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، دەبێتە هۆی ئەنجامدانی سێ ڕێکخستنەوەی دامەزراوەیی جیاواز لە دیکتاتۆرییەتەکاندا:

* ئەو دیکتاتۆرانەی سەرکردایەتیی ئەو ڕێکخراوانەی ئەویان هێناوەتە سەر دەسەڵات، دەتۆقێنن.
* ئەو دیکتاتۆرانەی سەرکردایەتیی ئەو ڕێکخراوانەی ئەویان هێناوەتە سەر دەسەڵات، بەشدارییان لە دەسەڵاتدا پێ دەکەن.
* ئەو دیکتاتۆرانەی کۆمەڵێک ڕێکخراوی ڕکابەر یان ڕێکخراوی تەواوکەر دروست دەکەن.

**هابەر** لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئەو سیناریۆیانە چ مانایەک دەبەخشن بە چەوساندنەوەی سیاسی، مافی خاوەندارێتی، گەشەی ئابووری و گۆڕانە دیموکراتییەکان.

دیکتاتۆرەکان ستراتیجی تۆقاندن بەرامبەر سەرکردایەتیی ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەویان هێناوەتە سەر دەسەڵات، بەکار دەهێنن، کاتێک لەوە دەترسن کە ئەو ڕێکخراوە بتوانێت بە ئاسانی لەسەر دەسەڵاتیان لا ببات. بیرۆکەکە ئەوەیە، ئەگەر

ڕێکخراوەکە ئەوەندە بەهێز بووبێت توانیبێتی دیکتاتۆرەکە بخاتە سەر کورسیی دەسەڵات، ئەوا ئەوەندە بەهێزیش دەبێت دیکتاتۆرەکە لەسەر کورسیی دەسەڵات لا ببات. بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە ناو ڕێکخراوەکە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەندامانی ڕێکخراوەکە هان بدات یەکتر تاوانبار بکەن و وایان لێ دەکات کە زۆر بە زەحمەت هەماهەنگی لەگەڵ یەک بکەن بۆ ئەوەی دژی دیکتاتۆر بوەستنەوە. دیکتاتۆر ئەو ترس و تۆقاندانە بە هۆی دروستکردنی پۆلیسی نهێنی یان ڕێکخراوی نیمچەسەربازی، بڵاو دەکاتەوە. بە گوتەی **هابەر**، دیکتاتۆرەکان بە دەگمەن متمانە دەکەنە سەر ستراتیجی تۆقاندنی سەرکردایەتیی ئەو ڕێکخراوانەی ئەوانیان هێناوەتە سەر دەسەڵات، چونکە ئەمە کارێکی مەترسیدارە. بۆ نموونە، دەکرێت پۆلیسی نهێنی هەر ساتەوەختێک لە دیکتاتۆر هەڵبگەڕێتەوە. ئەو ستراتیجە توانای حکومەتیش بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان لاواز دەکات، کاتێک پۆستە حکومییەکان لە لایەن ئەندامانی ڕێکخراوەکە پڕ دەکرێنەوە.

ستراتیجی بەشدارییپێکردنی ڕێکخراوە دامەزرێنەرەکان لە دەسەڵاتدا، بە زۆری لە لایەن دیکتاتۆرەکان بەکار دەهێنرێت. بەم ستراتیجە، دیکتاتۆرەکان هەوڵ دەدەن سۆزی ئەندامانی ڕێکخراوەکە بە لای خۆیاندا ڕابکێشن، بەو شێوەیەی کە هاوکارێکردنی دیکتاتۆر بە لای بەرژەوەندیی ئەواندا بشکێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەگەری لەسەر دەسەڵات لابردنی دیکتاتۆر دەبێت. دیکتاتۆرەکان بۆ ئەوەی ئەم ستراتیجە پیادە بکەن، کارئاسانی بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەکەن لە ڕووی دەستکەوتنی کار و قەرزپێدان و کەمکردنەوەی باج و کرێیەکانی تر. خاڵی لاوازی ئەم

ستراتیجە ئەوەیە کە سەرچاوەی کرێیەکان و حکومەت یەک سەرچاوەن و هەمان سەرچاوەیە. دیکتاتۆر ناتوانێت بەردەوامی بەو ستراتیجە بدات، ئەگەر ئەندامانی ڕێکخراوەکە بەردەوام دەستیان نەگاتە کرێ و قەرز و پۆست.

دوا ستراتیج زیادکردنی بەهاکانی کرداری بەکۆمەڵە لە ناو ڕێکخراوە دامەزرێنەرەکە، ئەویش بە دروستکردنی ڕێکخراوێکی هاوشێوەی نوێیە. زۆربوونی ڕێکخراوە سەرکردایەتیی ڕێکخراوە دامەزرێنەرەکە ناچار دەکات کە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە تازەدامەزراوەکە بکات و/یان بەهای هەماهەنگیکردن لە ناو ڕێکخراوە دامەزرێنەرەکە زیاد بکات، ئەویش بە شێوەیەک کە هۆکارە پاڵنەرەکان بۆ ئەندامبوون تێیدا وەک ئەوەی سەرکردایەتیی ڕێکخراوێکی تر لێ بکات. ئەو ستراتیجییە دەشێت زۆری تێبچێت، چونکە هیچ یەکێک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانە بە خۆڕایی کار لەگەڵ حکومەت ناکەن.

**هابەر** پیشانی دەدات کە چۆن هەر یەکێک لەو ستراتیجانە سیستەمی مافی خاوەندارێتیی جیاواز بەرهەم دەهێنێت، ئەو جیاوازییە زۆرەش ڕوون دەکاتەوە کە لە ئەدای ئابووریی دیکتاتۆرییەتەکاندایە هەیە.

### خاڵە لاوازەکانی ئەو پۆلێنکردنانەی لەسەر بنەمای ستراتیج دانراون

ئەو پۆلێنکردنانەی لەسەر بنەمای ستراتیج دانراون و جیاوازییە ڕاستەقینەکانی ناو ئەو هۆکارانەی کە هاندەر و ئاڕاستەکەری هەڵسوکەوتی دیکتاتۆرەکانە، لەخۆ دەگرن. ئەو هۆکارانە، تا ڕادەیەکی زۆر ئەو بارودۆخە ناوخۆییە جیاوازانە

فەرامۆش دەکات کە بۆ سەرکردەکان وەک میرات دەمێنێتەوە. بنچینەی ئەو جۆرە پۆلێنکردنانە، ئەو گریمانەیەیە کاتێک دیکتاتۆرەکان دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن، دێنە ناو سیستەمێک کە بارودۆخە ناوخۆییەکانی تێدا لەژێر کۆنترۆڵ نەبێت و لە سەرەتاوە دامەزراوەکان دروست بکات. هەرچەندە تا چەند ئەو ئەو گریمانەیە ڕاست دەردەچێت، ئەوە متمانە دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەو گرووپەی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن و دیکتاتۆر دەخەنە سەر کورسیی دەسەڵات، تا چەند تۆکمە و یەکگرتوون.

تا زیاتر ئەو گرووپەی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن بە ڕێکوپێکی دامەزرابن، ئەگەری ئەوە زۆرترە کە ئەو ڕژێمەی دروستی دەکەن هەمان تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی ئەو گرووپە هەڵبگرێت و زۆر قورس دەبێت بۆ سەرکردەکە، کە پێکهاتەی ڕژێمەکە بە چەند ڕێگەیەک لە چوارچێوە بدات لەپێناو درێژکردنەوەی مانەوەی سیاسیی خۆیدا.

### ئەو پۆلێنکردنانەی لەسەر بنەمای پێکهاتەی دیکتاتۆرییەتەکان دانراون

### دامەزراوەکانی سوپا و حزب

**باربارا گیدیس** لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان بەگوێرەی پێکهاتەی دامەزراوەکانیان دەگۆڕێن. **گیدیس** ئەوە دیاری دەکات کە کام گرووپ لەناو دیکتاتۆرییەتەکاندا دەسەڵاتی سیاسی بە دەست دەبێت و کۆنترۆلی سیاسەتی دیکتاتۆرییەتەکە دەکات، لەو ڕژێمانەی دوای *دووەم جەنگی جیهانی*، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ یان زیاتر لە دەسەڵاتدا مانەوە، دەکۆڵێتەوە.

دیکتاتۆرییەتەکان دابەش دەکرێن بەسەر چەند گرووپێکدا بەگوێرەی ئەوەی ئایا تاکڕەون، تاکحزبین، سەربازین یان تێکەڵن لەو سیانە. ئەو پۆلێنکردنانە لەسەر ئەو بنەمایە دانراون کە ئایا کۆنترۆلکردنی دەسەڵاتی سیاسی و هەبوونی کاریگەری لەسەر سیاسەتی دیکتاتۆرییەتەکە لە لایەن تاکە کەسێکەوە (وەک لە ڕژێمە تاکڕەوەکاندا هەیە)، حزبێکی بەهەژموون (وەک لە ڕژێمە تاکحزبییەکاندا هەیە) یان سوپاوە وەک دامەزراوەیەک (وەک ڕژێمە سەربازییەکاندا هەیە) دەبێت؟

بە گوتەی **گیدیس**، فەرمانڕەواییکردن لە لایەن حزبێکی سیاسی، حزبێکی پڕۆفیشناڵ، سوپا یان هیچ لەوانە، بەڵکو لە لایەن دەستەبژێرە سیاسییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو دەستەبژێرە سیاسییانە لەپێناو مانەوەیاندا ستراتیجی جیاواز بگرنە بەر. بە هۆی ئەوەی دەستەبژێرەکان لە دامەزراوە جیاوازەکاندا بە ئاشکرا ستراتیجی جیاواز لەپێناو مانەوەیان بەکار دەهێنن، ڕێژەی مانەوەی ڕژێمەکانیش لە دیکتاتۆرییەتە جیاوازەکاندا دەگۆڕێت. وەک **گیدیس** پیشانی دەدات، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان کورتترین تەمەنیان هەیە، دوای ئەویش دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دێن و لە کۆتاییشدا دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوەکان دێن.

خاڵێکی لاوازی پۆلێنکردنەکەی **گیدیس** ئەوەیە کە زۆر لە دیکتاتۆرییەتەکان، هەروەک **هادینیوس** و **تیۆرێل** دەستنیشانی دەکەن، هەندێک ئاستی تاکڕەوی پیشان دەدەن. بۆ نموونە، زۆر لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبی و سەربازییەکان لە زۆر ماوەی حوکمڕانییاندا، سەرکردەکانیان ئەوپەڕی بەدەسەڵاتن بەرامبەر بە حزبەکەیان یان سوپاکەیان. پۆلێنکردنەکەی

**گیدیس** ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا ناگرێتەوە، کە لە ماوەی حوکمڕانیی ئەو دیکتاتۆرییەتانەدا ڕوو دەدات. وێڕای ئەوەش، لەبەر ئەوەی ڕژێمەکان لە ڕووی ئاستی تاکڕەویدا جیاوازن، زۆر لەو ڕژێمانە لە کۆتاییدا خۆیان وەک ڕژێمکی دووڕەگ (تێکەڵ) لە پۆلێنکردنەکەدا دەبیننەوە. ئەو جۆرە ڕژێمە دووڕەگانەش زۆر زەحمەتە پێشبینیی تیۆرییان لێ بەدەست بهێنرێت. لە کۆتاییدا، پۆلێنکردنەکەی **گیدیس** ڕژێمە پادشایەتییەکان ناگرێتەوە، بەمەش ژمارەیەک دیکتاتۆرییەتی گرنگی نەخستووەتە ناو پۆلێنەکەیەوە.

بۆ وەڵامدانەوەی پۆلێنەکەی **گیدیس**، **هادینیوس** و **تیۆرێل** پۆلێنکردنەکەی خۆیان پێش خست، کە لە بنچینەدا کۆپییەکی وردتری **گیدیس**ە. **هادینیوس** و **تیۆرێل** ڕژێمەکانیان بەم جۆرە پۆلێن کرد: ڕژێمی پادشایی، ناحزبی، سەربازی، تاکحزبی یان چەندحزبی. بێجگە لە ڕژێمی پادشایەتی، پۆلێنەکەی **هادینیوس** و **تیۆرێل** تەواو لە پۆلێنەکەی **گیدیس** دەچێت، کە ڕژێمەکانی بەسەر ئەم گرووپانەدا دابەش کردووە: تاکڕەوی، سەربازی یان تاکحزبی.

## دەستەی هەڵبژاردن و هاوپەیمانیی براوە

**برووس بوینۆ دی مێسکیوتا** و هاوەڵانی، تیۆرییەکیان دانا کە دوو دامەزراوەی فەرمانڕەواییکردن پێناسە دەکات: دەستەی هەڵبژاردن و هاوپەیمانیی براوە، کە جیاوازییە گشتییەکانی نێوان ڕژێمە دیموکراسی و پادشایەتی و ئەنجوومەنی سەربازی و شێوەکانی تری حکومەت دەخاتە ڕوو. **برووس بوینۆ دی مێسکیوتا** و هاوەڵانی دەڵێن "ئەو جیاوازییە گشتییانەی کە لە دروستکردنی هاوپەیمانیی

نیشتمانی و دەستەی هەڵبژاردندا بوونیان هەیە، ئەنجامی جۆراوجۆر ڕوون دەکەنەوە، وەک ئەدای ئابووری و مانەوەی سیاسییانە و ڕەفتارکردن لەگەڵ ناکۆکییەکان".

دەستەی هەڵبژاردن گرووپێکی دانیشتوانن کە ڕایان لە هەڵبژاردنی سەرۆکدا وەردەگیردرێت. لە سیستەمی دیموکراسیدا، دەستەی هەڵبژاردن هەموو ئەو هاووڵاتییانەن کە مافی دەنگدانیان هەیە. هاوپەیمانیی براوە گرووپێکی دەستەی هەڵبژاردنن کە ژمارەیان ئەوەندە دەبێت بەشی ئەوە بکات سەرکردەیەک لە دەسەڵاتدا بهێڵنەوە. بەبێ پشتیوانیی هاوپەیمانیی براوە، سەرکردە ناتوانێت لە پۆستەکەی بمێنێتەوە. ئەگەر ئەندامانی هاوپەیمانیی نیشتمانی لە هاوپەیمانێتییەکە هاتنە دەرەوە و پشتیوانییان لە ڕکابەری سەرکردە کرد، ئەوا دەبێت سەرکردەکە خێرا شوێنی ئەوانەی هاوپەیمانێتییەکەیان بەجێ هێشتووە، بە ئەندامی دەستەی هەڵبژاردن پڕ بکاتەوە، ئەگەر ئەوە نەکات ئەوا خۆی دەخاتە مەترسیی ئەوەی لە پۆستەکەی لا ببرێت. بۆ ئەوەی سەرۆک پشتیوانیی هاوپەیمانیی براوە مسۆگەر بکات، دەبێت پلە و پۆستی تایبەتی بدات بە ئەندامەکانی. بە شێوەیەکی سروشتی، سەرۆکەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن هاوپەیمانیی براوە لە ڕووی ژمارەوە بە کەمی بهێڵنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین پلە و پۆست و پارەوپوولیان بۆ دابین بکەن لەپێناو مسۆگەرکردنی دڵسۆزیی بەردەوامی ئەندامەکانی بۆ خۆیان. لە سیستەمی دیموکراتیدا، هاوپەیمانیی براوە ئەو گرووپی دەنگدەرانەن کە پشتگیرییان پێویستە بۆ ئەوەی سەرۆک هەڵببژێرن و لە پۆستەکەی بیهێڵنەوە (واتە زۆرینەی دەنگدەران لە سیستەمی دەنگدانی زۆرینە).

بە گوتەی **بوینۆ دی ماسکیوتا** و هاوەڵانی، قەبارەی دەستەی هەڵبژاردن و هاوپەیمانیی براوە کاریگەرییان لەسەر مانەوەی سیاسییانەی سەرۆک دەبێت. پۆستی سەرۆک لە ئەوپەڕی نامەترسیدا دەبێت کاتێک دەستەی هەڵبژاردن ژمارەیان زۆرە و هاوپەیمانیی نیشتمانییش ژمارەیان کەمە. لە سیناریۆیەکی ئاوادا، سەرۆک دەتوانێت بە ئاسانی شوێنی ئەو ئەندامانەی هاوپەیمانیی نیشتمانی، کە هاوپەیمانێتییەکە بەجێ دەهێڵن، بەو ئەندامە زۆرانەی دەستەی هەڵبژاردن پڕ بکاتەوە. هەروەها قەبارەی ئەو دوو گرووپە کاریگەری لەسەر دابینکردنی کاڵای گشتییەوە هەیە. کاتێک قەبارەی هاوپەیمانیی نیشتمانی گەورە بێت، ئەوا دابینکردنی کەلوپەلی تایبەت بۆیان زۆری تێدەچێت، لەبریان سەرۆک کاڵای گشتی دابین دەکات، وەک هۆیەک بۆ پاداشتکردنی ئەوانەی پشتگیری لە ئەندامانی هاوپەیمانیی نیشتمانی دەکەن، کە بە دەوری خۆی سوود بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە دەگەیەنێت. کاتێک قەبارەی هاوپەیمانیی نیشتمانی بچووک بێت، سەرۆک هەمان ئەو ئارەزووەی نییە کە کاڵای گشتی بەکار بهێنێت.

بیرۆکەی سەرەکیی تیۆرییەکە ئەوەیە کە هەموو هاووڵاتییان کاریگەرییان لەسەر سەرۆک نییە. سەرۆکەکان بە پلەی یەکەم، بژاردە سیاسییەکانیان بۆ ئەو گرووپە بچووکەی هاووڵاتییان بەکار دەهێنن کە پێویستیان پێیانە بۆ ئەوەی لە پۆستەکانیان بمێننەوە.

هەرچەندە ئەو چەمکانەی کە بنچینەی تیۆری **بوینۆ دی کاسکیوتا** و هاوەڵانی پێک دەهێنن زۆر بەسوودن، بەڵام خاڵێکی لاوازیان تێدایە کە بە زەحمەت هەڵسەنگاندی بۆ دەکرێت، ئەویش ئەوەیە لە زۆربەی دیکتاتۆرییەتەکاندا ڕوون

نییە کە کێ دەستەی هەڵبژاردنە. جگە لە ئەندامانی هاوپەیمانیی براوە، ڕوون نییە کە کام لە تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکاندا، لە هەڵبژاردنی دیکتاتۆردا، ڕایان وەردەگیردرێت. بۆ نموونە، لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا، دەستەبژێر و سەرۆکەکان متمانە دەکەنە سەر ئەندامانی تری سوپا بۆ مانەوەی ڕژێمەکە. هەرچەندە ئەو ئەندامە پلەنزمانەی سوپا بە دەگمەن ئەگەر هەبێت ڕایان لە هەڵبژاردنی سەرۆکەکاندا وەردەگیردرێت.

## دەسەڵاتی ستەمکاری و ژێرخانەکەی

زۆر لە توێژەران بایەخ بەوە دەدەن کە چۆن جۆری ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی کار دەکاتە سەر ئارەزووی ڕژێمەکە بۆ کێشەنانەوە. **برایان لای** و **دان سلاتەر** پۆلێنێک بۆ دیکتاتۆرییەت دادەنێن بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە. **برایان لای** و **دان سلاتەر** ڕەخنە لەو پۆلێنکردنانە دەگرن کە جەخت لەسەر بەکەسایەتیکردنی دیکتاتۆرییەتەکان دەکەنەوە، وێڕای ئەو پۆلێنکردنانەش کە بایەخ بە پێکهاتەکانی بڕیاردان لەناو ئەو دیکتاتۆرییەتانە دەدەن. لەبریان، **برایان لای** و **دان سلاتەر** لە پۆلێنکردنەکەیان جەخت لەسەر ئەو دامەزراوانە دەکەنەوە کە ڕژێمەکان پێویستیان پێیە بۆ مسۆگەرکردنی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە و پۆستە سیاسییە فەرمییەکان.

بە گوتەی **برایان لای** و **دان سلاتەر**، ڕژێمە سەربازییەکان لەبارەی دروستکردنی ئەو جۆرە دامەزراوانە کاریگەرییان کەمترە لەچاو ڕژێمە تاکحزبییەکان، ئەوەش وا لەو ڕژێمە سەربازییانە دەکات زیاتر بە لای بەکارهێنانی ناکۆکیی سەربازیدا بڕۆن، وەک هۆیەک بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو

بەرەنگارییانەی ڕووبەڕووی حوکمەکانیان دەبنەوە. باسەکە ئەوە نییە کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان بڕیار دروست دەکەن (ڕێکارەکانی بڕیاڕدروستکردنەکە کەسی بێت یان ڕێکاری بەکۆمەڵ بێت). هەرچەندە پۆلێنکردنەکەی **برایان لای** و **دان سلاتەر** لایەنگریی کەسی لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئەوان داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئەو تایبەتیمەندییەی دەبێتە هۆی دەستپێکردنی ناکۆکیی توانای ڕژێمەکەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە.

ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان بەگوێرەی دەسەڵاتە ستەمکاری و ژێرخانەکەی، دەکرێن بە چوار گرووپ. دەسەڵاتی ستەمکاری ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئایا دروستکردنی بڕیار ئۆتۆکراییە یان ئۆلیگارشی (واتە بڕیاردروستکردنەکە تاکێک دەیکات یان بەکۆمەڵ دەکرێت). دەسەڵاتی ژێرخان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئایا ڕژێم بۆ مانەوە لەسەر دەسەڵات سوپا یان حزبێکی سیاسی بەکار دەهێنێت؟ لێرەدا دوو پرسیاری سەرەکی دێنە پێشەوە: یەکەم، چۆن دیکتاتۆرییەتەکان بڕیار دروست دەکەن؟ دووەم، چۆن بڕیارەکان جێبەجێ دەکرێن؟ لەم پرسیارانەوە چوار جۆر دیکتاتۆرییەت سەر هەڵدەدەن:

* دیکتاتۆرییەتی گرووپ (ئۆلیگارشی، دیکتاتۆرییەتی حزب).

* دیکتاتۆرییەتی سەرکردە باڵاکان (ئۆتۆکراتی، دیکتاتۆرییەتی حزب).

* دیکتاتۆرییەتی دەستەی سەربازیی فەرمانڕەوا (ئۆلیگارشی، دیکتاتۆرییەتی سەربازی).

* دیکتاتۆرییەتی پیاوی بەهێز (ئۆتۆکراتی، دیکتاتۆرییەتی سەربازی).

بە وتەی **لای** و **سلاتەر**، حزبەکان باشترین ئامڕازن بۆ ئەوەی نەهێڵن دەستەبژێرەکان لێیان هەڵبگەڕێنەوە و جەماوەر لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە. هەرچەندە سوپا توانای هەیە ئاسایش دابین بکات، بەڵام کەمتر بەتوانایە بۆ ڕێکخستنی دەستەبژێرەکان و دۆزینەوەی هۆی کاریگەر بۆ دابەشکردنی کۆمەکی دارایی بەسەریاندا. زۆر دەشێت دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان شەڕ بە وڵاتانی تر بفرۆشن، چونکە خۆیان وا دەبینن کە لە بەرچاوی هاووڵاتییەکانی شەرعییەتێکی کەمتریان هەیە. هەروەها ئەو دیکتاتۆرییەتە سەربازییانە ئامادەیی زۆریان تێدایە ڕەفتاری پڕمەترسی ئەنجام بدەن لەپێناو زامنکردنی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، هەرچەندە چەند ئامڕازێکی کەمی تریشیان لە بەردەستدا بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارانە. **لای** و **سلاتەر** وای دەبینن کە تەنیا ژێرخانی دەسەڵات کاریگەریی لەسەر دەستپێکردنی کێشە هەیە و دەسەڵاتی ستەمکارانە کاریگەریی کەمی هەیە. ئاستەکانی بەکەسایەتیکردن کاریگەریی کەمیان لەسەر ئەگەری کێشەدروستکردن هەیە.

بە ڕای **لای** و **سلاتەر**، توانای دامەزراوەکان بۆ سنووردانان بۆ ئۆپۆزسیۆن و دروستکردنی هەستی بە شەرعی زانینی ڕژێم لە مێشکی هاووڵاتییاندا، کاریگەرییەکی گەورەتر لەسەر سیاسەتی ستەمکاری دروست دەکات وەک لەوەی ڕەفتاری سەرۆکەکان سنووردار بکەن. هەرچەندە بەڵگە تیۆرییەکانی **ڕای** و **سلاتەر** تێگەیشتنێکی زۆرمان دەربارەی

سیاسەتی ستەمکاری دەداتێ، بەڵام ڕوون نییە کە ئایا پۆلێنکردنەکانیان بە تەواوی توانای ڕژێمەکان دەپێوێت بۆ زامنکردنی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە، نەوەک هەر کۆتوبەندەکانی دەستەبژێر لەسەر سەرکردایەتی بپێوێت. چەسپاندنی پێکهاتە ڕێکخراوەییەکان لەناو حزب و دامەزراوە سەربازییەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو هۆیانە بۆ دەستەبژێرەکان دابین بکات کە پێکەوە دەسەڵاتەکانی سەرۆک جڵەو بکەن. ئەو کۆتوبەندە ناوخۆییانە دەشێت بە دەوری خۆیان کار بکەنە سەر حساباتی بڕیاردەرکردنی سەرۆک، کاتێک بڕیارەکە پەیوەندیی بە کێشەی نێوان دەوڵەتانەوە هەبێت. هەروەها ئەوە ڕوون نییە کە چۆن ڕێکخراوە سەربازییەکان هۆی پێویستیان نابێت بۆ دابەشکردنی کۆمەکی پشتگیری بەسەر پشتیوانانی دەسەڵاتدا. هەرچەندە دەشێت ئەو گرووپە کەمەی هاووڵاتییان، کە دەکرێنە ئامانج بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر دروست بکەن لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان جیاواز بێت لەوانەی دیکتاتۆرییەتە حزبییەکان، بەڵام وا دەردەکەوێت شتێکی لۆجیکی بێت کە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان بە تەواوی بەتوانا بن بۆ دابەشکردنی پلە و پۆست بەسەر ئەندامانی ڕێکخراوەکانیاندا (واتە ئەندامانی پلەنزمتر لە سوپادا).

### جۆری سەرۆکایەتی

ڕژێمە ئۆتۆکراتییەکان لەسەر بنچینەی جۆری ئەو سەرکردەیەی دەسەڵاتی بەدەستە، لێک جیا دەکرێنەوە. **جینیفەر گاندی** و **پرزیۆرسکی**، ڕژێمەکان گرووپگرووپ دەکەن بەگوێرەی ئەوەی کە ئایا دیکتاتۆرەکە پادشایە، ئەندامێکی سوپایە، کەسێکی مەدەنییە یان یەکەی شیکردنەوە

سەرکردەی ڕژێمەکەیە. پادشایەکان متمانە دەکەنە سەر خێزانی پادشا یان دادگا بۆ ڕێکخستنی فەرمانڕەواییان، لە کاتێکدا سەرکردە سەربازییەکان متمانە دەکەنە سەر هێزی چەکدار. بە پێچەوانەوە، سەرکردە مەدەنییەکانی دیکتاتۆرییەتەکان، ڕێکخراوی پێشوویان نییە کە متمانە بکەنە سەریان. دەبێت ئەو سەرکردە مەدەنییانە ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن. لەبەر ئەوە، سەرکردە مەدەنییەکان متمانە دەکەنە سەر حزبێکی سیاسی بۆ ئەوەی لە فەرمانڕەوایکردنەکەیاندا یارمەتییان بدات.

ئەو جۆرە جیاوازییانە لە سروشتی سەرکردەدا، کاریگەری لەسەر ئەو هاندەرانە دەبێت کە ڕووبەڕووی سەرکردەکان دەبنەوە بۆ دروستکردنی دامەزراوە و بە دەوری خۆیشی بۆ مانەوەی دیکتاتۆرەکان. لۆجیکەکە ئەوەیە دیکتاتۆرەکان بۆ مانەوەیان لەسەر دەسەڵات پێویستیان بە هاوکاریی لایەنی تر هەیە. هاندان بۆ ئەم جۆرە هاوکارێکردنە دەکرێت لە ڕێی بەشدارپێکردن بێت لە دەستکەوتەکان یان لە ڕێی سازانی سیاسییەوە بێت. تا زیاتر دیکتاتۆر پێویستی بە هاریکارێکردن بێت، دەبێت زیاتر متمانە بکاتە سەر پێدانی ئەو جۆرە دەستکەوت و مافانە بە هاریکارەکانی. دیکتاتۆر دەتوانێت ڕاستەوخۆ کۆمەک بدات بەوانەی هاوکاریی دەکەن و پەرلەمانتارانیش هۆیەکی سەرەکین بۆ دابینیکردنی بارودۆخێکی سازانی سیاسی. **گاندی** و **پرزیۆرسکی** داکۆکی لەوە دەکەن کە دیکتاتۆرە مەدەنییەکان زیاتر پێویستیان بە هاوکارێکردن هەیە وەک لە دیکتاتۆرە سەربازی و دیکتاتۆرە پادشاییەکان، لەبەر ئەوە ئەو دیکتاتۆرە مەدەنییانە هەمیشە پەرلەمانتاران و حزبێکی سیاسی یان زیاتر دەخەنە ناو

سیستەمی سیاسییەوە. بێگومان ئەم دامەزراوانە، بە دەوری خۆیان، تەمەنی ڕژێمەکە درێژ دەکەنەوە.

ئەم پۆلێنکردنە تێگەیشتنێکی سەرەکیمان دەداتێ سەبارەت بەوەی کە چۆن سروشتی ئەو گرووپانەی پشتیوانی لە سەرکردە دەکەن، کار دەکاتە سەر ئەو بڕیارانەی ئەو سەرکردانە دەیدەن. ئەو پۆلێنکردنە ئەوە پیشان دەدات کە دامەزراوە سیاسییەکان هەر وا بە هەڕەمەکی دروست ناکرێن، دەکرێت ئەو دامەزراوە سیاسییانە ببنە ئامڕاز بۆ بەهێزکردنی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا. خاڵێکی لاوازی ئەم پۆلێنکردنە ئەوەیە کە سەرکردە و ڕژێمەکان تێکەڵ دەکات. لەم تۆێژینەوەیە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان دوای لەسەر دەسەڵات لادانی سەرکردەکانیشیان بە زۆری هەر دەمێنن. پڕۆسەکانی گۆڕینی ڕژێم و گۆڕینی سەرکردایەتی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕوون و ئاشکران. پیشاندانی دیکتاتۆر وەک هاوواتای دیکتاتۆرییەت دەبێتە هۆی خراپتێگەیشتن لەو پڕۆسە ڕوون و ئاشکرایانە.

### چۆن دیکتاتۆرییەتەکان لەم توێژینەوەیەدا پۆلێن کراون؟

هەر یەکێک لەو پۆلێنکردنانەی لەم بەشەدا باس کراون خاڵی بەهێز و لاوازیان هەیە، ئەو پۆلێنەی بەکار دەهێنرێت دەبێت متمانە بکاتە سەر ئەو پرسیارەی کە توێژەر بۆ وەڵامەکەی دەگەڕێت. لەم توێژینەوەیەدا، بایەخمان بەوە دا کە چۆن پەیوەندییەکانی دەستەبژێر (سەرکردە و دەستەبژێر) و جەماوەر کار دەکەنە سەر سیاسەتی ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی. لەبەر ئەوە، ئێمە پۆلێنکردنی **گیدیس** بەکار دەهێنین کە ئەو دامەزراوە سەرەکییانە دیاری دەکات کە سیاسەتی دەستەبژێر

دروست دەکەن لە دیکتاتۆرییەتەکاندا (واتە حزبەکان و دەزگا سەربازییەکان).

هەرچەندە پۆلێنکردنی **گیدیس** چەندین خاڵی لاوازی تێدایە، بەڵام بە بەراورد بە خاڵە بەهێزەکانی، ئەو خاڵە لاوازانە بە گرنگ دانانرێن. خاڵە بەهێزەکانیش ئەمانەن: ئاسانیی پۆلێنکردنەکە، کارپێکردنی بەسەر هەموو وڵاتاندا، جەختکردنەوە لەسەر دەستەبژێر و سەرکردەکان، هێنانەناوەوەی دامەزراوەکان (حزبەکان و سوپا) بۆ ناو سیستەمەکە وەک ناوەندێکی سەرەکی بۆ دارشتنی سیاسەت. سەرنجی ئەوە دەدەین لە کاتێکدا پۆلێنکردنی **گیدیس** جەخت لەسەر زۆر ئەو بەڵگانە دەکاتەوە کە لە تەواوی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا خراونەتە ڕوو، باسی ڕێگەکانی تری دانانی چەمک بۆ دیکتاتۆرییەتەکان دەکەین ئەگەر ئەو ڕێگەیانە گونجاو بن.

وێڕای ئەو پۆلێنکردنانەی دیکتاتۆرییەت کە **گیدیس** بە کورتی باسیان دەکات، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەگەر بتوانین، گفتوگۆ لەسەر دیکتاتۆرییەتە پادشاییەکانیش دەکەین، چونکە ڕژێمە پادشاییەکان بەشێکی بەرچاو لەو ڕژێمە دەسەڵاتگەراییانەی ئێستا پێک دەهێنن.

لە بەشی داهاتوودا، بە کورتی پێناسەی حوکمڕانیی ڕژێمە سەربازی و تاکحزبی و تاکڕەوی و پادشاییەکان دەکەین. هەروەها پێناسەی ئەو ڕژێمانەش دەکەین کە پێیان دەڵێن ڕژێمە دووڕەگەکان، کە تایبەتمەندییەکانی دوو یان سێ لەو ڕژێمانەی سەرەوەیان تێدایە.

## پێناسەی ڕژێمەکان

### دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان

**گیدیس** بەم شێوەیە پێناسەی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دەکات: "دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان ئەو ڕژێمانەن کە گرووپێک لە ئەفسەران دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن و بڕیار دەدەن کێ وڵات بەڕێوە ببات و کاریگەریی بەسەر سیاسەتی وڵاتەکەوە هەبێت." هەرچەندە هەندێک لە توێژەران ڕژێمێک بە ڕژێمی دیکتاتۆرییەتی سەربازی دادەنێن ئەگەر سەرۆکی ڕژێمەکە ئەندامێکی سوپا بێت، بەڵام بۆ **گیدیس** ئەوە بە یەکێک لە مەرجەکان دادەنرێت. بەگوێرەی پێناسەکەی **گیدیس**، وێڕای ئەوەی سەرۆک دەبێت ئەندامی سوپا بێت، دەبێت دەستەبژێرە باڵادەستەکانیش ئەندامی سوپا بن.

ئەو دیکتاتۆرییەتە سەربازییانەی لە لایەن سوپایەکی پرۆفیشناڵەوە فەرمانڕەوایی دەکرێن، بە دامەزراوە دادەنرێن. لە ڕژێمە سەربازییەکاندا، دەستەبژێرەکان ئاماژەن بۆ ئەندامانی دەستەی سەربازیی فەرمانڕەوا، کە ئەوانە خۆیان ئەفسەری پلەباڵان (بە زۆری ئەفسەرانی تری پلەباڵا) لە سوپادا.

نموونە:

*جەزائیر*: ١٩٩٢–تا ئێستا

*ئەرجەنتین*: ١٩٤٣–١٩٤٦، ١٩٥٥–١٩٥٨، ١٩٦٦–١٩٧٣، ١٩٧٦–١٩٨٣

*بەڕازیل*: ١٩٦٤–١٩٨٥

*گواتیمالا*: ١٩٧٠–١٩٨٥

*هیندۆراس*: ١٩٧٢–١٩٨١

*نایجیریا*: ١٩٦٦–١٩٧٩، ١٩٨٣–١٩٩٣

پیرۆ: ١٩٦٨-١٩٨٠
*کۆریای باشوور*: ١٩٦١-١٩٨٧
*تورکیا*: ١٩٨٠-١٩٨٣
*ئورۆگوای*: ١٩٧٣-١٩٨٤

## دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان

**گیدیس** بەم شێوەیە پێناسەی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دەکات: "دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان ئەو ڕژێمانەن کە یەک حزب کۆنترۆڵی سیاسەت دەکات. لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا یەک حزب هەموو پۆستە سیاسییەکانی بە دەستەوەیە و کۆنترۆڵی سیاسەت دەکات. دەشێت بە شێوەیەکی یاسایی حزبی تر هەبن و لە هەڵبژاردنەکاندا ڕکابەری بکەن و تەنانەت کورسیی پەرلەمانیشیان هەبێت، بەڵام هێشتا دەسەڵاتی ڕاستەقینە هەر بە دەست حزبی باڵادەستەوە دەبێت."

لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا، دەستەبژێرەکانی حزب ئەندامی دەستەی باڵای حزبن، کە هەندێک جار بەو دەستەیە دەڵێن کۆمیتەی ناوەندی یان مەکتەبی سیاسی. ئەو گرووپەی کۆمیتەی ناوەندی یان مەکتەبی سیاسی، کۆنترۆڵی هەڵبژاردنی ئەندامانی حزب دەکەن بۆ پۆستەکان و دابەشکردنی پلە و پۆستەکان بەسەر پشتیوانانی حزبەکان ڕێک دەخەن، هاووڵاتییان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی دەنگ بە حزبەکە بدەن و پشتیوانیی خۆیان بۆ سەرکردەکانی حزبەکە پیشان بدەن.

نموونە:

*بۆلیڤیا*: ١٩٥٢-١٩٦٤، بزووتنەوەی *نەتەوەیی شۆڕشگێڕ*

*بۆتسوانا*: ١٩٦٦-تا ئێستا، حزبی *دیموکراتی بۆتسوانا*

چین: ١٩٤٩–تا ئێستا، حزبی کۆمۆنیستی چین

*ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات*: ١٩٤٥–١٩٩٠، حزبی *یەکگرتووی سۆشیالیستی ئەڵمانیا*

*کینیا*: ١٩٦٣–٢٠٠٢، یەکێتیی *نەتەوەیی ئەفریقیی کینیا*

*لاوس*: ١٩٧٥–تا ئێستا، حزبی *شۆڕشگێڕی گەلی لاوس*

*مالیزیا*: ١٩٥٧–تا ئێستا، *باریسان ناشناڵ*

*مەکسیک*: ١٩١٧–٢٠٠٠، حزبی *دامەزراوەیی شۆڕشگێڕ*

*سەنگاپوور*: ١٩٦٥–تا ئێستا، حزبی *کاری گەل*

یەکێتیی *سۆڤێت*: ١٩١٧–١٩٩١، حزبی کۆمۆنیست

## دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان

دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان، **گیدیس** بەم جۆرە پێناسەی کردوون: "ئەو ڕژێمانەن کە هەموو دەسەڵاتەکان بە دەست یەک تاکەکەسە. دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان، جیاوازن لە شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان لە ڕووی دەستڕاگەیشتنی بەسەر پۆستە سیاسییە سەرەکییەکان و پۆستەکانی تر و بە شێوەیەکی زیاتر متمانە دەکاتە سەر دەسەڵاتی بڕیاردانی دیکتاتۆرە تاکڕەوەکە. دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دەشێت ئەندامی سوپا یان سەرۆکی حزبێکی سیاسی بن، بەڵام هێشتا نە سوپاکە و نە حزبەکە ناتوانن بەبێ فەرمانی دیکتاتۆر سەربەخۆیانە هیچ دەسەڵاتێک پیادە بکەن."

لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان، گرووپی دەستەبژێرەکان، بە شێوەیەکی ئاسایی پێک هاتوون لە دۆستە نزیکەکانی دیکتاتۆر یان لە ئەندامانی خێزانەکەی. ئەو دەستەبژێرانە بە وردی لە لایەن دیکتاتۆرەوە بۆ پۆستەکان هەڵدەبژێردرێن.

نموونە:

*کۆماری ئەفریقای ناوەندی*: ١٩٦٦-١٩٧٩، **جان-بیدڵ بۆکاسا**

*کۆماری دۆمینیک*: ١٩٣٠-١٩٦١، **ڕافائیل تروجیلۆ**

*هایتی*: ١٩٥٧-١٩٨٦، **فرانسوا** و **جین کلاودی دوڤالیر**

*عێراق*: ١٩٧٩-٢٠٠٣، **سەدام حسێن**

*فیلیپین*: ١٩٧٢-١٩٨٦، **فیردیناند مارکۆس**

*سۆماڵ*: ١٩٦٩-١٩٩٠، **سیاد بەری**

*ئیسپانیا*: ١٩٣٩-١٩٧٩، **فرانسیسکۆ فرانکۆ**

*ئۆگەندا*: ١٩٦٦-١٩٧١، **میلتۆن ئۆبۆتا**

*یەمەن*: ١٩٧٨ –تا ئێستا، **عەلی عەبدوڵڵا ساڵح**

*زائیر*: ١٩٦٥-١٩٩٧، **جۆزیف مۆبوتۆ**

**دیکتاتۆرییەتە پادشاییەکان**

پەیڕەوی پۆلێنەکەی **هادینیوس** و **تیۆرێل** دەکەین و دیکتاتۆرییەتە پادشاییەکان بەم جۆرە پێناسە دەکەین: "ئەو ڕژێمانەن کە کەسێک لە وەچەی پادشا بێت و بەگوێرەی ڕێکارێکی پەسەندکراو یان دەستوور پۆستی سەرۆکی دەوڵەتی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە. ئەو ڕژێمانە بە ڕژێمی پادشایی دانانرێن ئەگەر ڕۆڵی پادشایەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان پرۆتۆکۆڵی بێت (وەک لە *شانشینی یەکگرتوو*). ئەگەر ئەو ڕژێمانە بە دیکتاتۆرییەتی پادشایی پۆلێن بکەین ئەوا دەبێت دەسەڵاتی سیاسیی ڕاستەقینە لە لایەن پادشاوە پیادە بکرێت. دەستەبژێرەکان لە دیکتاتۆرییەتە پادشاییەکاندا، بە شێوەیەکی سروشتی ئەندامانی خێزانی پادشان.

نموونە:

*ئەفغانستان*: ١٩٢٩-١٩٧٣

*کامبۆدیا*: ١٩٥٣-١٩٧٠

*ئەسیوبیا*: ١٨٥٠-١٩٧٤

*ئێران*: ١٩٢٥-١٩٧٩

*ئەردەن*: ١٩٤٦–تا ئیستا

*لیبیا*: ١٩٥١-١٩٦٩

*عەممان*: سالانی ١٧٤٠–تا ئێستا

*عەرەبستانی سعوودی*: ١٩٢٧–تا ئێستا

*ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو*: ١٩٧١–تا ئێستا

## دیکتاتۆرییەتە دوورەگەکان

دیکتاتۆرییەتە دوورەگەکان ئەو ڕژێمانەن کە تێکەڵێک لە تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوی و تاکحزبی و سەربازییەکانی تێدایە. کاتێک ڕژێمێک تایبەتمەندییەکانی ئەو سێ جۆرەی دیکتاتۆرییەتەکانی تێدا بێت، ئەو بە ڕژێمی هەڕەشەی سیانی ئاماژەی بۆ دەکرێت. جۆرە هەرە باوەکانی دیکتاتۆرییەتە دوورەگەکان، دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی/تاکحزبی و دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی/سەربازییە.

نموونە:

دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی/تاکحزبی:

*کووبا*: ١٩٥٩–تا ئێستا، **فیدڵ کاسترۆ**، حزبی کۆمۆنیستی کووبا

*کۆریای باکوور*: ١٩٤٨–تا ئیستا، **کیم ئیل سونگ** و **کیم جۆنگ ئیل**، حزبی *کرێکارانی کۆریا*

دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی/سەربازی:

*چیلی:* ١٩٧٣–١٩٨٩، **ئۆگستۆ پینۆشێت**

*پاکستان:* ١٩٧٧–١٩٨٨، **مەحەمەد زیائولحەق**

دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی/سەربازی:

*بوروندی:* ١٩٦٦–١٩٨٧، حزبی *یەکگرتووی پێشکەوتنی نیشتمانی*

*ئیلسەلڤادۆر:* ١٩٤٨، بەگوێرەی ڕێکارێکی پەسەندکراو یان دەستووری ١٩٨٤، حزبی *شۆڕشگێڕی یەکگرتنەوەی دیموکراتی*

دیکتاتۆرییەتی هەڕەشەی سیانی:

*میسڕ:* ١٩٥٢–تا ئێستا، **جەمال عەبدولناسڕ، ئەنوەر سادات** و **حوسنی موبارەک**، حزبی *دیموکراتی نیشتمانی*

*سووریا:* ١٩٦٣–تا ئێستا، چەند سەرکردەیەک، حزبی *بەعس.*

**پوختە و ئەنجام**

بەبێ هەبوونی ڕێگە گرنگەکانی پۆلێنکردنی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان، مەحاڵە بتوانین وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان دەربارەی سیاسەتی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان بدەینەوە. پۆلێنکردنەکان گرنگن، چونکە وامان لێ دەکەن بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان کاروبارەکانیان بەڕێوە دەبەن. لەم بەشەدا، پۆلێنکردنە سەرەکییەکانمان لە ئەدەبیاتی سیاسەتی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان کورت کردووەتەوە و گرووپگرووپمان کردون بەگوێرەی ئەوەی کە ئایا ئەو ڕژێمانە ڕژێمی بەردەوامن یان ڕژێمی ڕەهان لە سروشتدا.

هەروەک پیشمانمان دا، پۆلێنکردنەکانی دیکتاتۆرییەت بە شێوەیەکی بەرچاو لەوەتەی لێکۆڵینەوەکان لەسەر تۆتالیتاریزم دەستیان پێ کرد، سەریان هەڵدا. لە لێکۆڵینەوەی هاوچەرخدا، گفتوگۆ چڕ ناکرێتەوە لەسەر ئەوەی دیکتاتۆرییەتەکان لێک جیا بکەینەوە، بەڵکو لەسەر ئەوەی چۆن ئەو کارە بکرێت. ئەو ڕژێمە دەسەڵاتگەراییانە چیتر وا نابینرێن کە کۆمەڵێک بن و مابنەوە و ئاماژە بە بەرەوپێشچوونێکی گەورەتر لە تێگەیشتنمان لە جیهانی دەسەڵاتگەراییدا بکات.

لە بەشی داهاتوودا، لە هۆیەکانی سەرهەڵدانی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان دەکۆڵینەوە، پاشان دەگەڕێینەوە سەر گفتوگۆکردنی ئەو ستراتیجانەی دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەتەکان دەیگرنە بەر بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی سیاسییان، ئەویش پێش ئەوەی لەوە بکۆڵینەوە کە چۆن جیاوازییەکان لە سەرجەم دیکتاتۆرییەتەکان کار دەکەنە سەر ئامانجە سیاسییەکان. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شیکردنەوەی قووڵی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبی و سەربازی و تاکڕەوی و پادشایی و دووڕەگییەکان کۆتایی پێ دەهێنین. بەو شیکردنەوانە چاوپێداخشاندنێکی سەرنجڕاکێش بە جیهانی دیکتاتۆرییەتەکان و ئەو سەرکردانەی فەرمانڕەواییان دەکەن دەخەینە ڕوو.

# بەشی دووەم
# هۆیەکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت

حکومەتە دەسەڵاتگەراییەکان لە زۆرینەی مێژوودا شتێکی ئاسایی بوون، هەرچەندە شەپۆلەکانی بەدیموکراتیکردن لە سەردەمی دوای *دووەم* جەنگی *جیهانی*دا هاتن، بەڵام هێشتا ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان لە نەخشەی سیاسیی ئەمڕۆدا هەر زۆر بڵاون. لە ڕاستیدا بەگوێرەی خەمڵاندنێکی مامناوەندی، نزیکەی لە هەرسێ وڵات لە جیهاندا، یەکێکیان لەژێر فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرییەتدایە. بە تەنیا حزبی کۆمۆنیستی چین فەرمانڕەوایی نزیکەی چواریەکی دانیشتوانی جیهان دەکات.

بەبێ دابڕان و بەردەوامبوون لەسەر بابەتی حکومەتی دەسەڵاتگەرایی، گرنگە زانیاری لەسەر بنەڕەتی ئەم حکومەتە بەدەست بهێنین. لەم بەشەدا، بە درێژی ئەو تیۆرییە جۆراوجۆرانەی بۆ لێکدانەوەی ئەوەی بۆچی دیکتاتۆرییەتەکان وەک دژێکی ڕژێمە دیموکراتییەکان سەر هەڵدەدەن دانراون، دەخەینە ڕوو و لێکیان دەدەینەوە. پاشان لە بەشێک لەو تیۆرییانە دەکۆڵینەوە کە تەرخان کراون بۆ لێکدانەوەی هەندێک جۆری تایبەت لە حکومەتە دەسەڵاتگەراییەکان،

بەتایبەتی ئەوانەی سەرنجیان دەخەینە سەر لەم کتێبەدا ئەمانەن: حکومەتی تاکڕەو و سەربازی و تاکحزبی و ڕژێمە پادشاییەکان. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەشمان، تیشک دەخەینە سەر ئەو ناوچانەی ئەو جۆرە حکومەتانەی تێدا باون، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ لێکدانەوەکانی داهاتوو سەبارەت بە هەبوونی ئەو حکومەتانە لەو ناوچانە.

## ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدانی حکومەتی دەسەڵاتگەرایی

ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە بۆچی دیکتاتۆرییەتەکان لە هەندێک وڵات سەر هەڵدەدەن و لە وڵاتانی تر سەر هەڵنادەن؟ چ جۆرە هەلومەرجانێک زەمینە خۆش دەکەن بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی دەسەڵاتگەرایی؟ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی سەرەتایی لەم بوارەدا، توێژینەوەیان لە بنچینەکانی تۆتالیتاریزم کردووە. ئەو ئەدەبیاتەی دوای ئەم توێژینەوانە هاتن، سەرنجیان خستە سەر ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێی بەدیموکڕاتیکردن و ئەو هۆکارانەی کە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ بەهێزکردن و چەسپاندنی دیموکراسی. لەو بەشانەی کە دێن، ئەم ئەدەبیاتە دەخەینە ڕوو و لێی دەکۆڵینەوە.

## بنچینەکانی تۆتالیتاریزم

توێژینەوەی سەرەتایی لەم بوارەدا سەرنجی خستە سەر بنچینەکانی تۆتالیتاری و شێوە فاشیستییەکانی دیکتاتۆرییەت. تەوەری سەرەکیی ئەم ئەدەبیاتە جەختکردنەوەیە لەسەر جەماوەر؛ بە گوتەی **هاننا ئارێندت**، بەرزبوونەوەی ئەوپەڕی ئاستی سەربەخۆیی تاک (Individualism) لە کۆمەڵگە سەرمایەدارەکان، خەڵک بۆ تۆتالیتاریزم ڕادەکێشێت وەک

شێوەیەکی حکومەت. بە هەمان شێوە، **خوان لینز** داکۆکی لەوە دەکات کە تۆتالیتاریزم لە ئەنجامی کێشەی ئایدیۆلۆجی و چینایەتی سەر هەڵدەدات. لە کاردانەوە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری، جووڵانەوەی فاشیستییەکان دروست دەبن وەک هۆیەک بۆ جەماوەرهێنانە ناو پرۆسەی سیاسی، ئەمەش یارمەتیی دروستبوونی دەوڵەتی تۆتالیتاری دەدات.

بە ڕای **لینز**، زیادبوونی هەستی ناسیۆنالیزمی، کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی کێشە لە ناو کۆمەڵگەکاندا، بەشداری لە دروستبوونی تۆتالیتاریزم دەکات. کاتێک گرووپێکی ئیتنیی زاڵ هەوڵ دەدات کە کەمینە ئیتنی و کولتوورەکان بکاتە بەشێک لە کۆمەڵگە (لە بەرامبەر ئەوەدا کەمینەکان داوای مافی ئۆتۆنۆمی دەکەن)، گرووپە زاڵەکە بە زۆری پەنا بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی دەسەڵاتگەرایی دەبات وەک هۆیەک بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و سیستەم. ئەمەش لەگەڵ ئەو ڕۆڵە زیاد لە ئەندازەی ناسیونالیزم دێتەوە، کە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە سەرهەڵدانی ڕژێمە فاشیستەکان لە *ئەڵمانیا* بە فەرماندەی **ئەدۆڵف هیتلەر** و لە *ئیتاڵیا* بە فەرماندەی **بینیتۆ مۆسۆلینی**.

### ئەو هۆکارانەی یارمەتیدەرن بۆ بەدیموکراتیکردن

کاتێک تۆتالیتاریزم دوای *دووەم جەنگی جیهانی* ڕوو لە کزبوون بوو، زانایانی زانستی سیاسی سەرنجی خۆیان لە هۆیەکانی سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزمەوە گۆڕی بۆ ئەو هەلومەرجانەی گونجاون بۆ بەدیموکراتیکردن. هەرچەندە هەندێک توێژینەوە لەم زنجیرە توێژینەوانە بە ڕوونی لە هۆیەکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت دەکۆڵنەوە، بەڵام زۆربەیان سەرنج دەخەنە سەر ئەو هۆکارانەی دەبن بە هۆی سەرهەڵدانی دیموکراسی.

## هۆکارە دامەزراوەییەکان

بە ڕای **سامیۆڵ هەنتینگتۆن**، مۆدێرنەکردن و کۆکردنەوەی جەماوەر لەگەڵ دواکەوتنی گەشەکردنی دامەزراوە سیاسییەکان، کێشە بۆ سەقامگیری و دیموکراسی دروست دەکەن. لەم بارەیەوە، جۆری حکومەت کەمتر گرنگە لەچاو پلەبەندییەکەی یان ئاستی بەدامەزراوەییکردنی. ئەو حکومەتانەی ئاستی بەدامەزراوەییکراوەییان نزمە، لەو وڵاتانە هەن کە لە ڕووی سیاسییەوە پووکاوەن و بەوە دەناسرێنەوە کە ئاستێکی بەرزی گەندەڵییان تێدایە، سنووری نێوان کەرتی تایبەت و گشتی تیایاندا ڕوون نییە و ڕێکخراوەکانی مەدەنییان تێدا نییە و کۆدەنگیی سیاسییشیان تێدا نییە. ئەو هەلومەرجانە دەبنە هۆی ئەوەی کە مەحاڵ بێت حوکمڕانییان تێدا بکرێت و لە ڕووی دیموکراسییشەوە بێسوودن. **هەنتیگتۆن** دەڵێت بەیەکگەیشتنی مۆدێرنەکردن و ئامادەکردنی جەماوەر لەگەڵ پووکانەوەی سیاسی، کارێکی گەورە دەکاتە سەر گەشەکردنی سیاسی و وا دەکات دیموکراسی مەحاڵ بێت، ئەم هەڵوێستە تایبەتە بە زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە گەشەکردندان. **جۆرج کاهین**، **گای پاوکەر** و **لووسیان پای** چەندین هۆکاری لەو جۆرە دەستنیشان دەکەن کە ڕێ لە بەدیموکراتیبوون دەگرن. ئەو هۆکارانەش ئەمانە دەگرنەوە: کاریزمای سەرکردایەتی، نەبوونی بەرژەوەندیی ڕێکخراو بە شێوەیەکی فەرمی و ئارەزووکردن بۆ ئەو کەرتانەی کۆمەڵگە کە ناڕێکخراون و زۆر لە شت ناگەن، وەک جوتیار و جەماوەری شارەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پچڕپچڕ و لەناکاو و نامۆ و زۆر جار بە شێوەیەکی توندوتیژ، بخرێنە ناو سیاسەتەوە.

## هۆکارە ئابوورییەکان

بۆ **سیمۆیور مارتن لیپسێت**، هۆکارەکانی ئابووری و دیمۆگرافییەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە بۆچی هەندێک وڵات دیموکراتین و ئەوانی تر نا. بەتایبەتی شارستانیبوون، بەپیشەسازیکردن، پەروەردە، دانیشتوانی لەشساغ، ئەوانە هەموویان دەبنە هۆی فشاردروستکردن لە ناو وڵاتدا بۆ بەدیموکراتیبوون. بەمۆدێرنکردنی (Modernization) کۆمەڵگە وا دەکات زیاتر بەرەو دیموکراسی بڕوات، ئەمەش بە ئەنجامدانی گۆڕان لە ئەقڵییەتی هاووڵاتییاندا دەکرێت. نەبوونی ئەو جۆرە تایبەتمەندییانەی کۆمەڵگە، دەبێتە هۆی بەردەوامبوون و مانەوەی دیکتاتۆرییەت.

هەروەها **ئادەم پرزیۆرسکی** و هاوکارانی، لەوە دەکۆڵنەوە کە چۆن هۆکارە ئابوورییەکان کار دەکەنە سەر سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت لە دژی دیموکراسی. ئەو توێژەرانە پیشانی دەدەن کە لە ڕاستیدا ڕێژەی ڕژێمە دیموکراسییەکان لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان زیاترە وەک لە وڵاتە هەژارەکان (وێنەی ٢:١). بە پێچەوانەی **لیپسێت**، ئەم توێژەرانە دەبینن کە گەشەکردنی ئابووری (یان بەمۆدێرنکردن، وەک **لیپسێت** دایدەنێت) نابێتە هۆی سەرهەڵدانی بەدیموکراتیکردن (Democratization). هەرچەندە بەهێزکردنی دیموکراسی دەشێت لە وڵاتانی دەوڵەمەند زیاتر بێت و بۆ بەهێزبوونی دیکتاتۆرییەتیش هەر وایە. سامان دەبێتە هۆی سەقامگیریی سیاسی، ئەگەر حوکمڕانییەکە بە شێوەی ڕژێمێکی دیموکراسییەکی درێژخایەن بێت یان دیکتاتۆرییەتێکی درێژخایەن بێت. بە پێچەوانەوە، هەژاری دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی، ئەگەر حوکمڕانییەکە بە شێوەی دیموکراسیی ماوەکورت یان

دیکتاتۆرییەتێکی ماوەکورت بێت. ئەو وڵاتانەی زۆر هەژارن لەوانەیە ببنە دیموکراتی، بەڵام دوای ئەوە دەشێت زوو لێک هەڵبوەشێن. هەرچەندە گەشەکردنی ئابووری ڕاستەوخۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت ڕوون ناکاتەوە، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ تێگەیشتن بە شێوەیەکی گشتیتر لە خۆگریی حکومەتە دەسەڵاتگەراییەکان.




**Figure 2.1** Level of Development and Incidence of Democratic Regimes. *Source:* Przew[...] and Limongi (1997)

**ئاست: سەرجەمی داهاتی نەتەوەیی ١٩٨٨ (دۆلاری ئەمریکی)**
**وێنەی (١/٢) ئاستی گەشەکردن و بوونی ڕژێمە دیموکراتییەکان**

هەروەها وا دادەنرێت کە سامانە سروشتییەکان کار بکەنە سەر جۆری ڕژێم. **مایکڵ ڕۆس** پێشانی دەدات کە دەسەڵاتگەرایی پەیوەندییەکی زۆر توندی بە فرەیی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانی ترەوە هەیە. دەستگەیشتن بە داهات یان قازانجی سامانە سروشتییەکان، حزبە سیاسییەکان هان دەدات بەو شێوانە ڕەفتار بکەن کە وڵاتەکە بەرەو

دیکتـاتۆرییەت بڕوات. ئەو داهـات یـان قـازانجە کارئاسـانی بـۆ حزبە سیاسییەکان دەکات کە بتوانن پشتیوانان دڵخۆش بکەن لە ڕێی بەخشینی کۆمەکی دارایی پێیان لەبری جێبەجێکردنی ڕیفۆرمی سیاسی. ئەو بەڵگەهێنانەوەی سەرەوە بەکار دێت بۆ لێکـدانەوەی ئەوەی کە بـۆچی ئەو دەوڵەتە زۆروزەوەنـدانەی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، کە بە سـامانی سروشـتی دەوڵەمەندن، لە لایەن دیکتاتۆرەکـانەوە فەرمـانڕەوایی دەکـرێن. وێـنەی ٢:٢ پەیوەنـدیی نێـوان سـامان و جـۆری ڕژێـم لە بـژاردەیەک لە وڵاتـانی گەورەبەرهەمهێنـی نەوت و گـاز لە سـاڵی ٢٠٠٣دا پیشان دەدات.

| | دەوڵەمەند | هەژار |
|---|---|---|
| وڵاتە دیموکراتیەکان | ئەمەریکا ، بەریتانیا<br>نەرویج ، فەنزویللا | نایجیریا |
| وڵاتە نادیموکراتیەکان | کوێت ، قەتەر ، ئیمارات<br>عوممان ، بەحرەین<br>عەرەبستانی سعودی<br>لیبیا ، برونای | ئەنگۆلا<br>تورکمانستان<br>ئۆزبەکستان |

***وێنەی ٢:٢: وڵاتە گەورە بەرهەمهێنەکانی نەوت و گاز***

بەشێکی زۆری ئەو دەوڵەتە دەوڵەمەندانە بە سەرچاوەی سروشتی، نادیموکراتین. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی سەرچاوەی سروشتی زۆروزەوەند مەرجێکی پێویست نییە بۆ بوونی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆری (زۆر لە وڵاتان کە سەرچاوەی سروشتیی کەمیان هەیە دیکتاتۆرین)، بەڵام وا دەردەکەوێت کە سەرچاوەی سروشتی هۆ بن بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت.

## هۆکارە چینایەتییەکان

**بارینگیۆن موور** تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن هەبوونی چینێکی مامناوەندی گەورە گونجاوە بۆ بە بەدیموکراتیکردن. **موور** ئاماژە بۆ ڕۆڵی گرنگی چینی سەرەوەی خاوەن زەویوزاری زۆر و چینی جوتیاران دەکات لە دیاریکردنی جۆری ئەو سیستەمە سیاسییەی کە دروست دەبێت، کاتێک وڵات لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی. دیموکراسی دەرفەتی سەرهەڵدانی لە وڵاتانە زیاتر دەبێت کە گرووپی زۆری خاوەن ئابووریی سەربەخۆ لە کۆمەڵگەکەیدا هەبن، واتا چینی مامناوەندی هەبێت. هەروەک **موور** دەڵێت "ئەگەر بۆرجوازی نەبێت، دیموکراتی نابێت".

لەو وڵاتانەی کە خاوەن زەویوزارەکان دەتوانن دەسەڵاتی سیاسی دەستەبەر بکەن و کشتوکاڵ ببەن بەڕێوە، بە شێوەیەک ئەو جوتیارانەی لە کێڵگەکانیان کار دەکەن، ڕووبەڕووی کەمترین چەوساندنەوە ببنەوە، ئەنجامەکەی دروستبوونی دیموکراسیی لێ دەکەوێتەوە. بە پێچەوانەوە، لەو وڵاتانەی کە خاوەن زەویوزارەکان لەگەڵ دەوڵەت پەیمانیان

بەستبێت و بتوانن ئامرازەکانی دەوڵەت بۆ چەوساندنەوەی جوتیاران بەکار بهێنن، ئەنجامەکەی دروستبوونی دیکتاتۆرییەتی لێ دەکەوێتەوە.

دەشێت ئەوە لەبەر دوو هۆ ئەوە ڕوو بدات: یان جوتیارەکان شۆڕش دژی چینی خاوەن زەویوزاری نابازرگانی دەکەن، وەک ئەوەی لە یەکێتیی *سۆڤێت* ڕووی دا، یان چینی خاوەن زەویوزار دەوڵەت بەکار دەهێنێت بۆ سەپاندنی ویستەکانی بەسەر جوتیاراندا، وەک ئەوەی لە *ژاپۆن* ڕووی دا.

بوونی چینی مامناوەندی کە گرنگە لە گفتوگۆیەکەی **موور**دا، کۆمەڵگەیەک دەردەخات کە سامان تێیدا نزیکەی بە یەکسانی دابەش دەکرێت. بە هەمان شێوە، **دارۆن ئاچەمۆگڵو** و **جەیمس ڕۆبنسۆن** دەڵێن کە نایەکسانی کۆسپێکە لە ڕێی بەدیموکراتیکردن، کۆمەڵگە نایەکسانەکان دەشێت بتەقنەوە و دیموکراسی بهێننە کایەوە، کە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر دەستەبژێرانی سیاسی دروست دەکەن.

بە ڕای **دێتەر ڕۆیشمایەر** و هاوەڵانی، بەهێزکردنی دیموکراسی پەیوەندییەکی توندی بە گەشەکردنی سەرمایەدارییەوە هەیە، ئەویش کاتێک سەرمایەداری دەسەڵاتی خاوەن زەویوزارەکان سنووردار دەکات و چینە جەماوەرییەکان بەهێز دەکات. ئەوەی بۆ ئەم پرۆسەیە سەرەکییە، کۆکردنەوەی چینی کرێکار و چینی مامناوەندییە. ئەو چینانە دەتوانن خۆیان باشتر ڕێک بخەن کاتێک شارستانیتر بن و بەرهەمی کارگەکان و شێوەی نوێی گەیاندن و گواستنەوە زیاتر بن. بە پێچەوانەی **موور**، **ڕۆیشمایەر** و هاوەڵانی دەڵێن هەبوونی بۆرجوازی بەس نییە بۆ

دەستپێکردنی فشارەکان بۆ بەدیموکراتیبوون، لە کاتێکدا بۆرجوازییەکان لە کۆنەوە دوژمنی بەدیموکراتیبوون بوون، کە هەڕەشەی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان دروست کردووە. چینی کرێکاری ڕێکخراو لەگەڵ گرووپە پیشەییەکان و کۆمەڵەکانی تر دەتوانن بەرامبەر دەوڵەت بوەستنەوە، ئەو وەختە تەرازووی هێز بە زۆری بە لای دیموکراسیدا دەشکێتەوە.

### ڕۆڵی نەژادپەرستی

ژمارەیەکی کەم لە توێژەران هەوڵیان دا ڕۆڵی نەژادپەرستی لە دیاریکردنی جۆری ڕژێم جیا بکەنەوە. **دۆناڵد هۆرۆویتز** دەڵێت جیاوازیی نەژادی و هەمەجۆری کۆسپن لە بەردەم ئەو وڵاتانەی هەوڵی بوون بە دیموکراتی دەدەن. **هۆرۆویتز** دەنووسێت "دیموکراسی زیاتر گەشەی کرد لەو وڵاتانەی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* کە کەمترین جیاوازیی نەژادییان تێدا بوو، هێواشتر گەشەی کرد یان هەر گەشەی نەکرد لە وڵاتانەی کە جیاوازیی نەژادیی توندیان تێدا بوو". **هەنتیگتۆن** لەسەر ئەم ڕایەیە و دەڵێت ئەو دەوڵەتانەی کە نەژادی جیاوازیان تێدایە، زیاتر بەرەو دیکتاتۆرییەت دەچن. جیاوازیی گەورەی نەژادی-سیاسی، دەوڵەتان زیاتر بەرەو کێشە دەبات و وایان لێ دەکات بۆیان قورس بێت ڕێکارە دیموکراتییەکان جێبەجێ بکەن. لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا، کێبڕکێی سیاسی لەگەڵ کێبڕکێی نەژادی سەر هەڵدەدات و دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و بەدیموکراتیبوونیش نەیەتە دی. **ئەدریان کاراتنیکی** لەسەر هەمان ڕای توێژەرانی سەرەوەیە، وای دەبینێت کە جیاوازیی نەژادی کۆسپێکە لە بەردەم بەهێزبوونی دیموکراسی. ئەو دەڵێت دیموکراسی بە شێوەیەکی

بەرچاو لە کۆمەڵگە یەکنەژادییەکان زیاتر سەرکەوتووتر بوو وەک لەو کۆمەڵگەیانەی کە جیاوازیی نەژادییان تێدایە و چەندنەژادین.

بەڵام توێژەرانی دیکە داکۆکی لەوە دەکەن کە جیاوازیی نەژادی هێزێکی پاڵنەر نییە لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت. بۆ نموونە، **ئێم ستیڤن فیش** و **ڕۆبن برووکس** دەبینن کە جیاوازیی نەژادی کاریگەرییەکی نەرێنیی نییە لەسەر ئەگەری سەرهەڵدانی دیموکراسی. لە ڕاستیدا زۆر دەوڵەت هەن کە نەتەوەی جیاوازیان تێدایە و توانیویانە لە ڕێی میکانزمی بەشدارییپێکردن لە دەسەڵاتدا، جەمسەرگیریی کۆمەڵایەتی کەم بکەنەوە و ببنە مایەی سەقامگیریی سیاسی. لەو جۆرە دەوڵەتانە، دیموکراسی دەشێت بە ڕاستی ببێتە هۆیەک بۆ ئاڕاستەکردن و چارەسەرکردنی گلەیی و سکاڵای نەژادی و خاوکردنەوەی گرژییەکان.

## کولتوور و دیموکراسی

کتێبی *کولتووری شارستانی*، کە **گابریل ئەڵمۆند** و **سیدنی ڤێربا** لە ساڵی ١٩٦٣دا دایان ناوە، بە بەشێکی بنچینەیی لە بواری سیاسەتی بەراوردکاری دادەنرێت. لەم کتێبەدا، **ئەڵمۆند** و **ڤێربا**، لە بەهای جەماوەری و هەڵوێستی هاووڵاتی لە پێنج وڵات و لە کاریگەرییان لەسەر پەرەسەندنی سیاسی و پەیوەندییان بە دیموکراسییەوە، دەکۆڵنەوە. دانەرانی ئەم کتێبە داکۆکی لەوە دەکەن کە کولتووری سیاسیی وڵات ڕۆڵێکی گرنک لە بەهێزکردنی دیموکراسیدا دەبینێت. لەم کتێبەدا، سێ جۆر لە کولتووری سیاسی دیاری کراون: بەشدار، بابەتی و بیرتەسک. **ئوڵمۆند** و **ڤێربا** دەنوسن: "بەشدار وا دادەنرێت کە

بەئاگا بێت و زانیاریی هەبێت دەربارەی سیستەمی سیاسی لەبارەی حکومەت و لایەنە سیاسییەکەیەوە. بابەتی لە ڕووی تێگەیشتنیەوە بە شێوەیەکی سەرەکی مەیلی بەرەو لایەنی پێکهاتەی حکومەتە: دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بیرۆکراسی و دادوەرییە. بیرتەسک مەیلی لە بێئاگایی یان تەنیا زۆر بە ناڕوونی ئاگای لە هەموو لایەنەکانی سیستەمی سیاسی بێت."

کولتووری بیرتەسکی وا لێک دەدرێتەوە کە کۆسپ بێت لە بەردەم بەدیموکراتیکردندا، چونکە وا ناسراون کە لە ئاستێکی نزمی جێی بڕوا و سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا بن. ئەو کولتوورە سیاسییەی کە ئەوپەڕی کراوەیە بۆ بەهێزبوونی دیموکراتی، کولتوورێکی سیاسیی هاوسەنگە و بەشداربوون و چالاکی پێکەوە دەبەستێتەوە، وێڕای ئەوەی هەندێک سستە. بەگشتی، کولتووری سیاسیی دیموکراتی ئەو کولتوورەیە کە پێک دێت لە بیروڕا و هەڵوێست و نۆڕم (Norm)، کە پشتگیریی بەشداربوون دەکات.

لێکۆڵینەوەکانی بواری سیاسەتی بەراوردکاری کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ڕۆڵی کولتوور لە بەهێزکردنی دیموکراسی کردووە لەسەر نەژادپەرستی، بە زۆری ڕەخنەی لێ گیراوە، چونکە کولتوورە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا وا دانرابوو کە زۆر زیاتر بەرەو دیموکراسییەکی سەقامگیریان دەبات. لێکۆڵینەوە لە لە کاریگەریی کولتوور لەسەر بەهێزکردنی دیموکراسی، ساردبوونەوەی بە خۆیەوە بینی لەسەر ئەو بنەمایەی کە کولتوور چەمکێکی نادیارە و گرانە بپێورێت یان پێناسە بکرێت. بە زۆری کولتوور ئەو چەمکە ماوەیە کە زانایان جەختی لەسەر دەکەنەوە تەنیا دوای ئەوەی "ئێمە

هەندێک لە ڕوونکردنەوە بوونیادی و دامەزراوەییەکان لا دەبەین".

## ڕوونکردنەوەی جۆری دیکتاتۆرییەت

هەروەک لە سەرتاپای ئەم لێکۆڵینەوەیە جەختی لەسەر کراوەتەوە، بە زۆری دیکتاتۆرییەتەکانیش چۆن لە یەکتر جیاوازن، بەو ڕادەیەش لە ڕژێمە دیموکراسییەکان جیاوازن. لەبەر ئەوە تێگەیشتن لە هۆیەکانی سەرهەڵدانی جۆرە جیاوازەکانی دیکتاتۆرییەتەکان بە کارێکی گرنگ دادەنرێت.

وەک **باربارا گیدیس** پیشانی دەدات، زۆربەی دیکتاتۆرییەتەکان دوای دەستبەسەرداگرتنێکی نایاساییانەی دەسەڵات یان کودەتا، کە لە لایەن ئەفسەرانی سوپاوە ئەنجام دەدرێت (یان بە شێوەیەکی کەمتر لە لایەن حزبە شۆڕشگێڕەکانەوە دەکرێت) دەست پێ دەکەن. جۆری ئەو دیکتاتۆرییەتەی دوای ئەوە دروست دەبێت، دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری ئاڵۆزە. هەر کە کودەتا دەکرێت، سەرکردەی کودەتاییەکە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات دەسەڵاتەکەی ئەوپەڕی زیاد بکات. ئەوانەی لەگەڵ سەرکردەکە بەشداریی کودەتاکەیان کردووە، هەوڵ دەدەن سنوور بۆ بەرزەخوازەکانی سەرکردەکە دابنێن. توانای بەشداربوانی کودەتاکە بۆ سنووردانان بۆ سەرکردەکە، متمانە دەکاتە سەر هێزی ڕێکخراوەییان. ئەو سوپا یان حزبانەی بە تۆکمەیی ڕێک خراون، باشتر دەتوانن یەک بگرن و سنوور بۆ هەوڵەکانی سەرکردەکە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی دابنێن وەک لەو گرووپانەی بە تۆکمەیی ڕێک نەخراون. بە واتایەکی تر، تا سوپا یان حزبەکە چاکتر دامەزرابن پێش دەستگرتن بەسەر

دەسەڵاتدا، شایەنی ئەوە زیاترە کە ئەندامانی سوپا یان حزبەکە بەرهەڵستیی هەوڵەکانی سەرکردەکە بکەن لە دروستکردنی ڕژێمێکی تاکڕەوی. ئەم باسە ئەوە دەگەیەنێت کاتێک سوپایەکی پرۆفیشناڵ دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئەوا ئەگەری دروستبوونی دیکتاتۆرییەتێکی سەربازی زۆرە، کاتێک حزبێکی پرۆفیشناڵ دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئەوە ئەگەری دروستبوونی دیکتاتۆریەکی تاکحزبی زۆرە، کاتێک گرووپێکی ناتۆکمە دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئەوا ئەگەری زۆرە دیکتاتۆرییەتێکی تاکڕەو دروست ببێت.

هەرچەندە تێگەیشتنێکی تیۆرییانەمان هەیە دەربارەی ئەوەی چۆن ئەو ڕژێمانە دروست دەبن، زانیارییشمان لەسەر هەندێک تاقیکردنەوەی پلان بۆ دانراو هەیە دەربارەی ئەو پەیوەندییانە. زۆر پرسیار دەمێننەوە دەربارەی ئەو هەلومەرجانەی کە تیایاندا سوپا یان حزبەکان دەشێت لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە بەهێز بن و ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی ئەوەی سوپا، بە پێچەوانەی حزبە شۆڕشگێڕەکان، دەسەڵات بگرنە دەست. هەرچەندە چەند توێژینەوەیەکی کەم لەو هەلومەرجانەیان کۆڵیوەتەوە کە بوونی دیکتاتۆرییەتە جیاوازەکان لێک دەداتەوە، بەڵام توێژەران ئەو هۆکارانەیان دەستنیشان کردووە کە لەپشت سەرهەڵدانی هەر یەکێک لەو دیکتاتۆرییەتانەن.

## بنچینەکانی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان

نزیکەی هەموو دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان بە ئەنجامدانی یان هەڕەشەی ئەنجامدانی کودەتای سەربازی دەست پێ دەکەن. سوپا بەشداری لە کودەتایەکان دەکات لەبەر ئەو توانا

بەسوودانەی هەیەتی بۆ ئەنجامدانیان. هەرچەندە هەموو کودەتایەک نابێتە هۆی دروستبوونی دیکتاتۆرییەتی سەربازی (وەک لە پێشەوە باس کرا)، بەڵام بڕیاری سوپا بۆ هاتنەناوسیاسەت لە ڕێی کودەتاوە، بە ساتەوەختێکی بنچینەیی گرنگ دادەنرێت لە دامەزراندنی هەر دیکتاتۆرییەتێکی سەربازی. کاتێک سوپاکان کودەتا هەڵدەبژێرن، هەمیشە بۆ ئەو مەبەستە نایکەن کە لە دەسەڵاتدا بمێننەوە.

بە گوتەی **سامیوڵ فاینەر**، دوو هۆکار بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە ئایا سوپا بێتە سەر دەسەڵات: ڕێکوپێککردنەوە و دەرفەت. ئەوەی هانی سوپا دەدات بۆ دەستتێوەردان، ئەوەیە کاتێک بەرژەوەندیی دامەزراوەکەیان دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە. هەروەها ئەگەری دەستتێوەردان هەیە کاتێک حکومەتی مەدەنی شەرعییەتی نامێنێت یان حکومەتەکە متمانەی خەڵک لەدەست دەدات. لەم جۆرە سیناریۆیانەدا، سوپا دەستتێوەردانەکەی وا دەبینێت کە کلیلی چارەسەر بێت بۆ مانەوەی وڵاتەکە (یان مانەوەی خۆی). توێژەرانی تر لەسەر ئەوە کۆکن کە ناڕەزاییەکانی سوپا دەشێت هاندەر بن بۆ دەستتێوەردان.

کاریگەریی سوپا لەسەر سیاسەت بە زۆری دەرخەری پرۆفیشناڵییەکەیەتی. تیۆری ناوەندێتیی سوپا وای دادەنێت کە سوپای بەتوانا و تۆکمە زیاتر ئەگەری دەستتێوەردانی هەیە. لەو دەوڵەتانەی تازە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، بە زۆری سوپا "دامەزراوەیەکی ئەوپەڕی مۆدێرنە" و سەرکردەی ڕاهێنراوی پرۆفیشناڵانەی هەیە، دەستی دەگاتە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو، سەرچاوە ڕێکخراوەییەکان و لە ناو ئەفسەرەکانیدا گیانی کارکرنی بەکۆمەڵ هەیە. **هەنتیگتۆن** زیاتر

داکۆکی دەکات و دەڵێت کە ئاستی نزمی دامەزراوەییبوون لەگەڵ ئاستی بەرزی مۆدێرنبوون دەبێتە هۆی دەستتێوەردانی سەربازی. **هەنتیگتۆن** دەنووسێت سوپا لە وڵاتە تازە دامەزراوەکاندا، دامەزراوەیەکی ئەوپەڕی پرۆفیشناڵە، لەبەر ئەوە وا بیر دەکاتەوە کە ئەوپەڕی گونجاو بێت بۆ فەرمانڕەواییکردن.

هەروەها هەلومەرجی ئابوورییش کار دەکاتە سەر ئەوەی سوپا دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت. **مارتن نیدلەر** دەنووسێت "ئەگەری کودەتا یان شۆڕشی سەرکەوتوو کەمترە کاتێک بارودۆخی ئابووری بەرەو چاکبوون بچێت. وێڕای ئەوەش، ئەگەری ڕووادنی کودەتا زیاترە کاتێک حکومەتی مەدەنی شەرعییەتی نامێنێت یان حکومەتەکە متمانەی خەڵک لەدەست دەدات. لەو جۆرە سیناریۆیانەدا، سوپا وای دەبینێت کە دەستتێوەردانەکەی وەک کلیلی چارەسەرە بۆ مانەوەی وڵاتەکە و خودی خۆیشی".

نایەکسانیی ئابووری (یان جەمسەرگیری) بەشداری لە هەردوو ڕێکوپێککردنەوە و دەرفەتدا دەکات. نایەکسانی نائارامیی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، سوپا هان دەدات بۆ دەستتێوەردان بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری. هەروەها نائارامی دەبێتە هۆی ئەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان هاوپەیمانی لەگەڵ سوپا ببەستن بۆ پاراستنی خۆیان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تریان. نایەکسانییە ئابوورییە توندەکان (لە ڕۆژانی سەرەتای دروستبوونی وڵاتدا) دەکرێت لە لایەن چینە باڵاکان ببنە هاندەر بۆ دامەزراندنی سوپای بەهێز. ئەو سوپا بەهێزانە، بە دەوری خۆیان، ئەگەری زۆری ئەنجامدانی کودەتای سەرکەوتوویان هەیە کە بیانهێنێتە سەر دەسەڵات.

هەروەک **هەنتینگتۆن** ئاماژەی پێ دەکات، ڕژێمە سەربازییەکان لە کۆمەڵگە جەمسەرگیر و دووبەشەکان دەردەکەون.

توێژەرانی تر داکۆکی لەوە دەکەن کە ڕژێمە سەربازییەکان بە زۆری لەو دەوڵەتانە دەردەکەون کە ئەزموونیان لەگەڵ کودەتا هەیە کە بە تەڵەی کودەتا ناسراون (بڕوانە بەشی پێنجەم). **جۆن لۆندەگران** و **کیس پووڵ** دەنوسن کە "کودەتای سەرکەوتوو ئارەزوو بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی دیکە زیاد دەکات". **فاینەر** دەڵێت لەبەر ئەوەی کولتووری سیاسیی وڵاتێک بە قووڵی لە لایەن کودەتاوە کاری تێکراوە، ئەوا کودەتای زیاتری تێدا ڕوو دەدات.

### دیکتاتۆرییەتی سەربازی لە ئەمەریکای لاتین

*ئەمەریکای لاتین* لانەی چەندین دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانی جیهان بووە. لە *دووەم جەنگی جیهانی*یەوە، زۆربەی زۆری وڵاتانی *ئەمەریکای لاتین* ئەزموونیان لەگەڵ شێوەیەک لە شێوەکانی دیکتاتۆرییەتی سەربازی هەبووە. زۆر لە توێژەران تێبینییان لەسەر ئەم دیکتاتۆرییەتە هەبووە. وەک **ئێریک نۆردلینگەر** دەنووسێت، "شێوازی دووبارەبوونەوەی کودەتای سەربازی و حکومەتەکان بوون بە شتێکی دیار و سەرنجڕاکێش لە وڵاتانی *ئەمەریکای لاتین*". بە هەمان شێوە، **هاوارد ویاردە** دەڵێت ڕوودانی کودەتاکانی *ئەمەریکای لاتین* بە شێوەیەکی وا بەردەوام و بۆ ماوەیەکی وا درێژ وایان لێ هاتووە بە شتێکی ئاسایی یان بە بەشێکی ڕێکوپێکی پرۆسەی سیاسی دابنرێن. وا دەردەکەوێت کە بە تێپەڕبوونی کات ژمارەی کودەتاکان ڕوو لە داکشان ناکەن، لە ڕاستیدا هەبوونی بەهێزیی سوپا لە ژیانی سیاسیی نیشتمانیدا، وا

دەردەکەوێت کە بەردەوام بێت لە ئێستادا و لە هەموو شوێنێکی *ئەمەریکای لاتین*. **پیتەر مایەر** ئەمەی دەخاتە سەر: "لە هیچ شوێنێکی جیهانی گەشەکردوو کاریگەریی سوپا وەک ئەوەی لە *ئەمەریکای لاتین* هەیە بەهێزتر نییە، دەستتێوەردانی سیاسی و فەرمانڕەواییکردن لە لایەن سوپاوە بووەتە شتێکی باو نەوەک شتێکی ناپەسەند کە جێی داخ بێت".

چەندین ڕوونکردنەوە دەربارەی بڵاوبوونی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لە *ئەمەریکای لاتین* جەخت لەسەر نزیکیی ئەو ناوچەیە لە *ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا* دەکەنەوە. لەبەر چەندین هۆی جیۆپۆلیتیکی، وڵاتانی *ئەمەریکای لاتین* لە ماوەی جەنگی *سارد*دا کۆمەکی سەربازیی گەورەیان پێ گەیشتووە، هاوکات لەگەڵ مەشقپێکردن بە سوپاکانیان. ئەو وەختە، حکومەتی *ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا* نەیویستووە بۆ بەدیموکراتیبوونیان فشار بخاتە سەر حکومەتە سەربازییەکان لە *ئەمەریکای لاتین*، لەبەر ئەوەی ئەو حکومەتانە دژی کۆمۆنیزم بوون. حکومەتی *ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا* تەنانەت کاری لەسەر پشتگیریکردنی هەندێک لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان *ئەمەریکای لاتین* کردووە بۆ زامنکردنی بەرەیەکی ناوچەیی دژەکۆمۆنیست و پووچەڵکردنەوەی ئاواتە بەرزەخوازەکانی بزووتنەوەکانی گەریلا چەپڕەوەکان. ئەم هەوڵانەی *ویلایەتە یەکگرتووەکان* دوای سەرکەوتنی *شۆڕشی کووبا* لە ساڵی ١٩٥٩دا و دروستبوونی لقەکانی گەریلای چەپڕەو چڕ بوونەوە.

چەندین سوپا لە *ئەمەریکای لاتین* لە لایەن وڵاتانی دەرەوە بە باشی کۆمەک دەکران و بڕێک هێزی نابەرانبەریان دەدرایە، ئەمەش بە زۆری وای لە ئەفسەرەکان دەکرد بتوانن کودەتا ئەنجام بدەن و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی خۆیان دابمەزرێنن. کۆمەکی سەربازیی دەرەوە بەگوڕتر کران، بەتایبەتی کاتێک دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لەگەڵ گرووپە چەپڕەوەکان لە شەڕدا بوون. بۆ نموونە، لە *نیکاراگوا* و *گواتیمالا* و *ئیلسلڤادۆر* هاوردەکردنی چەک لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩ و ١٩٨٥ بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر زیادی کرد، ئەمەش هۆی خێراترین دروستکردنی سوپا لە مێژووی ناوچەکە لێک دەداتەوە. لەو ناوچەیە بەگشتی، لەو ماوەیەدا هاوردەکردنی چەک بە ڕێژەی ١٥٩% زیادی کرد.

ڕەچاوکردنەکانی جەنگی *سارد* پەیوەندییەکی توندی بە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانەوە هەبوو لە *ئەمەریکای لاتین*؛ **جۆن دونکان پاوڵ** باسی ئەوە دەکات کە بەرنامەی کۆمەکی سەربازیی *ویلایەتە یەکگرتووەکان* بۆ ئەو وڵاتانە، پشتگیریی ئەوەی دەکرد کە سوپا ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆتری لە سیاسەتدا هەبێت، ئەمەش هۆیەکی یارمەتیدەری بەسەربازیکردنی دەسەڵات بوو لە *ئەمەریکای لاتین*. بە هەمان شێوە، **ئێریک نۆردلینگەر** دەڵێت کۆمەکی دەرەوە و ڕاهێنانی سوپا لە *ئەمەریکای لاتین* هەڵوێستی سیاسی و ڕۆڵی سوپایان بەهێز کرد لەچاو گرووپەکانی تر. وەک بیاتریز **ماگالۆنی** دەنووسێت، "لەبەر ئەوەی جەمسەرگیریی توند لە نێوان چەپ و ڕاست لەگەڵ هەژاری و

ناسەقامگیریی ئابووری، هەلومەجی بوونیادیی گونجاویان بۆ هێزە چەکدارەکان ڕەخساند تا دەستتێوەردان لە حوکمڕانیدا بکەن".

هەروەها نایەکسانیی ئابووری بڵاوبوونەوەی دیکتاتۆرییەتەکان دەدات لە *ئەمەریکای لاتین* ڕوون دەکاتەوە. لە سەردەمی جەنگی *سارددا*، جەمسەرگیریی ئابووری لە زۆربەی زۆری وڵاتانی *ئەمەریکای لاتین* بەردەوام بوو لەگەڵ نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری کە لە چەندین وڵاتانی ناوچەکە باو بوو. لە بارودۆخێکی ئاوادا، سوپای بەهێز گرنگە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی دەستەبژێر و شکستپێهێنانی نائارامیی کۆمەڵایەتی.

لەبەر ئەوەی دەستەبژێرانی سوپای *ئەمەریکای لاتین* بە شێوەیەکی سروشتی لایەنگرییان لە بەهاکانی پارێزگاران دەکرد، ئەوانە کاندیدی خوازراوی چینی باڵا و هێزە دەرەکییەکان بوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی کە سیاسەتمەدارە مەدەنییەکان سەلماندبوویان کە ناتوانن یان ناخوازن پەرەی پێ بدەن. لە بارودۆخێکی ئاوادا، سوپا و پارێزگارەکان بەرژەوەندییان لەوەدا یەکی دەگرتەوە کە بارودۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە و نەهێڵن چینەکانی خوارەوە داواکاریی هەڕەشەئامێزیان هەبێت بۆ زیاتر بەشداریکردنی سیاسییانەیان و نەهێڵن بەرژەوەندییە سیاسییەکانی چەپڕەوەکانیش بەرەو پێش بچێت. کودەتا سەربازییەکان بە زۆری لە لایەن دەستەبژێرە مەدەنییەکان پشتگیرییان لێ دەکرا و داواکردن بۆ دەستتێوەردانی

سەربازی زۆر بڵاو ببووەوە. لە ئەنجامی بەهێزبوون و زیادبوونی دەسەڵاتی سوپا، کۆمەڵگە بەگشتی لە زۆر لە وڵاتانی *ئەمەریکای لاتین* بە سەربازی کرابوو و سنووری نێوان سوپا و بوارە مەدەنییەکان کاڵ ببووەوە.

لە *ئەمەریکای لاتین* هەمیشە سوپا ڕۆڵێکی دیاری سیاسیی بینیوە بە بەراورد بە ڕۆژهەڵات، کە سوپا ملکەچی حزبی کۆمۆنیست بووە. پەیوەندییەکای نێوان سوپا و هاووڵاتییانی مەدەنی لە *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* زۆر جیاوازە لەوەی *ئەمەریکای لاتین*. بە پێچەوانەی *ئەمەریکای لاتین*، لە *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* کۆنترۆڵی هاووڵاتییانی مەدەنی بەسەر سوپادا نەریتێکی دوورودرێژ بووە. **ڤالیریک بوونس** دەڵێت ئەو نەریتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆن لە مێژووی *ڕووسیا* دوای *شۆڕشی بۆلشڤیک*. ڕژێمەکانی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* کۆنترۆڵیان بەسەر سوپا و پۆلیسی نهێنیدا هەبووە، نزیکەی دوای ساڵی ١٩٦٨ کۆنترۆڵی تەواویان بەسەریاندا هەبووە.

دەستەبژێرانی سیاسی لە *ئەمەریکای لاتین* هەمیشە کۆنترۆڵی ناڕاستەوخۆ و ناجۆریان بەسەر ئابووریی سەرمایەداری هەبووە و بە بەراورد بە *ئەورووپای ڕۆژهەڵات*، پێویستی بە سوپا هەبووە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان. لە *ئەمەریکای لاتین*، سوپا بە بەراورد بە هێزە مەدەنییەکان بەهێزتر بووە. بە گوتەی **خۆسێ نوون**، سوپا لەبری چینی مامناوەندی و باڵا بێتواناکان دەستی لە کاروباری حکومەت وەرداوە و وەک پارێزەرێکی بەرژەوەندییەکانیان کاری کردووە. **نوون** دەڵێت چینی

مامناوەندی ئارەزووی لە بەها ئابوورییەکانی دەستەبژێر بووە و ویستوویەتی بیرۆکەی بەدیموکراتیکردن واز لێ بهێنێت، چونکە وای دەزانی کە دیموکراسی هەڕەشەیە بۆ خۆشگوزەرانییان. **نوون** دەنووسێت سوپا قەرەبووی چینی مامناوەندی کردەوە کە نەیدەتوانی خۆی وەک گرووپێکی یەکپارچەی بەهەژموون دابمەزرێنێت. چینی مامناوەندی و دەستەبژێر پەرەیان بە هاوپەیمانێتییەکەیان لەگەڵ سوپا دا، بە پشتگیریکردنی سوپا لەو چینانە، سوپا وەک دامەزراوەیەکی ئەوپەڕی شەرعی دەرکەوت بۆ بەڕێوەبردنی وڵات. دوای ئەوەی سوپا دەسەڵاتی پەیدا کرد، ئەوەندە بەهێز مایەوە کە خۆی بە تەنیا بتوانێت فەرمانڕەوایی بکات، چونکە دەستەبژێرەکان هەرگیز ئەوەندە بەهێز نەبوون بتوانن هەژموونێکی ڕوونیان بەسەر سوپادا هەبێت.

بۆ نموونە هەر یەکە لە *گواتیمالا* و *ئیلسلڤادۆر* ماوەیەکی تا ڕادەیەک درێژیان لە فەرمانڕەوایی سەربازی بەسەر برد. سوپاکانیان لە لایەن ئۆلیگارشەکان و دەستەبژێرەکانی تر دروست کران وەک هۆیەک بۆ زامنکردنی ئەوەی کە هەژارەکان بە سەرکوتکراوەیی بمێننەوە. لە ئەنجامدا، کۆمەڵگەکانیان بەوە دەناسرێنەوە کە جەمسەرگیرییەکی ئابووریی ئاستبەرزیان تێدایە. ئەو سوپا بەهێزانە بوون بە هۆیەکی سەرەکیی مانەوەی کۆنترۆڵکردنی سیاسییانە.

بە پێچەوانەوە، *کۆستاریکا* تەنیا وڵاتە لە *ئەمەریکای لاتین* کە سوپا ڕۆڵێکی کەمی لە سیاسەتدا بینیوە؛ کۆمەڵگەیەکی تا ڕادەیەک یەکسانە. بە گوتەی **ئاچیمئۆگلوو** و هاوەڵانی، هەرگیز

سوپا لە *کۆستاریکا* لەبەر پێکهاتە ئابوورییەکەی پێویستی نەکردووە پەرەی پێ بدرێت. *کۆستاریکا* وەک وڵاتە هاوتاکانی ناوچەکە نەبووە، لە سەرەتای دروستبوونیەوە سەرکردە تاڵانچییەکان تێیدا زاڵ نەبوون، کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری هەبێت. *کۆستاریکا* لە سەردەمی کۆڵۆنیاڵیدا، بەوە ناسراوە کە دانیشتوانێکی کەمی هەژاری هەبووە (ئەمەش نەیهێشتووە کێڵگەی کشتوکاڵیی گەورەی لێ دروست ببێت) لەگەڵ بڕێکی کەمی سەرچاوەی سروشتی کە سوودی لێ وەربگیردرێت.

لە ڕاستیدا، لە ساڵی ١٩٤٩دا، دوای ماوەیەکی کورت لە دیکتاتۆرییەتی، *سوپای کۆستاریکا* هەڵوەشێندرا و کۆتایی بە خزمەتی سەربازەکان هێنرا. *کۆستاریکا* لە مێژووی خۆیدا کێشەی ناوخۆیی یان دەرەکیی نەبووە تا ڕۆڵی سوپا لە سیاسەتدا زیاتر سنووردار بکات. لە ئەنجامی ئەوەدا، *سوپای کۆستاریکا* هەرگیز زۆر بەهێز نەبووە و نە پێویستیشی بە ئاستی بەرزی پڕۆفیشناڵیشی بووە بۆ زامنکردنی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە.

## دەسەڵاتگەرایی بیرۆکراتی

هەرچەنــدە دەســەڵاتگەرایی بیرۆکراتــی هاوواتــا نیــیە لەگەڵ دیکتاتۆرییەتی سەربازی، گیولیرمۆ ئۆدۆنیڵ شیکردنەوەیەکی گشتگیر و وردی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییە بیرۆکراتییەکان دەخاتە ڕوو و تێیدا دەسەڵاتگەرایی بیرۆکراتی وەک جۆرێکی نوێ لە دەوڵەتی سەربازی پێناسە دەکات، کە وەک نەخۆشییەکی بنجداکوتاوە لە ئەمەریکای لاتــین. لە چەمــکەکەی ئۆدۆنیڵــدا، دەســەڵاتگەرایی بیرۆکراتــی لە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنکراودا دروست دەبێت، کاتێک سوپا و چینی تەکنوکرات هاوپەیمانی دەبەستن بۆ پێکهێنانی دیکتاتۆرییەتێک. کــۆمەڵگەی مــۆدێرنکراو ئەو کۆمەڵگەیانەن کە جەماوەرەکانیــان شارســتانین و لە ڕووی سیاسییەوە چالاکن و تەکنۆکراتەکانیــان بەهێزن و لە ڕووی سیاسییشەوە نەگۆڕن. کاتێک کۆمەڵگەکان بە پرۆسەی مۆدێرنکردندا دەڕۆن، بە دڵنیاییەوە بارودۆخێکی ئابووریی هەژاریی لێ دەکەوێتەوە، وەک هەڵاوسانی ئاستبەرز و کورتهێنان لە ئــاڵوگۆڕکردنی دراوەکەی بە دراوی بێگــانە. ئەو بــارە نــاهەموارەی ئــابووری لەگەڵ فشاری جەمــاوەر یەک دەگرێت بــۆ دۆزینــەوەی چارەسەرێک، ئەویش دروستکردنی ڕژێمێکی دەسەڵاتگەراییە وەک هۆیەک بۆ ئەوەی وڵاتەکە بتوانێت سیاسەتێکی ناپەسەند لە ڕوانگەی سیاســیی جەمــاوەرەوە جێبەجــێ بکــات، کە پێویــست بێــت بــۆ ســەقامگیرکردنی ئــابووری. بە ڕای ئۆدۆنیــڵ، دەســەڵاتگەرایی بیرۆکراتی بەشێکە لەو پرۆسەیەی کە تێیدا دەوڵەتە مۆدێرنکراوەکان لە قۆنــاغە "بێگرفتەکــانی" پیــشەسازییەوە دەگــوازرێنەوە بــۆ ئــابوورییەکی پیــشەسازیی ســەرمایەزۆرتر. دەوڵەتێکــی خــاوەن سوپایەکی بەهێز دەتوانێت جەماوەر تەواو سەرکوت بکات بۆ ئەوەی وڵاتەکە لە گەشەکردندا بەرەوپێش ببات. لە ئەنجامدا، دەستتێوەردان بــۆ ســوپا شــتێکی خــوازراو دەبێــت، کە بە هــۆیەوە دەتوانێــت هەڕەشەکانی سەر گەشەکردنی ئابووری و پێشکەوتن بڕەوێنێتەوە.

## بنچینەکانی دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی

دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی لەژێر هەلومەرجی جۆربەجۆردا سەر هەڵدەدن؛ بە گوتەی **هەنتینگتۆن**، دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان کاتێک دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەی هەیە لاواز دەبێت بە هۆی ڕوودانی جەنگی ئازادی یان شۆڕش یان لە ماوەی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە داگیرکەر، سەر هەڵدەدەن. هەندێک لەو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییانە لە ڕێی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی دروست دەبن، لە کاتێکدا دیکتاتۆرییەتی تاکحزبیی تر لە سیستەمە دیموکراتییەکان پەیدا دەبن لە ڕێی (هەندێک جار بە نهێنی) دەستکاریکردنی ژیرانەی هەڵبژاردن. ئەو دەستکاریکردنە دەکرێت بە شێوەی فێڵکردن بێت لە هەڵبژاردندا، بە ژیرانە ڕێکخستنی هەڵبژاردن و کڕینی دەنگی هاووڵاتییان یان چوونەناوئۆپۆزسیۆن. ئەو هاندەرەی لەپشت بڕیاری حزبەکەوەیە بۆ دەستبەسەرداگرتنی پرۆسەی سیاسی لەسەر حسابی حزبە سیاسییەکانی تر، دەشێت نەتەوەیی یان ئایدیۆلۆجی بێت یان بە سادەیی لە بەرژەوەندیی ئەندامانی حزبەکە بێت.

دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت کە هاوپەیمانیی حزبێکی سیاسی لەگەڵ سەرکردایەتیی ڕژێمەکە نابێتە هۆی پێکهێنانی فەرمانڕەوایی تاکحزبی. ئاساییە بۆ دیکتاتۆرەکان کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، حزبی سیاسی دروست بکەن، ئەگەر خۆیان سەر بە حزبێک نەبن. حزبی سیاسی مانەوەی دیکتاتۆرەکان بەهێز دەکەن، چونکە ئەو حزبانە هەندێک هۆ بۆ دیکتاتۆرەکان دەڕەخسێنن بۆ کۆکردنەوەی هەواداران لە دەوری دیکتاتۆر و دابەشکردن پۆستی حکومی بەسەر ئەوانەی ئەوپەڕی دڵسۆزن بۆی. لە زۆر لە دیکتاتۆرییەتەکان،

حزبەکان تەنیا دەبنە ئامڕاز بە دەست دیکتاتۆرەوە. لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان، ئەو حزبانە دەبنە دامەزراوە و دەچنە ناو هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە و کاریش دەکەنە سەر سیاسەتی دیکتاتۆرییەتەکە.

## دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیا

*ئەورووپای ڕۆژهەڵات* و *ئاسیا* (بەتایبەتی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا) بۆ چەندین ساڵ ئەزموونیان لەگەڵ فەرمانڕەوایی تاکحزبی هەبووە. هەرچەندە هەندێک لە توێژەران وای دەردەخەن کە دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی لە هەندێک بەشی *ئاسیا* باو بووە بە هۆی بەهاکانی دانیشتوانی *ئاسیا*، کە جەخت لەسەر کۆدەنگی و ڕاوێژکردن دەکەنەوە. ئەو دەرخستنە هۆی ئەوە پیشان نادات کە ئەو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییانە دەسەڵاتیان بەسەر بەشێکی زۆری *ئەورووپای ڕۆژهەڵات*دا هەبووە. لەبری بەهاکان، کۆمەڵێک لە هەلومەرجەکان کۆبوونەوەی دیکتاتۆرییەتەکان لەو دوو ناوچەیە ڕوون دەکەنەوە، دیارترینیان ئەو هۆکارانەن پەیوەندییان بە جەنگی *سارد*ەوەیە، چونکە هەردوو ناوچەکە لەو سەردەمەدا گرنگیی ستراتیجییان بۆ هێزە جیهانییەکان هەبووە. لە سەرەتادا، هۆیەکانی بڵاوبوونەوەی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* ڕوون دەکەینەوە، پێش ئەوەی بچینە سەر *ئاسیا*.

لە *ئەورووپای ڕۆژهەڵات*، دەوڵەتە تاکحزبییەکان بە یارمەتیی یەکێتیی *سۆڤێت* (هەندێک جار بە زەبری هێز) دروست بوون. دوای ئەو وێرانکارییەی یەکێتی *سۆڤێت* لە *دووەم جەنگی جیهانی* بەسەریدا هات، هەوڵی دروستکردنی

چەند دەوڵەتێکی نزیکی خۆی دا کە وەک بەربەست بن بۆی و لە داهاتوو بیپارێزن لە داگیرکردنێکی تری *ئەڵمانیا* یان دزەکردنی *ڕۆژئاوا*. دەبوو ئەو دەوڵەتە پاشکۆیانە سیستەمی سیاسیی کۆمۆنیستی و ئابووریی ئاڕاستەکراو پەیڕەو بکەن، هەموو ئەوانەش ئەوەی دەخواست کە پێکهاتە سیاسییەکانیان دەوڵەتی تاکحزبی بن. حزبە کۆمۆنیستەکە بۆ زامنکردنی هێز، هاوپەیمانیی لەگەڵ حزبەکانی تر و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەبەست کە لە کۆتاییدا ئەو حزب و ڕێکخراوانە دەبوونە دەستکەلا بۆی. وەک **ئیڤان بیریند** دەنووسێت، وڵاتانی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* بە شێوەیەکی بنچینەیی ناچار کرابوون کە مۆدێلی سیستەمی حوکمڕانیی *سۆڤێت* کۆپی بکەن، پلانی سیستەمەکە درابوو بەو وڵاتانە، ئەوانیش وردەکارییەکانی پلانەکەیان لە کتێبەکانی فێربوونی کۆمۆنیستی دەگواستەوە.

بۆ بەردەوامبوونی ئەم ڕژێمانە، یەکێتیی *سۆڤێت* بە بەخشندەیی کۆمەکی بۆ دابین دەکردن، بەتایبەتی بۆ *چیکۆسلۆڤاکیا* و *ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات*. لادان لە سیستەمی سۆڤێتی لە لایەن دەوڵەتانی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات*ەوە زۆریان لەسەر دەکەوت. یەکێتیی *سۆڤێت* هیچ لێخۆشبوونێکی سیاسیی پیشان نەدا و لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٩٥٦دا *هەنگاریای* داگیرکرد و لە ساڵی ١٩٦٨دا *چیکۆسلۆڤاکیای* داگیر کرد. لە بنچینەدا، دەسەڵاتی سەربازیی *سۆڤێت* دەوڵەتانی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات*ی دروست کرد و ئەو دەوڵەتانە لە ئەنجامی شۆڕشکردنەوە دروست نەبوون، بەڵکو لە ئەنجامی ڕزگارکردن و داگیرکردنەوە لە لایەن *سوپای سۆڤێت*ەوە دروست بوون. **برووکەر** دەنووسێت ڕژێمە کۆمۆنیستەکانی *مەنگۆلیا*، *پۆڵەندا*، *ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات*، *هەنگاریا*، *بولگاریا*،

*ڕۆمانیا* و *کۆریای باکوور*، ئەوانە هەموویان بەتایبەتی لە لایەن *سۆڤێت*ەوە بە هێز دامەزرابوون.

هەر تەنیا *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* لە ماوەی جەنگی *سارد*دا بۆ زلهێزەکان گرنگ نەبووە. هەروەها *ئاسیا* گرنگیی ستراتیجیی بۆ *ویلایەتە یەکگرتووەکان* و یەکێتیی *سۆڤێت* هەبوو؛ لە *ئاسیا*، حزبە کۆمۆنیستەکان لە *چین* و *ڤێتنام* و *کۆریای باکوور* و بۆ ماوەیەکی کورتیش لە *کەمبۆدیا* دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە. هەروەها دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانیش لە *تایوان* و *مالیزیا* و *سەنگاپوور* سەریان هەڵداوە. ئەو حزبانەی کۆنترۆڵی ئەو دیکتاتۆرییەتانەیان کردووە کۆمۆنیست نەبوون. *ڕێکخراوی نیشتمانیی یەکگرتووی مالاییەکانی مالیزیا* (*UMNO*)، لە ماوەی فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالی و داگیرکردنی بێگانە و شەڕی یاخیبوون دەسەڵاتی گرتە دەست. *حزبی کیۆمینتانگی/نەتەوەپەرستی تایوان* (*KMT*)، کاتێک کۆمۆنیستەکان لە وڵاتەکە ڕایان کرد، دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و *حزبی کاری گەلی سەنگاپوور* (*PAP*) دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی لە *مالیزیا* هاتە سەر دەسەڵات. بڵاوبوونەوەی سیستەمی حزبی باڵادەست لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی *ئاسیا* و شوێنانی تر، لە چەند لایەنێکەوە ئەنجامی جەنگی *سارد* بوو، کە پەیوەندیی بە لایەنە جیۆپۆلیتیکییەکانەوە هەبوو. بە گوتەی *ڕیچارد ستەبس*، شلۆقی بارودۆخی جیۆپۆلیتیکی لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی *ئاسیا* کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دەوڵەتە دامەزراوەیی و ئابوورییەکانی ناوچەکە هەبوو. دامەزراندنی سیستەمی حزبی باڵادەست ڕێگەیەک بوو کە بە هۆیەوە ئەو

دەوڵەتانە توانییان سەقامگیری دابین بکەن لەناو ئەو بارودۆخە شڵەژاوییەی کە ئەوان بەشێک بوون لێی.

وەک لە *ئەمەریکای لاتین* *ویلایەتە یەکگرتووەکان* ڕۆڵیان هەبوو لە جۆری ئەو دیکتاتۆرییەتانەی پەیدا بوون، *ویلایەتە یەکگرتووەکان* بە پەرۆش بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتی بەهێزی وا کە لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوەندە سەرکەوتوو بن بتوانن خۆیان لە کۆمۆنیزم بپارێزن. لە ماوەی جەنگی *سارددا*، چەندین سیاسەتمەداری *ویلایەتە یەکگرتووەکان* بڕوایان وا بوو کە پەرەسەندنی سەرمایەداری و دژایەتیی کۆمۆنیزم و ئاسایش دەکرێت بە باشی پێکەوە بگونجێن. بڕێکی زۆری کۆمەکی *ویلایەتە یەکگرتووەکان* و سەرکەوتن لە جەنگەکانی *کۆریا* و *ڤێتنام* و کرانەوەی بازاڕەکانی *ویلایەتە یەکگرتووەکان* بە ڕووی هەناردەکانی وڵاتانی ئاسیایی، بوو بە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی بەهێز. توانای ئەو حکومەتانە زیادی کرد بە هۆی پێویستبوونی بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی دارایی و هێزی مرۆیی و سەرچاوەکانی تر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە سەربازییەکانی کۆمۆنیستە دراوسێکانی و یاخیبووەکانی. بۆ نموونە، لە *تایوان* *ویلایەتە یەکگرتووەکان* ئەوەی دەکرا کردی بۆ بەهێزکردنی ئابووریی *تایوان* بۆ ڕووبەڕووبەنەوەی هەڕەشەی چین. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩ و ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٦٠دا، ویلایەتە یەکگرتووەکان سەدوحەوت ملیار دۆلاری وەک کۆمەکی ئابووری دا بە *تایوان*. *سەنگاپوور* سوودی لە نزیکی لە *ڤێتنام* و *ئەندۆنیسیا* وەرگرت. وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی *ویلایەتە یەکگرتووەکان* و هاتنی بڕێکی زۆری دۆلاری ئەمەریکی، توانای دەوڵەتی

*سەنگاپووری* زیاد کرد و وای لە داهاتی حکومەتی حزبی *کاری گەلی سەنگاپوور* کرد کە زۆر بەهێز بێت.

بەگشتی، ئاستی دامەزراوەییبوون لە دەوڵەتانی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* و ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی *ئاسیا* بە بەراورد بە دەوڵەتانی *ئەفریقیا* و *ئەمەریکای لاتین* و *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، بەرزتر بوو. حکومەتی بەهێز و ئابووریی بەهێز تا ڕادەیەکی زۆر وا تەماشا دەکران کە پێویست بن بۆ بەرهەڵستیکردن لە بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم و سەرمایەداری لە ماوەی جەنگی *سارد*دا. وێڕای ئەوە، لە دەوڵەتە تاکحزبییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی *ئاسیا* و *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* جیاوازییەکی گەورە لە نێوان هەژار و دەوڵەمەنددا نەبوو. سەرەڕای ئەوە، نەبوونی دەستەبژێری دەوڵەمەند و بەهێزی خاوەن زەویوزار، نەیهێشت حوکمڕانیی سەربازی لە دەوڵەتانە دروست بێت بۆ ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی ئەو دەستەبژێرانە بکات لە دژی هەژاران.

**سیستەمەکانی حزبی بەهەژموون**
سیستەمەکانی حزبی بەهەژموون بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەشێکن لە سیستەمی دیکتاتۆرە تاکحزبییەکان. ماگالۆنی لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی لەسەر بنچینەکانی سیستەمەکانی حزبە بەهەژموونەکان و ئەو ستراتیجییانەی بەکاری دەهێنن، دەخاتە ڕوو. دیکتاتۆرییەتەکانی حزبە بەهەژموونەکان، ئەوانەن کە یەک حزبی سیاسی لەژێر هەلومەرجێکی نیمچەدەسەلاتگەراییدا بە بەردەوامی لە دەسەلاتدا دەمێنێتەوە، لە هەمان کاتدا هەڵبژاردنی ڕێکوپێک کە چەند حزب بەشداریی تێدا بکەن ئەنجام دەدەن. سیستەمی حزبی بەهەژموون دروست دەبێت کاتێک حزبێک بتوانێت درێژە بە زۆرینەیەکی ئەوپەڕی زۆر لە ناو پەرلەمان هەبێت. بە زۆرینەیەکی لەو جۆرە، حزبەکە دەتوانێت دەستوور وا بگۆڕێت کە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بێت و زاڵبوونی خۆیشی بەسەر یاساکانی هەڵبژاردندا درێژە پێ بدات. بۆ ئەوەی سیستەمی حزبی بەهەژموون دروست بکات، دەبێت حزبەکە بتوانێت دەستی بگاتە سەرچاوە گرنگەکانی دەوڵەت، بە شێوەیەک کە بتوانێت پاداشتی مادی و پۆستە حکومییەکان بەسەر پشتیوانانی دابەش بکات.

**هەنتینگتۆن** ئاماژە بۆ سێ ڕوونکرنەوە دەکات کە بۆچی ئەو جۆرە دیکتاتۆرییەتانە دروست دەبن: یەکەم، سیستەمی حزبی ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی چینی کۆمەڵگەیە و لە کۆمەڵگەیەکدا کە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان چینە کۆمەڵایەتی و چینە ئابوورییەکاندا نەبێت، هیچ بنچینەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ دروستبوونی زیاتر لە حزبێک بوونی نابێت. دووەم، پاساوی بوونی یەک حزب لە پێویستیی بوونی هێزێک خۆی دەبینێتەوە کە بەرامبەر خواستەکانی دابەشبوون لە

کۆمەڵگەیەکی فرەڕەگەزیدا بوەستێتەوە. دواخاڵ، **هەنتیگتۆن** دەنووسێت کە لە ڕاستیدا سیستەمی تاکحزبی، بەرهەمی هەوڵەکانی دەستەبژێرێکی سیاسییە بۆ ڕێکخستن و شەرعییەتدان بە فەرمانڕەواییەکەی لە لایەن هێزێکی کۆمەڵایەتی کە دژی هێزێکی تری کۆمەڵایەتی بێت لە کۆمەڵگەیەک کە لە دوو بەش پێک هاتبێت، ئەو دوو بەشییە دەشێت لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا بێت یان لە نێوان گرووپە ڕەگەزی و ئایینی یان ئیتنییەکاندا بێت.

## بنچینەکانی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی

هەروەک لە پێشدا باس کرا، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات سەر هەڵدەدەن، کە تێیدا پلانگێڕەکان بە تۆکمەیی ڕێک نەخرابن و ئەمەش وا لە سەرکردەکەیان دەکات دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا زیاد بکات. دەکرێت دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی بە سیناریۆی تر دروست ببێت، وەک ئەوەی سەرکردەیەکی بە شێوەیەکی دیموکراتییانە هەڵبژێردراو گۆڕانکاری لە دەستووردا بە شێوەیەک بکات کە بۆ هەتاهەتایی خۆی لە دەسەڵاتدا بهێڵێتەوە. ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە دەشێت ڕوو بدەن، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر ئەوەی سەرکردەکە ڕووبەڕووی توندیی گرووپێکی ڕێکخراوی تۆکمە نابێتەوە کە بتوانێت دژی سەرکردەکە بوەستێتەوە.

لە بنچینەدا، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ئەگەری دروستبوونیان لەو کۆمەڵگەیانەیە کە زیاتر لە ڕووی دامەزراوەییەوە لاوازن. ئەو جۆرە کۆمەڵگە گەشەنەکردوانە بە زۆری تایبەتمەندیی ئەو دەوڵەتانە بووە کە کاریگەریی نەرێنیی کۆلۆنیالیزم و کاریگەریی ئەوپەڕی هەژارییان لەسەر بووە.

**دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی لە باشووری بیابانی ئەفریقا**

ژینگەیەکی دامەزراوەیی لاواز بەشداری دەکات لە دروستبوونی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی، ئەم ژینگەیەش لە زۆربەی وڵاتانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* نموونەییە و یارمەتیی ڕوونکردنەوەی ئەوە دەدات کە بۆچی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لەوێ ئەوەندە بڵاون. لە ڕاستیدا، لە *دووەم جەنگی جیهانی*یەوە، نزیکەی هەموو وڵاتانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* لە سەردەمێکدا بە قۆناغی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویدا تێپەڕیون. هەروەک **مایکڵ براتۆن** و **نیکۆلاس ڤان دی واڵ** ئاماژەی پێ دەدەن، "پیاوە گەورەکە و دەستوپێوەندەکانی سیاسەتی *ئەفریقا* دیاری دەکەن، لە بەرزترین ئاستی کۆشکی کۆمارییەوە تا سادەترین ئەنجوومەنی گوند". لە چەندین وڵاتی *باشووری بیابانی ئەفریقا*، ئەو دامەزراوە سیاسییانەی هەن میراتی نوێن و تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی فەرمانڕەوا/دەستوپێوەند بوون.

تاکڕەوی لە چەندین دیکتاتۆرییەتەکانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* هەبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی حزبە سیاسییەکان و سوپا لەوێ لاواز بوون. حزبە سیاسییەکان و سوپا لەو ناوچەیە بە زۆری بە لاوازی ڕێک خرابوون، ئەمەش وای لێ کردبوون بکەونە ژێر کۆنترۆڵی تاکەکەسێکەوە.

بەشێک لە هۆی لاوازیی سوپا لە چەندین وڵاتانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* ئەوەیە دەگمەنیی شەڕی نێوان وڵاتەکان (بە پێچەوانەی شەڕی ناوخۆ) وای کرد پێویست بەوە نەکات سوپا پرۆفیشناڵ و بەهێز بکرێت. هێزە چەکدارەکان بە زۆری لە باشترین حاڵەتدا هێزەکەیان مامناوەندی بوو و بایەخیان بۆ شەڕکردن پێ نەدرابوو. بە

زۆری هێزە بیانییەکان سوپای خۆیان بەکار دەهێنا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە، ئەمەش وای کردبوو کە سەرکردەکانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* بیانووی کەمیان بە دەستەوە بێت بۆ پەرەپێدانی سوپای بەهێز. بۆ نموونە، لەژێر سایەی *پەیمانی یارمەتیدانی دووقۆڵی*، سەربازانی *فەڕەنسا* ڕێگەیان پێ درابوو کە دەست بخەنە ناو کاروبارە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتانەی بە فەڕمی لە ژێردەستیاندا بوون، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ناڕەزایی ناوخۆیی نەبێتە هۆی ناسەقامگیری.

سوپا لە *باشووری بیابانی ئەفریقا* جارێکی تر لاواز کرابوو بە هۆی بەردەوام ڕاسپاردنی بە ئەرکی سیاسی بۆ شکستپێهێنانی کودەتاکان و بەزۆرخانەنیشیکردنی ئەفسەرە خاوەن ئەزموونەکانی و جێگۆڕکێکردنی خێرا بە ئەفسەرەکان، ئەوانە هەموو شتێکی وایان نەکرد شایەنی باسکردن بێت بۆ هاندانی دیسپلین و کارکردن بە گیانی تیم لە سوپادا. وەک **سامیۆڵ دیکالۆ** دەنووسێت، سوپاکانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* ئاستێکی نزمی یەکگرتوویی ڕێکخراوەییان هەیە، هەر بەسیاسەتکردنێکیان بە خێرایی دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوونیان و لاوازبوونی پرۆفیشناڵێتیی سەربازییان. هەرچەندە چەندین دیکتاتۆری *باشووری بیابانی ئەفریقا* پێشووتر لە سوپادا بوون، بەڵام سوپا وەک دامەزراوەیەک بە زۆری ئەوەندە لاواز بووە نەیتوانیوە بە سەختی بەرەنگاری حوکمڕانیی ئەو دیکتاتۆرانە ببێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردەی ڕژێمەکە جلی سەربازی لە بەر دەکات، بەڵام ئەو سیناریۆیانە لە ڕاستیدا تەنیا حاڵەتی حوکمڕانیی تاکڕەوین.

وێڕای لاوازیی سوپا، حزبە سیاسییەکانیش لە *باشووری بیابانی ئەفریقا* تا ڕادەیەک لاوازن. چەندین لەو حزبە سیاسییانەی لە ناوچەکە دروست بوون، وەک بەشێک لە بزووتنەوە سەربەخۆییەکان بەدی هاتوون. ئەو حزبانە بە زۆری بێجگە لە داوای سەربەخۆیی ئامانجی تری دوای سەربەخۆییان نەبووە و هەر کە سەربەخۆیی بەدەست هاتووە، بەهێز نەماون.

هەروەها چەندین حزب دوای مردنی سەرکردەکەیان نەماون لە ڕاستیدا، بە زۆری سەرکردەی حزبەکە هۆی یەکگرتوویی حزبەکە بووە لە *باشووری بیابانی ئەفریقا*. زۆر لە حزبە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا ڕێکخراوێکی نیشتمانییان نەبووە، بەستراونەتەوە بە ناوچەی ئەو ئەندامانەی حزبەکەیان دروست کردووە. زۆر لەو حزبانە بە شێوەیەکی سەرەکی وەک ئامڕازێک سەرکردەکانیان بۆ بەهێزبوونی خۆیان بەکاریان هێناون. پێکهاتەی حزبەکە بە زۆری بۆ زیاتربوونی بەرژەوەندیی سەرکردەکە گۆڕاوە و پشتگیریی لە حزبەکە لەسەر بنچینەی کاریزمای سەرۆکەکەی و توانای دابەشکردنی کۆمەک بەسەر ئەندامانیدا، دامەزراوە. لەبەر ئەوە کاتێک سەرۆکەکە دەمرێت، حزبەکەش نامێنیت.

هەروەها ئەنجامە نەرێنییەکانی کۆلۆنیالیزم ڕۆڵی هەبوو لە دەرکەوتنی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی لە *باشووری بیابانی ئەفریقا*. دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بە زۆری لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست، سەرکردەکانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* لە سەرکردە کۆلۆنیالەکانی پێش خۆیان کۆمەڵگەی ئێجگار فرەیی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی لاواز و زۆر بێتوانایان بۆ مابووەوە. ئەو هەلومەرجانە وایان کردبوو کە بۆ

پیاوێکی بەهێز ئاسان بێت بە بڕیار حوکمڕانی بکات و ئەگەر زانی گونجاون ڕای بگەیەنێت کە بووەتە سەرۆکی هەتاهەتایی. ئەو دامەزراوانەی هەبوون، تەنیا هەر بە ناو هەبوون و زۆر کەم چاودێریی دەسەڵاتی سەرۆکیان دەکرد.

مێژووی کۆلۆنیالیی چەندین وڵاتی *باشووری بیابانی ئەفریقا*، ئەو وڵاتانەی وا لێ کردبوو زۆر لاواز بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی پێداویستییەکانی دوای سەربەخۆییان. نەمانی سیستەمی بەڕێوەبردنی پێشوو و هەنگاوە خێراکانی کۆچکردنی گوندنشینان بۆ شارەکان، ئەوانە فشاریان خستە سەر حکومەتەکان پێش ئەوەی ئامادە بن خواستەکانی کۆمەڵگە جێبەجێ بکەن. ئەو کاتانەی ئەو وڵاتانە سەربەخۆییان بەدەست هێنا، دامەزراوەکانیان لاواز بوون و ئەو دامەزراوە کۆلۆنیالییانەی مابوونەوە گونجاو نەبوون بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوان. لەبەر ئەو شەرعییەتە لاوازەی دەوڵەت بۆ سەرکردەکانی دوای سەربەخۆیی مابووەوە، کێبڕکێی سیاسی بوو بە هۆی ناسەقامگیرییەکی زۆر. لە ئەنجامدا، ئەگەری ئەوە زۆر بوو کە دەستەبژێرەکان لە وڵاتانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* پەنا بۆ حوکمڕانیی تاکڕەوی و دەسەڵاتگەرایی ببەن.

ئەو ستراتیجانەی حکومەتە کۆلۆنیالییەکان بەکاریان هێنا بۆ بەدیهاتن و وروژاندنی جیاوازیی ڕەگەزی لە ناو دانیشتوانی وڵاتانی *باشووری بیابانی ئەفریقا*، کاریگەرییەکی درێژخایەنی هەبوو لەسەر ناوچەکە و بوو بە هۆی زیاترجەختکردنەوە لەسەر ڕەگەز وەک ڕەهەندێکی سیاسی. دوای سەربەخۆیی، سەرکردەکانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* بە زۆری لاسایی هەمان ستراتیجیان کردەوە و پشتگیریی

گرووپێکی ڕەگەزییان دژی یەکێکی تر دەکرد و ڕەگەزپەرستییان وەک هۆیەک بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتیان بەکار دەهێنا.

ئەزمونی کۆلۆنیالی ئەوپەڕی توندوتیژ بوو، ئەمەش سەرکردەکانی داهاتووی *باشووری بیابانی ئەفریقای* فێری ئەو ئەزموونە کرد. وەک **ڕۆبەرت فاتۆنی کوڕ** دەنووسێت، "دەوڵەتی کۆلۆنیالی تەنیا هەر لەناو توندوتیژی لەدایک نەبوو، بەڵکو مانەوەشی هەر لە ڕێی بەکارهێنانی سەربەستانەی توندوتیژییەوە بوو". ئەوەی دوای سەربەخۆیی دەرکەوت شێوە جیاوازەکانی حوکمڕانیی تاکەکەسی بوو، کە سەرکەوتنی پلەجیاوازی بە هۆی زۆرەملێی پلەجیاوازەوە بەدەست هێنا. لە بنچینەدا، کاریگەریی تاکەکەسیی فەرمانڕەوا لەسەر فەرمانڕەواییکردن لە *باشووری بیابانی ئەفریقا* زیاتر بووە لە کاریگەریی دامەزراوە سیاسییە چالاکەکان و سەروەریی یاسا.

هەروەها هۆکارە نێودەوڵەتییەکان بەشدارییان لە بڵاوبوونەوەی حوکمڕانیی تاکەکەسی لە *باشووری بیابانی ئەفریقا*دا کرد. لە سەردەمی جەنگی *سارددا*، دەوڵەتانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* بە زۆری وەک داشی دامە بوون بە دەست هێزە جیهانییەکان، وەک مەیدانیکی شەڕ بوون بۆ ئەوەی نوێنەرەکانی ئەو هێزانە شەڕی تێدا بکەن. زۆر جار پەرەپێدانی دیموکراسی لە دوای بایەخە جیۆسیاسییەکانەوە دەهات. ئەو دەوڵەتانەی *باشووری بیابانی ئەفریقا* کە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ هێزە جیهانییەکان بەستبوو و پشتگیرییان دەکردن، بە زۆری لەبری ئەو هاوپەیمانی و پشتگیرییە پاداشتی خێرا و گەورەیان دەدرایە، بێ گویدانە

تۆمارەکانی مافی مرۆڤ و یاسا لەو دەوڵەتانەدا. بۆ چەندین ساڵ، *فەرەنسا* نیوەی بودجەی *کۆماری ئەفریقای ناوەندی* دەدایە ئیمپراتۆری ئەو وڵاتە، **جان بیدڵ بۆکاسا**، ئەو پارەیەش ڕاستەوخۆ دەڕۆیشتە گیرفانی **بۆکاسا** و دەستوپێوەندەکانی. ئەو سیاسەتانە وایان کرد چەندین لە سەرۆکەکانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* لە دەسەڵاتدا بمێننەوە.

فشارخستنەسەر ئەو دەوڵەتانە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە ڕووی نەدا تا کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠، کە کۆتایی جەنگی *سارد* بوو. گۆڕانی تێڕوانینی جیۆسیاسی وای لە بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتە ڕۆژئاواییە دەوڵەمەندەکان کرد مەرجەکانیان بۆ پێدانی کۆمەک بەو دەوڵەتانە بگۆڕن بۆ مەرجی ئەنجامدانی چاکسازیی دیموکراتی و حوکمڕانیکردنی باش.

بۆ نموونە، **جۆزیف مۆبوتۆی** *زائیر* (ئێستا بووەتە *کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ*) بۆ چەندین دەیە *ویلایەتە یەکگرتووەکان* پشتگیریی لێ کرد، چونکە **مۆبوتۆ** لە سەردەمی جەنگی *سارددا* وا دادەنا کە دژی کۆمۆنیستییە. هەرچەندە فشار خرایە سەر **مۆبوتۆ** بۆ بەدیموکراتیکردن، کەچی یاریی بە *ڕۆژئاوا* دەکرد و بە وڵاتە بەخشەرەکانی ڕادەگەیاند کە وڵاتەکەی بەرەو چاکسازی هەنگاو دەنێت. لە ڕاستیدا، کارە ناوخۆییەکانی **مۆبوتۆ** پرۆسەی دیموکراتییان لەو وڵاتە کردبوو بە مایەی گاڵتەجاری. بێگومان ئەوەش ڕووی نەدا تا *ویلایەتە یەکگرتووەکان* دوای جەنگی *سارد* لە ساڵی ١٩٩٢ کۆمەکەکانی بۆ **مۆبوتۆ** ڕاگرت و لە ئەنجامدا دەسەڵاتی **مۆبوتۆ** لاواز بوو.

## سوڵتانیزم

سیستەمە سوڵتانییەکان لە چەندین ڕووەوە ئەو تایبەتمەندییانە هەڵدەگرن کە بۆ دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویمان داناوە و بە دوورودرێژی لە لایەن **خوان لینز** و **ئێچ ئی چیهابی** لێیان کۆڵراوەتەوە. ڕژێمە سوڵتانییەکان ئەو ڕژێمانەن کە تیایاندا "فەرمانڕەوا بەبێ هیچ کۆسپێک هەموو دەسەڵاتی خۆی پیادە دەکات و بە ئازادی و بە بازدان بەسەر ڕێگریی یاسایی یان پەیوەستبوون بە هیچ ئایدیۆلۆجیا یان بەهای سیستەمەکە". بە گوتەی **لینز** و **چیهابی**، ئەگەری سەرهەڵدانی سوڵتانیزم زیاترە لەو شوێنانەی کە دانیشتوانەکەی مەیلەو لێکدابڕاون (بۆ نموونە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان) و سیستەمی پەروەردە و فێرکردن تیایاندا کەمتر گەشەی کردووە و ئاستی هەژارییش تیایاندا بەرزە.

ئەو جۆرە هەلومەرجانە بە زۆری پێکهاتە کۆمەڵایەتییە-سیاسییە باوکانە و پاشکۆیانە لەگەڵ خۆی دەهێنێت، کە بە دەوری خۆی دامەزراوەی لاوازی لێ دەکەوێتەوە. نەبوونی دامەزراوەی باشدروستکراو دەبنە هۆی زاڵبوونی پەیوەندییە پاشکۆییەکان بەسەر سیاسەت و پەیوەندییە کەسییەکاندا و پەیوەندییەکان دەبنە ئامرازی سەرەکی بۆ کاریگەریدانان لەسەر سیاسەت.

## بنچینەکانی ڕژێمە پادشاییەکان

ڕژێمە پادشاییەکان لەوەدا لە شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەت جیاوازن، کە فەرمانڕەوایی وەچەیی دامەزراوەییان هەیە و بە زۆری ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ میراتی مێژوویی بنەچەی خێزانییان. گرووپی سەرکردایەتی لە خێزانی پادشایی

پێک دێت نەک لە سوپا یان دامەزراوەی حزبی. هەرچەندە بنچینەی ڕژێمە پادشاییەکان لە چەند ڕوویەکەوە کەمتر ڕوونە لەچاو بنچینەی شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان، دەبێت پادشایەکان بتوانن هاووڵاتییان بە شەرعییەتی فەرمانڕەوایی بنەچەی خێزانییان قایل بکەن لەپێناو پاساوهێنانەوە بۆ فەرمانڕەواییەکەیان. توانای پاشاکان بۆ ئەو قایلکردنە بە زۆری پەیوەندیی بە هۆکارە مێژووییەکانەوە هەیە، وەک باڵادەستیی پێشووی خێزانی پادشا بەسەر کاروباری سیاسیی دەوڵەتدا.

## ڕژێمی پادشایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕژێمە پادشاییەکان نەخشەی سیاسیی زۆری *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*یان پڕ کردووەتەوە، کە *بەحرەین*، کوێت، *قەتەر*، *عەرەبستانی سعوودی* و *ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو* دەگرێتەوە. خێزانە پادشاییەکان لەو ڕژێمە پادشاییانەدا بۆ ماوەی دوورودرێژ دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە، لە هەندێک حاڵەتدا بۆ چەند سەدەیەک بووە. ئەو ڕژێمە پادشاییانە بە زۆری بە ڕژێمی پادشایی ڕەها ئاماژەیان پێ دەکرێت، کە پادشا دەسەڵاتیکی ڕەهای هەبووە نەک دەسەڵاتێکی هەر بە ناو و تەشریفاتی.

هەرچەندە زۆربەی ناوچەکە لە قۆناغێکدا لە لایەن گرووپە بنەچەییەکانەوە فەرمانڕەوایی کراوە و ئەو گرووپانە کۆنترۆڵی ڕەهایان بەسەر هەموو دەوڵەتەکەدا نەبووە. ڕاستتر، ئەو خێزانە دەسەڵاتدارانە فەرمانڕەوایی ناوچەی تایبەتی خۆیان کردووە و دەسەڵاتیش پەرشوبڵاو بووە. دروستبوونی پادشایی ڕەها وا بینراوە کە ڕێگەیەکی گرنگ بووە بۆ

دامەزراندنی دەوڵەت. وەک **مایکڵ هێرب** دەنووسێت، ڕژێمە پادشاییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان قبووڵکراون، چونکە پەیوەندییەک هەبووە لە نێوان ڕژێمی پادشایی وەک جۆری ڕژێم و دامەزراندنی دەوڵەت.

سەرەڕای ئەوە، چەندین وڵات لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*دا بە قۆناغی نوێبوونەوەدا دەڕۆیشتن، ئەمەش وای کردبوو ئەو وڵاتانە پێویستیان بە کەسێکی بەهێز بێت بۆ حوکمڕانییان، یەکێکی نموونەیی وا پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەبێت. بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەکخستنی نوێبوونەوە، حکومەتە پادشاییەکان هەندێک هۆیان دابین کرد بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری ڕابردووی وڵاتەکە و بەستنەوەی بە شەرعییەتی کۆنباو.

هەروەها نوێبوونەوەی ئابووری، *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی* کردەوە لە بەردەم هاتنەناوەوەی ئیمپریالی. وەک **لیزا ئەندەرسۆن** دەنووسێت، باڵادەستیی ڕژێمە پادشاییەکان لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*دا لە چەند لایەنێکەوە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئیمپریالیی ئەورووپایی بوو. لە ڕاستیدا، هەرچەندە خێزانە پادشاییەکان لە ڕووی مێژووییەوە حوکمڕانیی زۆربەی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*یان کردووە، بەڵام تا داگیرکردنی ئەورووپایی (بە شێوەیەکی سەرەکی *بەریتانیا*) ڕژێمە پادشاییەکان بە شێوەیەکی فەرمیی ڕەها دانەمەزران. دەوڵەتانی ئەورووپایی بە پێویستیان نەدەزانی ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی وڵاتانی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* بکەن، ڕاستتر، ئەو دەوڵەتە ئەورووپاییانە هەوڵیان دەدا فەرمانڕەواییەکی وا دابنێن کە لەگەڵ ئەوان هاوکار بێت و لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان لە *کەنداو* یارمەتییان بدات. دامەزراندنی ڕژێمە

پادشاییەکان لە تەواوی ناوچەکە، هۆیەک بوو بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری لە ناوچەیەکی گرنگ لە ڕووی جوگرافییەوە بۆ هێزە ئەورووپاییەکان (بەتایبەتی *شانشینی یەکگرتوو*)، لە کاتێکدا هەوڵی قۆرخکردنی سامانی ناوچەکەیان دەدا، وەک نەوت.

هەروەها هێزە ئەورووپاییەکان هەوڵیان دا کاریگەرییان لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*دا هەبێت وەک هۆیەک بۆ پووچەڵکردنەوەی هەڕەشە بیانییەکان. بۆ نموونە، *شانشینی یەکگرتوو*، بەتایبەتی نیگەران بوو دەربارەی زیادەڕۆیی *ڕووسیا* لە *ئێران*. بۆ بەهێزکردنی *ئێران*، *بەریتانیا* کودەتایەکی ڕێک خست بۆ ڕووخاندنی ڕژێمە کۆنەکەی *ئێران* کە قاجارییەکان حوکمڕانییان دەکرد، کە حکومەتێکی دەستووریی لاوازیان هەبوو. لە جێی قاجارییەکان، *بەریتانیا* پشتگیریی **ڕەزا خان**ی بەهێزی کرد (لە ساڵی ١٩١٩ کە **ڕەزا خان** دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، *ڕێککەوتنامەی ئەنگلۆ-فارسی*ی واژۆ کرد)، هەرچەندە **ڕەزا خان** هیچ بنەچەیەکی پادشاییانەی نەبوو.

بۆ دەوڵەتانی ئەورووپایی، چەند هۆیەک هەبوون کە بۆچی هاندانی بوونی فەرمانڕەوایی پادشایی لە ناوچەکە شتێکی خوازراو بوو. هەبوونی خێزانی بنەچەپادشایی وا لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* دەکات کە گونجاو بێت بۆ دامەزراندنی ڕژێمی پادشایی ڕەها. هەروەها هێزە ئەورووپاییەکان بڕوایان وا بوو کە تایبەتیمەندییە کولتوورییەکان و نەریتەکانی ناوچەکە هەلی لەبار بۆ حوکمڕانیی پادشایی دەڕەخسێنن (هەرچەندە چەندین لەو نەریتانە لە ڕاستیدا لە ڕۆژئاواوە هێنرابوون). یەکێک لەو نەریتانە دامەزراوەی حوکمڕانیی جێنشینی بوو، کە هێزە ئەورووپاییەکان بۆ *ڕۆژهەڵاتی*

*ناوەڕاست*یان هێنابوو. دانانی یاسای ڕوون بۆ جێنشینی بۆ دەوڵەتە ئەورووپاییەکان گرنگ بوو، چونکە ئەو یاسای جێنشینییانە هۆیەک بوون بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گواستنەوەی دەسەڵات لە نێوان ئەندامانی خێزانی پادشایی ئەنجامی توندوتیژی لێ نەکەوێتەوە و ناوچەکە بەرەو ناسەقامگیری بەرێت.

بژاردەی جێبەجیکردنی ڕژێمێکی پادشایەتی یان کۆماری کاریگەریی هێزی گرووپە ئایینیەکانی لەسەر بوو. لە *ئێران*، کە سیاسەتی عەلمانی-کۆمارییان لە *تورکیا* لەژێر دەسەڵاتی **ئەتاتورک** بینی، کۆمەڵگەی ئایینی (مەلا شیعەکان) کاتێک **ڕەزا خان** دەسەڵاتی گرتە دەست لە ساڵی ١٩٢٥، هەوڵی دامەزراندنی ڕژێمی پادشاییان دا. هەروەها بڕوا وا بوو کە ئێرانییەکان بە بیرۆکەی کۆماری نیگەران دەبن دوای چەندان ساڵی حوکمڕانی لەژێر سایەی بنەماڵەی قاجاری.

بۆ هەندێک خێزانی فەرمانڕەوا لە ناوچەکە، بیرۆکەی پادشایەتی سەرنجڕاکێش بوو، بەتایبەتی دوای زیاتر لە سەدەیەک پەیوەندی لەگەڵ هاوتا ئەورووپاییەکانیان. **شا حسێن بن عەلی** دەیگوت کە لە وەچەی پەیامبەری *ئیسلام* **محەمەد**ە و بنەماڵەکەی وەک نوێنەری سوڵتانی عوسمانی فەرمانڕەوایی *حیجازی* کردووە. **حسێن بن عەلی** لە ساڵی ١٩١٧دا خۆی وەک پادشای *حیجاز* ڕاگەیاند لەوەی کە ئێستا *ئەردەن*ە. **شا فوئادی یەکەم** کە نۆیەم فەرمانڕەوای بنەماڵەی دەسەڵاتداری **محەمەد عەلی** بوو، لە ساڵی ١٩٢٢دا خۆی وەک پادشای *میسر* و *سوودان* ڕای گەیاند. **شا محەمەدی پێنجەم** کە ئەندامی خێزانی دەسەڵاتداری ئەلئویتە بوو، لە ساڵی ١٩٥٧دا خۆی وەک پادشای *مەراکیش* ڕاگەیاند.

## خشتەی ١:٢:

## ڕوونکردنەوەی سەرهەڵدانی جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتەکان

| | | |
|---|---|---|
| **ڕژێمە پاشایەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست** | **هۆکارە ناوخۆییە چاوەڕوانکراوەکان** | **هۆکارە دەرەکیە چاوەڕوانکراوەکان** |
| | بیرۆکەی پاشایەتی سەرنجڕاکێشە بۆ خێزانە دەسەڵاتدارەکان<br>گروپە ئاینییەکان ڕژێمی پاشایەتییان لە ڕژێمی کۆماری پێ باشتر بوو، ڕژێمی پاشایی وا پیشاندرا کە گرنگە بۆ بنیاتنانی دەوڵەت<br>تایبەتیمەندە کەلتوری و نەریتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرکەوتن کە لەگەڵ ڕژێمی پاشایی گونجاو بن | کاریگەری بەریتانی<br>سەقامگیری پێویست بوو بەهۆی گرنگی نەوت<br>پاسانکانی جێنشینی گەرەنتی سەقامگیری بوون |
| **ڕژێمە سەربازییەکان لە ئەمەریکای لاتین** | **هۆکارە ناوخۆییە چاوەڕوانکراوەکان** | **هۆکارە دەرەکیە چاوەڕوانکراوەکان** |
| | سوپاکان کۆمەکی دارایی باش دەکران<br>جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئاستەکانی نایەکسانی ئابوری هەبوو، دەستەبژێرە سەربازییەکان بەرگرییان لێدەکرا<br>و نوێنەری چینەکانی باڵا وماماناوەند بوون<br>کودەتاکان لە لایەن چینی باڵا و مامناوەند پشتیوانیان لێدەکرا<br>سوپا ملکەچی حیزب نەبوو ، پارتە سیاسییەکان لاواز بوون | کۆمەکی سەربازی ئەوپەڕی زۆر لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا<br>لەماوەی جەنگی سارددا جەمسەرگرییەکی توند هەبوو |
| **ڕژێمە تاک حیزبییەکان چاوەڕوانکراوەکان لە ئاسیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات** | **هۆکارە ناوخۆییە چاوەڕوانکراوەکان** | **هۆکارە دەرەکیەکان** |
| | سوپا ملکەچی حیزب بوو<br>جیاوازییەکی کەم لە نێوان ئاستەکانی نایەکسانی ئابووریدا هەبوو<br>توانای حکومەت بەهێز کرابوو<br>پارتی بەهێز پێویست بوون بۆ پێشخستنی پرۆگرامی ئابوری | ڕۆڵی ڕووسیا<br>ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان<br>کۆمەکی داراییان دەدرایە بۆ ئەوەی دژی سەرمایەداری/ کۆمۆنیزم بجەنگن<br>ژینگەیەکی شڵەژاو و هەڕەشەی گەورەی سەر ئاسایش پێویستی بە دەوڵەتێکی بەهێز هەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم / سەرمایەداری |
| **ڕژێمە تاکڕەوەکان لە ئەفریقا** | **هۆکارە ناوخۆییە چاوەڕوانکراوەکان** | **هۆکارە دەرەکیە چاوەڕوانکراوەکان** |
| | هەبوونی ئیتنی جۆراوجۆر<br>سوپای لاواز<br>پارتی سیاسی لاواز<br>ئاستی نزمی بە دامەزراوەییبوون<br>هەبوونی گروپی پەرت و لەگەڵ یەک نەگونجاو ، نەبوونی چینی مامناوەند | ڕۆڵی کۆلۆنیالیزم<br>بوونی هەندێک هەڕەشەی کەمی دەوڵەتان ئەوانەی لە جەنگی سارد دا کۆمەکیان دەبەخشی<br>پشتیوانیان دەکردن لە ڕێگەی دیکە دەگەران و<br>پشتگیری دیکتاتۆرە تاکڕەوەکانیان دەکرد |

**پوختە و ئەنجام**

ئەم بەشە لەو تیۆرییە هەمەجۆرانەی کۆڵییەوە کە پێشنیار کرابوون بۆ تێگەیشتن لە سەرهەڵدانی حکومەتە دەسەڵاتگەراییەکان. توێژینەوەی سەرەتایی لەو بوارەدا بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنجی خستە سەر هۆیەکانی سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم. ئەم بەشەی دوای ئەوە گفتوگۆی لەسەر ئەو هۆکارانە کرد کە دەبنە هۆی هێنانەکایەی ڕژێمی دیموکراسی و هۆیەکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت بە شێوەیەکی گشتیتر. هەژاری و نایەکسانیی ئابووری وەک هۆکارێکی سەرەکی بۆ دروستبوونی دیکتاتۆرییەت دانراون، هەروەها لایەنە مێژوویی و جیۆپۆلیتیکییەکانیش.

هەرچەندە ئەدەبیات لەسەر هۆیەکانی سەرهەڵدانی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام چەندین پرسیار هەر دەمێنن بۆ ئەوەی وەڵام بدرێنەوە. ئەو هەلومەرجانە چین سەرهەڵدانی جۆرێکی دیکتاتۆرییەت ڕوون دەکەنەوە لەچاو جۆرێکی تردا؟ بۆچی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان بە پێچەوانەی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان گەشە دەکەن؟ ئایا هۆکاری ڕێکخراو هەن دروستبوونی ڕژێمە پادشاییەکان لێک بدەنەوە؟ لە کاتێکدا هەوڵ دەدەین تێگەیشتنمان دەربارەی جیهانی سیاسیی دەسەڵاتگەرایی چاک بکەین، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەش وەک کارێکی گرنگ هەر دەمێنێتەوە.

# بەشی سێیەم
# مانەوەی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان:
# ستراتیج و ئاڕاستەکان

هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان بۆ ماوەیەکی درێژی سەرنجڕاکێش دەمێننەوە، لە کاتێکدا دیکتاتۆرییەتەکانی تر بۆ ماوەیەکی کورتی سەرسووڕهێن دەمێننەوە. بۆ نموونە، حزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی *سۆڤێت*، زیاتر لە حەفتا ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، لە کاتێکدا هێزە چەکدارەکانی *تورکیا* تەنیا سێ ساڵ فەرمانڕەوایی *تورکیا*یان کرد. ئەو هۆکارانە چین کە ئەو جیاوازییە گەورانەی نێوان دیکتاتۆرییەتەکان لێک دەدەنەوە؟ ئایا هەندێک جۆر لە دیکتاتۆرییەتەکان زیاتر لەوانی تر دەمێننەوە؟ ئەو ستراتیجە جیاوازانە چین کە دیکتاتۆرییەتەکان پەیڕەوی دەکەن بۆ ئەوەی درێژە بە دەسەڵاتیان بدەن؟

ئەم بەشە لەو پرسیارە ئاڵۆزانە دەکۆڵێتەوە. بە گفتوگۆکردن لەسەر ئەو هۆکارانەی کار لەسەر مانەوەی دیکتاتۆرییەتەکان دەست پێ دەکەین؛ بەتایبەتی لەوە

دەکۆڵینەوە کە چۆن و بۆچی مانەوەی ئەو دیکتاتۆرییەتانە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر دەگۆڕدرێت، ئینجا داتا لەسەر تەمەندریژیی ڕژێمەکان لە سەردەمی دوای *دووەم جەنگی جیهانی* دەخەینە ڕوو. پاشان لەوە دەکۆڵینەوە کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان دەڕووخێن لەگەڵ خستنەڕووی شیکردنەوەی شێوازە جیاوازەکانی نەمانی ئەو دیکتاتۆرییەتانە. لە کۆتاییدا، بە دووروودرێژی لە ڕۆڵی هەڵبژاردنەکان و حزبە سیاسییەکان لەناو دیکتاتۆرییەتەکاندا دەکۆڵینەوە، کە وەک ئامراز بۆ بەهێزکردنی مانەوەیان بەکاریان دەهێنن.

## ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر مانەوەی دیکتاتۆرییەتەکان هەیە

لێرەدا لە کۆمەڵێک هۆکار دەکۆڵینەوە کە کاریگەرییان لەسەر ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان هەیە. هەرچەندە پێش ئەوەی باسی هۆکارەکان بکەین، لە سەرەتادا شتێکی بەسوودە پێناسەی پێکهاتەکانی ڕژێم بکەین.

ڕژێم بریتییە لەو کۆمەڵە یاسا فەرمی و نافەرمی و ڕێکارانەی بەکار دێن بۆ هەڵبژاردنی سەرکردە و سیاسەتە نیشتمانییەکان. ئەو ماوانەی تێپەڕ دەبن کە تیایاندا گرووپێک دەسەڵات دەگرێتە دەست و دوای چەند ڕۆژێکی کەم دەسەڵاتەکە جێ دەهێڵێت، بە ڕژێم دانانرێت، ماوەی کورتی ناسەقامگیریی سیاسی هەمیشە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ڕژێمەکە ڕووخاوە. ڕژێم دەبێتە ڕژێمێکی دەسەڵاتگەرایی کاتێک حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان قەدەغە دەکرێن یان دەکەونە بەر هەراسانکردنێکی ترسناک یان کەموکورتیی دامەزراوەیی یان ئەگەر حزبی دەسەڵاتدار هەرگیز کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی

جێبەجێکردنی لەدەست نەدات و لە هەموو هەڵبژاردنەکانیش بە لایەنی کەمەوە کۆنترۆڵی دوو لەسەر سێی کورسییەکانی پەرلەمان بکات.

ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران باسی ئەم پرسەیان کردووە، کە بۆچی هەندێک ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی وا دەردەکەون کە بۆ هەتاهەتایی بمێننەوە، لە کاتێکدا ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی تر تەنیا بۆ چەند ساڵێکی کەم فەرمانڕەوایی دەکەن. شیکردنەوەکانی ئەم توێژەرانە زنجیرەیەک هۆکار دەرگرێتە خۆ، وەک گرنگیی پشتگیریی جەماوەر و بایەخی ئۆپۆزسیۆنێکی لاواز. یەکەم جار باسی ئەو هۆکارە گرنگانە دەکەین کە ڕژێمەکان بۆ مانەوەیان پێویستیان پێیانە، پێش ئەوەی بچینە سەر هۆکارە پێکهاتەییەکان.

## هۆکارە گرنگەکان

### پشتگیریی جەماوەر

هەموو ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان پێویستیان بە پشتگیریی بەشێک لە جەماوەر هەیە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتیان. هەرچەندە قەبارەی ئەو بەشەی جەماوەر لە دیکتاتۆرییەتەکاندا دەگۆڕدرێت، هەندێک پشتگیریی جەماوەری لە هەموو دیکتاتۆرییەتەکاندا هەر پێویستە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لەژێر چنگی خۆیاندا بهێڵنەوە. وەک **بیاتریز ماگالۆنی** دەڵێت، ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان تەنیا بەوە دەمێننەوە کە بتوانن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان جەماوەر لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا هاووڵاتییان بە دڵسوزی پشتگیریی ڕژێمەکە دەکەن یان تەنیا بە زۆرلێکردن وەڵامی داواکانی ڕژێمەکە دەدەنەوە. نەبوونی پشتگیریی جەماوەری بۆ ڕژێم،

یارمەتیی بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنەکان دەدات کە جەماوەرەکە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

هێشتا بۆچی هاووڵاتییان پشتگیری لە دیکتاتۆرییەت دەکەن؟ ئایا زۆربەی هاووڵاتییان دیموکراسییان لا باشتر نییە؟ هەرچەندە وەڵامی ئەو پرسیارانە ئاڵۆزە، بەڵام لە سادەترین ئاستدا هاووڵاتییان پشتگیری لە دیکتاتۆرییەتەکان دەکەن هەتا پاداشتیان لە لایەن دیکتاتۆرییەتەکانەوە پێ بدرێت. پاداشتەکانیش لە پاداشتی داراییەوە دەست پێ دەکات وەک دەستکەوتی حکومی تا ئاسایش، وەک بڕوابوون بەوەی کە تا دیکتاتۆرییەت لە دەسەڵاتدا بێت، ئاسایشی هاووڵاتییان زیاتر پارێزراوە و ئەگەر ڕژێمەکە بڕووخێت، ئەوا ئەگەری تەقینەوەی توندوتیژی هەیە. هەروەها سەرکوتکردن لە چەندین دیکتاتۆرییەتدا بەکار دێت وەک هۆیەک بۆ ئەوەی هاووڵاتییان پشتگیریکردنەکەیان لە ڕژێم نەکێشنەوە.

لەپێناو هەبوون و درێژەپێدانی پشتگیریی ئەو بەشە گرنگەی جەماوەر، سەرکردەکان و دەستەبژێرەکان لە دیکتاتۆرییەتەکاندا کار بۆ مسۆگەرکردنی ئەو پاداشتانە دەکەن. ئەو سەرکردە و دەستەبژێرانە دەبێت پاداشت بەسەر پشتگیریکەرانی ڕژێم دابەش بکەن، لە هەمان کاتدا نەهێڵن سوود یان سزایان بدەن، بە ڕکابەرانی ڕژێم بگات. پاداشتەکانیش، کۆمەکی دارایی، پارەگواستنەوە بۆ حسابی بانکی، کاڵای گشتی، خزمەتگوزارییەکانی حەوانەوە و تەندروستی و کار دەگرێتەوە. ئەو تێکەڵە تایبەتییەی پاداشتەکان کە دیکتاتۆرییەتەکان متمانەی دەکەنە سەر، بە شێوەیەکی سروشتی پشت بەو سەرچاوە تایبەتانە دەبەستێت کە ڕژێمەکە لە بەردەستیدان. زۆر قورسە بۆ ڕژێم، بۆ نموونە،

لە ماوەی قەیرانە داراییەکاندا لە ڕێی پاداشتی داراییەوە درێژە بەوە بدات بۆ ئەوەی هاووڵاتییان پشتگیریی لێ بکەن، ئەوەش وەک ئەوە قورسە کە سەرکوتکردن، بەبێ دەزگایەکی ئاسایشی تۆکمە و پێشکەوتووی باش، بەکار بهێنێت.

## ئۆپۆزسیۆنیکی لاواز و دابەشبوو

لە هەموو دیکتاتۆرییەتەکاندا، تاک هەیە پشتگیری لە ڕژێم ناکات. کلیلی مانەوەی ڕژێم زامنکردنی ئەوەیە ئەو تاکانە یەک نەگرن و ئەوەندە لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە بەهێز نەبن، کە هەڕەشە لە سەر مانەوەی ڕژێمەکە دروست بکەن.

گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن لە دیکتاتۆرییەتەکاندا بە شێوەی جیاواز دەبن، لە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ حزبی سیاسی تا گرووپی شۆڕشگێڕی چەکدار. تەنیا هەبوونی ئەو گرووپانە هەمیشە زیانیان بۆ ڕژێم نابێت هەتا بە دابەشبوویی و لە قەبارەدا بە بچووکی بمێننەوە. گرووپێکی ئۆپۆزسیۆنی یەکگرتوو و گەورە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ ڕژێم، چونکە ئەو گرووپە بە ئاسانی دەبێتە جووڵانەوەیەکی جەماوەری و داوای گۆڕینی ڕژێم دەکات. گرووپە ئۆپۆزسیۆنە چاکڕێکخراوەکان دەتوانن بە چەند ڕێگەیەک ڕژێم لاواز بکەن، وەک خەڵکبزواندن بۆ دەنگنەدان لە هەڵبژاردنەکان یان ڕێکخستنی ناڕەزایی جەماوەری، ئەمانە هەردووکیان دەتوانن پشتگیریی جەماوەری لەو ڕژێمەی هەیە، لاواز بکەن.

لە حاڵەتێکی ئاوادا، دیکتاتۆرییەتەکان سەرقاڵی ستراتیجی جۆراوجۆر دەبن بۆ ئەوەی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان بە دابەشبوویی و لاوازی بهێڵنەوە. ئەو ستراتیجانەش ئەمانە دەگرنەوە: سەرکوتکردن (گرتن یان هەڕەشەکردن لە ئەندامانی

ئۆپۆزسیۆن)، ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن خستنە ناو دەسەڵاتەوە (بەخشینی هەندێک شت بە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن تا پشتگیری لە ڕژێم بکەن) و دەستکاریکردنی دامەزراوەکانی هەڵبژاردن (ناهێڵێت ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن بە شێوەی یاسایی پۆستی سیاسی بەدەست بهێنن).

بە گوتەی **ئیلین لەست-ئۆکار**، بە پێچەوانەوە، کاتێک ئۆپۆزسیۆن لە ناو دەزگاکانی ڕژێم پۆست وەردەگرێت، ئەگەری ئەوە کەمە کە ئۆپۆزسیۆن ڕکابەرییەکی گەورەی ڕژێمەکە بکات. کاتێک ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن چانسی ئەوەیان دەدرێتێ کە بەشداری لە ڕژێمەکەدا بکەن (بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی پۆستی سیاسییەوە)، ئەو ئەندامانە کەمتر ئارەزوویان بۆ یەکڕیزی و ڕکابەریکردنی ڕژێم دەمێنێت. ڕژێمەکان دەتوانن لە ڕێی باشهەڵبژاردنی ئۆپۆزسیۆن بۆ بەشدارییپێکردنی لە دەسەڵاتدا، زیاتر سەقامگیریی خۆیان زامن بکەن، ئەویش بە هەڵبژاردنی کۆمەڵەیەکی تایبەتی لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن بۆ بەشدارییپێکردن لە حکومەت بە جۆرێک بەگشتی ببێتە هۆی دابەشبوونی ئۆپۆزسیۆن.

**بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆن لە عەرەبستانی سعوودی**

ئایا بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆن لە *عەرەبستانی سعوودی*دا هەیە؟ هەرچەندە لەوانەیە سەرسام بیت لەوەی کە ڕژێمێکی وەک پادشایی *عەرەبستانی سعوودی*، کە بە توندی کۆنترۆڵی وڵاتەکەی کردووە، گرووپی وا لە وڵاتەکە هەبێت و بوێرێت ڕکابەری بکات. ئۆپۆزسیۆن لە *عەرەبستانی سعوودی*دا بە شێوەیەکی سەرەکی پێک دێت لە گرووپی ئایینی و گرووپی لایەنگرانی دیموکراسی. ئەو گرووپانە دەنگی ناڕەزایی خۆیان لە ڕێی ڕەخنەی هزریی ناتوندوتیژ، چالاکیی سیاسیی ناتوندوتیژ یان چالاکیی سیاسیی توندوتیژ، دەردەبڕن. حکومەتی *سعوودییە* وەڵامی بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی داوەتەوە و هەموو شتێکی بەکار هێناوە لە بەرتیل، بەشدارپێکردن لە حکومەت و ستراتیجی پەرت بکە و زاڵ ببە بۆ سەرکوتکردنیان. بەتایبەتی ستراتیجەکانی پەرت بکە و زاڵ ببە کاریگەر بووە لەوەی نەهێڵێت گرووپە ئایینییە جۆراوجۆرەکان هاریکاریی یەکتر بکەن. هەروەها گرووپەکانی لایەنگرانی دیموکراسییشی بە دابەشبوو و نارێکخراو و لاواز هێشتووەتەوە.

یەکێک لەو گرووپە ئۆپۆزسیۆنە دیار و چاک ڕێکخراوە لە *عەرەبستانی سعوودی*، *کۆمیتەی بەرگری لە مافە ڕەوایەکان*ە. ئەم کۆمیتەیە لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٩٠دا دروست بوو و بە هۆی ناکۆکییەکانی نێوان دوو کەسایەتییە سەرەکییەکە، **موحەمەد ئەلمەسعەری** و **سەعد ئەلفەگیە**، لەت بوو بۆ دوو گرووپ، ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو کەسایەتییە لەسەر دروشمی گرووپەکە و چۆنێتیی ئەنجامدانی هەڵمەتی گرووپەکە بوو. ئێستا **ئەلمەسعەری** سەرۆکایەتیی *کۆمیتەی بەرگری لە مافە ڕەوایەکان* دەکات، هەرچەندە گرووپەکەش زۆر بێهێز بووە. **ئەلفەگیە** ڕێکخراوێکی نوێی دروست کرد بە ناوی *بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئیسلامی*، کە بنکەکەی لە *لەندەن*ە و جیاوازە لە *کۆمیتەی بەرگری لە مافە ڕەوایەکان* و ئامانجەکانیشی گۆڕاون.

## دڵسۆزیی دەستەبژێر

ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان پێویستیان بە پشتگیریی بەردەوامی دەستەبژێرەکانی ڕژێم هەیە – ئەو تاکانەی بەشداری لە بڕیاری سیاسی دەکەن و زۆر گرنگن بۆ دابەشکردنی پاداشت و بڕیاردان لەسەر سزادانی بەکارهێنانی هێزە ئاسایشە سەرکوتکەرەکان. وەک **ماگالۆنی** دەنووسێت، دەستەبژێرەکان خزمەتگوزاریی گرنگ بۆ ڕژێم ئەنجام دەدەن، وەک ئامادەکردنی دەنگدەران، ساختەکارێکردن لە هەڵبژاردنەکان، هەڕەشەکردن لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن و سیخوڕیکردن بەسەر جەماوەرەوە. لە حاڵەتی جەماوەردا، پشتگیریی بەردەوامی دەستەبژێر لە چەند لایەنێکەوە دەکەوێتە سەر شیکردنەوەیەکی باج و سوود. دەبێت دەستەبژێرەکان هەست بەوە بکەن کە سوودەکانی پشتگیریکردنی ڕژێم زیاترە لە سوودەکانی هەڵگەڕانەوەیان لە ڕژێم.

سوودەکانی پشتگیریکردن، هەبوونی کاریگەریی سیاسی و دەستڕاگەیشتن بە کرێیە ئابووریەکان و پۆستی سیاسی دەگرێتەوە، لە کاتێکدا باجەکانی هەڵگەڕانەوە لە ڕژێم لە لەدەستدانی کار تا لەسێدارەدان دەگرێتەوە. شیکردنەوەیەکی باج و سوودی دەستەبژێرەکان دەشێت بەگوێرەی هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان بگۆڕدرێت، وەک ئەوەی کاتێک ڕژێم توانای دابەشکردنی پاداشتەکانی نامێنێت بە هۆی لاوازیی ئابوورییەوە یان کاتێک جووڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن توند دەبێت، بە جۆرێک لەناکاو دەستەبژێرەکان دێنە سەر ئەو بڕوایەی کە هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆن سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.

مەکسیک، لەژێر فەرمانڕەوایی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* (*Institutional Revolutionary Party*)،

نموونەی باشمان لەسەر ڕۆڵی هەر یەکێک لەو هۆکارە گرنگانە دەداتێ. بە گوتەی **ماگالۆنی**، هەرچەندە حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* هەندێک ساختەکاریی لە هەڵبژاردندا ئەنجام دا بۆ ئەوەی بالادەستییەکەی لە هەڵبژاردنەکاندا بپارێزێت، بەڵام حزبەکە لە ناو بەشە سەرەکییەکانی جەماوەردا شەعبییەتێکی ڕەوای هەبوو. ئەمەش بە هۆی تۆڕی پاداشتی گشتگیری حزبەکە و توانای دیاریکردن و ئاگالێبوونی ئەوانەی پشتگیری سەرەکیی حزبەکە بوون. جووڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن لە *مەکسیک* ڕووبەڕووی جەنگێکی دژوار بووەوە، کە لە زۆر دیکتاتۆرییەتەکاندا شتێکی چاوەڕوانکراو بووە. دوو حزبە ئۆپۆزسیۆنەکەی *مەکسیک*، حزبی *کاری نیشتمانی* (*National Action Party*) و حزبی *شۆڕشی دیموکراتی* (*Party of the Democratic Revolution*)، دەکەونە ئەمسەر و ئەوسەری شەبەنگی ئایدیۆلۆجی و بەردەوام لە لایەن حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*یەوە ناشیرین کراون. ئەو دوو حزبە زۆر بە کەمی میدیا چالاکییەکانی بڵاو دەکردەوە و کۆمەکی دارایی کەمیان لە لایەن حکومەتەوە پێ دەگەیشت. لە بەرامبەردا، حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* دەزگایەکی هەڵبژاردن بوو، بڕێکی زۆری داهاتی حکومەتی بە یاسایی و بە نایاسایی لە کەمپینی هەڵبژاردنەکان خەرج دەکرد. لە ساڵانی ١٩٩٠دا، سیاسەتمەداران هەستیان بەوە کرد کە حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* دوای چەندین ساڵ لە بالادەستی، جەماوەرەکەی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت بە هۆی ئەوەی ئەو پاداشتانەی کە لە ناو دامودەزگای حزبەکەدا هەبوون، بەرەو کەمبوون دەچوون. هەڵگەڕانەوەکانی دەستەبژێرە سەرەکییەکان لە حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*

لەو ماوەیەدا، دەرفەتیکی بۆ حزبی *کاری نیشتمانی* ڕەخساند بۆ بەدەستهێنانی جەماوەر و پشتگیریی دەستەبژێر. لە کۆتاییدا، حزبی *کاری نیشتمانی* دەسەڵاتی جێبەجێکردنی گرتە دەست و لەگەڵ بردنەوەی **ڤیسێنتا فۆکس** لە ساڵی ٢٠٠٠دا بۆ پۆستی سەرۆککۆماری و هەروەها **فیلیپە کاڵدیرۆن**یش بۆ پۆستی سەرۆککۆماری لە ساڵی ٢٠٠٦دا.

**هۆکارە بوونیادییەکان**

هۆکارە بوونیادییەکانیش گرنگن بۆ تێگەیشتنی مانەوەی دیکتاتۆرییەتەکان؛ ئەو هۆکارانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە بۆچی هەندێک لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان کەمتر ڕووبەڕووی ڕووخان دەبنەوە وەک لەوانی تر. وەک **باربارا گیدیس** پیشانی دەدات، دیکتاتۆرییەتەکان لە ڕووی تەمەنی مانەوەیان جیاوازن: دیکتاتۆرییەتی سەربازی شلۆقترینیانن، دوای ئەوانە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دێن و لە کۆتاییدا دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دێن. جیاوازییەکانی بوونیادە دامەزراوەییەکانی دیکتاتۆرییەتەکان دەبنە هۆی ئەوەی ئەو هاندەرانەی بۆ سەرکردە و دەستەبژێرەکانن جیاواز بن، ئەمەش بە دەوری خۆی کار دەکاتە سەر تەمەندرێژیی ڕژێمەکان.

**گیدیس** سەرنج دەخاتە سەر ئارەزوو بۆ ناکۆکینانەوە لە ناو گرووپەکانی دەستەبژێران کە دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی دیکتاتۆرییەتەکان. قسەکانی **گیدیس** جەخت لە گرنگیی هەڵگەڕانەوەکانی دەستەبژێر دەکاتەوە لەسەر ڕووخانی ڕژێمەکە. **گیدیس** دەستەبژێرەکانی ڕژێم دەکات بە دوو کۆمەڵەی سەرەکی: گرووپی زۆرینە (پێک دێت لە سەرکردە و

پشتگیریکەرانی سەرکردە) و گرووپی ڕکابەر (پێک دێت لە ڕکابەرە بەهێزەکانی دژی سەرۆک و پشتگیریکەرانی). ئەگەر دیکتاتۆرییەتەکان لە لایەن تاکە حزبێک، سوپایەکی پرۆفیشناڵ یان هیچیان حوکمڕانی بکرێن، ئەوە کار دەکاتە سەر بژاردە پەسەند و ستراتیجەکانی ئەندامانی ئەو دوو گرووپە.

### دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان

لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا، دەستەبژێرە سەربازییەکان دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە دەگرن. هەرچەندە بە پێچەوانەی سیاسەتمەدارە مەدەنییەکان کە بەدەستهێنانی پۆست و مانەوە تێیدا لە سەرووی هەموو شتێکی دادەنێن، ئەوەی ئەو سەربازە پرۆفیشناڵانە ئەوپەڕی دەینرخێنن "مانەوە و کاریگەریی خودی سوپایە". لەبەر ئەوە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر دەستەبژێرە سەربازییەکان ڕووخانی ڕژێم نییە، بەڵکو پارچەپارچەبوونی سوپا و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیە.

لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا، ئەگەر دووبەرەکی لە نێوان دەستەبژێرەکان توند بێت، ئەوا زۆربەی ئەفسەران پێیان باشترە بگەڕێنەوە بۆ سەربازگەکانیان وەک لەوەی سوپا بخەنە ژێر مەترسیی پارچەپارچەبوون. بوونی هەر ڕکابەرییەک لە ناو دەستەبژێرانی سوپا یان ڕوودانی دابەشبوون لەناو ڕژێمدا، دەشێت سوپا هان بدات بە ویستی خۆی دەسەڵات بەجێ بهێڵێت. لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەندامانی ڕژێمەکە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەربازگەکانیان کە پلە سەبازییەکانیان هەر وەک خۆی ماوە، بەجێهێشتنی پۆستە حکومییەکان کاریگەریی نەرێنیی لێ ناکەوێتەوە. لە ئەنجامدا،

دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لەناو خۆیاندا تۆوی ڕووخاندنی خۆیان هەڵدەگرن. هەر پارچەپارچەبوونیکی کەمی ناوخۆ دەشێت ببێتە هۆی ئەوەی سوپا بە ویستی خۆی دەسەڵات جێ بهێڵێت. لەبەر ئەو هۆیانە، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لە جۆری دیکتاتۆرییەتە هەرە تەمەنکورتەکانن، تەنیا بە تێکڕایی بۆ ماوەی نۆ ساڵ فەرمانڕەوایی دەکەن. هەروەها قەیرانە ئابوورییەکان زۆر بە ئاسانی کار لەو جۆرە دیکتاتۆرییەتانە دەکەن (بە هۆی فشارە ناوخۆییەکان دەشێت ئەو جۆرە قەیرانانە زووتر ڕوو بدەن). ئەو دیکتاتۆرییەتە سەربازییانە لەو جۆرانەن کە لە ڕێی دانوستان و گواستنەوەیەکی ڕێکوپێکەوە دەسەڵات بەجێ دەهێڵن.

### سەرچاوەکانی ناسەقامگیری لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا

* ئارەزوو بۆ نانەوەی دووبەرەکیی ناوخۆیی و پارچەپارچەبوون.

* پیادەکردنی فەرمانڕەوایی دەشێت ببێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی سوپادا.

* سوپا دەبێت دابڕاو بێت لە کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە.

* ئارەزوویەکی زیاتر بۆ بەجێهێشتنی دەسەڵات.

* سوپا پێی باشترە بگەڕێتەوە بۆ ناو سەربازگەکانی وەک لەوەی لە دەسەڵاتدا وەک هێزێکی پارچەپارچەبوو بمێنێتەوە.

* دوای فەرمانڕەوایی سەربازی دەرفەتی ژیان بۆ زۆربەی ئەندامانی ڕژێمەکە هەیە.

## دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان

بەرژەوەندییەکانی دەستەبژێرەکان لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان تەواو سادەن؛ هەر وەک سیاسەتمەدارە دیموکراتییەکان، دەستەبژێرەکانی حزب دەیانەوێت پۆست وەربگرن و لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، بەتایبەتی لەو دەسەڵاتانەی کە بە لایانەوە ئەوپەڕی گرنگە. **گیدیس** پیشانی دەدات کە هەموو دەستەکانی ناو گرووپی دەستەبژێرانی حزب و تەنانەت ڕکابەرە سەرەکییەکانی سەرکردەی حزبەکە، دەوڵەمەندتر دەبن ئەگەر حزبەکە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. ئەگەر حزبەکە دەسەڵاتی بەدەست نەمێنێت، دەستەبژێرەکان (بە ئەوانەشی کە ڕکابەریی سەرکردایەتییان دەکرد) چانسی کەمتریان دەبێت بۆ بەکارهێنانی کاریگەرییان یان بۆ دەوڵەمەندبوون.

لە ئەنجامدا، دەکرێت دەستە (Faction) لەناو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دروست ببن، بەڵام ئەو دەستانە نابنە هۆی ناسەقامگیریی ڕژێمەکە. دەستەکان بە تەنیا سوود لە فەمانڕەواییکردن وەرناگرن، بەڵکو هەموو دەستەکان باشتر دەتوانن لەگەڵ ئەو حزبەی کە لە دەسەڵاتدایە ئامانجەکانیان بەدی بهێنن. لە بنچینەدا، لەتبوونی حزبەکە شتێکی نەخوازراوە بۆ دەستەکان. دەشێت ململانێ لەناو سەرکردایەتی سەر هەڵبدەن، بەڵام ئەو ململانێیانە زۆر هەڕەشە لە ڕژێمەکە ناکەن.

لەبەر ئەوەی دەستەبژێرانی حزب بەرژەوەندییان لەوەدایە هاوکاری لەگەڵ یەک بکەن و حزبەکە لە دەسەڵاتدا بهێڵنەوە، دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان ئەوپەڕی زۆر دەمێننەوە، بە تێکڕایی بۆ ماوەی بیستوسێ ساڵ دەمێننەوە.

ئەو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییانە دەتوانن بەرگەی کێشەکانی جێنشینی بگرن (وەک مردنی سەرکردە) و تا ڕادەیەک بەرگەی لاوازیی باری ئابووری بگرن. بە دەگمەن ڕژێمی تاکحزبی دەڕووخێن، کە دەرووخێن، ڕووخانەکەیان بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارەوەیە، هۆکارەکانیش بریتین لە فشاری نێودەوڵەتی یان دەرەکی بۆ بەدیموکراتیکردن، قەیرانی ئابووریی توند، یان لەتبوونی دەستەبژێرەکان بە شێوەیەک دەرفەتی ئاشتبوونەوەی تێدا نەبێت.

### سەرچاوەکانی ناسەقامگیری
### لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا

* فشارە نێودەوڵەتی و دەرەکییەکان بۆ بەدیموکراتیکردن.

* کێشە ئابوورییە توندەکان کە کار لەسەر کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت بەسەر داهاتی ئابووری و توانا سەرکوتکەرییەکانی ڕژێم دەکەن.

* شەڕی نێوان دەستەبژێرەکان کە قابیلی ئاشتبوونەوە تێدا نەبێت و دەبێتە هۆی نانەوەی دووبەرەکیی بەردەوام لە ناو ئەو دەستەبژێرانە.

### دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان

لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، تاکەکەسێک دەستی بەسەر دەزگای سیاسیدا زاڵە. هەرچەندە دەستە دروست دەبن، لە کاتە ئاساییەکاندا ئەو دەستانە هۆکاری بەهێزیان بە دەستەوەیە بۆ بەردەوامیدان بە پشتگیریکردنی ڕژێمەکە و سەرۆکەکەی.

هەرچەندە لە چەند لایەنێکەوە هەڵسوکەوتی دەستەبژێرەکان لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا لە هەڵسوکەوتی دەستەبژێرەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دەچێت، **گیدیس** سێ هۆ دیاری دەکات کە تیایاندا ئەو دوو دیکتاتۆرییەتە لێک جیاوازن، هەر یەکێک لەو هۆیانە زیاتر ڕووبەڕووی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دەبێتەوە وەک لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان. یەکەمیان ئەوەیە کە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بە دەگمەن بەرگەی مردنی دیکتاتۆر دەگرن. ئەوەش لەبەر ئەوەیە دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بە زۆری نزیکترین ڕکابەریان فەرامۆش دەکەن (ئەو دیکتاتۆرانە بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتەیان ڕووبەڕووی کۆتوبەندی دامەزراوەیی کەمتر دەبنەوە لەبەر نەبوونی لایەنێکی پڕۆفیشناڵ یان سوپا لە حکومەتدا). دووەمیان ئەوەیە کە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بنکەیەکی پشتگیریی بەرتەسکتریان هەیە وەک لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان، چونکە دەستەبژێرەکان بەگشتی دۆستی دیکتاتۆر یان ئەندامانی خێزانی دیکتاتۆرن. ئەوەش مانای ئەوەیە کە قەبارەی ئەو گرووپەی دەتوانێت ڕکابەری ڕژێمەکە بکات گەورەیە. سێیەمیان، لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان پاداشتی مادی بەکار دەهێنن بۆ ڕازیکردنی پشتگیریکەرانیان (لەبری پۆستی سیاسی)، زۆر بە ئاسانی بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە تووشی ناسەقامگیری دەبن.

لەبەر ئەو هۆیانە، دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان خۆگرترن، بەڵام لەچاو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان کەمتر خۆگرن. دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بە تێکڕایی بۆ ماوەی پازدە ساڵ فەرمانڕەوایی

دەکەن. ڕووخانەکەیان بە هۆی هۆکاری توندوتیژەوە دەبێت وەک کودەتا، یاخیبوون یان کوشتنی دیکتاتۆر. کاتێک دیکتاتۆر دەمرێت، ئەگەری ئەوە هەیە دیکتاتۆرییەتەکە نەمێنێت، لەبەر ئەوەی چەند ڕێگەیەکی دامەزراوەیی کەم هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دانانی جێنشین.

### سەرچاوەکانی ناسەقامگیری بۆ دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان

* ڕاچڵەکینە دەرەکییەکان، وەک قەیرانی ئابووری یان لەدەستدانی کۆمەکی بیانی، کە ناهێڵێت دیکتاتۆر پاداشت بەسەر پشتگیریکەرانیدا دابەش بکات.
* شۆڕش یان دەستتێوەردانی بیانی.
* مردنی دیکتاتۆر.

### چۆن دیکتاتۆرییەتەکان دەڕووخێن

لەم بەشەدا لە چۆنێتیی ڕووخانی دیکتاتۆرییەتەکان دەکۆڵینەوە. سەرنجی ئەوە دەدەین کاتێک دیکتاتۆرییەتەکان دەڕووخێن، ئەوا ڕووخانەکەیان بە هیچ جۆرێک نیشانەی نزیکبوونەوەی گواستنەوە نییە بۆ دیموکراسی. هەرچەندە هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان کە هەڵدەوەشێن هەنگاو بەرەو بەدیموکراتیکردن دەنێن، بەڵام چەندین دیکتاتۆرییەتیش دوای نەمانیان بە ماوەیەکی کورت یەکێکی تر جێیان دەگرێتەوە. گفتوگۆ لەسەر چوار ڕێگەی سەرەکی دەکەین کە تیایاندا دیکتاتۆرییەتەکان دەڕووخێن:

* کودەتای سەربازی: دیکتاتۆرییەت بە هێز یان هەڕەشەکردن بە هێز دەڕووخێت. سوپا سەرکردایەتیی مەدەنی لا دەبات یان لە حاڵەتی دیکتاتۆرییەتی سەربازی کۆمەڵێک لە ئەفسەری پلەنزمی تووڕە ئەنجوومەنی فەرمانڕەوا لە دەسەلات لا دەبەن.

* دەستتێوەردانی بیانی: ڕووخاندن لە ڕێی دەستتێوەردانی ئاشکرای بیانی. هێزێکی بیانی ڕژێمەکە لەسەر دەسەڵات لا دەبات، یان لە ڕێی هێرشبردنەسەریکی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێی گواستنەوەی پشتگیریی سەربازی لە بەشە سەرەکییەکانی دانیشتوان.

* یەکلاییکردنەوە بە دانوستان: دەرچوون لە دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە. ڕژێم بە ویستی خۆی دەسەڵات بەجێ دەهێڵێت و سەرۆک و دەستەبژێرەکان دانوستان لەسەر مەرجەکانی وازهێنانیان لەگەڵ دەسەڵات دەکەن.

* شۆڕش: ڕووخاندنی ڕژێم بە هێز یان بە هەڕەشەکردن لە بەکارهێنانی هێز. جەماوەر ڕادەپەڕێت بۆ لەڕەگوڕیشەهەڵکێشانی ڕژێم، هەندێک جار بە پشتیوانیی ئاشکرای هێزێکی بیانی دەبێت.

بە گوتەی **گیدیس**، ئەگەری ئەوە زۆرە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لە ڕێی چارەسەرکردن بە دانوستانەوە دەسەڵات بەجێ بهێڵن، بەڵام ئەگەری وازهێنانیان لە دەسەڵات لە ڕێی کودەتای سەربازی یان شۆڕش زۆر کەمە. هەروەها ئەگەری ئەوە زۆرە کە ڕووخانی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان، حوکمڕانیی دیموکراسی بەدوادا بێت و بمێنێتەوە. بە پێچەوانەوە، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان زۆر دەشێت بە

مردنی دیکتاتۆر بڕووخێن، ئەگەری ئەوەشیان زۆرە زیاتر لە ڕێی توندوتیژییەوە بڕووخێن (کودەتا، شۆڕش یان دەستتێوەردانی بیانی) وەک لە دانوستان. ڕێی تێناچێت ڕووخانی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان، ڕژێمێکی دیموکراتی بەدوادا بێت. دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان وەک دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان، ئەگەری ئەوەیان زۆرە لە ڕێی دانوستانەوە کۆتاییان پێ بێت و ڕژێمێکی دیموکراتی دروست بێت (ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت)، بەتایبەتی کاتێک دەستەبژێرەکانی حزبەکە بتوانن بەشداری لەو ڕژێمە دیموکراتییەدا بکەن کە دوای ڕووخانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکە دێت و لە هەڵبژاردنەکاندا کێبڕکێ بکەن. هەرچەندە ڕژێمە پادشاییەکان کەمتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە لەچاو دیکتاتۆرییەتە سەربازی و تاکڕەوی یان دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان، بەڵام بەڵگە کۆنەکان وای پیشان دەدەن کە ئەو ڕژێمە پادشاییانە بە زۆری لە ڕێی هۆیەکانی توندوتیژییەوە دەڕووخێن (وەک لە حاڵەتی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان)، بەتایبەتی شۆڕش (نموونە، میسر لە ساڵی ١٩٥٢دا، *ئەفغانستان* لە ساڵی ١٩٧٣دا، *عێراق* لە ساڵی ١٩٥٨دا، *نیپاڵ* لە ساڵی ٢٠٠٦دا، *ئەسیوپیا* لە ساڵی ١٩٧٤دا و *ئێران* لە ساڵی ١٩٧٩دا).

### گواستنەوە لە فەرمانڕەوایی سەربازی

* دەرچوون لە دەسەڵات لە ڕێی دانوستانەوە بە شێوەیەکی ئاسایی و بێ توندوتیژی.

* بە زۆری دیموکراسی بەدوادا دێت (تەنانەت ئەگەر تەمەنکورتیش بێت).

### گواستنەوە لە فەرمانڕەوایی تاکحزبی

* گواستنەوەیەکی ئاشتییانە لە ڕێی دانوستانەوە.

* دەشێت دیموکراسی بەدوادا بێت (هەرچەندە ماوەکورت دەبێت)، بەتایبەتی کاتێک دەستەبژێرەکانی حزبەکە بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن.

### گواستنەوە لە فەرمانڕەوایی تاکڕەوی

* ئەگەری زۆرە دیکتاتۆر واز لە دەسەڵات نەهێنێت؛ گواستنەوە بە هۆی توندوتیژی تایبەتە بەم جۆرە (بە زۆری لە ڕێی کوشتن، کودەتا، شۆڕش یان دەستتێوەردانی دەرەکی).

* ئەگەری زۆرە دیموکراسی بەدوادا نەیەت.

### کودەتا سەربازییەکان

وەک لە بەشی دووەم باس کرا، ئەوەی پاڵنەری کودەتا سەربازییەکانە هاندان و دەرفەتە. ڕووخانی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی مۆریتانی لە ساڵی ٢٠٠٥دا، کە لەژێر سایەی **مەعاویە وەلەد تایە**دا بوو، ئەمە ڕوون دەکاتەوە. هاندەری کودەتایەکە ئەو هەستە بوو کە لە ناو بەشێکی زۆری سوپادا ڕەگی داکوتابوو، کە **وەلەد تایە** هەڕەشەی لە دامەزراوە سەربازییەکان دەکرد و هەندێک هۆزی دیاریکراو و هاوپەیمانییەکانی بێزار کردبوو. هەروەها **وەلەد تایە** چەندین ئەفسەری پلەباڵای سووک و ڕیسوا کردبوو و کۆمەکە داراییەکانی ڕژێمی لێ کەم کردبوونەوە. ئەوەی دەرفەتی بۆ کودەتایەکە ڕەخساندبوو، ئەوە بوو **وەلەد تایە** فشاری دەسەڵاتەکەی لەسەر هاووڵاتییان کەم کردبووەوە وەک هەوڵێک بۆ ڕازیکردنی *ویلایەتە یەکگرتووەکان* لە ماوەی

"جەنگی دژی تیرۆر"دا. لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٥دا، **وەلەد تایە** وڵاتی بەجێ هێشت، تەنیا ئەوەی لە بارە دەگمەنەکاندا دەکرد، ئەمەش دەرفەتی بۆ نەوەکەی و چەند ئەندامێکی کەمی توورەی سوپا ڕەخساند لە کودەتایەکی بێتوندوتیژیدا لە دەسەڵاتی لا ببەن.

لەوانەیە جێی سەرسووڕمان بێت کە چەندین کودەتای سەربازی پشتگیرییەکی بەرفراوانی جەماوەرییان هەبێت. لە چەندین حاڵەتدا، سوپا بە ناوی جەماوەرەوە کودەتا دەکات. هەستکردنی جەماوەر بەوەی کە حکومەتی مەدەنی ناکارامەیە و ناتوانێت کێشەکانی وڵات چارەسەر بکات، بە زۆری دەبێتە هاندەر بۆ سوپا، بۆ ئەوەی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت. ئەو جۆرە کودەتایانە، بە هۆی ناڕەزایی جەماوەر و نەمانی شەرعییەتی سیاسی و دڵڕەنجانی گرووپە سەرەکییەکان کۆمەڵگە لە ڕژێمە فەرمانڕەواکە، پێش کاتی خۆیان ڕوو دەدەن.

بە زۆری، کودەتا سەربازییەکان دوای ئەوەی هەندێک ئاماژەی جەماوەری لە نائارامیی کۆمەڵایەتی دەردەکەون (وەک ناڕەزاییدەربڕین و خۆپیشاندان)، ڕوو دەدەن. لە *ئەمەریکای لاتین*، چەندین دیکتاتۆرییەتی مەدەنی (وێڕای سیستەمە دیموکراسییەکان) بە هۆی ناڕەزایی جەماوەر لێیان، لە ڕێی کودەتای سەربازییەوە ڕووخێنران. بۆ نموونە، دیکتاتۆرییەتی **خوان پیرۆن** لە *ئەرجەنتین*، لەسەر حسابی بەشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە، واتە چینی مامناوەند و دەستەبژێر و کڵێسەی کاسۆلیک، مەرایی بۆ ڕێکخراوی جووڵانەوەی کرێکاران کرد. **پیرۆن** پۆلیسی نهێنیی بەهێز کرد، کە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایی لە ناو سوپادا. لەبەر

ئەو هۆکارانە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەرجەنتینییەکان پشتگیریی ئەو کودەتا سەربازییەیان کرد کە لە ساڵی ١٩٥٥دا ڕژێمی **پیرۆن**یان ڕووخاند. هەروەها دیکتاتۆرییەتە تاکرەوی/سەربازییەکانی *کۆڵۆمبیا* و *فەنزوێلا*، لە ڕێی کودەتای سەربازییەوە ڕووخێنران. لە *کۆڵۆمبیا*، کاتێک سەرۆکی ڕژێم، **گۆستاف ڕۆجاس پینیلا**، هەوڵی دا ماوەی فەرمانڕەواییەکەی بۆ چوار ساڵی تر درێژ بکاتەوە، زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە شەقامەکان دەستیان پێ کرد، ئەمەش سوپایان هان دا لە ئایاری ١٩٥٧دا کودەتایەک بکات. هەروەها ڕژێمی **مارکۆس پێریز جیمینیز** لە *فەنزوێلا* لا برا دوای ئەوەی نارەزاییە جەماوەرییەکان بوون بە هۆی ڕوودانی کودەتایەکی سەربازی. **پێریز جیمینیز** دڵی چەندین گرووپی مەدەنیی لە خۆی رەنجاندبوو، لەوانە *کۆمەڵەی خاوەنکار و بازرگانەکان*، بە هۆی کودەتایەک لە کانوونی دووەمی ١٩٥٨دا لە دەسەڵات لا برا.

### دەستتێوەردانی بیانی

دەستتێوەردانی بیانی بۆ لابردنی دیکتاتۆرییەتە نەویستراوەکان دەکرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ڕوو بدات. دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی بیانی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمە بەدکارەکان، ناردنی سوپای ئەو وڵاتە بیانییە بۆ ناو خاکی ئەو ڕژێمانە دەگرێتەوە. بۆ نموونە، *ویلایەتە یەکگرتووەکان*، لە چەند بۆنەیەکدا ڕاستەوخۆ چەند دیکتاتۆرییەتێکی ڕووخاندووە. *ویلایەتە یەکگرتووەکان* دیکتاتۆرییەتی تاکرەویی **سەدام حسێن**ی لە ڕێی *ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق* لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە *عێراق* لا برد. بە هەمان

شــــێوە، ویـــــلایەتە یەکگرتووەکـــــان دیکتـــــاتۆرییەتی تـاکڕەوی/سـەربازیی **مانوێـل نۆریگـای** لە *پەنەمـا* لە سـاڵی ١٩٨٩دا لە ڕێی ئۆپەراسیۆنێک بە ناوی *Just Cause* لەناو برد. لە دەسـتتێوەردانی ڕاسـتەوخۆی بیانیـدا، سـەرۆکی ڕژێـم دەگیردرێت یان لە سێدارە دەدرێت وسەرانی تری ڕژێمەکەش چارەنووسیان هەر وا دەبێت.

لە دەستتێوەردانی ناڕاستەوخۆی بیانیدا، هێزە بیانییەکە بە چەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆر دەست دەخاتە ناو کاروباری وڵاتەکە بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕژێمەکە. هێزە بیانییەکە ئەم کارە ئەنجام دەدات، ئەویش لە ڕێی کارکردن لەگەڵ پیاوانی ڕژێمەکە و ئەو بەشە زۆرەی جەماوەر کە بە ئاسانی ڕازی دەکرێن بێنە پاڵ ئۆپۆزسیۆن، کە هاوکات توانای جووڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن بەهێز دەکات. ئەو کارەی هێزە بیانییەکە کۆمەڵێک چالاکی دەگرێتەوە، وەک دابینکردنی کۆمەکی سەربازی و دارایی بۆ ئەو گرووپانە و لەگەڵ دابینکردنی یارمەتیی لۆجستیکی بۆ کودەتاکردن. ئەگەر ڕژێمەکە هەڵبژاردن بکات، هێزە بیانییەکە دەتوانێت لە ڕێی پشتگیریی ئۆپۆزسیۆن لەو هەڵبژاردنانەدا، ڕژێمەکە لاواز بکات. هێزە بیانییەکە دەتوانێت ڕژێمەکە لە دەسەڵات دەربپەڕێنێت لە ڕێی هەڕەشەی دەستتێوەردان و گەمارۆ و کێشانەوەی یارمەتیی ئابووری و سەربازی و فشاری دیبلۆماتی. کشانەوەی دیکتاتۆری تاکڕەو **جۆزیف مۆبوتۆی** *زائیر* (ئێستا بە *زائیر* دەڵێن *کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ*) لە دەسەڵات، نموونەیەکی دەستتێوەردانی ناڕاستەوخۆی بیانییە. **لۆران کابیلا** و سوپاکەی **مۆبوتۆ**یان لە دەسەڵات دەرکرد، بەڵام بە پشتیوانییەکی سەربازیی بەهێزی *ڕواندا* و بوروندی و *ئۆگەندا*، چونکە هەر یەکێک لەو وڵاتانە

دەمێک بوو دەیانویست **مۆبوتۆ** لە دەسەڵات لا ببەن بە هۆی ڕەفتاری لەگەڵ توتسییەکان.

بە گوتەی **گیدیس**، چەند هۆکارێک هەن بۆ ڕوونکردنەوەی هۆی گۆڕینی ڕژێم لە ڕێی دەستتێوەردانی بیانییەوە: "وەک ئەوەی ڕژێمەکە لەژێر مەودای کاریگەریی *ویلایەتە یەکگرتووەکان*دا بێت، لاوازی لەگەڵ خواستی ناوچەیی وڵاتانی هاوسێ و قەیرانە ئابوورییەکانی کۆتایی ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیست، کە دەسەڵاتیکی نائاسایی دا بە دامەزراوە دراوییە نێودەوڵەتییەکان."

## چارەسەرکردن بە دانوستان

چارەسەرکردن بە دانوستان ڕوو دەدات کاتێک ڕژێمەکە بە ئاشتییانە و بە ویستی خۆی واز لە دەسەڵات دەهێنێت، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا هەڕەشەی کودەتای سەربازی، شۆڕش یان داگیرکردنی بیانی هانی ئەو وازهێنانەی داوە. چارەسەرکردن بە دانوستان ڕوو دەدات کاتێک سەرکردەکان و دەستەبژێرەکان دەبینن کە ئەگەری بەردەوامبوونیان لە دەسەڵات لاواز دەبێت و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نائارامیی کۆمەڵگە و گرژییە سیاسییەکان. ئەمانە بە زۆری خاڵی دەستپێکردنن بۆ گواستنەوە بۆ ڕژێمی دیموکراتی، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕژێمە دیموکراتییەی شوێنی دیکتاتۆرییەتەکە دەگرێتەوە تەمەنکورتیش بێت.

چارەسەرکردن بە دانوستان هەندێک جار بە "گواستنەوە لەسەر ڕێککەوتووەکان" ئاماژەی پێ دەکرێت، کە لە بنچینەدا سازانێکە لە نێوان ڕژێمەکە و ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتی. لە گواستنەوە لەسەر ڕێککەوتووەکان، دەستەبژێرەکانی ڕژێم

لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەگەنە ڕێککەوتنێک کە ئەو دەسەتەبژێرانە واز لە دەسەڵات بهێنن لەژێر هەندێک هەلومەرجی گونجاودا. بە زۆری دەستەبژێرەکان دەتوانن دانوستان لەسەر ئەو مەرجانەی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ بۆ بردنەوەی دەسەڵات لە هەڵبژارنە دیموکراتییەکاندا بکەن، ئەو دەستەبژێرانە بە شێوەیەکی گشتی لە سیاسەت ناکرێنە دەرەوە.

چەندین هۆکار دەتوانن بڕیاری ڕژێم بۆ وازهێنان لە دەسەڵات لە ڕێی چارەسەرکردن بە دانوستان، لێک بدنەوە: یەکەم، دەشێت ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە گەورە بێت کە هەوڵەکانی بۆ ڕیفۆرمی دیموکراتی چیتر ڕژێم نەتوانێت لەبەرچاویان نەگرێت. دووەم، دەشێت ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە سەرکێش بێت، هەڕەشەکانی بۆ بەکارهێنانی توندوتیژیی زیاتر جێی بڕوا بن، چەند بژاردەیەکی کەم بدات بە دەستەبژێر کە وازهێنانە لە دەسەڵات. سێیەم، دەشێت ڕژێم بە هۆی چەند کێشەیەکی یاساییەوە واز لە دەسەڵات بهێنێت، کاتێک فەرمانڕەواکان هەست بەوە دەکەن کە هاووڵاتییان بڕوایان بە ڕژێمەکە نەماوە.

ڕووخانی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویی **فرانسیسکۆ فرانکۆ** لە *ئیسپانیا* لە ساڵانی ١٩٧٠دا، نموونەیەکی چارەسەرکردن بە دانوستانە. دوای مردنی **فرانکۆ**، **شا خوان کارلۆس** وەک فەرمانڕەوای *ئیسپانیا* دانرا (هەروەک ئەو مەرجەی کە **فرانکۆ** پێش مردنی دایناببوو). هەرچەندە دیکتاتۆرییەتەکە توانیی لەژێر فەرمانڕەوایی **شا خوان کارلۆس**دا بەردەوام بێت، بەڵام لەبری ئەم بەردەوامبوونە دەستەبژێرەکانی ڕژێمەکە و کەرتە سەرەکییەکانی تری کۆمەڵگە هەوڵیان دا بگەنە ڕێککەوتنێک بۆ

گۆڕینی ڕژێمەکە بۆ ڕژێمێکی دیموکراتی. وەک **کیرستین هامان** دەنووسێت: "ئەوانەی نوێنەرایەتیی ڕژێمی **فرانکۆ**یان دەکرد، ڕابەرایەتیی گۆڕینی ڕژێمەکەیان دەکرد، لە کاتێکدا نوێنەرانی دەوڵەت (بە شێوەیەکی بەرچاو سوپا) بە ئاشکرا و نائاشکرا هەڕەشەی بەردەوامییان دەکرد بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی بەدیموکراتیکردن. ئەو گواستنەوەیە ئەنجام درا لەناو چوارچێوەی پەیوەستبوون و کارکردنی ستراتیجییانەی ڕژێم و نوێنەرانی دەوڵەت، کە دەبوو بە لایەنی کەمەوە بەرژەوەندییەکانیان دابین کرابێت بۆ مسۆگەرکردنی گواستنەوەکە."

چارەسەرکردن بە دانوستان لە *ئیسپانیا* مومکین بوو، لەبەر پشتگیریی فراوانی دەستەبژێر و جەماوەر بۆ حوکمڕانیی دیموکراتییانە.

### شۆڕش

شۆڕشەکان ڕوو دەدەن کاتێک جەماوەر لە خوارەوە بۆ ڕووخانی ڕژێم کار دەکەن. ئەو ڕژێمەی دەڕووخێندرێت هەندێک جار دیموکراتییە، بەڵام بە زۆری دەسەڵاتگەراییە. ئەو سیستەمە سیاسییەی لە دوای شۆڕش دێتە کایەوە لە ڕووی ئایدیۆلۆجی و دامەزراوەییەوە تا ڕادەیەکی زۆر لەوەی پێش خۆی جیاوازە. بە زۆری شۆڕشەکان زۆر توندوتیژن، هەرچەندە توندوتیژی بەشێکی جیاکراوە نییە لە پێناسەکانیاندا. هەرچەندە شۆڕشەکان کاتێک ڕوو دەدەن سەرنجێکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، بەڵام لە سەردەمی دوای *دووەم جەنگی جیهانی* کەمتر ڕوویان داوە.

شۆڕشەکان زۆر دەگمەن بوون، چونکە ڕوودانیان قورس بووە. جەماوەر دەستیان ناگاتە ئەو چەکەی پێویستە بۆ ئەوەی بەهێز ڕژێم بڕووخێنن. بۆ ئەوەی شۆڕش ڕوو بدات، دەبێت جووڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە جەماوەری زۆری لەگەڵدا بێت، کە ڕژێم نەتوانێت توندوتیژی بۆ سەرکوتکردنی بەکار بهێنێت، یان دەبێت ئەندامانی هێزی ئاسایشی ڕژێم ژمارەیان ئەوەندە زۆر بێت، ڕەتی بکەنەوە هێز دژی هاووڵاتییان بەکار بهێنن و/یان بچنە پاڵ ئۆپۆزسیۆن و پشتگیرییان لێ بکەن. بە گوتەی **سێدا سکۆکپۆل** و **جیف گودوین**، جووڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان ئەگەری ئەوەیان زۆرە ببنە جەماوەری و سەرکەوتوو بن، کاتێک بتوانن پشتگیریی جەماوەرێکی زۆر بەدەست بهێنن لە شار و لادێیەکان و لە ناو چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و گرووپە ئیتنییەکان.

هەرچەندە شۆڕشەکان دەگمەنن، بەڵام ڕژێمە پادشاییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی تووشیان دەبن. لە هەندێک حاڵەتدا، تەنیا توندوتیژییەکی کەم پێویستە بۆ لابردنی ڕژێمی پادشایی، لە کاتێکدا لابردنی ڕژێمەکانی تر خوێنڕشتنێکی زۆری لەگەڵدا دەبێت. دوای شۆڕش، سەرکردە و دەستەبژێرەکانی ڕژێمی پادشایی یان ناچار دەکرێن وڵات بەجێ بهێڵن یان دەکوژرێن.

بۆ نموونە، لە *عێراق* لە ساڵی ١٩٥٨دا، خێزانی دەسەڵاتداری هاشمی بە کودەتایەکی سەربازی لە دەسەڵات لا بران و خێرا کودەتا سەربازییەکە گۆڕا بۆ شۆڕش، کە تێیدا **شا فەیسەڵی دووەم** و ئەندامەکانی تری خێزانەکەی کوژران. هەروەها سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیران*، **نووری سەعید** کوژرا و جەماوەرە توندوتیژەکە لاشەکەیان بەسەر شەقامەکانی *بەغدا*دا سووڕاندەوە. دوای سیازدە ڕۆژ لە

ڕووخانی ڕژێمەکە، دەستوورێکی نوێ دانرا. *عێراق* وەک کۆمار و *ئیسلام*یش وەک ئایینی دەوڵەت ڕاگەیەندران.

لە ساڵی ١٩٧٩دا *شۆڕشی گەلانی ئێران* **شا محەمەد ڕەزا پەهلەوی**ی لەسەر دەسەلات لا برد، ئەو سوپا سیستەمییە کە هەرگیز نادڵسۆز نەبوو بۆ شا، ڕەتی کردەوە تەقە لە مەدەنییە شۆڕشگێڕەکان بکات. گەورە ئەفسەرانی سوپای ئێرانی لەو بڕوایەدا بوون باشترە خۆیان ڕادەستی شۆڕشەکە بکەن وەک لەوەی شەڕی لەگەڵدا بکەن، لە کاتێکدا شۆڕشگێڕە ئیسلامییەکان دڵنیا بوون لەوەی کە سەر دەکەون. بێگومان ئەو هەستە لای ئەفسەرەکان بەهێز بوو بە هۆی یەکگرتوویی ئۆپۆزسیۆن و داوای بەهێزی جەماوەر بۆ لابردنی شا لە دەسەلات. ئەو هێزانەی ئاسایش کە چەکەکانیان دانەنابوو، نەیانتوانی شەڕ لەگەڵ ئەو جەماوەرە ئێجگار زۆرەی جووڵانەوە نارەزاییەکە بکەن و شا و خێزانەکەی ناچار کران وڵاتەکە جێ بهێڵن.

## هەڵبژاردن و حزبەکان و مانەوەی ڕژێمە دەسەلاتەگەراییەکان

هەڵبژاردن و حزبە سیاسییەکان ئەو دامەزراوانەن کە لە دیکتاتۆرییەتە جیاوازەکاندا بوونیان هەیە. لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا هەرچەندە نوێیە، بەڵام ئەو ڕێگە نوێیانەی دەرخست کە تێیدا دیکتاتۆرییەتەکان ئەو دامەزراوانە بەکار دەهێنن و بۆچی ئەو کارە دەکەن. بابەتی سەرەکیی ئەم ئەدەبیاتە ئەوەیە کە هەڵبژاردن و حزبە سیاسییەکان وەک ئامرازێکی دامەزراوەیی خزمەتی دیکتاتۆرییەتەکان دەکەن و بە هۆیانەوە دیکتاتۆرییەتەکان دەتوانن لاوازییەکانیانی پێ کەم بکەنەوە و مانەوەیانی لە دەسەلاتدا پێ بەهێز بکەن. لەم بەشەدا،

تەماشای ئەو ڕۆڵە دەکەین کە هەڵبژاردن و حزبە سیاسییەکان لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکاندا دەیگێڕن و ئەو بەڵگە تیۆرییە جۆراوجۆرانەی کە توێژەران بۆ لێکدانەوەی هەبوونی ئەو دامەزراوانە پێشنیازیان کردوون پێشکەش دەکەین.

## هەڵبژاردن لەژێر سایەی دیکتاتۆرییەتدا

هەرچەندە هەڵبژاردن بە شێوەیەکی سروشتی بەستراوەتەوە بە دیموکراسییەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بە تەواوی لە دیکتاتۆرییەتەکانیشدا باون. نزیکەی سێ لەسەر چواری هەموو دیکتاتۆرییەتەکانی دوای *دووەم جەنگی جیهانی* هەڵبژاردنیان ئەنجام داوە، نیوەیان لەسەر بنچینەیەکی دەستووری ئەنجام دراون. زۆربەی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان هەڵبژاردنیان ئەنجام داوە، هەروەها نزیکەی نیوەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان و نزیکەی چواریەکی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانیش ئەنجامیان داون. هەرچەندە هەڵبژاردن لەژێر سایەی دیکتاتۆرییەتدا جاروبار ڕێگەیەکن کە بە هۆیانەوە جەماوەر دەتوانێت ئەوانە هەڵببژێرێت کە فەرمانڕەوایی دەکەن، بەڵام بە زۆری ئەو هەڵبژاردنانە وەک ئامرازێک وان و یارمەتیی بەهێزکردنی ڕژێمەکە دەدەن، لە خوارەوە بە دوورودرێژی باسی ئەوە دەکەین.

## جۆرەکانی هەڵبژاردن

جێی سەرسووڕمان نییە نزیکەی هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی لە دیکتاتۆرییەتەکاندا ئەنجام دراون، لەسەر بنەمای پێوەرە نێودەوڵەتییەکان وا دەرکەوتوون کە کێبڕکێیان تێدا نەبووە. دەگوترێت هەڵبژاردنەکان لە دیکتاتۆرییەتەکاندا چونیەک نین.

هەڵبژاردن لە چەندین دیکتاتۆرییەتدا لە هەڵبژاردنی سیستەمە دیموکراتییەکان ناچن، لە کاتێکدا هەڵبژاردن لە دیکتاتۆرییەتەکانی تردا تەنیا کەمێک لەوانەی سیستەمە دیموکراتییەکان جیاوازن. هەڵبژاردن لە دیکتاتۆرییەتەکاندا لە ڕووی کێبڕکێکردن و دووبارەبوونەوە و گشتگیرییەوە لە یەکتر جیاوازن.

هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام بە تەواوی پێش هەڵبژاردنەکە بڕیار لەسەر ئەنجامەکانی دراون و دانراون. لە هەڵبژاردنی ئاوادا، کاندیدی ڕژێمەکە هەمیشە لە سەدا سەدی دەنگەکان دەهێنێت، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا هەموو کەسەکان بە کردار چوون بۆ دەنگدان یان نا. ڕژێم بڕیار دەدات کە کێ ناوی لەسەر کارتی دەنگدان دەردەکەوێت و دەنگدەران تەنیا یەک بژاردەیان دەدرێتێ. لە دیکتاتۆرییەتەکانی تردا، چەندین کاندید ڕێگەی کێبڕکێکردنیان لە هەڵبژاردندا پێ دەدرێت، تەنانەت ئەو تاکانەش کە لە حزبە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانیشن.

هەڵبژاردن لە *عێراق* لەژێر سایەی **سەدام حسێن** و لە *مالیزیا* لەژێر سایەی *ڕێکخراوی نیشتمانیی مالاوییە یەکگرتووەکان*دا (*UMNO*) کراون، ئەوانەش یارمەتیمان دەدەن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕادەی جیاوازیی هەڵبژاردنەکان لەناو دیکتاتۆرییەتەکاندا. لە ساڵی ٢٠٠٢دا، لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویی **سەدام حسێن**، داوا لە عێراقییەکان کرا بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ بەشداریکردن لە ڕاپرسییەک دەربارەی ئەوەی ئایا **سەدام حسین** بۆ حەوت ساڵی تر فەرمانڕەوایی بکات یان نا. بەگوێرەی ڕاپۆرتە فەرمییەکان، لە سەرجەم ١١٤٤٥٦٣٨ دەنگدەری خاوەن مافی دەنگدان، هەموویان دەنگیان بۆ پشتگیریکردنی ڕاپرسییەکە دابوو و **سەدام حسێن** تەنیا کاندید بوو لەو ڕاپرسییە.

هەڵبژاردن لە *مالیزیا* لەژێر سایەی دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی کە حزبی *UMNO* سەرکردایەتیی دەکرد، ئەو حزبە لە ساڵی ١٩٥٧ەوە کۆنترۆڵی سیاسەتی *مالیزیای* کردبوو، وێنەیەکی جیاواز لەسەر هەڵبژاردن پێشکەش دەکات. لە هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی ١٩٩٩، *UMNO* تەنیا لە سەدا پەنجاوچواری دەنگەکانی بەدەست هێنابوو. لە سەرجەم کورسییەکانی پەرلەمان کە سەد و چلوچوار کورسی بوو، *UMNO* تەنیا سەد و دوو کورسیی بردبووەوە. هەرچەندە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن دەیانگوت کە فرتوفێڵ لە دەنگداندا کراوە، بەڵام هەڵبژاردنەکە بە ڕوونی تا ڕادەیەک کێبڕکێی تێدا بوو، کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن توانییان لە هەڵبژاردنەکە کێبڕکێ بکەن و ڕێگەیان پێ درا چەند کورسییەک ببەنەوە.

### مەبەست لە هەڵبژاردنەکان

هەرچەندە دیکتاتۆرییەتەکان چەندان ئامڕازیان هەیە بۆ مسۆگەرکردنی دەرچوونی کاندیدە پەسەندکراوەکانیان لە هەڵبژاردندا، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە (ئەگەر کەمیش بێت) کاندیدەکانیان دەرنەچن. هەروەها هەڵبژاردنەکان تا ڕادەیەک پارەیان تێدەچێت، چونکە دەبێت ڕژێمەکە پارە خەرج بکات بۆ پێداویستییەکانی دەنگدان و هەڵمەتی هەڵبژاردن و ئەو کارمەندانەی هەڵبژاردن، کە چاودێریی هەڵبژاردنەکە دەکەن. وەک **گرەی کۆکس** دەنووسێت، "سۆڤێتییەکان ملیۆنان کەسیان بێ زیاد و کەم بۆ کارکردن لە هەڵبژاردنەکانیان دادەنا، هەوڵێکی ڕاستەقینەیان دەدا بۆ بەدەستهێنانی نزیکەی ١٠٠٪ی دەنگەکان و دەرچوونی ئەو کاندیدانەی پەسەندیان کردوون".

هەر لەبەر ئەوەیە ئەو دیکتاتۆرییەتانەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن، زیاتر لەوانەی نایکەن دەمێننەوە. بە سادەیی دەتوانین بڵێین کە دیکتاتۆرییەتەکان هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن لەبەر ئەوەی ئەو هەڵبژاردنانە یارمەتیی مانەوەیان لەسەر دەسەڵات دەدەن. هەڵبژاردن مانەوەی ڕژێمەکە بەهێز دەکات.

هەروەها هەڵبژاردنەکان بۆ ئەو مەبەستەیە کە لە کاتی ڕووخانی ڕژێمەکەدا، گواستنەوەی توندوتیژییانەی دەسەڵات ڕوو نەدات. هەڵبژاردنەکان ڕێگەی ئاشتییانە دابین دەکەن کە بە هۆیانەوە ڕژێم واز لە دەسەڵات دەهێنێت، ئەگەر ڕژێم ئەمە هەڵببژێرێت، ئەوا ئەگەری پەنابردنی ئۆپۆزسیۆن بۆ زیاتر لە ئەلتەرناتیڤە توندوتیژەکان ناهێڵێت.

بە شێوەیەکی سەرەکی، هەڵبژاردنەکان ئەو ئامرازانەن کە بە هۆیانەوە دیکتاتۆرییەتەکان دەتوانن ورەی ئۆپۆزسیۆن لاواز بکەن، بەشدارییان لە دەسەڵاتدا پێ بکەن، ئیدارەی دەستەبژێرەکانی پێ بدەن، شەرعییەتی ڕژێمەکەشی پێ بەهێز بکەن، کۆمەکی بیانیی پێ بەدەست بهێنن و زانیاری لەسەر بەهێزیی جووڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن بەدەست بهێنن. ئەو هەموو هۆکارانە کە لە خوارەوە بە دووروودرێژی باسیان دەکەین، گرنگن بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی ڕژێمەکان.

### لاوازکردنی ئۆپۆزسیۆن و بەشدارییپێکردنی لە دەسەڵاتدا

یەکێک لە کاریگەرییەکانی هەڵبژاردنەکان لە دیکتاتۆرییەتەکاندا، ئەوەیە کە ئەو هەڵبژاردنانە دەتوانن ئۆپۆزسیۆن لاواز بکەن، ئەویش بە پێدانی بەڵگەی پشتگیری بە ڕژێمەکە. وەک **ئەندریاس شێدلەر** دەنووسێت، "تا ئەو ڕادەیەی کە ئەو هەڵبژاردنانە شەرعییەت دەدەن بە

سیستەمەکە و دەسەڵات و جەماوەریتیی حزبە فەرمانڕەواکە دەردەخەن، وێڕای دەرخستنی لاوازیی ڕکابەرەکانیشی، ئەو هەڵبژاردنانە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بوێر دەکەن و جۆش و خرۆشیان ناهێڵن. هێنانی زۆربەی زۆری دەنگەکان لە لایەن کاندیدەکانی ڕژێمەوە، ئاماژەن بۆ ئەو دەستەبژێرانەی لەوانەیە لە داهاتوودا بیانەوێت بچنە ناو ئۆپۆزسیۆن، کە ئەو جۆرە کارەیان لە بنچینەدا کارێکی بێسوود دەبێت".

بە گوتەی **ئێلین لەست ئۆکەر**، ئەنجامدانی هەڵبژاردن ڕێگە بە دیکتاتۆرییەتەکان دەدات کە کۆمەڵێک یاسا دابنێن بۆ دیاریکردنی ئەوەی کێ دەتوانێت لە هەڵبژاردنەکان کێبڕکێ بکات و کێ ناتوانێت. بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی بەدیهێنانی چەند پێکهاتەیەکی ناکۆکی کێبڕکێکردن لە نێوان ئەوانەی سەر بە دەسەڵاتن و ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن. هەڵبژاردن دەتوانێت ناکۆکی لەناو ئۆپۆزسیۆن دروست بکات، لە نێوان ئەوانەی دەیانەوێت لە هەڵبژاردندا کێبڕکێ بکەن (واتە بەشداری لە ڕژێمەکەدا بکەن) و ئەوانەی دەیانەوێت بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن.

هەروەها هەڵبژاردنەکان ئامرازن کە دیکتاتۆرییەتەکان بەکاریان دەهێنن بۆ بەشدارپێکردنی ئۆپۆزسیۆن لە دەسەڵاتدا. لە حاڵەتی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا، ئۆپۆزسیۆن تواناکان لەبری ئەوەی ئاڕاستەی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی ڕژێمەکەی بکات، ئاڕاستەی ئۆپۆزسیۆنی ناو ڕژێمەکەی دەکات. کاتێک ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن سوودیان لە مانەوەی ڕژێمەکە هەبێت (لەبەر ئەوەی پۆستیان لەناو ڕژێمەکەدا هەیە) ئەوا ئەگەرێکی کەم هەیە کە ئەو ئەندامانە هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمەکە بدەن.

**بەڕێوەبردنی دەستەبژێرەکان**

هەڵبژارنەکان دەرفەت بە ڕژێم دەدەن بۆ چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی دەستەبژێرەکان. هەڵبژاردنەکان بۆ چەند مەبەستی گرنگ بەکار دێن سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دەستەبژێرەکان. لە دیکتاتۆرییەتەکاندا، سەرقاڵبوونی دەستەبژێرەکان بە کێبڕکێیەکی بەردەوام لەسەر پۆستی سیاسی و بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانی پۆست، بە سەرچاوەیەکی بەهێزی دروستبوونی کێشەی ناوخۆ دادەنرێت. هەڵبژاردنەکان ئەو کێشانە بە ڕەخساندنی گۆڕەپانێکی دامەزراوەیی هێور دەکەنەوە، کە بە هۆیەوە دەستەبژێرەکان (کارمەندانی پۆستە نزمترەکانیش) دەتوانن کیبڕکێی لەسەر دەسەڵاتدا تێدا بکەن. ئەو هەڵبژاردنانە مەیدانی گرنگن بۆ کێبڕکێکردن لەسەر دابەشکردنی سەرچاوەکانی دەوڵەت. هەروەها هەبوونی تەبایی لە ناو یاساکانی هەڵبژاردندا کار دەکات بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی دەستەبژێرەکان و وایان لێ دەکات لە ڕژێم هەڵنەگەڕێنەوە.

هەڵبژاردنەکان، دەستەبژێرەکان ناچار دەکەن کە گرووپەکانیان لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە و کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی دڵسۆزیی جەماوەر بکەن. کاری ئەو گرووپانە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان دەستەبژێرەکان و جەماوەر. دەستەبژێرەکان دەبێت هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان لەگەڵ خواستی پشتگیریکەرەکانیان بگونجێنن، دڵنیایی بدەن لەوەی کە ڕژێم ئاگای لە ڕای جەماوەرە.

لە کۆتاییدا، هەڵبژاردنەکان وا لە ڕژێمەکە دەکەن بتوانێت چاودێریی ئەوە بکات کە دەستەبژێرەکان و کارمەندانی پۆستە نزمترەکان چەند دڵسۆزن بۆی. ئەو هەڵبژاردنانە زانیاری بۆ

ڕژێمەکە دەستەبەر دەکەن دەربارەی ئەوەی کە کام لە تاکەکان ئەوپەڕی دڵسۆزن، لە هەمان کاتدا شتێکیش لە پاداشتیان دەداتێ تا ئەو ڕژێمە بمێنێت. هەڵبژاردنەکان وەک ڕێگەیەکی سروشتی بەکار دێن بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە ئەندامە دڵسۆز و لێهاتوو و خۆشەویستەکانی ناو خەڵک پلەیان بەرز دەکرێتەوە.

### بەهێزکردنی شەرعییەتی ڕژێم

مەبەستێکی تری هەڵبژاردنەکان ئەوەیە کە شەرعییەتی ڕژێمەکە بەهێز دەکەن. هەڵبژاردنەکان بەگشتی لە دیکتاتۆرییەتەکان بەکار دێن بۆ شاردنەوەی ئەوەی کە ڕژێمەکە دەسەڵاتگەرایە. ئەو هەڵبژاردنانە وا لە ڕژێمەکە دەکەن بتوانێت بەری میوەی شەرعییەتی هەڵبژاردن بچنێتەوە بەبێ ئەوەی خۆی بخاتە بەر مەترسیی دیموکراتییەکی نادیار. هەڵبژاردنەکان ئامڕازێکن، ڕژێمەکە دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ پیشاندانی وێنەیەکی دیموکراسی. بۆ نموونە، لە *مەکسیک* لەژێر فەرمانڕەوایی *حزبی شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*دا، حزبەکە هەڵبژاردنەکانی بەکار هێنا بۆ ئەوەی وا بزانرێت کە ڕژێمەکە شەرعییەتی دیموکراتییانەی هەیە بۆ ئەوەی وەک دیکتاتۆرییەتێکی تاکحزبی نەناسرێت. ڕژێمەکە هەوڵی دا هەر بە ناو درێژە بە دامەزراوە دیموکراتییەکان بدات، وەک هەڵبژاردنەکان، بۆ بەهێزکردنی شەرعییەتەکەی لە بەرچاوی دانیشتوان.

بێگومان لە هەندێک حاڵەتدا، هەڵبژاردنەکان ئەوەندە لە نزیکەوە لە لایەن ڕژێمەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و پڕساختەکارین، کە هەر شەرعییەتێکی ڕژێمەکە بەدەستی دەهێنێت دوورە لە

شەرعییەتی ڕاستەقینە. وەک **لیزا ویدین** باسی دەکات، لە *سووریا*دا هەڵبژاردنەکان هەن، بەڵام کەس باوەڕی پێیان نییە، ئەو هەڵبژاردنانە تەنیا ئەوە دەگەیەنن کە "میکانیزمەکانی زۆرلێکردنن".

### بەدەستهێنانی پشتگیریی بیانی

هەروەها هەڵبژاردنەکان لە لایەن ڕژێمەکانەوە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە بیانییەکان بەکار دێن. ئەو هەڵبژاردنانە ڕێگەیەکن کە بە هۆیانەوە دیکتاتۆرییەتەکان دەتوانن بڵێن کە بەدیموکراتیکردن لە وڵاتەکەیاندا ئەنجام دراوە، ئەوەش بۆ جوانکردنی وێنەی خۆیان لە لای هێزە بیانی و بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان. کاتێک هەڵبژاردنەکان بە ڕێکوپێکی لە کاتەکانی خۆیان ئەنجام دەدرێن، ئەگەری ئەوە زۆرە ئەو هێزە بیانی و بەخشەرە نێودەوڵەتییانە یارمەتی پێشکەش بە ڕژێمەکە بکەن، ئەو یارمەتییەش لە زۆر حاڵەتدا بۆ ڕژێمەکە پێویستە بۆ درێژەدان بە یارمەتیدانی بازنە ئاڵۆزەکانی پشتگیریکەرانی. بەم جۆرە، هەڵبژاردنەکان هۆی ئاسان بۆ دیکتاتۆرییەتەکان دەستەبەر دەکەن بۆ ئەوەی بەخشەرە نێودەوڵەتییەکانی پێ ڕازی بکەن، بەبێ ئەوەی لە ڕاستیدا هیچ گۆڕانکارییەکی دیموکراتییانە ئەنجام بدەن.

### بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر هێزی جووڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن

هەڵبژاردنەکان مەرامێکی ڕژێمەکە جێبەجێ دەکات، کە دەستکەوتنی زانیارییە دەربارەی خۆشەویستیی ڕژێمەکە لای جەماوەر و زانینی هێزی هەر ڕکابەرییەک بەرامبەری. ئەو هەڵبژاردنانە کاری ڕژێمەکە ئاسان دەکات بۆ دیاریکردنی

ئەوەی کە کێ پشتگیریی لێ دەکات و کێ ڕکابەریەتی. بۆ نموونە، لە حاڵەتی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* لە *مەکسیک*، هەڵبژاردنەکان بەکار دەهاتن بۆ ئەوەی زانیاری بدەن بە حزبەکە دەربارەی دابەشبوونی جوگرافیایی ئۆپۆزسیۆن و ئەو ناوچانەی ئۆپۆزسیۆن تیایاندا بەهێزە. پاشان ڕژێم دەیتوانی کۆمەکەکان لەو ناوچانە بکێشێتەوە و لەبریان بیانبات بۆ ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانەکانی ڕای خۆیان ساغ نەکردووەتەوە و پێویستی دەکرد دەنگدەران بە لای حزبەکەدا بشکێنێتەوە. هەڵبژاردنەکان دەرفەتی ئەو دەدەن بە ڕژێمەکە کە هێزی ئەو پشتگیرییەی لێی دەکرێت بپێوێت و ئەو بەشانەی دانیشتوانیش دیاری بکات کە ئەو پشتگیرییەی تێدا ئەوپەڕی بەهێزە.

## بردنەوەی هەڵبژاردنەکان

دیکتاتۆرییەتەکان چەندین ئامڕازیان لە بەردەستدایە بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە کاندیدەکانی ڕژێمەکە هەڵبژاردن ببەنەوە. وەک دەگوترێت، ئەوەش مانای ئەوە نییە سەرکەوتنەکە مسۆگەر کراوە. هەرچەندە ژمارەیەکی کەمی دۆڕاندنەکان قابیلی قبووڵکردنن (لە هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکاندا)، بەڵام دۆڕاندنی زۆریش دەشێت بەشداری لە ڕووخانی ڕژێمەکەدا بکات (بەتایبەتی ئەو دیکتاتۆرییەتانەی کە هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن و تا ڕادەیەک کێبڕکێی تێدایە)، دەبێت ڕژێمەکە هەموو سەرچاوەکانی بەکار بهێنێت بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە ئەو دەنگانەی دەیهێنێت لە سەرووی دەنگی هەموو لایەنەکانەوە بێت. لەم بەشەدا، باسی ئەو ڕێگەیانە دەکەین کە دیکتاتۆرییەتەکان بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان، بەکاری دەهێنن.

### فڕوفێڵکردن لە هەڵبژاردندا

دیارترین ڕێگە کە تێیدا دیکتاتۆرییەتەکان دڵنیا دەبن لەوەی کاندیدەکانیان هەڵبژاردن دەبەنەوە، لە ڕێی فڕوفێڵکردنە لە هەڵبژاردندا. فڕوفێڵی هەڵبژاردن ئەمانە دەگرێتەوە: ئاخنینی سندووقەکانی دەنگدان بە دەنگی نایاسایی، تۆمارکردنی نایاسایی دەنگدەران و تۆقاندنی دەنگدەران لەسەر سندووقەکانی دەنگدان. ڕادەی خەریکبوونی دیکتاتۆرییەتەکان بەو جۆرە فڕوفێڵانە لە ڕژێمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕدرێت، وێڕای ئەوەی لە هەڵبژاردنێکەوە بۆ یەکێکی تریش دەگۆڕدرێت.

هەندێک دیکتاتۆرییەت (یان کاندیدەکانی ڕژێم) بە دروستی شەعبییەتیان لە ناو هاووڵاتییاندا هەیە، ئەمەش پێویستی پەنابردن بۆ فڕوفێڵکردن کەم دەکاتەوە. هەرچەندە حزبی *کاری گەل* لە *سەنگاپوور* لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا لە لایەن ئۆپۆزسیۆنەوە ڕکابەری دەکرا، بەڵام دەنگدەران بە ڕاستی نەیانویست حزبی *کاری گەل* لەدەسەڵات لا ببەن. **لی کوان-یو**، هاودامەزرێنەری حزبی *کاری گەل* و سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیرانی* پێشووی *سەنگاپوور*، بۆ ماوەی سییەک ساڵ پشتگیرییەکی زۆری جەماوەری هەبوو.

### بێزارکردن

ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان دەتوانن شێوازی جۆراوجۆر لە بێزارکردن بەکار بهێنن بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە ئەوان لە هەڵبژاردنەکاندا بردنەوە بەدەست دەهێنن. ئامانجی ئەو جۆرە بێزارکردنانە کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئەو دەنگدەرانەن کە پشتگیری لەو کاندیدانەی ئۆپۆزسیۆن دەکەن. بێزارکرن

دەکرێت ئەمانە بگرێتەوە: چاودێریکردنی ورد، خستنەناو لیستی ڕەشەوە، دانەمەزراندن لە پلە و پۆست، وەرنەگرتن لە زانکۆ وێڕای هەندێک چالاکیی سەرنجڕانەکێش وەک بەکارهێنانی باج، بەکارهێنانی دەسەڵاتی بازرگانی یان پیشەسازی یان دەسەڵاتەکانی تر بۆ لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی ڕکابەران. دەنگدەران لە *زیمبابۆی*، ئەوانەی پشتگیریی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیان کردبوو، لە لایەن حزبەکەی **ڕۆبەرت موگابی زانوو–پی ئێف** کە ڕژێمەکەی بەڕێوە دەبرد، بێزار دەکران. هەروەها میدیاکانی ئۆپۆزسیۆن لە *کینیا* لە ماوەی هەڵبژاردنەکاندا لە لایەن حزبی باڵادەستەوە، *کانوو* (*KANU*)، بێزار کرابوون و چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەی جەماوەری (لە ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٧دا) لەو حزبە ئۆپۆزسیۆنانە قەدەغە کرابوون، بۆ ئەوەی نەهێڵێت هیچ زەمینەیەکی ڕێکخراوەییان هەبێت.

### سوودەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن

دیکتاتۆرییەتەکان لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا سوودێکی زۆر بەدەست دەهێنن؛ ئەو دیکتاتۆرییەتانە دەتوانن پارە و سامانی دەوڵەت بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان هەڵبڕێژن، هۆیەکانی دەربڕینی میدیاکان قۆرخ بکەن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی کاندیدەکانی ڕژێمەکە، لە کاتێکدا ناهێڵن کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن لەوانە سوودمەند بن. سوودەکانی ئەو جۆرە بانگەشانە بە زۆری لە لایەن دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا دەقۆزرێتەوە، بێگومان ئەمە بۆ حزبی *ڕێکخراوی نیشتمانیی مالاوییە یەکگرتووەکان*دا لە *مالیزیا* و حزبی *کاری گەل* لە *سەنگاپوور* ڕاست بوو. هەڵمەتی

سیاسییانەی بودجەی باش بۆ دانراو لەگەڵ داگیرکردنی میدیا بە لێشاوی پەیامەکانی دۆستەکانی ڕژێم، ئەوانە هۆی گرنگن بۆ پشتگیریکردنی ڕژێم لە هەڵبژاردنەکاندا.

**دەستکاریکردنی یاساکانی هەڵبژاردن**

دیکتاتۆرییەتەکان دەتوانن سیستەمی هەڵبژاردن وا بگۆڕن کە بە سوودی ڕژێمدا بشکێتەوە. بۆ نموونە، دەتوانن فەرمان دەربکەن کە هەندێک کورسیی پەرلەمان لە لایەن ڕژێمەکەوە دادەنرێت و ناخرێتە ناو کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە. بۆ نموونە، لە *کۆریای باشوور*، دیکتاتۆرییەتی سەربازیی **پارک چونگ هی** بڕیارێکی دەرکرد، بڕیاری دوو ئەندامی هەڵبژاردنی ناوچەیی، بەپێی ئەم بڕیارە هەر یەکێک لەو دوو کاندیدەی کە زۆرترین دەنگ بەدەست دەهێنن، کورسییەکی پەرلەمانیان دەدرێتێ. هەرچەندە ئەو مەرجە لەسەر کاغەز وا دەردەکەوت باش بێت، بەڵام بە کردار بە لایەنی کەمەوە سێیەکی کورسییەکانی پەرلەمان لە لایەن خودی **پارک** دادەنران. بۆ ئەو دوو لەسەر سێیەی کورسییەکانی پەرلەمان، کاندیدەکانی ڕژێم تەنیا ئەوەیان پێویست بوو کە لە هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردندا دووەم بن لە دەنگهێناندا. لەبەر ئەوەی کاندیدەکانی **پارک** هەندێک پشتگیرییان هەر بە ناو بەدەست هێنابوو، حزبەکەی **پارک** زۆرینەی لە پەرلەمان مسۆگەر کردبوو. بە هەمان شێوە، لە *مەکسیک*، حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* مەرجێکی حکومیی سەپاند لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی لە دەسەڵاتدا، تەنانەت کاتێک کاندیدەکانی لە

هەڵبژاردنیشدا ئەنجامی خراپ بەدەست بهێنن. حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*، ناوچەکانی هەڵبژاردنی بە جۆرێک دابەش کردەوە، تەنانەت کاتێک حزبەکە تەنیا سێیەکی دەنگەکانیش بەدەست هێنابایە، زۆرینەی خۆی لە پەرلەماندا هەر دەپاراست.

### کۆسپی گەورە لە بەردەم بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا

ئامرازێکی تر کە لە بەردەستی دیکتاتۆرییەتەکاندایە، دانانی کۆسپی گەورەیە لە بەردەم بەشداریکردنی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان یان کاندیدەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا. دەشێت حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان نەهێڵرێن، وایان لێ بکەن نەتوانن کێبڕکێ لە هەڵبژاردندا بکەن یان لە لایەن دامەزراوەکانی ڕژێمەوە لێکۆڵینەوە لەگەڵ کاندیدەکانیان بکرێت. بۆ نموونە، دیکتاتۆرییەتەکانی *ساحل ئەلعاج* و *کینیا* و *زامبیا*، مەرجی ڕەگەزنامەیان دانابوو کە نەیهێشت حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، لە کاتێکدا چەندین دیکتاتۆرییەت لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*دا ڕێگەیان نەدا حزبە ئیسلامییەکانیان بەشداری لە کێبڕکێی هەڵبژاردن بکەن. لە *ئێران*، ڕژێمەکە پرۆسەیەکی وردی لێکۆڵینەوە لە ڕێی *ئەنجوومەنی پاراستنی بەرژەوەندیی ڕژێم*ەوە جێبەجێ دەکات بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە ئەو کاندیدانەی جێی مەترسین، وا دابنرێن کە مەرجەکانی خۆپاڵاوتنیان بۆ هەڵبژاردن تێدا نییە. کاندیدە هەوادارەکانی ڕیفۆرم بە زۆری پێش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆککۆمار ڕەت کرانەوە.

## بێبەشکردن

حکومەتی فەرمانڕەوا دەتوانێت سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا مسۆگەر بکات بەوەی نەهێڵێت هەندێک گرووپی دیاریکراوی کۆمەڵگە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدەن. هەندێک چینی کۆمەڵگە کە وا دیار بن مەترسین بۆ ڕژێم، وەک چینی هەژار یان لاوان، دەشێت ڕژێم لە ڕێی مەرجی خوێندەواری یان تەمەنەوە لە دەنگدان بێبەشیان بکات، نەهێڵێت دەنگ بۆ کاندیدەکان ئۆپۆزسیۆن بدەن. بە هەمان شێوە، دەشێت نەهێڵرێت هەندێک گرووپی ئیتنی دەنگ بدەن یان ڕێگەکانی تۆمارکردنی توندیان بەسەردا بسەپێندرێت یان مەرجەکانی ناسنامەیان بەسەردا بسەپێندرێت. بۆ نموونە لە *بەڕازیل* تا ساڵی ١٩٨٥ کە سوپا دەسەڵاتی بەجێ هێشت، نەخوێندەواران مافی دەنگدانیان نەبوو.

## بەکارهێنانی کارامەییانەی ئابووری

ڕێگەیەکی تر بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە ڕژێم لە هەڵبژاردنەکاندا لە پێشەوەی هەموانەوە بێت، بەکارهێنانی کارامەییانەی ئابوورییە. ئەو ستراتیجە بە شێوەیەکی کاریگەرانە لە میسڕ بەکار هات (دیکتاتۆرییەتێکی سێ هەڕەشەیی)، دەنگدەرانیان فریو دا و هێنایاننە سەر ئەو بڕوایەی کە ڕژێم گەشەکردنی ئابووریی بۆ دەستەبەر کردوون. ئەو جۆرە بەکارهێنانە کارامەییانەی ئابووری دەکرێت شێوەی گۆڕینی ئاڵوگۆڕی دراو پێش هەڵبژاردن وەربگرێت، بە جۆرێک بەرهەمە خۆماڵییەکان هەرزانتر بکرێن یان پشتیوانیی زۆری نرخی هەندێک کەلوپەل بکرێت (وەک نان یان سوتەمەنی)، بۆ ئەوەی دەنگدەران زیاتر بتوانن

بیانکرێن. هەروەها بەکارهێنانی کارامەییانەی ئابووری پێش هەڵبژاردن لەژێر سایەی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*دا لە مەکسیک، شتێکی ئاسایی بوو. بە گوتەی **ستیڤن بلۆک**، ئەنجامدانی چاکسازییەکی ئابوورییانەی کەم پێش هەڵبژاردن، شتێکی باو بوو لەژێر سایەی دیکتاتۆریی تاکڕەویی *غانا*، **جیری ڕاولینگس**. لە ماوەی هەڵبژاردنی ساڵی ۱۹۹۲دا، خەرجییەکانی ڕژێم بۆ ناوخۆ ئەوپەڕی زیاد کران و ئاستی هەڵاوسان نزم کرایەوە وەک هۆیەک بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی دەنگدەران.

### کڕینی دەنگ

ستراتیجێکی تر کە دیکتاتۆرییەتەکان بەکاری دەهێنن، کڕینی دەنگە. ئەم دەنگکڕینە بە سەرکەوتوویی لەم وڵاتانە ئەنجام درا: لە *تایوان* لەژێر سایەی *حزبی نەتەوەپەرستی/کۆمینتاگ*، لە *مەکسیک* لەژێر سایەی *حزبی شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*، لە *فیلیپین* لەژێر سایەی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویی **فێردیناند مارکۆس**. لە حاڵەتی *تایوان*، زەرفی سووری بچووکی پڕ لە پارە ڕادەستی دەنگدەران دەکرا لەبەر دەرگەی ماڵەکانیان و هانیان دەدان بچن بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگ بە کاندیدەکانی حزبی *نەتەوەپەرستی/ کۆمینتاگ* بدەن. کڕینی دەنگ بەتایبەتی کاریگەرە بۆ دەنگدەرە هەژارەکان، کە دەتوانرێت بە ئاسانی قایل بکرێن بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ دەنگدان ئەگەر پاداشتی دارایی لەپشتەوە بێت.

### حزبە سیاسییەکان لەژێر سایەی دیکتاتۆرییەتدا

هەرچەندە هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان حزبە سیاسییەکان قەدەغە یان سەرکوتیان دەکەن، بەڵام چەندین دیکتاتۆرییەت هەوڵ دەدەن هاوپەیمانیی نهێنی لەگەڵ حزبە سیاسییەکان ببەستن. لە ڕاستیدا، حزبی سیاسی بە تەواوی شتێکی باوە لە حوکمڕانیی دیکتاتۆرییەتەکاندا. هەندێک لەو حزبە سیاسییانە پێش هەبوونی ڕژێمەکان هەبوون (یان ئەو حزبە سیاسییانە بۆ ئەوە دروست بوون بۆ ئەوەی ڕژێمەکە بێننە سەر دەسەڵات)، لە کاتێکدا حزبی سیاسیی تر لە لایەن ڕژێمەکە دوای ئەوەی دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت، دروست دەکرێن.

هەرچەندە حزبە سیاسییەکان بە شێوەیەکی سروشتی پەیوەستن بە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بوونی ئەو حزبانە شتێکی باون لە هەموو شێوەکانی دیکتاتۆرییەتەکاندا. ئەوەی جیاوازە لە نێوان ڕژێمەکاندا، ئەوەیە تا چ ڕادەیەک حزبەکە ڕۆڵێکی باڵا لە فەرمانڕەواییکردن دەبینێت. لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا، حزبەکە بە ڕاستی کۆنترۆڵی سیاسەتی ڕژێمەکە دەکات، لە کاتێکدا لە ڕژێمەکای تردا حزبەکە دەسەڵاتێکی سیاسیی دیفاکتۆی کەمی هەیە.

ئەوەی پەیوەندیی بە هەڵبژاردنەکانەوە هەیە، حزبەکان هەوڵی بەهێزکردنی مانەوەی ڕژێم دەدەن، ئەو حزبانە دامەزراوەیەکن کە تەمەنی ڕژێمەکە درێژ دەکەنەوە. وەک **گیدیس** پیشانی دەدات، ئەو ڕژێمانەی کە متمانە دەکەنە سەر حزبەکان، بە لایەنی کەمەوە دوو ئەوەندە زیاتر لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە وەک لەوانەی ئەوە ناکەن. هاوپەیمانیکردن لەگەڵ

حزبێکی سیاسی، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ مانەوەی زیاتری ڕژێمەکاندا هەیە. توێژەران ئاماژە بۆ چەند هۆیەک دەکەن کە بۆچی حزبەکان بەسوودن بۆ دیکتاتۆرییەتەکان. لە بەشی داهاتوودا گفتوگۆ لەسەر ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەین.

### ئامانجی حزبەکان

### سیاسەتمەداران خستنە ناو دەسەڵاتەوە

ئامانجێکی حزبە سیاسییەکان ئەوەیە ڕێگەیەک بدۆزنەوە کە بە هۆیەوە دیکتاتۆرییەتەکان بتوانن سیاسەتمەداران بخەنە ناو ڕژێمەکانیانەوە. حزبە سیاسییەکان لە دیکتاتۆرییەتەکاندا دەرفەت دەدەنە ئەو کەسانەی کە پیشەیان سیاسەتە، بەشداری لە سیستەمی سیاسیدا بکەن لەبری ئەوەی چەقی توانا سیاسییەکانیان بخەنە سەر کاری نهێنی (هەروەک کاتێک حزبەکان سەرکوت یان قەدەغە دەکرێن). ئەو حزبە سیاسییانە داوا لە دەستەبژێرەکان دەکەن کە بیر لە بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانیان بکەنەوە، کە بە باشترین شێوە خزمەت دەکرێن ئەگەر خۆیان بەو حزبە سیاسییانە ببەستنەوە.

هاوپەیمانیکردن لە حزبێکی سیاسیدا ڕێگەیەکی کەمتێچووە بۆ دیکتاتۆرییەتەکان بۆ بەشداریپێکردنی ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەداران لە ڕژێمدا، بە جۆرێک ئەو بەرژەوەندییەی دەیانەوێت هەیانبێت بە درێژایی تەمەنی ڕژێمەکە دەیانبێت. ئەگەر ڕژێمەکە بڕووخێت، ئەوا ئەو مافانەی کە پەیوەستن بە ئەندامێتی لە حزبەکە نامێنن. حزبەکان وا لە دیکتاتۆرییەتەکان دەکەن کە بتوانن سیاسەتمەداران بخەنە ناو ڕژێمەکەوە، هاوکات ئەو سیاسەتمەدارانە کۆنترۆڵکردنێکی کەمیان بەسەر

سیاسەتەوە دەدرێتێ. وەک **گیدیس** دەنووسێت، "بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا حزبەکان هیچ سوودێک بە ئەندامە ئاساییەکانی خۆیان دەگەیەنن و ئاستی ژیانی هاووڵاتییانی ئاسایی چاک دەکەن یان هاووڵاتییان ڕازی دەکەن بۆ ئەوەی بە بیروڕاکانی ڕژێم قایل بن". ئەو حزبە سیاسییانە سوود بە کارمەندانی خۆیان و چالاکوانانی خۆبەخش دەگەیەنن بەوەی پشکیان لە ڕژێمەکەدا هەبێت.

## کەمکردنەوەی مەترسیی کودەتاکان

حزبە سیاسییەکان دەتوانن مەترسیی کودەتاکردن لەناو دیکتاتۆرییەتەکاندا کەم بکەنەوە. بە گوتەی **گیدیس**، "حزبە جەماوەرییەکان دەتوانن شەقام بە ناوی شۆڕش، سەروەریی نەتەوەیی، بەها کریستیانییەکان بجوولێنن یان بەرهەڵستیی ئیسلامیی دژی بەها ڕۆژئاواییەکان دەتوانن سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکان لە کودەتاکانی گرووپە تووڕەکانی ناو سوپا بپارێزن". دەکرێت حزبەکان بە هۆی ئەو کۆمەڵە هۆکارانەی کە لە خوارەوە باس دەکرێن، بپارێزرێن. ئەو گرووپانەی لە ناو سوپادان، ئەگەری ئەوە کەمە هەوڵی کودەتا بدەن، ئەگەر بڕوایان وا بێت کە ئەو کودەتایە سوپا بکات بە دوو بەشەوە یان لە ناو جەماوەردا شەعبییەتی نەبێت. هەر کاتێک حزبە سیاسییەکان بکەونە ژێر هەڕەشە، ئەوا هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئامادە دەکەن بۆ جووڵاندنی جەماوەر و چوونیان بۆ سەر شەقامەکان بۆ خۆپیشاندان و پشتیوانیکردن لێیان. ئەو نارەزاییدەربڕینانە فشار دەخەنە سەر کودەتاچییەکان بۆ

بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئایا هێز دژی خۆپیشاندەرە سیڤیلەکان بەکار بهێنن، ئەگەر بەکاری بهێنن دەشێت هەندێک سەرباز ڕەتی بکەنەوە هێز دژی خۆپیشاندەران بەکار بهێنن، لە کاتێکدا ئەو خۆپیشاندادانە پشتگیریی جەماوەر بۆ ڕژێمەکە دەردەخەن.

## بەڕێوەبردنی ناکۆکیی نێوان دەستەبژێرەکان

وەک هەڵبژاردنەکان، حزبە سیاسییەکان ئامڕازن بۆ بەڕێوەبردنی ناکۆکیی نێوان دەستەبژێرەکان. کاتێک ناکۆکییەکانی نێوان دەستەبژێرەکان دەردەکەون، حزبە سیاسییەکان ئەو دامەزراوانەن کە دەتوانن بە یاسا کۆنترۆڵی ئەو ناکۆکییانە بکەن و چارەسەریان بکەن. ڕژێمەکان دەتوانن حزبەکان هۆی وەک دابەشکردنی کۆمەک بەسەر دەستەبژێرەکاندا بەکار بهێنن بۆ ڕازیکردنیان. ئەو جۆرە کۆمەکانە دەستەبژێرەکان هان دەدات کە هەوڵی مانەوەی بارودۆخە هەنوکەییەکە دەدەن، تەنانەت لە ناوجەرگەی ناکۆکییەکانی نێوان گرووپەکانیشدا.

هەروەها حزبەکان ناکۆکیی نێوان دەستەبژێرەکان هێور دەکەنەوە لە ڕێی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە دەشێت لەسەر جێنشینی سەرۆکایەتی سەر هەڵبدەن. کێشەکانی جێنشینی دەکرێت ببنە هۆی ئەوپەڕی ناسەقامگیری، کاتێک گرژیی نێوان گرووپەکان لەسەر جێنشینی بتەقێتەوە بۆ توندوتیژی و تەنانەت بۆ شەڕی ناوخۆ. تا حزبەکە بەهێزتر و زیاتر دامەزراوەیی بێت، باشتر دەتوانێت ڕێنمایی دامەزراوەیی بخاتە بەردەست دەربارەی ئەوەی کێ دەبێتە جێنشینی سەرۆکەکە.

### بردنەوەی هەڵبژاردنەکان

حزبە سیاسییەکان یارمەتیی دیکتاتۆرییەتەکان دەدەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان ببەنەوە. هەرچەندە هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان هەڵبژاردن بەبێ حزبە سیاسییەکان ئەنجام دەدەن، بەڵام هاوپەیمانیکردن لەگەڵ حزبیکی سیاسی ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ دیکتاتۆرییەتەکان بۆ کۆکردنەوەی دەنگدەران و پشتگیریکردنیان لە ڕژێمەکە. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێی پەیڕەوانی زۆری ڕژێمەکە و کەمپینکردن و کۆبوونەوەی جەماوەری و هۆیەکانی ترەوە بکرێت. بە گوتەی **جاسۆن براونلی**، حزبەکان یارمەتیی دیکتاتۆرییەتەکان دەدەن بۆ ئەوەی ساختەکاری لە هەڵبژاردندا بکەن. چالاکییەکانی ساختەکاری، وەک سندووقی دەنگدان ئاخنین بە کارتی دەنگدان پێویستی بە "هەماهەنگی و دیسپلینە"، کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی وەک حزبە سیاسییەکان دەتوانن ئەمە بکەن.

### هەڵبژاردنەکان و حزبەکان لە ڕژێمە پادشاییەکاندا

ڕژێمە پادشاییەکان بە شێوەیەکی سروشتی جەختێکی زۆر لەسەر یەکگرتوویی خێزانی پادشایی دەکەنەوە، وەک هۆیەک بۆ هەبوونی ڕەوایی سیاسی. لەبەر ئەوەی بنەچە سەرچاوەی سەرەکیی دەسەڵاتی سیاسییە لە ڕژێمە پادشاییەکاندا، هەڵبژاردنەکان زۆر بە دەگمەن، ئەگەر هەبن، بەکار دەهێنرێن بۆ دیاریکردنی سەرۆکی ڕژێمەکە. هەرچەندە هەڵبژاردنەکان لە ڕژێمە پادشاییەکاندا تەواو باون، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر بەستراونەتەوە بە ئاستی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و ئاستی لۆکاڵییەوە. بۆ نموونە، لە ڕژێمە پادشاییەکانی کوێت و ئەردەن، هەڵبژاردنەکان بە ڕێکوپێکی لە کاتی خۆیاندا دەکرێن،

بەڵام پۆستی فەرمانڕەوای ڕژێمەکە بۆ هەموو کەس نابێت. بە پێچەوانەوە، لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، هەڵبژاردنەکان زۆر زوو دەکرێن و بڕیارِ دەدەن کە کێ دەبێتە سەرۆکی ڕژێم، تەنانەت ئەگەر ناوی یەک کاندیدیش لەسەر کاغەزی دەنگدان هەبێت.

هەروەها ڕژێمە پادشاییەکان کەمتر هاوپەیمانی لەگەڵ حزبێکی سیاسیدا دەکەن لەچاو جۆرەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان. هەرچەندە لە هەندێک ڕژێمی پادشاییدا ڕێگە بە هەبوونی حزبە سیاسییەکان دەدرێت، بەڵام ڕژێمەکە بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ هیچ حزبێکی سیاسیدا نابێت. بۆ نموونە، لە پێنج لەو حەوت دیکتاتۆرییەتە پادشاییانەی زیاتر لە یەک ملیۆن دانیشتوانیان هەیە، کە لە ساڵی ٢٠٠٩دا هەبوون، حزبە سیاسییەکان بە تەواوی قەدەغە کرابوون. هەرچەندە توێژینەوەی کەم لەسەر گەڕان بەدوای ئەوەدا کراوە کە بۆچی ئەگەری ئەوە کەمە کە ڕژێمە پادشایەتییەکان پشتیوانی لە حزبە سیاسییەکان بکەن، دەشێت ئەوە بە هۆی گرنگیی بۆماوەیی بێت لە پاساوهێنانەوە بۆ فەرمانڕەوایی ڕژێمی پادشایی.

### پوختە و ئەنجام

ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە تەمەنی مانەوەیان لە دەسەڵات و لەو هۆیانەی بەکاری دەهێنن بۆ مانەوەیان، جیاوازن. لەم بەشەدا لە هۆکارانەمان کۆڵییەوە کە لەپشت خۆگریی دیکتاتۆرییەتەکانەوەن و چۆن ئەو هۆکارانە بەگوێرەی جۆری ڕژێمەکە دەگۆڕێن. هەروەها لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەو ڕێگەیانەش کرد کە بە هۆیانەوە دیکتاتۆرییەتەکان دەڕووخێن، لەگەڵ شێوازەکانی لابردنی دیکتاتۆرەکان لە دەسەڵات کە پەیوەندییان بە جۆری ڕژێمەوە هەیە. لە کۆتاییدا، لە ڕۆڵی هەڵبژاردنەکان و حزبە سیاسییەکانمان کۆڵییەوە کە لە دیکتاتۆرییەتەکان دەیگێڕن و چۆن ئەوانە کار بۆ بەهێزکردنی ڕژێمەکە دەکەن.

لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا، ئەم بەشە هەوڵی دا هەندێک لەو ئاڵۆزییانەی کە لەناو جیهانی دەسەڵاتگەراییدا خۆیان حەشار داوە، کەم بکاتەوە. هەرچەندە دیکتاتۆرییەتەکان ئەوپەڕی لێک جیاوازن، بەڵام دەتوانرێت هەندێک لێکچوون لە نێوانیاندا دەستنیشان بکرێن. ڕوونکردنەوەی ئاڕاستەکان لە کاروباری دامەزراوەیی دیکتاتۆرییەتەکاندا، زانیاریی گرنگمان دەربارەی ڕەفتاری دیکتاتۆرییەتەکان دەداتێ.

ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان بە چەند ڕێگەیەکی سیستیماتیکی لە یەکتر جیاوازن؛ وەک پیشانمان دا، ئەو جیاوازییانە ئەنجامی زۆر سەرسووڕهێنەریان هەیە بۆ سەر مانەوەی ئەو ڕژێمانە و ئەو ستراتیجانەی کە بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بەکاری دەهێنن.

# بەشی چوارەم
# مانەوەی سەرکردە دەسەڵاتگەرایییەکان:
# ستراتیج و ئاڕاستەکان

هەرچەندە مانەوەی دیکتاتۆرییەتەکان و مانەوەی دیکتاتۆرەکان بە زۆری وەک یەک تەماشا دەکرێن و بە هەمان شت دادەنرێن، بەڵام ئەو میکانزمانەی کە بنچینەی پرۆسەی مانەوەی هەر یەکێکیان لە ڕاستیدا تەواو لێک جیاوازن. هەروەک ئەم لێکۆڵینەوەیە جەختی لەسەر دەکاتەوە، ڕژێمە دەسەڵاتگەرایییەکان هاوواتا نین لەگەڵ ئەو سەرکردانەی فەرمانڕەواییان دەکەن، تێکەڵکردنی ئەو دوانە دەبێتە هۆی هەڵەتێگەیشتنێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەسەڵاتگەرایی.

لە کاتێکدا تەمەندرێژیی ڕژێم هەوڵێکی بەرفراوانی ئاڵۆز و ڕێکخراو دەگرێتەوە بۆ مسۆگەرکردنی ڕەزامەندیی دەستەبژێرەکان و پێکهاتە جەماوەرییەکانی ڕژێمەکە، بەڵام تەمەندرێژیی سەرکردایەتی سەرنج دەخاتە سەر توانای سەرکردەکە بۆ ڕازیکردنی پێکهاتەکانی دەستەبژێرەکەی و نەهێشتنی هەڵگەڕانەوەی دەستەبژێرەکان. هەرچەندە چینەکانی جەماوەر پێویستن بۆ مانەوەی چەندین دیکتاتۆرییەت، بەڵام ڕۆڵێکی کەم دەگێڕن لە مانەوەی زۆربەی دیکتاتۆرەکان. لە ڕاستیدا زۆربەی دیکتاتۆرەکان لە لایەن دەستەبژێرەکانەوە لە

دەسەڵات لا دەبرێن. گەورەترین هەڕەشە لەسەر سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکان لەناو خودی ڕژێمەکەوە دێت.

ئەم بەشە هەڵسەنگاندنێکی گشتیمان دەداتێ لەسەر ئەوەی چۆن و بۆچی دیکتاتۆرەکان لە دەسەڵات لا دەبرێن. یەکەم، باسی ڕۆڵی دەستەبژێرەکان دەکەین لەسەر مانەوەی دیکتاتۆرەکان، پاشان دەچینە سەر ئەو ستراتیجانەی کە دیکتاتۆرەکان بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەیان دەیانگرنە بەر، ئینجا ئەو هۆکارە بوونیادییانەی کە کار دەکەنە سەر مانەوەکە. لەو هەلومەجانە دەگەڕێین کە تیایاندا ئەگەری گۆڕینی سەرکردایەتی هەیە، وێڕای ئەوەی کە چۆن شێوازی گۆڕینەکان لە ڕژێمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن. لە کۆتاییدا، بە درێژی باسی ئەو ڕێگە سەرەکییانە دەکەین کە بە هۆیانەوە سەرکردەکان لە دەسەڵات لا دەبرێن، ئینجا چەند تێگەیشتنێک دەخەینە ڕوو دەربارەی ئەوەی کە چۆن بارودۆخی دامەزراوەیی ناوخۆی ڕژێمەکە کاریگەریی لەسەر جۆری لابردنی سەرکردەکە دەبێت.

دەبێت سەرنجی ئەوەش بدەین کە لە دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویدا، هێڵەکانی نێوان دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەتەکە بە زۆری کاڵ بوونەوە. هەرچەندە گواستنەوەی دەسەڵات لە سەرۆکێکەوە بۆ یەکێکی داهاتوو لەناو دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویدا ڕوو دەدات، بەڵام ئەو گواستنەوەیە زۆر کەمتر لە شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکاندا ڕوو دەدات. دەگوترێت تەنانەت دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکانیش دەتوانن دوای ماوەی فەرمانڕەوایی تاکە سەرۆکێکیشی بە باشی بمێننەوە، وەک *نیکاراگوا* لە سەردەمی خێزانی *سۆمۆزا* و *هایتی* لە سەردەمی **دوڤالیێرز** پێشانیان دا.

## ڕۆڵی دەستەبژێرەکان

وەک **پۆڵ ئێچ لویس** دەنووسێت، هەموو سەرکردەیەکی سیاسی پێویستی بە هەندێک کەس هەیە بۆ پاراستنی سەرکردایەتییەکانیان: "بێ گوێدانە ئەوەی کە چەند دیکتاتۆرەکان بەهێزن، ئالۆزییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن و حکومەت وا دەکەن کە مەحاڵ بێت بۆ ئەو دیکتاتۆرانە بە تەنیا فەرمانڕەوایی بکەن. دەشێت ئەو دیکتاتۆرانە دەستیان بەسەر سیستەمەکانی خۆیاندا بڕوات، بەڵام دەبێت هەندێک لە دەسەڵاتەکانیان بە چینی تر بسپێرن، ئەوەش مانای ئەوەیە کە یەکسەر لە خوار دەسەڵاتی ئەوانەوە حکومەتێکی چینی دەستەبژێر دروست دەبێت."

لە کاتێکدا سروشت و ڕێگەی هەڵبژاردنی گرووپی پشتگیریی ئەو دیکتاتۆرانە دەشێت لە ڕژێمێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بێت، بەڵام هیچ سەرکردەیەک بە تەنیا فەرمانڕەوایی ناکات. تاکەکان لەپێناو سوودی خۆیان ڕازی دەبن پشتگیریی سەرکردەکە بکەن. ئەو تاکانە چینی دەستەبژێری دیکتاتۆرییەتەکان پێک دەهێنن.

بە پێچەوانەوە، چینی دەستەبژێری پشتگیریکەر لە دیکتاتۆر بەرەنگارییەکی سەرەکی بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆر دروست دەکەن. لەوانەیە جێی سەرسووڕمان بێت، زۆربەی هەرە زۆری دیکتاتۆرەکان بە کودەتای ناوخۆ لەسەر دەسەڵات لا براون نەک بە ڕاپەڕینی جەماوەری. لە ڕاستیدا نزیکەی ٨٠٪ی کاتەکان دیکتاتۆرەکان لە لایەن کەسانی بەدەسەڵات لە حکومەتدا لا براون. ئەوە دەستەبژێرە پشتگییریکەرەکانی دیکتاتۆرن کە بە زۆری تاوانبار دەکرێن بە دەرکردنی دیکتاتۆرەکان لە دەسەڵاتدا. هەروەک لە **پادشا سیسۆتریس،**

که پادشای میس بووە، دەگێڕنەوە کە لەساڵی ١٩٦٥ی پێش زاییندا، پادشایەکانی دوای خۆی ئاگەدار کردووەتەوە "پاسەوانیی خۆت بکە دژی هەموو ئەوانەی لە ژێردەستتدان، چونکە ناتوانی دڵنیا بیت لەوەی کە کێ پلان لە دژی تۆ دەگێڕێت". گرنگیی دەستەبژێرانی پشتگیریکەر لە دیکتاتۆر بە زۆری لە توێژینەوەکانی گۆڕینی ڕژێمەکاندا تیشکی خراوەتە سەر و لەم دواییەدا لەو توێژینەوانەی لەسەر مانەوەی دیکتاتۆرەکان کراون، دەرکەوتوونەوە.

نموونە لەسەر ڕووخاندنی دیکتاتۆرەکان لە لایەن دەستەبژێرەوە زۆرن، بۆ نموونە، لە *نایجیریا* لە ساڵی ١٩٧٥دا، سەرۆکی دیکتاتۆرییەتی سەربازی، **جەنەڕاڵ یاکوبو گۆن**، لە لایەن هاوڕێکانی لە دەسەڵات لا برا، چونکە هاوڕێکانی وایان بیر کردبووەوە کە **گۆن** زۆر ڕاڕایە و بە تەواوی ڕاوێژ بە ئەندامانی *ئەنجوومەنی سەربازیی باڵا* ناکات. لە *ئەرجەنتین*، سەرۆکی ڕژێم **ڕۆبێرتۆ ڤیۆلا**، لە ساڵی ١٩٨١دا لە لایەن *ئەنجوومەنی سەربازی* لە دەسەڵات لا برا، چونکە ئەندامانی ئەنجوومەنەکە بێزار ببوون لەوەی کە **ڤیۆلا** کەسانی سیڤیلی هێنابوو بۆ ناو کابینەکەی و خۆی بە گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتیی *سەندیکای کرێکاران* خەریک کردبوو. لە *غانا*، **ئیگناتیۆس کوتو ئەچیامپۆنگ**، لە ساڵی ١٩٨١دا لە لایەن سەرۆکی ئەرکانەکەی، **فریدریک ئەکوفۆ**، دەستگیر کرا و دواتر **ئەکۆفۆ** بوو بە سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی *غانا*. هەروەک **جان-بیدل بۆکاسای** *کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست* باشی زانی، کە گەورەترین هەڕەشە بۆ فەرمانڕواییەکەی لە لایەن دەستوپێوەندکانیەوە بۆی هات.

دەستەبژێرەکان وەک ڕکابەری سیاسیی سەرەکیی دیکتاتۆرن. لە حاڵەتیکی ئاوادا، پشتگیریی دەستەبژێرەکان زۆر گرنگە بۆ مانەوەی دیکتاتۆر. لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا، ئەو گرووپی دەستەبژێرە بە شێوەیەکی ئاسایی کۆمیتەی ناوەندی یان مەکتەبی سیاسییە. لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا، ئەو گرووپی دەستەبژێرە بەگشتی دەستەی سەربازیی فەرمانڕەوایە. لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، گرووپی دەستەبژێر بە زۆری لە هاوڕێ و یان ئەندامانی خێزانی دیکتاتۆرەکە پێک دێت، لە کاتێکدا لە ڕژێمی پادشاییدا، دەستەبژێرەکە خێزانی دەسەڵاتدارە.

## ستراتیجەکان بۆ مانەوە

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەسەر مانەوەی سیاسی لە ڕژێمە دیکتاتۆرییە مۆدیرنەکاندا کراون، جەختیان لەسەر ئەو ستراتیجە جۆراوجۆرانەی دیکتاتۆرەکان کردووەتەوە کە لەپێناو مانەوەیان لەسەر دەسەڵاتدا بەکاری دەهێنن. بۆ نموونە، لە چەمکی **مانکور ئۆڵسۆن**، دیکتاتۆرەکان وەک جەردەیەکی نیشتەجێ دێنە سەر دەسەڵات و دزیکردن قۆرخ دەکەن و ئەو دزیکردنە دەخەنە قاڵبی باجەوە. ماوەکانی مانەوەی دیکتاتۆرەکان کار دەکاتە سەر ئەوەی تا چ ڕادەیەک ئەو دیکتاتۆرانە سیستەمێکی ئاسوودە و کەلوپەلی گشتیی تر دابین دەکات کە ببێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمداریی ژێردەستەکانی. چەمکەکەی **ئۆڵسۆن** وای دادەنێت کە دیکتاتۆرەکان کاتێک دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن، بۆ جارێکیش ڕووبەڕووی هیچ هەڕەشەیەک نابنەوە کە کار لە مانەوەیان بکات. باسەکەی **ڕۆناڵد وینترۆب** جەخت لەسەر ئەم

خاڵە دەکاتەوە؛ دیکتاتۆرەکان لە بنچینەدا بەگومانن، چونکە هەرگیز نازانن کە ئایا ژێردەستەکانیان هاوپەیمانیانن یان ڕکابەریانن. دیکتاتۆرەکان ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی بەردەوامی یاخیبوونی جەماوەری دەبنەوە، بۆ نەهێشتنی ئەو هەڕەشەیە، دیکتاتۆرەکان ئامرازی جۆراوجۆریان لە بەردەستدایە، وەک سەرکوتکردنی بەشێکی دانیشتوان و لە هەمان کاتدا بەهێزکردنی دڵسۆزیی بەشەکانی تر و هێنانی هێزە ئۆپۆزسیۆنە بەهێزەکان بۆ ناو ڕژێمەکە لە ڕێی دەسەڵاتی یاسادانانی حزبییەوە.

ئەو جەختکردنەوەیە لەسەر هەڕەشەی ڕاپەڕینی جەماوەری، تا ڕادەیەک بە هەڵەماندا دەبات. بە ئەزموون دەرکەوتووە کە هەڕەشەی سەرەکی لەسەر مانەوەی دیکتاتۆر لە دەسەڵاتدا، یاخیبوونی جەماوەری یان شۆڕش نییە. هەروەک دیکتاتۆری تاکڕەوی مالاوی، **هاستینگس باندا** دەیزانی، مەترسی بۆ سەر فەرمانڕەواییەکەی لە هیچ ڕاپەڕینێکی جەماوەری کە دەشێت بکرێت، نایەت، بەڵکو لە "کودەتای کۆشکەوە" و لە ناو حزبە فەرمانڕەواییەکەی خۆیەوە دێت. هەڕەشەی شۆڕشکردن بوونی هەیە، بەڵام دیکتاتۆرەکان بە زۆری لە لایەن ئەندامانی بازنەی ناوەوەی خۆیان لە دەسەڵات لا دەبرێن، نەک لە لایەن ئەندامانی گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن، هەروەک لە سەرەوە باس کرا.

توێژەرانی جۆراوجۆر دان بەوەدا دەنێن و بەتایبەتی لەو ستراتیجانە دەکۆڵنەوە کە دیکتاتۆرەکان دەیانگرنە بەر بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشانەی کە لە ناو گرووپی پشتیوانانی دەستەبژێرەکانیانەوە دێن. بۆ نموونە، **بیاتریس ماگالۆنی،** داکۆکی لەوە دەکات کە دەبێت دیکتاتۆرەکان ڕێککەوتنی

بەشداریکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئەو هاوپەیمانانەی فەرمانڕەواییان لەگەڵ دەکەن، بکەن، کە زۆر جار جێگەی بڕواپێکردنیش نین، بۆ ئەوەی ئەو دیکتاتۆرانە لە دەسەڵاتدا بهێڵنەوە. لەبەر ئەوەی هیچ شتێک نییە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دیکتاتۆرەکان دڵسۆز دەبن بەرامبەر ئەو بەڵێنانەی بە ئەندامانی گرووپی پشتگیریان داوە، ڕکابەرە چالاکەکان ئەوانە دەکەنە بیانوو بۆ یاخیبوون یان پلانگێڕان دژی ئەو دیکتاتۆرانە. بۆ خاوکردنەوەی توندیی کێشەی ئەو بەڵێنانە، دیکتاتۆرەکان دەبێت هەندێک لە دەسەڵاتەکانیان دابەش بکەن بەسەر ئەو ئەندامانەی کە هاوپەیمانیی لەگەڵدا کردووە، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی حزبە سیاسی و هەڵبژاردنەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

ئەم توێژینەوەیە دان بەوەدا دەنێت کە هەموو دیکتاتۆرەکان هەوڵی زیادکردنی دەسەڵاتیان دەدەن و هەموو ئەو ستراتیجیانە دەگرنە بەر کە دەبنە هۆی ئەگەری ئەوپەڕی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا. لەم بەشەی دێت، گفتوگۆ لەسەر ئەو هۆکارە بوونیادییانە دەکەین کە کار دەکەنە سەر توانایان بۆ مانەوەیان لە دەسەلاتدا.

## ئەو هۆکارە بوونیادییانەی کار دەکەنە سەر مانەوەی دیکتاتۆرەکان

هۆکارە بوونیادییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی هەندێک دیکتاتۆر وا دەردەکەون کە بۆ هەتاهەتایی فەرمانڕەوایی بکەن، لە کاتێکدا دیکتاتۆری تر بە ئاسانی دەڕووخێندرێن. لەم بەشەدا، لەوە دەکۆڵینەوە کە چۆن

جۆری ڕژێم کار دەکاتە سەر مانەوەی سەرۆکایەتی لە دیکتاتۆرییەتەکاندا.

جەخت لە توانای دەستەبژێرەکان دەکەینەوە کە بە هێز سەرکردەکان لە دەسەڵات لا دەبەن. هەڕەشەی کودەتا کاریگەریی لە هەڕەشەی تاوانبارکردن زیاترە. ئەوەش بە مانای ئەوە نایەت کە هەمیشە بەکارهێنانی هێز پێویستە بۆ ئەوەی دیکتاتۆرەکان دەسەڵات بەجێ بهێڵن. بۆ نموونە، لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتی سەربازیی *ئۆرۆگوای*، دەستەبژێرەکان داوای ئەوەیان کرد کە سەرۆککۆمار **خوان ماریا بۆردابیری**، لە ساڵی ١٩٧٦دا دەست لە کار بکێشێتەوە، بە هۆی ئەوەی نەیتوانی بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ کێشە ئابوورییەکانی وڵاتەکەدا بکات. **بۆردابیری** داواکاریی دەستەبژێرەکانی جێبەجێ کرد و بە ئاشتییانە دەسەڵاتی ڕادەستی سەرۆکێکی دوای خۆی کرد. سەرۆکەکان داواکاریی وازهێنان لە دەسەڵات جێبەجێ دەکەن، کاتێک ئەو داواکارییە پشتئەستوور دەبێت بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی بە زەبری بەهێز لابردن.

پێکهاتە دامەزراوەییەکانی دیکتاتۆرییەت (ئەگەر ڕژێمەکە لە لایەن سوپایەکی پڕۆفیشناڵ یان حزبێک یان هیچیان فەرمانڕەوایی بکرێت) ڕۆڵێکی بەهێز دەگێڕن لە دیاریکردنی ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی لەسەر لابردنی دیکتاتۆر لە دەسەڵات دەبنەوە. دوو هۆکاری سەرەکی کار لە توانای دەستەبژێرەکان دەکەن بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆرەکان: یەکەم، ئەگەری بەئەندامبوونی دەستەبژێرەکان لە دامەزراوەیەکی یەکگرتوودا. دووەم، ئەگەری دەستڕاگەیشتنی دەستەبژێرەکان بە سوپا و بە چەک. بە هۆی ئەو دوو هۆکارەوە، دیکتاتۆرە

سەربازییەکان ڕووبەڕووی گەورەترین مەترسیی لەدەسەڵاتلابردن دەبنەوە لە لایەن ئەو دەستەبژێرانەی پشتگیرییان لێ دەکەن، دوای ئەو دیکتاتۆرانەش، دیکتاتۆرە یەکحزبییەکان دێن، ئینجا دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دێن.

## ئەندامێتیی دەستەبژێر لە دامەزراوەیەکی یەکگرتوودا

یەکەم هۆکار کە گرنگە، دیاریکردنی ئەوەیە کە ئایا دەستەبژێرەکان دەبنە ئەندام لە دامەزراوەیەکی یەکگرتوودا، وەک سوپا یان حزب؟ ئەو ئەندامێتییە کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەوەی کە ئایا دەستەبژێرەکان یەکیەک یان بەکۆمەڵ لەگەڵ دیکتاتۆر ڕێک دەکەون. هەڵسوکەوتی دەستەبژێران لە ڕژێمە تاکحزبی و سەربازییەکان وەک هەڵسوکەوتی کرێکاران وایە لە ناو سەندیکای کرێکاران. ئەو دەستەبژێرانە لە دامەزراوەیەکدا ڕێک خراون، ئەمەش وای لێ کردوون کە وەک دەستەیەک لەگەڵ دیکتاتۆر ڕێک بکەون نەک وەک تاکتاک کە بە ئاسانی بە کەسی تر بگۆڕدرێن. هەروەک ئەندامێتی لە سەندیکایەکی کرێکاران، وا لە کرێکارەکان دەکات ئاسانتر هەماهەنگی لەگەڵ یەکتردا بکەن بۆ ناڕەزاییدەربڕین، لە ڕژێمێکی تاکحزبی و ڕژێمێکی سەربازیدا ئەندامێتیی دەستەبژێرەکان لە حزبەکە یان لە سوپادا وا لە دەستەبژێرەکان دەکات ئاسانتر هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر بکەن بۆ ئەنجامدانی کودەتا.

بە پێچەوانەوە، لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان، دامەزراوەی بەهێز نین کە یەک بە دەستەبژێرەکان بگرن. هەرچەندە لەو دیکتاتۆرییەتانە حزب و سوپا هەن، بەڵام پێ دەچێت لاواز بن بە هۆی پارچەپارچەبوونیان، کە بە زۆری ئەو

پارچەپارچەبوونەیان لەسەر بنچینەی ئیتنی دەبێت. دەستەبژێرەکان دەبێت بەسەر کۆسپێکی گەورەتری هەماهەنگیدا زاڵ ببن بۆ لابردنی سەرۆک لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، چونکە ئەندام نین لە دامەزراوەیەکی یەکگرتووی ئەو دیکتاتۆرییەتەدا.

## مافی دەستەبژێرەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بەسەر سوپا و چەکدا

دووەم هۆکار کە گرنگە تیشکی بخرێتە سەر، ئەوەیە تا چ ڕادەیەک دەستەبژێران کۆنترۆڵیان بەسەر هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشدا هەیە. زۆربەی زۆری کودەتاکان هێزەکانی سوپا دەیکەن. تا دەستەبژێرەکان کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی زیاتریان بەسەر ئەو هێزانەوە هەبێت، پۆستی سەرۆک لاوازتر دەبێت. هەرچەندە هەموو وڵاتان سوپا و تاکی وایان هەیە بتوانێت کودەتا بکات، بەڵام ئەوە بەتایبەتی لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا ڕاستە. دەستەبژێر لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا، بە شێوەیەکی سروشتی فەرماندە سەربازییەکانی هێزە جۆراوجۆرەکانن، لەم حاڵەتەدا، پێ دەچێت ئەو فەرماندە سەربازییانە کۆنترۆڵی زیاتریان بەسەر دەزگاکانی ئاسایشدا هەبێت وەک لەوەی دەستەبژێرەکانی ناو ڕژێمە تاکڕەوی و تاکحزبییەکاندا هەیانە.

لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبی و تاکڕەوییەکاندا، بەگشتی دەستەبژێرەکان کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆیان بەسەر سوپا و چەکدا نییە. سەرۆکەکان لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا بە

زۆری خودی خۆیان لە سوپاوە دێن و کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر هێزە چەکدارەکاندا هەیە، وێڕای هێزە چەکدارە نیمچەسەربازییە تایبەتەکانیش. لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا، سوپا بە پلەی دووەم دوای حزب دێت. سەربازەکان فێری ئایدیۆلۆجیای حزب دەکرێن و ئەندامانی حزب دەخرێنە ناو سوپاوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سوپا دڵسۆزی حزبەکەیە. ئەو جیاوازییانەی دەبنە هۆی ئەوەی ئەنجامدانی کودەتا قورستر بێت.

## لاوازیی سەرۆکایەتی

لەبەر ئەو دوو هۆکارە، ئاسانترە بۆ دەستەبژێرانی سەربازی لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان کە دیکتاتۆر لە دەسەڵات لا ببەن، دوای ئەوانەش دەستەبژێرانی دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی دێن، لە کۆتاییدا دەستەبژێرانی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی دێن. دەتوانین بەم جۆرە کورتی بکەینەوە:

* دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان: دەستەبژێرەکان دەستیان بە سوپا و چەک ڕادەگات و سەر بە دامەزراوەیەکی یەکگرتوون (سوپا)، ئەمەش وا دەکات بۆ ئەوان ئاسانتر بێت بە سەرکەوتوویی کودەتا ئەنجام بدەن.

* دیکتاتۆرییەتە تاکحزبیەکان: دەستەبژێرەکان دەستیان بەو هێزە مادییە ڕاناگات تا کودەتا بکەن، بەڵام سەر بە دامەزراوەیەکی یەکگرتوون (حزب)، ئەمەش وا دەکات کە بۆ ئەوان قورس بێت کودەتایەکی سەرکەتوو ئەنجام بدەن.

* دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان: دەستەبژێرەکان نە دەستیان بە سوپا و چەک ڕادەگات، نە ئەندامیشن لە دامەزراوەیەکی یەکگرتوودا، ئەوانەش وا دەکەن کە زۆر قورس بێت بۆیان کودەتایەکی سەرکەوتوو ئەنجام بدەن.

لەبەر ئەو هۆیانە، ئەو مەترسییەی ڕووبەڕووی دیکتاتۆرەکان دەبێتەوە سەبارەت بە لادانیان لە دەسەڵات لە لایەن دەستەبژێرەکانەوە دەبێتەوە، بە شێوەیەکی دیار بەگوێرەی جۆری ڕژێمەکان دەگۆڕێت. (بڕوانە وێنەی ١:٤ و وێنەی ٢:٤).




*وێنەی ٤:١: تێکرای ژمارەی ئەو ساڵانەی دیکتاتۆرەکان لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە*




*وێنەی ٤:٢: تێکرای مانەوەی سەرۆکە دەسەڵاتگەراییەکان*

دیکتاتۆره سەربازییەکان گەورەترین مەترسیی ئەوەیان لەسەره کە لە هەر ساڵێکدا بێت لە لایەن دەستەبژێرەکان بڕووخێندرێن و تەنیا بە تێکڕایی بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ فەرمانڕەوایی دەکەن. بە پێچەوانەوە، دیکتاتۆره تاکڕەوەکان کەمترین مەترسیی ئەوەیان لەسەره کە لە لایەن دەستەبژێرەکانەوە بڕووخێندرێن و بە تێکرایی بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵ فەرمانڕەوایی دەکەن. دیکتاتۆره تاکحزبییەکان کەمێک زیاتر لە دیکتاتۆره تاکڕەوەکان لاوازترن، بەڵام کەمتر لە دیکتاتۆره سەربازییەکان، بە تێکڕایی بۆ ماوەی نزیکەی هەشت ساڵ فەرمانڕەوایی دەکەن.

## چۆن دیکتاتۆرەکان لە دەسەڵات لا دەبرێن

ئەو شێوازانەی دیکتاتۆرەکانی پێ لەسەر دەسەڵات لا دەبرێن، لە توندوتیژیدا ئێجگار زۆر لێک جیاوازن، لە هەندێک حاڵەتدا لەسەردەسەڵاتلابردنەکە بە توندوتیژی دەبێت، لە کاتێکدا لە حاڵەتەکانی تر دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەگوازرێتەوە. هەرچەندە دیکتاتۆرەکان بە دەگمەن بە ویستی خۆیان واز لە دەسەڵات دەهێنن، بەڵام هەندێک جار ئەوە ڕوو دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا، لە زۆربەی حاڵەتەکان، دیکتاتۆرەکان ناچار دەکرێن واز لە دەسەڵات بهێنن یان ئەویش لە ڕێی کودەتاوە یان لە ڕێی ڕێکاری دامەزراوەییەوە، کە دەبێت دیکتاتۆرەکە پێیەوە پەیوەست بێت (یان ڕووبەڕووی مەترسیی لابردن بە هۆی هێزەوە دەبێتەوە). لەم بەشەدا، بە درێژی باسی چوار شێوازی لابردنی دیکتاتۆرەکان لەسەر دەسەڵات دەکەین، کە ئامانەن:

* دەرکردن: دیکتاتۆرەکە بە هێز لەسەر دەسەڵات لا دەبرێت لە لایەن دەستەبژێری فەرمانڕەوا یان هاوپەیمانەکانی (یان لە ڕێی هەڕەشەوە یان ئەنجامدانی کودەتایەک).

* گۆڕینی یاسایی (دامەزراوەییانە): دیکتاتۆر واز لە دەسەڵات دەهێنێت بەگوێرەی یاسای جێنشینیی سەرۆکایەتی، وەک کۆتاییهاتنی ماوەکەی.

* کوشتنی بە نهێنی (ڕەشەکوژی): دیکتاتۆرەکە یان لە لایەن ئەندامێکی ناو ڕژێمەکە، هاوڵاتییەکی تووڕە، گرووپێکی ئۆپۆزسیۆن یان هێزێکی بیانی، بە نهێنی دەکوژرێت.

* وازهێنان: دیکتاتۆر بە ئارەزووی خۆی دەسەڵات بەجێ دەهێڵێت بە هۆی هۆکارە کەسی یان دەستوورییەکانەوە.

هەندێک جار دیکتاتۆرەکان دەڕووخێن لەبەر ئەوەی ڕژێمەکانیان دەڕووخێن. ئەو شێوازانەی لابردن (شۆڕش و کودەتا لە لایەن ئەفسەرانی پلەنزمەوە و تا دوایی) لە بەشی سێیەم باس کران. بەم جۆرە، دیکتاتۆرەکان جاروبار لە دەسەڵات لا دەبرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی زووڕووخانی ڕژێمەکە. دەشێت ئەمەش ڕوو بدات کاتێک دەستەبژێرەکان دیکتاتۆر لە دەسەلات لا دەدەن و ئەو کاریگەرییە ناسەقامگیرییەی کە ئەو لابردنە لەسەر ڕژێمەکە دەیبێت، بە کەم دادەنێن. ئەو شێوازانەی لابردن کە بە زۆری دەبنە هۆی ڕووخانی دیکتاتۆرەکە لە خوارەوە باس کراون.

**دەرکردن**

دەرکردن ئەوەیە کاتێک ئەندامانی دەستەبژێری فەرمانڕەوا بە زۆر دیکتاتۆر لە دەسەڵات لا دەبەن. دەرکردنەکان بە شێوەیەکی ئاسایی پێویستیان بە هەڕەشە یان ئەنجامدانی کودەتایە. ئەو دەرکردنانە دەشێت بەبێ خوێنڕشتن بن یان تەواو توندوتیژ بن. کاتێک دەستەبژێران بەم شێوازە دیکتاتۆرەکان لە دەسەڵات لا دەبەن، مەبەستیان ڕووخاندنی ڕژێمەکان نییە، بەڵکو مەبەستیان لابردنی دیکتاتۆرێکە کە خۆشیان ناوێت.

هۆیەکانی ئەوەی بۆچی دەستەبژێران هێز هەڵدەبژێرن بۆ لادانی دیکتاتۆرەکان لە دەسەڵات، زۆر جیاواز نییە لەو هۆیانەی کە بۆچی دیموکراتیخوازەکان لە لایەن دەنگدەرانەوە لە دەسەڵات لا دەبرێن. سستی و گەشەکردنی ئابووری و هەڵاوسان و ڕێژەی بێکاریی زۆر و کێشەی زۆری سیاسەتی بیانی، هەموو ئەوانە هۆی بەهێزی ناڕازیبوونی دەستەبژێرانن

له دیکتاتۆرەکان. ئەو جۆرە ناڕازیبوونە کاتێک زیاد دەکات کە سوودوەرگرتنی دەستەبژێر لە دەستکەوتە مادییەکانی ڕژێمەکە کەم دەبێتەوە.

دەرکردنەکان شێوازێکی نموونەیی چوونەدەرەوەی دیکتاتۆرەکانن لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر ئەوەی بۆ دەستەبژێرە سەربازییەکان کودەتاکردن کارێکی زۆر ئاسانە. هەروەها دەرکردن لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانیش ڕوو دەدات، بەڵام لەچاو دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان کەمتر باوە. دەستەبژێرانی حزب **نیکیتا خرۆشۆف**یان لە یەکێتیی *سۆڤێت* ناچار کرد واز لە دەسەڵات بهێنێت، ئەمە بۆ وازهێنانی **ماتیاس ڕاکۆسی** لە *هەنگاریا* و **ڤوڵکۆ چێرڤینکۆڤ** لە *بولگاریا* ڕاستە. تەنانەت دەستەبژێران پادشایەکانیشیان لە شانشینەکان تووشی هەمان چارەنووس کرد، هەرچەندە بە دەگمەن ئەوانە ڕوویان داوە. **شا تەلالی یەکەم**ی *ئەردەن* ناچار کرا لە پادشایی واز بهێنێت بە هۆی کێشەکانی تەندروستیی مێشکەوە، لە کاتێکدا **سەعید بن تەیمووری** *عەممان* لە لایەن کوڕەکەی، **قابووس بن سەعید ئال سەعید** لە دەسەڵات لا برا.

دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان وا دەردەکەون کە لەوە بەدەر بن. کاتێک سەرۆکایەتییەکان لەناو ڕژێمی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دەگۆڕێن، کە هەمیشە نزیکەی پێش ئەو گۆڕینانە دیکتاتۆرەکە دەمرێت یان دەست لە کار دەکێشێتەوە. لابردنی دیکتاتۆرێکی تاکڕەو لە دەسەڵات بە زەبری هێز (ئەگەر لە لایەن دەستەبژێر یان هەڵگەڕاوەکان لە ڕژێم لا ببرێت)، نزیکەی هەمیشە ڕووخانی ڕژێمەکەی لەگەڵدا دەبێت.

## گۆڕینی یاسایی (دامەزراوەییانەی) دیکتاتۆر

هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان یاسایان هەیە کە گۆڕین بەسەر سەرۆکایەتیدا دەسەپێنێت؛ دەکرێت ئەو گۆڕینانەش لە ڕێی هەڵبژاردنەکانەوە یان ئەو پەیڕەوانەی ڕژێمەکە چەسپاندوونی، بکرێن، وەک دیاریکردنی ماوەی حوکمڕانی. بۆ نموونە، لە *مەکسیک* لەژێر سایەی حوکمڕانیی *حزبی شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*، ماوەی حوکمڕانیی سەرۆککۆمار کە شەش ساڵ بوو، زۆر پەیوەست بوون پێیەوە. هەروەها لە *ئەرجەنتین*، پێش ئەو کودەتایەی کە حکومەتی **پیرۆنیست**ی لە ساڵی ۱۹۵۵دا ڕووخاند، *ئەنجوومەنی سەربازی* یاسایەکی دانا کە مەرجی دانابوو بۆ دەستاودستکردنی پۆستی سەرۆککۆماری و بڵاوکردنەوەی دەسەڵات بەسەر پۆستە خزمەتگوزارییەکاندا. ئەو یاسایانەش جێبەجێ کران وەک ڕێگەیەک بۆ ئەوەی هیچ تاکێک دەسەڵاتێکی تا ڕادەیەک زۆر بەدەست نەهێنێت. کودەتاچییەکانی ئەو ڕژێمە سەربازییانەی دواتر هاتن ڕەزامەندییان لەسەر ئەم یاسایانە دەربڕی: "پێویستە ڕکابەری دەسەڵات ئەوپەڕی کەم بکرێتەوە و نابێت سەرکردەی سیاسی یان سەربازی هەبێت، نابێت ڕێگە بە هیچ فەرماندەیەکی سەربازی بدرێت کە هەوڵی ئەوە بدات خۆی بکاتە سەرکردەیەکی سیاسیی جەماوەری." سەرکردەکان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە فەرماندەکانی ئەنجوومەنە سەربازییەکە (ئەوان خۆیان) وەک سەرچاوەیەکی دەسەڵاتی دەوڵەت بن. کار و دەسەڵات دەبێت دابەش بکرێت بۆ سێ بەش، بۆ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێک لەو سیانە زاڵ نەبێت بەسەر ئەوانی تردا.

هەرچەندە گۆڕینی یاسایی دیکتاتۆرەکان کەمتر لە دیکتاتۆرییەتەکاندا باون لەچاو شێوازەکانی دیکەی دەرکردن، بەڵام گواستنەوەیەکی بێگرێوگۆڵی دەسەڵات دابین دەکەن.

## کوشتنی بە نهێنی (ڕەشەکوژی)

کوشتنی بە نهێنی ئەوەیە کاتێک کەسێک کە مەبەستە یان کەسێکی بەناوبانگ بە شێوەیەکی لە پێشدا پلان بۆ دانراو بە ئەنقەست دەکرێتە ئامانج و دەکوژرێت. لە دیکتاتۆرییەتەکاندا، کوشتنی بە نهێنیی سەرۆک دەکرێت لە لایەن تاک یان گرووپی جۆراوجۆرەوە ئەنجام بدرێت. بە کردار، ئەندامانی دەستەبژێران و هاووڵاتییانی تووڕە و ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن و هێزە بیانییەکان هەموو ئەوانە بە نهێنی سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکانیان کوشتووە.

کوشتنی بە نهێنی بە زۆری لەناو خودی ڕژێمەکە ڕوو دەدات. کوشتنی بە نهێنیی **پارک چونگ هی**، دیکتاتۆری تاکڕەوی/سەربازی لە *کۆریای باشوور*، نموونەیەکمان دەداتی کە چۆن کوشتنی بە نهێنی لەناو خودی ڕژێم ڕوو دەدات. **پارک** لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٩دا لە لایەن ئەندامێکی دەستەبژێرەکەی خۆیەوە کوژرا کە **کیم جایگیو** بوو. **کیم جایگیو** بەڕێوەبەری *ئاژانسی هەواڵگریی کۆریای باشوور* بوو و هاوەڵێکی هەرە نزیکی **پارک** بوو. ڕژێمەکە دوای حەوت مانگ **کیم**ی لە سێدارە دا و جەنەڕاڵ **چون دۆ-هوان**ی کرد بە سەرۆکی وڵاتەکە.

کوشتنی بە نهێنی تەنیا یەک کەسی دەوێت، لەبەر ئەوەی کوشتنی دیکتاتۆر پێویستی بە هەماهەنگییەکی کەمتر هەیە وەک لە کردنی کودەتا، کوشتنە بە نهێنییەکان ئاسانتر جێبەجێ

دەکرێن. ئەو جۆرە کوشتنە بە نهێنییانە مەترسیی زۆر لەخۆ دەگرن، کاتێک ئەنجامەکانی شکستهێنان لە هەوڵێکی ئاوادا مردن بێت.

زۆرینەی کوشتنی بە نهێنیی دیکتاتۆرەکان لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان یان دووڕەگەکان ڕووی داوە (بڕوانە خشتەی ١:٤). هۆی جۆراوجۆر هەن بۆ لێکدانەوەی کوشتنی بە نهێنی: یەکەم، زۆر قورسە بۆ دەستەبژێرانی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی کە بە هێز دیکتاتۆرەکە لە دەسەڵات لا ببەن و کەم (ئەگەر هەبێت) لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ڕێگەی دامەزراوەییان هەیە بۆ گواستنەوەی دەسەڵات. ئەمەش وا لە دەستەبژێر دەکات کە ڕێگەی کەمی لە بەردەستدا بێت بۆ لابردنی دیکتاتۆر لە دەسەڵات جگە لە کوشتنی بە نهێنی نەبێت. دووەم، لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، جەماوەر بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر لە پڕۆسەی سیاسی دوور دەخرێنەوە (گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنیش)، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدیهێنانی بارودۆخێک کە بێزاریی تاکەکان بگاتە تەقینەوە. لە کۆتاییدا، هێزە بیانییەکان بە زۆری ناتوانن لە ئاست دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دان بە خۆیاندا بگرن، بەتایبەتی کاتێک ئەو دیکتاتۆرە تاکڕەوانە ماوەیەکی زۆر درێژ لەسەر دەسەڵات دەمێننەوە و ئەو هێزە بیانییانە پەنا بۆ کوشتنی بە نهێنییان دەبەن وەک ئەڵتەرناتیڤێکی چاوەڕوانکردنی مردنی سروشتییان یان دەستلەکارکێشانەوەیان.

*کۆماری دۆمۆنیکان* لەبن دەسەڵاتی **ڕافایل تروجیلۆ**، نموونەیەکمان لەسەر کوشتنی بە نهێنی لە لایەن هێزە بیانییەکانەوە دەداتێ. **تروجیلۆ** توانیی زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام فەرمانڕەواییەکەی تا دەهات زیاتر

سەرکوتکەرانەتر و بەدڕەفتار دەبوو. لە ساڵی ١٩٦٠دا، *ویلایەتە یەکگرتووەکان*، کە دەمێک بوو پشتگیریی ڕژێمی **ترۆجیلۆی** دەکرد، گەیشتە ئەوەی لە ئەدای **ترۆجیلۆ** ناڕازی بێت. *ویلایەتە یەکگرتووەکان* بینی کە **تروجیلۆ** دەست لە کاروباری وڵاتان وەردەدات و مەترسیدار دەبێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی **تروجیلۆ** لە ساڵی ١٩٦٠دا هەوڵی کوشتنی سەرۆکی *فەنزوێلا*، **ڕۆمیولۆ بێتانکۆرتی**ی دا. **تروجیلۆ** لە ٣٠ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٠دا لە لایەن گرووپێکی بچووکی پیاوانی *کۆماری دۆمینیکان* کوژرا. زۆر دەشێت کە ئەو کوشتنە بە یارمەتی و هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسە هەواڵگرییەکانی *ویلایەتە یەکگرتووەکان* ئەنجام درابێت. وەک لە زۆرینەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ڕوو دەدات، کوژرانی **تروجیلۆ** ئاماژەی کۆتاییهاتنی ڕژێمەکە بوو.

*خشتەی ٤:١: کوشتنە نهێنییەکانی دیکتاتۆرەکانی دوای دووەم جەنگی جیهانی*

| مێژوو | دیکتاتۆر/سەرۆک | وڵات | جۆری ڕژێم |
|---|---|---|---|
| ئەفریقا | | | |
| ١٩٨٧ | تۆماس سانکارا | بۆرکینا فاسۆ | تاکڕەوی |
| ١٩٩٣ | مەڵچیۆر ندادیا | بوروندی | سەربازی |
| ١٩٧٥ | فرنسوا تۆمبالبایە | چاد | تاکڕەوی/یەکحزبی |
| ١٩٧٧ | ماریەن نگاوبی | کۆنگۆ | یەکحزبی/سەربازی |
| ٢٠٠١ | لۆرین کابیلا | کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ | تاکڕەوی |
| ١٩٩٠ | سامیۆڵ دۆ | لیبریا | تاکڕەوی |
| ١٩٧٥ | ڕیچارد ڕاتسماندراڤا | مەدغەشقەر | سەربازی |
| ١٩٧٦ | مورتالا ڕاماد مەحەمەد | نایجیریا | سەربازی |
| ١٩٩٤ | جوڤیناڵ هابیاریمانا | ڕواندا | تاکحزبی/سەربازی |
| ئەمەریکای لاتین | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٦١ | ڕافایل تروجیلۆ | کۆماری دۆمینیکان | تاکڕەوی |
| ١٩٥٧ | کارلۆس کاستیلۆ ئارماس | گواتیمالا | تاکڕەوی |
| ١٩٥٦ | ئاناستاسیۆ سۆمۆزا گارسیا | نیکاراگوا | تاکڕەوی |
| ١٩٥٠ | کارلۆس دیلگادۆ چاڵباود | فەنزویللا | تاکڕەوی/سەربازی |
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست | | | |
| ١٩٧٨ | مەحەمەد داود خان | ئەفغانستان | تاکڕەوی |
| ١٩٩٢ | مەحەمەد بودایف | جەزائیر | سەربازی |

| میژوو | دیکتاتۆر/سەرۆک | وڵات | جۆری ڕژێم |
|---|---|---|---|
| ١٩٨١ | ئەنوەر سادات | میسر | هەڕەشەی سێلایەنە |
| ١٩٥٨ | فەیسەڵی دووەم | عێراق | پادشایی |
| ١٩٥١ | عەبدوڵلای یەکەم | ئەردەن | پادشایی |
| ١٩٧٥ | فەیسەڵ | عەرەبستانی سعوودی | پادشایی |
| ١٩٤٨ | ئیمام یەحیا | یەمەن | پادشایی |
| ١٩٧٨ | ئیبراهیم ئەلحەممادی | یەمەن | سەربازی |
| ئاسیا: | | | |
| ١٩٨١ | زیائور ڕەحمان | بەنگلادێش | تاکڕەوی |
| ٢٠٠١ | بیایندرا | نیپاڵ | پادشایی |
| ١٩٨٨ | مەحەمەد زیائولحەق | پاکستان | تاکڕەوی/سەربازی |
| ١٩٧٩ | پارک چونگ هی | کۆریای باکوور | سەربازی |
| ١٩٦٣ | نگۆ دینە دیم | ڤێتنامی باشوور | تاکڕەوی |

### وازهێنان لە دەسەڵات

هەرچەندە زۆر لە سەرۆکەکان تا بۆیان بکرێت لەسەر دەسەڵات دەمێننەوە، بەڵام هەندێکیان هەندێک جار بە ویستی خۆیان واز لە دەسەڵات دەهێنن. دەکرێت وازهێنان لە دەسەڵات بە هۆی چەند هۆکارێکەوە ڕوو بدات، وەک پیری یان نەخۆشی یان کەمهۆشی. هەروەها دەشێت سەرۆکەکان

واز لە دەسەڵات بهێنن لەبەر ئەوەی هەست بەوە بکەن کە لە ناو دەستەبژێران و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی تری ڕژێمەکە چیتر خوشەویست نەماون. وازهێنان لە دەسەڵات نابێتە هۆی گۆڕینی ڕژێمەکە. بۆ نموونە، **لی کوان یو** بە ویستی خۆی لەساڵی ١٩٩٠دا وازی لە دەسەڵات هێنا، کە لە ساڵی ١٩٥٩وە تا کاتی وازهێنانەکەی سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیران* بوو. وازهێنانەکەی **لی** زۆر بە وردی لە لایەن ڕژێمەکەوە پلانی بۆ دانرابوو بۆ دەستەبەرکردنی گواستنەوەیەکی ڕێکوپێکی دەسەڵات. **گۆە چۆک تۆنگ** دوای **لی** بوو بە سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیران* و گواستنەوەی دەسەڵاتەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بوو. **جولیوس نایریری**، کە سەرۆکی ڕژێمی تاکحزبیی *تانزانیا* بوو، بە ویستی خۆی لە ساڵی ١٩٨٥دا وازی لە دەسەڵات هێنا. ڕژێمەکە دوای وازهێنانەکەی **نایریری** وەک خۆی مایەوە و بەڵگەیەکی کەم هەبوو کە **نایریری** بە زۆر وازیان پێ لە دەسەڵات هێنابێت.

### وازهێنانی کاسترۆ

لە ١٩ی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨دا، **فیدڵ کاسترۆ**، کە ماوەیەکی دوورودرێژ سەرۆکی *کووبا* بوو، وازی لە دەسەڵات هێنا و کۆتایی بە نزیکەی پەنجا ساڵ فەرمانڕەوایی دیکتاتۆری هێنا. **کاسترۆ** لە هەموو سەرۆکەکانی تری *کووبا* زیاتر لە دەسەڵات مایەوە و لە ساڵی ١٩٥٩ەوە فەرمانڕەوایی *کووبای* کرد (وەک دیکتاتۆرییەتێکی تاکڕەویی تاکحزبی). **کاسترۆ** لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا هەستی بەوە کرد کە کاتی ئەوە هاتووە مەشخەڵی شۆڕشەکە ڕادەستی برا بچووکەکەی، **ڕائول کاسترۆی** تەمەن ٧٦ ساڵ بکات. هەرچەندە لە ڕاست و

دروستیی ئەوە دڵنیا نین، دەشێت لە سەرەتای تەمووزی ٢٠٠٦ەوە، **ڕائول کاسترۆ** وەک جێگری سەرۆک دەستبەکار بووبێت. **کاسترۆی** براگەورە تووشی زنجیرەیەک کێشەی تەندروستی بوو، کە پێویستیان بە نەشتەرگەری هەبوو. **فیدڵ کاسترۆ** ڕای گەیاند هەرچەندە ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە تا دوا هەناسە سەرۆک بێت، "خیانەتێک لە ویژدانی خۆم دەکەم بەرپرسیارێتییەک قبووڵ بکەم کە پێویستی بە جموجۆڵ و خۆتەرخانکردنی زیاتر هەبێت لەوەی من کە لە ڕووی جەستەییەوە بتوانم بیکەم". (**فیدڵ کاسترۆ** دوای نیو سەدە لە سەرۆکایەتیکردنی کووبا واز لە دەسەڵات دەهێنێت، *ئەسۆشەیتد پرێس*، ١٩ی شوباتی ٢٠٠٨)

## پوختە و ئەنجام

لەم بەشەدا، لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی سەرۆکایەتی لە دیکتاتۆرییەتەکانمان کۆڵییەوە. تەنیا هەر باسی ئەو هەڕەشە سەرەکییانەمان نەکرد کە ڕووبەڕووی دیکتاتۆرەکان دەبنەوە، بەڵکو باسی ئەوەشمان کرد کە ئەو هەڕەشانە لە کوێوە دێن و دیکتاتۆرەکان چی دەکەن بۆ نەهێشتنیان. ئەوەشمان ڕوون کردەوە کە لاوازیی دیکتاتۆرەکان بەگوێرەی جۆری ڕژێمەکە دەگۆڕێت. جیاوازیی دامەزراوەیی لە پێکهاتی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر تەمەنی مانەوەی دیکتاتۆرەکان و بۆ دەستەبژێران لادانی ئەو دیکتاتۆرانە چەند ئاسان یان قورسە.

دیکتاتۆرەکان ڕووبەڕووی بەردەوامیی هەڕەشەی لابردن لەسەر دەسەڵات دەبنەوە. جێی سەرسووڕمانە کە ئەو

هەڕەشانە بە شێوەیەکی سەرەکی لە بازنەی ناوخۆی دەستەبژێرانی دیکتاتۆرەکانەوە دێن. بەم جۆرە، دەستەبژێران دەبنە ڕکابەری سەرەکیی دیکتاتۆرەکان. لەبەر ئەو هەڕەشە بەردەوامەی کە دەستەبژێران بۆ سەر دیکتاتۆرەکان دەیانبێت، دیکتاتۆرەکان دەبێت ستراتیجی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی لە دەسەڵات بمێننەوە بەکار بهێنن، ئەو ستراتیجانەش لە سەرکوتکردن تا بەشدارییپێکردنی دەستەبژێران لە دەسەڵات دەگرێتەوە. بەدەر لەو ستراتیجانە، هۆکارە بوونیادییەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەو لاوازییەی کە دیکتاتۆرەکان لە سەرکردایەتیکردنیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە. دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بە کەمترین ڕادە تووشی لەسەردەسەڵاتلابردن دەبن، دوای ئەوان دیکتاتۆرە یەکحزبییەکان دێن، لە کۆتاییشدا دیکتاتۆرە سەربازییەکانن.

هەرچەندە ئەدەبیات لەسەر مانەوەی سەرۆکایەتی زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام ئەم بەشە ئاماژە بۆ کەلەبەرێکی بەرچاو لەم بوارەی توێژینەوەدا دەکات. زانیاریی کەمتر دەربارەی مانەوەی پادشایەکانی ڕژێمی پادشایی هەیە ئەگەر بەراورد بکرێن بە جۆرەکانی تری دیکتاتۆرەکان و هەروەها دەربارەی ئەو هۆکارانەش کە کاریگەرییان لەسەر مانەوەی ئەو پادشایانە هەیە. توێژینەوەی زیاتر لەسەر لاوازیی پادشایەکان لە ڕژێمی پادشاییەکاندا گرنگە بۆ پەرەپێدانی تێگەیشتنمان دەربارەی چۆنێتیی مانەوەی سەرۆکایەتی لە جیهانی دەسەڵاتگەراییدا.

# بەشی پێنجەم
# کودەتا

به نایاسایی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن هێزە چەکدارەکانەوە یان کودەتا، ڕۆڵێکی سەرەکی لە سیاسەتی دەسەڵاتگەراییدا دەگێڕێت. وەک لە بەشەکانی پێشەوە باس کرا، کودەتا بە زۆری زۆر گرنگن لە سەرهەڵدان و ڕووخاندنی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان، وێڕای گرنگییان لە لابردنی سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکان. کودەتا دەکرێت نیشانەی ڕووخانی دیکتاتۆرییەتێک و خێراکردنی دەستپێکردنی یەکێکی تر بێت. ئەو کودەتایانە هەڕەشەیەکن هەمیشە لە ناو مێشکی سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکاندا بوونیان هەیە. بەم جۆرە، کودەتاکان زۆر گرنگن لە سیاسەتی دەسەڵاتگەراییدا. لەبەر ئەوەی کودەتاکان کار دەکەنە سەر چەندین لایەنی سەرەکیی زۆری جیهانی دەسەڵاتگەرایی، ئەم بەشەیان بۆ تەرخان دەکەین.

## پێناسەی کودەتا

کودەتا بریتییە لە دزەکردنە ناو بەشێکی بچووک بەڵام گرنگی دەزگای دەوڵەت، کە پاشان ئەو بەشە بەکار دەهێنرێت بۆ لابردنی کۆنترۆڵی حکومەت بەسەر هەموو ئەو بەشەی کە ماوە. هەروەک پێناسەکە دەری دەخات، کودەتا لە لایەن تاکەکانەوەن دەکرێت کە بەشێکن لە دەوڵەت، ئەو تاکانەی نزیکەی هەمیشە ئەندامی هێزە سەربازییەکانن. دەشێت سیاسەتمەدارە مەدەنییەکان یان نوێنەران پشتگیری یان ئەرکی کودەتایەکە بگرنە ئەستۆ، بەڵام ئەوانە بەشداری لە جێبەجێکردنیدا ناکەن. دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات بە چەک لە لایەن گرووپە شۆڕشگێڕەکان یان جوداخوازەکان بە کودەتا ناژمێردرێت. کودەتا هەمیشە پێویستی بە پشتگیریی دەستەبژێر نییە بۆ ئەنجامدانی (تەنانەت لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانیش). بە زۆری کودەتا لە لایەن ئەفسەرە پلەنزمەکانی ناو سوپاوە دەکرێت.

کودەتا بە چەند ڕێگەیەک لە کوشتنی بە نهێنی (ڕەشەکوژی) جیاوازە: یەکەم، کوشتنی دیکتاتۆر پێویستە لە کوشتنی بە نهێنیدا، بەڵام بۆ کودەتا پێویست ناکات دیکتاتۆر بکوژرێت. دووەم، کوشتنی دیکتاتۆر مەرج نییە سەرکەوتنی کودەتا مسۆگەر بکات. سێیەم، کوشتنی بە نهێنی دەکرێت یەک کەس بیکات، بەڵام کودەتا پێویستی بە چەند کەسێکە. چوارەم، ئامانجی کوشتنی بە نهێنی کوشتنی سەرۆکەکەیە، لە کاتێکدا ئامانجی کودەتاچییەکان دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتە. هەوڵەکانی کودەتا زۆر بەرزەخوازترن لە هیی کوشتنی بە

نهێنی. کودەتا پێویستی بە هەماهەنگی هەیە لە نێوان کودەتاچییەکاندا، چونکە هیچیان بە تەنیا ناتوانن دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن.

هەرچەندە کودەتا وێنەی توندوتیژی و خوێنڕشتن لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەڵام هەمیشە ئەوە پێویست نییە بۆ سەرکەوتنی. لە ڕاستیدا ٨٠٪ی کودەتاکان ناتوندوتیژن. لە کاتێکدا توندوتیژی بەشێکی گرنگ نییە بۆ سەرکەوتنی کودەتا، بەڵام ئەو هەڕەشە جدییەی کە ئەگەر پێویست بکات هێز بەکار بهێنرێت، دەبێت هەمیشە بە گرنگ دابنرێت.

لە بنچیەترین ئاستدا، کودەتا پیشاندانی گۆڕینی ناو سەرکردایەتییە بە هۆی بەکارهێنانی هێزەوە، هەرچەندە ئەو گۆڕینە هەمیشە بەردەوام نابێت. سەرۆکە لابراوەکان زۆر جار دەتوانن مانۆڕ بکەن و دوای ماوەیەکی کورت بگەڕێنەوە سەر دەسەڵات. هەرچەندە کودەتا دەتوانێت گۆڕینی ڕژێم خێراتر بکات، بەڵام بە هیچ جۆرێک پێشاندەری ئەوە خێراترکردنە نین. بە زۆری کودەتا لەناو خودی ڕژێمێکی دەسەڵاتگەرایی ڕوو دەدات، ئەمەش وەک متمانەسەندنەوە وایە لە سیستەمی پەرلەمانیدا. ئەوەیان بەتایبەتی لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا ڕاستە کە کودەتای ناو خودی ڕژێمەکان شتێکی زۆر باون.

## جۆرەکانی کودەتاکان

ئامانجی کودەتاچییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لێک جیاوازن؛ لە هەندێک حاڵەتدا، پلانگێڕانی کودەتا تەنیا هەوڵی لابردنی سەرۆکێکی نەخوازراو دەدەن، لە کاتێکدا لە کودەتای تردا ئامانجی کودەتاچییەکان گۆڕینی بنچینەیی سیستەمی سیاسییە. لە هەندێک کودەتادا سوپا بە ناوی دانیشتوانی تووڕەوە بەشداری دەکات، هەندێکی تریان پاڵنەرەکەیان ئارەزووی دەستەیەکی بچووکی ناو سوپایە.

دەتوانرێت کودەتاکان بکرێن بە سێ گرووپەوە لەسەر بنچینەی ئامانجەکانی ئەوانەی کودەتاکە دەکەن: کودەتای چاکسازی، کودەتای ڤیتۆیی و کودەتای پاسەوانی. کودەتای چاکسازی ڕوو دەدات کاتێک ئەندامانی سوپا ڕژێمێکی ئۆلیگارشی دەڕووخێنن. ئەو جۆرە کودەتایە لە لایەن ئەفسەرانی پلەنزمەوە دەکرێت کە دەیانەوێت گوڕانکارییەکی بنچینەیی لە سیستەمەکەدا بکەن. ئامانجی ئەو ئەفسەرانە، بەتایبەتی ئەنجامدانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەدیهێنانی بیرۆکراتییەکی نوێ و دەستەبژێرێکی فەرمانڕەوایە. لە کودەتای چاکسازیدا سوپا ڕۆڵێکی پێشکەوتووخوازانە دەبینێت، بەرەنگاری ئۆلیگاریشی دەبێتەوە و بەشداریکردنی سیاسییانە فراوان دەکات. بۆ نموونە، کودەتای میسر لە ساڵی ١٩٥٢دا، کە تێیدا ئەفسەرەکانی سوپا سیستەمی پادشاییان ڕووخاند، کە **فارووقی یەکەم** پادشای بوو، هەروەها کاتێک **جەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم** لە ساڵی ١٩٥٨دا ڕژێمی پادشایەتیی هاشمیی لە *عێراق* ڕووخاند.

کودەتای ڤیتۆیی ئەوەیە کاتێک ئەندامانی سوپا کودەتا دەکەن بۆ ئەوەی سنوور بۆ بەشداریکردنی جەماوەر لە

سیاسەتدا دابنێن. کودەتای ڤیتۆیی بە زۆری بەرهەمی لابەلای مۆدێرنەیە. کودەتای ڤیتۆیی ئاساییانە لە سیستەمە دیموکراسییەکان ڕوو دەدەن وەک کاردانەوەیەکی ئەندامانی سوپا، کاتێک هەست دەکەن کە جموجۆڵی جەماوەر و بەشداریکردنیان لە سیاسەت هەڕەشەیە بۆ سەر ئەوان، وەک ئەو حاڵەتەی *بەڕازیل* لە ساڵی ١٩٦٤دا. هەروەها دەشێت سوپا دەستتێوەردان بکات کاتێک حکومەتێکی مەدەنی برەو بە سیاسەتی ڕادیکاڵانە بدات یان گرووپی وا بهێنێتە ناو دەسەڵاتەوە کە سوپا پێی خۆش بێت لە دەسەڵاتیان دوور بخاتەوە. بە گوتەی **سامیۆڵ هەنتیگتۆن**، کودەتای ڤیتۆیی بە زۆری دەبنە هۆی دروستبوونی دیکتاتۆرییەتی ئێجگار سەرکوتکەر، وەک کودەتای *چیلی* لە ساڵی ١٩٧٣دا، کە بوو بە هۆی دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی **ئۆگستۆ پینۆشێت**. هەروەها ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئەو کودەتایانە زیاتر بە لای توندوتیژیدا بشکێنەوە.

لە کۆتاییدا، کودەتای پاسەوانی (یان حکومەت) کاتێک ڕوو دەدات کە ئەندامانی سوپا بە ناوی چینی مامناوەندەوە دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن، وەک هۆیەک بۆ بەدیهێنانی سیستەم و گەڕاندنەوەی کارامەیی بۆ حکومەت. **هەنتینگتۆن** دەنووسێت، ئەوەی هاندەری ئەو دەستتێوەردانەی سوپایە، "گەندەڵی و سستیی بازاڕ و چەقبەستنی سیاسی و ئاژاوە و بنکۆڵبوونی ئەو سیستەمەیە کە هەیە". لە کودەتای پاسەوانیدا، کودەتاچییەکان خۆیان وەک پاسەوانێکی کاتی پیشان دەدەن، هەندێک گۆڕانکاریی بنچینەیی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا دەکەن. سوپا دەیەوێت ئەو سیستەمەی هەیە پاکی بکاتەوە نەوەک سیستەمێکی نوێ دروست بکات. لە کودەتای پاسەوانیدا،

کودەتاچییەکان ئەفسەری بەتەمەنن و بڕوایان وایە ئەوەی هانی داون بۆ کودەتاکە لای جەماوەر، شتی ڕەسەن بن. ئەو جۆرە کودەتایانە بە لای ئەوەدان کە کەمتر توندوتیژییان لەگەڵدا بێت. کودەتای *تورکیای* ساڵی ١٩٨٠ نموونەیەکی کودەتای پاسەوانییە، سوپا دەستی بەسەر حکومەتدا گرت وەک هۆیەک بۆ گەڕاندنەوەی ئاسایش و سیستەم بۆ *تورکیا* و دوای سێ ساڵ سوپا لە دەسەڵات کشایەوە.

**کودەتاکردن**

کودەتای سەرکەوتوو ڕاهێنانی گونجاو و هەماهەنگی لەخۆ دەگرێت. پلەبەندییەکی چەسپاو و ڕوونی زنجیرەی فەرمانەکان پێویستن بۆ ئەوەی بە وردی کودەتاچییەکان پەیوەست بن پێیانەوە. هەبوونی ئەو مەرجانە لە ناو سوپادا، ئەوا سوپاکە دەکاتە گونجاوترین ئامراز بۆ کودەتاکردن. وێڕای هەبوونی هێزی ڕێکخراوەیی، سوپا خاوەن ئامرازی زۆر گرنگە بۆ کودەتا: سەربازی مەشقپێکراو و چەک.

جۆرەکانی کودەتا (هەنتینگتۆن)

**کودەتای چاکسازی**

* ئامانجی سوپا: فراونکردنی بەشداریکردنی سیاسییانە، دروستکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی نوێ و جێبەجێکردنی هەنگاوبەهەنگاوی چاکسازییەکان.
* پلەی ئەو ئەفسەرانەی کودەتا دەکەن: ئەفسەری پلەنزمن.
* ماوەی فەرمانڕەوایی: نادیار.
* ڕۆڵی جەماوەر: سوپا بە ناوی جەماوەرە کودەتاکە دەکات.
* ئاستی توندوتیژی: بەرزە.

**کودەتای ڤیتۆیی**

* ئامانجی سوپا: سنووردارکردنی بەشداریکردنی سیاسییانەی چینەکانی خوارەوەیە بۆ ئەوەی نەهێڵرێت سیاسەتێکی ڕادیکاڵانە جێبەجێ بکرێت، کە هەڕەشە لە سوپا و چینی مامناوەند و سەرەوە بکات.
* پلەی ئەو ئەفسەرانەی کودەتا دەکەن: ئەفسەری پلەباڵان.
* ماوەی فەرمانڕەوایی: نادیار.
* ڕۆڵی جەماوەر: سوپا بە ناوی چینی مامناوەند و سەرەوە کودەتاکە دەکات.
* ئاستی توندوتیژی: بەرزە.

**کودەتای پاسەوانی**

* ئامانجی سوپا: گەڕاندنەوەی سیستەم و کارامەیی و کەمکردنەوەی گەندەڵی، پاککردنەوەی حکومەتێکی مەدەنیی ناکارامە لە ئاژاوە.
* پلەی ئەو ئەفسەرانەی کودەتا دەکەن: ئەفسەری پلەباڵان.
* ماوەی فەرمانڕەوایی: کاتییە.
* ڕۆڵی جەماوەر: سوپا بە ناوی جەماوەرەوە کودەتا دەکات.
* ئاستی توندوتیژی: نزمە.

کودەتا بە شێوەیەکی سروشتی زۆر بە خێرایی ڕوو دەدەن، تیمێک یان زیاتر وەک یەکەیەکی سەربەخۆ بە زووترین کات و بە نهێنی ئامانجە سەرەکییەکان دەستنیشان دەکەن. پێویستە بە زووترین کات دەست بەسەر ئامانجەکاندا بگیردرێت و هەر دواکەوتنێک وەک نیشانەی لاوازی تەماشا دەکرێت. وێڕای ئەوەش، خێراپەسەندکردنی ڕژێمە نوێیەکە لە لایەن ئەو بەشانەی تری حکومەتەکە کە کۆنترۆڵ نەکراون و جەماوەرەوە، زۆر گرنگن بۆ سەرکەوتنی کودەتاکە.

پێویست ناکات کودەتاچییەکان دەست بەسەر هەموو ناوچەکانی وڵاتەکەدا بگرن، تەنیا هەندێک خاڵی هەڵبژێردراوی دەسەڵات دەبێت دەستیان بەسەردا بگیردرێت. دەبێت ناوچە سەرەکییەکان لە لایەن کودەتاچییەکانەوە دەستیان بەسەردا بگیردرێت وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو بەشانەی تری سوپا و بەگشتی بۆ هەموو دانیشتوان، کە دەستتێوەردانی سوپا ڕووی داوە. ئەو ناوچانە ئەمانە دەگرێتەوە: کۆشکی کۆماری، ئەو سەربازگانەی لە ناو و دەرەوەی پایتەختن، فرۆکەخانەی سەرەکی و ئیستگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن.

بۆ نموونە، لە کودەتای مانگی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٨٠دا لە *تورکیا*، تانکە زرێپۆشەکان چوونە ناو شارە گەورەکان و لەسەر یەکتربڕە سەرەکییەکان کۆسپیان دانان. پۆلیسی سەربازی بەدوای ئەوانەدا دەگەڕان کە مەبەستیان بوون و بە ڕادیۆ قەدەغەکردنی هاتووچۆیان ڕاگەیاند و بە خەڵکیان ڕاگەیاند کە هێزە چەکدارەکان دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست. *ئەنجوومەنی نیشتمانی* هەڵوەشێندرا و سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیران* خرایە ژێر چاودێری و یاریدەرەکانیشی زیندانی کران و باری لەناکاو ڕاگەیەندرا و دەستووریش هەڵپەسێردرا. هەموو ئەوانە بە خێرایی لە کاتژمێرەکانی سەرەتایی سەرلەبەیانی ڕوویان دا.

کودەتا پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە هێزی سەربازی نییە، بەڵکو بە لایەنی کەمەوە پێویستی بە ژمارەیەکە کە لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن. ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو تاکانەی پێویستن بۆ کودەتاکردن دەگۆڕێت و متمانە دەکاتە سەر هەلومەرجە سیاسی و لۆجیستییەکانی وڵاتەکە. تا ژمارەی ئەو کەسانەی کە کودەتاکە دەکەن کەمتر بن، ئاسانتر نهێنیی پلانی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات دەپارێزرێت. هێشتا ژمارەیەکی زۆرتری کودەتاچی، کودەتاکردنەکە ئاسانتر دەکات و شەرعییەتێکی زیاتر دەدات بە کودەتایەکە. ئەگەری زۆری سەرکەوتنی کودەتاکە، ئەفسەرانی تر هان دەدات چاو لە کودەتاچییەکان بکەن و پلانەکە پەسەند بکەن. کودەتاچییەکان دەبێت بە باشی بیر لەو هەموو لایەنانە بکەنەوە کاتێک ئەندامی نوێ دێننە ناو گرووپی کودەتاکردنەکەیانەوە.

لە کۆتاییدا، یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکان لە کودەتاکردندا، بە ساکاری دۆزینەوەی دەرفەتێکی ڕاست و دروستە بۆ ئەنجامدانی، هەروەک لە بەشی سێیەم باسمان کرد. لەبەر ئەو هۆیە، زۆر لە کودەتاکان ئەو کاتە دەکرێن کە سەرۆکەکە وڵاتەکەی جێ هێشتووە. نەبوونی سەرۆک لە وڵاتەکە وا دەکات کە بۆ سەرۆکەکە گران بێت هێزێکی دژەکودەتا ڕێک بخات و بە خێرایی وەڵامی کودەتاچییەکان بداتەوە.

### ئەو هۆکارانەی ئەگەری ڕوودانی کودەتاکان زیاد دەکەن

چەند هۆکارێک هەن کە لەپشت بڕیاردانی کودەتاچییەکانەوەیە بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات؛ ئەم ئەدەبیاتەی کودەتاکردنە فراوان و جیاوازە. هەندێک توێژەر

جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ناوندێتیی سوپا بڕیاردەری سەرەکیی کودەتایە، لە کاتێکدا توێژەرانی تر ڕۆڵی گواستنەوەی چەک بە هاندەری کودەتا دادەنێن. هەرچەندە ئەم ئەدەبیاتە هەمەجۆرە، بەڵام سەرنج دەخەینە سەر سێ هۆکاری سەرەکی کە وا دانراون ئەگەری ڕوودانی کودەتا زیاد دەکەن: بارودۆخە ئابوورییەکان و خواستی کەسی بۆ دەسەڵاتگرتنەدەست و هەڕەشە بۆ سەر سوپا وەک دامەزراوەیەک. هەروەها گفتوگۆ لەسەر دیاردەی تەڵەی کودەتا دەکەین.

## بارودۆخە ئابوورییەکان

### هەژاری

به گوتەی **ئیدوارد لوتواک** و **سامیۆڵ ئی فینەر**، دواکەوتوویی ئابووری لە بنچینەدا مەرجێکی پێویستە بۆ کودەتاکردن. کودەتا نزیکەی بە ڕێژەی بیستویەک ئەوەندە جار ئەگەری ڕوودانی لە وڵاتە هەرە هەژارەکان زیاترە وەک لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکان. وەک **جۆن بی لۆنریگان** و **کیس پوڵ** دەنووسن، لە ڕاستیدا کودەتا لە وڵاتە گەشەکردووەکان بوونی نییە. بە پێچەوانەوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٨٥دا نزیکەی نیوەی هەموو وڵاتانی جیهانی سێ بە جۆرێک لە جۆرەکان کودەتایەکی بە خۆیەوە بینیوە.

یەک هۆکار بۆ لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان هەژاری و کودەتا ئەوەیە کە وڵاتە هەژارەکان ئەگەری زۆری ئەوەیان هەیە کە لە ڕووی سیاسییەوە سەقامگیر نەبن. ناسەقامگیریی سیاسی دەرفەتێک بۆ هێزە چەکدارەکان دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن. هەروەها حکومەتەکان

له وڵاتانەی کەمتر گەشەیان کردووە سەرچاوەی مادیی پێویستیان نییە بۆ ئەوەی پشتگیریی سوپا بەردەوام بۆ خۆیان بهێڵنەوە و بەشەکانی تری دانیشتوانیش. ئەو بێبەشبوونە لە سەرچاوە مادییەکان دەتوانێت بە ئاسانی ئەندامانی سوپا هان بدات بۆ دەربڕینی نارەزاییان لە ڕێی ئەنجامدانی کودەتاوە.

**ئاستی سەرەوەی ڕوودانی کودەتا**

بە گوتەی **ساميۆڵ هەنتینگتۆن**، "ئاستی سەرەوەی ڕوودانی کودەتا " هەیە، لەوەدا کە داهاتی تاکی وڵات دەتوانێت پێشبینیی شیانی ڕوودانی هەوڵی کودەتاکردن بکات و ئایا سەرکەوتوو دەبێت. **هەنتینگتۆن** دەنووسێت: "ئاستی سەرەوەی هەوڵی کودەتا و ئاستی سەرەوەی سەرکەوتنی کودەتا هەیە، هەردووکیان دەتوانرێت بە شێوەیەکی کەم تا زۆر بە زاراوەی سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی بۆ تاک پێناسە بکرێن. ئەو وڵاتانەی کە سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەییان بۆ تاک هەزار دۆلار یان زیاترە، کودەتای سەرکەوتوویان تێدا ڕوو نادات، ئەو وڵاتانەی کە سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەییان بۆ تاک سێ هەزار دۆلار یان زیاترە هەوڵی کودەتاکردنیان تێدا نییە، ئەو وڵاتانەی کە سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەییان بۆ تاک لە نێوان هەزار دۆلار بۆ سێ هەزار دۆلارە، کودەتای سەرنەکەوتوویان تیدا ڕوو دەدات، لە کاتێکدا کودەتای سەرکەوتوو لە وڵاتانی *نایجیریا* و *سودان* و *هایتی* ڕوویان دا، کە سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەییان بۆ تاک کەمتر لە پێنجسەد دۆلار بوو.

ئەم چەمکی ئاستی سەرەوەی کودەتایە یارمەتیی ڕوونکردنەوەی ڕوودانی زۆری کودەتایەکان دەدات لە وڵاتانەی لە گەشەکردندان لەچاو وڵاتە گەشەکردووەکان.

## لاوازیی گەشەکردنی ئابووری

وەک هەژاری، لاوازیی گەشەکردنی ئابووری باشترین پێشبینیکەری کودەتایە. چەند هۆکارێک هەن بۆ ئەوە؛ بە گوتەی **کلۆد وێڵش** و **ئارسەر کەی سمیس**، سستیی ئابووری دەکرێت ببێتە هۆی دەرکردنی بەکۆمەڵی خەڵک لە کارەکانیان بە هۆی نائارامیی کار و مانگرتنەوە. بارودۆخی لەو جۆرە دەکرێت بە دەوری خۆی کودەتاکردنی لێ بکەوێتەوە. بە ناسەقامگیربوونی بارودۆخی سیاسی، لاوازیی گەشەی ئابووری سوپا ناچار دەکات پەنا بۆ کودەتاکردن ببات وەک هۆیەک بۆ گەڕاندنەوەی ئاسایش و سیستەم.

وێڕای ئەوە، شکستی ئابووری دەشێت ببێتە ئاماژەیەک بۆ پەککەوتنی حکومەتی مەدەنی لە بەرچاوی سوپادا. دەشێت سوپا خۆی وا ببینێت کە باشتر تەیار و ئامادەیە بۆ چارەسەرکردنی ئابووری و ئارەزووی دەستتێوەردان لە حکومەت بکات، ئەمەیان خاڵێکی سەرەکیی هاندانی سوپا بوو بۆ ئەو کودەتایەی کە لە ساڵی ١٩٧٣دا حکومەتی **سەلڤادۆر ئەلیندی**ی لە چیلی ڕووخاند. شکستهێنانی حکومەتی مەدەنی لە هێنانەدیی گەشەی ئابووری، دەکرێت ببێتە هاندەر بۆ سوپا بۆ ئەوەی کودەتا بکات.

هەروەها ئابووریی لاواز دەشێت ببێتە هۆی کودەتا کە ئامانجی گۆڕینی سەرکردایەتی بێت. لە سیستەمی دیموکراسیدا، ئەو دەسەڵاتەی ئەدای ئابووریی لاواز بێت، بە زۆری لە هەڵبژاردنەکاندا دەدۆڕێن. کودەتا وەک هەڵبژاردن وایە، دەرفەتێکە بۆ لایەنەکانی دەوڵەت تا سزای سەرکردەکانی پێ بدەن لەسەر ئەدای ئابوورییان.

## متمانەکردنە سەر هەناردەکردن

بە گوتەی **ڕۆزمێری ئۆکەین**، ئەو دەوڵەتانەی متمانە دەکەنە سەر هەناردەی یەک کاڵا، ئەگەری ئەوە زۆرە تووشی کودەتا ببن. هۆیەکەش ئەوەیە کە ئەو وڵاتانەی متمانە دەکەنە سەر هەناردەکردن، بەتایبەتی هەناردەکردنی بەرهەمە سەرەکییەکانیان، بە زۆری سیستەمێکی کارکردنی زۆرەملێیان هەیە بۆ ئەوەی کارکردنەکە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت. بە گوتەی **ئۆگوستین جەی کپۆسۆوا** و **جەی کرەیگ جینکینس**، متمانەکردنە سەر هەناردەکردن پەیوەندیی بە کودەتاوە هەیە، چونکە ئەو هەناردەکردنە وا دەکات دەوڵەت پێویستی بە سوپایەکی بەهێز بێت. سوپا بەهێزەکانیش بە دەوری خۆیان دەشێت توانای ڕێکخراوەیی و سەرچاوەی سامانیان هەبێت بۆ ئەنجامدانی کودەتا.

## خواستبەرزیی کەسی

بە گوتەی **سامیوڵ دیکالۆ**، بە زۆری کودەتا بە هۆی خواستی بەرزی ئەو تاکانەی ڕێکی دەخەن، ڕوو دەدەن. دەشێت ئامانجی ڕاگەیەندراوی کودەتاکە گەڕاندنەوەی ئاسایش و سیستەم یان کۆتاییهێنان بە گەندەڵی بێت، بەڵام لە ڕاستیدا هۆیەکەی ئارەزوویەکی زۆرە بۆ دەسەڵاتگرتنەدەست.

چەند نموونەیەکمان بۆ ئەوە هەیە، لە *داهۆمی* (ئەمڕۆ پێی دەڵێن بنین) لە ساڵی ١٩٦٣دا، **جەنەڕاڵ کریستۆفە سۆگلۆ** دوای ئەوەی لە لایەن **جوستن ئەهۆمادیگبە**ی سەرۆکی حزبی یەکێتیی *داهۆمی*یەوە سوکایەتیی پێ کرا، کودەتای کرد. کودەتاکەی **سۆگلۆ** بە هۆی تووڕەیی و شکاندنی کەسایەتییەوە بوو.

به هەمان شێوە، لە *کۆماری ئەفریقای ناوەند*، خواستبەرزیی کەسیی **جەنەڕاڵ جین-بیدڵ بۆکاسای** وا لێ کرد کە ئامۆزاکەی، **دەیڤید داکۆ**، بە کودەتا لەسەر دەسەڵات لا ببات. هەرچەندە لە سەرەتادا **داکۆ** خواستبەرزییەکەی **بۆکاسای** بە گاڵتە دەبینی، بەڵام ئەندامانی کابینەکەی هەر لە سەرەتاوە ئاگەداری ئەو هەڕەشەیە بوون کە **بۆکاسا** دروستی کردبوو. لە ساڵی ١٩٦٥دا، وەک هۆیەک بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی **بۆکاسا**، **داکۆ** هەوڵی کەمکردنەوەی ئەو خەرجییەی دا کە بۆ *سوپای بۆکاسا* دانرابوو و خەرجیی گرووپەکانی تری ناو سوپای زیاد کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەوڵانەی **داکۆ**، **بۆکاسای** سارد نەکردەوە و دواتر **داکۆ** لە هەمان ساڵدا لە دەسەڵات لا برا.

هەروەها لە *ئوگەندا*، خواستبەرزیی کەسی بوو بە هۆی ئەوەی **عیدی ئەمین** کودەتا بکات و **میلتۆن ئۆبۆتە** لە ساڵی ١٩٧١دا لە دەسەڵات لا ببات. پەیوەندیی نێوان **ئۆبۆتە** و **عیدی ئەمین** ناخۆش بوو و **ئەمین** لەوە نیگەران بوو کە **ئۆبۆتە** بە زوویی لە پۆستی فەرماندەی گشتیی سوپا لای دەبات. ئەو کودەتایەی **ئەمین** کردی نموونەیەکی کلاسیکیی بەهێزی دەستبەسەرداگرتنی کەسی بوو، کە بە هۆی ترسی خودی جەنەڕاڵێک و خواستبەرزییەوە کرا، لە چوارچێوەی ناڕەزایی زۆری هاووڵاتییان و سوپایەکی براکوژی پارچەپارچەبوو لەگەڵ ناڕەزاییەکانی جەماوەر.

### هەڕەشە بۆ سەر سوپا وەک دامەزراوەیەک

چەندین توێژەر تیشکیان خستووەتە سەر ئەوەی کە چۆن هەڕەشە بۆ سەر سوپا وەک دامەزراوەیەک، دەتوانێت هانی

سوپا بدات بۆ کودەتاکردن. وەک لە بەشی دووەمدا باس کرا، کودەتای سەربازی بە زۆری بۆ پاریزگاری یان بایەخدان بە پێویستییەکانی سوپا و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دەکرێن. بە گوتەی **ئیریک نۆردلینگەر**، بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی سوپا بە ئاسانی گرنگترین هاندەری سوپان بۆ دەستتێوەردان. هەڕەشە بۆ سەر سوپا وەک دامەزراوەیەک دەکرێت بەم شێوانە بێت: کەمکردنەوەی خەرجییەکانی سوپا، دەستتێوەردانی لایەنە حکومییەکان لە کاروبارەکانی سوپادا، دروستکردنی هێزی سەربازیی ڕکابەر، دەستخستنە ناو پلەی بەرزکردنەوە و یارمەتی و خانووی نیشتەجێبوون و پێوەرەکانی مووچەی سوپا لە لایەن حکومەتەوە.

سوپا گرنگیی زۆر بە بەردەوامبوونی بودجەکەی دەدات؛ پێدانی بودجەی باش بە سوپا وا لە سوپا دەکات بتوانێت چەکی پێشکەوتوو بکڕێت، کە زۆر گرنگە بۆ شکۆ و پرۆفیشناڵیی سوپا وەک دامەزراوەیەک. هەروەها بوونی بودجەی سوپا دڵنیایی دەدات بە ئەفسەرانی سوپا کە مووچەی باشیان پێ بدرێت. لاوازیی ئابووری دەشێت ترس لە ناو سوپا دروست بکات دەربارەی ئەوەی کە بودجەکەیان کەم بکرێتەوە و ببێتە هۆی بەرپاکردنی کودەتا. حاڵەتی *غانا* سادەترین نموونەی ئەوەیە، دوای بڕیاری حکومەتی **کۆفی بوسیاس** بە کە کەمکردنەوەی بودجەی سوپا بە ڕێژەی ١٠%، **جەنەڕاڵ ئیگناتیۆس ئاچیانمبۆنگ** کودەتای کرد و لە ساڵی ١٩٧٢دا حکومەتەکەی **بۆسیاس**ی ڕووخاند.

دروستکردنی هێزی چەکداریی ڕکابەر دەشێت سوپا هان بدات بۆ دەستتێوەردان لە حکومەتدا. دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ هێزی هاوتەریب خۆی لە خۆیدا

هەڕەشەکردنێکی زۆر توندە لە سوپا، هەروەها دەبێتە هۆی کەمکردنەوی هێزی سوپایەکەش. *گواتیمالا* لەژێر سایەی حوکمڕانیی **جاکۆبۆ ئاربینز**، نموونەیەکی باشی ئەو حاڵەتەمان دەداتێ. کاتێک **ئاربینز** سوپایەکی نوێی ڕێک خست و پێداویستییەکانی بۆ دابین کرد، دڵسۆزیی سوپا کۆنەکە بۆ **ئاربینز** وردەوردە کەم بووەوە. لە ئەنجامدا، سوپا کۆنەکە ڕەتی کردەوە کە بەرگری لە **ئاربینز** و حکومەتەکەی بکات و ڕووبەڕووی هێزی داگیرکەر ببێتەوە، کە **کارلۆس کاستیلۆ ئارماس** لە ساڵی ١٩٥٤دا سەرکردایەتیی دەکرد.

هەڕەشەکردن لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی سوپا دەشێت دەستتێوەردانی سوپا بکاتە پێویستییەکی هەنووکەیی. کاتێک سوپا هەست بەوە دەکات کە داهاتووی مەترسیی لەسەرە و هێزەکەی لە داهاتوو بەرەو لاوازبوون دەڕوات، وەڵامدانەوەی سوپا بە شێوەیەکی سروشتی کودەتاکردن دەبێت.

### تەڵەی کودەتا

توێژەران دەریان خستووە کە کودەتاکانی ڕابردوو پێشبینیکەری کودەتاکانی داهاتوو دەبن. وەک لە بەشی دووەم باس کرا، ئەگەری ڕوودانی کودەتا لە چەند ڕوویەکەوە متمانە دەکاتە سەر ئەزموونی نوێی وڵاتەکە لەگەڵ کودەتاکاندا. ئەمەش بە زاراوەی "تەڵەی کودەتا" ئاماژەی پێ دەکرێت. کاتێک کودەتایەک ڕوو دەدات، مەترسیی ڕوودانی کودەتایەکی تر لە داهاتوودا بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.

لە هەلومەرجەکانی لەو جۆرەدا، کولتوورێکی سیاسی لە وڵاتەکەدا گەشە دەکات کە کودەتای سەربازی ببێتە کارێکی ئاسایی. کاتێک بەستەڵەکی کودەتا دەشکێت، کودەتای زۆری

بەدوادا دێت. هەر وەک **تی وای وانگ** ئاماژەی پێ دەدات، "ژمارەیەک وڵاتانی *ئەفریقا* تووشی زنجیرەیەکی یەک دوای یەکی کودەتا بوون و زنجیرەیەک هەوڵی کودەتاکردن بەدوای ئەو کودەتایانەدا هاتن". کاریگەرییەکانی دوای کودەتاکان بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی زیاتر لە شەش ساڵ دەمێننەوە.

### تایلەند و تەڵەی کودەتا

دیاردەی تەڵەی کودەتا بەتایبەتی لە *تایلەند* زۆر ڕوون و ئاشکرایە؛ لە چەند وڵاتێکی کەمی *ئاسیا* بینراوە کە سوپا ڕۆڵێکی سیاسیی دیارتر لەوەی لە *تایلەند* هەیە دەبینێت. سوپای تایلەندی مێژوویەکی درێژی لە دەستتێوەردانی سیاسی هەیە، لەو وڵاتە بە لایەنی کەمەوە سوپا هەژدە کودەتای کردووە. کودەتا ڕێگەیەکی سەرەکییە کە بە هۆیەوە سوپا دەسەڵاتی خۆی لە *تایلەند* پیادە دەکات و بێزاریی خۆی بەرامبەر سیاسەتە پێشبینیکراو و/یان بڕیارەکانی حکومەت دەردەبڕێت. وەک **سوخومبهاند پاریباترا** دەنووسێت، کودەتا لە *تایلەند* بووەتە هۆیەکی بەدامەزراوەییکراو بۆ سەرکردە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بە نۆرە دەسەڵات بگرنە دەست و لە هەمان کاتدا بەشداریکردنی جەماوەر لە ڕژێمدا بهێڵنەوە و دامەزراوە سیاسییەکان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت.

سەرکردە سەربازییەکان جارەهای جار کودەتایان کردووە و دەستووریان گۆڕیوە و دووبارە دامەزراوەکانی بەشداریکردنیان بەکار هێناوەتەوە و پاشان ئەو دامەزراوانەیان لە ڕووی پەرەپێدان یان چاودێرییەوە فەرامۆش کردووەتەوە. دوای ئەوە بە ماوەیەکی کورت، سوپا کودەتایەکی تری کردووە بۆ دوورکەوتنەوە لە قەیرانێکی

سیاسیی نوێ. بێگومان ئەوە پێچەبەدەورە بەدی دەهێنێت، کە ناسەقامگیری و دەستتێوەردانی سوپا، ناسەقامگیریی زیاتر و دەستتێوەردانی سوپای جارێکی تر لێ دەکەوێتەوە.

لە ڕاستیدا، دەستتێوەردانەکانی سوپا لە *تایلەند* بووەتە هۆی ئەوەی پازدە جار گۆڕانکاری لە دەستووردا بکرێت. ئەو جۆرە گۆڕانکارییە دەستوورییانە ڕێگەیەک بوون بە دەست سوپاوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەوڵەت کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەکات. زۆر لەو گۆڕانکارییانە لە دەستووری تایلەندی بە شێوەیەک کراون کە سوپا بتوانێت درێژە بە شەرعییەتەکەی بدات وەک لەوەی متمانە بکاتە سەر هێز بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

لەو ماوانەی کە سوپا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی *تایلەندی* نەکردووە، ئەوا لەپشت پەردەوە دەسەڵاتی خۆی پیادە کردووە و کودەتای وەک هۆیەک بۆ جێبەجیکردنی خواستەکانی بەکار هێناوە.

تەنانەت کاتێک سوپا لە حکومەتیشدا نەبووە توانیویەتی کار بکاتە سەر پرۆسەی سیاسی، ئەویش بە هەڕەشەکردن لە سەرکردایەتیی مەدەنی، بەوەی ئەگەر بە ویستی ئەو کار نەکەن ئەوا کودەتایان بەسەردا دەکەن. بەکارهێنانی کودەتا لە لایەن سوپای تایلەندی وەک هۆیەک بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیاسەت لە کردەوەکانی تاقمی سەربازیی *کلاس سیڤن* ڕەنگی داوەتەوە. *کلاس سیڤن* گرووپێکی سەرکردەی سەربازیی کاریگەر بوون لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٩٨٠دا. لە ساڵی ١٩٧٠دا، ئەفسەرانی *کلاس سێڤن*، سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیرانی تایلە*ندیان، **تانین کرایڤیکسین**، ناچار کرد کە دەست لە کار بکێشێتەوە، چونکە ئەو ئەفسەرانە

سیاسەتە ئابوورییەکانی ئەویان پەسەند نەکرد. ئەو جۆرە دەستتێوەردانانەی سوپا لە *تایلەند* کاتێک ڕوو دەدەن کە سوپا وەک دامەزراوەیەک هەست بکات هەڕەشەی لەسەرە. بێگومان دەستتێوەردان لەبەر هۆی جۆراوجۆرەوە ڕوو دەدات، وەک ئەوەی کاتێک حکومەتی مەدەنی بودجەی سوپا کەم بکاتەوە یان حکومەت زۆر دەست لە کاروباری پلەبەرزکردنەوەکانی سوپا وەربدات.

کاتێک سیاسەتمەدارە مەدەنییەکان هەوڵیان دا سنوور بۆ دەسەڵاتی سوپا دابنێن، سوپا ئەو سیاسەتمەدارانەی دەرکرد و ڕێکخراوێکی سیاسیی بەهێز یان کۆمەڵایەتی نەبوو بتوانێت بیانپارێزێت. ئەو ڕێکخراوانە نەیانتوانی گەشە بکەن لەبەر بەردەوامبوونی دەستتێوەردانی سوپا لە کاروبارەکانیان. لە سەدەی بیست، لە ساڵی ۱۹۳۲ەوەوە، تەنیا چوار پەرلەمان خولی خۆیان تەواو کردووە، ئەوانی تر کودەتای سەربازی نەیهێشتووە خولەکانیان تەواو بکەن. لە ئەنجامدا، سیاسەتمەداران دەسەڵاتیان نەبووە ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکیان داوە جێبەجێی بکەن، ئەمەش وای کردووە کە خەڵک متمانەیەکی کەمی بەو سیاسەتمەدارانە هەبێت.

هەرچەندە چەندین کودەتا لە *تایلەند* ڕوویان داوە، بەڵام نابێت وا دابنرێت کە هەمان سەرکردە سەربازییەکان ئەو کودەتایانەی کردبێت. *سوپای تایلەند* مێژوویەکی دوورودرێژی لە پەتای دروستبوونی "ڕکابەری لە نێوان خودی پلەدارەکانیدا" هەیە. لە زۆربەی کودەتاکاندا تاقمێکی سەربازی جێگەی یەکێکی تری گرتووەتەوە و گۆڕینی دەستووریشی لەگەڵدا بووە، بە جۆریک دووبارە دابەشکردنەوەی تەرازووی دەسەڵاتی لە نێوان تاقمەکان لەخۆ گرتووە. بۆ نموونە، دوای

ئەوەی سوپا لە ساڵی ١٩٣٢دا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، هەوڵی سوپا بۆ فەرمانڕەواییەکی یەکگرتوو لە لایەن چوار تاقمەوە کە کێبڕکێیان بوو لەسەر دەسەڵات، تەگەرەی تێخرا. ئەو چوار تاقمە لە لایەن **فرایا مانۆپاکۆرن نیتیدادا**، **فرایا فاهۆن**، **لوانگ فیبوسۆنگکهرام** (**فیبوون**) و **پریدی فانۆمیۆنگ** سەرکردایەتی دەکران. لە کۆتاییدا، هەر یەکێک لەو چوار سەرکردەیە بوون بە سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیرانی تایلەند*.

## ئاڕاستەکانی کودەتا هەرێمییەکان

کودەتا تا ڕادەیک بوو بە شتێکی باو لەو وڵاتانەی لە گەشەکردندا بوون. لە چەندین بەشی جیهان، نەبوونی دامەزراوە دیموکراتییەکان، وای کرد کودەتا ببێت بە ڕێگەیەکی دامەزراوەیی بۆ جێگرتنەوەی دەسەڵات. کیشوەری *ئەفریقا* بەتایبەتی پڕ بوو لە کودەتا. لێکۆڵینەوەکان لە کودەتاکانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* ئەوە پیشان دەدەن کە لە چلوهەشت دەوڵەت، چلویەک دەوڵەتیان (٨٥٪) کودەتایان تێدا کراوە یان هەوڵی کودەتایان تێدا دراوە. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٦ و ١٩٨٤دا، نیوەی کودەتاکان و یەک لەسەر سێی هەوڵی کودەتاکردن لە کیشوەری *ئەفریقا* ڕووی داوە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٩دا، کودەتا لەم وڵاتانە ڕوویان داوە: *مەدغەشقەر*، *گویانا بێساو* و *مۆریتانیا*. هەژاری و ئەدای ئابووریی لاواز لەگەڵ تەڵەی کودەتا، یارمەتیی ڕوونکردنەوەی بڵاوبوونەوەی کودەتا بە شوێنێنکی *ئەفریقا*دا دەدەن.

هەرچەندە *ئەمەریکای لاتین* چەندین ساڵی دیکتاتۆرییەتی سەربازیی بە خۆیەوە بینی لەگەڵ چەندین کودەتای سەربازی، بەڵام کاتێک دەوڵەتانی ناوچەکە بوون بە دیموکراتی،

کودەتاکان زۆر کەم بوونەوە. ئەو ڕاستییەی کە کودەتاکەی *هیندۆراس* زۆر لە چاودێرانی سیاسەتی *ئەمەریکای لاتینی* تووشی شۆک کرد، ئاماژەیە بۆ دەگمەنبوونی کودەتا لە ناوچەکە.

لە کیشوەری *ئاسیا*، کودەتا شتێکی دەگمەنە بێجگە لە *تایلەند*. هەمان شتیش بۆ *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* ڕاستە، کە تێیدا کودەتا زۆر بە دەگمەن ڕوو دەدەن. ڕوودانی کودەتا لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*دا تا ڕادەیەک کەمن، هەرچەندە چەندین جار لە *عێراق* و *تورکیا* ڕوویان داوە.

## کودەتا شکستخواردووەکان

کودەتاکان شتێکی مەترسیدارن، بە وردی لەبەر ئەوەی هەمیشە سەرکەوتن بەدەست ناهێنن. لە ڕاستیدا کودەتاکان زۆر جار شکست دەهێنن. بۆ نموونە، لە *فەنزوێلا*، هەوڵێکی کودەتا بۆ لابردنی **هۆگۆ شاڤیز** لەسەر دەسەڵات لە ساڵی ٢٠٠٢دا شکستی هێنا. هەوڵی کودەتایەکە بۆ ماوەی چلوحەوت سەعاتی خایاند و لەو ماوەیەدا **شاڤیز** بەند کرا و *ئەنجوومەنی نیشتمانی* هەڵوەشێندرا و ڕاگەیاندرا کە دەستوور کاری پێ ناکرێت. ڕاگەیەندرا کە **پێدرۆ کارمۆنا** سەرۆککۆماری کاتیی وڵاتە. کودەتایەکە شکستی هێنا، چونکە تاقمە سەرەکییەکانی ناو سوپا و ئۆپۆزسیۆن پشتگیریی **کارمۆ**یان نەکرد. گاردی کۆماری کە پشتیوانی **شافیز** بوون، دەستیان بەسەر کۆشکی کۆماریدا گرتەوە و دەستبەجێ **شاڤیز** بە سەرۆککۆمار دانرایەوە.

کودەتاکان ڕووبەڕووی بەرەنگاریی جێبەجێکردن دەبنەوە و لە ئەنجامدا، دەرفەتی جۆراوجۆر دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی

شتەکان بە هەڵە بەڕێوە بچن. **ئێچ جی کیبشوڵ**، تیشک دەخاتە سەر ژمارەیەک هۆکار کە بۆچی کودەتاکان شکست دەهێنن؛ دەشێت یەکێک لە کودەتاچییەکان خیانەتکار بێت و بە نهێنی هەوڵەکانی کودەتایەکە بنکۆڵ بکات یان هەوڵەکانی کودەتاکە بۆ حکومەت ئاشکرا بکات. دەشێت ڕووداوێکی پەیوەندیکردن لە نێوان کودەتاچییەکان ڕوو بدات و هێزەکانی حکومەت ئەو پەیوەندییە ڕابگرن. دەشێت تیمێکی سەرەکی لە کاتی خۆیدا نەگاتە شوێنی ئامانجەکەی. تەنانەت ئاووهەواش کاریگەریی لەسەر سەرکەوتنی کودەتاکە دروست دەکات، ئەویش کاتێک لە چرکەساتێکی هەستیاری کودەتاکەدا ئاووهەوا ئەوپەڕی خراپ دەبێت.

هەروەها دەشێت کودەتاکان شکست بهێنن لەبەر ئەوەی کودەتاچییەکان ئەگەری ئەوەی کە بەشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە پشتگیری لە هەوڵەکانیان بکەن بە زۆرتر بخەملێنن. بۆ نموونە، لە ئەرجەنتین لە ساڵی ١٩٩٠دا و لە یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٩١دا، کودەتاچییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بە هەڵە لە بارودۆخی سیاسیی ئەو کاتەی کە کاریان تێدا دەکرد تێگەیشتبوون. وەک **کیبشوول** دەنووسێت، "کودەتاچییەکان نەیانتوانیبوو لەوە بگەن کە چەند هەڵوێستەکانی سوپا و خەڵکی مەدەنی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا گۆڕانی بەسەردا هاتووە". لە ئەرجەنتین ڕۆڵی سوپا و لە یەکێتیی سۆڤێتیش قبووڵکردنی دیموکراسی لە لایەن خەڵکەوە. لە ئەنجامی ئەو هەڵەتێگەیشتنە، ئەو پشتگیرییەی بۆ کودەتاکان چاوەڕوان کرابوو دەرنەکەوت و هەردوو کودەتاکەش تێک شکێندران.

توێژەران جیاوازن لەبارەی دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی سەرکەوتنی کودەتا. بۆ هەندێکیان، کودەتاچییەکان دەبێت بۆ ماوەی هەفتەیەک یان زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە بۆ ئەوەی کودەتاکە بە کودەتایەکی سەرکەوتوو دابنرێت، بۆ توێژەرانی تر، کونترۆڵکردنێکی بەردەوامی دەسەڵات بۆ مانگێک یان زیاتر پێویستە بۆ ئەوەی کودەتاکە بە سەرکەوتوو دابنرێت.

هەرچەندە ڕێکنەکەوتن لە نێوان توێژەران هەیە لەسەر ئەوەی چۆن پێناسەی کودەتای سەرکەوتوو بکەن، بەڵام پێناسەکردنی ئەو کودەتا سەرکەوتوانە زۆر ئاسانترە لە هیی کودەتا شکستخواردووەکان.

بە زۆری قورسە بە وردی ئەوە بزانین کە ئایا پلانەکانی ئەو کودەتایانەی کە شکستیان هێناوە لە ڕاستیدا ڕوویان داوە. بۆ نموونە، دەشێت حکومەت ڕای بگەیەنێت کە پلانێکی کودەتای کەشف کردووە، "تەنانەت ئەو ڕاگەیاندنەی پلانکەشفکردنە بە ئەنقەست هەڵبەسترابێت بێماناش بێت"، حکومەت ئەو پلانکەشفکردنە بۆ خزمەتکردنی ئامانجی خۆی بەکار دەهێنێت، وەک دەستکردن بە ڕاگەیاندنی باری لەناکاو و سەرکوتکردنی گرووپێکی دیاریکراو یان پاساوهێنانەوە بۆ ئەو کارانەی کە ڕژێمەکە دەیەوێت بیانکات. پێچەوانەکەشی دەشێت ڕوو بدات، دەشێت حکومەت ئەوە هەڵنەبژێرێت کە پلانەکانی ئەو کودەتایەی شکستی هێناوە ئاشکرا بکات، بۆ ئەوەی وای پیشان بدات کە ڕژێمەکە سەقامگیر و شەرعییە. ئەو هۆکارانە بەتایبەتی وا لە کودەتا شکستخواردووەکان دەکەن کە ئاڵۆز بن بۆ لێکۆڵینەوە.

## خشتەی ٥:١: نموونەی لیستی کودەتا و هەوڵەکانی کودەتا

| ڕۆژهەلاتی ناوەراست | سەرکەوتوو | شکستخواردوو |
|---|---|---|
| ئەفغانستان | ١٩٧٣ ، ١٩٩٢ | ١٩٩٠ |
| جەزائیر | ١٩٦٥ ، ١٩٩٢ | ---------------- |
| میسر | ١٩٥٢ | ---------------- |
| ئێران | ١٩٥٣ | |
| عێراق | ١٩٥٨ ، ١٩٦٣ ، ١٩٦٨ | |
| لیبیا | ١٩٦٩ | |
| سوریا | ١٩٤٩، ١٩٥١ ، ١٩٥٤، ١٩٦١، ١٩٦٢ ، ١٩٦٦ | ١٩٦٣ |
| تورکیا | ١٩٦٠ ، ١٩٦١ ، ١٩٨٠ | |
| **ئەفریقا** | **سەرکەوتوو** | **شکستخواردوو** |
| ئەنگۆلا | | ١٩٩٠ |
| بنین | ١٩٦٣، ١٩٦٥( مانگی ١١ و ١٢ ) | ١٩٧٧ ، ١٩٩٢ |
| | ١٩٦٨ ، ١٩٧٢ | |
| بورکینافاسۆ | ١٩٦٦ ، ١٩٧٤ | |
| بوروندی | ١٩٦٥ ، ١٩٦٦ ، ١٩٩٦ | ١٩٩٣ ( مانگی ٧ و ١١)، ١٩٩٤ |
| کۆماری ئەفریقای ناوەراست | ١٩٦٦، ١٩٨١، ٢٠٠٣ | ١٩٩٦ ، ٢٠٠١ |
| کامیرۆن | | ١٩٧٥ |
| چاد | ١٩٧٥ ، ١٩٩٠ | ١٩٩١، ٢٠٠٤، ٢٠٠٦ |
| کۆمۆرۆس | ١٩٧٨ ، ١٩٨٩ | ١٩٨٥، ١٩٨٧، ١٩٩٢، ١٩٩٥ |
| کۆنگۆ | ١٩٦٨ | |
| کۆتدیڤۆر | ١٩٩٩ | ٢٠٠١ ، ٢٠٠٧ |
| جیبوتی | | ١٩٩١ |
| کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ | ١٩٦٠، ١٩٦٥ | ١٩٩٢، ١٩٦٣، ٢٠٠٤( مانگی ٥ و ٦ ) |
| غینیای بیسیوایی | ١٩٧٩ | ٢٠٠٤ |
| ئەثیوپیا | ١٩٧٤ | ١٩٦٠ ، ١٩٩٠ |
| گابۆن | | ١٩٦٤ |
| گامبیا | ١٩٩٤ | ١٩٨١ |
| غانا | ١٩٦٦، ١٩٧٢، ١٩٧٩، ١٩٨١ | ١٩٦٤ |
| غینیا | ١٩٨٤ ، ٢٠٠٨ | ١٩٧٠ |

| | | |
|---|---|---|
| غینیا-بیساو | ١٩٨٠ ، ٢٠٠٣ | |
| گینیا | | ١٩٨٢ |
| لیسوتو | ١٩٨٦ ، ١٩٩١ | |
| لیبریا | ١٩٨٠ | ١٩٩٤ |
| مەدەغەشقەر | ١٩٧٢ ، ٢٠٠٩ | ١٩٩٠، ١٩٩٢، ٢٠٠٦ |
| مالی | ١٩٦٨ | |
| موریتانیا | ١٩٧٨، ٢٠٠٥، ٢٠٠٨ | ٢٠٠٣ |
| مۆزەمبیق | | ١٩٧٥ |
| نایجر | ١٩٧٤ ، ١٩٩٦ | |
| نایجیریا | ١٩٨٣، ١٩٦٦، ١٩٩٣ | ١٩٩٠ |
| رواندا | ١٩٧٣ | |
| ساوم تۆمو پرنسیپیا | ٢٠٠٣ | ١٩٩٥ |
| سینیگال | | ١٩٦٢ |
| سیشلس | ١٩٧٧ | |
| سیرالیۆن | ١٩٦٧، ١٩٩٢ ، ١٩٩٧ | ١٩٧١، ١٩٨٧، ١٩٩٦ ، ٢٠٠٠ |
| سۆمال | ١٩٦٩ ، ١٩٩١ | ١٩٦١ |
| سودان | ١٩٥٨، ١٩٨٥، ١٩٨٩ | ١٩٦٦ ، ١٩٩٠ |
| سوازیلاند | ١٩٧٣ | ١٩٨٤ |
| تانزانیا | | ١٩٦٤ |
| تۆنگۆ | ١٩٦٣ ، ١٩٦٧، ٢٠٠٥ | ١٩٩١ ( ١ و ٧ مانگی ١٠ ) و (مانگی ١١ ) ( ٣ و ١٥ی مانگی ١٢ ) |
| ئوگەندا | ١٩٧١ ، ١٩٨٠ ، ١٩٨٥ | ١٩٨٨ |
| زامبیا | | ١٩٨٩ ، ١٩٩٠ ، ١٩٩٧ |
| زیمبابوی | | ١٩٨٢ |

| ئەمریکای لاتین | سەرکەوتوو | شکستخواردوو |
|---|---|---|
| ئەرجەنتین | ١٩٤٣، ١٩٥٥، ١٩٦٦، ١٩٧٠، ١٩٧٦ | ١٩٩٠ |
| بولیڤیا | ١٩٧٨،١٩٧١،١٩٧٠،١٩٦٩،١٩٦٤، ١٩٧٩<br>١٩٨٠، ١٩٨١ | |
| بەرازیل | ١٩٦٤ | |
| چیلی | ١٩٧٣ | |
| کولومبیا | ١٩٥٣ | |
| کوبا | ١٩٥٢ | |
| کوماری دومینیکان | ١٩٦٣، ١٩٦٥ | |
| ئیکوادور | ١٩٣٥،١٩٤٣،١٩٦١،١٩٦٣،١٩٧٢،١٩٧٦<br>٢٠٠٥،٢٠٠٠ | |
| ئیلسلڤادور | ١٩٣١،١٩٧٩ | |
| گرینادا | ١٩٧٩ | |
| گواتیمالا | ١٩٦٢،١٩٧٠،١٩٨٢،١٩٨٣ | |
| هاییتی | ١٩٩١ ( مانگی ٩ )، ١٩٥٠ | ١٩٩١ ( مانگی ١ ) |
| هیندوراس | ١٩٦٣، ١٩٧٢، ١٩٧٥، ١٩٧٨، ١٩٨٨، ١٩٩١، ٢٠٠٩ | |
| نیکاراگوا | ١٩٣٦ | |
| پاناما | ١٩٦٨، ١٩٨٢، ١٩٨٩ | ١٩٩٠ ( مانگی ١٠ و ١٢ ) |
| پاراگوای | ١٩٥٤ | |
| پیرو | ١٩٤٨، ١٩٦٢، ١٩٦٨، ١٩٧٥، ١٩٩٢ | |
| سورینام | ١٩٨٠، ١٩٨٩ | |
| ترینیداد و توباگو | | |
| ئوروگوای | ١٩٧٣ | |
| ڤەنزویلا | ١٩٤٨، ١٩٥٨ | ١٩٩٢، ٢٠٠٢ |

ڕۆژهەڵات و باشوور و ناوەڕاستی ئاسیا

| ئاسیا | سەرکەوتوو | شکستخواردوو |
|---|---|---|
| بەنگلادیش | ١٩٧٥ ، ١٩٨٢ | ١٩٩٦ |
| بورما | ١٩٥٨ ، ١٩٦٢ | |
| کەمبودیا | ١٩٧٠ | ١٩٩٠ |
| فیجی | ١٩٨٧ ، ٢٠٠٦ | ٢٠٠٠ |
| نیپال | | ٢٠٠٥ |
| پاکستان | ١٩٦٩،١٩٧٧،١٩٩٩، ١٩٥٨ | ١٩٤٩،١٩٨٠،١٩٩٩ |
| فلیپین | | ١٩٩٠ ، ٢٠٠٦ |
| کوریای باشوور | ١٩٦١ | |
| ڤێتنامی باشوور | ١٩٦٣ | |
| سیریلانکا | | ١٩٦٢، ١٩٦٦ |
| تاجیکستان | | ١٩٩٢ |
| تایلەند | ١٩٣٣، ١٩٣٨، ١٩٤٧، ١٩٥٧، ١٩٥٨، ١٩٥٩، ١٩٦٣، ١٩٧١، ١٠٧٦، ١٩٨٠، ١٩٩١، ١٩٩٢، ٢٠٠٦ | |

| ئەورووپا | سەرکەوتوو | شکستخواردوو |
|---|---|---|
| جورجیا | ١٩٩٢ | |
| یونان | ١٩٣٥، ١٩٦٧ | ١٩٩٣ |
| پورتوگال | ١٩٧٤ | |
| یەکێتی سوڤیەت | | ١٩٩١ |
| ئیسپانیا | | ١٩٨١ |

تێبینی: ئەم لیستەی کودەتا و هەوڵەکانی کودەتا لیستێکی گشتگیر نییە.

## پوختە و ئەنجام

کودەتاکان دەتوانن ڕۆڵێکی تەواو سەرەکی لە سیاسەتی دەسەڵاتگەراییدا بگێڕن. کودەتاکان شێوازێکی هەرە باون بۆ لەسەردەسەڵاتلابردنی سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکان. دیکتاتۆرەکان (جاروباریش لە سیستەمە دیموکراتییەکانیش) ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی بەردەوامی کودەتا دەبنەوە. ئەو دیکتاتۆرانە دەبێت هەمیشە کار بۆ ئەوە بکەن نەهێڵن کودەتا ڕوو بدەن. هەروەها کودەتاکان یەکێکن لەو ڕێگە سەرەکییانەی کە بە هۆیانەوە دیکتاتۆرییەتەکان سەر هەڵدەدەن یان دەڕووخێن. لە چەندین دیکتاتۆرییەتدا دەستبەسەرداگرتنی نایاسایی دەسەڵات گرنگە بۆ چەسپاندن یان گەڕانەدواوەی دەسەڵات.

لەبەر ئەو هۆیانە، کودەتاکان شایەنی ئەوەن گرنگیی تایبەتییان پێ بدرێت. لەم بەشەدا، لەوەمان کۆڵییەوە کە مانای کودەتا چییە و چۆن ئەنجام دەدرێن و ئەو هۆکارانەی پاڵنەری ئەنجامدانیانن چین، هەروەها لەوەمان کۆڵییەوە کە بۆچی کودەتاکان شکست دەهێنن. بۆ چاکترکردنی تێگەیشتنمان لە کودەتاکان، ئەم بەشە هەوڵی دا کە تێگەیشتنمان ڕوونتر بکات دەربارەی ئەو هەڕەشە ڕاستەقینانەی ڕووبەڕووی دیکتاتۆرییەتەکان و ئەو سەرکردانەی فەرمانڕەواییان دەکەن، دەبنەوە.

# بەشی شەشەم
# دیکتاتۆرییەت و بنبەستی سیاسی

دارِشتنی سیاسەت لە دیکتاتۆرییەتەکاندا بە زۆری لە ناو سندووقێکی ڕەشدا دەکرێت. ئەو بیرۆکانەی لەپشت بڕیارە سیاسییەکانەوەن بۆ چاودێرانی دەرەوە نادیارن. هەندێک ڕژێم ئەوەندە داخراون کە مەحاڵە زانیاریی بنچینەیی دەربارەیان وەک ئاستی هەژاری، خوێندەواری و هەڵاوسان بخەملێندرێت. هەرچەندە ئەو هۆکارانە دەتوانن وا بکەن کە زەحمەت بێت لێکۆڵینەوە لەسەر دارِشتنی سیاسەت لەناو دیکتاتۆرییەتەکان بکرێت، بەڵام پێکهاتە دامەزراوەکانیان دەتوانن زانیاریمان دەربارەی ئەو سندووقە ڕەشە بدەنێ.

لەم بەشەدا، لەوە دەکۆڵینەوە کە چۆن جۆری دیکتاتۆرییەت کار دەکاتە سەر ئەوەی تا چەند ئەو دیکتاتۆرییەتانە بە هۆی بنبەستی سیاسییەوە بناسرێنەوە. بنبەستی سیاسی، یان سیاسەتی سەقامگیر، ڕوو دەدات کاتێک سیاسەتمەداران هەر کەسە و سیاسەتی خۆی لا پەسەندە و ناتوانن لەسەر گۆڕانکارییەکان لە سیاسەتدا ڕێک بکەون. کاتێک سیاسەتمەداران بە شێوەیەکی بنچینەیی کێشەیان

لەسەر ئامانجە سیاسییەکانیان دەبێت، جیبەجێکردنی گۆڕانکاریی گەورە لە سیاسەتدا مەحاڵ دەبێت. وەک **ویتۆڵد جەی هێنیسز** دەنووسێت، ئەو سیاسەتمەدارانەی کە سنووریان بۆ دانراوە "کەمتر دەتوان گۆڕانکاری لە سیاسەتێکی دیاریکراودا بکەن کە ڕووبەڕووی ڤیتۆی هەموو سیاسەتمەداران ببێتەوە و ئەو بارودۆخە سیاسییەی ئەو کاتە هەیە دەشێت بەردەوام بێت، تەنانەت ئەگەر ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی گەورەی بارودۆخی ئابووریی هەمەکی ببێتەوە. بە پێچەوانەوە، کاتێک سیاسەتمەداران هەمان بۆچوونی سیاسییان دەبێت، زۆر ئاسانە بۆ ئەوان کە ڕێک بکەون لەسەر ئەوەی گۆڕانکاریی گەورە لە سیاسەتدا بکەن.

لە دیکتاتۆرییەتەکاندا، سیاسەتەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پێویستیان بە پشتگیریی نەدرکێندراوی دوو لایەن هەیە: دیکتاتۆر و گرووپی پشتگیریی دەستەبژێری دیکتاتۆر. دەستەبژێران پشتگیری لە دیکتاتۆر دەکەن بەرامبەر بە هەندێک دەستکەوتی ئابووری و سیاسی، هەروەک لە بەشی دووەم باس کرا. هەروەک چۆن سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیران* لە ڕژێمە پەرلەمانییەکاندا پێویستی بە پەسەندکردنی پەرلەمان هەیە بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا، ئاواش سەرۆکەکان لە دیکتاتۆرییەتەکان پێویستیان بە پشتگیریی دەستەبژێران هەیە. دیکتاتۆرەکان پێویستە ئەو سیاسەتەی کە بە لای گرووپی پشتگیریی دەستەبژێرەوە پەسەندە، ڕەچاو بکەن، ئەگینا مەترسیی لەسەر لەدەسەڵاتلادانیان لەسەر دەبێت. دەستەبژێران تا ئەو کاتەی سیاسەتەکانی دیکتاتۆریان لا پەسەند بێت، دیکتاتۆر لەسەر دەسەڵات دەهێڵنەوە، کاتێک دەستەبژێران سیاسەتەکانی دیکتاتۆر ڕەت دەکەنەوە، دەتوانن

ئەو سیاسەتانە بوەستێنن، ئەویش بە هەڕەشەکردنێکی جدییانەی لابردنی دیکتاتۆر لە دەسەڵات.

لە بەشی داهاتوودا، لەوە دەکۆڵینەوە کە چۆن جۆری ڕژێم کار دەکاتە سەر ئەو کۆتوبەندانەی کە دیکتاتۆر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە کاتێک گۆڕانکاریی بەرچاو لە سیاسەتەکاندا دەکات. بەتایبەتی گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەین کە چۆن بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێران و هەروەها بنبەستی سیاسی لە دیکتاتۆرییەتێکەوە بۆ دیکتاتۆرییەتێکی تر دەگۆڕێت.

## جۆری ڕژێم و بژاردە سیاسییە پەسەندەکانی دەستەبژێر و بنبەستی سیاسی

لەبەر ئەوەی دەستەبژێر لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان سەر بە دامەزراوەیەکی یەکگرتوو نییە وەک دامەزراوەی سەربازی یان حزبی (بڕوانە بەشی چوارەم)، دیکتاتۆر کۆنترۆڵێکی گەورەتری بەسەر هێنانەناوەوەی دەستەبژێر بۆ ناو ڕژێمەکەی هەیە لە دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویدا لەچاو جۆرەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان. دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان پێویست ناکات پەیوەست بن بە ڕێنماییەکانی سوپا یان حزب بۆ بەرزکردنەوەی پلەی دەستەبژێران، ئەو دیکتاتۆرانە دەتوانن ئەو دەستەبژێرە پشتگیریکەرانە هەڵببژێرن کە زۆر دەشێت لەگەڵیاندا هاوڕا بن. لەبەر ئەوە، دەستەبژێران لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا مەیلی ئەوەیان هەیە کە ئەو سیاسەتەی بە لایانەوە پەسەندە هەمان ئەوانەی دیکتاتۆر بێت. هەروەها دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دەتوانن ئەو دەستەبژێرانە دەربکەن کە دژیان دەوەستنەوە، لە کاتێکدا هیچ حزبێکی سەربەخۆ یان سوپا نییە کە پێکەوە ڕکابەریی کارێکی ئاوای

دیکتاتۆر بکەن. دەستەبژێران زۆر لەوانەیە لەگەڵ دیکتاتۆر هاوڕا بن بۆ ئەوەی لەناو بازنەی کۆمەکەکانی دیکتاتۆردا بمێننەوە. لە ئەنجامدا، بژاردە سیاسییە پەسەندەکانی دەستەبژێر لە بنچینەدا هەمان بژاردە سیاسییە پەسەندەکانی دیکتاتۆر دەبن. لە نەبوونی هیچ ڤیتۆیەک دژی ئەو سیاسەتانەی دیکتاتۆر هەڵیان دەبژێرێت، دەشێت لە هەر چرکەساتێکدا لەسەر ئارەزووەکانی دیکتاتۆر گۆڕانکاریی بەرچاو لە سیاسەتی وڵاتەکەدا بکرێت.

دیکتاتۆرەکان لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبی و سەربازییەکاندا، بە پێچەوانەوە، ناتوانن گرووپی دەستەبژێری پشتگیر بۆ خۆیان هەڵبژێرن. دەستەبژێران دەبێت لە ڕێی حزب یان سوپاوە پلەوپایەیان دەست بکەوێت و دیکتاتۆرەکان کەمتر کۆنترۆڵیان بەسەر پلەبەرزکردنەوەی پلەی تاکەکاندا هەیە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە دەستەبژێران لە ڕژێمە تاکحزبی و سەربازییەکاندا بە وردی هەمان ئەو سیاسەتەیان لا پەسەند نابێت کە بە لای دیکتاتۆرەوە پەسەندە، هەروەک لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا هەیە. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەت دەبێت کە ئەو دەستەبژێرانە بە گۆڕانکارییە سیاسییەکان قایل بن.

هەروەها فەرمانڕەواییکردن لە لایەن حزبێک یان سوپاوە، کار دەکاتە سەر جیاوازیی ئەو بژاردانەی لای دەستەبژێران لەو ڕژێمانەدا پەسەندە، دەستەبژێران لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا زیاتر مەیلیان بەرەو ئەوەیە یەکگرتوو بن لەسەر ئەو بژاردە سیاسییانەی لایان پەسەندە بە بەراورد بە دەستەبژێرانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان. بۆ ئەوەش چەندین هۆ هەیە کە پەیوەندیی نزیکیان بە یەکەوە هەیە، وەک جەختکردنەوەی سوپا لەسەر یەکڕیزی و دوورکەوتنەوەی

سوپا لە دەستەگەری و ئەو ڕاستییەی کە دەستەبژێرانی سوپا نوێنەرایەتیی بنکەکانی هەڵبژاردنی هاووڵاتییان ناکەن، کە فشاریان بخەنە سەر بۆ قبوولکردنی هەڵوێستە سیاسییە زۆر جیاوازەکان. ئەو لەگەڵ پێکەوەگونجانە ناوخۆییەی سوپا مانای ئەوەیە کە بۆ سیاسەتمەداران لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان ئاسانترە لەسەر گۆڕانکاریی گەورەی سیاسی ڕێک بکەون، بە بەراورد بەوەی لەناو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دەکرێت.

بە کورتی، گۆڕانکارییەکان لە سیاسەتدا ئەوپەڕی بە ئاسانی لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لەسەریان ڕێک دەکەون. دەستەبژێران لە لایەن دیکتاتۆرەوە هەڵبژێردراون و بژاردەکانیان وەک ئەوانەی دیکتاتۆرە. گۆڕانکارییەکان لە سیاسەتدا ئاسانتر لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لەسەری ڕێک دەکەون بە بەراورد بە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان، بەڵام زۆر قورسترە لەچاو ئەوانەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان. گۆڕانکارییەکان لە سیاسەتدا ئەوپەڕی بە گرانی لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لەسەری ڕێک دەکەون. دەستەبژێرانی حزب هەمان ئەو بژاردانەی دیکتاتۆر نییە، هەروەها بژاردەکانی دەستەی دەستەبژێران هەمەجۆرن.

ئەوەش مانای ئەوەیە کە ڕاڕایی بەرچاو لە سیاسەتدا لە دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویدا ئەوپەڕی بوونی هەیە و لە دیکتاتۆرییەتی تاکحزبیدا کەمترین بوونی هەیە. دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بەوە ناسراون کە کەمترین بنبەستی سیاسییان تێدا ڕوو دەدات و دیکتاتۆرییەتی تاکحزبییش زۆرترین. ئەمە لە وێنەی ١:٦ پیشان دراوە. نموونەکانی ئەو ئاسانییەی کە دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دەتوانن سیاسەتەکانیان بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر بگۆڕن زۆرن. نموونەیەکی ئەوپەڕی گۆڕین،

**جان-بیدل بۆکاسای** *کۆماری ئەفریقای ناوەند* بوو، کە وڵاتەکەی لە سەرمایەدارییەوە گۆڕی بۆ سۆشیالیستی، بۆ کۆمارێکی ئیسلامی، بۆ ئیمپڕاتۆرییەت، هەموو ئەو گۆڕانکاریانە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ و ١٩٧٧دا ئەنجام دران. بژاردەکانی سیاسەتی **بۆکاسا** بە زۆری پێشبینی نەدەکران و سەرەڕۆییان تێدا بوو، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر زۆرلەخۆباییبوونەکەی و ئارەزوویەکی زۆری لە گەشت بە فڕۆکە و ڕاڕاییە سەیروسەمەرەکانی بوو. بە هەمان شێوە، *فیلیپین* لەژێر سایەی حوکمڕانیی **فیردیناند مارکۆس** بەوە جیا دەکرایەوە کە لە سیاسەتەکانی دەوڵەتەکەدا "پێشبینینەکردن و دژیەکی" هەبوو بە هۆی زاڵبوونی ئارەزووی کەسیی **مارکۆس**ەوە. لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی کەم دەبنەوە، دەتوانن گۆڕانکاری لە سیاسەتەدا تا ڕادەیەک بە ئاسانی بکەن.




*وێنەی ١:٦: بنبەستی سیاسی لە دیکتاتۆرییەتە جیاوازەکاندا*

وەک کوڕەکەی **موعەممەر قەزافی، سەیف ئەلقەزافی** لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی، "ئەو ساتەی بە یەکەوە دانیشتین و بڕیارمان دا کێشەکە چارەسەر بکەین، لە چەند ڕۆژێکدا کێشەکەمان چارەسەر کرد. زۆر ئاسانە چاکسازی لە ئابووریدا بکەین، وڵاتەکەمان بە مۆدێرن بکەین".

دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە سەرەکەی تری شەبەنگەکەن. ژمارەیەکی کەم لە توێژەران تیشکیان خستووەتە سەر ئەوەی کە پڕۆسەی سیاسیی هێواش تایبەتمەندیی ڕژێمە تاکحزبییەکانە. بۆ نموونە، **فیلیپ جی ڕۆیدەر** داکۆکی لەوە دەکات، لە یەکێتیی *سۆڤێت*، سەرکردەکان هەوڵی جێبەجێکردنی گۆڕانکارییان دا، بەڵام هەوڵەکانیان بۆ چاکسازی بە هۆی بەرگریی دامەزراوەییەوە سەری نەگرت. تا پێویستی بۆ چاکسازی گەشە بکات، سەقامگیری درزی کوشندەی تێدەکەوێت. ڕژێمە تاکحزبییەکان بەوە جیا دەکرێنەوە کە "ئیفلیجیی سیاسی"یان هەیە. بۆ نموونە، لە *ڤێتنام* دەستەبژێران هەمیشە لەسەر سیاسەت ڕێک ناکەون و بنبەستی سیاسی لەو وڵاتە شتێکی باوە. لەبەر ناکۆکییەکانی ناوخۆیان "سیاسەتی ئابووری لە نیوەی ڕێگەوە جێبەجێکردنی زەحمەت دەبێت"، سەرۆک هیچ بژاردەیەکی لە بەردەمدا نییە جگە لە ڕاپەڕاندنی سیاسەتەکان بە وریایی نەبێت. هەمەجۆریی بژاردە سیاسییە پەسەندەکان لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دەبێتە هۆی بەدیهێنانی چەندین ڕاسپاردەی سیاسی ئەلتەرناتیڤ، بەڵام ئەوەش مانای ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکان ڕوویان لەوەیە وردەوردە بکرێن. وەک **ڤالیری بوونسە** و **جۆن ئێم ئیکۆڵس** پیشانی دەدەن، گۆڕانکارییەکانی بودجەی ساڵانە لە سیستەمی حزبە کۆمۆنیستەکان "کەمن و تا

ڕادەیەک زۆر نین" و "وەک سیستەمە دیموکراسییەکان زۆر گەورە نین"، ئەویش لەبەر کێشەی دەستەبژێرە لە "کولتوورێکی سیاسیی سەوداکردن و گونجان".

لەو بابەتانەی کە دێن، بە درێژتر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە دەکەین، کە چۆن پێکهاتەی دیکتاتۆرییەتەکان کار دەکاتە سەر هەمەجۆریی بژاردە سیاسییە پەسەندەکانی دەستەبژێر و هەروەها ئەگەری ڕوودانی بنبەستی سیاسی.

## بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێر لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا

لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێران بە شێوەیەکی ئاسایی وەک ئەوانەی دیکتاتۆرن. ئەمەش ڕوو دەدات چونکە دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان کۆنترۆڵێکی گەورەی ئەوەی دەکەن کە لە کێ گرووپی پشتگیریی دەستەبژێرانیان پێک بهێنن و پێویست ناکات گفتوگۆ لەگەڵ حزبێکی بەهێز یان سوپادا بکەن. لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا هیچ دامەزراوەیەک نییە بتوانێت هیچ ڕێنماییەک بۆ بەرزکردنەوەی پلەی دەستەبژێران بسەپێنێت. دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دەتوانن دەستەبژێران بە کرێ بگرن یان دەریان بکەن و چۆنیان بوێت وا بکەن. بۆ نموونە لە *فیلیپین*، **مارکۆس** تەنیا دەوروبەری خۆی بەوانە پڕ دەکردەوە کە هیچ بەرەنگاربوونەوەیەکیان بۆ حوکمڕانییەکەی دروست نەدەکرد. **مارکۆس** بە زیرەکانە هاوپەیمانییەکی سیاسیی فراوانی دروست کرد، کە دڵسۆزییان بۆ خودی خۆی هەبوو و

سەرکوتکردنی سەربازی و بێزارکردنی یاسایی دژی ئەوانەی بەرهەڵستیی ئەویان دەکرد بەکار هێنا. دیکتاتۆرەکان هاووڵاتیی وایان دەدۆزییەوە کە پشتگیرییان لێ بکەن و بە بژاردە سیاسییەکانی ئەوان ڕازی بن. ئەوانەی بەرهەڵستیی ئەو دیکتاتۆرانە بکەن بە ئاسانی یەکێکی تریان دەخستە جێگەی.

**پاککردنەوەی دەستەی دەستەبژێران**

لە دیکتاتۆرییەتە تاکرەوییەکاندا پاککردنەوەی دەستەی دەستەبژێران بە تەواوی شتێکی باوە. ئەو پاککردنەوەیە نیشانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرە لە کۆنترۆڵکردنی بەرزکردنەوەی پلەکانی دەستەبژێر. *عێراق* لەژێر سایەی حوکمڕانیی **سەدام حسێن** نموونەیەکی باشی ئەم پاککردنەوەیەمان دەداتێ. **سەدام** زۆربەی ئەندامانی گرووپی پشتگیریی دەستەبژێری خۆی لە ساڵی ١٩٧٩دا لە سێدارە دا و جێگەی ئەوانی بە پشتگیریکەری تازە پڕ کردەوە. لەوانەی لە سێدارە دران، هاوەڵە هەرە دڵسۆزەکانی **سەدام**ی تێدا بوو، تەنانەت نزیکترین کەس لە **سەدام** دەکرا لەناکاو لە پلە و پۆست خرابایە و بە شێوەیەکی ترسناک بەرژەوەندییەکانی لێ سەنرابایەوە. ئەو تاکانەی لەگەڵ دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان ناکۆک بن بە زۆری ڕووبەڕووی چارەنووسێکی پڕتوندوتیژی دەبنەوە. لە ئەنجامدا، بە زۆری دەستەبژێران ئەو زانیارییانەی کە دیکتاتۆر پێی خۆشە بیانبیستێت بە دیکتاتۆر دەگەیەنن. بۆ نموونە، **بۆکاسا**، بە دڵڕەقی ڕەفتاری لەگەڵ یاریدەدەرەکانی دەکرد، ئەوەی بۆی دەرکەوتبا کە جێگەی متمانەی ئەو نییە، بە

زۆری دەیناردن بۆ سەبازگە دوورەکان بۆ ئەوەی گوللەباران بکرێن. پاککردنەوەی لەو جۆرانە، توانای دیکتاتۆری تاکڕەو دەردەخات لە کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردنی ئەو گرووپانەی پشتگیری لەو دەکەن.

## چڕکردنەوەی دەسەڵات

لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان ئەو چینەی دەستەبژێران کۆ دەکەنەوە کە پشتگیرییان لێ دەکەن (ئەوانەشی پشتگیرییان لێ ناکەن دەریان دەکەن)، دەسەڵاتی بڕیاردانی سیاسی بە شێوەیەکی سەرەکی بە دەست یەک کەسەوەیە. چەندین توێژەر تیشکیان خستووەتە سەر ئەوەی کە چڕکردنەوەی دەسەڵات تایبەتمەندیی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکانە. بۆ نموونە، لە *پورتوگال* لەژێر سایەی حوکمڕانیی **ئەنتۆنیۆ سالازار**، هیچ دامەزراوەیەکی سەربەخۆ یان قەوارەیەک نەبوو بتوانێت بەرهەڵستیی سیاسەتەکانی بکات. پەیوەندیی نێوان **سالازار** و وەزیرەکانی بریتی بوو لە چڕکردنەوەی دەسەڵاتی بڕیاردانی سیاسی لە کەسی دیکتاتۆر و کەمکردنەوەی سەربەخۆیی وەزیرەکان و سەرۆککۆماری وڵاتەکە. **سالازار** زۆر بە وردی پێداچوونەوەی بە هەموو بەشێکی ناوەڕۆکی دانانی یاسادا دەکردەوە و ڕەتی دەکردەوە ڕێگە بە ڕاوێژکارەکانی بدات هیچیان بەدەست بێت جگە لە پەراوێزێکی تەسکی سەربەخۆیی بڕیاردان نەبێت. **سالازار** بە تەواوی لەگەڵ ئەوانەی هاوڕای بۆچوونەکانی نەبوون لێبوردە نەبوو، گەنجە خاوەن بەهرەکانی *پورتوگالی* سارد دەکردەوە لەوەی لە حکومەت کارێکیان دەست بکەوێت.

لەبەر ئەو چڕکرنەوەیەی دەسەڵات، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان سیاسەت بگۆڕن.

هیچ کەسێک نییە بتوانێت سیاسەتە پێشنیازکراوەکانی دیکتاتۆر ڕەت بکاتەوە. *لیبیا* لەژێر سایەی حوکمڕانیی **قەزافی** نموونەیەکی باشمان دەداتێ کە چۆن ئەوپەڕی دەسەڵاتچڕکردنەوە، کە تایبەتە بە دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان، گۆڕانی لەناکاوی سیاسەتەکانی لێ دەکەوێتەوە. ئەوانە زۆر کەم بوون کە دەیانتوانی لە *لیبیا* بەرەنگاری **قەزافی** ببنەوە، ئەمەش وای کردبوو **قەزافی** ئازاد بێت لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی ئەو هەڵی دەبژارد بێ گوێدانە لێکدانەوەی ئەنجامی ئەو سیاسەتانە. لەساڵی ١٩٩٧دا، **قەزافی** بڕیاری دا کە دەبێت هەموو خێزانەکانی *لیبیا* لە ماڵەکانیان مریشک بەخێو بکەن، وەک هۆیەک بۆ ئەوەی *لیبیا* بەشی خۆی لە مریشک دابین بکات و مریشک هاوردە نەکات. هەرچەندە ئەو بڕیارە قورس نەبوو بۆ ئەوانەی لە لادێکان دەژیان، بەڵام بۆ دانیشتوانی شارەکانی *لیبیا* شتێکی مەحاڵ بوو.

## بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێر لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا

سەرۆکەکانی تاکحزبەکان ناتوانن دەستەبژێرە پاشکۆکانی خۆیان هەڵببژێرن، لە کاتێکدا تاکەکان دەبێت لە ناو دەزگای حزبەکەدا کار بکەن بۆ ئەوەی پلەیان بەرز ببێتەوە و ببنە دەستەبژێر. سەرۆک و دەستەبژێران بە وردی لەسەر هەمان بژاردە سیاسییە پەسەندەکان هاوڕا نین، هەروەک لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ئەوە هەیە. لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە خوارەوە گفتوگۆیان لەسەر دەکەین، دەستەبژێران لە ڕژێمە تاکحزبییەکان بە بەراورد بە دیکتاتۆرییەتەکانی تر لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە، لە ناو خۆیاندا زیاتر لێک جیاوازن.

## **جیاوازیی ناوخۆیی**

دەستەبژێران لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان کەمتر یەکگرتوون لەچاو هاوتاکانیان لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا. وەک **ڕەونەق جاهان** دەڵێت، بە هۆی دیسپلینێکی بەهێز و گرنگیدان بە گونجان لەگەڵ یەکتری، سوپا کەمتر لە ناو خۆیدا ناکۆک دەبێت لەچاو دەستەبژێرە سیاسییەکان. بۆ نموونە، لە *زامبیا*، حزبی *سەربەخۆیی نەتەوەیی یەکگرتوو* ( *United National Independence Party*) (*UNIP*) بە شێوەیەکی وا دابەش ببوو کە سەرۆک **کینیس کاوندا** دەبوو شەرعییەتی کەسیی خۆی بەکار بهێنێت بۆ سنووردانان بۆ ناکۆکییەکانی ناو حزب، تەنانەت **کاوندا** هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوەی کرد وەک هەوڵێک بۆ نەهێشتنی دووبەرەکیی ئاشکرای ناو حزبەکە. هەروەها لە *کینیا*، *یەکێتیی نەتەوەیی ئەفریقییەکانی کینیا* ( *Kenya African National Union*) (*KANU*) لەسەر ئاستی پەرلەمانی بە تۆکمەیی ڕێک نەخرابوو و دیسپلینیان نەبوو. ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە لەپشتەوەی ناو هۆڵی پەرلەمان دادەنیشتن و لە حزبەکەدا پلەی گرنگیان نەبوو، بە زۆری لە قسەکانیاندا ڕەخنەیان لە حکومەت دەگرت و هەندێک جار لە دژی حکومەت دەنگیان دەدا. وەک **سامیوٴڵ ئی فینەر** دەنووسێت، حزبە سیاسییەکان بە سادەیی هەمان ئەو یەکگرتنە ناوخۆیییەیان نییە وەک ئەوەی لە ناو سوپادا هەیە.

**دەستەگەریی ناو حزب**

لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا، نەبوونی کێبڕکێ لە نێوان حزبەکان مانای ئەوەیە ئەو بەرژەوەندییە جۆراوجۆرانەی دەبوو بە شێوەیەکی ئاسایی حزبە سیاسییەکانی تر نوێنەریان بن، بە زۆری لە ناو حزبەکە بە شێوەی دەستە سەر هەڵدەدەن. نەهێشتنی کێبڕکێی نێوان حزبەکان، دەستەکان ئازاد دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتردا کێبڕکێیەکی توند بکەن، چونکە ئەو دەستانە چیتر لە نەمانی زاڵبوونی حزبەکەیان ناترسن. هەبوونی دەستەگەری تایبەتمەندیی کۆمەڵێکی جۆراوجۆری ئەو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییانە بووە کە زۆر ماونەتەوە. بۆ نموونە، لە *مەکسیک* لەژێر سایەی حوکمڕانیی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*، دەستەکان وەک شتێکی ئاسایی یان گرووپی سیاسی لەناو هاوپەیمانیی فەرمانڕەوادا کاریان کردووە. هەروەها لە *تونس*، ناکۆکی شێوەی ڕەوتی کێبڕکێکەری لە ناو حزبەکەدا وەرگرتبوو؛ مشتومڕ لەسەر سیاسەت هەمیشە لە ناو حزبەکەدا هەبووە بە هۆی هەمیشە سەنگەرگواستنەوەی دەستەکانی ناو حزبەکە. هەمان شتیش بۆ *تایوان* ڕاستە، کۆبوونەوەکانی *کۆمینتاک* (*KMT*) گفتوگۆی زۆر توندی لەخۆ دەگرت لەسەر ئاڕاستەی وڵاتەکە و دەستەکان لەسەر دەسەڵات و کاریگەریی سیاسی کێبڕکێیان دەکرد. لە ڕاستیدا، دەستەگەری لە *بۆتسوانا* ئەوەندە ناخۆش بوو کە حزبی *دیموکراتی بۆتسوانا* (*Botswana Democratic Party*) نەیتوانی لە ساڵی ١٩٧٧دا کۆمیتەی ناوەندی هەڵببژێرێت. سەرکردەکانی حزبی *دیموکراتی*

*بۆتسوانا* "وەک مراوی ناو گۆماوێک وان: لەسەر ڕووی ئاوەکە ئارامن، بەڵام لە بنەوە بە تووڕەیی بە شتی هیچوپووچەوە خەریکن".

گرژییەکانی دەستەگەری بە زۆری لە ڕێی بەشدارییەکی فراوانی دەستەکان لە دەسەڵاتدا و دانان بە داواکارییەکی هەر یەکێک لەو دەستانە، خاو دەکرێنەوە. هەروەک **تون جین چینگ و ستیفان هاگارد** ئاماژەی بۆ دەکەن، "دەستەگەریی بەرفراوان لە ناو حزبی فەرمانڕەوادا زیاتر فەرمانڕەوایی دیکتاتۆر دەپارێزێت"، ئەمەش ڕێگە زیاتر بە نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان دەدات. بۆ نموونە، لە *تونس*، دەستەکان هۆیەکی سەرەکین کە لە ڕێیانەوە دەستەبژێرە تووڕەکان دەتوانن ڕا جیاوازەکانی خۆیان دەرببڕن. هەبوونی دەستە لە ڕژێمە تاکحزبییەکان یارمەتیی نزیککردنەوەی جۆری کێبڕکێی بیروڕاکان دەدات کە لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا هەیە بەبێ ئەوەی هەڕەشە لە مانەوەی حزبەکە بکات. دەستەگەری بە زۆری لە ڕژێمە تاکحزبییەکاندا چاوپۆشیی لێ دەکرێت، هەندێک جار بە دامەزراوەیی کراوە و هەندێکیش مشتومڕیان لەسەر کردووە کە دەشێت دەستگەری تەمەنی ڕژێمەکە درێژ بکات.

**دەستە**

دەستەکان (Factions) تۆڕی نافەڕمیی ئەو پەیوەندییە کەسییانەن کە متمانە دەکەنە سەر یەکتری ( Baum , 1996 , p.9). هەروەها ئەو دەستانە وا پێناسە دەکرێن کە "گرووپی کێشەی سیاسین و یەکگرتوو نین و ئەندامەکانی لە لایەن سەرکردەیەکەوە لەسەر پرەنسیپی جیاواز دەهێنرێنە ناو دەستەکەوە" (Bosco 1992,p.157). هەرچەندە دەستەکان جاروبار ناوی نەگۆڕیان هەیە و ئامانجی سیاسیی پەرەپێدراوی باش و سەرکردایەتییەکی سەقامگیریان هەیە، بەڵام لە بنچینەدا گرووپی نافەڕمین. ئەگەر دەستەیەک گەشە بە پسپۆڕییەتی کارەکەی بدات و پێکهاتەیەکی بیرۆکراسییانەی هەبێت، ئەوا چیتر وەک دەستە نامێنێت. بە زۆری دەستەکان هەمیشە گۆڕاو و پێکهاتەیەکی ئایدیۆلۆجیای خۆگونجێنیان هەیە و ئەندامێتی تیایاندا جێگیر نییە. ئەو دەستانە بە شێوەیەکی ئاسایی لەسەر بنچینەی دڵسۆزی بۆ کەسێک دروست دەبن و نەرمیشن بەرامبەر گۆڕانی هاوپەیمانییە سیاسییەکان (Baum 1996).

## نوێنەرایەتیکردنی بازنەی هەڵبژاردنەکان

دەستەبژێران لە ڕژێمە تاکحزبییەکاندا بەگشتی نوێنەری بازنەی هەڵبژاردنەکانن، ئەمانەش دەبنە هۆی جیاوازیی زیاتری بژاردە پەسەندەکانی ناو هاپەیمانیی دەستەبژێر. وەک **دۆگلاس پیکە** دەربارەی *ڤێتنام* دەنووسێت، هەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بازنەیەکی هەڵبژاردنی هەیە و بەڕێوەی دەبات، بەڵام ئەو بازنەیە سنوور بۆ ئەو ئەندامە دادەنێت و بە زۆری هەڵوێستی سیاسییشی لەسەر بابەتیکی تایبەت لە بەردەم مەکتەبی سیاسی بۆ دیاری دەکات. هەروەها لە *کینیا*، دەستەبژێرانی حزب کە نوێنەرایەتیی گرووپی بچووک دەکەن

و لە ڕێی پەیوەندییەکانی ئەو گرووپە بچووکانەوە بە تۆڕی نیشتمانییەوە دەستەبژێران دەخرێنە ناو هاوپەیمانیی دەستەکانەوە. هەمان شت بۆ چین ڕاستە، لەو وڵاتە ئایدیۆلۆجیای فەرمی پراگماتییە و ڕێگەی داوە بە گرووپە نافەرمییەکان کێشەیەکی گونجاو بوروژێنن، بە مەرجێک بژاردە سیاسییە پەسەندەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیدا هاوتا بن. بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێرانی تاکحزبی جیاوازن، چونکە دەستەبژێرەکان نوێنەری گرووپی جیاوازی هاونیشتمانیانن.

### بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێر لە دیکتاتۆرییەتی سەربازیدا

وەک لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا هەیە، سەرکردە سەربازییەکان بە شێوەی کەسی ناتوانن کۆنترۆڵی ئەوانە بکەن کە گرووپی پشتگیریی دەستەبژێریان بۆ دروست دەکەن، لە کاتێکدا بەرزکردنەوەی پلەکان بەپێی ڕێنماییە سەربازییەکان دەبێت. ئەوەش مانای ئەوەیە کە دەستەبژێران و سەرکردەکان لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا بژاردەی پەسەندکراوی سیاسیی هاوبەشیان نییە وەک لەوەی لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەستەبژێران لایەنی هاوبەشی زیاتریان لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا هەیە لەچاو ئەوەی لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا هەیە. چەند هۆیەک هەیە بۆ ئەوە کە لە خوارەوە گفتوگۆیان لەسەر دەکەین.

## یەکڕیزیی ناوخۆیی

سوپا وەک دامەزراوەیەک، جەختێکی زۆر لەسەر یەکڕیزیی ناوخۆیی دەکاتەوە. باری پرۆفیشناڵی و یەکڕیزیی ناوخۆیی و دیسپلین لە ناو ئەفسەرانی سوپا بە پلەی یەکەم دێن. سوپا بەتایبەتی زیاتر ڕێکخراو و یەکگرتووترن لەچاو گرووپە مەدەنییەکان. تایبەتمەندییە ڕێکخراوەییەکانی سوپا ئەمانە دەگرێتەوە: فەرماندەرکردن ناوەندییە، یەکڕیزی و هاریکاری و دابڕان و جیاکردنەوەی لە کۆمەڵگە. ڕێزگرتن لە پلە بۆ زیاتر یەکگرتنی سوپا گرنگە و هەمیشە گوێڕایەڵی فەرمانە ڕاستەوخۆکان بن. پاشخانی هاوبەش و مەشقکردن، یەکڕیزیی ناوخۆیی ناو سوپا زیاد دەکات. ئەندامانی سوپا لە ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەشن، لەگەڵ چەند بەهایەک کە بە زۆری هەر لە تەمەنی لاوییەوە مێشکی ئەفسەرانی پێ گۆش دەکرێت. ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی هاوبەش کە تایبەتە بە دەستەبژێرانی سوپا، هەمێشە لە دەستەبژێرانی تاکحزبیدا نییە. بۆ نموونە، لە جەزائیر، سەرکردە سەربازییەکان لەناو کەشوهەوایەکی ڕەفتاری بڕوابوون بە یەکگرتوویی و نکۆڵیکردن لە دەستەگەری گەورە دەبن، هەمیشە لەو کەشوهەوایەدا هاریکارییەکی دیاریکراو و ڕێزگرتن لە پلە لە سوپادا کاری پێ کراوە. جەختکردنەوەی سوپا لەسەر یەکڕیزیی ناوخۆیی لە پرۆسەی مەشقپێکردنی ئەندامانی ئایندە ڕەنگ دەداتەوە، کە ئامانجەکە بۆ چاندنی گیانی هاوبەشییە لە ناخی سەربازانی تاک یان خەڵکانی مەدەنیدا. ئەو جۆرە فێرکردنە لە ژینگەیەکی پارێزراودا ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی سەربازەکان پارێزراو بن لە کاریگەرییە دووبەرەکییە نەرەوەکانی جیهانی مەدەنی.

دیکتاتۆرییەتی سوپای بەڕازیلی نموونەیەکی باشمان دەداتێ لە جەختکردنەوەی سوپا لەسەر یەکڕیزیی ناوخۆیی. وەک **ولفرید باکوس** تیشکی دەخاتە سەر، سەرکردایەتیی سوپا پێویستی بەوە بوو کە بەرەیەکی یەکگرتوو پێک بهێنێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە نیشتمانییەکاندا، بە سادەیی سیاسەتی وا جێبەجێ بکات بە جۆرێک کە پەسەندکردنی لە لایەن جەماوەرەوە شەرعییەتێکی دیفاکتۆی بۆ دروست بکات. پێویستبوون بە یەکڕیزی لەوەش زیاترە کە تەنیا هەڕەشەکانی کودەتا یان توندوتیژیی پڕکێشە دوور بخاتەوە، ئەو یەکڕیزییە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی گەورە. یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی زۆر گرنگ بوو بۆ ڕژێمەکە و ڕێگەی بە سوپا دا کە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی گەشە پێ بدات، بەبێ ئەوەی ئەو بەرژەوەندییانە نەهێڵرێت بە هۆی دووبەرەکیی ناو سوپاوە پەرەیان پێ نەدرێت. کۆدەنگی لە ناو سوپادا بەرز نرخێندرا و دەستەبژێرانیش لە ناو خۆیاندا یەکگرتوو بوون.

### دوورکەوتنەوە لە دەستەگەری

هۆیەکی تری ئەوەی کە دەستەبژێری سەربازی ئارەزووی ئەوە دەکەن یەکگرتوو بن، ئەوەیە ئەو سوپایانەی پڕ لە دەستەی ناکۆکن زۆر لە دەسەڵاتدا نامێننەوە. وەک **برایان لای** و **دان سلاتەر** سەرنج دەدەن، ئەوەی ڕژێمێکی سەربازی لە ڕووی دامەزراوەییەوە دیاری دەکات، پاشخانی سەرکردایەتییەکەی نییە، بەڵکو نەبوونی هیچ دامەزراوەیەکی حزبیی کاریگەرە بۆ بەڕێوەبردنی دەستەگەریی دەستەبژێر و سنووردانان بۆ ناڕەزایی جەماوەری. کاریگەریی دەستەگەری لەسەر سیاسەت تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەرییەکی ناسەقامگیری

لەناو دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا هەیە و بە زۆری دەبێتە هۆی گەڕانەوەی سوپا بۆ ناو سەربازگەکانیان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە زۆربەی زۆری ئەفسەران لایان پەسەندترە پۆستەکانیان بەجێ بهێڵن وەک لەوەی لە دەسەڵاتدا وەک هێزێکی سەربازی پڕ لە دەستەی ناکۆک بمێننەوە. ئەو لاپەسەندبوونە شتێکی بێهاوتایە بۆ ڕژێمە سەربازییەکاندا. وەک **باربارا گیدس** دەنووسێت، ئەفسەرانی سوپا لەگەڵ ئەوە نابن کە سوپا هەڵبوەشێت بۆ دەستەی وا بە ئاشکرا کێبڕکێ لەگەڵ یەکتری بکەن. زۆربەی سەربازانی پڕۆفیشناڵ مانەوە و کاریگەریی خودی سوپا لە هەموو شتێکی تر بەرزتر دەنرخێنن. ئەو کێشانەی دەشێت ببنە هۆی دابەشبوونی هێزە چەکدارەکان لە ناو خۆیاندا، ئەوا ئەو هێزە چەکدارانە بە شێوەیەکی ئاسایی لێیان دوور دەکەونەوە.

## نەبوونی بازنەکانی هەڵبژاردن

هۆیەکی تری ئەوەی کە دەستەبژێرە سەربازییەکان لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە لەگەڵ یەکتر گونجاون، ئەوەیە کە ئەو دەستەبژێرە سەربازییانە نوێنەرایەتیی هیچ بازنەیەکی هەڵبژاردن ناکەن. دەستەبژێران لە لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا ئارەزووی ئەوە دەکەن خۆیان لە بژاردە سیاسییە پەسەندکراوە جۆراوجۆرەکانی جەماوەر دابڕن. ئەو دەستەبژێرانە بە زۆری ڕقیان لە شەرعییەتدانە بە بازنەی هەڵبژاردن وەک بنچینەیەک لە سیاسەتدا، چونکە ئەو شەرعییەتدانە هەڕەشە لە تەبایی نێوان ئەندامانی سوپا و یەکگرتووییان دەکات. هەروەک ئەندامێکی *ئەنجوومەنی وەزیران* لە دیکتاتۆرییەتی سەربازیی *نایجیریا* گوتی، "لە

ڕژێمی سەربازیدا بە هیچ جۆرێک بازنەی هەڵبژاردن نییە". لەبری ئەوەی بازنەی هەڵبژاردنی مەدەنی هەبێت، دەستەبژێرە سەربازییەکان هەوڵی ڕازیکردنی ئەندامە پلەنزمەکانی سوپا دەدەن. بۆ نموونە، لە *تورکیا*، حکومەتی سەربازی چەند سیاسەتێکی پیادە کرد کە ئامانجی چاککردنی ئاستی ژیانی ئەفسەران بوو بۆ مسۆگەرکردنی پۆستەکانی دەستەبژێران، کە پەیوەست بوون بە بازنەی هەڵبژاردنی ناوخۆی ئەو دەستەبژێرانە. بە بەراورد بە سیاسەتمەداران، سوپا تا ڕادەیەک کەمتر بە بەرژەوەندییە ناوچەییەکان بەستراوەتەوە، لەبەر ئەوە سوپا زۆر یەکگرتوو دەبێت و تا ڕادەیەک لە ناکۆکییە مەدەنییەکان دادەبڕێت.

## ئاکامەکانی بنبەستی سیاسی

لەبەر ئەوەی ئاسانە بۆ دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان کە ڕەزامەندی لەسەر گۆڕانی سیاسیی گەورە بدەن، بارودۆخی سیاسی لەو ڕژێماندا خێرا دەگۆڕێت. سیاسەتەکان لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی داهاتوو دەکرێت زۆر بە خێرایی بگۆڕێن. پێچەوانەکەشی ڕاستە بۆ دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان. هەمەجۆریی بژاردە سیاسییە پەسەندکراوەکان لە ناو دەستەبژێرانی حزب مانای ئەوەیە کە گۆڕانەکان بە زۆری وردەوردە ڕوو دەدەن و لە ئەنجامدا بارودۆخە سیاسییەکە تا ڕادەیەک سەقامگیر دەبێت. لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا، سیاسەت کەمتر بە خێرایی دەگۆڕێت لەچاو دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو سیاسەتە لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر بگۆڕێت بە بەراورد بە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان.

بە هۆی جیاوازییە دامەزراوەییەکانەوە، بنبەستی سیاسی زیاتر لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا هەیە، دوای ئەوان دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دێن و لە کۆتاییدا دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دێن. ئەو بنبەستە سیاسییە (خۆی لە خۆیدا) ژمارەیەک ئاکامی سیاسیی لێ دەکەوێتەوە کە لە خوارەوە گفتوگۆیان لەسەر دەکەین.

ئاسانترە بۆ دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان کە خێرا وەڵامی ڕووداوی ناخۆشی دەرەکی بدەنەوە. ڕژێمە تاکڕەوییەکان پێویستیان بەوە نییە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک بیروڕای جیاوازی سیاسەتمەداران بکەن بۆ ئەوەی بڕیارێکی خێرا بدەن. بە پێچەوانەوە، دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان گرفتی زیاتریان لە وەڵامدانەوەی ڕووداوی ناخۆشی دەرەکیدا هەیە. جیاوازیی بژاردە پەسەندەکانی سیاسەتمەداران وا لە دیکتاتۆرەکان دەکات قورس بێت بۆ ئەوان لەسەر وەڵامێکی ڕاست و دروست ڕێک بکەون.

وێڕای ئەوەش، سیاسەتی دراوی (پارە) لەناو دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا ساڵ دوای ساڵ ئەوپەڕی هەڵبەزودابەز دەکات، لەم ڕووەوە دوای دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دێن و لە کۆتاییدا دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دێن. بە هەمان شێوە، ڕێژەکانی هەڵاوسان ئەوپەڕی جێگیرن لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا و کەمترین جێگیرییشیان هەیە لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا.

لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان بارودۆخێکی سیاسیی زیاتر پێشبینیکراویان هەیە، زیاتر سەرنجی وەبەرهێنە بیانییەکان ڕادەکێشن، چونکە نیگەرانی کەمتر دەبێت لەوەی کە سیاسەتی وڵاتەکە لەبەر تەنیا ئارەزوویەک بە

شێوەیەکی ئێجگار زۆر بگۆڕێت. پێچەوانەکەشی بۆ دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ڕاستە. دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان تا بەرزترین ئاست وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی ڕادەکێشن و دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکانیش تا کەمترین ئاست و دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانیش دەکەونە ئاستی نێوانیان. هەروەها بینراوە کە زووزوو هەڵبەزودابەز لە سیاسەتدا کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر ڕێژەی گەشەکردنی درێژخایەن دروست دەکات.

## پوختە و ئەنجام

لەم بەشەدا لەوەمان کۆڵییەوە کە چۆن پێکهاتەی دامەزراوەیی دیکتاتۆرییەتەکان کار دەکاتە سەر داڕشتنی بڕیاری سیاسی، بەتایبەتی کاریگەریی لەسەر بنبەستی سیاسی. لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، ئەندامانی گرووپی پشتگیریی دەستەبژێری دیکتاتۆر بەگشتی بژاردە پەسەندکراوەکانیان لەگەڵ ئەوانەی دیکتاتۆر هاوبەشن، چونکە دیکتاتۆر تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەوانە بکات کە ئەو بژاردانە پێک دەهێنن. لە حاڵەتی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان یان دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا بەم جۆرە نییە. هەرچەندە دیکتاتۆرەکان کۆنترۆڵی کەمتریان بەسەر هەڵبژاردنی دەستەبژێرانەوە هەیە لەو ڕژێمانەدا، بەڵام حوکمڕانی بە هۆی سوپا یان حزب کار ناکاتە سەر جیاوازیی بژاردە پەسەندکراوەکانی دەستەبژێر. دەستەبژێران لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان ئارەزووی ئەوەیان هەیە کە زیاتر بژاردە پەسەندکراوەکان هاوبەش بن وەک لە دەستەبژێرەکانی ناو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان. گۆڕانە

سیاسییەکان ئەوپەڕی بە ئاسانی لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لەسەری ڕێک دەکەون و لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانیش ئەوپەڕی بە گرانی.

جیاوازییە پێکهاتەییەکان لەناو دیکتاتۆرییەتەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر کار دەکاتە سەر ئەوەی کە تا چەند ئاسان یان قورسە سیاسەتەکانیان بگۆڕن. بنبەستی سیاسی ئەوپەڕی توندە لە دیکتاتۆرییەتی تاکحزبییەکان، بەدوای ئەواندا دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دێن و لە کۆتاییدا دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دێن. ئەو بنبەستە سیاسییە لق و پۆپی ئەرێنی و نەرێنیی لێ دەبێتەوە. لە لایەک، سەقامگیریی سیاسی شتێکی خوازراوە لە لای وەبەرهێنەران و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی زیاد دەکات. بە گوتەی **ئەنتۆنیۆ فاتاس** و **ئیلیان میهۆڤ**، زیادبوونی کۆتوبەندە سیاسییەکان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن وەک ئامڕازێکی سزادان وایە بۆ سنووردارکرنی گۆڕانە ناپێویستەکان و ئەو گۆڕانانەی دەشێت زیانبەخش بن لە سیاسەتی ئابووریدا. بەڵام لە لایەکی تر، سەرکردەکان توانایان زیاتر سنووردارە بۆ وەڵامدانەوەیەکی خێرای ڕووداوە ناخۆشە دەرەکییەکان، کە بە ئاسانی دەتوانن ڕوودانی قەیرانێکی ئابووری خێراتر بکەن. وەک لێرە پیشانمان دا، توانای ڕژێمەکان بۆ ئەنجامدانی گۆڕانی گەورە لە سیاسەتدا (شکاندنی ئەو چەقبەستنەی بنبەستە سیاسییە)، ئاماژەی گرنگن بۆ کۆمەڵێک ئەنجامی سیاسی و ئابووری.

# بەشی حەوتەم
# دیکتاتۆرییەتەکان و ئابووری

سیاسەت و ئابووری لە زۆر لایەنەوە لێک جیا ناکرێنەوە. سەرکردە سیاسییەکان کۆنترۆڵی بڕیارە ئابوورییەکان دەکەن و ئەو بڕیارانە هەڵدەبژێرن کە ئەنجامی ئابووریی لێ بکەوێتەوە، لە کاتێکدا بارودۆخی ئابووری بە توندی کار دەکاتە سەر ئەو بژاردە سیاسییانەی بە دەست سەرکردەکانەوەن و هەروەها جۆری ئەو بڕیارەی ئەو سەرکردانە دەیدەن. لەم بەشەدا، لێکۆڵینەوە دەکەین لەسەر ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی کە لە نێوان دامەزراوە سیاسییە ناوخۆکان و ئابووریدا هەیە. لە سەرەتادا، باسی ئەدەبیات لەسەر دیموکراسی و دیکتاتۆرییەت و ئەدای ئابووری دەکەین. دواتر، لەوە دەکۆڵینەوە کە چۆن جۆری ڕژێم کار دەکاتە سەر ئەو شێوازەی کە تێیدا دیکتاتۆر کۆمەکی بیانی بەکار دەهێنێت. لە کۆتاییدا، لە هەبوونی گەندەڵی لە هەموو دیکتاتۆریەکان و دیاردەی دەوڵەتی تاڵانکەر دەکۆڵینەوە.

## جۆری ڕژێم و ئابووری

پەیوەندیی نێوان جۆری ڕژێم و ئابووری بۆ دەیان ساڵ سەرنجی توێژەرانی بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئایا دیکتاتۆرییەت لە دیموکراسی گونجاوترە بۆ سەرکەوتنی ئابووری؟ ئایا سامان دەبێتە هۆی دروستکردنی فشاری ناوخۆیی بۆ بەدیموکراتیکردن؟ چۆن لایەنە ئابوورییەکان بە دەوری خۆیان، کار لەو بڕیارانە دەکەن کە سەرکردەکان دەیدەن؟ ئەو پرسیارانە لەبەر چەند هۆیەک گرنگن. بە زۆری هەژاری ئەمانەی لەگەڵدایە؛ ڕێژەیەکی زۆری مردنی منداڵان و ئاستی نزمی خوێندەواری و نزمبوونەوەی ئاستی تێکڕای چاوەڕوانکراوی تەمەن. گەشەکردنی ئابووری ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر ژیان و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتییان. تێگەیشتنی ئەوەی ئایا و چۆن جۆری ڕژێم کار دەکاتە سەر ئابووری، کە زۆر جێگەی بایەخە بە شێوەیەکی یەکسان بۆ زانایانی زانستی سیاسی و وەبەرهێنەران و بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتمەداران. لەم بەشەدا، ئەم پەیوەندییە ڕوون دەکەینەوە و لەوە دەکۆڵینەوە کە چۆن ڕژێمە دیموکراسی و دیکتاتۆرییەتەکان لە ڕێبازە ئابووریەکانیاندا جیاوازن.

## جۆری ڕژێم و گەشەی ئابووری

توێژەران دەمێکە سەرنجی لەگەڵیەکگونجانی ڕژێمی دیموکراسی و سامانیان داوە. وڵاتە دەوڵەمەندەکان نزیکەی هەمیشە دیموکراتین، وڵاتە دیکتاتۆرییەتە دەوڵەمەندەکان بە نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەوە بەدەرن. وێنەی ١:٧ ئەم پەیوەنییە بە ڕوونی ڕوون دەکاتەوە. ئایا ئەوە مانای ئەوەیە

که دیموکراسی دەبێتە هۆی زیاتر دەوڵەمەندبوونی وڵاتان، یان سامانە دەبێتە هۆی بەدیموکراتیبوون؟

**ئادەم پرزیۆرسکی** و هاوەڵانی پەیوەندیی نێوان گەشەی ئابووری و جۆری ڕژێم ڕوون دەکەنەوە. وەک لە بەشی دووەم باس کرا، **ئادەم پرزیۆرسکی** و هاوەڵانی بۆیان دەرکەوت کە گەشەی ئابووری نابێتە هۆی دیموکراسی، بەڵام ڕژێمە دیموکراتییەکان ئەگەری مانەوەیان لە کۆمەڵگە دەوڵەمەندەکان زیاترە. بە واتایەکی تر، وڵاتە دەوڵەمەندەکان دیموکراتین نەک لەبەر ئەوەی سامان هانی بەدیموکراتیبوونیان دەدات، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕژێمە دیموکراتییەکان ئەگەری مانەوەیان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان زیاترە.

لەوانەیە جێی سەرسووڕمان بێت کە هەمان حاڵەت بۆ دیکتاتۆرییەتەکانیش ڕاست بێت. دیکتاتۆرییەتەکان ئەگەری مانەوەیان لە دەوڵەتە هەژارەکان کەمترە. ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییەتانە ئەگەری ئەوەیان زۆرە کە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا سەقامگیر بن، ئەمەش ئەو ڕێکەوتە نائاساییەی مانەوەی درێژی دیکتاتۆرییەتە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*مان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

هەژاری کاریگەرییەکی ناسەقامگیری هەیە لەسەر هەموو ڕژێمەکان. سامان مانەوەی ڕژێمەکان بەهێز دەکات، بێ گوێدانە ئەوەی ئەو ڕژێمانە دیموکراتین یان دیکتاتۆرین.

| | دەولەمەند | هەژار |
|---|---|---|
| دیموکراتی | ئەرجەنتین، ئوستراليا، نەمسا، بەلجیکا بوتسوانا ، چیلی ، کوستاریکا ، کرواتیا کوماری چیک، دانیمارک ، ئەستونیا فینلەندا ، فەرەنسا، ئەلمانیا ، یونان هەنگاریا، ئایسلەندا، ئیرلەندا، ژاپون ئیسرائیل ، ئیتالیا ، کوریای باشور لوکسومبیرگ، مەکسیک، هولەندا نیوزیلاند، نەرویج، پولەندا، پورتوگال سلوڤینیا، ئەفریقای باشور، ئیسپانیا سوید، سویسرا، بەریتانیا، ئوروگوای ویلاتە یەکگرتووەکان | ئەرمینیا، بەنگلادیش ، بەنین غانا ، هیندوراس ، مالی، هیندستان، کینیا ، مالاوی مەدغەشقەر ،مولدوڤیا، سینیگال موزەمبیق ، نیکاراگوا |
| نادیموکرتییەکان | بەحرەین، گابون، کوەیت، مالیزیا، عوممان، سەنغافورا عەرەبستانی سعودی، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو | ئەنگولا، ئازەربایجان، بوروندی، یەمەن بوتان ، بورکینافاسو ، کەمبودیا، چاد، کوماری ئەفریقای ناوەراست، کومورۆس، کوماری دیموکراتی جیبوتی، ئیریتریا، جورجیا ، کوماری کونگو ،ئەسیوپیا ، هاییتی غینیا ،غینیا بیساو ،کوماری قرغیزیا، لایبریا، کوماری دیموکراتی میللی لاو ، موریتانیا، نایجر ، نایجیریا ، پاکستان ، رواندا ، سودان سیرالیون ، تاجیکستان، تانزانیا، توگو، نیپال زامبیا، ئوگەندائوزبەکستان، ڤیتنام، یمبابوی |

*وێنەی ١:٧: وڵاتانی سەرەوە و خوارەوە سێیەمن لە دەوڵەمەندیدا*

## جۆری ڕژێم و گەشەی ئابووری

پەیوەندیی نێوان جۆری ڕژێم و گەشەی ئابووری بە ڕێژەیەکی یەکسان ئاڵۆزن. ئایا دیکتاتۆرییەتەکان باشتر دەتوانن ئەو سیاسەتانە جیبەجێ بکەن کە ببنە هۆی گەشەکردن وەک لە دیموکراسییەکان؟ ئەم پرسیارە گرنگە سەرەکییە دەمێکە توێژەرانی تووشی سەرسووڕماندن کردووە. ئەگەر فەرمانڕەوایی دەسەڵاتگەرایی پێویست بێت بۆ گەشەکردنی ئابووریی وڵات، ئەوا فشاربەکارهێنان لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەدیموکراتیکردن دەبێت کەم بکرێنەوە.

هاندەر بۆ ئەم گفتوگۆیە تۆمارەکانی ئەو گەشەکردنە گەورانەی ژمارەیەکی کەمی حکومەتە دیکتاتۆرییەتەکانن لە سالانی١٩٦٠ەوە تا سالانی ١٩٩٠. لە هەموویان دیارتر، ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانە لە *تایوان* و *کۆریای باشوور* و *سەنگاپوور* (کە بە پڵنگەکانی *ڕۆژهەڵاتی ئاسیا* ناسراون) کە گەشەیەکی خێرایان کرد، لە کاتێکدا هاوتا دیموکراتییەکانیان تووشی کێشەی زۆر ببوون. مشتومڕەکە ئەوەیە، ئەو سیاسەتانەی کە گونجاون بۆ گەشەی ئابووری بە زۆری لە ڕووی سیاسییەوە لای دانیشتوان نەویستراون. ئەو سیاسەتانە کاتیان دەوێت بۆ ئەوەی ئەنجام بدەن بە دەستەوە. حکومەتە دیموکراتییەکان ناتوانن سیاسەتی لەو جۆرە جێبەجێ بکەن، چونکە زۆر بە خێرایی لە لایەن هاووڵاتییانی بێهیواوە بە دەنگدان لەسەر دەسەڵات لا دەبرێن. لەبەر ئەوەی ناتوانرێت بە ئاسانی حکومەتە دەسەڵاتگەراییەکان بە دەنگدان لەسەر دەسەڵات لا ببرێن، ئەوا دەتوانن بۆ ماوەیەکی تەواو درێژ لەسەر ئەو سیاسەتانەی کە لە ڕووی سیاسییەوە لای جەماوەر پەسەند

نین، بەردەوام بن بۆ چنینەوەی ئەنجامە خوازراوەکان. وێڕای ئەوەش، دیکتاتۆرییەتەکان دەتوانن زۆر بە ئاسانی بە توندوتیژی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی جەماوەری کە دژی چاکسازیی ئابووری بێت، بجووڵێنەوە و دەتوانن بە هۆی یەکێتییەکانی کرێکارانەوە مانگرتن قەدەغە بکەن. بۆ نموونە، لە *ئەمەریکای لاتینی* پاش جەنگ، سیاسەتمەدارە هەڵبژێردراوەکان بۆیان زۆر قورس بوو چارەسەری هەڵاوسانی خێرا بکەن و داهاتەکانی دراوی بیانی زیاد بکەن، لە کاتێکدا لە ماوەیەکی کورتخایەنیشدا گەشەی ئابووری بهێننە دی. هەر حکومەتێکی هەڵبژێردراو چاکسازیی ئابووریی جێبەجێ کردبایە، ئەوا هەڵوێستی سیاسیی خۆی لاواز دەکرد.

هەرچەندە ڕاستە کە حکومەتە دیموکراتییەکان بە زۆری ڕووبەڕووی کۆسپ و تەگەرە دەبنەوە کاتێک چاکسازی لە ئابووریەکەیاندا دەکەن بەبێ ئەوەی لە دەسەڵات لا ببرێن، بەڵام دیکتاتۆرییەت نابێتە هۆی گەشەکردنێکی ئابووریی گەورە. جەختکردنەوە لەسەر تۆمارە ئەرێنییەکانی پڵنگەکانی *ڕۆژهەڵاتی ئاسیا*، ژمارەیەکی زۆری لەو دیکتاتۆرییەتانەی کە تۆمارێکی تۆقێنەریان هەبوو لە هەمان ماوەدا فەرامۆش کرد. بۆ نموونە، **پرزیۆرسکی** و هاوەڵانی بۆیان دەرکەوت کە جۆری ڕژێم کاریگەریی نییە لەسەر گەشەکردنی داهاتی نەتەوەیی. بە تێکڕایی، دیکتاتۆرییەتەکان و دیموکراسییەکان هەمان ڕێژەی گەشەکردنیان هەیە.

ئەو تێکڕاییانەی ڕێژەی گەشەکردن، دەشێت ڕەفتارە جیاوازەکانی ناو جۆری دیکتاتۆرییەتەکە بشارێتەوە. دیکتاتۆرییەتەکان ئازادییەکی زۆرتریان هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی هەڵی دەبژێرن. ئەو دیکتاتۆرییەتانە دەتوانن

سیاسەتی وا بە یاسا دەربکەن کە بۆ هاووڵاتییان بۆ ماوەیەکی کورتخایەن ناخۆش بێت، بەڵام بۆ وڵاتەکە بەسوود بێت لە ماوەی درێژخایەندا بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی توورەیی جەماوەر ببنەوە. لە هەمان کاتدا، تەنیا لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرییەتەکان ئازادیی ئەوەیان هەیە ئەو سیاسەتانە پیادە بکەن کە دەبنە هۆی گەشەکردن، مانای ئەوە نییە کە ئەو سیاسەتانە پیادە دەکەن. هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕێژەیەکی دیاری گەشەکردنیان بە خۆیانەوە بینی، لە کاتێکدا دیکتاتۆرییەتەکانی تر تۆماری خراپیان لە گەشەکردندا هەبوو. کۆکردنەوەی پەڕجوو و کارەساتەکانی ئابووری لە لایەن **پرزیۆرسکی** و هاوەڵانی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. لە خشتەی ١:٧دا خێراترین و هێواشترین ڕژێم لە ڕووی گەشەی ئابوورییەوە لە ماوەکانی بە لایەنی کەمەوە دە ساڵ پیشان دراون.

خشتەی ١/٧ پەڕجوو و کارەساتە ئابوورییەکان

| موعجیزەی ئابووری ( گەشە > 8.5 % ) | کارەساتی ئابووری ( گەشە< 0.5 % ) |
| --- | --- |
| بۆتسوانا ، لە ١٩٦٠ بۆ ١٩٩٠ | مۆزەمبیق لە ١٩٧٥ بۆ ١٩٩١ |
| نایجیریا لە ١٩٦٦ بۆ ١٩٧٩ | ئەنگۆلا لە ١٩٧٥ بۆ ١٩٩٠ |
| یەمەن لە ١٩٧٠ بۆ ١٩٩٠ | گویانا لە ١٩٦٦ بۆ ١٩٩١ |
| سەنگافورا لە ١٩٦٥ بۆ ١٩٩١ | ئوروگوای لە ١٩٧٣ بۆ ١٩٨٥ |
| کۆریای باشوور لە ١٩٦١ بۆ ١٩٨٨ | پیرو لە ١٩٨٠ بۆ ١٩٩٠ |

بە پێچەوانەوە، لەوانەیە دیکتاتۆرییەتەکان بتوانن پەرجوو یان کارەساتی ئابووری بەدی بهێنن. ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان، کە سەرکردایەتییەکی گونجاویان هەبێت، دەتوانن سیاسەتێکی توند کە پێویست بێت بۆ سەرکەوتنێکی ئابووریی درێژخایەن، جێبەجێ بکەن. لەگەڵ سەرکردایەتییەکی خراپ، ئەو ڕژێمە دەسەڵاتگەراییانە دەتوانن سەرچاوە ئابوورییەکانی وڵاتەکە بەفیڕۆ بدەن و گەشەی ئابووری بوەستێنن. هەندێک دیکتاتۆرییەتی وەک *سەنگاپوور* لەژێر سایەی حوکمڕانیی حزبی *کاری گەل*دان، لە کاتێکدا ئەوانی تر وەک *زائیر* (ئەمڕۆ پێی دەگوترێت *کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ*) لەژێر سایەی حوکمڕانیی **جۆزیف مۆبوتۆ**دان. خەرجیی حکومەت لە *زائیر* لە ١٧٪ لە ساڵانی ١٩٧٠، بیست ساڵ دواتر بوو بە ٢٪، لە کاتێکدا پشکی سەرۆککۆمار لە بودجە لە ٣٠٪ەوە زیادی کرد بۆ ٩٥٪. وا دەردەکەوێت کە ئەگەر بوونی سەرکردایەتیی خراپ لە دیکتاتۆرییەتەکاندا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زۆرە. توێژینەوەی تر پێویستە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو ئەگەرەی بوونی سەرکردایەتیی خراپ.

## کۆمەکی بیانی لە دیکتاتۆرییەتەکاندا

کۆمەکی بیانی بە زۆری بەسەر ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان دابەش دەکرێت: لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ و ٢٠٠٢دا، زۆرینەی زۆری ئەوانەی کۆمەکەیان وەرگرتووە دیکتاتۆرییەتەکان بوون. لەم بەشەدا، لەوە دەکۆڵینەوە کە چۆن جۆری ڕژێم کار دەکاتە سەر ئەو ڕێگەیەی کە دیکتاتۆرەکان تێیدا ئەو کۆمەکە بەکار دەهێنن.

ئەم پەیوەندییە بە درێژی لە لایەن **جۆزیف ڕایت** لێی کۆڵراوەتەوە. **ڕایت** سەرنج دەخاتە سەر چەمکی ماوەی حوکمڕانی. ماوەی حوکمڕانی ئاماژەیە بۆ ئەوەی دیکتاتۆرەکان هەست دەکەن بۆ ماوەی چەند لەسەر دەسەڵات دەمێننەوە. کاتێک دیکتاتۆرەکان هەست بە دڵنیایی مانەوەیان لە پۆستەکەیان دەکەن و زۆر دڵنیان لەوەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ حوکمڕانی دەکەن، ئەگەری ئەوە زۆرە هەندێک سیاسەت جێبەجێ بکەن کە بۆ ماوەیەکی درێژ سوود بە وڵاتەکە بگەیەنێت، وەک وەبەرهێنان لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پاراستنی مافی خاوەندارێتی. کاتێک دیکتاتۆرەکان هەست بە نادڵنیایی داهاتوویان دەکەن، ئەگەری ئەوە زۆرە سیاسەتی وا پەیڕەو بکەن کە ئامانجی نەهێشتنی ئەو هەڕشەیە بێت کە لە لایەن ڕکابەرەکانیەوە لێی دەکرێت و سەرچاوەکانی دەوڵەت یان لەناو ببات یان خراپیان بەکار بهێنێت وەک هۆیەک بۆ مانەوەلەدەسەڵات.

**ڕایت** وای دەبینێت کە کۆمەکی بیانی بە زۆری بەفیڕۆ دەڕوات کاتێک دیکتاتۆرەکان ڕووبەڕووی ماوەی حوکمڕانیی کورت دەبنەوە. ئەو دیکتاتۆرانەی ماوەی حوکمڕانییان کورتە، ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئەو کۆمەکانە بە خراپی بەکار بهێنن و ببنە هۆی گەشەکردنێکی ئابووریی کەم. بە پێچەوانەوە، کاتێک دیکتاتۆرەکان ڕووبەڕووی ئاسۆیەکی حوکمڕانیی درێژ دەبنەوە، ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئەو کۆمەکە بیانییە وا بەکار بهێنریت کە لەگەڵ ئامانجی بەخشەر بێتەوە. ئەو دیکتاتۆرانەی ماوەی حوکمڕانییان درێژە، دەشێت کۆمەک زۆر کاریگەرانە بەکار بهێنن و سیاسەتی گونجاو بۆ گەشەکردن بە یاسا دەربکەن.

هەرچەندە درێژیی ماوەی حوکمڕانی ناتوانرێت بە تەواوی ئاماژە بێت بۆ جۆری ڕژێم، بەڵام دەتوانرێت ئاماژە بۆ چەند ئاڕاستەیەکی کەم بکرێت. بە گوتەی **ڕایت**، ئەو ڕژێمانەی یاسای دامەزراوەییان بۆ جێنشینی هەیە، دەشێت ماوەی حوکمڕانییان درێژ بێت، سەرۆکی ئەو ڕژێمانە زۆر دڵنیا دەبن لەوەی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە دەسەڵات دەمێننەوە. بەبێ بوونی ئەو جۆرە یاسایانەی جێنشینی، سەرۆکی ڕژێمەکان هیچ ڕێگەیەکیان نابێت بۆ گەرەنتیکردنی ئەوەی کە زەبری هێز لە هەر سات و کاتێکدا لە دەسەڵات لا نەبرێن. کاتێک گۆڕینی سەرکردایەتی بە دامەزراوەیی دەکرێت، سەرۆکەکان هاندەرێکی لاوازیان دەبێت بۆ دزیکردن وەک شێوە دڵنیاییەک دژی ئەوەی بە ڕێگەی نایاسایی لە دەسەڵات لا ببرێن.

هەرچەندە توێژینەوەی تر پێویستە بۆ بە وردی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان جۆری ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان و جۆری ماوەی مانەوەی سەرکردایەتی، ئەو جۆرە یاسایانە دەشێت زیاتر لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبی و پادشایی وسەربازییەکان کاریان پێ بکریت وەک لە ڕژێمە تاکڕەوییەکان. **ڕایت** پیشانی دەدات کە دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان، بەتایبەتی لە دواساڵەکانی حوکمڕانییان، ئەگەری ئەوەیان زۆرە کە ماوەی حوکمڕانییەکەیان کورت بێت. هیچ هۆیەکی دڵنیاکەرەوەیان لا نییە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە لایەن ڕکابەرەکانیانەوە نەڕووخێنرێن. ئەو دیکتاتۆرە تاکڕەوانەی کە لە داهاتووی سیاسیی خۆیان دڵنیا نین، دەشێت دزی لە دەوڵەت بکەن و سیاسەتی ئابووری بەفیڕۆدەر دابنێن، کە لە خوارەوە بە درێژتر باسی دەکەین.

## دیکتاتۆرییەتەکان و گەندەڵی

گەندەڵی کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر ئابووری و لەپشت کەمبوونەوەی کارامەیی حکومەتە. تێگەیشتن لەوەی چۆن دامەزراوە ناوخۆییەکانی ڕژێمی دەسەڵاتگەری کار دەکەنە سەر گەندەڵی گرنگە، چونکە کاریگەریی زیانبەخشی گەندەڵی لەسەر گەشەی ئابووری دەدات بە دەستەوە. لەم بەشەدا، گفتوگۆ لەسەر ئەو داتا هەنوکەییانە دەکەین کە لەسەر گەندەڵیی سەرجەم دیکتاتۆرییەتەکان هەن و لەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی و گەندەڵی هەیە دەکۆڵینەوە و شیکردنەوەیەکی قووڵی دیاردەی دەوڵەتی تالانکەر دەخەینە ڕوو.

## ئاڕاستەکانی گەندەڵی لە سەرجەم دیکتاتۆرییەتەکاندا

ئەدەبیات لەسەر جۆری ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان و ئارەزووکردن بۆ گەندەڵی تا ڕادەیەک کەمە. زۆرینەی لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا تا ڕادەیەکی زۆر سروشتی تێبینییان هەیە. **میریام گۆلدن** و **ئێریک جانگ** بەدەرن لەوە؛ ئەم توێژەرانە لەوە دەکۆڵنەوە کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان لە ڕووی ئاستی گەندەڵییانەوە لە یەکتر جیاوازن. **گۆڵدن** و **جانگ بۆیان** دەبینن کە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوی و تاکڕەوییە دووڕەگەکان زیاتر تووشی گەندەڵی دەبن وەک لە ڕژێمە تاکحزبی یان سەربازییەکان.

لە ڕاستیدا ئەو داتا سەرەتاییانەی لەسەر گەندەڵین پشتگیریی ئەم بۆدەرکەوتنە دەکەن. ڕیزبەندییەکانی گەندەڵیی ئەو دیکتاتۆرییەتانەی کە ئێستا هەن لە خشتەی ٢:٧دا بە لیست دانراون (ساڵی ٢٠٠٩) و دابەش کراون بەگوێرەی

جۆرەکانی ڕژێم. وڵاتان لەسەر بنچینەی ئەوەی دەرکەوتووە چەند گەندەڵن هەڵسەنگێندراون ئەو هەڵسەنگاندنەش بە خاڵ لە لایەن *شەفافییەتی نێودەوڵەتی*یەوە دیاری کراوە. خاڵی زۆری ڕیزبەندییەکە دراوە بە وڵاتانەیە کە تا ڕادەیەک گەندەڵییان تێدا نییە، لە کاتێکدا خاڵی کەمی ڕیزبەندییەکە دراوە بەو وڵاتانەی کە ئاستێکی بەرزی گەندەڵییان تێدایە.

هەرچەندە ژمارەکانی نموونەکە زۆر نین، بەڵام داتاکە پشتگیریی بۆدەرکەوتنەکەی **گۆڵدن** و **جانگ** دەکەن. ڕژێمە تاکڕەو و تاکڕەوە دووڕەگەکان بە تێکڕایی لە لیستی ڕیزبەندیی گەندەڵیدا ژمارەکانی ڕیزبەندییان گەورەترە لە ژمارەی شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان، کە ڕژێمە پادشاییەکانیش دەگرێتەوە. **گۆڵدن** و **جانگ** وای دادەنێن کە ئەنجامەکانیان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە بۆچی گەندەڵی بەتایبەتی لە ڕژێمەکانی *باشووری بیابانی ئەفریقا* ئەوەندە زۆر بڵاوە. دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان کە ئەوپەڕی ڕژێمی باون لە *باشووری بیابانی ئەفریقا*دا، هۆی بەربڵاویی ئەو گەندەڵییەی کە لە ناوچەکەدا تێبینی کراوە، لێک دەدەنەوە.

## خشتەی ٢:٧: گەندەڵی وجۆری ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان (سەرچاوە: شەفافییەتی نێودەوڵەتی) (٢٠٠٩)

| دیکتاتۆریەتە تاکرەوییەکان | دیکتاتۆریەتە سەربازییەکان | دیکتاتۆریەتە تاک حیزبییەکان | دیکتاتۆریەتە پاشاییەکان | دیکتاتۆریەتە دوورەگەکان |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| تیکرای ریزبەندی = ١٤٢ | تیکرای ریزبەندی = ١١٤.٥ | تیکرای ریزبەندی = ١٠١ | تیکرای ریزبەندی = ٥٩ | تیکرای ریزبەنی = ١١١.٥ |
| ئەرمینیا=١٢٠ | جەزائر= ١١١ | ئەنگولا =١٦٢ | ئەردەن = ٤٩ | هەرەشەی سی لایەنە |
| ئازەربایجان = ١٤٣ | میانمار= ١٧٨ | بۆتسوانا= ٣٧ | کویت =٦٦ | میسر =١١١ |
| بیلاروس= ١٣٩ | | کەمبۆدیا = ١٥٨ | مەراکیش= ٨٩ | سوریا= ١٢٦ |
| بورکینافاسۆ= ٧٩ | | چین = ٧٩ | عوممان= ٣٩ | .................. |
| کامیرۆن= ١٤٦ | | ئەثیوپیا= ١٢٠ | سعودیە = ٦٣ | تاک حیزبی / |
| کۆماری ئەفریقای | | | | دوورەگی سەربازی |
| ناوەراست =١٥٨ | | لاوس =١٥٨ | ئیمارات= ٣٠ | رواندا =٨٩ |
| چاد = ١٧٥ | | مۆزەمبیق=١٣٠ | سوازیلاند= ٧٩ | رواندا = ٨٩ |
| کۆنگۆ = ١٦٢ | | ...................... | ...................... | تاکرەوی / یەک |
| کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ | | | | حیزبی دوورەگ |
| گامبیا= ١٠٦ | | سەنغافورا= ٣ | | |
| غینیا =١٦٨ | | تانزانیا =١٢٦ | | کوبا =٦١ |
| ئیڤۆری کۆست=١٥٤ | | ڤیتنام =١٢٠ | | ئەریتریا= ١٢٦ |
| کازاخستان= ١٢٠ | | تونس = ٦٥ | | گابۆن= ١٠٦ |
| قیرگیزستان =١٦٢ | | زامبیا = ٩٩ | | تورکمانستان |
| لیبیا = ١٣٠ | | زیمبابۆی= ١٤٦ | | =١٦٨ |
| مۆریتانیا= ١٣٠ | | | | ئۆزبەکستان=١٧٤ |
| رووسیا = ١٤٦ | | | | |
| سودان =١٧٦ | | | | |
| تاجیکستان=١٥٨ | | | | |
| تۆگۆ =١١١ | | | | |
| ئۆغەندا =١٣٠ | | | | |
| یەمەن = ١٥٤ | | | | |

تێبینی: ئەو ژمارانەی ڕیزبەندیی وڵاتەکان چەند گەورە بن ئەوندە گەندەڵن و بە پێچەوانەشەوە (وەرگێڕ).

## حوکمڕانیی تاکڕەوی و گەندەڵی

چی جووتبوونی حوکمڕانیی تاکڕەوی لەگەڵ ئاستی باڵای گەندەڵی لێک دەداتەوە؟ **بروس بوینۆ دی میسکیوتا** و هاوەڵانی داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کە گەندەڵی دەگاتە باڵاترین ئاست کاتێک ڕێژەی نێوان قەبارەی هاوپەیمانیی براوە و دەستەی هەڵبژاردن بچووک بێت. وەک لە بەشی یەکەم باس کرا، هاوپەیمانیی براوە بریتییە لە کەمترین دەستەی هاووڵاتییان کە بەرپرسان پێویستیان بە پشتیوانیی ئەوانە بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێننەوە؛ دەستەی هەڵبژاردن دەستەیەکی هاووڵاتییانن کە ڕایان وەردەگیردرێت لە هەڵبژاردنی سەرکردەکاندا. لەبەر ئەوەی قەبارەی هاوپەیمانیی براوە بچووکە، فەرمانڕەوایەکان پشتگیریی ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ خۆیان دەهێڵنەوە لە ڕێی پشتیوانیکردنیان بە پارە و پێدانی کەلوپەلی تایبەت لەبری کەلوپەلی ئاسایی. بە گوتەی **گۆڵدن** و **جانگ**، ئەگەری ئەوە هەیە کە گەندەڵی لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان زیاتر بێت، چونکە ڕێژەی نێوان قەبارەی هاوپەیمانییە براوەکان و دەستەکانی هەڵبژاردن بچووکە.

توێژەرانی تر مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکەن کە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان زیاتر گەندەڵن، چونکە ئەو دیکتاتۆرییەتانە دامەزراوەیان نییە تا دڵنیایی زیاتر بدات بە سەرکردەکان لەبارەی ماوەی مانەوەیان لە پۆستەکانیاندا. بەبێ بوونی مەرجی دامەزراوەیی بۆ جێنشینی (کە تایبەتە بە هەندێک لە دیکتاتۆرییەتە سەربازی و تاکحزبی و پادشاییەکان) سەرکردەکان لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ڕووبەڕووی نادڵنیاییەکی زیاتر دەبنەوە دەربارەی ئایندەی سیاسییان. دەشێت ئەوە وایان لێ بکات بۆ دابینکردنی

پێداویستییەکانی ماوەکورتەکەی حوکمڕانییەکەیان دزی لە حکومەت بکەن، تەنانەت ئەگەر بەو کارەیان زیانی زۆر خراپ بە ئەنجامە ئابوورییە درێژخایەنەکانیش بگەیەنن.

بارودۆخی دامەزراوەیی لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵسوکەوتی سەرکردەکان کۆنترۆڵکردنێکی زۆر کەمی لەسەر بێت. دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان یەکەمن لە لیستی سیستەمە سیاسییەکان لە ڕووی ئەوەی ئازادن لە بەشینەوەی کۆمەک و پارە و سامان بۆ بەدەستهێنانی دڵسۆزی و گوێڕایەڵی و تەسلیمبوونی هاوولاتییان. سەرکردەکان ئازادیی تەواویان لە کۆنترۆلکردنی ژیانی هاوولاتییاندا هەیە و درێژە بە پێدانی لێشاوێکی ڕێکوپێکی سامان بە دەستەبژێرە دڵسۆز و گرووپە هاوپەیمانییە ستراتیجیەکانی تر دەدەن.

هەروەک لەناو ڕژێمەکانی تریشدا، گەندەڵی لە لایەن سەرکردەکانی ناو دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بەکار دەهێنرێت وەک ڕێگەیەک بۆ: یەکەم، دابەشکردنی داهاتی زیادە بەسەر پشتگیریکەرانیان. دووەم، قازانجی زیادە خستنەسەر حسابی بانکیی پشتگیریکەرانیان.

### دابەشکردنی داهاتی زیادە بەسەر پشتگیریکەران

گەندەڵی دەرفەت بۆ سەرکردەکان دەڕەخسێنێت تا بڕی ئەو کەلوپەلە مادییانەی لەژێر دەستیاندایە زیادی بکەن بۆ ئەوەی بەسەر پشتگیریکەرانی خۆیاندا دابەشی بکەن. وەک **مایکڵ براتۆن** و **نیکۆلاس ڤان دی والە** ئاماژەی بۆ دەکەن، لەسەر سادەترین ئاست، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان جیاوازن لە شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان لە ڕووی سەربەخۆییان

لە پێدانی پاداشتی مادی بەرامبەر بە پشتگیریکردنی سیاسی لێیان. **ڕایت** ئەو ڕایە دووپات دەکاتەوە و دەڵێت، دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بەردەوامی بە دامەزراوە سیاسییە فەرمییەکان دەدەن (کە کاریگەرییەکی کەمی دیفاکتۆیان هەیە) بە شێوەیەکی سەرەکی وەک هۆیەک بۆ بەهێزکردنی تۆڕەکانی دەستوپێوەند و لایەنگرانیان. لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، سامان لەسەر بنچینەی پاشکۆیی و پەیوەندییەکانی لایەنگیری دابەش دەکرێت بەبێ چاودێریکردنی دامەزراوەیی، ئەمە بە دەوری خۆی، زەمینەیەکی بەپیت بۆ گەندەڵیکردن دەڕەخسێنێت.

### زیادکردنی سامانی کەسی

هەروەها گەندەڵی وا لە دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دەکات کە بتوانن سامانی کەسیی خۆیان زیاد بکەن. وەک **ڕۆبەرت جاکسۆن** و **کارڵ ڕۆزبیرگ** دەنووسن، گەندەڵی ڕێگەیەکی گرنگ پێک دەهێنێت کە بە هۆیەوە دەتوانرێت پێداویستی و داواکارییەکانی تاک لە ڕژێمێکی تاکڕەویدا پێ دابین بکرێت. گەندەڵی ڕەفتاری شێوازێکی ڕەشە، کە بە تەواوی لەگەڵ حکومەتێک کە کەسێک دەستی بەسەردا گرتبێت، دەگونجێت، تەنانەت بە شێوەیەکی سەرەکی ناکۆکیشە لەگەڵ یاساکانی دەوڵەت و ڕێنماییەکانی، کە پێشێلکردن یان خۆدزینەوە لێیان بەشێکن لە ڕەفتاری گەندەڵی. مەزەندە دەکرێت **فیردیناند مارکۆس**ی *فیلیپین* و **سانی ئاباشە**ی *نایجیریا* هەر یەکەیان زیاتر لە پێنج ملیار دۆلاریان دزیبێت کاتێک لە دەسەڵاتدا بوون. وەک دەڵێن، **ئەلبیرتۆ فوجیمۆری** پیرۆ شەشسەد ملیۆن دۆلاری پیرۆی بە تاڵان بردووە، لە کاتێکدا دوڤالییەکان لەو کاتەی لە *هایتی* لە دەسەڵاتدا بوون، نزیکەی هەشتسەد ملیۆن دۆلاری بۆ خۆیان بردووە.

## دەوڵەتە تاڵانکەرەکان

دەوڵەتە تاڵانکەرەکان کۆمەڵەیەکی بچووکی بێهاوتای دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوەکانن. ئەو دەوڵەتانە بە حوکمی پێناسەکەیان، گەندەڵترین دەوڵەتن. لە دەوڵەتە تاڵانکەرەکاندا، تاکە فەرمانڕەوایەک نزیکەی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر سامانی دەوڵەتەکەدا هەیە و ئەو دەسەڵاتە بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی سامانی خۆی تا زۆرترین ڕادە پێ زیاد بکات. ئارەزووی چڵێسانەی فەرمانڕەوا بۆ سامان، مانای ئەوەیە کە کارەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی سەرەکی ڕێگەیەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرمانڕەوا لەسەر حسابی هاووڵاتییان. بۆ نموونە، **جان بیدل بۆکاسای** *کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست* بەبێ گوێدانە ئەنجامەکانی، سامانی وڵاتەکەی تاڵان کرد، هەرچەندە زۆربەی زۆری هاووڵاتییان لە ئەوپەڕی هەژاریدا دەژیان. لە دەوڵەتی تاڵانکەردا هەموو شتێک بۆ فرۆشتنە، لە کەلوپەلی مادییەوە بۆ سیاسەت و یاساکان.

لەبەر ئەوەی سەرکردەکان لە دەوڵەتە تاڵانکەرەکاندا کاری ئەوپەڕی خۆدەوڵەمەندکردن دەخەنە پێشی هەموو کارەکانیانەوە، بە دەگمەن خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتییان دابین دەکرێت. لە دەوڵەتە تاڵانکەرەکاندا، سەرجەم کەرتەکان دروست کراون بۆ هەڵلووشینی ئەو سیستەمە گشتییانەی کە لە بنچینەدا بۆ بەرژەوەندیی گشتی دروست کراون. دەوڵەتە تاڵانکەرەکان بەوە ناسراون کە دەوڵەت وەبەرهێنانێکی کەم لە بوارەکانی ژێرخانی ئابووری و چاودێریی تەندروستی و پەروەردە و خزمەتەکانی تری کۆمەڵگە دەکات. جێی سەرسووڕمان نییە کە ئاستەکانی نایەکسانی لە دەوڵەتە تاڵانکەرەکاندا زۆر بەرز بن.

فەمانڕەوا تاڵانکەرەکان بە چەند شێوازێکی وا کار دەکەن کە هەستی هاندان بۆ گەشەکردن لاواز بکەن و زیان بە ئابووری بگەیەنن. ئەو جۆرە کارانە ئەمانە دەگرێتەوە: زیادکردنی نابەجێی باج، دەستکاریکردنی نرخی ئاڵوگۆری دراوەکان، قورسکردنی مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردن بە هاووڵاتییان. لە دەوڵەتە تاڵانکەرەکاندا وەستانی جموجۆڵی ئابووری و نائاسوودەیی سیاسی و ڕەشبینی شتی باون. لە خوارەوە چەند نموونەیەکی کەم دەربارەی دەوڵەتە تاڵانکەرەکان دەخەینە ڕوو.

**دەوڵەتە تاڵانکەرەکان (هەندێک تایبەتمەندیی سەرەکی)**

* ئامانجەکانی پچڕینی ئەوپەڕی سامان.
* پێداویستییە بنچینەییەکانی وەک ژێرخانی ئابووری و تەندروستی و پەروەدە دابین ناکات.
* سەروەریی یاسا نییە و گەندەڵی هەیە و هیچ توانایەکی پێشبینکردن نییە.
* دەزگای بیرۆکراتیی تۆکمە بوونی نییە.
* ناهێڵیت کەرتی فەڕمی کار بکات.
* ئابووریی نافەڕمی پەرە پێ دەدات تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری.
* یاسا و بڕیارەکان وەک کەلوپەل مامەڵەیان لەگەڵ دەکات.
* زیادەڕۆیی لە خەرجکردندا دەکات.
* ئاژاوە لەناو کۆمەڵگەی مەدەنی دەنێتەوە.

## مۆبوتۆی زائیر (١٩٦٥-١٩٩٧)

**زائیر** (ئەمڕۆ پێی دەڵێن *کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ*) کە لەژێر دەسەڵاتی **مۆبوتۆ**دایە، نموونەیەکی کۆنی دەوڵەتی تاڵانکەرە. **مۆبوتۆ** سەرۆکی دەوڵەتی *زائیرە*، فەرماندی گشتیی هێزە چەکدارەکان و پۆلیسە، وەزیری بەرگرییە. **مۆبوتۆ** بۆ زیاتر لە سی ساڵ بەبێ هیچ جڵەوگرتنێک حوکمڕانیی *زائیری* کرد و ڕێگەی بە خۆی دابوو بڕێکی ئێجگار زۆری سەرسووڕهێنەر لە سامان کۆ بکاتەوە، هاوکات ئابووریی *زائیریشی* وێران دەکرد. **مۆبوتۆ** بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین کەسی جیهان دادەنرا، کە دەگوترا سامانەکەی لە پێنج ملیار دۆلار زیاترە. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠دا، لە کاتێکدا کارمەندە مەدەنییەکانی حکومەت مووچەیان نەدرابوویە، **مۆبوتۆ** بۆ کەیف و خۆشی و شتکڕین بە فڕۆکەی کۆنکۆرد ڕۆیشت بۆ *پاریس*. تەنانەت ڕاپۆرت لەسەر ئەوە هەیە کە پارەی نیشتمانیی *زائیر* لای ئەو بووبێت، ئەو پارەیە لە *ئەڵمانیا* چاپ کراوە و ڕاستەوخۆ بە فڕۆکە هێنراوە بۆ ناو یەختەکەی. **مۆبوتۆ** ئەو سەروەت و سامانەی لە ڕێی سەرمایەگوزاریی سەرچاوەی سامانە سروشتییە زۆروزەبەندەکەی *زائیر* دەست کەوتبوو، کە کانزا و ئەڵماس و زێڕ و هەندێک نەوتی دەگرتەوە. بێگومان کارەکانی **مۆبوتۆ** بەبێ ئاکامی ئابووری نەبوون بۆ *زائیر*. لەژێر سایەی حوکمڕانیی **مۆبوتۆ**، سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی ساڵانە بە ڕێژەی ٢% دادەبەزی و لە ساڵی ١٩٩٢دا سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی بۆ تاکێک کەمتر بوو لە نیوەی سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی سەرەتای سەربەخۆیی، کە زیاتر لە سی ساڵ لەوەوپێش بوو.

**دوڤالییەی هایتی (١٩٧٢-١٩٨٦)**

لە *هایتی*، کە لەژێر دەسەڵاتی **دوڤالییە**دا بوو، خێزانەکەی **دوڤالییە** حوکمڕانییەکی کلیپتۆکراسیی *هایتی*یان دەکرد (کلیپتۆکراسی بە مانای حوکمڕانی لە لایەن دزەکانەوە دێت). **فرانسوا دوڤالییە** (بە **پاپا دۆک** ناسر بوو) و کوڕەکەی و جێنشینەکەی، **جان کلۆد دوڤالییە** (بە **بیبی دۆک** ناسرابوو)، هەر یەکەیان *هایتی*یان کرد بە دەوڵەتیکی تاڵانکەر. **جەیمس فیرگەسەن** دەنووسێت دەوڵەتە تاڵانکەرەکەی **دۆڤالییە** تەنیا کۆمەکە بیانییەکانی بۆ خۆی نەبرد، بەڵکو بەردەوامییشی بە گەندەڵیی ناوخۆ دەدا، کە خودی **پاپا دۆک** ئەو گەندەڵییەی دەکرد.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، **بیبی دۆک** لە ماوەی حوکمڕانیی خۆیدا لە نێوان سێسەد ملیۆن و هەشتسەد ملیۆن دۆلاری دزیوە (یان زیاتر لە ٥.٤٪ی سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی *هایتی* دەکات)، لە وڵاتێکدا کە ئەو وەختە یەکێک بووە لە هەژارترین وڵات لە نیوەی ڕۆژئاوای گۆی زەویدا. نە **بیبی دۆک** و نە **پاپا دۆک** سیاسەتێکی ئابووریی تۆکمەیان بۆ *هایتی* دانەڕشت، لەبریان وا دەرکەوتن کە ئامانجەکانیان خۆشیوەرگرتنی بێباکانە بێت لە دەستکەوتەکانی پۆستەکەیان. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٨٠دا *سندووقی دراوی نێودەوڵەتی* بیستودوو ملیۆن دۆلاری دا بە حکومەتەکەی **بیبی دۆک**. لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بیست ملیۆن دولای ئەو بیستودوو ملیۆن دۆلارە بە شێوەیەکی نادیار لە حسابی بانکیی حکومەت ڕاکێشرا.

لەگەڵ ئەو هەژارییە ترسناکەی *هایتی*، **بیبی دۆک** زیاتر لە حەوت ملیۆن دۆلاری لە ئاهەنگی ژنهێنانەکەی خەرج کرد. ساڵانە سەد هەزار دۆلار وەک مووچە دەدرا بە ژنەکەی، وەک

دیپلۆماتەکان باسی دەکەن، ئەو برەپارەیە بۆ کڕینی تاقمێکی زۆر جوان لە قاپووتی کەوڵی مینک خەرج دەکرا (مینک (Mink) گیانداریکی وشکاویی گۆشتخۆری لاقکورتی بێپەردەدارە و لە دەڵەک دەچێت (وەرگێڕ)). وەزیری دارایی پێشووی *هایتی* و کارمەندیکی *بانکی نێودەوڵەتی*، دوای لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوت کە بە لایەنی کەمەوە ٣٦٪ی داهاتی حکومەت لە *هایتی* لەژێر سایەی حوکمڕانیی **بیبی دۆک** دزراوە و ڕایان گەیاند کە *هایتی* خراپترین سیستەمی بەڕێوەبردنی لە ناوچەکەدا هەیە. گەشەی ئابووریی ڕاستەقینە لە *هایتی* لە سالانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٥دا، سالانە بە ڕێژەی ٢.٥٪ کەمی کردووە و بێکاری گەیشتووەتە ٣٠٪. لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی **دوڤالییە**، گەندەڵی (بە شێوەی بەشداریی حکومەت لە قازانجەکانی پیشەسازییەکان و بەرتیلوەرگرتن و بەزۆرپارەسەندن لە بازرگانییەکانی ناوخۆ و کۆمەکە دزراوەکانی حکومەت)، خێزانی **دوڤالییە** و نزیکترین پشتگیریکەرەکانی دەوڵەمەند کرد.

### مارکۆسی فیلیپین (١٩٧٢-١٩٨٦)

فەرمانڕەوایی **مارکۆس** بەسەر فیلیپینییەکاندا، کۆکردنەوەی سامانێکی زۆری بۆ **مارکۆس** و بازنەی ناوەوی کەسە نزیکەکانی لێ کەوتەوە و کارەساتیکی ئابووریی بۆ هەموو هاوولاتییانی تری ولاتەکە بەدی هێنا. وەک **بیلیندا ئاکینۆ** ئاماژەی پێ دەکات، گەندەڵی لە ماوەی سالانی حوکمڕانیی **مارکۆس** وەک پەتای لێ هاتبوو. **مارکۆس** دەزگای بازرگانیی دامەزراندبوون و لە لایەن کەسانی نزیک خۆیەوە کۆنترۆڵ کرابوون و دڵنیا بوو لەوەی کە خودی خۆی پەیوەندیی لەگەڵ

هەموو بەڕێوەبەری کۆمپانیا و کۆمپانیا گشتییە نیشتمانییەکان دروست کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵیان بکات. لەژێر فەرمانڕەوایی **مارکۆس**دا، تەواوی کەرتی بازرگانی لە دەستی هەشتاویەک خێزاندا چڕ کرابووەوە. خەرجییەکانی حکومەت بە ڕێژەی ٩٢٪ زیادی کردبوو و ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی کە حکومەت خاوەنیان بوو سێ ئەوەندە زیادیان کردبوو و ٣٠٪ی خەرجییە گشتییەکانیان سەرف دەکرد. **گاری هاویس** دەنووسێت حکومەت خاوەنی ژمارەیەکی زۆر بانک و دامەزراوەی دارایی و ئوتێل و کان بوو، وێڕای کۆمپانیاکانی بیناکاری و هێڵی گواستنەوە و بارکردن.

لە کاتێکدا وڵاتە هاوسێکانی *فیلیپین* توانیبوویان سەرنجی وەبەرهێنەرە بیانییەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، لە کۆتایی سەردەمی حوکمڕانیی **مارکۆس** هەردوو پوختە و سەرجەمی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە سفر نزیک بوون. تەنیا لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٥دا قەرزە دەرەکییەکان بە ڕێژەی ٢١٤٪ زیادیان کردبوو. **مارکۆس** دەسەڵاتی تەواوی بەسەر بودجەدا هەبوو و کۆمپانیاکانی دەوڵەت بۆ چالاکیی کەسە نزیکەکانی **مارکۆس** بەکار دەهێنران. ئەو پارەیەی زیاد بوایە لە پێداویستیی پیشەسازیی شەکر، کە حکومەت خاوەنی بوو، دەڕۆیشت بۆ خێزانی یەکەمی *فیلیپین* بۆ خەرجکردنی لە پێداویستییە سیاسی و کەسییەکانیان. بۆ نموونە، ١٠%ی هەموو بودجەکانی وەزارەتەکان دەدرا بە پڕۆژە تایبەتەکانی خانمی یەکەم. لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا، ڕژێمی **مارکۆس** بەوە دەناسرا کە نزیکەی بە تەواوی تۆڕێکە لە بەکرێگیراوان و دەستوپێوەندەکانی **مارکۆس**. ئێستا حکومەتی *فیلیپین* مەزەندەی ئەوە دەکات کە **مارکۆس** و ژنەکەی زیاتر لە پێنجسەد ملیار دۆلار قەرزداری وڵاتن.

## پوختە و ئەنجام

ئەم بەشە هەوڵی دا کە هەندێک لەو ئاڵۆزییانەی پەیوەستن بە پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوە ناوخۆییەکان و ئابووری، لێک جیا بکاتەوە. لەم ئەدەبیاتەدا پێشکەوتنی گرنگمان سەبارەت بە کۆمەڵەیەکی بەرفراوانی هۆکارە ئابوورییەکان خستە ڕوو. لە سەرەتادا گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کرد کە چۆن جۆری ڕژێم کار دەکاتە سەر گەشە و پێشکەوتنی ئابووری، ئەویش بە خستنەڕووی دۆزینەوەی گەورە لەناو ئەو ئەدەبیاتەی دەربارەی دیموکراسی و دیکتاتۆرییەت و ئابوورییە. دواتر لەوەمان کۆڵییەوە کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان کۆمەکی بیانی بەکار دەهێنن لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی کە تیایاندا ئەگەری ئەوە هەیە کۆمەکەکە بە شێوەیەکی کاریگەر بەکار بهێنرێت. لە کۆتاییدا، لە گەندەڵیی ناو دیکتاتۆرییەتەکان و چەمکی دەوڵەتە تالانکەرەکانمان کۆڵییەوە.

چەند ڕێگەیەک هەن بۆ توێژینەوەی ئایندە لەم بوارەدا، بە شێوەیەکی تایبەتی، توێژەران هێشتا دەبێت لەوە بکۆڵنەوە کە چۆن جۆرە جیاوازەکانی دیکتاتۆرییەتەکان لە ئاستەکانی پێشکەوتن و تۆمارەکانی گەشەکردن لێک جیاوازن. دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان وا دەردەکەون کە ئەگەری دروستبوونیان لە وڵاتە هەژارەکان زیاتر بێت وەک لە شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان (وەک لە بەشی دووەم باس کراوە)، بەڵام توێژینەوەی ڕێکوپێکی کەم لەسەر پەیوەندیی نێوان ئاستی پێشکەوتن و جۆری دیکتاتۆرییەت ئەنجام دراوە، هەروەها زانیاریی زۆر کەممان هەیە دەربارەی ئەوەی کە ئایا جۆری ئەو دیکتاتۆرییەتەی لەسەر دەسەڵاتە کاریگەریی لەسەر گەشەی ئابووری هەیە.

هەروەها چەندین پرسیار دەربارەی ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی و گەندەڵی تا ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە. چەندین ئاماژە هەن کە شێوە تاکرەوییەکانی دیکتاتۆرییەتەکان تووشی گەندەڵی ببن، بەڵام تا ئێستا ئەو هۆیانەی لەپشت ئەو ئاڕاستەیەی گەندەڵین پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی زیاتر هەیە. لە کاتێکدا دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بە تێکڕایی زیاتر گەندەڵن وەک لە جۆرەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان، بەڵام بۆچی هەندێک لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان گەندەڵ نین؟ بە هەمان شێوە، بۆچی هەندێک لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دەگۆڕێن بۆ دەوڵەتی تالانکەر، بەڵام ئەوانی تر نا؟

بەردەوامبوون لەسەر ئەو ڕێگە جۆراوجۆرانەی توێژینەوە بە کارێکی گرنگ دادەنرێت، کارێکە کە بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر زانیاریمان زیاد دەکات لەسەر ئەوەی چۆن و بە کام لە ڕێگەکان دامەزراوە دەسەڵاتگەراییەکان کار دەکەنە سەر ئەنجامە ئابوورییە سەرەکییەکان.

# بەشی هەشتەم
# دیکتاتۆرییەتەکان و کێشەی نێودەوڵەتی

کێشەی نێوان دەوڵەتان، هەمیشه کێشەکەی هەوڵێکه زۆر دەکەوێت لەسەر ئەوەی دەینێتەوە. زیاد له تێچوونه ئابوورییەکەی، کێشەکه دەتوانێت ژێرخانی ئابووری لەناو ببات و وەبەرهێنانی بیانی ڕابگرێت و به شێوەیەکی ئێجگار زۆر، ئاستی ژیانی هاووڵاتییان دادەبەزێنێت. لەبەر ئەو هۆیانه و هیی زیاتریش، تێگەیشتنی ڕەفتاری کێشەئامێزی دەوڵەتان کارێکی گرنگه. ئەو هۆیانه چین که لەپشت بڕیاری دەوڵەتن بۆ نانەوەی کێشه لەگەڵ دەوڵەتێکی تر؟ کام له هۆکارەکان ئەوه ڕوون دەکەنەوه که بۆچی له هەندێک بارودۆخدا کێشەکان توند دەبن، بەڵام له بارودۆخی تردا وایان لێ نایەت؟ ئایا هەندێک دەوڵەت توندوتیژتر و زیاتر ئامادەی کێشەدروستکردنن له دەوڵەتانی تر؟

لەم بەشەدا، لێکۆڵینەوه لەسەر پەیوەندیی نێوان دامەزراوە ناوخۆییەکان و کێشەی نێودەوڵەتی دەکەین، بەتایبەتی لەوه دەکۆڵینەوه که چۆن دیکتاتۆرییەت کار دەکاتە سەر شێوازەکانی کێشەی دەوڵەت. له سەرەتادا، ئەو ئەدەبیاتەی

لەسەر ڕەفتاری کێشەئامێزی دیکتاتۆرییەتەکانە دەخەینە ڕوو. پاشان گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەین کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان لە ماوەی ڕوودانی ناکۆکییەکاندا بەگوێرەی توانایان بۆ ئاماژەدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانە دەگۆڕێن. دواتر، لەو هۆکارانە دەکۆڵینەوە کە دەبنە هاندەر بۆ بژاردەکانی سیاسەتی دەرەوەی دیکتاتۆرییەتەکان. لە کۆتاییدا، لەوە دەکۆڵینەوە چۆن جۆری هەواڵگریی سەربازی لەناو ڕژێمەکاندا جیاوازە و جۆری ئەو هەواڵگرییە کار دەکاتە سەر ئەگەری ڕوودانی ئەو هەڵانەی ڕژێمەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا دەیکەن.

### ڕەفتاری کێشەئامێزی دیکتاتۆرییەتەکان

ئەدەبیات لەسەر ڕەفتاری کێشەئامێزی دیکتاتۆرییەتەکان، لەم ساڵانەی دواییەدا پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی؛ توێژەران دەستیان کرد بە لێکجیاکردنەوەی جۆری دیکتاتۆرییەتەکان و جیاوازیی سەرنجڕاکێشیان لەسەر شێوازەکانی ڕەفتارەکانیان دەرخست. لەم بەشەدا ئەم ئەدەبیاتە دەخەینە ڕوو.

### ئاشتیی دیکتاتۆری

زۆربەی سەرنجی توێژەران لەسەر "بیردۆزی ئاشتیی دیموکراتی" چڕ کرایەوە، ئەم بیردۆزەیە وای دادەنێت کە ڕێی تێناچێت ڕژێمە دیموکراتییەکان شەڕ لەگەڵ یەکتر بکەن. بەڵام ئایا ئاشتیی دیکتاتۆری هەیە؟ توێژەران، **مارک پیسینی** و **کارۆلین بیر** و **شانۆن سانشیز** (بە **پیسینی** و هاوەڵەکانی ئاماژەیان پێ دەکرێت)، لە توێژینەوەکەیان بۆیان دەرکەوت کە هەندێک جۆر لە دیکتاتۆرییەتەکان زیاتر ڕوویان لە ئاشتییە

لەگەڵ یەکتر لەچاو هەندێکی تریان. ئەو توێژەرانە پیشانی دەدەن کە لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، نە دوو دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی یان دوو دیکتاتۆرییەتی سەربازی، هەرگیز لەگەڵ یەکتردا بە شەڕ نەهاتوون. ڕژێمە تاکحزبییەکان تەنیا جووتی یەک جۆرن، کە لەگەڵ یەکتر کەوتوونەتە جەنگەوە. هێشتا دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان کەمتر بەرامبەر یەکتر توندوتیژن لەچاو جووتی لێکجیاواز (پێک دێت لە ڕژێمێکی دیموکراسی و ڕژێمێکی دیکتاتۆری). هەرچەندە توێژەران، **پیسینی** و هاوەڵەکانی، پشتگیرییەکی کرداریی کەم دەدۆزنەوە بۆ هەبوونی ئاشتیی دیکتاتۆری، بەڵام ئەوە دەدۆزنەوە کە شێوە ڕەسەنەکانی دیکتاتۆرییەتەکان ڕەفتارێکی ئاشتییانەتر بەرامبەر بە یەک پیشان دەدەن، وەک لەوەی دوانە دووجۆرەکان بەرامبەر یەکتر پیشانی دەدەن.

بە گوتەی **پیسینی** و هاوەڵەکانی، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ئەگەری تێوەگلانیان لە ناکۆکی لەگەڵ ڕژێمە دیموکراسییەکان زیاترە وەک لەگەڵ شێوەکانی تری ڕژێمەکان. **پیسینی** و هاوەڵانی جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو بۆدەرکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ توانا جیاوازەکانی ئەو دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوانە بۆ جەنگ. دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان خراپترین توانای جەنگیان هەیە لەچاو هەر جۆرە ڕژێمێکی تر، لەبەر ئەوەی هەوڵەکانی دیکتاتۆری تاکڕەو بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا بە جۆرێک دەبێت کە دامەزراوە سەربازییەکان بە لاوازی بهێڵنەوە. لە لایەکی ترەوە، ڕژێمە دیموکراسییەکان زۆرترین توانای جەنگکردنیان هەیە بە هۆی بوونی سوپایەکی پڕۆفیشناڵ و پشتگیریی سوپا لە دەسەڵاتە مەدەنییەکان. **پیسینی** و هاوەڵانی، دەڵێن ڕژێمە دیموکراسی و دیکتاتۆرییەتە

تاکڕەوییەکان ئەگەری ئەوەیان زۆرە لەگەڵ یەک تووشی ناکۆکی ببن، چونکە ڕژێمە دیموکراسییە بەهێز و بەتواناکان ڕژێمە تاکڕەوییەکان وەک ئامانج بۆ شەڕ هەڵدەبژێرن. هەرچەندە دەکرێت کە تواناکانی جەنگکردن هۆی ئەو بۆدەرکەوتنە پیشان نەدەن. بۆ نموونە، دەکرێت ڕژێمە دیموکراسییەکان لە جەنگدا بەکارتر بن، بە هۆی بەرزیی سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی بۆ تاکێک و بوونی هاوپەیمانییە براوە گەورەکان یان باجی سزای گەورەی دەنگدەران. هەروەها ئەوەش مایەی گفتوگۆلەسەرکردنە کە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان کەمترین توانای جەنگیان هەیە، لە کاتێکدا چەندین حاڵەتی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی هەن کە توانای زۆری جەنگیان هەیە، وەک **ئەدۆڵف هیتلەری** ئەڵمانی.

**ئارەزووی کێشەنانەوە**

**دان ڕایتەر** و **ئالان سی ستام**، وردتر لە بۆدەرکەوتنەکانی **پیسینی** و هاوەڵەکانی دەکۆڵنەوە بە سەرنجدانیان لە ئاڕاستەی ناکۆکییەکان (بە واتایەکی تر، کام دەوڵەت ئەوی تر بۆ شەڕ هان دەدات). **ڕایتەر** و **ستام** دەبینن کە هەرچەندە ڕژێمە دیموکراسی و دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ئارەزوویان لە کێشەنانەوەیە، ئەوەش لەبەر ئەوە نییە کە ڕژێمە دیموکراسییەکان بە زۆری دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دەکەنە ئامانج، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەو ڕاستییەیە کە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە بەرەنگاری دیموکراسییەکان ببنەوە. هەروەها بە هەمان شێوە، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان و دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان ئەگەری ئەوەیان زیاترە کە شەڕ بە دیموکراسییەکان بفرۆشن

وەک لەوەی دیموکراسییەکان شەڕ بە ئەوان بفرۆشن. هەروەها **ڕایتەر** و **ستام** هەندێک بەڵگەیان دۆزییەوە، کە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لە جەنگدا لاواز بوون. لە ساڵانی ١٩٤٦ تا ١٩٩٢دا، نۆزدە دیکتاتۆرییەتی تاکڕەو جەنگیان بەرپا کردووە و لە هیچیشیاندا جەنگەکەیان نەبردووەتەوە.

بە گوتەی **ڕایتەر** و **ستام**، ڕژێمە دیموکراسییەکان بە هۆی کۆتوبەندە دامەزراوەییەکانەوە کەمتر شەڕانگێزن لەچاو دیکتاتۆرییەتەکان. لەبەر ئەوەی سەرکردە دیموکراتییەکان بە دەنگی هاووڵاتییان هەڵدەبژێردرێن، دەبێت خۆیان بەدوور بگرن لەو سیاسەتانەی کە ناپەسەندن و زۆریان لەسەر دەکەوێت و ئەوانە ناهێڵن ئەو سەرکردانە دەست بە پڕکێشیی سەربازیی مەترسیدار بکەن. بە پێچەوانەوە، دیکتاتۆرەکان دەزانن ئەگەر کاری مەترسیداریش بکەن، ڕووبەڕووی سزا نابنەوە و دەتوانن بەبێ کۆتوبەند ئەنجامی بدەن. ئەمەش سروشتی شەڕانگێزیی دیکتاتۆرییەتەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. وەک **ڕایتەر** و **ستام** دەنووسن، دیکتاتۆرەکان زیاتر لە جۆرەکانی تری دەوڵەت هێزی سەربازی، بەبێ ئەوەی شەڕیان پێ بکەن، وەک هۆیەک بەکار دەهێنن بۆ سزادانی ڕژێمە دیموکراسییەکان بۆ ئەوەی لەسەر هەندێک کێشە تەنازولی گەورە بە ڕژێمە دیموکراسییەکان بکەن. ئەگەر جەنگ ڕووی دا، ئەوا دیکتاتۆرەکان ئومێد دەکەن کە جەنگەکە ببەنەوە، ئەویش بە زیاتر بەردەوامیدان بە تێچووی جەنگەکە، کە ڕکابەرە دیموکراتییەکانی ڕژێمە دیموکراسییەکە ڕقیان لەو تێچوونەیە.

**پیسینی** و **کریستۆفەر بەتلەر** ئەم شیکردنەوەیان بەکار هێنا و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵیان کرد لەسەر ئارەزووی

دیکتاتۆرییەتەکان بۆ دەستپێکردنی ناکۆکییەکان یان بوون بە ئامانجی ناکۆکییەکان. **پیسینی** و **بەتلەر** بۆیان دەرکەوت کە ڕژێمە تاکحزبییەکان، بە بەراورد لەگەڵ شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان، کەمتر ئەگەری ئەوەیان هەیە ناکۆکی دروست بکەن و کەمتر ببنە ئامانجی ئەو ناکۆکییانە. بە پێچەوانەوە، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان، زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە ناکۆکی دروست بکەن و زیاتر ببنە ئامانجی ئەو ناکۆکییانە. ئەو توێژەرانە داکۆکی لەوە دەکەن کە هۆیەکەی ئەوەیە، دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان هاوپەیمانیی براوەی گەورەیان هەیە، لە کاتێکدا دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان هاوپەیمانیی براوەی بچووکیان هەیە.

ئەو سەرکردانەی کە هاوپەیمانیی براوەی گەورەیان هەیە، دەبێت لە سەرەڕۆییە نێودەوڵەتییەکانیان کەمتر مەترسی بنێنەوە، چونکە ڕووبەڕووی مەترسیی گەورەی لەدەسەڵاتلادان دەبنەوە ئەگەر لە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبن. لە ئەنجامدا، ئەگەر تووشی ناکۆکی بوون، ئەگەری ئەوە هەیە زۆر بە توندی تێبکۆشن وەک هۆیەک بۆ خۆدوورخستنەوە لە دانی باجی تێکشکان، ئەمەش یارمەتیمان دەدات لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی ئەو سەرکردانە کەمتر دەکرێنە ئامانج. هەرچەندە ئەم گفتوگۆیە قایلکەرە، بەڵام هۆی ئەو ڕاستییە ڕوون ناکاتەوە کە قەبارەی هاوپەیمانیی براوە دەشێت لە سەرجەم جۆری ڕژێمەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک نەگۆڕێت. لە کاتێکدا هەندێک دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی بەوە دەناسرێنەوە کە خاوەن هاوپەیمانیی گەورەن، وەک مەکسیک لەژێر حوکمڕانیی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*،

دیکتاتۆرییەکانی تر هاوپەیمانیی بچووکیان هەیە وەک لە *لاوس* لەژێر حوکمڕانیی حزبی *شۆڕشگێڕی میللیی لاو*.

هەروەها **برایان لای** و **دان سلاتەر** لە ئارەزووی کێشەنانەوەی دیکتاتۆرییەتەکانیان کۆڵییەوە. ئەوان بایەخیان نەدا بە گرنگیی بەکەسیکردن یان بە دامەزرەوییکردنی ڕێکارەکانی بڕیاردان، لەبریان لە مانەوەی جۆری دامەزراوەکانی دیکتاتۆرییەتییەکانیان کۆڵییەوە، کە بۆ بەهێزکردنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و مسۆگەرکردنی پۆستی سیاسی بەکار دێن. بە گوتەی **لای** و **سلاتەر**، دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان زیاتر لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان بەتواناترن لە پەرەپێدانی ئەو جۆرە دامەزراوانە و ئەمەش وایان لێ دەکات کە کەمتر پەنا بۆ بەکارهێنانی چەک ببەن وەک هۆیەک بۆ نەهێشتنی بەرەنگاربوونەوەی ناوخۆیی دژی دەسەڵاتەکەیان. لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان، ئەگەری ئەوە زۆرە کە ڕێکخراوی حزبەکە ئاسایش بۆ سەرۆکەکە دابین بکات، چونکە حزبەکان ئامڕازی کاریگەرن بۆ نەهێشتنی هەڵگەڕانەوەکانی دەستەبژێرەکان لە سەرۆکەکە و کۆکردنەوەی جەماوەر. لە لایەکی ترەوە، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان ئەو جۆرە ئامڕازانەیان نییە. ئەو سەرکردانەی کەمتر دڵنیان لەوەی کە دەستەبژێران یان جەماوەر هەڕەشە لەسەر حوکمڕانییەکەیان دروست ناکەن و لە حاڵەتێکی ئاوادا، ئەگەری ئەوە زۆرە کە کێشە دروست بکەن وەک هۆیەک بۆ یەکخستنی کۆمەڵگە.

بە گوتەی **لای** و **سلاتەر**، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان زیاتر لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان ئەگەری ئەوەیان هەیە کێشە لەگەڵ دەوڵەتانی تر بنێنەوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا

ئەو دیکتاتۆرییەتە سەربازییانە زۆر بە کەسی کراون یان نا. بۆ دەرکەوتنەکانی، **لای** و **سلاتەر** تیشک دەخەنە سەر پێویستیی تیشکخستنەسەر بنچینەی دامەزراوەیی بۆ کۆنترۆڵی حکومەتی دەسەڵاتگەرایی بەسەر ڕکابەرانی ئایندەی، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە ئایا ڕژێمەکە لە لایەن تاکەکەسێک یان چەندین کەس حوکمڕانی دەکرێت. هەرچەندە جەختکردنەوەکەی **لای** و **سلاتەر** لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەو مەترسییانەی لەدەسەڵاتلادان، کە ڕووبەڕووی سەرکردەکان دەبنەوە و ڕەفتاری کێشەئامێزی ڕژێمەکانیان کە دەڵێن بەسوودە، بەڵام مشتومڕەکەیان ئەوە فەرامۆش دەکات کە تا چ ڕادەیەک نەبوونی دامەزراوە لەناو دیکتاتۆرییەتەکاندا ئەوە خراپتر دەکات. لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، هیچ یاسا و ڕێسایەک نییە بۆ جێنشینی، ئەمەش وا لە سەرکردەکان دەکات زۆر نیگەران بن دەربارەی مانەوەیان لەسەر دەسەڵات. هەرچەندە دەشێت دامەزراوەکانی حزب کاریگەرتر بن لە دامەزراوە سەربازییەکان لە دابینکردنی کاری ئاسایش بۆ سەرکردەکان، بەڵام ئەو ڕژێمانەی کە هیچ یەکێک لەو دوو دامەزراوانەیان نییە، سەرکردەکانیان ئەوپەڕی لە هیچ پارێزراو نابن.

## دامەزراوە ناوخۆییەکان و ئاماژەدان

ئەو هۆکارانەی لەپشت بڕیاردانی دەوڵەتەوەن بۆ توندترکردنی کێشە لەگەڵ دەوڵەتێکی تر، یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بەشی هەرە زۆری ئەدەبیاتی ئەم بوارە سەرنجی کردووەتە سەر جیاوازیکردن لە نێوان ڕژێمە دیموکراتی و نادیموکراتییەکان. تێبینیکردنی

ئەوەی کە ڕژێمە دیموکراتییەکان بە دەگمەن جەنگ لەگەڵ یەکتر بەرپا دەکەن، بە باشی زانراون و تۆمار کراون. هێشتا بۆچی هەندێک جۆری ڕژێم زیاتر لەوانی تر خۆیان دەخزێننە ناو ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتەکان؟

چەند ڕوونکردنەوەیەک خرانە ڕوو بۆ هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە. لە چوارچێوەی عەقڵانیدا، کێشەی نێوان دەوڵەتان لە ئەنجامی نەبوونی زانیاریی تەواو لە نێوان دەوڵەتاندا پەیدا دەبێت. ناکۆکییەکان توندتر دەبن لەبەر ئەوەی دەوڵەتان گومانیان هەیە دەربارەی نیازەکانی ئەوانەی دەشێت لە ئایندەدا ببن بە دوژمنیان. وەک **جەیمس فیرۆن** دەنووسێت، قەیرانە نێودەوڵەتییەکان بە وردی لەبەر ئەوە ڕوو دەدەن کە سەرۆکی دەوڵەتان ناتوانن پێشبینیی ئەنجامەکانی بکەن، بە هۆی ئەو ڕاستییەی کە دوژمنان زانیاریی تایبەتییان هەیە دەربارەی ئامادەییان بۆ شەڕکردن لەسەر بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوە و هاندانیان بۆ شێواندنی ئەو زانیارییە. کێشە سەر هەڵنادەن ئەگەر هەموو دەوڵەتان بە تەواوی نیازی یەکتر بزانن. کێشەکان دوور دەخرێنەوە کاتێک دەوڵەتان دەتوانن بە دوژمنەکانیان ڕابگەیەنن کە هەڕەشەکانیان مەترسیدارن و زیاترن لەوەی قسەی بێبایەخ بن.

دامەزراوە ناوخۆییەکان گرنگن بۆ توانای دەوڵەت لە گەیاندنی ئەو جۆرە ئاماژانە. ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتان لە نێوان ڕژێمە دیموکراسییەکان دەگمەنن، چونکە ئەو ڕژێمە دیموکراسییانە دامەزراوەیان هەیە، ئەو دامەزراوانە بۆ ڕژێمە دیموکراسییەکانی ئاسانتر دەکات ئاماژە بۆ دوژمنەکانیان بنێرن کە مەبەستیان چییە لەوەی دەیڵێن.

## سزای جەماوەر

گفتوگۆ بە وردی لەسەر ئەوە کراوە کە چۆن دامەزراوە دیموکراتییەکان گومان دەربارەی بڕیاری دەوڵەتێکی دەستدرێژیکەر لە ماوەی قەیرانەکاندا کەم دەکەنەوە؛ تیۆرییەک کە ئەمە ڕوون دەکاتەوە، تیۆری سزای جەماوەری **فیرۆن**ە. بەگوێرەی ئەم تیۆرییە، جەماوەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە یەکلاکردنەوەی کە ئایا دەوڵەتیک هەڕەشەیەکی جدی دروست دەکات. کاتێک سەرکردەکان بە ئاشکرا هەڕەشە دەکەن و پاشان لەو هەڕەشانەیان پەشیمان دەبنەوە، جەماوەر سزای ئەو سەرکردانە لەسەر ئەو کارەیان دەدەن. ئەو سەرکردانە بە هۆی ڕاگەیاندنی ئاشکرای هەڕەشەکانیان، سزای جەماوەر بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن ئەگەر لە جێبەجێکردنی هەڕەشەکانیان شکست بهێنن.

سزای جەماوەر ئەو سزا ناوخۆییانەن کە سەرکردەکان دەبێت بیخۆن لەسەر پاشگەزبوونەوەیان لەو بەڵێنانەی لە ماوەی قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا داویانە. کاتێک سەرکردەکان لەسەر پاشگەزبوونەوەیان لەو هەڕەشانەی کە کردوویانە ڕووبەڕووی سزای گەورەی جەماوەر دەبنەوە، ئەوان باشتر دەتوانن ئەو هەڕەشانەیان بە ئاماژە ڕابگەیەنن و ئەگەری ئەوە زۆرە دوژمنەکانیان ئەو ئاماژانە بە جدی وەربگرن. سەرکردەکان باشتر دەتوانن لە ماوەی قەیرانەکاندا هەڕەشەکانیان بە شێوەی ئاماژە ڕابگەیەنن لە کاتێکدا ڕووبەڕووی سزای جەماوەر دەبنەوە، ئەگەر لەو هەڕەشانەی کردوویانە پاشگەز ببنەوە.

**تیۆری فیرۆن**

**فیرۆن** کێشەیەکی نێودەوڵەتی بە نموونەی جەنگی هێزلێبڕینی سیاسی دەچوێنێت، ئەو چواندنە لەسەر ئەو گوتە ئەزموونییە دانراوە کە قەیرانەکان ڕووداوی گشتین و لە بەردەم جەماوەری سیاسیی وڵاتەکە جێبەجێ دەکرێن. ئەم ڕاستییە گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی ئەو قەیرانانە ڕوو دەدەن و چۆن ئاشکرا دەبن. بیرۆکەی بنچینەیی تیۆرییەکە ئەوەیە: یەکەم، دەوڵەتان لە هەر چرکەساتێکدا بیانەوێت دەتوانن یان هێرشکردن یان پاشگەزبوونەوە یان زیاترتوندکردنی قەیرانەکە هەڵبژێرن. دووەم، ئەگەر دەوڵەتێک پاشگەز ببێتەوە، ئەوا سەرکردەکانی تووشی سزای جەماوەر دەبنەوە و تا قەیرانەکە توندتر بێت، سزاکە زیاتر دەبێت. هەروەک **فیرۆن** پێشنیازی دەکات، ئەو سزایانە لە لایەن جەماوەرەوە بەسەر سەرکردایەتیدا دەدرێن و پەیوەستە بەوەی ئایا سەرکردایەتییەکە سەرکەوتووە یان سەرکەوتوو نییە لە سیاسەتی دەرەوەدا. قەیرانە نێودەوڵەتییەکان وەڵامدانەوەیەکن بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە دوو تایبەتیمەندیی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەدییان دەهێنێت: یەکەم، ئایا ویستی سەرکردەی دەوڵەتێک بۆ بەکارهێنانی هێز زانیاریی تایبەتە؟ دووەم، بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی باشتر، سەرکردەکانی دەوڵەت دەیانەوێت ئەو زانیارییە بە شێواوی بخەنە ڕوو. لەبەر ئەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا دەوڵەتێک بە ڕاستی دەیەوێت هێرش بکات، دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت، ئەوەی دەبێتە مایەی توندترکردنی کێشە یان پاشگەزبوونەوە لێی خراپترە بۆ سەرۆکێک لەوەی لە سەرەتای کێشەکەدان دان بە دۆڕاندندا بنێت.

به گوتەی **فیرۆن**، جەماوەر ڕۆڵێکی کرنگ دەبینێت لە یەکلاییکردنەوەی ئەوەی ئایا دەوڵەت هەڕەشەیەکی جدی بکات، جەماوەر زۆر گرنگە لە بەدیهێنانی ئەو سزایانەی وا لە دەوڵەتان دەکات فێریان ببن. کاتێک سەرکردەکان هەڕەشەیەکی بە ئاشکرا دەکەن و پاشان پاشگەز دەبنەوە، وا دادەنرێت کە جەماوەر سزای ئەو سەرکردانە لەسەر ئەو کارەیان دەدەن. جەماوەر لە گرنگیی هەڕەشەکان و بڵاوکردنەوەی سوپا بۆ بەرگری لە شکۆی نیشتمان تێدەگەن. ئەو کارانە سەرکردەکان دەخەنە بەر ڕەخنەگرتنێکی توند یان تەنانەت لەسەردەسەڵاتلادان، ئەگەر سەرکردەکان درکیان بەوە کرد کە لە لای جەماوەر ئەدایان لاواز بووە. بەم جۆرە، ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن گەورەترین سزای جەماوەرن، سەرکردەکانیان باشتر دەتوانن هەڕەشەکانیان بە ئاماژە بنێرن و سوور بن لەسەر جێبەجێکردنی ئەو هەڕەشانەی دەیکەن، چونکە ئەو سەرکردانە دەبێت گەورەترین باج بدەن ئەگەر هەڕەشەکانیان تا سەر جێبەجێ نەکەن.

**فیرۆن** دەڵێت ڕژێمە دیموکراتییەکان باشتر دەتوانن سزای جەماوەر بەدی بهێنن وەک لە ڕژێمە ئۆتۆکراتییەکان. لە ڕژێمە دیموکراتییەکاندا هەڵبژاردنەکان هۆیەکن بە دەست هاووڵاتییانەوە بۆ لێپرسینەوە لە سەرکردەکانیان لەسەر ئەو کارانەی لە ڕابردوودا کردوویانن. سەرکردەکانی ڕژێمە دیموکراتییەکان هەڵبژاردنی ئایندەی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە بەو لێدوانە گشتییە بوێرانەی لە ماوەی هەبوونی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکاندا دەیدەن. لە دیکتاتۆرییەتەکاندا بارودۆخەکە بەم جۆرە نییە؛ لە دیکتاتۆرییەتەکاندا هاووڵاتییان هیچ هۆیەکی سزادانی سەرکردەکانیان بە دەستەوە نییە

لەسەر بژاردە خراپەکانیان، چونکە هەڵبژاردن تیایاندا ئازاد و پاک نییە. جگە لە شۆڕشکردن، نزیکەی مەحاڵە هاووڵاتییان بتوانن لێپرسینەوە لەگەڵ سەرکردەکان بکەن. سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکان دەتوانن لێدوانی ئازایانە و شەڕانی بدەن، بەبێ ئەوەی لەسەر پاشگەزبوونەوەیان لە لێداونەکانیان لە دواخولەکدا هیچ سزایەکی لە لایەن جەماوەرەوە بدرێن.

لەبەر ئەوەی سەرکردەکان لە ڕژێمی دیموکراتیدا دەتوانن سزای گەورەتری جەماوەر بۆ خۆیان بەدی بهێنن، کاتێک بە ئاشکرا هەڕەشە بکەن وەک لەوەی سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکان دەیکەن، ئەو سەرکردانە باشتر دەتوانن نیازەکانیان بە دوژمنانیان بگەیەنن. بە ڕای **فیرۆن**، چەمکی سزای جەماوەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی ڕژێمە دیموکراتییەکان بە دەگمەن لە گەڵ یەکتر بەشەڕ دێن. ڕژێمە دیموکراتییەکان دەتوانن لە نێوان خۆیاندا کێشە ئەمنییەکان خاو بکەنەوە، چونکە دەتوانن زۆر بە ڕوونتر ئاماژە بۆ نیازە بەرزەخوازییەکانیان بکەن. کێشەکان دەتوانرێت نەهێڵرێت ڕوو بدەن کاتێک زانیاریی تەواو لەسەر چارەسەرکردنیان هەبێت. دەتوانرێت ئەنجامەکەشی زووتر پێشبینی بکرێت و ئەو دەوڵەتەی کە لە کۆتاییدا دەشێت بدۆڕێت، پاشگەز دەبێتەوە.

چەندین لێکۆڵینەوە پشتگیریی ڕایەکەی **فیرۆن** دەکەن؛ کاتێک ڕژێمە دیموکراتییەکان دەست بە نانەوەی ناکۆکی دەکەن، بە زۆری لە ئامانجەکانیان پاشگەز دەبنەوە و کێشەکە کۆتایی دێت. کاتێک دیکتاتۆرییەتەکان دەست بە ناکۆکینانەوە دەکەن، ئامانجەکانیان بە زۆری دەگۆڕێت بۆ کاری شەڕپێفرۆشتن و کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت.

**دیکتاتۆرییەت و سزای جەماوەر**

توێژەران تەنیا لەو ماوەیەی دواییەدا دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوەی ئەوەی چۆن ئەو جۆرە ماوەیە دیکتاتۆرییەتەکان هەڵسوکەوت دەکەن. هەروەک ئەم توێژینەوەیە دووپاتی دەکاتەوە، دیکتاتۆرییەتەکان لە ڕووی چەند لایەنێکی بەرچاوەوە لە یەکتر جیاوازن. ئەو دیکتاتۆرییەتانە لەمانەدا لێک جیاوازن: پێکهاتە دامەزراوەییەکان و ڕێنماییەکانی بڕیاروەرگرتن و ڕێگەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ جێنشینی و ڕێگەکانی کاردانەوەیان بۆ ئۆپۆزسیۆن. هەروەها ئەو دیکتاتۆرییەتانە جیاوازییان هەیە لەسەر ئەو سزایەی کە بەسەر سەرکردەکانیدا دەسەپێنرێت لەسەر ئەو بڕاردە سیاسییە خراپانەی هەڵی دەبژێرن. دیکتاتۆرییەتەکان ڕەفتاریان دەربارەی کێشە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە جۆرێکی ڕژێمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. کۆکردنەوەی دیکتاتۆرییەتەکان لە یەک جۆردا، دەبێتە هۆی شاردنەوەی جیاوازییە گرنگەکانیان دەربارەی توانای ئەو ڕژێمانە لە بەدیهێنانی سزای جەماوەردا. دەشێت هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان لە هەندێکی تریان بەتواناتر بن بۆ گەیاندنی نیازەکانیان لە ماوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکاندا. ئێمە لەم بەشەدا لەو ئەگەرە دەکۆڵینەوە.

تیۆری سزای جەماوەر متمانە دەکاتە سەر ئەو گریمانەیەی کە هاووڵاتییان دەتوانن سەرکردەکانیان لەسەر بڕیارە سیاسییە خراپەکانیان سزا بدەن. لە دیکتاتۆرییەتەکاندا، ڕێگەی ئاسایی و ئاسان نییە بۆ ئەوەی جەماوەر سزای سەرکردەکانی پێ بدەن لەسەر بڕاردە خراپەکانیان. هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نییە کە دیکتاتۆرەکان بەبێ لێپرسینەوە

فەرمانڕەوایی دەکەن. هەروەک چۆن دەنگدەران لە ڕژێمە دیموکراتیەکان دەتوانن سزای سەرکردەکان بدەن لەسەر نەبردنەسەری بەڵێنەکانیان، بە هەمان شێوەیش ئەندامانی دەستەی دەستەبژێران لە دیکتاتۆرییەتەکان دەتوانن سزای دیکتاتۆرەکان بدەن.

جەماوەری ناوخۆ لە دیکتاتۆرییەتەکاندا لە چینی دەستەبژێران پێک دێت: چینی دەستەبژێران گرووپی هەڵبژێردراوی ئەو تاکانەن کە سەرکردە متمانەیان دەکاتە سەر بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات. لەبەر ئەوەی هاووڵاتیی ئاسایی ناتوانێت بە شێوەیەکی ئاسایی دیکتاتۆر لەسەر دەسەڵات لا ببات، توانای دیکتاتۆرییەتەکان بۆ دروستکردنی سزای جەماوەر متمانە دەکاتە سەر ئەوەی چەند دەستەبژێران بە چاکی دەتوانن بە جدی هەڕەشەی لەسەردەسەڵاتلابردن لە دیکتاتۆر بکەن لەسەر بژاردە سیاسییە دەرەوەییە خراپەکانی.

هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان توانایان زیاترە لە ئاماژەکردن بۆ بەڵێنەکانیان لە ماوەی ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتان، وەک لە دیکتاتۆرییەتەکانی تر. لە دیکتاتۆرییەتەکاندا، ئاستەکانی سزای جەماوەر پیشاندەری توانای دەستەی دەستەبژێرانە بۆ لابردنی دیکتاتۆر لە دەسەڵات. وەک لە بەشی چوارەم باس کرا، دەستەبژێران زۆر بەتوانان بۆ لابردنی دیکتاتۆرەکان لە ڕژێمە سەربازییەکان، دوای ئەوان لەو توانایەدا دەستەبژێرانی ڕژێمە تاکحزبییەکان دێن و لە کۆتاییدا دەستەبژێرانی ڕژێمە تاکڕەوییەکان دێن. کەواتە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دەبێت ئەوپەڕی بەتوانا بن لە بەدیهێنانی سزای جەماوەر و دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکانیش کەمترین توانایان هەبێت.

پشتگیرییەکی ئەرێنی هەیە بۆ ئەم گفتوگۆیە؛ لە نێوان دیکتاتۆرییەتەکاندا، ئەو هەڕەشانەی لە لایەن دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دەکرێن وا دەردەکەون کە ئەوپەڕی جدی بن و ئەوانەی لە لایەن دیکتاتۆرە تاکڕەوییەکان دەکرێن وا دەردەکەون کەمترین جدییەتیان تێدا بێت. قەیرانەکان ئەگەری توندبوونیان زیاتر دەبێت کاتێک دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بەدیان دەهێنن، دوای ئەوان دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دێن بۆ توندکردنی قەیرانەکان و لە کۆتاییدا دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دێن.

هەروەها ئەم چەمکە لە لایەن **جیسیکا ویکس** لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا. **ویکس** داکۆکی لەوە دەکات کە توێژەران ڕادەی توانای گرووپەکانی ناوخۆ لە لێپرسینەوەی دیکتاتۆرەکان بە کەمتر لەوەی هەیە دەزانن، کە ئەمەش بە دەوری خۆی سزای جەماوەر دروست دەکات. **ویکس** تیشک دەخاتە سەر سێ هۆکاری گرنگ، کە کار دەکەنە سەر توانای دیکتاتۆر بۆ بەدیهێنانی سزای جەماوەر: ئایا گرووپەکانی ناوخۆ دەتوانن و هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر دەکەن بۆ سزادانی دیکتاتۆر؟ ئایا جەماوەر پاشگەزبوونەوە بە نەرێنی دەبینێت؟ ئایا ئەوانەی لە دەرەوەی گرووپەکانی ناوخۆن دەتوانن چاودێریی ئەگەری سزادانەکانی ناوخۆ بکەن لەسەر پاشگەزبوونەوە؟ بە ڕای **ویکس**، سوودەکانی ئاماژەکردن بۆ ڕژێمە دیموکراسییەکان لەوانەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکان زیاتر نییە، کاتێک دەستەبژێران بتوانن کێشەی هەماهەنگیی ناوخۆیان لەسەر سزادانی سەرکردەکە چارەسەر بکەن و کاتێک ئەگەری ئەو هەماهەنگیبوونە بۆ دەوڵەتانی تر دەردەکەوێت.

بە گوتەی **ویکس**، زۆربەی دیکتاتۆرییەتەکان دەتوانن سزای جەماوەر لەسەر ئاستێک بەدی بهێنن کە وەک ئاستی ڕژێمە دیموکراسییەکان بێت. **ویکس** بۆی دەردەکەوێت کە ڕژێمە دیموکراسییەکان سوودێکی گەورەی ئاماژەکردن بەدەست دەهێنن تەنیا کاتێک کە بە شێوە تاکڕەوییەکانی دیکتاتۆرییەتەکان بەراورد بکرێت. توانای دیکتاتۆرییەتەکان بۆ ئاماژەدان بەوەی مەبەستیان چییە لەوەی دەیڵێن، لە نێوان سەرجەم جۆرەکانی ڕژێمەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەگۆڕێت.

## سیاسەتی دەرەوە لە دیکتاتۆرییەتەکاندا

کلیلی تێگەیشتنی ڕەفتاری دیکتاتۆرییەتەکان لە بواری نێودەوڵەتیدا، دیاریکردنی ئەوەیە کێن ئەوانەی کە ئامانجی دیکتاتۆرەکانن بۆ ئەوەی بە سیاسەتەکانیان دڵخۆشیان بکەن. هەروەک لە تەواوی ئەم تۆێژینەوەیەدا جەختی لەسەر دەکەینەوە، دەستەبژێران دەنگدەری سەرەکیی دیکتاتۆرەکان پێک دەهێنن. دیکتاتۆرەکان دەبێت بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێران لەبەرچاو بگرن، ئەگەر نا خۆیان تووشی مەترسیی لەسەردەسەڵاتلابردن دەکەن. شێوازی ڕەفتار و کاردانەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان دەستەبژێر و سەرکردەکان لە دیکتاتۆرییەتەکاندا، تێگەیشتنێکی زۆر گرنگمان دەداتێ دەربارەی ئەو هۆکارانەی لەپشت بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی سەرکردە ئۆتۆکراتییەکانەوەن.

ڕژێمە دەسەڵاتگەرایییەکان لەم ڕووەوە زۆر لێک جیاوازن؛ پێکهاتەی سیاسیی ناوخۆ لە ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر کار دەکاتە سەر پەیوەندیی نێوان دیکتاتۆرەکان

و دەستەبژێران و  لە ئەنجامدا کار دەکاتە سەر ڕەفتاری سیاسیی دەرەوەی ئەم دیکتاتۆرانە. لەم بەشەدا، لەوە دەکۆڵینەوە کە چۆن دیکتاتۆرییەتەکان لە ڕووی بڕیاردانی سیاسیی دەرەوەیان، لێک جیاوازن. بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەم بوارەدا تا ڕادەیەکی زۆر متمانە دەکەینە سەر توێژینەوەی **براندۆن کینی**، کە تیۆری پۆلیهیوریستیک لەسەر دروستکردنی بڕیار لە جیهانی دیکتاتۆرییەتەکاندا کار پێ دەکات.

## تیۆری پۆلیهیوریستیک (Poliheuristc Theory)

لە بنچینەدا، تیۆری پۆلیهیوریستیک دوو قوتابخانەی زاڵی بیرکردنەوە لە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە یەکەوە دەبەستێتەوە: بژاردەی عاقڵانە و سایکۆلۆجیی فێربوون. (تیۆری پۆلیهیوریستیک، تیۆرییەکی بڕیاردانە لە سیاسەتی دەرەوە و وای دادەنێت کە بڕیاردان بە پرۆسەیەکی دوو قۆناغیدا دەڕوات و ئەوەی لە قۆناغی یەکەمدا بڕیار دەدات ئەو ئەلتەرناتیڤانەی کە لە ڕووی سیاسییەوە پەسەند نین لا دەبات و لە قۆناغی دووەمدا لە ئەلتەرناتیڤە پەسەندکراوەکان یەکێکیان هەڵدەبژێرێت (وەرگێڕ)). لێکدانی ئەو دوو قوتابخانەیە دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانرێت هەڵسەنگاندنی زۆر ڕاستەقینە و بەبەرهەم لە سروشتی دروستکردنی بڕیاری سیاسەتی دەرەوەدا بکرێت. لە بواری پۆلیهیوریستیکدا، سەرکردەکان بیرۆکەی زانیارییە ئاڵۆزەکانیان بە هێواشی بۆ ئاشکرا دەبێت کاتێک ڕێگەی کورت یان بۆدەرکەوتن بۆ دروستکردنی بڕیار بەکار دەهێنن. سەرکردەکان دەبێت پەنا بۆ ئەو جۆرە ستراتیجانە ببەن،

چونکە بە زۆری بڕێکی زانیاریی ئێجگار زۆریان پێ دەگات پێش ئەوەی بڕیاری قورس بدەن.

ڕێگەیەکی کورتی تایبەتی کاریگەر، یاسای بڕیاردانی سەرپێییە، کە سەرکردەکان ئەو بژاردانە لا دەبەن کە ئەگەری ئەنجامی نەرێنییان لەسەر لایەنێکی بڕیارەکە لێ دەکەوێتەوە. بە واتایەکی تر، تەنانەت ئەگەر بڕیارەکانی تریش ئەنجامی زۆر ئەرێنییان بۆ سەرکردەکان لێ بکەوێتەوە، ئەوا زۆر دەشێت ئەو سەرکردانە ئەو بڕیارە هەڵدەبژێرن کە ئەنجامی نەرێنی لێ نەکەویتەوە.

لە ئەدەبیاتی پۆلیهیوریستیکدا، ڕەهەندی سیاسی هەمیشە قەرەبوونەکراوەیە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا. وەک **کینی** دەنووسێت، سەرکردەکان سەرکەوتنەکەیان بە یەکەی سیاسی دەپێون، وەک ئەوەی چەند ئەو سەرکەوتنەیان بە لای جەماوەرەوە گرنگە و ئەو سەرکردانە تەنیا دەتوانن سەرنجیان بخەنە سەر ڕەهەندەکانی تری بڕیارەکە، وەک گرنگیی ئابووری یان دیبلۆماسی، دوای ئەوەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان هاتووەتە دی.

بۆ کارپێکردنی تیۆری پۆلیهیوریستیک بەسەر دیکتاتۆرییەتەکاندا، **کینی** متمانە دەکاتە سەر سێ گریمانە: یەکەم، ڕەهەندی سیاسی لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە لە ڕووی ئەوەی بۆ سەرکردە چەندە بەسوودە بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، دیاری دەکرێت، ئەوە تایبەتە بە هەموو سەرکردەکان. دووەم، هەموو سەرکردەکان بەرپرسیارن بەرامبەر گرووپێک لە تاکەکان کە دەتوانن هەموویان پێکەوە دەسەڵاتیان بەسەر چارەنووسی سەرکردەکە هەبێت. سێیەم، جۆری تاکەکان و ئەو میکانزمانەی ڕەهەندە سیاسییەکە

دروست دەکەن، لە سەرجەم ڕژێمەکان لە ڕژێمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. بە گوتەی **کینی**، لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا، پەیوەندیی نێوان سەرکردە و حزبەکە زاڵ دەبێت بەسەر ڕەهەندی سیاسیدا. بە هەمان شێوە، پەیوەندیی نێوان سەرکردە و سوپا لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا گرنگترە لە ڕەهەندی سیاسی. لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، بە پێچەوانەوە، نیگەرانیی سەرەکیی سەرکردە، پلەوپایەی ڕێژەیی خۆیەتی لە ناو هاوتاکانیدا، ئینجا ئەگەر ئەو هاوتایانە سەرکردە سەربازییەکان بن، ئەندامانی دەستەکانی ڕکابەر بن، سیاسەتمەداری هەرێمی یان جەماوەری بن. پلەوپایەی دیکتاتۆر ئەو ڕێگە سەرەکییەیە کە سەرکردە تاکڕەوەکان چانسی مانەوەیانی لە دەسەڵاتدا پێ هەڵدەسەنگێنن. سەرکردەکان لە دیکتاتۆرییەتەکاندا چەند بڕیارێک بۆ سیاسەتی دەرەوە دەدەن بۆ ڕێگرتن لەو تاکانەی کە دەتوانن نەهێڵن ئەو سەرکردانە بڕیاری لەو جۆرە بدەن، ئەمەش ئەگەری ڕوودانی ئەنجامی نەرێنی ئەوپەڕی کەم دەکاتەوە.

**کینی** سێ لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو دەخاتە ڕوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن ئەو جیاوازییانە لە سەرجەم دیکتاتۆرییەتەکاندا کار دەکەنە سەر بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە، کە لە خوارەوە بە کورتی باسیان دەکەین.

### دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی: بڕیاری عێراق بۆ مانەوە لە کوێت

بۆچی **سەدام حسێن** ئەوەی هەڵبژارد کە لە کوێت بمێنێتەوە، سەرەڕای ئەو هێرشە گەورەیەی *ویلایەتە یەکگرتووەکان*یش لە ساڵی ١٩٩١دا؟ زۆر لە چاودێران باسی ئەوە دەکەن کە ئەو بڕیارەی **سەدام** لە بنچینەدا بڕیارێکی

شێتانە بوو. هێشتا، وەک **کینی** پیشانی دەدا، تێگەیشتنمان لە پۆلیهیوریستیک یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بژاردەیە.

لە ساڵی ١٩٩٠دا، **سەدام** گومانی لەوە پەیدا کرد کە کوێت لەگەڵ *ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو* پێکەوە لەگەڵ *ویلایەتە یەکگرتووەکان* پلان دەگێڕن بۆ زیاتربەرهەمهێنانی نەوت، کە دەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی عەرەب. ئەو نیگەرانییە (لەگەڵ چەند سکاڵایەکی تر) هانی **سەدام**ی دا کە لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٩٠دا سوپا لەسەر سنووری کوێت کۆ بکاتەوە.

هەرچەندە ئەو سوپاکۆکردنەوەیە سەرنجی *ویلایەتە یەکگرتووەکان*ی ڕاکێشا، بەڵام *ویلایەتە یەکگرتووەکان* بە هیچ شێوەیەکی ڕوون بە *عێراق*ی ڕانەگەیاند کە تا چ ڕادەیەک کار بۆ بەرگریکردن لە کوێت دەکات. لە ڕاستیدا، باڵویزی *ئەمەریکا*، **ئەپریل گلاسپی**، لەو کاتەدا بە **سەدام**ی ڕاگەیاند "هیچ ڕایەکمان لەسەر کێشەکانی نێوان عەرەب—عەرەب نییە، وەک ناکۆکیتان لەگەڵ کوێت لەسەر سنوور". لە لێدوانیکی ئاوادا، دەشێت **سەدام** لە بڕوایەدا نەبووبێت کە کارەکەی بەرامبەر کوێت کاردانەوەی *سوپای ئەمەریکا*ی بەدوادا بێت. بە گوتەی **کینی**، بەدحاڵیبوونی **سەدام** لە نیازەکانی *ئەمەریکا* گرنگە لە پیشاندانی ئەوەی کە **سەدام** بە ئەنقەست ئەو بڕیارە سیاسییە دەرەوەییەی نەداوە، کە باری سیاسیی خۆی بخاتە مەترسییەوە. **سەدام** هەستی بەوە کرد کە هەڕەشەی لێ کراوە کاتێک **جۆرج ئێچ دەبلیو بۆش**، سەرۆکی *ئەمەریکا*، دوائاگەدارییی دەرکرد کە *عێراق*ی هان دا بۆ ئەوەی لە کوێت بکشێتەوە.

لەگەڵ ئەو ئاگەدارکرنەوەیەش، **سەدام** ئەوەی هەڵبژارد کە نەکشێتەوە و بەرهەڵستیی ئەو سوپا زۆرە و ئاکامە ئابوورییەکان بکات. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی پاشگەزبوونەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیان بە پلەوپایەی **سەدام** لە ناو هاوتاکانی دەگەیەنێت لە جیهانی عەرەبدا، **سەدام** ئەو کارەی پاشگەزبوونەوەی وا دەبینی کە وەک خۆبەدەستەوەدانە بۆ بەرژەوەندییەکانی *ڕۆژئاوا* و *ئیسرائیل*. دەسەڵاتی سیاسیی **سەدام** متمانەی دەکردە سەر پلەوپایەکەی لە ناو هاوتا عەرەبەکانیدا. ئەگەر **سەدام** ملکەچی داواکانی ڕۆژئاوا ببوایە، ئەوا وەک ترسنۆک و بێتوانا لە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی عەرەب دەردەکەوت، ئەمەش بە دەوری خۆی دەبوو بە هۆی هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی لە لایەن کۆمەڵەیەکی فراوانی لایەنی ترەوە. دەتوانین لە بڕیارەکەی **سەدام** بۆ مانەوە لە کوێت، هەرچەندە ئەگەری ڕوودانی جەنگی سەربازی *ئەمەریکای* بەدواوە بوو، وا تێبگەین کە بە هۆی پێویستیی **سەدام** بوو بۆ درێژەدان بە پلەوپایەکەی وەک هۆیەک بۆ مانەوەی سیاسییانەی خۆی.

## دیکتاتۆرییەتی سەربازی: پاکستان

## نەناردنی هێزی سەربازیی بۆ عێراق هەڵبژارد

دوای هێرشەکانی تیرۆریستان بۆ سەر *ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا* لە ١١ی سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٠١دا، سەرۆکی *ئەمەریکا* **جۆرج بۆش**، چالاکانە هەوڵی دەدا پشتگیریی وڵاتانی تر بەدەست بهێنێت بۆ جەنگی دژی تیرۆریزم لە سەرتاسەری جیهان. هێشتا لەگەڵ ئەو فشارە

زۆرەی *ئەمەریکا*، *پاکستان* ڕەتی کردەوە کە سوپا بنێرێت بۆ یارمەتیدانی ئەرکەکانی *ئەمەریکا* لە *عێراق*دا.

لەو بڕیاردانەی *پاکستان*، ئەوە ڕوونە کە سەرۆکی *پاکستان*، **پەرویز موشەڕەف**، لەوە نەدەگەڕا کە جەماوەر دڵخۆش بکات، هەروەک دەنگدانەکانی پێشوو و ڕاپرسییەکان پیشانیان دا کە ڕای جەماوەر کاری نەکردووەتە سەر **موشەڕەف**. لە ڕاستیدا، پاکستانییەکان بە توندی دژی ئەو جەنگی تیرۆرە بوون کە *ئەمەریکا* سەرکردایەتیی دەکرد، لەوانەیە *پاکستان* لە هەر وڵاتیکی تر زیاتر دژی ئەو جەنگە بووبێت. وەک **کینی** ئاماژەی بۆ دەکات، **موشەڕەف** دەیتوانی جەماوەر فەرامۆش بکات، چونکە ئەو جەماوەر هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو لە مانەوەی لە پۆستەکەی. کەواتە چی ئەو بڕیارە ڕوون دەکاتەوە؟

بە ڕای **کینی**، پەیوەندیی نێوان **موشەڕەف** و *ئەنجوومەنی سەربازیی پاکستان*، وەڵامێکی سەرەکییە بۆ ئەو پرسیارە. دەمێکە سوپا ڕۆڵێکی زاڵی لە *پاکستان* گێڕاوە و بە ڕادەیەکی زۆر متمانەی کردووەتە سەر ئەو یارمەتییەی *ئەمەریکا* دەیدایە و ئەو یارمەتییە وەک هۆیەک بۆ مسوگەرکردنی پشتیوانیی *پاکستان* لە *ئەمەریکا* بەکار دەهات. تەنیا لە ساڵی ٢٠٠١دا تا نیوەی ساڵی ٢٠٠٣، *ئەمەریکا* زیاتر لە سێسە و پەنجا ملیۆن دۆلاری وەک یارمەتی دابوو بە *سوپای پاکستان*.

لەبری جەماوەر، سوپا بوو کە **موشەڕەف** دەیویست دڵیان خۆش بکات. چەندین ئیسلامیی توندڕەو لە ناو دەستەبژێری *سوپای پاکستان*دا هەیە. یەکێک لە پلە هەرە باڵای دەستەبژێرەکانی سوپا، بۆ نموونە، **جەنەڕاڵ محەمەد عەزیز خان** بوو، کە توندڕەوێکی ئایینیی دیار بوو. هەرچەندە

**موشەڕەف** هەوڵی دا توندڕەوەکان لە ناو سوپادا لا ببات، بەڵام چەندین توندڕەو هەر لە سوپادا مانەوە. ئەو توندڕەوانە دژایەتیی ئەوەیان نەدەکرد کە *سوپای پاکستان* کۆمەکی سەربازی لە *ئەمەریکا* وەربگرێت، بەڵام وایان دەبینی کە یارمەتیی *پاکستان* بۆ *ئەمەریکا* لە جەنگەکەیدا، بە تەواوی شتێکە بەرگە ناگیردرێت. وەک **کینی** دەنووسێت، کە وا بوو، بێ گوێدانە نیازەکانی خودی **موشەڕەف**، ناردنی سەرباز بۆ *عێراق* نائارامیی لە ناو دەستە گرنگەکانی ناو *سوپای پاکستان* دروست دەکرد، کە بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا هەڕەشەی لەسەر مانەوەی سیاسییانەی **موشەڕەف** دروست دەکرد.

## دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی: گۆڕانکارییە ئێجگار گەورەکان لە سیاسەتی دەرەوە لەژێر فەرمانڕەوایی گۆرباچۆڤدا

سیاسەتی دەرەوەی *یەکێتیی سۆڤێت* لە سالآنی ١٩٨٠دا، گۆڕانکاریی گەورەی بە خۆیەوە بینی. ئەو گۆڕانکارییانە بە زۆری دەدرێنە پاڵ **میخائیل گۆرباچۆڤ**. نموونەکان ئەمانە دەگرنەوە: بەدواداچوون بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ *چین* و شکستهێنان لە دەستتێوەردانیکی یەکلاکەرەوە لە شۆڕشەکانی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* و بە شێوەیەکی گشتی وەرگرتنی هەڵوێستێکی زیاتر ئاشتییانە بەرامبەر بە ڕۆژئاوا. بۆچی **گۆرباچۆڤ** ڕێگەیەکی نوێی لەو جۆرەی دەست پێ کرد لەبری ئەوەی لەسەر هەنگاوە باوەکانی سەرکردەکانی پێش خۆی بڕوات؟

بە گوتەی **کینی**، هەرچەندە **گۆرباچۆڤ** کەسێکی کاریگەر بوو لە سیاسەتی سۆڤێتیدا، بەڵام گۆڕانی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەدا، لە ڕاستیدا بە هۆی بەرژەوەندییە ئایدیۆلۆجییە

گرنگەکانی حزبی کۆمۆنیست بوو. هەروەک سەرۆکەکانی پێش خۆی، **گۆرباچۆڤ** دەبوو دڵنیا بێت لەوەی کە سیاسەتەکانی لە لایەن دەزگای حزبی کۆمۆنیستەوە چاوپۆشیی لێ دەکریت. هەرچەندە چەندین هۆ گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی *سۆڤێت* لە سالانی ١٩٨٠دا ڕوون دەکەنەوە (وەک کێشەکانی ئابووری و ئاسایش و جیۆپۆلیتیکی)، هۆکارە سیاسییەکانیش کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لەسەر ئەو گۆڕانانە. لەو کاتەدا، یەکێتیی *سۆڤێت* لەناو بارودۆخێکی سەختی بۆشایی سیاسیدا دەژیا. وەک **دۆگلاس دەبلیو بلووم** دەنووسێت، ئەو بۆدەرکەوتنە سەری هەڵدا کە دونیابینیی زاڵی *سۆڤێت* خۆی لە خۆیدا کۆسپێک بوو بۆ هەوڵدان بۆ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی *سۆڤێت*ی ڕاستەقینە، لە ڕاستیدا، ئەو بۆدەرکەوتنە لە بنچینەدا بەسترابووەوە بە سیاسەتێکی دەرەوەیی بێبەرهەم و مەترسیدار. سەرهەڵدانی ئەو بۆدەرکەوتنە و بڵاوبوونەوەی بە ناو هەموو دەستەبژێراندا لە کۆتایی سالانی ١٩٧٠دا و سەرەتای سالانی ١٩٨٠دا، بە شێوەیەکی بەهێز شەرعییەتی بیروباوەڕی سیستەمەکەی نەهێشت و بوو بە هاندەرێک بۆ ڕیفۆرمیستە ڕۆشنبیرەکان بۆ دارشتنی بیروباوەڕێکی نوێ.

لە ناو حزبی کۆمۆنیستدا، ئەو ئایدیۆلۆجییەی دەمێک بوو جێی متمانەی ڕژێمەکە بوو، بە جدی کەوتە ژێر پرسیارەوە، بە شێوەیەک بیروباوەڕی نوێ بوون بە ئامڕازێکی سەرەکی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکان لە ناو دەستەبژێری حزبەکەدا. ئەوانەی پەیڕەوی نەریت و دەستووری کۆنیان

دەکرد، بە هێواشی لە دروستکردنی بڕیاردان دوور خرانەوە، دەرفەت بۆ دەنگی نوێ ڕەخسا بۆ داڕشتنی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی حزبەکە.

وەک **کینی** ئاماژەی پێ دەدات، بێ گوێدانە ئارەزووە کەسییەکانی **گۆرباچۆڤ**، تیۆری پۆلیهیوریستیک پێمان دەڵێت کە **گۆرباچۆڤ** نەگەڕایەوە سەر نەریتە سۆڤێتییە چەسپاوەکە؛ کارێکی لەو جۆرە ئەگەری ئەوەی هەبوو کە هانی سەرکردەکانی حزبەکە بدات بۆ ئەوەی وەڵامیکی نەگونجاویان هەبێت.

ئەو حاڵەتانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە دیکتاتۆرەکان بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەیان هەر وا بەبێ لێکدانەوە دەرناکەن. تەنانەت بڕیارە بە ڕواڵەت ناگونجاوەکانیش دەتوانرێت باشتریان تێبگەین، ئەویش بە لێکۆڵینەوە لە واقعی سیاسیی سەرکردەکە. هەموو سەرکردەکان، تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش دەبێت بەو ڕێگەیانە کار بکەن کە دەنگدەرەکانیانی پێ ڕازی بکەن. سروشتی ئەو گرووپی دەنگدەرانە لە سەرجەم ڕژێمەکاندا بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لە ڕژێمێکەوە بۆ ڕژێمێکی تر دەگۆڕێت. دیاریکردنی ئەوەی ئەو گرووپە کێیە و پێویستی بە چییە و بایەخ بە چی دەدات، توانایەکی گەورە دەستەبەر دەکات بۆ تێگەیشتنی بژاردەکانی سیاسەتی دەرەوەی دیکتاتۆرەکان.

## هەواڵگریی سەربازی لە دیکتاتۆرییەتەکاندا

هەواڵگریی سەربازی زۆر باش گرنگە بۆ توانای دەوڵەت بۆ دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی متمانەپێکراو. بەبێ هەبوونی زانیاریی ورد دەربارەی چالاکییەکانی وڵاتانی تر، پرکێشیکردن لە سیاسەتی دەرەوەدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. دەوڵەتان بۆ ئەوەی بژاردەی سیاسەتی دەرەوەی باش هەڵببژێرن، دەبێت بتوانن نیاز و تواناکانی دوژمنانیان یان ناحەزەکانیان هەڵبسەنگێنن ویڕای هەڵسەنگاندنی تواناکانی خودی خۆشیان. لەم بەشەدا، لە جۆری هەواڵگرییە سەربازییەکانی لە سەرجەم دیکتاتۆرییەتەکان دەکۆڵینەوە، پیشانی دەدەین کە چۆن دامەزراوە ناوخۆییەکان کار دەکەنە سەر کوالیتیی کەناڵەکانی زانیاری و بە دەوری خۆشیان کار دەکەنە سەر ئەگەری ئەوەی دیکتاتۆرییەتەکان لە سیاسەتی دەرەوەیاندا هەڵە بکەن. پێش ئەوەی ئەوە بکەین، هەندێک پاشخانی زانیاری لەسەر هەواڵگریی سەربازی بە شێوەیەکی گشتی دەخەینە ڕوو.

**هەواڵگریی سەربازی**
زۆر جۆری هەواڵگری گرنگن بۆ پاراستنی ئاسایش. دەبێت ئەفسەرانی هەواڵگری زانیاری کۆ بکەنەوە و شی بکەنەوە، تایبەت بە کاری نهێنی و دژەهەواڵگری و هەواڵگریی ستراتیجی و هەواڵگریی تاکتیکی و هەواڵگریی کردەیی. کاری نهێنی بەکار دێت بۆ ڕاستەوخۆ کاریگەری خستنەسەر ئەو ڕووداوە سیاسییانەی لە دەوڵەتیکی بێگانە ڕوو دەدەن. ئەو کارە نهێنییە زۆر لە جەنگ شاراوەترە، بەڵام زۆر لە دیبلۆماسییەت چالاکترە. دژەهەواڵگری ڕێک دەخریت بۆ پاراستنی دەزگای زانیاریی وڵاتێک لە هەڕەشە بیانییەکان و دزەکردن بۆ ناویان. هەواڵگریی ستراتیجی تایبەتە بە سیاسەتەکان و ئاڕاستە کولتوورییەکان و پرۆسەکانی بیرکردنەوە و لاوازییە ناوخۆییەکانی دەوڵەتانی بێگانە (یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر، وەک گرووپە تیرۆریستییەکان). هەواڵگریی سەربازی بەکار دێت بۆ هەڵسەنگاندنی جۆرەکانی سیاسەتەکانی دەرەوە، کە دەشێت کاریگەر بن لە کاریگەری خستنەسەر ڕەفتاری ئەو دەوڵەتە بێگانانە. هەواڵگریی تاکتیکی تایبەتە بە توانا و سنوور و لاوازی و کاردانەوەکانی هێزێکی نەیار (لەسەر زەوی یان لە هەوادا)، کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تاکتیکی. لە کۆتاییدا، هەواڵگریی کردەیی پێویستە بۆ بەئاگابوون لە ئامانجەکە، کاتدانان و جۆری ئەو هێرشەی دوژمن پلانی بۆ داناوە.

## پاشخانی هەواڵگریی سەربازی

لە دوای هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر *ئەمەریکا* لە ١١ی سێپتیمبەری ساڵی ٢٠٠١دا، جۆری زۆر باشی هەواڵگریی سەربازی لە ناوەندە سیاسییەکان گرنگیی پێ درا. دەزگای هەواڵگریی لاواز زۆر لەسەر دەوڵەتان دەکەوێت؛ بۆ

چاودێریکردنی هەڕەشەی گەورەی دەوڵەتانی دوژمن یان گرووپەکان، دەوڵەتان دەبێت دڵنیا بن لەوەی کە دەزگا هەواڵگرییەکانیان لە ناوخۆیاندا باش ڕێک خراون لەگەڵ هەبوونی هێڵی چالاکی پەیوەندی و هەروەها ئەفسەرە هەواڵگرییەکانیان زۆر شارەزا بن. هەواڵی ئەوپەڕی گرنگ و ورد دەربارەی نیازەکانی دوژمنانی دەوڵەتێک دەبێت بدرێتە سەرۆکی دەوڵەت، کە دەبێت لە کۆتاییدا بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کاری پێویست بدات. بەبێ هەبوونی هەواڵگرییەکی ئەوپەڕی باش (لە ڕووی زانیاریی ورد و چەند بە باشی ئەو زانیارییانە شی دەکرێنەوە)، دەشێت سەرکردەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا تووشی هەڵە ببن. ئەنجامی ئەو هەڵانە لە دەوڵەت خستنە بەر هێرشی ناوخۆ تا خەرجکردنی ناپێویستی سامانی دەوڵەت بۆ هێرشێکی ناعاقڵانە بۆ سەر دەوڵەتێکی دەرەوە دەگرێتەوە.

پرۆسەی بەدەستهێنانی هەواڵی وردە، متمانە دەکاتە سەر ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان ئەفسەرانی هەواڵگری و سیاسەتمەداران. وەک **ڕیچارد کەی بێتس** دەنووسێت، زانیاریی کۆکراوە دەبێت بە ناو چەند فلتەرێکدا بڕوات. ئەو زانیارییە کۆکراوانە دەبێت لە ئاستەکانی خوارەوە لێی بکۆڵرێتەوە بۆ ئەوەی گومانی سەرەتایی لەسەر نەمێنێت، دەبێت بنێردرێت بۆ ئاستە باڵاکانی بیرۆکراسییەتی هەواڵگری بۆ ئەوەی لەگەڵ داتای سەرچاوەکانی دیکە بەراورد بکرێت، پاشان دەبێت بنێردرێت بۆ سیاسەتمەداران بۆ ئەوەی ئەوان بڕیار بدەن کە ئایا زانیارییەکە پێویستی بە کارلەسەرکردن هەیە. دەشێت بە ئاسانی کێشە لە چەند ئاستێکەوە سەر هەڵبدەن، دەشێت زانیاریی گرنگ بەڵام لە ڕواڵەتدا بێمەترسی،

نەنێردرێت بۆ کارمەندانی هەواڵگریی باڵا. دەشێت ئەو زانیارییەی کە نێردراوە بە شێوەیەکی گونجاو لە ناو کارمەندانیدا تاوتوێ نەکرابێت. سەرەڕای ئەوە، دەشێت ململانێ لەسەر دەسەڵات لە نێوان ئاژانسەکان یان گرووپەکان تەگەرە لەسەر هەماهەنگییان دروست بکات یان بە شێوەیەکی مەترسیدار سنوورێک بۆ بەشداریکردنی زانیاری لە نێوانیاندا دابنێت. کێشەیەکی سەرەکی بۆ ئەوانەی بڕیار دەدەن، کە لە خوارەوە بە درێژی باسی دەکەین، ئەوەیە کە کارمەندانی بندەستی بەرپرسەکان بە زۆری ڕاستییەکان دەشێوێنن بۆ ئەوەی دڵی بەرپرسەکانی سەرووی خۆیانی پێ خۆش بکەن. وەک **بێتس** ئاماژەی پێ دەکات، ئەوانەی لە بندەستی بەرپرسەکاندان، مەیلیان لەوەیە زانیارییەکان دەستکاری بکەن بۆ ئەوەی خەم و بێزاریی بەرپرسەکانیان ئەوپەڕی کەم بکەنەوە. تاکەکان بە زۆری داتای دڵنیاکەرەوەیان لا پەسەندە وەک لە زانیاریی نەرێنی، ئەو زانیارییانە بە چەند پشکنینێکی ورددا تێپەر دەبن بۆ ئەوەی جێی باوەڕ بن. ئەو زانیارییەی دەگوازرێتەوە، بە شێوەیەک لێک دەدرێتەوە وەک ئەوە بێت کە بەرپرسە باڵاکان چاوەڕوان دەکەن بیبیستن. سەرەڕای ئەوە، کارمەندانی هەواڵگری بە زۆری ناچار دەکرێن کە هەوڵی وا بدەن بە دەزگای هەواڵگری کە بگونجێت لەگەڵ سیاسەتێکی دیاریکراو و ئەو هەوڵانەش فەرامۆش بکەن کە ناگونجێن لەگەڵ سیاسەتە دیاریکراوەکە.

لەبەر ئەوەی دەوڵەتان لە هەر ڕۆژێکدا بێت ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هەڕەشە دەبنەوە، کۆکردنەوەی هەواڵی ورد پرۆسەیەکی ئەوپەڕی قورسە، کە پێویستی بە لێهاتوویی لە چەندین ئاستەوە هەیە، لە ئاستە نزمەکانی کارە

هەواڵگرییەکانەوە تا ڕاوێژکارانی باڵای ئاسایشی سەرکردەکە. لەو بابەتانەی کە دێن، گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەین کە چۆن ئەو پڕۆسەیە دەگۆڕدرێت بەگوێرەی ڕێکخستنی دامەزراوەیی دیکتاتۆرییەتەکە.

### جۆری زانیاریی هەواڵگری لە دیکتاتۆرییەتەکاندا

لە دیکتاتۆرییەتەکاندا، سەرکردەکان زانیاریی هەستیار لە هەمان ئەو گرووپە وەردەگرن کە دەتوانێت لە دەسەڵاتیان لا ببات: ئەندامانی گرووپی ڕاوێژکاریی دەستەبژێری ئەو سەرکردانە. ئەو ڕاوێژکارانە سەرچاوەی سەرەکیی زانیاریی دیکتاتۆرن بۆ زانیاریی پەیوەست بە ناوخۆ و ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە. هەرچەندە کەناڵی تری زانیاری بوونیان هەیە، بەڵام دیکتاتۆرەکان بە زۆری متمانە دەکەنە سەر گرووپە ڕاوێژکارە دەستەبژێرەکەیان بۆ پرسە هەستیارەکان، چونکە ئەو گرووپە لەو ئەندامانە پێک هاتووە کە ئەوپەڕی جێی متمانەی دیکتاتۆرەکەن. تەنانەت ئەگەر دەزگاکانی تری هەواڵگری کە ئەوپەڕی ڕاهێنانیان پێ کرابێت و ئەوپەڕی باش ڕێک خرابن، ئەگەر ڕاوێژکارەکانی دیکتاتۆر زانیاریی ورد نەدەن بە دیکتاتۆر، ئەوا دیکتاتۆر ناتوانێت بژاردەی گونجاو بۆ سیاسەتی دەرەوە هەڵببژێرێت. لەوانەیە ئەو جۆرە کارەی دەستەبژێرەکان لە ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکاندا دەیکەن، لە سەرجەم دیکتاتۆرییەتەکاندا لە دیکتاتۆرییەتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بێت.

جۆری زانیاریی هەواڵگریی سەربازی، کە دیکتاتۆر وەری دەگرێت، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئەوەوە هەیە کە تا چ ڕادەیەک دیکتاتۆرەکان دەسەڵاتیان بەسەر ئەوەوە هەیە کە

کێ گرووپی ڕاوێژکاریی دەستەبژێریان بۆ دروست دەکات. کۆنترۆڵکردنێکی زۆری هەڵبژاردنی دەستەبژێر، ئاستی جۆری ئەو زانیارییە هەواڵگرییە دەهێنێتە خوارەوە کە دەدرێتە دیکتاتۆر. لەبەر دوو هۆ ئەمە ڕاستە: یەکەم، کاتێک دیکتاتۆرەکان ئەو بژاردەیان دەدرێتێ، ئەوان کەسی کەمشارەزا لە دەوری خۆیان کۆ دەکەنەوە، چونکە ئەو کەسە کەمشارەزایانە ئەگەری ئەوەیان کەمە کە دیکتاتۆرەکان لەسەر دەسەڵاتیان لا ببەن و هەروەها لێهاتووییشیان کەمە. دووەم، کاتێک دەستەبژێرەکان دەزانن کە دیکتاتۆر دەتوانێت بە ئاسانی لایان ببات، تەنیا ئەو هەواڵانە بە دیکتاتۆر دەگەیەنن کە دیکتاتۆر دەیەوێت بیانبیستێت و خۆیان لە ترسی تۆڵەسەندەوەی دیکتاتۆر دوور دەخەنەوە. کاتێک دیکتاتۆرەکان کۆنترۆڵی هەڵبژاردنی ڕاوێژکارە دەستەبژێرەکانیان دەکەن، ئەوا ئەگەری ئەوە زۆرە کە لە کۆتاییدا زۆر نۆکەر لە دەوری خۆیاندا کۆ بکەنەوە: ئەو نۆکەرانەی تەنیا ئەو قسانە دەکەن کە دیکتاتۆر دەیەوێت بیانبیستێت، ئەویش لەپێناو ئەوەی لە لای دیکتاتۆر خۆشەویست بن.

وەک لە بەشی شەشەمدا باس کرا، دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دەسەڵاتێکی زۆرتریان هەیە لە هەڵبژاردنی گرووپی ڕاوێژکاریی دەستەبژێریان، وەک لە دیکتاتۆری دیکتاتۆرییەتە تاکحزبی یان سەربازییەکان. لە دیکتاتۆریە تاکڕەوییەکاندا، سەرکردەکان نابێت لە بەرزکردنەوەی دەستەبژێران بە مەرجە دامەزراوەییەکانەوە پەیوەست بن. دەستەبژێران نابنە ئەندام لە حزب یان لە سوپادا، لە حاڵەتێکی ئاوادا، دەستەبژێران وەک گرووپ توانایان کەمترە کە سەودا لەسەر پێدانی پۆست یان دەرکردن بکەن، ئەمەش هێزی سەوداکردنیان لە بەرامبەر

دیکتاتۆردا کەم دەکاتەوە. هەروەک چۆن سەندیکاکانی کرێکاران دەتوانن کرێکارەکانیان لە دەرکردن لە کارەکانیان بپارێزن ئەگەر بە ئارەزوو دەربکرێن، ئاواش دامەزراوە حزبی و سەربازییەکان دەتوانن ئەندامەکانیان بپارێزن. لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دەسەڵاتیان بەسەر هەڵبژاردنی ئەندام بۆ گرووپی ڕاوێژکاریی دەستەبژێرەکانیان لە هاوتاکانیان لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبی و سەربازییەکاندا زیاترە، ئەگەری ئەوە زیاترە کە ئەو دیکتاتۆرە تاکڕەوانە زانیاریی هەواڵگریی ناوردیان پێ بگات و لە سیاسەتی دەرەوەدا تووشی هەڵە ببن. لە خوارەوە بە درێژتر باسی هەڵبژاردنی دەستەبژێر لە سەرجەم دیکتاتۆرییەتەکاندا دەکەین.

### دڵسۆزی بەباشترزانین وەک لە شارەزایی لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا

کاتێک دیکتاتۆرەکان بژاردەی هەڵبژاردنی دەستەبژێریان دەدرێتێ، ئەوا ئەو دەستەبژێرانە بۆ گرووپی پشتیوانیی خۆیان هەڵدەبژێرن، کە لەوانە نابن لەسەر دەسەڵاتیان لا ببەن. دڵسۆزی بە باشتر دەزانرێت وەک لە شارەزایی؛ دیکتاتۆران ڕاوێژکارانی شارەزایان ناوێت، چونکە لە داهاتوودا دەبنە ڕکابەریان. لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، سەرکردەکان بەگشتی ئەو ڕاوێژکارانە دەردەکەن کە بڕوایان پێ ناکەن و پلەی ئەو ڕاوێژکارانە بەرز دەکەنەوە کە ئەگەری ئەوە زۆر کەمە لە داهاتوودا لە دەسەڵاتیان لا ببەن.

نموونەکانی ئەو دیکتاتۆرە تاکڕەوانەی کە لە هەڵبژاردنی دەستەبژێرەکانیاندا زیاتر ڕەچاوی دڵسۆزی دەکەن وەک لە شارەزایی، زۆروزەبەندن. وەک **برایان تیتلەی** دەنووسێت، لە

*کۆماری ئەفریقای ناوەند*، **جین بیدل بۆکاسا** لە هەڵبژاردنی ڕاوێژکارەکانیدا دڵسۆزیی کردبوو بە پێوەر نەک شارەزایی. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٦٦دا، کاتێک فەرماندە **مارتن لینگۆوپۆو** سەلماندی کە زۆر شارەزایە و خۆشەویستە، **بۆکاسا** دەری کرد و دەستبەجێ دوای ئەوە دیار نەما. **بۆکاسا** هەستی بەوە کرد کە کەوتووەتە بەر هەڕەشەی ئەندامە زۆر لێهاتووەکانی حکومەتەکەی. "**بۆکاسا** زۆر حەزی لە پیاهەڵدان و شکۆدارکردنی بەردەوام دەکرد". لە ئەنجامدا، سوپاکەی **بۆکاسا** مەشقیکی لاوازی پێ دەکرا و "مۆڕاڵ و دیسپلین و گیانی هاوکاری تێیدا بە خێرایی لاواز بوو".

بە هەمان شێوە، **عیدی ئەمین**ی *ئۆگەندا* بە زۆری ڕاوێژکاری نەخوێندەواری هەڵدەبژارد و لەو کەسانە بێزار دەبوو کە خوێندەواریی باشیان هەبایە. لەم بارەیەوە، **عیدی ئەمین** تەنانەت گلەیی ئەوەی دەکرد کە هەندێک لە یاریدەرەکانی زۆر شارەزان. بۆ **عیدی ئەمین**، لێهاتوویی تاک گرنگ نەبوو و تاکی مەراییکەر لای ئەو پەسەند بوو. ئەم نموونەیە، ئەو قسەیەی **عیدی ئەمین** بە چاکی ڕوون دەکاتەوە: "دامەزراندنە حولحولییەکانی **عیدی ئەمین** خەسڵەتی هەموو پەیوەندییەکانی دەردەخەن وەک ماوەکورتەکەی پۆستی **تۆرۆ پرینسیس ئیلیزابس باگایا**، کە لە پێشدا نمایشکەرێکی جلوبەرگ بوو و **ئەمین** کردی بە وەزیری دەرەوە. یەکەم دەرکەوتنی **باگایا** لە *ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان* بە پۆشاکێکی زێڕکەشی تەسک بوو. لابردنی **گابایا** لەو پۆستە بە هۆی ئەوەوە بوو کە **ئەمین** تاوانباری کرد بوو بەوەی کە **باگایا** لەگەڵ پیاوێکی ئەورووپایی نەناسراو لە ئاودەستدا دڵداریی کردووە. **باگایا** دوای ئەوەی گیردرا و حوکمی

نیشتەجێبوونی بە زۆری لە ساڵی ١٩٧٥دا بەسەردا سەپێندرا، هەڵهات و وڵاتەکەی بەجێ هێشت."

هەروەها بۆ **ڕافایل ترجیلۆی** سەرۆککۆماری *دۆمینیکان* دڵسۆزی بەسەر شارەزاییدا زاڵ بوو. **تروجیلۆ**، **جاسینتۆ بینڤینیدۆ پینادۆی** وەک جێگری سەرۆککۆمار دامەزراند، لەبەر ئەوەی **پینادۆ** دڵسۆزی بوو و ڕابواردنی پێ لە دەسەڵات باشتر بوو. بە هەمان شێوە، دڵسۆزیی **جەنەڕاڵ خۆزیە ئیستریلاس** وەک دەگوترێت، بە جۆرێک بوو کە کەم شتی وا هەبوو جگە لە ناو ئاژەڵە چوارپێیەکاندا نەبێت. عەقڵییەتی **ئیستریلاس** عەقڵییەتێکی وشک و ساویلکەی تەواو ناکارامە بوو. هەروەها **ئیستریلاس** خزمایەتیی لەگەڵ **تروجیلۆ** هەبوو. هەرچەندە زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی ڕێگەشیان لێ گرت، بەڵام کوڕە چوارساڵەکەی کرد بە عەقید و لە تەمەنی نۆ ساڵیشدا کردی بە عەمید.

هەروەها بازنەی ناوەوەی دەوری **موعەممەر قەزافی** لە دەستوپێوەند و ئەندامانی خێزانەکەی پێک هاتبوو وەک لەوەی لەو کەسانە بن کە سەلمێنردرابوو شارەزان. بۆ ئەوەی نەهێڵێت هیچ کەس زۆر بەهێز بێت، **قەزافی** زنجیرەیەکی بۆ فەرماندەکردن دروست کردبوو، کە مەبەست لێی سەرلێشێواندن بوو. پلە و ناونیشان مانایەکی وایان نەبوو و بەرپرسیارێتیی هیچ کەسێک دیار نەبوو. بۆ نموونە، کاپتنەکان جاروبار ڕاپۆرتیان دەنووسی بۆ کەسێک کە هیچ پلەیەکی سەربازیی نەبوو. ئامانج لەم جۆرە پێکهاتەیە بۆ دڵنیابوون بوو لەوەی کە ئەو پلەنزمانەی سوپا، کە خواستی بەرزیان هەیە، لەژێر کۆنترۆڵدا بن و هەریەکەیان چاودێریی ئەوی تریان بکات. وەک **گریگ بلاک** دەنووسێت، هیچ کەس لە دەرەوەی

*لیبیا* (لەوانەیە لە ناو *لیبیاش*) بزانێت و دڵنیا بێت کێ بە وردی دەسەڵاتی بەسەر چیدا هەیە. نادیاری و ئاڵۆزیی ئەم سیستەمە دەگوترێت کە خودی **قەزافی** نەخشەی بۆ داناوە و مەبەستی سەرلێشێواندنی ئەو ڕکابەرانەیە کە لە داهاتوودا لەناو ڕژێمەکە پەیدا دەبن. هەروەها پەیوەندیی خێزانی بوو بە هۆی پێشخستنی پیشەی سیاسیی ئەندامانی خێزانەکە لەژێر فەرمانڕەوایی **قەزافی**دا. **قەزافی حەسەن ئیشکال**ی ئامۆزای کرد بە بەرپرسی ئاسایشی ناوخۆ، هەرچەندە هەر کە دەرکەوت نادڵسۆزە، خێرا لە پۆستەکەی لا برا. هەروەک ئەو نموونانە ڕوونی دەکەنەوە، کاتێک سەرکردەکان هەڵبژاردنی ڕاوێژکارانیان بە دەست بێت، ئەوا ڕاوێژکارە دڵسۆزەکان لە دەوری خۆیان کۆ دەکەنەوە، هەرچەندە ڕاوێژکاری نەشارەزاش بن.

## هەڕەشەی پاککردنەوە لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا

تێبینی: مەبەست لە پاککردنەوە، پاککردنەوەی حزب یان دەستەیەکە لە ناپاکان (وەرگێڕ).

ئەو دیکتاتۆرانەی کۆنترۆڵی هەڵبژاردنی دەستەبژێران دەکەن، کۆنترۆڵی چارەنووسیشیان دەکەن. ئەو دەستەبژێرانەی دەربکەوێت ناپاکن، ئەوا لە دەستەی دەستەبژێران دەردەکرێن، تەنانەت هەندێکیان دەکوژرێن. لە ڕاستیدا، پاککردنەوە شتێکی باوە لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان، وەک لە بەشی شەشەم باس کرا. هەڕەشەی دەرکردن، دەستەبژێران هان دەدات کە تەنیا ئەو زانیارییانە بە دیکتاتۆر بگەیەنن کە دیکتاتۆر دەیەوێت بیانبیستێت. گەیاندنی

هەواڵی ڕاست بە دیکتاتۆر، ئەگەر ناخۆش بێت، بە زۆری کارێکی ژیرانە نییە.

بۆ نموونە، لە *فیلیپین*، کە لەژێر دەسەڵاتی **فیردناند مارکۆس**دا بوو، چەند ئەندامێکی کەمی *ئەنجوومەنی وەزیران* مەترسییان دەربارەی زیادەڕۆییەکانی **مارکۆس** دەردەبڕی؛ دڵسۆزی وای دەخواست کە هیچ لێدوانێک نەدەن کە بەرپەرچدانەوەی **مارکۆس** بێت یان هیچ شتێک نەڵێن کە مایەی نارەزاییدەربڕین بێت بەرامبەر بە دەستتێوەردانەکانی. لە *ئۆگەندا*، هەر کەسێک گومانی لە ڕاستییەکانی **عیدی ئەمین** بوایە، ئەوا لێدانی دەخوارد. وەزیری دارایی هەڵەیەکی کرد، ڕاپۆرتێکی بە ڕاستی ئامادە کرد دەربارەی ئەوەی کە بەرهەمی لۆکە بە ڕێژەی ٦٠٪ دابەزیوە. یەکسەر دوای ڕاپۆرتەکە وەزیرەکە دیار نەما. **بۆکاسای** *کۆماری ئەفریقای ناوەند*، کەسی وای لە دەوری خۆی کۆ کردبووەوە کە دەیانپەرست و دەیانویست خۆیان لەسەر ئەندێشە مەزنەکانی ئەو پەروەردە بکەن. ئەندامبوون لە گرووپی پشتیوانیی **بۆکاسا** کارێکی پرمەترسی بوو. ئاکامەکانی تووڕەکردنی **بۆکاسا** ئەشکەنجەدان، بڕینەوەی پەلێکی قوربانییەکە و کوشتنی دەگرتەوە. بۆ دەستەبژێران لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، مۆتەکەی هەڕەشەی دەرکردن لە دەستەبژێری لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکدا بوونی هەبوو، ئەمەش وای لێ کردبوون کە ئەو زانیارییانە بە دیکتاتۆر نەڵێن کە نایەوێت بیانبیستێت.

## زانیاریی هەواڵگریی لاواز لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا

بە بەراورد بە دیکتاتۆرییەتە سەربازی و تاکحزبییەکان، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان نزیکەی دەسەڵاتی تەواویان هەیە، کە گرووپی ڕاوێژکاریی دەستەبژێر لە کێ دروست بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کۆنترۆڵی زیاتر ئاکامی نەرێنیی بۆ سەر هەواڵگری دەبێت. کاتێک دیکتاتۆرەکان کۆنترۆڵی زیاتریان بەسەر هەڵبژاردنی ئەندامانی گرووپی ڕاوێژکاری دەستەبژێرەکانیان دەبێت، وەک لە ڕژێمە تاکڕەوییەکان پیادە دەکرێت، ئەگەری ئەوە زۆرە کە دەستەبژێران ناکارامە بن و کەمتر ڕاپۆرتی زانیاریی هەواڵگریی نەویستراو بدەن بە دیکتاتۆر، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی جۆری ئەو هەواڵەی دیکتاتۆرەکە بە دەستی دەگات.

دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بە زۆری لە ڕاستییەکان دابڕاون، ئەمەش ناچاریان دەکات کە لە دروستکردنی بڕیارە سیاسییەکانیاندا پشت بە هیچ نەبەستن. ئەوانەی لە دەوری ئەو دیکتاتۆرانەن مەراییەکی زۆریان بۆ دەکەن و زانیاریی ئەرێنییان دەدەنێ، بە شێوەیەک کە دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان "دەکەونە ناو خەیاڵی خۆفریودان"، کە لە ڕاستیدا دەستتێوەردان بۆ سەر وڵاتەکەیان لە لایەن دوژمنەوە ڕوو نادات و هەندێک هێزی سێیەم ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە ڕادەوەستێنێت پێش ئەوەی بگاتە کۆتائەنجامی لۆجیکی یان هێزە سەربازییەکانی دیکتاتۆرەکان تا ڕادەیەک ناهێڵن دوژمن ئەو دەستتێوەردانە بکات.

لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان زانیاریی هەواڵگریی جۆری لاوازیان پێ دەگات، ئەگەری ئەوە زۆرە لە سیاسەتی دەرەوەدا تووشی هەڵە ببن. دەشێت ئەو هەڵانە ئەوپەڕی زۆر لەسەر ئەو دیکتاتۆرانە بکەوێت. لە خوارەوە هەندێک نموونە دەربارەی ئەوە دەخەینە ڕوو.

## عیدی ئەمینی ئۆگەندا

لە *ئۆگەندا*، **عیدی ئەمین** خۆی لە دەستە ڕاوێژکاری و کۆبوونەوە فەڕمییەکان ڕزگار کرد بۆ ئەوەی خۆی لە نارەحەتی دوور بخاتەوە، چونکە بە زەحمەت لە پرسە ئاڵۆزەکان دەگەیشت. لەبریان، ڕاوێژکارانی جێی متمانەی ئەو دەستوپێوەند و هاوڕێکانی خواردنەوەی بوون، کە نەیاندەتوانی یارمەتیی بدەن لە داڕشتنی پلانی سیاسیی ڕاست یان ستراتیجێکی سەربازیی زیرەکانە. لە کۆتاییدا، **ئەمین** توانای زگماکیی خۆی بەکار دەهێنا بۆ بژاردە توندوتیژەکانی، کە لە ئەنجامدا ئەوی تووشی جەنگێکی زۆرتێچوو کرد لەگەڵ *تانزانیا*.

دوای ئەوەی سوپای *ئۆگەندا* لە ساڵی ١٩٧٨دا ناوچەی *کاگیرای تانزانیای* داگیر کرد، ڕووخاندنی **ئەمین** لە دەسەڵات زۆری نەخایاند. **ئەمین** وای بینی کە ئەو داگیرکردنە وەک هۆیەکە بۆ دڵنەواییکردنی هەندێک لە سەربازەکانی، کە کێشەی لە کۆنترۆڵکردنیاندا هەبوو بەکار بهێنێت، وەک بەتالیۆنەکانی *چوی* و *سیمبا*. **ئەمین** ویستی دەرفەتەت بدات بەو دوو بەتالیۆنە بۆ ڕاووڕووت و تاڵانکردنی ڕکابەرەکانی دەسەڵاتەکەی لە *تانزانیا*. هەروەها **ئەمین** ویستی کاریگەریی دوژمنەکانی لە *تانزانیا* نەهێڵێت، کە لە لایەن **جولیوس نایریری**، سەرۆککۆماری *تانزانیای* ئەو کاتە، پشتیوانییان لێ دەکرا.

**ئەمین** چەند ساڵێک بوو *تانزانیای* بێزار دەکرد، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٨دا، **ئەمین** هەنگاویکی زیاتری نا، ئەویش بە داگیرکردنی بەشێک لە ناوچەی *کاگیرا* و ڕاگەیاندنی وەک پارێزگایەکی *ئۆگەندا*. بێگومان **ئەمین** لەو کارەیدا چەند هەڵەیەکی کرد: یەکەم هەڵە و پێش هەموویان، **ئەمین** هەڵەی

کردبوو لە هەڵسەنگاندنی توانای *تانزانیا* و دووودڵینەکردنی بۆ وەڵامدانەوەی. یەکسەر دوای ئەو داگیرکردنەی *ئۆگەندا*، **نایریری** چل هەزار سەربازی نارد بۆ جەنگ، کە زیاتر لە پێنجسەد ملیۆن دۆلار خەرجییان بوو، هەروەها **ئەمین** نە پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە ئەو هێزانەی ئۆگەندی دژی **ئەمین** کە لە *تانزانیا* دەژین، لە لایەن **نایریری** فەرمانیان بۆ دژەهێرش پێ دەدرێت، نە ئەوەشی زانیبوو کە ئەو هێزانە لە نزیکەوە لەگەڵ یەکە سەربازییەکانی *تانزانیا* پێکەوە کار دەکەن. ئەو هێزانە کە بە *بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی ئۆگەندی* ناسرابوون، ئەوەندە زۆر بوون کە سوپا توورە و پارچەپارچەبووەکەی **ئەمین** نەیتوانی خۆی لەبەری ڕابگرێت. لەبەر ئەو سەرکێشییەی، ڕکابەرەکانی **ئەمین** هێرشیان کرد و **ئەمین**یان ناچار کرد لە ١١ی نیسانی ساڵی ١٩٧٩دا *ئۆگەندا* بەجێ بهێڵێت.

### مۆبوتۆی زائیر

**جۆزیف مۆبوتۆی** *زائیر* (ئەمڕۆ *کۆماری دیموکراتی کۆنگۆیە*)، ڕاوێژکارە دەستەبژێرەکانی بەتایبەتی جێگەی هەڕەشە بوون بۆ ئەو، چەند مەرجێکی دانابوو بۆ دڵنیابوون لە سنووردارکردنی شارەزایی ڕاوێژکارەکانی. **کراوفۆرد یۆنگ** و **تۆماس تێرنەر** دەنووسن ئەو سوپایەی لەژێر دەستی **مۆبوتۆ**دا بوو، ناوبانگیان لە نەبوونی دیسپلین دەرکردبوو و چەندبارە بیتوانا دەردەکەوت کە بتوانێت سوپایەکی بچووکی دوژمنیش کە پڕچەکیش نەبێت، ببەزێنێت. لە سوپادا، بەرزکردنەوەی پلەی پلەباڵاکان تا ڕادەیەکی زۆر بە سیاسی کرابوو لەبری ئەوەی لەسەر لێهاتوویی و ئەزموون بێت.

بەردەوام ئەفسەران بە زۆری جێگۆڕکێیان لە شوێنەکانیان پێ دەکرا و هان دەدران ڕاپۆرت لەسەر هەر پڕوپاگەندەیەکی هەڵگەڕاوەکان ڕاستەوخۆ بۆ **مۆبوتۆ** بنووسن.

ئاکامی ئەو کارانە ئەوە بوو **مۆبوتۆ** هەرگیز زانیاریی وردی نە دەربارەی تواناکانی خودی خۆی و نە هیی دوژمنەکانی نەدەدرایە. هەرچەندە **مۆبوتۆ** کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر پێکهاتەی فەرماندەیی سوپادا هەبوو، بەڵام زۆر کەم هەوڵی دا سوپایەکی پڕۆفیشناڵ دابمەزرێنێت لەگەڵ فەرماندەییەک پلەبەندیی تێدا بێت. بەڵگەش بۆ ئەوە، لە ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩دا، *سوپای زائیر* نەیتوانی بەرگری بکات بەرامبەر گرووپێکی بچووکی نزیکەی هەزار و پێنجسەد کەسیی بەکرێگیراوی ئەنگۆلی. لەگەڵ ئەوەشدا، **مۆبوتۆ** لە سەردەمی فەرمانڕەواییدا ملیۆنان دۆلاری وەک کۆمەکی سەربازی و ڕاهێنانیان وەرگرتبوو و دەبوو سوپاکەی ئەدایەکی باشتری هەبوایە. لەبەر لاوازیی کەناڵەکانی زانیاریی هەواڵگری لە *زائیر*، *مۆبوتۆ* ئاگای لەو ڕادەیە نەبوو کە چەند سوپاکەی ئامادە نەکراوە.

نەبوونی گرووپێکی ڕاوێژکاریی شارەزا کە بتوانێت بە **مۆبوتۆ** بڵێت (بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی سزا ببنەوە) کاتێک کە بژاردە پێشنیازکراوەکانی سیاسەتی دەرەوەی نائاقڵانەن، بوو بە هۆی ئەوەی **مۆبوتۆ** چەند سەرکێشییەکی سەربازیی شێتانە ئەنجام بدات، وەک داگیرکردنی *ئەنگۆلا* لە ساڵی ١٩٧٥دا و پشتیوانیکردنی تاوانکارییە کۆمەڵکوژییەکەی *ڕواندا* لە ساڵی ١٩٩٤دا. ئەو ڕەفتارە هەڵەشەیەیەی دوایی لە کۆتاییدا بوو بە هۆی ڕووخانی.

هێرشی **مۆبوتۆ** بۆ سەر توتسییەکان بوو بە هۆی پێکهێنانی هاوپەیمانییەک بە سەرکردایەتیی **لۆران دیزایەر کابیلا**، کە بە *هاوپەیمانیی هێزە دیموکراتییەکان بۆ ڕزگارکردنی کۆنگۆ* (*AFDL*) ناسرابوو. ئامانجی سەرەکیی ئەو هاوپەیمانییە دەرکردنی **مۆبوتۆ** لە دەسەڵات، ئەو ئامانجە لە کۆتاییدا لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٩٧دا بەدی هات. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت کاتێک **مۆبوتۆ** و دارودەستەکەی لە کەمپێکی سەربازی لە *کینشاسا* گەمارۆ درابوون، ئەوان پێشبینیی ئەوەیان دەکرد کە "هەڵەیان نەکردبێت" و هەرگیز ئامادە نەبوون بڕوا بەوە بکەن کە فەرمانڕەواییەکەی **مۆبوتۆ** کۆتایی هاتووە.

زانیاریی هەواڵگریی لاواز دەشێت ئاکامی زۆر خراپی بۆ دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان هەبێت. بەبێ هەبوونی زانیاریی ورد دەربارەی نیاز و بڕیار و تواناکانی دەوڵەتانی دوژمن (بە زۆری زانیاریی هەڵە دەربارەی تواناکانی دەوڵەتی دوژمن دەگاتە دیکتاتۆر) ئەگەری ئەوە زۆرە کە دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان لە سیاسەتی دەرەوەیاندا تووشی هەڵە ببن. بەڵگەکان دەری دەخەن کە ئەمە ڕاستە. بە بەراورد بە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان و سەربازییەکان و ڕژێمە دیموکراسییەکان، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دەشێت ئەوپەڕی گومان پیشان بدەن لە وەڵامدانەوەکانیان بۆ هەڕەشەکان و چەندین هەڵە لە سیاسەتی دەرەوەدا بکەن.

## پوختە و ئەنجام

توێژەرانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەمێکە جەختیان لەسەر پەیوەندیی توند لە نێوان دامەزراوە ناوخۆییەکان و ڕەفتاری کێشەئامێز کردووەتەوە. وەک **ڕۆبەرت پوتنام** تیشکی دەخاتە سەر، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەتان بە زۆری بە باشترین شێوە وای تێدەگەین وەک یارییەکی دووئاست وا بێت: بڕیارەکانی سەرکردەکان لە بواری نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆز بەستراونەتەوە بەو کۆتوبەندە ناوخۆییانەی کە ئەو سەرکردانە لە ناو وڵاتەکەیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە. زانینی ئەو پەیوەندییە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە جموجۆڵی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان و بژاردەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕژێمەکان و کاتێک دەشێت کێشەکان بەرەو توندتربوون بڕۆن.

لەم بەشەدا، لە پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکان لەناو دیکتاتۆرییەتەکان و کێشە نێودەوڵەتییەکانمان کۆڵییەوە. لەوەمان کۆڵییەوە کە چۆن شێوازەکانی کێشەی نێودەوڵەتیی دیکتاتۆرییەتەکان بەگوێرەی جۆری ڕژێمەکە دەگۆڕێت، وێڕای توانای جۆرە جیاوازەکانی دیکتاتۆرییەتەکان بۆ ئاماژەدان بە سووربوون لەسەر بڕیارەکانیان لە ماوەی ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتان. هەروەها لەو هۆکارانەشمان کۆڵییەوە کە لەپشت بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی دیکتاتۆرییەتەکانن و چۆن ئەو بڕیارانە لە لایەن پێکهاتەی دامەزراوەیی دیکتاتۆرییەتەکان کاریان تێدەکرێت. لە کۆتاییدا، گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کرد کە چۆن جۆری زانیاریی هەواڵگریی سەربازی لە دیکتاتۆرییەتەکاندا دەگۆڕێت و کاریگەریی ئەو گۆڕانە لەسەر

ئەگەری ئەوەی دیکتاتۆرەکان لە سیاسەتی دەرەوەیاندا تووشی هەڵە ببن.

ئەم بەشە تێگەیشتنمان دەوڵەمەند دەکات دەربارەی ڕەفتاری دیکتاتۆرییەتەکان پەیوەست بە کۆمەڵەپرسێکی زۆری ناسەرەکی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لە پێکەوەبەستنەوەی زانستی سیاسیی بەراوردکاری لەگەڵ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئەم بەشە پیشانی دەدات کە پێکهاتە دامەزراوەییەکان لە دیکتاتۆرییەتەکاندا دەتوانن پێشبینیی ئاکامەکانی سیاسەتی دەرەوە بکەن. دەکرێت توانای شیکردنەوەی زۆرتر بەدەست بهێنین بۆ تێگەیشتن لە چالاکییەکانی دیکتاتۆرییەتەکان لە بواری نێودەوڵەتیدا، ئەویش بە متمانەکردنە سەر بۆچوونێک، کە پێکهاتەکانی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان لێک جیا دەکاتەوە.

# بەشی نۆیەم
# دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان
# لە ئەمەریکای لاتین و دەوروبەری

نیوەی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی یەک بە یەکی جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتەکان دەخاتە ڕوو. ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان، بە خستنەڕووی ئەدەبیاتی تیۆری لەسەر فەرمانڕەوایی سەربازی دەست پێ دەکەین، پێش ئەوەی کۆمەڵێک نموونەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراو بخەینە ڕوو، کە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی چۆن سیاسەت لەژێر فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان پیادە دەکرێت.

### فەرمانڕەوایی سەربازی چییە؟

دیکتاتۆرییەتی سەربازی ئەو ڕژێمانەن کە تیایاندا دەسەڵاتی سیاسی و هێزە ئەمنییەکان بە دەست سوپایە. بە شێوەیەکی ئاسایی، سەرکردەی ڕژێمەکە ئەفسەرێکی سەربازیی هەنووکەیی یان پێشووە؛ لە هەندێک بارودۆخدا ئەنجوومەنی سەربازی یان گرووپێک لە ئەفسەری سەربازی

دەسەڵاتیان بە دەست دەبێت. هەرچەندە زۆر جار کاتێک سوپا دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت، کودەتاچییەکان سەرۆکێکی جێبەجێکەری مەدەنی دادەنێن (وەک لە *ئۆرۆگوای* لە ساڵی ١٩٧٦دا)، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە بە دەست ئەنجوومەنی سەربازییەوەیە.

ڕێکخستنی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان وەک ئەوەی خودی سوپا وایە. هەروەک چۆن زۆربەی سوپاکان لە یەکەی بەیەکەوەگونجاو و ڕاهێنراو پێک دێن، کە زۆر بە وردی ڕێک خراون، بەم جۆرەش دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان پێکهاتەیەکی پلەبەندیی سەرنجڕاکێش و ڕوونیان هەیە. تەنانەت هەندێک لەو دیکتاتۆرییەتە سەربازییانە ڕێسای دامەزراوەییان هەیە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا، سوپا کۆنترۆڵی بەسەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دامەزراوە حکومییەکاندا هەیە. سیاسەت لەو دیکتاتۆرییەتانەدا لە لایەن سوپایەکی پرۆفیشناڵ ئاڕاستە و جێبەجێ دەکرێت و پێکهاتی سوپا کە بۆ بواری سیاسی دەگوازرێتەوە. وەک **سامیۆڵ ئی فینەر** دەنووسێت، تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی ڕژێمە سەربازییەکان ئەوەیە کە ئەوانەی لە بەشی جێبەجێکردن کار دەکەن، ئەندامی سوپان، کە لە ئەنجامی کودەتای سەربازییەوە دانراون. ڕۆڵی وردی سوپا لەبارەی سیاسەتداڕشتنەوە لە ڕژێمە سەربازییەکاندا دەگۆڕێت، هەروەک چۆن دەسەڵاتی ڕێژەیی سەرکردەکان لە ئەنجوومەنە سەربازییەکان دەگۆڕێت.

**پێناسەی دیکتاتۆرییەتی سەربازی**
* هێزێکی سەربازیی پرۆفیشناڵ دەسەڵاتی بە دەستە، کە لە لایەن ئەفسەرێکی سوپاوە سەرکردایەتی دەکرێت. دەسەڵات بە تەواوی لە بندەستی سەرکردەکە چڕ نابێتەوە.
* گرووپێک لە ئەفسەران و ئەنجوومەنی سەربازی بڕیار دەدەن کە کێ دەبێتە بەرپرس و ئەوان سیاسەت ئاڕاستە دەکەن.
* پێکهاتەی هەرەمی سوپا ورد و ڕوونە.
* سوپا بەکارهێنانی هێز قۆرخ دەکات.
* یەکەیەکی حوکمڕانیی ڕێکوپێک و لەگەڵ یەک گونجاو لەگەڵ بوونی هێڵی پەیوەندیی کارا تێیدا.
* سیاسەت لە لایەن سوپاوە جێبەجێی دەکرێت و چاودێریی زۆرینەی دامەزراوە حکومییەکان دەکات.

## شیکردنەوەی تیۆرییانەی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان

دەمێکە فەرمانڕەوایی سەربازی سەرنجی توێژەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئەمەش لەو ئەدەبیاتە زۆرە ڕەنگی داوەتەوە کە لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن سیاسەت لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان کاری پێ دەکرێت، لەو هۆکارانەوە دەست پێ دەکات کە هانی دەرکردنی بڕیارەکانی سوپا دەدەن بۆ دەستتێوەردان لە سیاسەت تا دەگاتە هۆیەکانی وازهێنانی کۆتایی سوپا لە دەسەڵات. لەم بەشەدا، خاڵە سەرەکییەکانی ئەم ئەدەبیاتە دەخەینە ڕوو.

## جۆرەکانی فەرمانڕەوایی سەربازی

### شێوەکانی پێکهاتەی فەرمانڕەوایی سەربازی

**فینەر** ڕژێمەکان بەگوێرەی ڕۆڵ و ئامانج و پێکهاتەی سوپا پۆلێن دەکات؛ بە بۆچوونی **فینەر**، چەندین جۆری پێکهاتەی فەرمانڕەوایی سەربازی هەیە: ناڕاستەوخۆی سنووردار، ناڕاستەخۆی تەواو، دوانی، ڕاستەوخۆ و نیمچەمەدەنی. فەرمانڕەوایی ناڕاستەوخۆی سنووردار ڕوو دەدات کاتێک سوپا ناوبەناو دەست بەسەر حکومەتدا دەگرێت، وەک هۆیەک بۆ مسۆگەرکردنی هەندێک ئامانجی سنووردار. لەژێر سایەی حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆی تەواو، سوپا بە شێوەیەکی بەردەوام فەرمانڕەوایی دەکات و کۆنترۆڵی حکومەتێکی مەدەنی هەر بە ناو دەکات. لە فەرمانڕەوایی دوانیی سەربازیدا، سەرۆکی ڕژێمەکە حزبێکی سیاسی دروست دەکات یان گرووپێکی مەدەنی ڕێک دەخات بۆ ئەوەی وەک پارسەنگێکی مەدەنی بەرامبەر بە ڕا و کاریگەریی سوپا بوەستێتەوە. ئەو جۆرە ڕژێمانە بەتایبەتی ئەگەری ئەوەیان هەیە گەشە بکەن و ببنە دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی. لە فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆدا، وەک بە ناوەکەیدا دیارە، سوپا بە ئاشکرا ئەجێندای سیاسەت دیاری دەکات و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەربازی پۆستە سەرەکییەکانی حکومەت بە دەستەوە دەگرن. لە کۆتاییدا، فەرمانڕەوایی نیمچەمەدەنی دێتە کایەوە، ئەویش کاتێک سوپا هەندێک کەسی مەدەنی دەخاتە ناو ڕژێمەکەوە بۆ ئەوەی وا دەربکەوێت کە شەرعییەتی زۆری هەیە.

**جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتی سەربازی:**

**ناوبژیکەر، سەرپەرشتیکەر، فەرمانڕەوا**

**ئیریک نۆردلینگەر** دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان بەسەر بە سێ جۆردا دابەش دەکات، کە لەسەر بنچینەی ئامانجی سوپا دانراون: ناوبژیکەر، سەرپەرشتیکەر، فەرمانڕەوا. جۆرەکانی ناوبژیکەر هەوڵی ئەوە دەدەن کە فەرمانڕەوایی وڵات لەپشت پەردەوە بکەن. سوپا بە ئاشکرا دەسەڵات ناگرێتە دەست و بەتایبەتی دەسەڵاتی ڤیتۆ بەسەر سیاسەتەکاندا پیادە دەکات. ئامانجی سەرەکیی سوپا لەم جۆرە فەرمانڕەواییەدا پاراستنی سیستەمی سیاسی و ئاسایشە. جۆرەکانی سەرپەرشتیکەر لە دیکتاتۆرییەتی سەربازی هەنگاوێکی زیاتر لەوەی میانڕەو دەنێت، سوپا سیاسەتمەدارە مەدەنییەکان لا دەبات و بە ئاشکرا دەست بەسەر حکومەتدا دەگرێت، بەڵام ئامانجەکانی وەک ئەوانەی جۆرەکانی میانڕەو وایە. جۆری فەرمانڕەوایی لە دیکتاتۆرییەتی سەربازی لە هەردوو جۆرەکەی تر بەرزەخوازترە. ئەم جۆرەیان دەیەوێت گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووریی بەرچاو لە سیستەمەکەدا بکات و بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو فەرمانڕەوایی بکات.

**جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتی سەربازی: سەرپەرشتیکەر، پارێزەر، فەرمانڕەوا (نۆردلینگەر)**

ناوبژیکەر

* جۆری فەرمانڕەوایی: ناڕاستەوخۆ.
* ئامانجەکان: پاراستنی بارودۆخی هەنووکەیی و باری سیاسی، گۆڕینی حکومەتێکی مەدەنی بە حکومەتێکی وا کە زیاتر گوێڕایەڵی سوپا بێت.
* ماوەی فەرمانڕەوایی: ماوەیەکی کورتە.
* ئاستی سەرکوتکردن: دەشێت مامناوەندی بێت.

**سەرپەرشتیکەر**

* جۆری فەرمانڕەوایی: ڕاستەوخۆ.
* ئامانجەکان: ڕاستکردنەوەی کێشەکانی حوکمڕانیی مەدەنی، تازەکردنەوەی حکومەت و کارامەکردنی و ڕزگارکردنی لە گەندەڵی.
* ماوەی فەرمانڕەوایی: ماوەیەکی کورت.
* ئاستی سەرکوتکردن: دەشێت مامناوەندی بێت.

**فەرمانڕەوا**

* جۆری فەرمانڕەوایی: ڕاستەوخۆ.
* ئامانجەکان: گۆڕینی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.
* ئاستی سەرکوتکردن: دەشێت زۆر بەرز بێت.

## دیکتاتۆرییەتی سەربازیی پرۆفیشناڵ
## بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەتی سەربازیی پرەیتۆریان

دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دەتوانرێت دابەش بکرێن لەسەر بنچینەی پرۆفیشناڵیی سوپاکەی؛ لە دیکتاتۆرییەتی سەربازیی پرۆفیشناڵ، سوپا لێزانە، باش ڕێک خراوە، یەکگرتووە و بەپەرۆشە بۆ پاراستنی یەکگرتووییەکەی.

بە پێچەوانەوە، لە دیکتاتۆرییەتی سەربازیی پرەیتۆریان (ئەو وشەیە لە "پرەیتۆر"ەوە هاتووە. پرەیتۆر بە پاسەوانی ئیمپراتۆری ڕۆمای کۆن گوتراوە، سوپای پرەیتۆریان سوپای *ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی* بووە (وەرگێڕ))، سوپا خەرجیی کەمی بۆ سەرف دەکرێت، سەربازەکانی ئەزموون و خوێندەوارییان نییە. لەبەر ئەوەی سەربازەکان بە باشی مەشقیان پێ نەکراوە، دیکتاتۆرییەتە سەربازییە پرەیتۆرییەکان بە باشی ئامادە نەکراون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمنانی دەرەکی. ڕژێمە سەربازییە پرەیتۆرییەکان ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە: ئاستی بەرزی گەندەڵی، ڕێزگرتنی کەم لە سیستەمی هەڕەمی سەربازی، بوونی کێشەی دەستەگەری. هاندەری سوپای پرەیتۆری بۆ دەسەڵاتگرتنەدەست دەستڕاگەیشتنە بە دەستکەوتەکانی دەسەڵات. لەبەر ئەوە، زۆر دەست لە سیاسەت وەردەدەن کاتێک دەبینن کە ئەو دەستتێوەردانەیان هۆیەکە بۆ زیادکردنی سامانەکەیان. دیکتاتۆرییەتە سەربازییە پرەیتۆرییەکان زۆر ناسەقامگیر و تەمەنکورتن، چونکە توانایەکی ڕێکخراوەیی پێویستیان نییە بۆ حوکمڕانیکردن و پاراستنی دەسەڵاتیان.

**سوپا پرایتۆرییەکان**
* ئاستی گەندەڵی تیایاندا بەرزە.
* ڕێزێکی کەمی بۆ هەڕەمی بەرپرسیارێتییەکان تێدایە، ئەفسەرە پلەنزمەکان زۆر بەرزەخوازن و
ئەفسەرە پلەباڵاکان بێزار دەکەن.
* کەمتر لەگەڵ یەک پێکەوە گونجاون، بەپەرۆش نین بۆ ئەوەی یەکگرتوو بن، دەشێت لێک هەڵبوەشێت لەسەر جیاوازیی ئیتنی، جیاوازیی نەوەکان، جیاوازی لە پلە و پەروەردە، پەیوەستبوونی ئایدیۆلۆجی.
* ئامانجیان بۆ فەرمانڕەواییکردن بۆ ئەوەیە سوود لە دەستکەوتەکانی دەسەڵات وەربگرن، سامانێکی زۆر لە لایەن جەنەڕاڵەکانی سوپا کۆ دەکرێتەوە.
* بەپەرۆش نین بۆ شەرعییەت.
* کەمتر ڕێزی حکومەتە مەدەنییەکان دەگرن.
* زۆر ناجێگیرن، بە بەردەوامی دەست لە سیاسەت وەردەدەن.
* چەکی باشیان پێ نییە و باش مەشقیان پێ نەکراوە و باش ئامادە نەکراون بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ دوژمنێکی دەرەکی بکەن.

## پێکهاتی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان

پێکهاتی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان زۆر لە پێکهاتی سوپا دەچێت. ڕژێمە سەربازییەکان فەرماندەیەکی ناوەندییان هەیە لەگەڵ دەسەڵاتێکی شێوە هەڕەمی، کە تا ڕادەیەکی زۆر چینبەندی کراوە. وەک **فینەر** دەنووسێت، ئەوپەڕی هێزی سوپا لە توانای سوپاکەدایە کە باش خۆی ڕێک خستبێت و سەرباز و ئەفسەرەکانی ملکەچی یاسا و فەرمانەکان بن و چوست و

چالاک بێت. ئەو پێکهاتە هەڕەمییە زۆر گرنگە بۆ سوپا بۆ ئەوەی وەک یەکەیەک بجەنگێت.

ئەندامانی سوپا وا ڕادەهێنرێن کە وەک گرووپ یەکگرتوو بن و بە زۆری لە کۆمەڵگە دابڕابن. لە پڕۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئایندەی سوپادا، جەختێکی زۆر لەسەر بیروباوەڕفێرکردنیان دەکرێتەوە. ئامانجی ئەم پڕۆسەیە ئەوەیە کە گیانی پێکەوەیی جێگەی شوناسی مەدەنی یان شوناسی تاکی لەوانەی تازە دەبنە سەرباز، بگرێتەوە. فێرکردنی باوەڕ و پەروەردەکردن و مەشقپێکردن یارمەتیی دروستبوونی سروشتێکی پابەندبوونی سەربازان بە دامەزراوەی سەربازییەوە دەدات.

ئەوەی بۆ سوپا گرنگە یەکگرتوویی ناوخۆیەتی (لە بەشی شەشەم باس کرا). بە بۆچونی **گەی ئێڵ سیبۆڵد**، ئەو یەکگرتووییە پێویستی بەوە هەیە کە ئەندامانی گرووپ متمانەیان بە یەک هەبێت و توانایان هەبێت وەک تیم پێکەوە کار بکەن. دەشێت ئەو متمانەبەیەکبوونە نەمێنیت کاتێک سوپا ڕاهێنانە گشتییەکانی پێ دەکرێت و هەوڵەکانی دروستکردنی تیم وەک مەشقپێکردنی بەکۆمەڵ، ئەنجام نادرێت. هەر وەک **ئەنتۆنی کین** ئاماژەی پێ دەکات، یەکگرتوویی سوپا زیانی پێ دەگات کاتێک سوپا کارێکی وای نادرێتێ کە هەماهەنگیی تێدا بێت. بۆ ئەوەی سوپا بە سەرکەوتوویی حوکمڕانی بکات کاتێک لە جەنگدا نەبێت، گرنگە بەردەوام بە هەندێک جۆر کارەوە خەریک بکرێت. کاتێک ئامانجەکان تەماوی دەبن یان تێکەڵوپێکەڵ دەبن، هەندێک دەستە لە ناو سوپا سەر هەڵدەدن یان دووبارە دەردەکەونەوە.

## تایبەتیمەندییە سەرەکییەکانی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان

* پێکهاتەی فەرماندەییەکەی ناوەندییە.
* هەرەمێکی ناوخۆیی دیاریکراو و ڕوونی هەیە.
* ڕێکخستنی ناوخۆیی لە هیی سەربازییەکەی دەچێت.
* پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیی هاوبەشی ئەندامانی ڕژێم لە ڕێی ڕاهێنانەوە فێر دەکرین.
* یەکگرتوویی ناوخۆیی و جەختکردنەوە لەسەر یەکگرتنی ناوخۆیی.

## مانەوەی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان

چەندین توێژەر تیشکیان خستووەتە سەر باری ناسکی ناوخۆی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان. هەروەک لە بەشی سێیەم باس کرا، لەناو دیکتاتۆرییەتەکاندا، ڕژێمە سەربازییەکان کورتترین تەمەنیان هەیە. ئەو دیکتاتۆرییەتە سەربازییانە لەچاو جۆرەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان کەمتر دەمێننەوە. چەند هۆیەک هەیە کە بۆچی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان تووشی ڕووخان دەبن.

## بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێرانی سەربازی

دەستەبژێرانی سەربازی لە هاوتاکانیان لە شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان بە یەک ڕێگەی سەرەکی لێک جیاوازن: ئەو دەستەبژێرانە مانەوەیان لە سوپادا پێ باشترە وەک لەوەی لە پۆستی سیاسیدا بمێننەوە. بە پێچەوانەی دەستەبژێرانی جۆرەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان، دەستەبژێرانی سەربازی هەمیشە نایانەوێت لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. تا ڕادەیەک، گرنگترین ئامانجی سوپا ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکانی وەک

دامەزراوەیەک پارێزراو بێت. یەکگرتوویی سوپا پێویستە بۆ ئەوەی سوپاکە بتوانێت بەرگری لە وڵات بکات، کاتێک وڵاتەکە ڕووبەڕووی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و ئاسوودەیی دەبێتەوە.

لەبەر ئەوەی دەستەبژێرانی سەربازی مانەوەی سوپایان لە هەموو شتێکی تر پێ گرنگترە، ئەگەری ئەوە زۆرە کاتێک ئەو دەستەبژێرانە هەڕەشەیان لێ بکرێت و بە ویستی خۆیان واز لە دەسەڵات بهێنن. وەک **کلاودی وێلش** دەنووسێت، کشانەوەی سوپا لە سیاسەت بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕوایەی کە یەکگرتوویی و چوستیی سوپا بە زیاتر مانەوەی لە دەسەڵاتدا لاوازتر دەبێت. ئەگەر سوپا لە کارەکەی شکست بهێنێت، ئەو شەرعییەتەکەی لە بەرچاوی جەماوەر و لەسەر ئاستی ناوخۆیی لەکەدار دەبێت. زۆربەی ئەفسەران پێیان باشترە لە سەربازگەکانیان بمێننەوە ئەگەر ئامانجەکانیان، بەتایبەتی بەرگریکردن یان بایەخدان بە بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەی سوپا، لەو گۆشەنیگایەوە بێنە دی.

## کاریگەریی ناسەقامگیرییانەی دەستەگەری

چوونەناوسیاسەتەوە دەشێت چەند کێشەیەک بۆ یەکگرتوویی سوپا دروست بکات؛ بە وەرگرتنی ڕۆڵێکی سیاسیی گشتی، سوپا وەک ڕێکخراوێک دابڕانی لە کۆمەڵگە نامێنێت. تا سوپا زیاتر لە دەسەڵات بمێنێتەوە، زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە کە یەکگرتووییەکەی تێک بشکێت بە هۆی ئەوەی بە سیاسی کراوە. پەیوەستبوونی سوپا بە فەرمانڕەواییکردنی ڕاستەوخۆیانە دژی پەیوەستبوونیەتی بۆ ئەوەی وەک دامەزراوەیەکی یەکگرتووی هەڕەمی بمێنێتەوە.

کاتێک سوپا دەست وەردەداتە ناو کایەی سیاسی، ناچار دەبێت سیاسەت دابڕێژێت، ئەمەش لە داهاتوودا دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لەناویدا. کاتێک لە ناو سوپادا ناکۆکی لەسەر سیاسەت دروست دەبێت، ئەو ناکۆکییە بە ئاسانی سەرکردەکانی سوپا هان دەدات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناو سەربازگەکانیان. ئەندامانی ئەنجوومەنی سەربازی دەشێت ناکۆکی لە نێوانیان دروست ببێت لەسەر جۆری ئەو سیاسەتانەی دەیگرنە بەر، لەسەر ئەوی چۆن وەڵامی کێشەیەک بدەنەوە و چۆن بودجەکان دابنێن. بۆ نموونە، ناکۆکییە دەستەگەراییەکان لەناو دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانی ئەرجەنتین، دەرگەی لەسەر پشت بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی کردەوە بۆ ئەوەی دەست بە پرۆسەی گۆڕینی ڕژێم بکەن.

هەروەها دەشێت یەکگرتوویی سوپا تووشی مەترسی ببێت بە هۆی کێبڕکێکردن لەسەر دابەشکردنی ئیمتیازاتی پۆستەکانەوە. کاتێک دەستەبژێران لەسەر دەستڕاگەیشتن بە دەستکەوتە ئابوورییەکان دەکەونە ململانێوە، دەشێت کێشە لە نێوانیاندا سەر هەڵبدات، لە نێوان لقە جۆراوجۆرەکانی سوپا و لە ناو پلەکانی هەرەمی سوپادا. ئەمە لەناو دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانی *نایجیریا* ڕووی دا، سەرکردە خانەنشینکراوەکان بوون بە ملیۆنێر، ئەمەش تووڕەیی لە ناو ئەفسەرە پلەنزمەکاندا دروست کرد.

ناکۆکییە ناوخۆییەکان، بەتایبەتی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکاندا دەشێت سەر هەڵبدەن. سوپا بە زۆری دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرێت بە هۆی ئەدای ئابووریی لاوازی حکومەتی مەدەنی. ئەفسەرانی سوپا ڕاهێنانیان پێ دەکرێت بۆ ئەوەی ئابووریی وڵاتەکە لە قەیران

ڕزگار بکەن. بە بۆچوونی **نۆردلینگەر**، هەر گەشەکردنیکی ئابووری کە لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان ڕوو دەدات، ئەو گەشەکردنە بەبێ سوپاش هەر ڕوو دەدات نەوەک بە هۆی سوپاوە. قەیرانە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بوون بە هۆی ڕووخانی دیکتاتۆرییەتی سەربازیی *ئەرجەنتین* لە ساڵی ١٩٨٣دا. پشێویی ئابووری لەگەڵ بەزینە بەدئەنجامەکەی سوپا لە جەنگی *فۆکلاند*، ئەوەندە گەورە بوون سوپا نەیتوانی بەرگەیان بگریت. وەک **باربارە گیدیس** دەنووسێت، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان زیاتر تووشی سستبوونی ئابووری دەبن وەک لە ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکانی تر، چونکە ئەدای لاوازی ئابووری ئەگەری ئەوەی هەیە کە دووبەرەکی لە نێوان ئەفسەرانی سوپادا خێراتر یان خراپتر بکات.

## پەیوەستبوون بە فەرمانڕەوایی کاتی

بە زۆری سەربازان کە دێنە سەر دەسەڵات، بەڵێن بە خەڵک دەدەن کە حوکڕانییەکەیان کاتی دەبێت. یەکەم دیکتاتۆرییەتی سەربازیی *نایجیریا* (١٩٦٦- ١٩٧٩) نموونەی لەو جۆرەن. کاتێک سوپا دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت، یەکسەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە فەرمانڕەواییەکەی تەمەنکورت دەبێت. **جەنەڕاڵ جۆنسۆن ئاگییوی-ئیرۆنسی** ڕای گەیاند کە حکومەتی سەربازی نە ئینتیمای سیاسی و نە تمووحیشی هەیە، ئارەزووی ئەوەشی نییە کە ماوەی کاتی بەڕێوەبردنی حکومەت درێژتر بێت لەوەی کە پێویستە بۆ ئەوەی بە ڕێکوپێکی حکومەتی وڵاتەکە بگۆڕێت بۆ ئەو جۆرە حکومەتەی کە خەڵک دەیانەوێت. لە ساڵی ١٩٧٠دا، **جەنەڕاڵ**

**یاکوبو گۆن** بەڵێنی دا کە لە ساڵی ١٩٧٦دا دەسەڵات ڕادەستی مەدەنییەکان بکات. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤دا بەرەوپێشچوونیکی کەم لە گواستنەوەی دەسەڵات ئەنجام درابوو و **گۆن** ڕای گەیاندبوو کە وڵاتەکە هێشتا ئامادە نییە بۆ ئەوەی حکومەتێکی مەدەنی فەرمانڕەوایی بکات. نەتوانینی **گۆن** بۆ بەجێهێنانی بەڵێنەکەی کە دەسەڵات بۆ حکومەتێکی مەدەنی بگەڕێنێتەوە، پاساوێکی دا بە دەست دەستەیەکی ناو سوپا کە لە ساڵی ١٩٧٥دا **گۆن** لەسەر دەسەڵات لا ببەن. خێرا دوای ئەوە، **جەنەڕاڵ مورتالا محەمەد** ڕای گەیاند کە سەرکردایەتیی سوپای ئێستا بە نیاز نییە ڕۆژێک زیاتر لەوەی پێویستە لە دەسەڵات بمێنێتەوە، بە دڵنیاییەوە دوای ئەو ڕۆژە سوپا لە دەسەڵات نامێنێتەوە. ئەو لێدوانە چەندبارەبوانە شەرعییەتی سوپا لەناو دەبەن و لە کۆتاییدا دەبنە هۆی ئەوەی بە ڕاستی سوپا واز لە دەسەڵات بهێنێت.

بە ئاشکرا لێدوان لەسەر ئەوەی کە ماوەی حوکمڕانیی سوپا کورت دەبێت، تا سوپا ماوەی زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، زیاتر شەرعییەتەکەی لە بەرچاوی جەماوەر کەم دەبێتەوە. **ولیام گراف** ئەمە بە شێوەیەکی باش کورت دەکاتەوە: "ئەو دژیەکییەی لەناو ڕژێمە سەربازییەکەی ئێستادا هەیە (لە هەر ڕژێمێکی سەربازی لەوەتەی وڵاتەکە سەربەخۆیی بەدەست هێناوە)، ئەوەیە کە ڕژێمەکە زۆربەی شەعبییەت و شەرعییەتەکەی لەو کارەی کە خۆی پێی دەڵێت 'کاری ڕاستکردنەوە' وەردەگرێت. لەگەڵ تێپەربوونی کاتێک خەڵک لە ئامانجە سنووردارەکانی ڕاستکردنەوەکەی سوپا

دڵنیا دەبن، ئەو خەڵکە بەئاگا دێنەوە و نیگەرانییان زیاد دەکات لەسەر چەقبەستنی دۆخەکە و گەندەڵی و نەبوونی گۆڕانێکی هەستپێکراو، کە سوپا و تەنیا دەستەیەک لە دەستەبژێری سوپا ناتوانێت ئەنجامی بدات."

پەیوەستبوونی جەماوەر بە فەرمانڕەوایی کاتی، دەشێت ببێتە هۆی ئەوەی کە سوپا واز لە دەسەڵات بهێنێت، یان لەبەر ئەوەی ئەو ئامانجانەی کە لە سەرەتای دەسەڵاتبەدەستەوەگرتنی ڕای گەیاندبوون بەدی هێناون، یان لەبەر ئەوەی هەموو شەرعییەتەکەی لە بەرچاوی جەماوەر لەدەست داوە بە هۆی بەردەوامبوونی لە دەسەڵاتدا.

### هەستیاریی سوپا بەرامبەر فشارەکانی بەدیموکراتیکردن

لەبەر ئەوەی سوپا خێرایە لە وازهێنان لە دەسەڵات کاتێک ڕووبەڕووی کێشەکان دەبێتەوە، بەتایبەتی هەستیاریشە لە ئاست فشارەکانی جەماوەر بۆ بەدیموکراتیکردن. وەک **جۆرج کلای کییە** و **پیتا ئۆگابا ئاگبیسی** جەختی لەسەر دەکەنەوە، دەشێت سوپا واز لە دەسەڵات بهێنێت بە هۆی داواکارییەکانی گرووپی سیاسیی ڕێکخراو، وەک سەندیکاکانی کرێکاران و گرووپەکانی خوێندکاران و ڕێکخراوە پیشەییەکان بۆ وازهێنان لە دەسەڵات. بۆ نموونە **هێنری جەی بارکی** داکۆکی لەوە دەکات کە زیادبوونی یاخیبوونی مەدەنی و ئۆپۆزسیۆنی بنکەفراوان و فشارە دەرەکییەکان و نەمانی متمانە لە کارە بازرگانییەکان کە بە دەوری خۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی ئابووری، ئەگەر نەبێتە هۆی قەیران و ناکۆکییەکان لە

ناو سوپادا، دەشێت ئەوانە سوپا هان بدەن بۆ ئەوەی واز لە دەسەڵات بهێنێت. مانەوەی سوپا لە دەسەڵاتدا لەناو فشارەکانی مەدەنییەکاندا بۆ وازهێنان لە دەسەڵات، متمانە دەکاتە سەر توانای سوپاکە بۆ تێکشکاندنی سەرچاوەکانی تری دەسەڵاتی سیاسی. کاتێک سوپا دەبینێت کە بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا دەبێت باجێکی قورس بدات، ئەوا لە دەسەڵات دەکشێتەوە.

دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانی *ئەمەریکای لاتین* نموونەیەکی لەو جۆرەمان پێشکەش دەکەن؛ زۆربەی ئەو ڕژێمانەی *ئەمەریکای لاتین* لە لایەن *سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا*وە یارمەتییەکی زۆر دەدران. کاتێک جەنگی *سارد* بەرەو لاوازی ڕۆیشت، کۆمەک بۆ ئەو ڕژێمانەش کەمی کرد. *کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا* دەستی کرد بە فشاری زۆر خستنەسەر ئەو ڕژێمانە بۆ بەدیموکراتیکردنیان و ڕاپۆرتی بەربڵاوی لەسەر پێشێلکارییە زۆر زەقەکانی مافی مرۆڤ کە لەو ڕژێمانە دەکرێن، بڵاو کردەوە. لە حاڵەتی دیکتاتۆرییەتی سەربازیی *چیلی*دا، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ کۆمەک و پشتگیرییان پێشکەش بە گرووپەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتە کرد لەپێناو بەرەوپێشچوونی پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی. ڕژێمەکە لە ساڵی ١٩٨٨دا ڕازی بوو بە وازهێنان لە دەسەڵات دوای ئەوەی لە دەنگدانێکدا لەسەر ئایندە سیاسییەکەی، دەنگی جەماوەری لەدەست دا.

**هەندێک نموونەی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو**

لەم بەشەدا، کۆمەڵێک لە نموونەی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لەسەر دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دەخەینە ڕوو، بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن ئەو ڕژێمانە لە واقعدا هەڵسوکەوت دەکەن. وەک لە بەشی دووەمدا باس کرا، لەبەر چەند هۆیەکی جیۆپۆلیتیکیی جۆراوجۆر، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لە *ئەمەریکای لاتین* ئەوپەڕی دیار بوون. لەبەر ئەو پەیوەندییە ناوچەییە، ژمارەیەکی کەم لەو نموونە لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوانەی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانی *ئەمەریکای لاتین* دەخەینە ڕوو. بۆ پێشاندانی چۆنێتیی هەڵسوکەوتکردنی ئەو دیکتاتۆرییەتە سەربازییانە لە ناوچەکانی تر، هەندێک نموونەی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراوی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لە *تورکیا* و *تایلەند* و *نایجیریا* دەخەینە ڕوو. بۆ تێکهەڵکێشکردنی ئەو دیکتاتۆرییەتە سەربازییانە، هەر یەکێک لەو نموونە لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوانە بوونە بەشێک لەو بابەتانەی کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا خراونەتە ڕوو، بڕوانە خشتەی ١:٩، کە نموونەی دیکتاتۆرە سەربازی و دیکتاتۆرییەتەکانی تێدا پیشان دراوە.

## خشتەی ٩:١: نموونەی دیکتاتۆرە سەربازییەکان/دیکتاتۆرییەتەکان

**ئەرجەنتین**

| | |
|---|---|
| (١٩٤٣-١٩٤٦ | پیدرۆ بابلۆ رامیرز (حوزەیران ١٩٤٣ – شوباتی ١٩٤٤ |
| ( | ئیدلمیرۆ جولیان ڤاریل (شوباتی ١٩٤٤ – حوزەیرانی ١٩٤٦ |
| ١٩٥٥ –١٩٥٨ | جەنەراڵ پیدرۆ ئیۆجینۆ ئارامبورو (نۆڤەمبەری ١٩٥٥ ، ئازاری ١٩٥٨) |
| ١٩٦٦ –١٩٧٣ | خوان کارلۆس ئۆنگانیا (حوزەیران– ١٩٦٦ ، حوزەیران ١٩٧٠ ) |
| | رۆبێرتۆ مارسیلۆ لیڤینگستۆن (حوزەیران ١٩٧٠ – ئازار ١٩٧١ |
| | ئەلیخاندرۆ ئاگوستین لانوسی (ئازار ١٩٧١ – ئایار ١٩٧٣) |
| ١٩٧٦-١٩٨٣ | خۆرخی ڤیدیلا ( ئازار ١٩٧٦– ئایار ١٩٨٠ ) |
| | رۆبێرتۆ ڤیۆلا (ئازار ١٩٨٠– کانونی یەکەمی ١٩٨١ ) |
| | لیۆپۆڵدۆ گالتیری (کانونی یەکەمی ١٩٨١– ئایار ١٠٨٢) |
| | رۆناڵدۆ بیگنۆنی (تەموز ١٩٨٢– کانونی یەکەم ١٩٨٣) |

**بەرازیل**

| | |
|---|---|
| ١٩٦٤– ١٩٨٥ | هەمبەرتۆ کاستیلۆ برەنکۆ (١٥ ی نیسانی ١٩٦٤– ١٥ ی ئایاری ١٩٦٧) |
| | ئارتور کۆستا ئی سیلڤا (١٥ ئازار ١٩٦٧ ، ٣١ ئاب ١٩٦٩ |
| | ئیمیلیۆ میدیسی (٣٠ ئۆکتۆبەر ١٩٦٩ ، ١٥ ئاب ١٩٧٤ |
| | ئێرنیستۆ گیزیل (١٥ ئازار ١٩٧٤ ، ١٥ ئاب ١٩٧٩ ) |
| | جۆوا فیگیۆئیریدۆ (١٥ ئاب ١٩٧٩ ، ١٥ ئاب ١٩٨٥) |

**گواتیمالا**

| | |
|---|---|
| (١٩٦٣– ١٩٦٦ | ئەلفریدۆ ئینریکۆ پیرالتا ئەزۆردیا (ئازار ١٩٦٣ ، تەموز ١٩٦٦ |
| ١٩٧٠– ١٩٨٥ | کارلۆس مانویل ئارانا ئۆسۆریۆ (تەموز ١٩٧٠ ، تەموز ١٩٧٤) |
| | کجیل ئیوجینۆ لاوگیروند (تەموز ١٩٧٤ ، تەموز ١٩٧٨) |
| | فیرناندۆ رۆمیۆ لوکاس گارسیا (تەموز ١٩٧٨ ، ئازار ١٩٨٢) |
| | • کودەتایەکی سەربازی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی جیابۆوە . |
| | خۆزیە ئیفراین ریۆس مۆنت (ئازار ١٩٨٢ ، ئاب ١٩٨٣) دوو ساڵ |
| | ئۆسکار هەمبیرتۆ میجیا ڤیکتۆرس ( ئاب ١٩٨٣ ، کانونی دووەم ١٩٨٦) ٣ ساڵ |

**تورکیا**

| | |
|---|---|
| ١٩٦٠-١٩٦١ | جەمال گورسیل (٢٧ ئایار ١٩٦٠ – ٢٨ ئازار ١٩٦٦) |
| ١٩٨٠– ١٩٨٣ | کینان ئیڤرین (١٢ ئەیلول ١٩٨٠ – ٩ تشرینی یەکەمی ١٩٨٩) |

• هەرچەندە جەنەراڵێکی سەربازی لە رووی دەسەڵاتەوە سەرۆکۆمار بوو بەڵام سوپا لە رووی تەکنیکییەوە لە ساڵانی ١٩٦١ و١٩٨٣ وازی لەدەسەڵاێ هێنابوو.

**نایجیریا**

١٩٦٦- ١٩٧٩ جەنەڕاڵ جی تی یو ئاگوی ئیرۆنسی ( کانونی دووەم – تەموز ١٩٦٦ )
یاکوبو گۆون ( ١ ئاب ١٩٦٦ – ٢٩ تەموز ١٩٧٥ )
مورتالا موحەمەد (٢٩ تومموز ١٩٧٥ ، ١٤ شوبات ١٩٧٦) کوژرا
ئولوسیگون ئوباسانجو ( ١٣ شوبات ١٩٧٦ ، ١ تشرینی یەکەمی ١٩٧٩

١٩٨٣- ١٩٩٣ - موحەمەد بوهاری (٣١ کانونی یەکەم ١٩٨٣ – ٢٧ ئاب ١٩٨٥ ٩
ئیبراهیم بابانجیدا (٢٧ ئاب ١٩٨٥ - ٢٧ ئاب ١٩٩٣)
* ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوە باس نەکرا بێ ئەوا سەرکردە سەربازییەکان لە دەسەلات لابراون .

## ناسەقامگیری بە هۆی دەستەگەرایی لە ئەرجەنتین (١٩٧٦–١٩٨٣)

ئەرجەنتین بەتایبەتی دەمێکە بە دەست فەرمانڕەوایی سەربازی نالاندوویەتی؛ دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لە چوار بۆنەی جیاواز لە سەدەی بیستدا فەرمانڕەوایی ئەرجەنتینیان کردووە و هەر یەکەیان نزیکەی لە نێوان سێ بۆ حەوت ساڵ فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەی کردووە. لەم نموونەیەدا، گفتوگۆ لەسەر کێشەی ناسەقامگیری بە هۆی دەستەگەرایی لە تازەترین دیکتاتۆرییەتی سەربازیی ئەرجەنتین دەکەین، کە لە ساڵی ١٩٧٦ەوە تا ساڵی ١٩٨٣ فەرمانڕەوایی ئەرجەنتینی کرد. بە هەمان شێوەی ڕژێمە سەربازییەکانی تری ئەرجەنتین، ئەم دیکتاتۆرییەتە ڕژێمێکی سەربازیی پرۆفیشناڵ بوو، لەوەدا کە دەزگا سەربازییەکەی بە باشی ڕێک خرابوو و زۆر بە چاکی مەشقیان پێ کرابوو. ئەم نموونەیە تیشک دەخاتە سەر ئەو کێشانەی کە دەشێت لەگەڵ بەشداریکردنی دەسەلات لە پۆستە باڵاکاندا بن.

کاتێک *سوپای ئەرجەنتین* لە ساڵی ١٩٧٦دا کودەتای کرد، ئەم کودەتایە کۆتاییهاتنی "خولێکی دژەشۆڕشی دەنواند لە قووچەکەی *باشووری ئەمەریکای لاتین*"، کە لە *بەڕازیل*ەوە لە ساڵی ١٩٦٤دا دەستی پێ کرد، *بۆلیڤیا* لە ساڵی ١٩٧١دا، *ئۆرۆگوای* و *چیلی* لە ساڵی ١٩٧٣دا. بڕیاری دەستتێوەردان بە هۆی ئەدا کارەساتبارەکەی **ئیزابیل پیرۆن** بوو، کە هاوسەر و جێنشینی **خوان پیرۆن** بوو. **پیرۆن** لە ساڵی ١٩٧٤دا، کە لە دەسەڵاتدا بوو، کۆچی دوایی کرد. لەژێر سایەی حوکمڕانیی **ئیزابیل پیرۆن**، ئابووریی وڵاتەکە بە خێرایی پاشەکشەی کرد. دەستەبەجێ ناڕەزایی کۆمەڵایەتی گۆڕا بۆ توندوتیژی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوی چەکداری، کە گرووپەکانی گەریلا چەپڕەوەکان و گرووپە نیمچەسەربازییە ڕاستڕەوەکان ئەنجامیان دەدا. بە هۆی ئەو حاڵەتەی ئاژاوەی سیاسی لە *ئەرجەنتین*، سوپا ئەوەی هەڵبژارد کە دەست بەسەر حکومەتدا بگرێت.

ئەو ئەنجوومەنە سەربازییەی لە ساڵی ١٩٧٦دا دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، یەکگرتوو بوون لەسەر بڕیارەکەیان بۆ لابردنی حکومەتە مەدەنییەکە وەک هۆیەک بۆ پاراستنی *ئەرجەنتین* لە یاخیبووە چەپڕەوەکان. کاتێک سوپا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، هەموویان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە تیرۆری دەوڵەت ئامڕازێکی کاریگەرە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی (ئەو سەردەمە بە جەنگی قێزەون ئاماژەی بۆ دەکرێت، بە هۆی ئەو پێشێلکارییە گەورانەی مافی مرۆڤ کە لە لایەن سوپاوە کران). هەروەها سوپا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبوو کە دەبێت ئەو یاسایانە جێبەجێ بکرێن کە نەهێڵن هیچ تاکێک دەسەڵاتێکی زۆری هەبێت (بۆ ئەوەی ئەگەری

دروستبوونی دەستەبژێری ڕکابەر کەم بکاتەوە، ئەو دەستەبژێرەی بوو بە هۆی ڕووخانی حکومەتە سەربازییەکانی ڕابردوو). کاتێک *ئەنجوومەنی سەربازی* دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، لەسەر ئەوە ڕێک کەوت کە بەرپرسیارێتییەکان بەسەر سێ کودەتاچییە سەرەکییەکە دابەش بکرێت. ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە هیچ یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنە سەربازییەکە وا بەرەوپێش نەچێت کە ببێتە سەرکردەیەکی دیاری ڕژێمەکە.

پلانەکەی *ئەنجوومەنی سەربازی* لە سەرەتادا جێبەجێ کرا، هەرچەندە خێرا دوای ئەوە هەڵسوکەوتی کەللەڕەقانە و نەسەلماندن بۆ یەکتری لە نێوان ئەندامانی سەرکردایەتی سەری هەڵدا و لە کۆتاییدا بوو بە هۆی هەڵوەشانی ڕژێمەکە. ئەمە ڕووی دا لەبەر ئەوەی هیچ ئەندامێکی *ئەنجوومەنی سەربازی* توانای ئەوەی نەبوو کە چارەسەری ئەو ناکۆکییە ناوخۆییە و کێشەکانی نێوان دەستەبژێرەکان بکات. ئەو ناکۆکییە لەسەر ئاستی دەستەبژێران لە کۆتاییدا بوو بە هۆی ڕووخانی ڕژێمەکە.

وێڕای ئەو کێشانەی لە سەرەوە باس کران، ئەندامانی *ئەنجوومەنی سەربازی* لەسەر چەند بوارێکی کەمی سیاسەت لەگەڵ یەک هاوڕا بوون. لە هەمان کاتیشدا ئابووریی ئەرجەنتین لە بارودۆخێکی خراپدا بوو. لە سەردەمی یەکەم سەرۆکی *ئەنجوومەنی سەربازی*، **خۆرخی ڤیدیلا**، ڕژێمەکە کێشەی بڕیاردانی هەبوو کە چ شێوازێکی گونجاوی کارکردن بگرنە بەر بۆ گێڕانەوەی ئابووری بۆ سەر دۆخە چاکەکەی. لە بارودۆخێکی ئاوادا، ناکۆکییش لەسەر سیاسەتی وڵاتەکە زۆر بوون. بەشێک لە کێشەکە ئەوە بوو کە *ئەنجوومەنی سەربازی*

بڕوای بە بەرنامەکەی خۆیشی نەمابوو. **ڤیدیلا** خۆی وەک کەسێک پشتگیریی ئەجێندایەکی ئابووریی لیبڕاڵی دەکرد، بەڵام هاوکارە سەربازەکانی لەگەڵی ناکۆک بوون. ناکۆکیی ناوخۆی ئەنجوومەنە سەربازییەکە لەسەر ئەو ئەجێندا ئابوورییە ئەوەندە بەهێز بوو، کە لە کۆتاییدا **ڤیدیلا** وازی لە سەرۆکایەتیی *ئەنجوومەنی سەربازی* هێنا. وازهێنانەکەی **ڤیدیلا** لەو سەرۆکایەتییە پەسەند بوو بۆ ئەو بۆ ئەوەی لەسەر بەرنامە ئابوورییەکەی بڕوات بەبێ ئەوەی کۆدەنگیی دەستەبژێری سەربازیی تری بوێت. ئەگەر **ڤیدیلا** بەرنامەیەکی ئاوای جێبەجێ کردبایە بەبێ پشتگیریی *ئەنجوومەنی سەربازی*، ئەوا خۆی دەخستە بەر مەترسیی ئەوەی دژی ڕێکاری گونجاوی ئەنجوومەنەکە بێت، ئەمەش بە دەوری خۆی دەبوو بە ئاڵۆزکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ناو سوپا. بەم جۆرە، بەرژەوەندیی دامەزراوەی سوپا خرایە پێش ئارەزووی وەزارەتی ئابووری بۆ تەواوکردنی کارە لیبڕاڵییەکەی.

## ڕووخانی ڕژێمەکە

هەرچەندە **ڤیدیلا** هەوڵێکی دا بۆ داپۆشینی کێشەکانی ناو ڕژێمەکە، بەڵام نەیدەتوانی زۆر کار بکات بۆ ڕێگرتن لە دەرکەوتنی ناکۆکییە توندترەکان. ئەو سەرکردایەتییەی دوای **ڤیدیلا** هات، ئەو هەڵە کوشندەیەی کرد کە لاوازیی ناوخۆی ڕژێمی خستە بەردەم جەماوەر، وێڕای ئەوەی بۆ ئەندامە پلەنزمەکانی سوپاشی ئاشکرا کرد و بوو بە هۆی خراپترکردنی ئەو بارە ناسکەی ڕژێمەکەی تێدا بوو. بۆ نموونە، سەرکردایەتی چەند بەیاننامەیەکی ئاشکرای دەرکرد

که دژ به یەکتر بوون و بە هۆیانەوە بە ئاسانی دەزانرا کە دەستە ڕکابەرە جیاوازەکانی ناو سوپا کێن. لە کاتێکدا جێنشینەکەی **ڤیدیلا**، **ڕۆبیرتۆ ڤیۆلا** لە دەسەڵاتدا بوو، ئەندامی *ئەنجوومەنی سەربازی*، **لیۆپۆڵدۆ گالتیری** بەیاننامەیەکی بۆ خەڵک بڵاو کردەوە کە پێچەوانەی بەیاننامانەی **ڤیۆلا** بوو. بێگومان دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە بە توندی پێچەوانەی پڕۆتۆکۆڵی فەرمانڕەوایی **ڤیدیلا** بوو، چونکە لە سەردەمی **ڤیدیلا** خۆدوورخستنەوە هەبوو لەسەر دەرکردنی بەیاننامە بۆ جەماوەر، کە ببێتە مایەی پرسیارکردن دەربارەی یەکگرتوویی ڕژێمەکە. ئەو ناکۆکییانە لەسەر ئاستی باڵا، توانای سوپای بۆ حوکمڕانیکردن سنووردار کرد، هاوکات ئەفسەرەکان زیاتر بایەخیان بە بەدواداچوون بۆ ئامانجە ئایدیۆلۆجی و دەستکەوتە کەسییەکانیان دەدا. ئەو جۆرە کردەوانە هەڕەشەیان لە سوپا کرد وەک دامەزراوەیەک کە لە کەمکردنەوەی بەهای بەرپرسیارێتییە هاوبەشەکان ڕەنگی دەدایەوە و لە کۆتاییدا بوون بە هۆی بڕیاردانی سوپا بۆ وازهێنان لە دەسەڵات.

هەرچەندە سەرچاوە سەرەکییەکانی ناسەقامگیریی دیکتاتۆرییەتی سەربازیی *ئەرجەنتین* لەناو خودی دیکتاتۆرییەتەکەدا بوون، بەڵام ئەو بزمارەی لە تابووتی دیکتاتۆرییەتەکە درا، ئەدا کارەساتبارەکەی بوو لە جەنگی *دوورگەکانی فۆکلاند* لە ساڵی ١٩٨٢دا. ئەو جەنگە کە حافتاودوو ڕۆژی خایاند، نە تەنیا بوو بە هۆی دۆڕانی شەرمەزارەهێنەری *سوپای ئەرجەنتین*، بەڵکو خێرا ئاستی هەڵاوسان و قەرزە دەرەکییەکانی سەر *ئەرجەنتینی* بەرز کردەوە. ئەو دۆڕانە هاندەرێک بوو بۆ وازهێنانی سوپا لە

دەسەڵات. لە ساڵی ١٩٨٣دا، دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری، سوپا وازی لە دەسەڵات هێنا و دوای ماوەیەکی کورت براوەی هەڵبژاردنەکە، **ڕائۆل ئەلفۆنسین**، دەسەڵاتی گرتە دەست.

## یەکگرتوویی سوپا لە بەڕازیل (١٩٦٤-١٩٨٥)

دیکتاتۆرییەتی سەربازیی بەڕازیلی وەک ڕژێمێکی سەربازیی پرۆفیشناڵ پۆلێن کرابوو، چونکە سوپاکەی مەشقی باشی پێ کرابوو و خاوەن ئەزموونی باش بوو و لە ڕووی دامەزراوەییەوە بەهێز بوو. لە چەند لایەنێکەوە ئەم دیکتاتۆرییەتە ناوازە بوو. بە بەراورد بە ڕژێمە سەربازییەکانی تری *ئەمەریکای لاتین*، ڕژێمە سەربازییەکەی *بەڕازیل* زیاتر مابووەوە و نزیکەی بیست ساڵ لە دەسەڵاتدا بوو. ئەم ڕژێمە بە ڕێکوپێکی هەڵبژاردنەکانی ئەنجام دەدان، تەنانەت ڕێگەی بە چەندین حزبی سیاسی دابوو کە لەو هەڵبژاردنانەدا کێبڕکێ بکەن. لەم نموونەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەدا، باسی ئەو هۆکارانە دەکەین کە بەشدارییان لە تەمەندرێژیی دیکتاتۆرییەتی سەربازیی *بەڕازیل* کرد، بە شێوەیەکی سەرەکی لە یەکگرتووییەکەی.

پێش دەستگرتنی بەسەر دەسەڵاتدا، *سوپای بەڕازیل* لەو ستراتیجەی دەکۆڵییەوە کە دەبێت ڕۆڵی سوپا لە سیاسەتدا بۆ ماوەیەک چۆن بێت. ئەفسەرانی *سوپای بەڕازیل* لەو ڕۆژانەی لە *کۆلێجی سوپەریەر وار* (*College Superior War*) بوون لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤ بۆ ١٩٦٠دا، بیریان لە شوێنێکی گونجاوی سوپا لەناو حکومەتدا کردبووەوە. ئەو ئەفسەرانە بە ڕاهێنانێکی پێشکەوتووی بەرچاو پەروەردە کرابوون بۆ

ئەوەی گەشە بە هەمان بیروباوەڕ بدەن دەربارەی ئەوەی کە دەبێت ئامانجەکانی سوپا چی بن. ئەفسەرە سەربازەکان یەکگرتوو بوون لەپشتیوانیکردنیان لە بوونی یەک بیروباوەڕی ئاسایشی نیشتمانی، کە ئاڕاستەیان بکات لە لێدوانی سەربازی و دروستکردنی بڕیاردا. کۆدەنگی لە نێوان دەستەبژێرەکانی سوپا ئەوە بوو کە ئاسایشی نیشتمانی متمانەی دەکردە سەر گەشەپێدانی ئابوورییەکی سەرمایەداریی بەهێز، کە تەنیا دەتوانرا لە ڕێی کپکردنی داواکارییەکانی گردبوونەوەی جەماوەری جێبەجێ بکرێت. لە ئەنجامدا، کاتێک *ئەنجوومەنی سەربازی* دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، یەکگرتوو بوو و هیچ دەستەیەکی دیاری تێدا نەبوو. ئەو یەکێتییە ئایدیۆلۆجییە وای لە سوپا کرد بتوانێت بەدوای بەرژەوەندییە هاوبەش و سیاسییەکانی خۆی بکەوێت بەبێ ئەوەی لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆوە لاواز بکرێن.

هەروەها ئەندامانی *ئەنجوومەنی سەربازی* ئاگەداری ئەوە بوون کە ناکۆکییە ناوخۆییەکان لە ڕابردوودا سوپایان لاواز کردبوو. دەستە ئایدیۆلۆجییەکان و بەرەنگاربوونەوەی دیسپلین و نەبوونی هەڕەمێکی دەسەڵاتی ڕێزلیگیراو و بەسیاسیکردنی سروشتی پلەبەرزکردنەوە و دامەزراندنەکان هەڕەشە بوون بۆ سەر یەکگرتوویی سوپا. ڕژێم لەوە ئاگەدار بوو کە پێویستە هێزی ناوخۆیی بپارێزێت، لەبەر ئەوە چەندە ڕێنماییەکی دەرکرد بۆ هاندانی یەکگرتوویی سوپا. ژمارەیەکی زۆر یاسای جێبەجێ کرد کە هانی ئەوەیان دەدا دەستەگەری یان شێوەکانی تری یاخیبوون لێبوردنیان نییە و ئەوانەی بە ئاشکرا دژی ڕژێم قسە دەکەن یان بەرەنگاری دەسەڵاتی سوپا دەبنەوە سزا دەدرێن. هەروەها سوپا چەند یاسایەکی دەرکرد

که نەیدەهێشت ئەفسەرە خانەنشینەکان لێدوانی ئاشکرا بدەن کە زیان بە بەهاکانی سوپا بگەیەنێت وەک ڕێزگرتن لە پلەبەندیی سوپا و دیسپلین. ڕژێم مەرجی ئەوەی دانا کە سەرۆککۆمار نابێت لە یەک کاتدا سەرۆککۆمار بێت و فەرماندەی هێزە چەکدارەکانیش بێت و دەسەڵاتەکان زیاتر لە نێوان دەستەبژێرەکاندا دابەش بکرێن. ئەو هەموو ڕێکارە دامەزراوەییانە تەمەنی ڕژێمەکەیان درێژ کرد.

یەکەم سەرۆکی ڕژێمەکە، **هەمبێرتۆ دی ئالینکار کاستیلۆ برانکۆ** بوو (١٩٦٤-١٩٦٧)، دەسەڵاتەکەی خۆی بەکار هێنا بۆ نەهێشتنی کێبڕکێ لە ناو سوپادا، کە لە داهاتوودا هەڕەشە لە توانای سوپاکە دەکات بۆ ئەوەی حوکمڕانی بە شێوەیەکی چالاکانە بکات. **برانکۆ** چەند یاسایەکی دەرکرد و هانی چەند نەریت و ڕەفتارێکی دا کە هاووڵاتییان لە تاکڕەوی سارد بکاتەوە. ئەمەش دڵنیایی ئەوەی دا کە دەسەڵاتی تاک لە ڕژێمەکەدا لە "خواستێکی کاریزمی یان پشتیوانانی کەسییەوە" نەهاتووە، بەڵکو لە ڕێی پۆستە دامەزراوەییەکانەوە هاتووە. وێڕای ئەو هەوڵانەی بۆ پاراستنی یەکگرتوویی سوپا وەک دامەزراوەیەک دران، بژاردە سیاسییەکانی ڕژێمەکە بۆ زیاتر سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی ئەو دەستانەی لە داهاتوودا ناسەقامگیری دروست دەکەن، بە سەرکەوتوو دانران.

## ڕووخانی ڕژێمەکە

بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەژێر فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرییەتی سەربازیدا، ئابووریی *بەڕازیل* بەهێز بوو. ڕژێمەکە لە بەرچاوی جەماوەر شەرعییەتی هەبوو لەبەر ئەدا ئابوورییە بەهێزەکەی. وەک بەشەکانی تری ناوچەکە، لە ساڵی١٩٨٠دا

سستیی ئابووری *بەڕازیل*یشی گرتەوە. **تۆماس سکیدمۆر** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ساڵی ١٩٨١دا *بەڕازیل* تووشی خراپترین پاشەکشەی ئابووری بوو لە ماوەی سی ساڵدا، سەرجەمی بەرهەمی ناوخۆی لە ساڵی ١٩٤٢ەوە بۆ یەکەم جار دابەزی و (بە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان) سەرجەمی داهاتی ناوخۆ بۆ تاکێک بۆ ٤.٣٪ دابەزی. کورتهێنانەکە زیادی کرد بە هۆی کەمبوونەوەی سەرمایەی هاتوو بە ڕێژەیەکی بەرچاو. ئەو قەیرانە ئابوورییە بوو بە هۆی ناکۆکی لەناو ڕژێمەکەدا دەربارەی ئەوەی چۆن بە شێوەیەکی گونجاو چارەسەری بکەن. کێشە ناوخۆییەکان لە چەندین بواری ئابووری سەریان هەڵدا، تەنانەت لەسەر کرێیەکانیش. وێڕای ئەوەش، قەیرانی ئابووری بوو بە هۆی کەمبوونەوەی بودجەکانی سوپا. لەبەر کۆتوبەندەکانی بودجە، سوپا ناچار بوو لە پڕۆژە پڕقازانجەکانی ئایندە بکشێتەوە و کار بەو ئامێرانە بکات کە سەردەمیان بەسەر چووبوو. لەناو فەرمانڕەوایانی حکومەتدا پەیوەندییە گرژەکان پەرەیان سەند لەسەر ئەوەی کە چ سیاسەتێکی ئابووری پەیڕەو بکەن، ئەمەش ڕژێمەکەی لاواز کرد.

هەروەها ڕژێمەکە ناکۆکیی تێکەوتبوو لەسەر هەنگاونان بۆ چاکسازیی سیاسی. هەندێک لە دەستەکان ویستیان ڕژێمەکە کراوە بێت بۆ کێبڕکێی سیاسیی گەورەتر، لە کاتێکدا هەندێک دەستەی تر دەیانویست ڕژێمەکە هەر بە داخراوەیی بمێنێتەوە. ئامانجەکانی ڕژێمەکە جیاوازییان تێدەکەوت لەبەر ئەوەی هەندێک لە ئەندامانی سوپا زۆرتر گرنگییان بە بەکارهێنانی زیاتری سەرکوتکردنی کۆمەڵگە دەدا. بە تێپەڕینی

کات، لە کۆتاییدا ڕژێمەکە بە سیاسی کرا و تووشی ناکۆکییە ناوخۆییەکان بوو.

لە کۆتاییدا، سوپا ئەوەی هەڵبژارد کە واز لە دەسەڵات بهێنێت دوای نزیکەی بیست ساڵ بەڕێوەبردنی حکومەتی *بەڕازیل*. هەندێک بەشی سوپا هەمیشە وایان دەبینی بگەڕێنەوە بۆ سەر حوکمڕانیی مەدەنی، کە بەها ڕۆژئاواییەکان ڕەچاو بکات. لە ڕاستیدا، لە سەردەمی حوکمڕانیی سوپادا، ڕژێمەکە گۆڕابوو بۆ حزبێکی سیاسی و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەڵبژاردنەکانی ئەنجام دەدا و ڕێگەی بە حزبەکانی تر دابوو کێبڕکێ لەو هەڵبژاردنانە بکەن. بۆ ئەوانی تر کاتەکە وەختی هاتبوو، کاتێک سوپا هێشتا هەندێک شەرعییەتی لە ناو کۆمەڵگەدا هەر مابوو. کاتێک جەنگی *سارد* کۆتایی هات، بۆ سوپا زۆر قورس ببوو لەسەر بنەمای بیروباوەڕی ئاسایشی نیشتمانی پاساو بۆ حوکمڕانییەکەی بهێنێتەوە، ئەو حوکمڕانییەی جەختی لە پاراستنی وڵاتەکە دەکردەوە لە هەڕەشەی کۆمۆنیزم و بزووتنەوە جەماوەرییەکان. لەبەر ئەوەی چیتر دوژمنێکی بینراوی نەمابوو، لەو هەلومەرجانەدا سوپای بەڕازیلی چیتر نەیتوانی بەرگری لە مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا بکات.

*سوپای بەڕازیل* لە کاتێکدا وازی لە دەسەڵات هێنا کە هێشتا تا ڕادەیەکی مامناوەندی یەکگرتوو بوو، لەبەر ئەوە، مومکین بوو بتوانێت دانوستانێک بۆ چوونەدەرەوە لە دەسەڵات بکات کە بە سوودی بەرژەوەندییەکانی بشکێتەوە. دوای وازهێنانی لە دەسەڵات، سوپا سیازدە ئەفسەری دامەزراند کە هەموو کاتەکەیان وەک ڕاوێژکار بۆ سوپا تەرخان بکەن و هەروەها لە کۆنگرێسی بەڕازیلیدا لۆبی بۆ

سوپا بکەن. ئەو ئەفسەرانە لە هەموو ئەو دانیشتنانەی کۆنگریس کە پەیوەندیی بە سوپاوە هەبوایە ئامادە دەبوون، ئەو دانیشتنانەشی دەگرتەوە کە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەکران. بەم جۆرە، کاتێک سوپا دەسەلاتی بەجێ هێشت، خۆی گۆڕابوو بۆ یەکێک لە گرووپە لۆبیکەرە هەرە ڕێکخراوەکان لە *بەڕازیل*، ئەمەش لە سەرەتای پڕۆسەی بەدیموکراتیکردنی *بەڕازیل*دا بوو، کۆنگریسی *بەڕازیل* نەیدەتوانی کۆنترۆڵێکی زۆری کاروبارەکانی سوپا بکات.

## لاوازیی دامەزراوەیی لە گواتیمالا (١٩٧٠-١٩٨٥)

سوپا لە *گواتیمالا* چەندین جار دەستی لە سیاسەت وەرداوە، ئەو دەستتێوەردانانەشی لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە حکومەتی مەدەنی گەندەڵ و/یان ناکارامەیە. زۆربەی ئەو دەستتێوەردانانەی سوپا دوای *دووەم جەنگی جیهانی* لە *گواتیمالا* کورتخایەن بوون، بێجگە لەو دیکتاتۆرییەتە سەربازییەی کە لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٨٥ حوکمڕانیی ئەو وڵاتەی کرد. لەژێر سایەی ئەو ڕژێمەدا، حوکمڕانیی سەربازی زۆری خایاند، ئەویش نەک لەبەر پڕۆفیشناڵبوونی سوپا، بەڵکو لەبەر تا ڕادەیەک لاوازی و ناڕێکخراوەییبوونی چالاکوانە مەدەنییەکان بوو. لەبەر دواکەوتوویی دامەزراوەکانی سوپا و نەبوونی ئاسایش، ئەو ڕژێمە وەک دیکتاتۆرییەتێکی سەربازی پرەیتۆریان دەبینرا. لەم نموونە لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە، لە کێشەی لاوازیی دامەزراوەیی دیکتاتۆرییەتی سەربازیی گواتیمالایی لە سالانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٨٥ دەکۆڵینەوە.

*سوپای گواتیمالا* لە ساڵی ١٩٧٠دا کە هاتە سەر دەسەلات، هەر وا لە هیچەوە نەهاتبوو بۆ سەر دەسەلات؛ پێش

هاتنەسەردەسەڵات هەوڵی بەرچاو لە لایەن بەشێکی سوپاوە بۆ دروستکردنی فشاری سیاسی درابوو. وەک **جەیمس ماهۆنی** دەنووسێت، لە ساڵی ١٩٧٠ەوە، پرسی گواستنەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ڕێی هەڵبژاردنەکانەوە ڕێک خرابوو، کە هەر چوار ساڵ جارێک دەکرا، تیایاندا ساختەکاری و سەرکوتکردن ئەوەی بۆ ئەو ئەفسەرانەی نوێنەرایەتیی بەشی فەرمیی سوپایان دەکرد، دەستەبەر کردبوو کە کۆنترۆڵی پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار بکەن. توانای سوپا بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی لە حکومەتی *گواتیمالا* لە چەند ڕوویەکەوە زیادی کردبوو، ئەویش لە ڕێی بەکارهێنانی هەڵمەتەکانی دژەیاخیبوون کە لە دژی گرووپە چەپەکان ئەنجامی دەدان، وەک بزووتنەوەکانی جوتیاران کە داوای یەکسانیی زیاتریان لە زەویدابەشکردندا دەکرد. وەک **جینیفەر شریمەر** ئاماژەی پێ دەدا، هەڵمەتەکانی دژەیاخیبووەکانی ساڵانی ١٩٧٠ وای لە سوپا کرد کە دەسەڵاتی بەسەر دەوڵەت و دامەزراوە مەدەنییەکان بەهێزتر بکات و بوونی خۆی بەهێزتر و بەردەوامتر بکات لە ناوچە شاوخاوییەکانی ڕۆژئاوا، کە بە شێوەیەکی ئاسایی دەسەڵات لە ناوچانە لاواز بوو یان هەر نەبوو.

هەرچەندە *سوپای گواتیمالا* وەک دامەزراوەیەک ئەوەندە بەهێز بوو کە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت و حوکمی *گواتیمالا* بکات، بەڵام بەگشتی لە ڕووی دامەزراوەییەوە لاواز بوو. لە بەشی زۆری مێژووی خۆیدا، ڕێکخستنی لاواز تایبەتمەندییەکی *سوپای گواتیمالا* بووە. نەبوونی پلەبەندییەکی باشدامەزراو و ڕێزلێگیراوی ناوخۆ لە ناو سوپادا، وای لە ئەفسەرەکان کردبوو بە زۆری هەست بەوە بکەن کە بە

چاوێکی کەم تەماشا دەکرین. ئەو ناکۆکی و دابەشبوونانە لە ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ و ١٩٧٠کان بوونیان هەبوو، بەڵام بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٨٠دا توندتر بوون. ئەو کێشە ڕێکخراوەییانەی پێشووی سوپا گوازرانەوە بۆ ناو دیکتاتۆرییەتی سەربازیی ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٨٥.

بابەتێکی چەندبارەبووەی ئەم ڕژێمە ئەوە بوو کە ئەفسەرە پلەنزمەکان بە دەگمەن گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی سەروو خۆیان دەکرد، پێیان وا بوو ئەوان بەتواناترن لە ئەفسەرە بەساڵاچووە دەستەبژێرەکان بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکە، ئەفسەرە بەساڵاچووەکانیش، بە دەوری خۆیان، هەستیان بە پەراوێزکردن دەکرد کاتێک ئەفسەرە پلەنزمەکان پلەیان بەرز دەکرایەوە و لەو ڕاستییە بێزار بوون کە ئەفسەرە پلەنزمەکان بە زۆری پێکهاتەی فەرماندەی سوپایان بە گرنگ تەماشا نەدەکرد. هەرچەندە ئەفسەرە پلەباڵاکان دووبارە تا ڕادەیەک کۆنترۆڵی سوپایان کردەوە کاتێک وەزیری بەرگری، **ئۆسکار هەمبیرتۆ میجیا** لە ساڵی ١٩٨٣دا کودەتایەکی کرد و سەرۆکی ڕژێمەکە، کە **ئیفراین ڕیۆس مۆنت** بوو، لە دەسەڵاتی لا برد، بەڵام کودەتایەکی لەو جۆرە کارێکی زۆر بچووک و زۆر درەنگ کەوتبوو.

لەگەڵ ئەو لاوازییە دامەزراوەییەی ڕژێمەکەشدا، ڕژێمەکە توانیی پازدە ساڵ لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە. بەشێک لە هۆی مانەوەی سوپا لەسەر دەسەڵات بۆ ئەو ماوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو چالاکوانە مەدەنییانەی دەیانتوانی فشار بخەنە سەر سوپا بۆ وازهێنان لە دەسەڵات هێزی ڕێکخراوەییان نەبوو.

## ڕووخانی ڕژێمەکە

ئەوەی مایەی گاڵتەجاری بوو، ئەوە بوو کاتێک سوپا کۆنترۆڵی بەسەر کۆمەڵگەی *گواتیمالا* فراوان کرد، ئەو دەسەڵاتفراوانکردنە تەنیا ناکۆکییەکان و دەستەکانی لە ناو خودی دامەزراوەی سوپاکە قووڵتر کردنەوە. کاتێک سوپا هەڵمەتەکانی دژی یاخیبوان فراوان کرد، هەندێک لە بەشەکانی ناو سوپا کەوتنە گومانەوە لەسەر دڕندەیی ئەو تاکتیکانەی لە لایەن سوپاوە بەکار دەهێنران. ناکۆکییەکان لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەچوونی ئەو هەڵمەتانە سەریان هەڵدا و زۆر لەو بەشانەی سوپا بڕوایان وا بوو کە ئەو شێوازانەی کاریگەر نین. کوشتن و خەڵکفڕاندن و دیارنەمانی هاووڵاتییان، ئەنجامی پێچەوانەیان بۆ مانەوەی سوپا بە یەکگرتوویی لێ دەکەوتەوە.

هەروەها ئەو جۆرە پێشێلکردنانەی مافی مرۆڤ بوون بە هۆی کەمکردنەوەیەکی ئێجگار زۆری ئەو کۆمەکانەی *ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا* لە سەردەمی ئیدارەی **جیمی کارتەردا** دەیدا بە سوپا. شێوازی ڕەفتاری *ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا* بەرامبەر بە *ئەمەریکای لاتین* گۆڕا بۆ جەختیکردنەوەی زیاتر لەسەر مافی مرۆڤ. بەردەوامیی ئاستەکانی پێشووی کۆمەکی سەربازی بۆ *گواتیمالا* بوو بە مەحاڵ، کاتێک بەڵگەی زۆر خراپ لەسەر پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ دەرکەوتن. بڕینی کۆمەکی سەربازیی *ئەمەریکا* لە *سوپای گواتیمالا* دیکتاتۆرییەتی سەربازیی *گواتیمالای* لاوازتر کرد.

هەروەک ناوچەکانی تری *ئەمەریکای لاتین*، قەیرانی دارایی ساڵی ١٩٨٠ گورزیکی گورچکبڕی لە *گواتیمالا* دا. ئەم قەیرانە بەرەنگارییەکی نوێی بۆ سوپا بەدی هێنا، لە کاتێکدا کێبڕکێ

لەسەر دەستکەوتەکانی پۆست چڕ ببوونەوە. قەیرانەکە ئەوەی دەگەیاند کە سوپا کەمتر توانای پاداشتدانەوەی هاوپەیمانە مەدەنییەکانی هەبوو. تەنانەت هەندێک بەشی سوپا بە ئاشکرا دەستیان کرد بە پیشاندانی چالاکییە گەندەڵەکانی ڕژێم. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٨١دا هەندێک تاوان ئاشکرا کران کە دووسەد و پەنجا ملیۆن دۆلار لە کۆی چوارسەد و چلوپێنج ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی کە بودجەی سوپا بووە، لە لایەن پێنج جەنەڕاڵی باڵای سوپاوە بە نایاسایی خراوەتە سەر چەند حسابێکی بانکی لە *دوورگەکانی کایمان*.

سەرئەنجامی هەموو ئەو هۆکارانە، دەرگەیەکی بۆ وازهێنان لە دەسەڵات کردەوە، کە دیار بوو لە لایەن دەستەبژێرانی ڕژێمەوە شتێکی خوازراو بێت. ناچارکردنی سیاسەتمەدارە مەدەنییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژاوە سیاسییەکە ڕێگە بە سوپا دەدات لە تاوانبارکردنی گەورەتر هەڵبێت و دەرگەش بۆ سوپاکە دەخاتە سەرپشت بۆ گەڕانەوە بۆ سەر دەسەڵات، هەر کاتێک بارودۆخەکە چاک بووەوە. سوپا هەڵبژاردنەکانی لە ساڵی ١٩٨٤دا بۆ *ئەنجوومەنی دامەزرێنەران* ئەنجام دا بۆ نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوورێکی نوێ بۆ *گواتیمالا*. کاتێک ڕەشنووسی دەستوورەکە لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٥دا تەواو بوو، بەرنامە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار لە کۆتایی هەمان ساڵ دانرا. سیاسەتمەدارێکی مەدەنی، **ڤینسیۆ سیریزۆ** وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا و لە دوای ئەوە بە ماوەیەکی کورت سوپا وازی لە دەسەڵات هێنا.

## گێڕانەوەی سەقامگیری لە تورکیا (١٩٨٠-١٩٨٣)

لە دووسەد ساڵی ڕابردوو، سوپا لە *تورکیا* زۆر گرنگ بووە. سوپا سەرچاوەی شانازیی وڵاتەکە بووە و ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پێشخستنی *تورکیا*دا. بە بەراورد بە چەندین لە سوپاکانی جیهان، *سوپای تورکیا* هێزێکی پرۆفیشناڵ و مۆدێرن بووە. جاروبار *سوپای تورکیا* دەستی لە سیاسەتی *تورکیا* وەرداوە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی تەنیا ئەوەندە لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە تا ئاسایش و سیستەمی بۆ کۆمەڵگە گەڕاندووەتەوە ئینجا گەڕاوەتەوە بۆ سەربازگەکانی. *سوپای تورکیا* بە شێوەیەکی سەرەکی دەستتێوەردانی کردووە، هەر کاتێک بۆی دەرکەوتبێت کە مەدەنییەکان نەیانتوانیبێت وڵاتەکە لە هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بپارێزن. لەم نموونە لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەدا، ئەوە پیشان دەدەین کە چۆن ئەم پرۆسەیە لە ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٣ی سەردەمی دیکتاتۆرییەتی سەربازیی تورکی ڕووی داوە، لەو ماوەیەدا سوپا دەسەڵاتی گرتە دەست وەک هۆیەک بۆ گەڕاندنەوەی ئاسایش و سیستەم بۆ *تورکیا*، دواتر دوای چەند ساڵێکی کەم وازی لە دەسەڵات هێناوە.

لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٤٠دا، *سوپای تورکیا* بە زۆری ئارەزووی لەوە بووە دەست وەربداتە ناو سیاسەت، بەڵام نەهێڵراوە ئەو ئارەزووەی بهێنێتە دی، لەبەر ئەوەی پلەباڵاکانی ناو سوپاکە ڕێگرییان لێ کردووە. هەرچەندە سەربازان پشتگیریی ئەنجامدانی کودەتایان کردووە لە چەندین بۆنەدا، بەڵام نەیانتوانیوە ئەوە بکەن، چونکە ئەفسەرە پلەباڵاکانی سوپا پشتگیرییان نەکردوون. لە کۆتاییدا، کاتێک بارودۆخەکان بەرەو خراپتربوون چوون، سوپا لە ساڵی ١٩٦٠دا کودەتای

کرد، هەرچەندە ماوەی مانەوەی دەسەڵاتدا کورت بوو. لە ساڵی ١٩٧٠دا سوپا هەڕەشەی ئەنجامدانی کودەتای کرد، بەڵام لە ڕاستیدا نەیکرد، چونکە حکومەتی مەدەنی ئەو کاتە بە خواستەکانی سوپا قایل بوو.

لە ساڵانی ١٩٧٠دا، سیاسەتی تورکی وای لێ هات زیاتر ناسەقامگیر بێت. سوپا لە مانگی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٨٠دا کودەتایەکی ئەنجام دا، هەوڵی دروستبوونی یەکەم دیکتاتۆرییەتی سەربازیی بەردەوامی لە تورکیادا ڕاگەیاند لە سەردەمی دوای *دووەم جەنگی جیهانی*.

چەند هۆکارێک لەپشت بڕیاردانی دەستتێوەردانی سوپا بوون لە سیاسەتدا، توندوتیژی لە لەلایەن هەردوو باڵی چەپ و ڕاستی گرووپی ڕەگەزخوازەکان وای لێ هات ببێتە بەرەنگارییەک بۆ دەوڵەتی تورکیی عەلمانی و بڵاوبوونەوەی تیرۆریزم بە شێوەی شەڕی حزبیزانی، بوو بە هۆی نیگەرانیی سوپا لەوەی دەوڵەتەکە لە ڕووخان نزیک بووتەوە. هەروەها کێشە لەگەڵ *قوبرس* جەمسەرگیریی سیاسیی دەوڵەتەکەی زیاتر کرد وەک چۆن بڕیاردان لەسەر ئەگەری چوونەناو یەکێتیی *ئەورووپا* کردی. کێشە ئابوورییە توندەکان وەک بێکاری و هەڵاوسان و زیادبوونی بەردەوامی قەرزەکان، قەیرانە سیاسییەکەیان خراپتر کرد. دەوڵەت وای لێ هاتبوو کە بەرەو ئیفلیجی بچێت، لە ئەنجامی ئەوەی حزبە سیاسییەکان ڕووبەڕووی گرفتەکانی پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانیی تەمەندرێژ دەبوونەوە. وێڕای ئەوەش، *ئەنجوومەنی نیشتمانیی باڵا* لە ماوەی شەش مانگدا نەیتوانی سەرۆککۆمارێک هەڵبژێرێت.

کەڵەکەبوونی ئەو کێشانە لە کۆتاییدا بڕیارەکەی سوپای بۆ دەسەتگرتن بەسەر حکومەتدا خێراتر کرد. لە دیدی سوپاوە، شکۆی دەوڵەت بە شێوەیەکی بەرچاو لەکەدار ببوو و یەکێتیی نیشتمانیی *تورکیا* لە مەترسیدا بوو. کودەتایەکە بە سەرکردایەتیی سەرۆکی گشتیی ئەرکانی سوپا، **جەنەڕاڵ کینان ئیڤرین** بوو. ئەم کودەتایە وەک کودەتای ساڵی ١٩٦٠ نەبوو، سوپا کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر ئەفسەرە پلەنزمەکاندا هەبوو. زۆربەی ئەفسەرەکان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە گۆڕانی گەورە دەبێت لە دەستووری *تورکیا*دا بکرێن بۆ نەهێشتنی ئەو چەقبەستنە سیاسییەی کە سیاسەتی *تورکیا* لە ساڵانی ١٩٧٠ەوە پێوەی دەناڵاند. ئەو دەستتێوەردانەی سوپا لە لایەن چەندین چینی هاووڵاتییانەوە پێشوازیی لێ کرا، کاتێک دەیانبینی کە سوپا وەک تەنیا دامەزراوە دەتوانێت ئاسایش و سیستەم بۆ تورکیا بگەڕێنێتەوە. سوپا لە ڕێی ئەنجوومەنێکی ئاسایشی نیشتمانییەوە، سێ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد.

### ڕووخانی ڕژێمەکە

کاتێک سوپا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، چەند یاسایەکی چاکسازیی ئابووریی دەرکرد بۆ چاککردنەوەی ئابووریی *تورکیا* و ڕەفتاری بە توندی بەرامبەر توندوتیژیی سیاسی بەکار هێنا. هەرچەندە سوپا ئامانجەکەی خۆی لە گەڕاندنەوەی ئاسایش و سیستەم بۆ *تورکیا* هێنایە دی، بەڵام سیستەماتیککردنی ناو خودی سوپاکە تێک چوو و وردەوردە بەرامبەر بە گەندەڵی لاواز بوو. **ئیڤرین**، هەر زوو باسی ئەو نیگەرانییەی کرد و ڕای گەیاند "ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین

بۆ ئەوەی نەهێڵین ئەو ئەفسەرانەی لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدان لەو کارانەی گەندەڵییەوە بگلێن". کاتێک کێشەکان خراپتر بوون، **ئیڤرین** لە ڕێی هەڵبژاردنی گشتییەوە لە ساڵی ١٩٨٣دا، دەسەڵاتی یاسادانانی ڕادەستی حزبی *نیشتمان* کرد.

هۆکاری سەرەکی کە هانی سوپای دا بۆ بڕیاردان لەسەر وازهێنان لە دەسەڵات، کەمبوونەوەی شەعبییەتی سوپاکە بوو لە ناو هاوولاتییاندا. دوای ئەوەی سوپا ئاسایش و سیستەمی بۆ تورکیا گەڕاندەوە، تا زیاتر لەسەر دەسەڵات مابایەوە، زیاتر چالاکی و هەستکردن بە شکۆیی و گیانی هاوکاری لە ناویدا لاوازتر دەبوو و شەرعییەتی لە ناو جەماوەردا نەدەما. *سوپای تورکیا* خۆی وا دەبینی کە تاکە ڕێکخراوە دەتوانێت بەرگری لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی *تورکیا* بکات و پەیوەستیش بووە بە هێشتنەوەی شکۆ و پڕۆفیشناڵیی خۆی. وازهێنان لە دەسەڵات بوو بە هۆیەکی سەرەکی کە لە ڕێیەوە بتوانێت ئەو شکۆمەندی و پڕۆفیشناڵییەی بپارێزێت.

## توانای سوپا لە نایجیریا (١٩٦٦-١٩٧٩، ١٩٨٣-١٩٩٣)

*نایجیریا* یەکێکە لەو دەوڵەتە کەمانەی *ئەفریقا* کە ئەزموونی لەگەڵ دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان بۆ دە ساڵ یان زیاتر هەبووە. بەشێک لە هۆی زۆرمانەوەی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانی *نایجیریا* دەگەڕێتەوە بۆ توانای سوپا. وەک ڕێکخراوێکی بەهێز، سوپا بە زۆری لە *نایجیریا* بە سەربەخۆیی فەرمانڕەوایی کردووە، دوور لە ئامۆژگاری یان دەستتێوەردانی سیاسەتمەدار و چالاکوانانی مەدەنی، سوپا توانیی بودجەیەکی گەورە و چەند جبەخانەیەکی چەک بۆ خۆی مسۆگەر بکات لەگەڵ دەستڕاگەیشتن بە دەستکەوتەکانی

تری دەوڵەت. لەم نموونەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەدا، گفتوگۆ لەسەر توانای *سوپای نایجیریا* دەکەین و چۆن ئەو توانایەی بەشداریی کرد لە مانەوەی یەکەم دیکتاتۆرییەتی سەربازیی نایجیریایی (١٩٦٦-١٩٧٩) و دووەم دیکتاتۆرییەتی سەربازیی نایجیریایی (١٩٨٣-١٩٩٣).

*سوپای نایجیریا* یەکێکە لە گەورەترین سوپای *باشووری بیابانی ئەفریقا*، توانا و بەهێزییەکەی لە توانای ئەنجامدانی کودەتاکردنەکانیدا ڕەنگی دەداتەوە. لەوەتەی *نایجیریا* سەربەخۆیی بەدەست هێناوە، بە لایەنی کەمەوە پێنج کودەتای سەربازیی سەرکەوتوو لەو وڵاتە ئەنجام دراون. هەرچەندە هەندێک لەو کودەتایانە لە سەردەمی ئەو دوو دیکتاتۆرییەتە سەربازییەی لە سەرەوە باس کراون ڕوویان داوە، بەڵام کودەتاکانی تر ئەنجامی بڕیارەکانی سوپا بووە بۆ لەسەردەسەڵاتلابردنی حکومەتە مەدەنییەکان، کاتێک سوپا هەستی بەوە کردووە کە گەندەڵن و بڕوای کەمی بە تواناکانی هێزە مەدەنییەکان هەبووە کە بتوانن "بەردەوامی بە هەندێک پێوەری سزادان و تەمبێکردن بدەن، کە پێویستن بۆ حوکمڕانییەکی کارا". جاروبار هاندان بۆ کودەتا هۆی سیاسیی لەپشت بووە، بەڵام زۆر جاری تر کودەتاکان بۆ ئەوە کراون کە ئەفسەرەکان دەستکەوتی گەورە و یان چەکیان دەست بکەوێت.

توانای *سوپای نایجیریا* تەنیا ئەو کاتە زیادی کرد کە دەستی بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا گرت. *سوپای نایجیریا* یەکەم جار لە کودەتای ساڵی ١٩٦٦دا دەستی بەسەر حکومەتدا گرت و **جەنەڕاڵ گۆن**ی هێنایە سەر دەسەڵات. لە سەردەمی حوکمڕانیی **گۆن**، توانای *سوپای نایجیریا* زیادی

کرد. ئێستا *سوپای نایجیریا* سوپایەکی بەهێزە، ئەو سوپایە تەنانەت لە ماوەی جەنگی *بیافرا* کە لە ساڵی ١٩٦٧ەوە تا ساڵی ١٩٧٠ی خایاند، گەورەتر بوو. سوپا تەنیا لە هێزێکی پیادەی شەش هەزار سەربازییەوە بوو بە سوپایەکی زیاتر لە چارەکە ملیۆنێک. بە هۆی جەنگەوە، سوپاکە چەکی باشتری بۆ پەیدا کرا لەگەڵ دەستڕاگەیشتنی بە چەکی گران بەها و هێزی ئاسمانی و دەریایی.

وێڕای ئەوەش، کاتێک سوپا کۆنترۆڵی حکومەتی کرد، هەلی زۆری بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی لە گەندەڵییەوە بگلێ و ئەو هەلانەش بە ڕواڵەت مافی بێسنووری دابوو بە سوپا بۆ دەستڕاگەیشتن بە دەستکەوتە ئابووری و بەرتیلخواردنەوە. کڕینی چەک بۆ سوپا، بەتایبەتی قازانجێکی زۆری بە *سوپای نایجیریا* دەگەیاند. بۆ نموونە، لە ساڵانی ١٩٧٠دا، ڕژێمەکە سێ ملیۆن و شەش هەزاری دۆلاری لە *کۆمپانیای لۆکهید کۆرپۆرەیشن* وەرگرت بۆ ئەوەی شەش فڕۆکەی جۆری *هیراکلیس سی-١٣٠* لەو کۆمپانیایە بکڕێت کە بایی چلوپێنج ملیۆن دۆلار بوو. کڕینەکانی تر بریتی بوون لە پەنجا تانکی تی پەنجاوپینج و فڕۆکەی میگ و *ئەلفا* و ڕۆکێتەکانی جۆری *ڕۆناڵد* زەمین بە هەوا. هەرچەندە هیچ لە تانک و فڕۆکە و ڕۆکێتکڕینانە بۆ دابینکردنی ئاسایش پێویست نەبوون (چونکە هیچ لە وڵاتانی دراوسێی *نایجیریا* سوپایەکی گرنگیان نەبوو)، بەڵام ئەو کردارە پڕگەندەڵییانەی کڕینی ئەو چەکانە وای لە ئەفسەرانی سوپا کرد گیرفانیان پڕ بکەن و داهاتەکانیان زیاتر بکەن.

سەقامگیریی یەکەم و دووەم دیکتاتۆرییەتی سەربازیی *نایجیریا* بەهێزتر کرا لە ڕێی توانای ئەو دیکتاتۆرییەتانە بۆ

کڕینی دەستەبژێرە مەدەنییە گرنگەکان و ئەفسەرانی ناو سوپا. دیکتاتۆرییەتەکان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی بەخشندە بوون لە بەشینەوەی دەستکەوت بەسەر ئەفسەرانی سوپادا: ئەو ئەفسەرانەی هاوکار و دڵسۆز بوون سوودمەند بوون لە خانوو و ئوتۆمۆبێل و پارەی نەختینە. هەروەها زۆر لە ئەفسەران دەسەڵاتی خۆیان بەکار دەهێنا بۆ بەرتیلدان بە هاووڵاتییانی مەدەنی، بڕوایان وا بوو کە مافیان هەیە دەستیان بگاتە هەموو دەستکەوتەکانی دەوڵەت. ئەو سەربازانەی کە لە کاروباری سیاسیدا (نەک لە کاروباری سەربازیی ڕووت) کاریان دەکرد، توانیبوویان پۆستەکانیان لە دەسەڵاتدا بەکار بهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، وەک گواستنەوەی کەشتیوانی و هێڵی ئاسمانی و فرۆشتنی بە تاک و پیشەسازی. هەروەها هەردوو دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکە سوودیان لە دزینی داهاتە زۆروزەبەندەکانی پیشەسازیی نەوتی *نایجیریا* وەرگرت. دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانی *نایجیریا* هەڵبژاردنی زیادکردنی تۆڕەکانی دەستوپێوەندیان، فەرمانڕەواییەکانیان ڕووبەڕووی بەرەنگاریی بچووک دەبووەوە.

### ڕووخانی ڕژێمەکە

توانای *سوپای نایجیریا* نابێت لەگەڵ پرۆفیشناڵی تێکەڵ بکرێت، هەرچەندە سوپاکە گەورە بوو و لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێز بوو، بەڵام ئەفسەرەکانی ئەزموونیان لە شەڕکردندا کەم بوو و پلەبەندیی سەربازیی بە زۆری فەرامۆش کرابوو. نەبوونی هیچ هەڕەشەیەکی ناوخۆ یان نێودەوڵەتی بۆ سەر ئاسایش مانای ئەوە بوو کە هیچ هاندەرێک نەبوو بۆ *سوپای*

*نایجیریا* تا ببێتە سوپایەکی پڕۆفیشناڵ. لە هەمان کاتدا، ترسی بەردەوام لە کودەتا بوو بە هۆی بە زۆر خانەنشینکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرە پلەباڵاکان و سوپای لەو ئەفسەرانەی کە ئەوپەڕی پسپۆڕی و ئەزموونی ڕاهێنانیان هەبوو، بێبەش کرد. بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی لەسەر بنەمای لیهاتوویی نەبوو، بەڵکو متمانەی دەکردە سەر دڵسۆزی و ڕەگەز و پەیوەندییە کەسییەکانەوە.

هەرچەندە سوپا لەو دوو دیکتاتۆرییەتە سەربازییەی *نایجیریا* پڕۆفیشناڵییان نەبوو، بەڵام دوو دیکتاتۆرییەتە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زۆر مانەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ قەبارە و هێزی ئابووریی *سوپای نایجیریا* لە سەردەمی دووفەرمانڕەواییکردنەکەیدا. توانای *سوپای نایجیریا* وای کردبوو کە بۆ چالاکوانانی مەدەنی یان گرووپەکان قورس بێت دژی بوەستنەوە و بۆ ڕژێمەکانیشی ئاسان کردبوو کە سزای ڕکابەرانی ناوەوە یا دەرەوە بدات.

بێگومان هیچ ڕژێمێک نییە نەبەزێندرێت؛ دوای سیازدە ساڵ لە دەسەڵات، یەکەم دیکتاتۆرییەتی سەربازیی *نایجیریا* لەگەڵ ڕاگەیاندنی نەخشەڕێگەی ڕادەستکردنەوەی دەسەڵات بە مەدەنییەکان، وازی لە دەسەڵات هێنا. دوای هەڵبژاردنی گشتی لە ساڵی ١٩٧٩دا، ڕژێم و سەرۆکەکەی، **جەنەڕاڵ ئۆلوسیگون ئۆباسانجۆ**، بە ویستی خۆی دەسەڵاتی جێ هێشت، کە شێوازێکی وازهێنان لە دەسەڵاتە و تایبەتە بە چەندین دیکتاتۆرییەتی سەربازی.

دووەم دیکتاتۆرییەتی سەربازی ڕووخا بە هۆی بڕیاری **جەنەڕاڵ ئیبراهیم بابانجیدا** (کە ئەو کاتە سەرۆکی ڕژێمەکە بوو) بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەڵبژاردنە دیموکراتییەی لە

ساڵی ١٩٩٢دا کرا، چونکە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە بۆ ئەو گونجاو نەبوون. ئەو هەڵوەشاندنەوەیە گرژییەکانی ناوخۆی لەناو ڕژێمەکەدا توندتر کرد، چونکە بەشێک لە سوپا بە ڕاستی پشتگیریی گەڕاندنەوەی دیموکراسییان دەکرد. لە وەڵامدانەوە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکە، نائارامیی مەدەنی بەربڵاو لە وڵاتدا تەقییەوە و کۆمەڵێک لە جەنەڕاڵ و ئەفسەری گەورە بۆ ناڕەزاییدەربڕین خۆیان خانەنشین کرد. بارودۆخەکە ئەوندە ناسەقامگیر بوو، کە **بابانجیدا** دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە و سوپا لە ساڵی ١٩٩٣دا وازی لە دەسەڵات هێنا.

## پوختە و ئەنجام

دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دیاردەیەکن زوو دەڕۆن. کاتێک سوپا بە توندی دەستی لە دەسەڵات گیر دەکات، بێگومان ئەو دەستگیردنەی بۆ ماوەیەکی کورت دەبێت. ئەو هۆیەی لەپشت زۆرنەمانەوەی دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکانە، ئەوەیە کە بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێرانی سەربازی بەگشتی جیاوازە لەوانەی تایبەتن بە سیاسەتمەدارانی مەدەنی. هەروەک ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕوونی کردەوە، دەستەبژێرانی سەربازی بەگشتی پاراستنی سوپا دەخەنە سەرووی هەموو شتێکی ترەوە بە دەسەڵاتی سیاسیشەوە. لە ئەنجامدا، کاتێک مەترسییەکان بۆ سەر سوپا وەک دامەزراوەیەک سەر هەڵدەدەن، ئەم مەترسییانە سوپا هان دەدەن بۆ پەنابردنە بەر ڕێکاری توند، لە کودەتاکردن و لابردنی حکومەتێکی مەدەنییەوە تا بە ویستی خۆی وازهێنان لە دەسەڵات.

بەم جۆرە، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لەم ڕەفتارانەیاندا بێهاوتان. هەرچەندە ئەو دیکتاتۆرییەتانە بە هیچ شێوەیەک تەبا نین، هەروەک نموونەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان ڕوونی دەکەنەوە، بەڵام چەند ئاڕاستەیەکی گشتی لە ڕەفتارەکانیاندا زوو سەر هەڵدەدەن. وەک هەموو ڕژێمە سیاسییەکان، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دەشێت تووشی دەستەگەری ببن؛ دەستەگەری بەتایبەتی ناسەقامگیری دروست دەکات، دەشێت وازهێنانی سوپا لە دەسەڵات خێراتر بکات. سوپا دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرێت، چونکە بڕوای وایە کە ئەو تاکە دامەزراوەیە دەتوانێت وڵات لە قەیرانە سیاسییەکان بپارێزێت و سەقامگیرییش بگەڕێنێتەوە. دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا نزیکەی هەمیشە لێدوانی لەگەڵدان کە تیایاندا سوپا بەڵێن دەدات کە فەرمانڕەواییەکەی کاتی دەبێت. وێڕای ئەوەش، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان ئەوپەڕی ئاگەداری شەرعییەتی جەماوەرییانن و هەستیارن بەرامبەر بە جووڵانەوەکانی جەماوەر، کە داوای گەڕاندنەوەی دیموکراسی دەکەن.

هەروەک ئەم بەشە پیشانی دا، دامەزراوەکانی ژێردەستی دیکتاتۆرییەتەکان ئاکامی گرنگیان لەسەر ڕەفتارەکانیان دەبێت. فەرمانڕەواییکردن لە لایەن سوپاوە بە تەواوی جۆری ئەو سیاسەتانە دیاری دەکات کە حکومەتێک شوێنیان دەکەوێت و هەروەها ئەو هاندەرانەش کە بنچینەی ئەو جۆرە بژاردانەن.

# بەشی دەیەم
# دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیا و دەوروبەری

هەرچەندە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان بە زۆری لەگەڵ سیستەمی کۆمۆنیزمن، بەڵام لە ڕاستیدا تەواو لێک جیاوازن. لە کاتێکدا هەندێک دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی جەخت لەسەر ئایدیۆلۆجییەکی سیاسی دەکەنەوە، بەڵام زۆر لەوانی تر جەخت لەسەر ئەو ناکەنەوە. لەم بەشەدا، بە درێژی لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دەکۆڵینەوە. بە خستنەڕووی پێناسەیەکی قووڵی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دەست پێ دەکەین و چۆن پێک دێن، پاشان ئەو ئەدەبیاتە تیۆرییەی بۆ ئەوان تەرخان کراون دەخەینە ڕوو. کۆتایی بەم بەشە دەهێنین ئەویش بە خستنەڕووی چەند نموونەیەکی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لەسەر دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* و *ئاسیا* (کە ئەو جۆرە دیکتاتۆرییەتانە لەوێ زۆر باو بوون) و *مەکسیک*، کە درێژترین لەسەردەسەڵاتمانەوەی ڕژێمییە تاکحزبییەکانی لە جیهاندا تێدا بووە.

## دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی چییە؟

دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان ئەو ڕژێمانەن کە کۆنترۆڵکردنی بڕیاردانی سیاسی و پۆستە سیاسییەکان بە دەست حزبێکی سیاسییەوەیە. حزبەکانی تر دەشێت ڕێگەیان پێ بدرێت کاری حزبایەتی بکەن و کێبڕکێ لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن و پۆستی سیاسییان بە دەستەوە بێت، بەڵام کەمترین دەسەڵاتیان دەبێت. بە شێوەیەکی سروشتی سەرۆکی ڕژێمەکە سەرۆکی حزبەکە دەبێت، کە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندەیی حزبەکە یان مەکتەبی سیاسییەوە هەڵدەبژێردرێت، یان لە ڕێی جۆرە پرۆسەیەکی هەڵبژاردنەوە دەبێت کە حزبەکە کۆنترۆڵی دەکات.

دەسەڵاتی سەرۆکی حزبەکە سەبارەت بە دەستەبژێرانی حزبەکە لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، هەروەک لە سیستەمە دیموکراسییەکانیشدا ئاوایە. هەندێک لە سەرۆکەکانی حزبەکان ئەوپەڕی بەدەسەڵاتن (وەک چەندین سەرۆککۆماری دیموکراتی)، لە کاتێکدا سەرۆکەکانی تر بەردەوام لەژێر چاودێریی حزبەکەدان (وەک چەندین سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی سیستەمی دیموکراتی). ئەو تایبەتمەندییە تایبەتە بە هەموو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان (لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکانی جیا دەکاتەوە) ئەوەیە کە حزبەکە بە چاکی ڕێک خراوە و ئازادە لەوەی نەهێڵێت سەرۆکەکە بە شێوەیەکی کەسی دەست بەسەر بڕیارە سیاسییەکان و هەڵبژاردنی ستافی ڕژێمدا بگرێت.

لەسیستەمی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا، حزبەکە کۆنترۆڵی نزیکەی هەموو دەزگاکانی دەوڵەت دەکات و دەست بەسەر

هەموو لایەنەکانی بواری سیاسیدا دەگرێت. وەک حکومەتی خۆجێیی و کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا. تەنانەت سوپاش ملکەچی حزب دەبێت. بەرپرسانی حزب بە شێوەیەکی سروشتی سیاسەت دادەنێن و بڕیاری لەسەر دەدەن، یان لە ڕێی ڕاسپاردە و بڕیارەوە یان لە ڕێی پڕۆسەی یاسادانانەوە. ئەنجوومەنی یاسادانانەکان کە لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا باون، نزیکەی هەمیشە یان بە تەواوی پڕ کراون لە هەوادارانی حزب.

دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دەشێت وا دەربکەون کە بە تەواوی لە سیستەمە دیموکراسییەکان بچن، زۆربەیان هەڵبژاردنەکان دەکەن و ئەنجوومەنی یاسادانانیان هەیە و زۆر جەخت لە گرنگیی بەشداریکردنی جەماوەر لە پڕۆسەی سیاسی دەکەنەوە. تەنانەت هەندێک لەو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییانە ماوەی مانەوە لە دەسەڵاتدا بەسەر سەرۆک و دەستەبژێراندا دەسەپێنن و یاسایان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوەی کە چۆن پۆستەکان پڕ بکرێنەوە. دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لەوەدا لە دیموکراسییەکان جیاوازن کە تیایاندا حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان (ئەگەر قەدەغە نەکرابن) ڕووبەڕووی کۆسپی دامەزراوەیی و/یان هەڕەشە و بێزارکردنی بەردەوام دەبنەوە. وێڕای ئەوەش، دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا لەوەدا لە سیستەمە دیموکراسییەکان ناچن کە تیایاندا دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی تریان تێدا نییە. لەبری ئەوەی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوە دیاری بکەن کێ فەرمانڕەوایی دەکات، هەڵبژاردنەکان بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێن کە لە ڕێی کاریگەریی بردنەوەکانی هەڵبژاردنەکانەوە (بە زۆری پڕن لە فڕوفێڵ) هێزی حزبەکە بە جەماوەر و دەستەبژێران ڕابگەیەنن.

**پێناسەی دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی**
* یەک حزب کۆنترۆڵی سیاسەت دەکات، دەسەڵات بە تەواوی بە دەستی یەک کەس نییە.
* کۆمیتەی ناوەندی یان مەکتەبی سیاسی دەیسەپێنێت کە کێ بەرپرس و داڕێژەری سیاسەت بێت.
* حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان جاروبار ڕێگەیان پێ دەدرێت کە بوونیان هەبێت و لە هەڵبژاردنەکان کێبڕکێ بکەن.
* حزبەکە کۆنترۆڵی زۆربەی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکات بە میدیاشەوە.
* سوپا ملکەچی حزبەکەیە.
* هەڵبژاردنەکان باون و نەخشەیان وا بۆ دانراوە کە لە بەرژەوەندیی حزبەکەدا بن.
* ئەنجوومەنەکانی یاسادانان باون و پڕ دەکرێن لە پشتیوانانی حزبەکە.

## شیکارە تیۆرییەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان

لەم بەشەدا، تایبەتیمەندییە سەرەکییەکانی ئەو ئەدەبیاتەی بۆ دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی تەرخان کراوە دەخەینە ڕوو. بەتایبەتی جۆرە جیاوازەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دەخەینە ڕوو، کە توێژەران دیارییان کردوون لەگەڵ ئەو ستراتیجە جۆراوجۆرانەی حزبە باڵادەستەکان بۆ مانەوە لە دەسەڵات بەکاریان دەهێنن. هەروەها گفتوگۆ لەسەر ئەو هۆکارانە دەکەین کە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لاواز دەکەن، وێڕای ئەوانەش کە بەشداری لە زۆرمانەوەیان دەکەن.

## جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان

### سیستەمە تاکحزبییە بەهێز و لاوازەکان

دەتوانرێت دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان، بە بۆچوونی **سامیۆڵ هەنتینگتۆن** و **کلیمێنت هینری موور**، پۆلێن بکرێن بەگوێرەی ئەوەی ئایا لاوازن یان بەهێزن. ئەو پۆلێنکردنە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنچینەی چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی حزبەکە و چۆن هاتووەتە سەر دەسەڵات، دانراوە.

لە سیستەمە تاکحزبییە لاوازەکاندا، تاکێک یان زیاتر ڕۆڵی حزبەکە دیار ناهێڵێت. بە بۆچوونی **هەنتینگتۆن** و **موور**، ئەو جۆرە سیستەمانە لە *ئەفریقا* زۆر باون. بە پێچەوانەوە، لە سیستەمە تاکحزبییە بەهێزەکان، حزبەکە ڕۆڵێکی باڵادەست دەگێڕێت. ئەو توێژەرانە مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکەن کە توانای حزبەکە متمانە دەکاتە سەر چڕی و ماوەی تێکۆشانی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. بۆ نموونە، کاتێک حزبەکان بنچینەی شۆڕشگێڕییان هەبێت، ئەوا ئەگەری ئەوە زۆرە هەر کە هاتنە سەر دەسەڵات گەشە بکەن و بگۆڕێن بۆ سیستەمی تاکحزبیی بەهێز.

لە پۆلێنکردنی سیستەمە تاکحزبییە بەهێزەکاندا، سێ جۆر لەو سیستەمانە هەیە: شۆڕشگێڕی و پەڕاوێزخەر و دامەزراوەیی. ئەو جۆرە سیستەمانە بە هۆی ئامانجەکانی حزبەکە کە لە دەسەڵاتدایە لێک جیا دەکرێنەوە. سیستەمی شۆڕشگێڕیی تاکحزبی ئەم تایبەتیمەندیانەی هەیە: جۆشوخرۆشی کۆمەڵایەتی، حوکمڕانییەکی ئۆتۆکراتی، سەرکردایەتییەکی کاریزمی، حزبێکی بە دیسپلین، ئایدیۆلۆجیایەکی زۆر پێشکەوتوو، فشار لەسەر پڕوپاگەندە و کۆکردنەوەی جەماوەر، ئەمانە سەرکوتکردن و تۆقاندنیشیان

لەگەڵدایە. لەم سیستەمانەدا، ئامانجی حزبەکە بێبایەخکردنی دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکانە لە (کۆمەڵگەیەکی دابەشبوو بۆ دوو بەش) و نەهێشتنی چینی سەرمایەدارە.

لە سیستەمەکانی تاکحزبیی پەراوێزخەر، حزبەکە کار دەکات بۆ کپکردن یان سەرکوتکردنی چالاکیی سیاسیی ئەو ئەندامانەی لە حزبەکەدا نین. لە کاتێکدا حزبە شۆڕشگێڕەکان دەشێت هەوڵ بدەن بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لەو کەسانەی بەرهەڵستییان دەکەن، بەڵام حزبە پەراوێزخەرەکان تەنیا هەوڵی پەراوێزخستنی ئۆپۆزسیۆن دەدەن.

لە کۆتاییدا، سیستەمە تاکحزبییە دامەزراوەییەکان بەوە دەناسرێنەوە ئاستی لاوازیی ئامادەکردنی جەماوەر و فرەحزبیی سنووردار و ئامانجی پراگماتییە (نەک ئایدیۆلۆجی). ئەو سیستەمە تاکحزبییە دامەزراوەییانە، دەشێت لە سیستەمە تاکحزبییە شۆڕشگێڕەکان پەیدا ببن، کاتێک کە حزبەکە دەسەڵاتی خۆی بەهێز کرد و چینایەتیی لە کۆمەڵگە کەم کردەوە. لە سیستەمە تاکحزبییە دامەزراوەییەکاندا، حزبەکە کاری کارگێڕیی زیاتر دەکات وەک لە کاری شۆڕشگێڕی و سەرکردایەتیی سیاسیی حزبەکە کەمتر تاکڕەو و کاریزمی و ئۆتۆکراتییە و زیاتر ئۆلیگارشی و بیرۆکراتی و دامەزراوەییە.

### سیستەمەکانی حزبی بەهەژموون

سیستەمەکانی حزبی بەهەژموون جۆرێکن لە دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی، کە لە ئەدەبیاتی دیکتاتۆرییەتەکاندا گرنگییەکی زۆری پێ دراوە. لە سیستەمەکانی حزبی بەهەژموونددا، تاکە حزبێکی سیاسی دەسەڵات دەگرێتە دەست، تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنی فرەحزبییش بەردەوام بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدرێت. **جیۆڤانی**

**سارتۆری** سیستەمەکانی حزبی بەهەژموون بەم جۆرە پێناسە دەکات: "حزبی بەهەژموون نە ڕێگە بە کێبڕکێی فەرمی و نە بە هیی دیفاکتۆ دەدات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. حزبەکانی تر ڕێگەیان پێ دەدرێت هەبن، بەڵام وەک حزبێکی پلەدووی مۆڵەتپێدراو، لەبەر ئەوە ڕێگەیان پێ نادرێت کە کێبڕکێی دوژمنانە لەگەڵ حزبە بەهەژموونەکە بکەن و ئەو کێبڕکێیە لەسەر بنچینەی یەکسانیبوون لەگەڵ ئەودا. لە ڕاستیدا، نەک تەنیا دەستاودەستکردنی دەسەڵات ڕوو نادات، هەر ڕوو نادات، چونکە ئەگەری دەستاودەستکردنی دەسەڵات تەنانەت پێشبینییش ناکرێت. ئەوەش مانای ئەوەیە ئەگەر حزبی بەهەژموون بیەوێت یان نەیەوێت، ئەوا لە دەسەڵاتدا هەر دەمێنێتەوە."

سیستەمەکانی حزبی بەهەژموون بە پەسەندی دەزانن ئەوە بشارنەوە کە دەسەڵاتگەرایین، ئەویش بە هێنانی دامەزراوەی دیموکراتیی ڕووکەش بۆ ناو سیستەمی سیاسی، وەک هەڵبژاردن. هەرچەندە بە زۆری فرۆفێڵی هەڵبژاردن بەکار دێت، بەڵام ئەم فرۆفێڵانە یەکێکن لەو ئامرازانەی کە بە دەست ڕژێمەکەوەن و هەمیشە ئەوپەڕی زۆر پێویست نین.

بە بۆچوونی **بیاتریز ماگالۆنی**، سیستەمەکانی حزبی بەهەژموون درێژە بە دەسەڵاتیان دەدەن لە ڕێی بردنەوەی زۆرینەی ڕەهای کورسییەکانی پەرلەمان، ئەم زۆرینەی ڕەهایە وایان لێ دەکات بتوانن بەردەوام یاساکان لە بەرژەوەندیی حزبەکەدا بگۆڕن. هەروەها زۆرینەی ڕەها ناهێڵێت دابەشبوون لە ناو دەستەبژێری حزبەکە ڕوو بدات، چونکە زۆرینەی ڕەها ئەوە دەگەیەنێت کە حزبەکە هەرگیز شکست ناهێنێت. ئەگەری هەڵگەڕانەوەی دەستەبژێران لە حزبەکە زۆر کەمە کاتێک لەو بڕوایەدا بن کە حزبەکە ئەوپەڕی بەهێزە.

سیستەمەکانی حزبی بەهەژموون لەوەدا جیاوازن لە جۆرەکانی تری دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان، کە کەمتر متمانە دەکەنە سەر سەرکوتکردن. وەک **ماگالۆنی** دەنووسێت، سیستەمە ئۆتۆکراسییەکانی حزبە بەهەژموونەکان شێوەیەکی زۆر نەرمی دیکتاتۆرییەتن. سەرکوتکردن بەکار دێت، بەڵام وەک دوایین چارەسەر پەنای بۆ دەبرێت.

**سیستەمەکانی حزبی بەهەژموون**

* ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا کەمتر گرنگە، ئایدیۆلۆجیای حزب ناچنە ناو کۆمەڵگەوە.

* کەمتر متمانە دەکرێتە سەر سەرکوتکردن.

* دەشێت حزبی تر هەبن، بەڵام دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی تێدا نییە.

* فروفێڵی هەڵبژاردن و ئامڕازی تر یارمەتیی مانەوەی حزبەکە لە دەسەڵاتدا دەدەن.

## دەوڵەتانی تاکحزبیی ئایدیۆلۆجی

جۆرێکی تر لە دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی، دەوڵەتی تاکحزبیی ئایدیۆلوجییە. وەک بە ناوەکەی دیارە، دەوڵەتانی تاکحزبیی ئایدیۆلۆجی ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

١. یەک حزب دەسەڵاتی بە دەست دەبێت.

٢. متمانەکردنە سەر یەک ئایدیۆلۆجیای فەرمیی دەوڵەت.

ئەو ئایدیۆلۆجییە فەرمییەی بەکار دێت لە ڕووی پرەنسیپ و ئامانجەکانیەوە دەگۆڕێت، هەروەک چۆن پێکهاتەی سیاسیی حزبی باڵادەست دەگۆڕێت.

بە بۆچوونی **پۆڵ بروکەر**، دەوڵەتانی تاکحزبیی ئایدیۆلۆجی بە شێوەیەکی گونجاو پەسنی چەندین

دیکتاتۆرییەتی سەدەی بیست دەکەن، لە دیکتاتۆرییەتی ئیتاڵی کە لە بندەستی **بینیتۆ موسۆلینی**دا بوو، تا دیکتاتۆرییەتی ئەڵمانی بندەستی **ئەدۆڵف هیتلەر**. نموونەیەکی کلاسیکیی تری دەوڵەتی تاکحزبیی ئایدیۆلوجی، *یەکێتیی سۆڤێت*ە لەژێر فەرمانڕەوایی *حزبی کۆمۆنیست*دا. ئەم ڕژێمە دوای *شۆڕشی ئۆکتۆبەری* ساڵی ١٩١٧ لە *ڕووسیا* سەری هەڵدا. ئایدیۆلۆجیای مارکسی-لینینی پەرەی پێ درا، "ئەو ئایدیۆلۆجیایە نەک هەر پشتگیریی سۆشیالیزمی کرد، بەڵکو پشتگیریی سەرکردایەتیی *حزبی کۆمۆنیست*ی کرد کە بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگەدا هەژموونیان هەبێت".

لە دەوڵەتی تاکحزبیی ئایدیۆلۆجی، حزبەکانی تر قەدەغە دەکرێن و ڕەخنەگرتنی ئاشکرا لە حزبەکە (یان ئایدیۆلۆجیای دەوڵەت) بە کارێکی نایاسایی دادەنرێت. بەکارهێنانی سەرکوتکردن زۆرە، لەبەر ئەوە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن ناچار دەکرێن بە نهێنی کار بکەن.

سەرکردەکانی ئەو ڕژێمانە کەسێکن کاریزمایان هەیە، دەتوانن پشتیوانیی جەماوەری بۆ ئایدیۆلۆجیای فەرمی پەیدا بکەن کە بە ناو هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو ببێتەوە. هەڵمەتەکانی فێرکردنی ئەو ئایدیۆلۆجیایە لە سیستەمەکانی فێرکردن و بابەتە نیشتمانییەکاندا لە سەرتاسەری وڵاتدا باو و بڵاون. هەندێک لە دەوڵەتانی تاکحزبیی ئایدیۆلۆجی ڕێکاری لێکۆڵینەوەی وردی توند بەکار دەهێنن بەرامبەر ئەوانەی دەیانەوێت ببنە ئەندام لە حزبەکە، لە کاتێکدا دەوڵەتانی تاکحزبیی ئایدیۆلۆجیی تر فەرمان دەردەکەن کە دەبێت هەموو هاووڵاتییان ببن بە ئەندامی حزبەکە.

**دەوڵەتانی تاکحزبیی ئایدیۆلۆجی**

* لە لایەن کەسی خاوەن کاریزماوە سەرکردایەتی دەکرێت.
* هەڵمەتەکانی فێرکردنی ئایدیۆلۆجیای حزب باون.
* ئایدیۆلۆجیای فەرمی بە ناو هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو دەکرێتەوە.
* سەرکوتکردن لە ئاستێکی باڵادایە.
* دەرفەت بۆ حزبی تر نییە بۆ کێبڕکێکردن.

## پێکهاتی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان

پێکهاتی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان ڕەنگدانەوەی پێکهاتی حزبی باڵادەستە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە چۆنێتیی ڕێکخستنی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕژێمێکەوە بۆ ڕژێمێکی تر دەگۆڕێت.

ڕێکخستنی ناوخۆی حزبەکە زۆر جیاواز نییە لە ڕێکخستنی ئەو حزبانەی لە ڕژێمە دیموکراتییەکاندا هەن: ئەو حزبە یاساکانی حزبەکەی بەسەردا دەسەپێندرێت. بەرپرسی حزبەکە سەرۆکی ڕژێمەکەیە، کە لەژێر ناونیشانێکی جیاوازدا کاری ڕژێمەکە ڕادەپەڕێنێت لە سەرۆککۆمارەوە بۆ سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیران* و بۆ سەرۆکی حزبەکە. لە خوار سەرۆک چینی دەستەبژێرانی حزبەکە دێت؛ ئەندامانی چینی دەستەبژێر بە زۆری پۆستێکیان لە ناو حزبەکە هەیە وێڕای پۆستێکی سیاسیی فەرمی. دەستەبژێرانی حزبەکە سیاسەتمەداری پیشەیین، بە پێچەوانەی دۆست و ئەندامانی خێزانی سەرۆکەکە یان ئەندامانی سوپا، بە هۆی کارکردن لە حزبەکەدا پلەیان لە ناو حزبەکە بەرز بووەتەوە.

بیروباوەڕەکانی حزبەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەرجەم دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. وەک لە پێشەوە باس کرا، لە هەندێکیاندا، ئایدیۆلۆجیای حزبەکە بە ناو کۆمەڵگەدا بڵاو دەکرێتەوە، ئەو ئایدیۆلۆجیایە کۆمەڵێک یاسای دیاریکراوی ڕەفتارکردن بۆ هاوولاتییان دادەنێت لەگەڵ کۆمەڵێک ڕێنمایی سیاسیی ڕوون بۆ ئەوی چۆن کۆمەڵگە پێش بخرێت. لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانی تردا، ئایدیۆلۆجیای حزبەکە هاوشێوەی ئایدیۆلۆجیای حزبەکانی ناو ڕژێمە دیموکراسییەکانە و لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە زیاتر لە بەرنامەی حزبێک دەچێت. هەندێک حزبی باڵادەست چەپڕەو یان لیبراڵن، لە کاتێکدا حزبە باڵادەستەکانی تر ڕاستڕەو یان پارێزگارن.

**تایبەتیمەندییە سەرەکییەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان**

* ڕێکخستنی ناوخۆی حزبەکە لەوەی حزبی باڵادەست دەچێت.
* پێکهاتەی هەڕەمی حزبەکە لە لایەن یاساکانی حزبەکەوە دیاری دەکرێت.
* دەستەبژێرانی حزبەکە سیاسەتمەداری پیشەیین.
* ڕژێمەکانی ئەو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییانە لە ڕووی ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیاوە جیاوازن، هەروەها لەو جۆرە ئایدیۆلۆجیایەی بڕوایان پێیە.

## بەردەوامیی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان

دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش جۆرە ڕژێمێکی بەهێزن و تەمەندرێژترین جۆری دیکتاتۆرییەتن وەک لە بەشی سێیەم باس کرا. دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە جۆرەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان زیاتر دەمێننەوە، چونکە ئەو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییانە چاکتر دەتوانن ئۆپۆزسیۆن بێننە ناو دەسەڵاتەوە و وەڵامی قەیرانێک بە زیاتربەشدارییپێکردنی سیاسییانە بدەنەوە و نوێنەرایەتیی ئۆپۆزسیۆن زیاد بکەن و هەندێک لە داواکانی ئۆپۆزسیۆن جێبەجێ بکەن. گفتوگۆ لەسەر ئەو جۆرە هۆکارانەی سەرەوە دەکەین کە دەبنە هۆی زیاترمانەوەی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانی خوارەوە.

## بژاردە پەسەندەکانی دەستەبژێرانی حزبەکە

وەک سیاسەتمەدارەکانی ڕژێمە دیموکراسییەکان، ئامانجی سەرەکیی دەستەبژێران لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان، مانەوەیانە لە دەسەڵاتە. دەستەبژێرانی حزبەکە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و درێژەپێدانی لە هەموو شتەکانی تر بە گرنگتر دەزانن و بە ڕێگەی جۆراوجۆر کار بۆ بەدیهێنانی ئەو بژاردانە دەکەن کە لایان پەسەندە. لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا سیاسەتمەدارەکان کار بۆ ئەوپەڕی زیادکردنی بەرژەوەندییە کەسییەکانیان دەکەن، لەبەر ئەوە بە ڕێگەی یاسایی و نایاسایی کێبڕکێ و هاوکاریی یەکتر دەکەن. دەستەبژێران دەستکەوتیان زیاتر دەبێت ئەگەر حزبی باڵادەست لەسەر دەسەڵات بێت وەک لەوەی لەدەسەڵاتدا نەبێت. ئەمەش هانیان دەدات کە هاوکاریی یەکتر بکەن،

تەنانەت ئەگەر ناکۆکیش بن، بۆ درێژکردنەوەی مانەوەی ڕژێمەکە.

بۆ دەستەبژێران لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا، هاوپەیمانیکردن لەگەڵ ڕژێمەکە لە سەرووی هەموو ئەلتەرناتیڤەکانی دیکەیانەوەیە. هەڵگەڕانەوەی دەستەبژێران لە ڕژێمەکە تووشی داهاتوویەکی نادیاریان دەکات، ئەمەش هۆکارێکی بەهێزە بۆ بەردەوامبوونیان لەسەر پشتگیریکردنی ڕژێم و سەرۆکەکەی. لەبەر ئەوەی دەستەبژێرانی حزبەکە کار بۆ ئەوە دەکەن کە لە پۆستەکانیاندا بمێننەوە، بەرژەوەندیی کەسییان لە مانەوە و درێژەپێدانی ئەو بارودۆخەدایە کە هەیە. کاتێک حزبەکە لە دەسەڵاتدا بێت، دەستەبژێران کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی هەیە لەگەڵ دەستڕاگەیشتیان بە دەستکەوتەکانی تری دەسەڵات. لە بارودۆخێکی ئاوادا، سوودەکانی هاوکاریکردنی ڕژێم لە گەڵ ڕکابەرەکان زۆرن و ئەگەری ئەوە کەم دەکاتەوە کە دەستەبژێران ڕژێمە جێ بهێڵن، ئەمەش دەبێتە هۆی تەمەندرێژیی ڕژێمەکە.

## ستراتیجی هێنانە ناو ڕژێم

لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا، ئەو کەسانەی پیشەیان سیاسەت بێت ئەوا دێنە ناو ڕژێمەکەوە، ئەمەش ئەگەری ئەوە کەم دەکاتەوە کە ئەو کەسانە هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمەکە بدەن. لەبەر ئەوەی دەستەبژێران لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا مانەوەیان لە دەسەڵاتدا لە هەموو شتەکانی تر بە گرنگتر دەزانن (وەک لەسەرەوە باس کرا)، ئەو دەستەبژێرانە ئەندامانی چالاکی ئۆپۆزسیۆن دەهێننە ناو

سیستەمەکە لەبری ئەوەی فەرامۆشیان بکەن و سیستەمەکە بخەنە بەر مەترسیی ڕووخاندن. دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان بە شێوەیەکی لەڕادەبەدەر متمانە دەکەنە سەر ستراتیجییەتی هێنانی ئۆپۆزسیۆن بۆ ناو ڕژێمەکە لەپێناو درێژکردنی تەمەنیدا.

بۆ نموونە لە چین، حزبەکە دەستەبژێران دەهێنێتە ناو ڕژێمەکە و شێوازی جۆراوجۆر بۆ بەشداریکردنی جەماوەر لە ڕژێمەکەدا بەدی دەهێنێت وەک هۆیەک بۆ بەهێزکردنی شەرعییەتی ڕژێمەکە. جەماوەر هەلی دەنگدانی دراوەتێ و یارمەتیی کاندیدەکان دەدرێت لەسەر ئاستی هەڵبژاردنە خۆجێیەکان و لۆبیکردن بۆ هەندێک سەرکردەی دیاریکراو. **ئەندرو ناسان**، ئاماژە بۆ ئەوانە دەکات وەک "دامەزراوەکانی جەماوەر هێنانە ناو ڕژێم"، چونکە ئەو شێوازانە ئەو بڕوایە لای تاکەکان دروست دەکەن کە کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسییەکان دروست دەکەن. ڕێگەدان بە بەشداریکردنی جەماوەر لە پرۆسەی سیاسیدا (هەرچەندە بە شێوازێکی ئەوپەڕی کۆنترۆڵکراو و میانڕەوانە دەکرێت)، ڕژێمەکە هەستێکی کاریگەری سیاسی و ئەو بڕوایە لای ئەو تاکانە دروست دەکات، کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر سیستەمی سیاسی هەبێت.

دەشێت هێنانی خەڵک بۆ ناو ڕژێم بە چەند شێوازێک بێت؛ لە سادەترین ئاستدا، ئەوە دەگرێتەوە کە ژمارەیەکی زۆری تاکەکان بەرژەوەندیی کەسییان بە مانەوەی ڕژێمەوە گرێ بدرێت. دەکرێت ئەو هێنانەی تاکەکان بۆ ناو ڕژێم ئەمانە بگرێتەوە: پێدانی پۆستی سیاسیی باڵا بە ڕکابەرە گرنگەکان و

دابەشکردنی پۆستەکانی دەوڵەت بەسەر پشتیواناندا و تەنانەت دانی قەرزی باجیش بەو ناوچانەی لە ڕووی سیاسییەوە دڵسۆزی ڕژێمەکەن. کاتێک تاکەکان سوود لەوە دەبینن کە حزبەکە لە دەسەڵات دەبێت نەک لەوەی لە دەسەڵاتدا نەبێت، ئەگەری ئەوە زۆرترە کە ئەو تاکانە پشتگیریی ڕژێمەکە بکەن و ئەگەری ئەوەش کەمترە هەوڵی گۆڕینی ڕژێمەکە بدەن. ئەم ستراتیجەی هێنانی خەڵک بۆ ناو ڕژێم ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی هەندێک دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی بە ڕاستی خۆشەویستن لە ناو بەشە زۆرەکانی جەماوەردا.

هەروەها ڕێگەدان بە هەبوونی حزبی ئۆپۆزسیۆن و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، شێوەیەکە لە شێوەکانی هێنانی ئەو حزبە بۆ ناو ڕژێم. دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان بە ڕێگەدان بە ئۆپۆزسیۆن بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیدا ئەوە دەستەبەر دەکەن کە چالاکیی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن لەناو ئەو سنوورانەی ڕژێمەکە دایناون بکرێت. ئەم ڕێگەپێدانە بە ئۆپۆزسیۆن، وا لە ئۆپۆزسیۆن دەکات کە ئاڕاستەی هەوڵەکەی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکە بگۆڕێت بۆ بردنەوە لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕژێمەکە کەمتر تووشی ئەوە بێت کە لە لایەن گرووپە سیاسییە نهێنییەکانەوە لە دەسەڵات لا ببرێت. چەندین دیکتاتۆرییەتی تاکحزبی ڕێگەیان بە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان داوە بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن، وەک لە *بۆتسوانیا*، *مەکسیک*، *تایوان*، *تانزانیا*، *ئەنگۆلا* و *مۆزەمبیق*.

## بەرهەڵستی بەرامبەر بە دەستەگەری

بە پێچەوانەی چەندین جۆری تری ڕژێمەکان، دەستەکان سەرچاوەیەکی ناسەقامگیری نین لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان. دەستەکانی ناو حزب دەستکەوتی باشتریان دەبێت ئەگەر هاوکاری لەگەڵ یەکتر بکەن، تەنانەت ئەگەر لەسەر سیاسەتیش لەگەڵ یەکتر ناکۆک بن. جیاواز لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان، دووبەرەکیی ناوخۆ ئەگەری ئەوەی کەمە ببێتە هۆی ڕووخانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان.

دەستەگەری لەناو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان شتێکی زۆر باوە، تەنانەت لەناو ئەو ڕژێمانەشی کە زۆر ماونەوە. بۆ نموونە، لە *ڤێتنام*، ناکۆکیی دەستەگەری ئەوەندە باوە کە وەک هۆیەک بۆ کێبڕکێی سیاسی بەکار دەهێنرێت. ناکۆکییە بنەڕەتییەکان لە ناو حزبەکەدا لەسەر سیاسەتی ئابووری تەنانەت بوون بە هۆی ئەوەی حزبەکەدا لەسەر چەند بابەتێک بگاتە بنبەست. لە *کینیا*، لە کاتێکدا ناوەندی دەسەڵاتی بڕیاردان بە دەست **جۆمۆ کینیاتا** بوو، بەڵام بە زۆری سیاسەتەکانی وڵاتەکە لە لایەن گرووپە کێبڕکێکەرەکان گفتوگۆیەکی گەرمی لەسەر دەکرا پێش ئەوەی بە فەرمی ڕابگەیەنرێت. هەمان شت بۆ *مەکسیک* ڕاستە و حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*، لە چەند دەستەیەک پێک هاتبوو کە کێبڕکێیان لەسەر دەسەڵات دەکرد. دەستەگەریی حزبی لە *مەکسیک* شتێکی باو بوو بە "کێبڕکێی دوورودرێژی سەرکردایەتی" ناسرابوو، کە چەندین گەڕی گەورەی دانوستانیشی لەگەڵدا بوو.

ئەمەش بۆ ئەوە نییە بڵێین کە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان بەگشتی سنگفراوان بن بەرامبەر سەرهەڵدانی تاقمەکانی دەستەگەری لە ناو حزبەکەدا. لە ڕاستیدا، زۆربەی ئەم

ڕژێمانە هەوڵ دەدەن دەرکەوتنی هەر دووبەرەکییەکی ناوخۆیی لە بەرچاوی جەماوەر بشارنەوە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە حزبەکە هەرگیز تووشی شکست نابێت. وەک لە بەشی شەشەمدا باسمان کرد، هەرچەندە دەکرێت دەستەکان وا لێک بدرێنەوە کە نیشانەی لاوازیی ناوخۆی حزبەکە بن، بەڵام ئەو دەستانە بە زۆری وا لە حزبەکە دەکەن بیریان لێ بکاتەوە و باشتر هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکاندا بکات.

نموونەی *بۆتسوانا* ئەمە ڕوون دەکاتەوە: ناکۆکیی نێوان دەستەکان لە *بۆتسوانا* بە ڕادەیەک باو بوو، چاودێران جاروبار پێشبینیی ئەوەیان دەکرد کە حزبی *دیموکراتی بۆتسوانا* لێک هەڵبوەشێت. حزبی *دیموکراتی بۆتسوانا* دابەش ببوو بۆ دوو دەستەی سەرەکی، بە دەستەکانی *کویلاگۆبا* و *میرافها* ناسرابوون، *کویلاگوبا* **دانیاڵ کویلاگۆبا** سەرکردایەتیی دەکرد و **میرافها مۆپتای میرافها** سەرکردایەتیی دەکرد. ئەو دوو دەستەیە لەسەر چەندین بابەت ناکۆک بوون، لە ستراتیجی حزبەکە و تاکتیکەکانیەوە تا دەگاتە شێوازەکانی سەرکردایەتیکردن. لەگەڵ ئەو دووبەرەکییەشدا، حزبی *دیموکراتی بۆتسوانا* ئەوەندە بە باشی ڕێک خرابوو بتوانێت لە سەر دەسەڵات بمێنێتەوە. هیچ لەو گرووپانەی لە دەستەکان جیا دەبوونەوە لە حزبەکە جیا نەدەبوونەوە، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زۆربەی ئەندامانی حزبەکە لە دوائامانجیاندا لەگەڵ یەک هاوبەش بوون کە لە دەسەڵاتدا بمێننەوە.

## مانەوەی ڕژێم دوای تەواوبوونی ماوەی فەرمانڕەوایی سەرۆکێک

دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان بە زۆری لەسەر چەند یاسایەک ڕێک کەوتوون بۆ ئەوەی لە پرۆسەی جێنشینیدا لەسەریان بڕۆن. لەبەر ئەوە، ئەو دیکتاتۆرییەتانە دوای تەواوبوونی فەرمانڕەوایی هەر سەرۆکێک بە زۆری دەتوانن بمێننەوە. لە کاتێکدا مردن یان وازهێنانی سەرۆک لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا دەشێت بەتایبەتی ببێتە هۆی ناسەقامگیری، بەڵام دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی بەرگەی ئەو جۆرە کێشانە بگرن. لەبەر ئەوەی یاساکانی جێنشینی بە زۆری کاریان پێ دەکریت، کەمتر گومان لەسەر ئەوە هەیە کە کێ دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئەمەش ئەگەری سەرهەڵدانی ناسەقامگیری بە هۆی ململانێ لەسەر دەسەڵات کەم دەکاتەوە. بۆ نموونە، لە *تانزانیا* حزبی *چاما چا ماپیندوزی* (پێشتر بە حزبی *تانگانیکا ئەفریکان ناشناڵ یۆنیۆن* ناسرابوو) لە ساڵی ١٩٨٥دا **یۆلیۆس نایریری**، کە دامەزرێنەری حزبەکە و سەرۆکی ڕژێم بوو، لە مانەوەی لە پۆستەکەی پاراست. ململانێیەکانی سەرکردایەتی لە ناو ڕژێمە تاکحزبییەکاندا نابنە هۆی گۆڕانەکارییەکان یان نیشانەی لەناوچوونی حزبەکە، چونکە ناهێڵرێت زۆربەی کادرە ئاساییەکان ڕای خۆیان دەرببڕن و چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە ببینن کێ دەیباتەوە.

### چەند نموونەیەکی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو

ئەم بەشە پۆلێنکردنی نموونەکانی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان دەخاتە ڕوو بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنێتیی ڕاپەڕاندنی کارە ناوخۆییەکان و چوست و چالاکی و ڕەفتاری دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان. لەبەر ئەوەی ئەو ڕژێمانە لە *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* و *ئاسیا* زۆر باون، بەشی زۆری ئەم بەشە تەرخان دەکەین بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ئەو دوو ناوچەیە کراون. ئەم بەشە بە لێکۆڵینەوەی *مەکسیک* لەژێر فەرمانڕەوایی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* کۆتایی پێ دەهێنین. لە سەرتاسەری کتێبەکە، ئەگەر مومکین بووبێت، لە بەشەکانی پێش و دوای ئەم بەشە، خاڵە سەرەکییەکانی ئەم بابەتە جەختیان لەسەر کراوەتەوە.

### گۆڕانی سەرکردایەتی لەناو ڕژێمدا
### لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* کراون کە لە خوارەوە گفتوگۆیان لەسەر دەکەین، توانای بەرگەگرتنی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان پیشان دەدات بەرامبەر بە نەمانی هەر سەرکردەیەک لە دەسەڵاتدا. گۆڕینی سەرکردایەتی لەناو ڕژێمدا لەناو چەندین دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا ڕوو دەدات و بە زۆری ڕژێمەکە ناسەقامگیر ناکات. هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی خوارەوە توانای دەزگاکانی حزبەکە پیشان دەدەن بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سەرۆکی ڕژێمەکە، تەنانەت بۆ ئەو سەرۆکانەی وا دەردەکەن کە دەسەڵاتی تەواویان هەبێت. هەرچەندە چەندین سەرۆکی دیکتاتۆرییەتەکانی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* بۆ ماوەیەکی زۆر

لەسەر دەسەڵات مابوونەوە، بەڵام بەردەوام دەسەڵاتەکەیان لە لایەن حزبەکە یان دەستە جۆراوجۆرەکانی ناو دیکتاتۆرییەتەکە لە سنووری خۆیدا هێڵراوتەوە.

پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەو سێ ڕژێمەی باسیان دەکەین، ئەو ماوە زۆرەی کە لە دەسەڵاتدا مابوونەوە لە لایەن یەکێتیی *سۆڤێت*ەوە پارێزرابوون. بەدەستهێنانی پشتگیرییەکی باشی *مەکتەبی سیاسیی سۆڤێت* لە بنچینەدا پێویستییەک بوو بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا. لەبەر ئەوە، چەندین لەو کارانەی کە لە لایەن دەستەبژێرانی حزبەوە ئەنجام دەدران و ئێمە تیشکیان دەخەینە سەر، دەبێت وا تەماشا بکرێن کە درێژەی بڕاردە پەسەندەکانی *سەرکردایەتیی* حزبی *کۆمۆنیستی سۆڤێت* بوون.

## هەنگاریا (١٩٤٩-١٩٩٠)

دیکتاتۆرییەتی تاکحزبیی *هەنگاریا* (کە خۆی ڕاگرت)، چەندین گۆڕینی لە سەرکردایەتیی ڕژێمەکەدا کرد و بەرگەی ئەو گۆڕینانەی گرت. سەرکردەکان لە *هەنگاریا* بە دەگمەن توانیویانە توانای لە توانای حزبەکە زیاتر بووبێت و زۆر جار لە دەسەڵات لا براون ئەگەر دەستەبژێرانی حزبەکەیان تووڕە کردبێت.

سەردەمی فەرمانڕەوایی **ماتیاس ڕاکۆسی** نموونەیەکی ئەم حاڵەتەیە. **ڕاکۆسی** لە ساڵی ١٩٤٥دا بە سکرتیری گشتیی حزبی *کۆمۆنیستی هەنگاریا* دانرا و **ڕاکۆسی** بە "خوێندکارە هەرە باشەکەی **ستالین**" ناسرابوو. **ڕاکۆسی** هەوڵی دا لە ڕێی کاری دڕندەیی دەسەڵاتی ڕژێمەکە بەسەر دانیشتواندا بسەپێنێت: ڕۆشنبیرانی لە حزبەکە دەرکرد و نزیکەی یەک

ملیۆن و نیو هاووڵاتیی چەوساندەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە دەستەبژێرانی حزبەکە دڕندەیی **ڕاکۆسی**یان پێ باش نەبوو. کارەکانی **ڕاکۆسی** ئەویان خستە بەر ڕەخنە لەسەر ئەوەی زۆر بە زەبروزەنگ و تینوی دەسەڵات بوو. هەروەها بەرپرسانی حزبەکەش سکاڵای ئەوەیان دەکرد کە **ڕاکۆسی** پەرە بە بیرۆکەی پەرستنی کەسی دەدا. لە ناو حزبەکەدا، دەنگی ئۆپۆزسیۆن دژی **ڕاکۆسی** زیاتر بەرز بووەوە و لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٥٦دا **ڕاکۆسی** ناچار کرا واز لە دەسەڵات بهێنێت.

**یانۆس کادار**، کە دوای **ڕاکۆسی** هاتە سەر دەسەڵات، بە پێچەوانەوە، هەوڵی ئەوەی دا بە شێوەیەکی وا کار بکات کە دەستەبژێرانی حزبەکە ئاگایان لێ نەبێت، بۆ ئەوەی خۆی بەدوور بگرێت لە ڕەخنەی ئەوان. **کادار** لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە ڕەوتی مامناوەندیی هەڵبژارد، لە کاتێکدا لە ناو حزبەکە ململانێیەکی توند هەبوو لە باڵی چەپڕەوەوە بۆ باڵی ڕاستڕەو. هەرچەندە **کادار** کە دەسەڵاتی گرتە دەست پیاوەکانی **ڕاکۆسی**ی لە حزبەکە دەرکرد، بەڵام لە چەند ڕوویەکەوە ڕێگەی بە گفتوگۆ لە ناو حزبەکە دا و هانی ئەو گفتوگۆیەشی دا.

لەگەڵ ئەوەشدا، **کادار** ڕووبەڕووی چەندین هەڕەشەی دەستەبژێرانی تری حزبەکە بووەوە، کە بنکەی پشتگیریی فراونیان هەبوو. **کارلۆی گرۆسز** یەکێک بوو لەوانە. **گرۆسز** سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی بۆدابستی حزبەکە و ویستی لەسەر سەرکردایەتیکردنی حزبەکە ڕکابەری لەگەڵ **کادار** بکات. **کادار** **گرۆسزی** لە پۆستی سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیران* دامەزراند بەو هیوایەی **گرۆسز** لە بنکەی هێزەکەی

داببڕێت و بیخاتە ناو بارودۆخێکی ئابووریی پڕکێشە، کە کەس ئیرەیی پێ نەبات. ئەو تاکتیکە بەسەر **کادار**دا شکایەوە، چونکە **گرۆسز** پۆستە نوێیەکەی بەکار هێنا بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی زیاتر بۆ فەرمانڕەواییکردنەکەی لە دەرەوەی دامودەزگای حزبەکەی. لە کۆتاییدا، **گرۆسز** لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٨دا وەک سکرتێری گشتیی حزبەکە جێگەی **کاداری** گرتەوە.

## چیکۆسلۆڤاکیا (١٩٤٨-١٩٩٠)

کاتێک **ئەنتۆنین نۆڤۆتنی** لە ساڵی ١٩٥٧دا بوو بە سەرۆککۆماری چیکۆ*سلۆڤاکیا*، هەوڵی جۆراوجۆری دا بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر حزبەکەیدا هەبێت. لەو کاتەدا، حزبەکە تووشی دووبەرەکییەکی توند بوو بە هۆی ئەوەی هەندێک لە ئەندامانی دەیانویست لە ناوخۆی حزبەکە دیموکراتیی زیاتر هەبێت. سەرەڕای هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ دەستە کێبڕکێکارەکان، **نۆڤۆتنی** ڕووبەڕووی چەندین بەرەنگاریی ناوخۆیی دژی دەسەڵاتەکەی بووەوە. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠دا، بۆ نموونە، دەبوو بەرەنگاری ئامانجە بەرزەخوازەکانی **ڕودۆلف باراک** ببێتەوە. **ڕودۆلف باراک** وەزیری کاروباری ناوخۆ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبەکە بوو. **باراک** شەعبییەتی لە ناو کۆمەڵێک لە ئەندامانی حزبەکە هەبوو و لایەنگرانی خۆی هەبوو. شاراوە نەبوو کە **باراک** دەیویست جێگەی **نۆڤۆتنی** بگرێتەوە.

هەرچەندە **نۆڤۆتنی** توانیی بەرهەڵستیی بەرەنگارییەکەی **باراک** بکات، بەڵام ناڕەزایی لە حوکمڕانییەکەی لە ناو دەستەبژێرانی حزبەکەی زیادی کردبوو. خۆشنەویستنی

**نۆڤۆتنی** لە ناو حزبەکەی لەو هەولانەی هاتبوو کە هەر ئەندامێک لەگەڵی ناکۆک بوایە، لە حزبەکەی دەردەکرد، ئەمەش هانی زۆر لە هاوڕێیەکانی دا کە لە ناو خۆیاندا نیگەران بن لەوەی کە دەسەڵاتی زۆر لە بندەستی خۆی کۆ دەکاتەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٧دا، ژمارەیەک لە ئەندامانی باڵای حزبەکە پشتگیریی لادانی **نۆڤۆتنی**یان لە دەسەڵات کرد، چونکە **نۆڤۆتنی** سەلماندبووی کە نەیتوانیوە کێشەکانی ناو حزبەکە چارەسەر بکات. لە کانونی دووەمی ١٩٦٨دا، **نۆڤۆتنی** لەگەڵ چەند ئەندامێکی ڕیسوابووی حزبەکە، کە دوو لە جێنشینەکانی **نۆڤۆتنی**یشی لەگەڵدا بوو، ناچار کران واز لە دەسەڵات بهێنن. **لودڤیک سڤۆبۆدا** و **گوستاف هوساک** ڕێگەیان پێ درا بگەڕێنەوە. ڕژێمەکە بە سەلامەتی لە گۆڕینی سەرکردایەتییەکەی ڕزگاری بوو.

### ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (١٩٤٥–١٩٩٠)

لابردنی **واڵتەر ئوڵبریشت**، سەرۆکی *ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات* لە دەسەڵات لە ساڵی ١٩٧٠دا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە گۆڕینی سەرکردایەتی لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا بە زۆری تا ڕادەیەک بە ئاسانی و بەبێ درز کەوتنە ناو دیکتاتۆرییەتەکە دەبێت. هەرچەندە **ئوڵبریشت** سیاسەتمەدارێکی زۆر زیرەک بوو و توانیی بە سەرکەوتوویی و بە کارامەیی لە هەڵوێستە ناهەموارەکاندا بێتە دەرەوە، بەڵام حزبی *یەکێتیی سۆشیالیستی ئەڵمانیا* لە کۆتاییدا سەلماندی کە توانای کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی **ئوڵبریشت**ی هەیە و نەیهێشت **ئوڵبریشت** کۆنترۆڵی تەواو بەسەر ڕژێمەکەدا بەدەست بهێنێت.

کاتێک **ئوڵبریشت** لە سەرەتادا لە سەرەتای ساڵانی ١٩٥٠دا دەسەڵاتی گرتە دەست، هەوڵی دا لە ڕێی کۆنترۆڵکردنی هێزەکانی ئاسایشەوە دەسەڵاتەکەی فراوان بکات. یەکەم وەزیری ئاسایشی دەوڵەت، **ڤیلهیلم تسایسەر** لە ساڵی ١٩٥٣دا لە پۆستەکەی لا برا و **ئێرنست ڤۆڵڤیبەر** لە جێی ئەو دانرا. لە ساڵی ١٩٥٧دا **ئێرنست ڤۆڵڤیبەر** لە پۆستەکەی لا برا و **ئێریش میلکا** خرایە شوێنەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی **ئوڵبریشت** بێسوود بوون. **میلکا** سەلماندی کە دڵسۆزی حزبەکەیە و پشتیوانی لە ئامانجەکانی دەکات لەگەڵ پێویستیی هێشتنەوەی بارودۆخیکی پڕ ترس و دڵەڕاوکێ.

چەندین دەستەبژێر لە ناو حزبی *یەکێتیی سۆشیالیستی ئەڵمانیا* ڕقیان لە **ئوڵبریشت** و شێوازی سەرکردایەتییەکەی بوو. بۆ نموونە، **تسایسەر** و **هێرنشتات**، وایان ڕاگەیاند کە **ئوڵبریشت** گەشە بە بیرۆکەی پەرستنی سەرکردایەتی دەدات. **تسایسەر** و **ڕودۆڵف هیرنشتات** داوای شێوازیکی بەکۆمەڵی زیاتری سەرکردایەتییان، شێوازێک متمانە بکاتە سەر ڕاوێژکردنێکی زیاتر. دژایەتیکردنی **ئوڵبریشت** بەردەوام زیادی دەکرد بە هۆی ڕازیبوونی بۆ هاوکاریکردنی لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەرامبەر بە کۆمەکی ئابووری. دەستەیەکی ناو مەکتەبی سیاسی، کە لە لایەن **ئێریش هۆنیکەر** کە خوێندکارێکی پێشووی **ئوڵبریشت** بوو سەرکردایەتی دەکرا، هەلیان قۆستەوە و **ئوڵبریشت**یان لە دەسەڵات لا برد.

**هۆنیکەر** خێرا گرووپێکی لە دەستەبژێرانی حزبەکە کە پشتگیریی لادانی **ئوڵبریشت**یان دەکرد، کۆ کردەوە. ئەو گرووپە ئەوانەی تێدا بوو: **ڤیلی ستۆف** (سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیران*)، **هێرمان ئاکسن** (پسپۆڕی کاروباری دەرەوەی

**ئوڵبریشت**)، **گونتەر میتتاگ** (پسپۆڕی کاروباری ئابووریی **ئوڵبریشت**). تەنانەت دروستکردنی دەستەیەکی ئۆپۆزسیۆنیش بە تاوانێکی گەورە لە حزبەکە دادەنرا، بەڵام **هۆنیکەر** لە ڕێی هەڵمەتێکی نهێنییەوە لە هەوڵەکانیدا بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت. هەڵمەتەکەی **هۆنیکەر** سەرکەوت و **ئوڵبریشت** لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٧١دا بە بیانووی خراپیی باری تەندروستییەوە بە فەرمی خانەنشین کرا. **هۆنیکەر** خێرا دەستی بەسەر ڕژێمەکەدا گرت، بۆ نزیکەی زیاتر لە بیست ساڵ لەسەر دەسەڵات مایەوە و **ئوڵبریشت**یش نازناوێکی تەشریفاتییان دایە بە ناوی سەرۆکی حزبی *یەکێتیی سۆشیالیستی ئەڵمانیا*.

## ڕووخانی ڕژێمەکان

هەروەک چەندین چاودێر تیشکی دەخەنە سەر، ڕووخانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* لە چەند ڕوویەکەوە بە هۆی ڕووخانی *یەکێتیی سۆڤێت* بوو. نەمانی پشتگیریی *یەکێتی سۆڤێت* بۆ ئەو ڕژێمانە (بە هۆی سەرقاڵبوونی *یەکێتیی سۆڤێت* بە کێشە ناوخۆییەکانی خۆیەوە)، توانا سەرکوتکەرییەکانی ڕژێمەکانی *بلۆکی ڕۆژهەڵات*ی بەرامبەر بە زیادبوونی بەردەوامی بێزاریی جەماوەر لاواز کرد. لە ساڵی ١٩٩٠دا، زۆربەی زۆری ئەو ڕژێمانە ڕووخان. سەرکردەکانی حزبەکان هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە باشترین دەرفەت بۆ مانەوەیان لەسەر دەسەڵات لە ڕێی دانوستانکردن دەبێت لەسەر مەرجەکانی چاکسازی. زۆربەی ئەنجامی دانوستانەکانیان بەشداریکردنی دەسەڵاتی تێدا بوو لەگەڵ هەوڵەکانیان بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکانی ڕابردوو. هەندێک سازان و هاوپەیمانێتی کران و ئەوانە

نەیانهێشت حکومەتە کۆمۆنیستییەکان ئابڕوویان نەچێت. ڕووخانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانی *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* بە زۆری توندوتیژییان لەگەڵدا نەبوو و ڕێگەیان خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی ڕژێمە دیموکراسییە فرەحزبییە سەقامگیرەکان، کە چارەنووسێکە تایبەتە بە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییە جۆراوجۆرەکان.

## دەستەگەری لە ئاسیا

ئەو حاڵەتانەی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانی *ئاسیا* کە لە خوارەوە لێیان دەکۆڵینەوە، بڵاوبوونەوەی دەستەگەری بە ناو هەموو لایەکی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا پیشان دەدات و لەوانەش گرنگتر توانای ئەو ڕژێمانەیە بۆ بەرگەگرتنی ئەو دەستەگەرییە. لە کاتێکدا لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا سەرهەڵدانی دەستەکان دەشێت ببنە هۆی ئەوپەڕی ناسەقامگیری، بەڵام دەستەگەری لەناو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لەوانەیە تەمەنی ڕژێمەکە درێژ بکەنەوە، ئەویش بە دانانی کۆمەڵێک بژاردەی سیاسیی هەمەجۆر لە ناو یەک حزبی باڵادەستدا. هەرچەندە حزبی باڵادەست بە دەگمەن بە دەستەگەری قایل دەبێت، بەڵام لە چەند ڕوویەکەوە ئەو دەستەگەرییە یارمەتیی مانەوەی حزبەکە لە دەسەڵاتدا دەدات. لە ڕاستیدا، هەر یەکێک لەو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییانەی کیشوەری *ئاسیا* کە لە خوارەوە گفتوگۆیان لەسەر دەکەین، بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەی چلوپێنج ساڵ حوکمڕانییان کردووە و هێشتا هەمووشیان تا ئەمڕۆ هەر لە دەسەڵاتدان.

## چین (١٩٤٩-تا ئێستا)

حزبی کۆمۆنیستی چین بۆ ماوەی زیاتر لە شەست ساڵە حوکمڕانیی چین دەکات. هەرچەندە حزبەکە هەوڵ دەدات وێنەیەکی یەکگرتووی خۆی پیشان بدات، بەڵام هەمیشە تووشی دەستەگەری بووەتەوە. سەرهەڵدانی بۆچوونی جیاواز لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا وەک ئەوەی چین، دەشێت وا دەربکەوێت نەگونجاو بێت، بەڵام ئەوە دەدات بە دەستەوە کە شەرعییەتی ئەو دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییانە لە زۆر ڕووەوە لەسەر ئایدۆلۆجیایەکی ورد بونیاد نرابێت. هەرچەندە ئایدیۆلۆجیایەکی بەهێزی حزب نە ڕێنمایی دابین دەکات بۆ ئەوەی حزبەکە دوای باشترینی سیاسەتەکان بکەوێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئایدیۆلۆجییەکان، نە ڕێگە لەوەش دەگرێت کە ململانێیەکان لەسەر دەسەڵات دەرنەکەون. لەم نموونە لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەدا، باسی ئەو ڕۆڵە تەندروستەی دەستەگەری دەکەین کە لە ڕژێمی تاکحزبیی چینیدا گێڕای.

دابەشبوونە ناوخۆییەکانی دەستەبژێرانی حزبەکە شتێکی سروشتی بووە لە ناو حزبی کۆمۆنیستی چیندا، تەنانەت لە ڕۆژانی سەردەمی **ماو تسی تۆنگ**یشدا. **ماو** هەر لە سەرەتای دروستبوونی ڕژێمی کۆمۆنیستی چین لە ساڵی ١٩٤٩دا، فەرمانڕەوایی ڕژێمەکەی کردووە تا مردنی لە ساڵی ١٩٧٦دا. **ماو** تەنیا هەر باوکی نەتەوەیی چین نەبووە، بەڵکو لەبەر زیرەکییەکەشی وەک ستراتیجزانێکی سەربازی ستاییش کراوە. ئەم تایبەتمەندییانەی **ماو** بووەتە مایەی ڕێزگرتنی لە ناو هاوتاکانی و جەماوەردا، لەبەر ئەوەی چین بەردەوام بە درێژایی مێژووی خۆی لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە

هەڕەشەی لێ کراوە. بەم جۆرە، **ماو** بارودۆخێکی وای لە چین هێنایە کایەوە، کە نزیکەی وەک پەرستنی بوو.

هەرچەندە **ماو** لە بواری سیاسەتەکانی چیندا ئەوپەڕی بەهێز بوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە دەستەبژێرانی حزبەکە هەمیشە پشتگیریی بڕیارەکانی ئەویان کردبێت. هەر لە ڕۆژانی سەرەتای دروستبوونی ڕژێمەکەوە، دەستەگەری لەناو ڕژێمەکەدا باو بووە؛ ئەو دەستانە لە هەردوو ڕووی ئایدیۆلۆجی و کەسییەوە ناسرابوون. هەرچەندە ئایدیۆلۆجیای حزبەکە لە سەردەمی **ماودا** بەهێز بووە، بەڵام حزبەکە نە توانیویەتی بۆچوونەکانی دەستەبژێرانی یەک بخات، نە ناکۆکیی ناوخۆیشی نەهێڵێت.

لە چەند ڕوویەکەوە، **ماو** ئەوەندە باڵادەست نەبووە کە خۆی پیشانی دەدا، چونکە دەستەکانی ناو حزبی کۆمۆنیستی چین کۆسپێکی سەرەکی بوون لە بەردەم دەسەڵاتەکەیدا. هەرچەندە **ماو** هەوڵی دا ئەوانەی لەگەڵی ناکۆک بوون پشتگوێیان بخات، بەڵام بە زۆری ئەو نەیدەتوانی ئەوە بکات، چونکە ڕکابەرەکانی هەواداری کەسییان بۆ خۆیان دروست کردبوو وەک هۆیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو. ئەو جۆرە بەرەنگاربوونەوانە هۆیەکیان بۆ حزبەکە ڕەخساند کە نەهێڵێت دەسەڵاتەکان لە بندەستی **ماودا** کۆ ببنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا **ماو** بە توندی دەستی بەسەر ڕژێمەکەدا گرتبوو، بەڵام لە کۆتاییدا متمانەی دەکردە سەر حزبەکە وەک هۆیەک بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات.

هەروەها دەستەگەری لە ماوەی حوکمڕانیی **دینگ سیاوپینگ** لە کۆتایی ساڵانی ١٩٧٠دا تا کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠، باو بوو. بە پێچەوانەی **ماو**، **دینگ** چەند ساڵێکی کەمی بە

فەرمی لە دەسەڵاتدا بەسەر برد، وای پێ باش بوو کە دەسەڵاتەکەی لەپشت پەردەوە پیادە بکات. دەستەگەری لە ناو حزبی کۆمۆنیستی چیندا، **دینگ**ی ناچار کرد کە هەڵسوکەوت لە گەڵ دابەشبوونەکانی ناوخۆی حزبەکەدا بکات. بۆ بەدیهێنانی ئەو سیاسەتانەی دەیویست، **دینگ** دەبوو بە زیرەکانە فشاری بەکار هێنابەیە لەپێناو ویستەکەی، بەڵام هەمیشە ئەنجامەکان لەگەڵ بیرۆکەکانی ئەو یەکیان نەدەگرتەوە.

لەو ماوەیەدا، بە زۆری چەندین دەستە دەربارەی هێڵە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە بیرۆکراتییەکان ڕێک دەخران، سەرەڕای ئەوەش ئەو دەستانە شەڕانییش بوون. **دینگ** هەوڵێکی زیرەکانەی دا بۆ پڕکردنی *کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی چین* و *مەکتەبی سیاسی* و *کۆمیتەی هەمیشەیی* و *کۆنگرەی گەلی نیشتمانی* بەو ئەندامانەی حزبەکە، کە بیروڕایان وەک یەکە. **دینگ** نەیتوانی کۆنترۆڵی ئەندامانی پلەنزم و مامناوەندییەکانی حزبەکە بکات. هەرچەندە **دینگ** ویستی چەپڕەوەکان لە حزبەکە دەربکات، بەڵام ناچار کرا کە ستراتیجێکی مامناوەندیی دەرکردن لە حزبەکە پەیڕەو بکات. مانەوەی **دینگ** لەناو ئەو بارودۆخە دەستەگەرییەدا لە چەند ڕوویەکەوە بە هۆی زیرەکی و شارەزایی لە دانوستانکردندا و توانای لە هەڵبژاردنی دەستەکاندا، بۆ ئەوەی کە پێویستی کرد لایەنی ئەو بگرن.

دەستەگەری بوو بە هۆی سەقامگیری لە چین، لە هەمان کاتدا ڕێگەیەکی دۆزییەوە بۆ ئەو سیاسەتمەدارانەی کە ڕکابەرایەتیی یەکتریان دەکرد بۆ ئەوەی لە ناو دەزگاکانی حزبەکەدا بمێننەوە. لەبری ئەوەی لە حزبەکە هەڵبگەڕێنەوە و

پەیوەندی بە ئۆپۆزسیۆنەوە بکەن، ئەو دەستانە دەرەچەیەکیان بۆ سیاسەتمەدارە نارازییەکان دابین کرد.

دەستەگەری لە چین لە چەند ڕوویەکەوە خزمەتی ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز دەکات لەناو ڕژێمەکەدا. هەموو لایەنەکان دەبێت دانوستان لەگەڵ یەکتر بکەن و گرنگیی دروستکردنی سازان لە ڕایەکانیاندا بەرز بنرخێنن. دەستەکان بە زۆری متمانە دەکەنە سەر یەکتر ئەمەش دەبێتە هۆی پەرشوبڵاوبوونی کاریگەرییان لەسەر سیستەمی سیاسی. چەندین دەستەی چینی کە یەک دەگرن، ئەو یەکگرتنە گرژییەکان خاو دەکاتەوە و وەک هاوپەیمانی لێکنزیکیان لێ دێت، دەشێت وەختێک دوژمنی سەری یەکتر بووبن. سیاسەتمەدارە سەرکەوتووەکان لە چین لە ئێستادا چەندین تۆڕیان هەیە کە بە ناو بیرۆکراتە جۆراوجۆرەکان و یەکە جوگرافییەکاندا بڵاو بوونەتەوە، ئەمانەش هانی دروستکردنی هاوپەیمانی دەدەن. وەک **لی چینگ** و **لین ڕایت** دەنووسن، نە تاک، نە دەستە، نە دامەزراوە و نە ناوچە لە ئێستادا ناتوانێت بەسەر چیندا باڵادەست بێت.

هەروەها دەستەکان وایان کرد کە کۆمەڵەیەکی جۆراوجۆر لە بژاردە سیاسییە پەسەندکراوەکان وەک بژاردە سیاسییەکان لە چین ڕابگەیەندرێن. لەژێر چەتری حزبی کۆمۆنیستی چیندا، بەرپرسانی حزبەکە لەسەر بژاردەی پەسەندکراوی هەمەجۆر ڕێک کەوتن. ئەمەش لەگەڵ ئەو ڕاستییە دێتەوە کە ئایدیۆلۆجیای حزبی کۆمۆنیستی چین نەیدەویست ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت بێت، کە تەنیا لە بەرژەوەندیی یەک گرووپی ئیتنیی دیاریکراودا بێت، بەڵکو وا دانرابوو کە هەموو ناکۆکییەکان تێبپەڕێنێت. لەبەر ئەوەی دەستەکان

دەستاودەستیان لە دەسەڵاتدا دەکرد، پاشخانی پرۆسەیەکی بەردەوام هەبوو کە وای لە حزبی کۆمۆنیستی چین دەکرد بتوانێت سیاسەتەکانی پێشووی ڕێک بخاتەوە و کە پێویستی کرد سیاسەتی نوێ دابڕێژێت. ئەنجامی هەموو ئەو دانوستانە دەستەگەرییە ئەوە بوو کە زۆربەی ئاکامە سیاسییەکان پراگماتی و سەقامگیر دەردەچوون، کاتێک بە هێواشی و زۆر بە گرانی لەسەر بڕیارەکان ڕێک دەکەوتن. دەستەگەری مانای ئەوەیە کە سیاسەتەکان لە چین لە ناوجەرگەی ناکۆکییەکان دێنە دەرەوە و سەقامگیری لە ڕێی ململانێیە کۆتاییەنەهاتووەکان درێژەی پێ دەدراوە.

### مالیزیا (١٩٥٧-تا ئێستا)

لەو کاتەوەی *مالیزیا* سەربەخۆیی بەدەست هێناوە، لە لایەن حزبی *ڕێکخراوی نیشتمانیی یەکگرتووی مالاییەکان* فەرمانڕەوایی کراوە. هەرچەندە حزبی *ڕێکخراوی نیشتمانیی یەکگرتووی مالاییەکان* لە ساڵی ١٩٧٣دا پەیوەندیی بە *هاوپەیمانیی بەرەی نیشتمانی*یەوە کرد، بەڵام ئەم ڕێکخراوە وەک هێزێکی سیاسیی باڵادەست لەناو سیاسەتی *مالیزیا*دا مایەوە. ئەو حزبە لە ساڵی ١٩٤٩دا وەک حزبێکی نەتەوەپەرست دروست بوو، لە یەکەم هەڵبژاردنی گشتیی *مالیزیا* دوای سەربەخۆیی، حزبی *ڕێکخراوی نیشتمانیی یەکگرتووی مالاییەکان* زۆرینەی ڕەهای کورسییەکانی بەدەست هێنا و لەو کاتەوە لە *مالیزیا* دەسەڵاتی بە دەستە.

هەروەک دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانی تر، حزبی *ڕێکخراوی نیشتمانیی یەکگرتووی مالاییەکان* بەشی خۆی لە دەستەگەری تێدا بووە. دەستەگەری تەنیا لەو کاتەدا چڕ

بووەوە کە حزبەکە ئەندامی نوێی هێنایە ناو خۆیەوە. لێشاوی نەوەیەکی نوێی بەرپرسان لە ناو حزبی *ڕێکخراوی نیشتمانیی یەکگرتووی مالاییەکان*دا چینێکی لە ئەندامان هێنایە کایەوە، کە ئامادە بوون پرسیار لە بژاردەکانی سەرکردەکانی حزبەکە بکەن و ڕەخنەیان لێ بگرن. لەبەر کێبڕکێی دەستەگەری، تەنانەت سەرۆکی ڕژێمەکەش نەیدەتوانی هەمیشە زامنی ئەوە بکات کە هاوپەیمانەکانی پۆستە سیاسییە گرنگەکانیان دەست بکەوێت. بۆ نموونە، ئەو کاندیدانەی کە سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیران* **مەهاتیر بن محەمەد** (لە ساڵی ١٩٨١ تا ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیران* بوو) پەسەندی کردبوون، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٦دا براوە نەبوون. **مەهاتیر** زۆر جار دەبوو خەریکی ڕەخنەی ئەندامانی حزبەکەی بوایە، وەک ڕەتکردنەوەی کاندیدەکانی و سکاڵاکان لەسەر شێوازی سەرکردایەتییەکەی.

کێشەکانی دەستەگەری لە ناو حزبی *ڕێکخراوی نیشتمانیی یەکگرتووی مالاییەکان* لەسەر بابەتی هەمەجۆر سەریان هەڵدەدا، وەک ئەوەی ئایا حزبەکە هەوڵ بۆ چاکسازیی سیاسی بدات. زۆربەی سەرکەوتنی حزبەکە بە هۆی ئەو جموجۆڵە ناوخۆییە نیمچەکراوەکەی بوو، کە ڕێگەی بە گفتوگۆ و دەربڕینی نیگەرانیی ئەندامەکانی دەدا. ئەو ئەندامانەی کە وا دادەنرا حزبەکە بەجێ بهێڵن ئەوا لە کۆتاییدا ڕێگرییان لێ دەکرا، بە هۆی ئەو بڕوایەی کە ئەوانە دەتوانن بە شێوەیەکی ڕەوا پۆست لە دەوڵەتدا بەدەست بهێنن، لە ڕێی حکومەتێک کە حزبی *ڕێکخراوی نیشتمانیی یەکگرتووی مالاییەکان* بەڕێوەی ببات. بەم شێوەیە، حزبی *ڕێکخراوی نیشتمانیی یەکگرتووی مالاییەکان* وەک داخەرەوەی دڵنیایی وا بوو، بە چەند ڕێگەیەک

دەرفەتی دەدا بە ڕکابەرە دەستەگەراییەکان بۆ دەربڕینی ڕایەکانیان لەپێناو هێورکردنەوەیان.

بۆ دەستەبژێرانی ناو حزبەکە پەیوەندیکردن بە دەستەیەکی ناو حزبەکە باشتر بوو وەک لەوەی واز لە حزبەکە بهێنن. تەنانەت لە کاتەکانی تەنگژە ئابوورییەکانیشدا (کە دەستەبژێران سەرچاوەی دارایی کەمتریان لە بەردەستدا بوو بۆ بەردەوامبوونی پێدانی کۆمەک بە تۆڕەکانی دەستوپێوەندەکانیان)، دەستەبژێران بە دڵخۆشییەوە بە حزبەکەوە نووسابوون. لە ڕۆژانی تەنگانەشدا، دەستەبژێرانی حزبی *ڕێکخراوی نیشتمانیی یەکگرتووی مالاییەکان* لە دەرەوەی حزبەکەیان داهاتی کەمتریان بۆ دەستوپێوەندەکانیان دەدۆزییەوە. بەم جۆرە ئەوە هانی ئەو دەستەبژێرانەی دابوو کە بچنە ناو دەستەکان، بەڵام بە دەگمەن لە حزبەکە هەڵدەگەڕێنەوە. لەگەڵ ئەوەی چەندین لە دەستەبژێرانی حزبەکە بە چاوی سووک تەماشای **مەهاتیر**یان دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر کەم لەو دەستەبژێرانە وازیان لە حزبەکە هێنا. بە پێچەوانەی ئەوەی زیان بە ڕژێمەکە بگەیەنێت، دەستگەری لە چەند ڕوویەکەوە یارمەتیی ڕژێمەکەی دا بۆ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە.

### تایوان (١٩٤٩-٢٠٠٠)

هەرچەندە ئێستا **تایوان** وڵاتێکی دیموکراسییە، بەڵام بۆ زیاتر لە نیو سەدە لە لایەن حزبی *گەلی نەتەوەیی چین* حوکمڕانی کراوە. حزبی *گەلی نەتەوەیی چین* لە ساڵی ١٩٢٨ەوە فەرمانڕەوایی چەندین بەشی *چین*ی کردووە تا لە ساڵی ١٩٤٩دا ناچار کرا بکشێتەوە بۆ *تایوان*. لەگەڵ ئەوەشدا

*تایوان* چیتر بە دەوڵەتێکی دەسەڵاتگەرایی دانانرێت، بەڵام ئێستا حزبی *گەلی نەتەوەیی* چین زۆرینەی کورسییەکانی لە پەرلەمانی *تایوان* هەیە (٧١٪ی کورسییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٨دا) و هێشتا یاریکەرێکی گەورەیە لە بواری سیاسەتی *تایوان*دا.

حزبی *گەلی نەتەوەیی* چین بۆ ماوەی زیاتر لە بیستوپێنج ساڵ لە لایەن **چیانگ کای شیک** ڕابەرایەتی دەکرا تا لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆچی دوایی کرد. هەرچەندە **چیانگ کای شیک** هێزێکی باڵادەست بوو لە *تایوان*، بەڵام دەسەڵاتەکەی نەرمتر کرد بە هۆی بوونی دەستەگەری لە ناو حزبی *گەلی نەتەوەیی* چین. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، **چیان کای شیک** زۆر بەئاگا بوو لەوەی سیاسەتەکانی لەو سنووورە تێنەپەڕێنێت کە جێی ڕەزامەندیی دەستەبژێرانی ناو حزبی فەرمانڕەوا بوو. پڕاگماتیزمی حزبەکە بوو بە هۆی هاندانی ڕەخنەگرتن لە ناوەندە سیاسییە هەرە باڵاکانەوە و دواتر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئاستێکی بەرفراوان. خۆشکردنی ئاگرەکە و پەرەسەندنی دەستەگەری. دانیشتنە پەرلەمانییەکانی حزبی *گەلی نەتەوەیی* چین پڕ بوون لە گفتوگۆی توند لەسەر ئاڕاستەی وڵاتەکە و کام ئابووری و سیاسەتی دەرەوە ئەوپەڕی گەشە و سەقامگیری بۆ وڵاتەکە دەهێنن. کاتێک دەستەکان کێبڕکێیان لەسەر دەسەڵات و بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکەیان دەکرد، ناکۆکییەکان ئەوندە توند بوون وایان کردبوو گران بێت بۆ حزبی *گەلی نەتەوەیی* چین کە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە.

کاتێک **چیانگ چینگ کیۆ** دوای کۆچی دوایی باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست، دەستەگەری لە ناو حزبی *گەلی*

*نەتەوەیی* چین لە هەموو کاتێک توندتر بوو. لەگەڵ ئەو هەوڵانەشی کە **چیانگ چینگ کیۆ** دای بۆ پاککردنەوەی حزبەکە لە ڕکابەران، ڕکابەرانی دەستەگەری لە حزبەکەدا هەر مابوون. بڵاوبوونەوەی دەستەگەری لە ناو حزبی *گەلی نەتەوەیی* چین دەسەڵاتی **چیانگ چینگ کیۆی** سنووردار کردبوو. دەشێت ئەو دەستەگەرییە تەنانەت بەشداری لە سیاسەتی ئابووریی ژیرانەی *تایوان* کردبێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی سیاسەتە پێشنیارکراوەکان دەکەوتنە بەر ڕەخنەی دەستە جۆراوجۆرەکانەوە. لە چەند ڕوویەکەوە، دەستەگەری لە *تایوان* ڕژێمی حزبی *گەلی نەتەوەیی* چینی بەهێز کرد، ئەویش لە ڕێی جڵەوگرتنی حوکمڕانیی قەیسەری و ڕەچاوکردنی هەبوونی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان تێیدا.

### مانەوەی ڕژێمەکان

هەموو ئەو حزبانەی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانی *ئاسیا* کە باس کران، تا ئەمڕۆ لەسەر دەسەڵاتن، لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا کە هەر یەکێکیان بەوە ناسرابوو کە دەستەگەری بە شێوەیەک لە شێوەکان تێدایە. دەستەگەری لەبری ئەوەی ببێتە مایەی ناسەقامگیریی ڕژێمەکە، دەتوانێت تەمەنی ڕژێمەکە درێژ بکاتەوە.

ئەو حاڵەتانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە دەستەگەری پێویستی بە دانوستانی زیرەکانەیە، کە دەبێت بەشێک لە سەرکردەکانی حزبەکە بیکەن و ناچاریان دەکات هەڵسوکەوت لەگەڵ بۆچوونی جیاوازدا بکەن. سەرەڕای ئەوەش، دەستەگەری دەشێت شتێکی تەندروست بێت بۆ ڕژێمە

تاکحزبییەکان. دەستەگەری دەرچەیەک بۆ کێبڕکێی دەستەبژێرانی ناو حزبەکە دابین دەکات و وا لە ڕژێمەکان دەکات کە خۆیان بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی هەلومەرجە گۆڕاوەکان بگونجێنن. لەوانەیە ئەو هەلومەرجگۆڕانە بە مەبەست نەکرێن، بەڵام لە کۆتاییدا دەستەگەری تەمەنی ڕژێمە تاکحزبییەکان درێژتر دەکات و زامنی بەردەوامبوونی مانەوەی حزبەکە لە دەسەڵاتدا دەکات.

### سیاسەتی ڕژێمە تاکحزبییە دەسەڵاتگەراییەکان لە مەکسیک (١٩٢٩-٢٠٠٠)

حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* کە لە *مەکسیک* دەسەڵاتی بە دەستە، درێژترین ماوەی حوکمڕانیی لە مێژووی هاوچەرخدا هەیە. لە زۆرترینی ماوەی سەدەیەکدا، حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* کۆنترۆڵی حکومەتی *مەکسیک*ی کردووە. حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* بە سیستەمی حزبێکی بەهەژموون دانراوە، ئەم حزبە بە زۆری متمانەی کردووەتە سەر ستراتیجییەتی خەڵک هێنانە ناو حزبەکە وەک لەوەی سەرکوتکردن یان فرتوفێڵی هەڵبژاردن بەکار بهێنێت. هۆی سەرەکیی مانەوەی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*، توانای حزبەکە بوو بۆ دروستکردنی پشتگیریی جەماوەری و نەهێشتنی هەڵگەڕانەوەی دەستەبژێران بوو. لەم نموونە لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەدا، ئەوە پیشان دەدەین کە چۆن حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* هەموو ئەو ستراتیجانەی کە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە بەردەستیاندا بووە، بەکاری هێناون و یارمەتیی مانەوەی لە دەسەڵاتدا داون.

حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* لە چەند ڕوویەکەوە حزبێک بوو لایەنە جیاوازەکانی دەگرتە خۆی، دەکەوتە ناوەڕاستی شەبەنگە ئایدیۆلۆجیایەکان، بەڵام بە سنوورێکی فراوان. ئەمەش وای کردبوو کە بۆ گرووپە ئۆپۆزسیۆنە چەپڕەو و ڕاستڕەوەکان گران بێت هاوکاریی یەکتر بکەن و بە جۆریک یەک بگرن کە بتوانن بەرەنگاری دەسەڵاتی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* ببنەوە.

وەک چەندین دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان، *مەکسیک* لەژێر فەرمانڕەوایی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* بە شێوەیەکی باش بە دامەزراوەیی کرابوو. حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* لێزان بوو لە پێکهێنانی دەزگایەکی حزبیی زۆرڕێکخراو بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا کێبڕکێ بکات و کۆنترۆڵی سێکتەرە گرنگەکانی کۆمەڵگە بکات لە ڕێی پێکهاتە و دەستەبژێرانی حزبەکە. ئاستی باڵای دامەزراوەیی لە حزبی *شۆڕشگێڕێ دامەزراوەیی*دا مانەوەی حزبەکە ڕوون دەکاتەوە، چونکە ئەو حزبە خۆی لە ناو کۆمەڵگەدا بەهێز کردبوو و تۆڕی دەستوپێوەندەکانی بە کارامەیی پێش خستبوو و توانیبووی ئەندامەکانی ڕێک بخات وێڕای ڕێکخستنی ڕەفتاری دەنگدەر.

یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی *مەکسیک* لەژێر فەرمانڕەوایی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*، سیستەمی شەشی بوو؛ سنووری توندی خولی شەش ساڵی، کە سەرۆککۆمار ناچار کرابوو پەیوەست بێت پێیەوە، ئەو مەرجە دڵنیایی ئەوەی دابوو کە هیچ تاکێک نەتوانێت دەسەڵاتێکی زۆر لە بندەستی خۆی کۆ بکاتەوە و هانی دەستەبژێرانی حزبەکەی دەدا کە لە حزبەکە بمێننەوە (خێرا ببن بە سەرۆککۆمار) و چاوەڕوانی

نۆبەی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی ببن بە سەرۆککۆمار. ئەو مەرجە دانراوانە بۆ دەستاودەستکردنی سەرکردایەتی، گرژییەکانی ناو حزبەکەی خاو کردبووەوە، ئەویش بە ئاسانکردنی کێبڕکێ لە ناو حزبەکەدا. هەرچەندە مەبەست لەو سیستەمی شەش ساڵییە ئەوە بوو کە هەر شەش ساڵێک ململانێیەکی توند هەبێت بۆ پێدانی پۆستی سەرۆککۆمار، بەڵام مەبەستێکی تری ئەو شەش ساڵییە ئەوە بوو کە حزبەکە لە هەر تاکێکێکی ناوی بەهێزتر بێت و دەستەبژێرانی حزبەکەش هەمیشە چاوەڕوانی ئەو بەڵێنە بن کە دەشێت ڕۆژێک حزبەکە بیانپاڵێوێت بۆ پۆستی سەرۆککۆماری.

حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* هەوڵی زۆری دا بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی بەشە گرنگەکانی دانیشتوان، ئەویش لە ڕێی هەڵمەتی ئەو هەوڵانەی وێڕای تۆڕەکانی هەوادارانی. ئەو جۆرە هەوڵانە زۆر گرنگ بوون بۆ مانەوەی حزبەکە، نەک تەنیا بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی جەماوەری، بەڵکو بۆ ئەوەی وێنەیەک لە ناو حزبەکە دروست بکات کە هەرگیز شکست ناهێنێت.

لە ماوەی ساڵانی زێڕینی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*، حزبەکە هەڵبژاردنەکانی بە جیاوازییەکی دەنگی زۆر دەبردەوە. هۆیەکی سەرەکی ئەوە بوو حزبەکە جەختێکی زۆری لەسەر هاندانی دەنگدەران بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان دەکردەوە، تەنانەت ئەگەر کێبڕکێش نەبوایە، بۆ ئەوە بوو نەهێڵێت دابەشبوون لە ناویدا ڕوو بدات. حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* پەرەی بە تۆڕێکی ئاڵۆزی ڕێکخراوەکان و چالاکییەکانی دا بۆ کۆکردنەوەی دەنگدەران و چوونیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و پێش هەڵبژاردنەکان پاداشتی مادیی تایبەتی دەبەشییەوە، هەموو جۆرە پاداشتێک، لە زەویدابەشکردنەوە بۆ پێداویستییەکانی خانوبەرەدروستکردن تا دەگاتە پێدانی پۆستی

حکومی. حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* وای کردبوو کە هەڵبژاردنەکان پێشبڕکێدار نەبن و دەنگدەری زۆر بچن بۆ دەنگدان، بۆ ئەوەی وێنەیەک لای جەماوەر دروست بکات کە حزبەکە بەهێزە و بە شێوەیەکی سەرەکی دەیویست نەهێڵێت سیاسەتمەدارە نارازییەکان واز لە حزبەکە بهێنن، تەنانەت کاتێکیش هەڵبژاردنەکان پێشبڕکێشیان تێدا نەبێت.

ئەو تاکتیکە زۆرتێچوانە، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوتن کە دژی یەک بن، بەڵام یارمەتیی مانەوەی بەردەوامیی حزبەکەیان دا لە دەسەڵاتدا. لە هەڵبژاردنەکاندا هەر فڕوفێڵ بەس نەبوو بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا، حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی دەبوو* دڵنیا بێت لەوەی کە پاداشتی لە خشتەبەری تەواو بەسەر پشتیوانانی حزبەکە دابەش کراوە، بۆ ئەوەی دەنگدەرانی زۆر بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بەوانەش بڵێت کە دەیانەوێت لە حزبەکە هەڵبگەڕێنەوە، کە حزبەکە بەهێزە. لە بەرامبەردا، دەستەبژێرانی حزبەکە لە ناو حزبەکەدا مانەوە، چونکە مانەوەیان باشترین گرەنتی بوو بۆ بەدەستهێنانی پۆستی حکومی.

## ڕووخانی ڕژێمەکە

دەستەگەری لە ناو حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* شتێکی زۆر باو بوو. **جۆی لانگستۆن** دەڵێت: "لە دروستبوونی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* لە ساڵی ١٩٢٩دا تا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٧دا، گەورەترین بەرەنگاری بۆ ڕژێمەکە لە دووبەرەکیی ناوخۆی حزبەکەوە دەهات، نەوەک لە سەرکەوتنەکانی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لە هەڵبژاردنەکاندا. یەکێک لە بەناوبانگترین (وێرانکەرترین)

دابەشبوونەکانی حزبەکە لە ساڵانی ١٩٨٠دا ڕووی دا. ئەندامی باڵی چەپی حزبەکە گرووپێکی سیاسییان لە ناو حزبەکە دروست کرد، کە پێی دەگوترا *ڕەوتی دیموکراتی* و لە لایەن **کواوهیتمۆک کاردیناس** و **پۆرفیرۆ مونۆز لیدۆ** و **کارلۆس تیلۆ** و **ئیفیگنیا مارتینیز** و **ڕۆدۆلفۆ گوئیڤارا** سەرکردایەتی دەکرا. *ڕەوتی دیموکراتی* دەستی کرد بە مشتومڕکردن لەسەر پرۆسەی جێنشینی لەژێر سایەی ڕژێمەکەدا، بەتایبەتی توانای سەرۆکی ئەو کاتە بۆ هەڵبژاردنی جێنشین بۆ دوای خۆی. حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* هەوڵی دا لە ڕێی هەڕەشە و بەرتیلەوە کاریگەری بخاتە سەر هەڵسوکەوتی *ڕەوتی دیموکراتی*، بەڵام لە کۆتاییدا *ڕەوتی دیموکراتی* لە حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* جیا بووەوە، ئەوەش کاتێک کاندیدکردنی **کاردیناس** بۆ سەرۆککۆماری ڕەت کرایەوە. هەر زوو دوای ئەوە، **کاردیناس** وەک کاندیدی سەرۆککۆماری حزبی *بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی*، کە هاوپەیمانییەکی لاوازی حزبە چەپڕەوەکان بوو، دەستنیشان کرا.

هەرچەندە زۆر لە سیاسەتمەداران جیابوونەوەی *ڕەوتی دیموکراتی* لە حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* بە بەشێک لە هۆی ڕووخانی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* دەزانن، بەڵام ئەم جیابوونەوەیە لە ڕاستیدا نیشانەی کێشەی گەورەتر بوو کە حزبەکە ڕووبەڕووی ببووەوە. هەروەک لە چەندین دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا هەیە، دەستەگەری هۆی ئەوە نەبوو کە حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* لە کۆتاییدا دەسەڵاتی لەدەست دا. ناکۆکییەکانی ناوخۆی حزبەکە لەسەر کاندیدکردن بۆ سەرۆککۆمار، بۆ نموونە، هەر شەش ساڵ

جارێک ڕووی دەدا؛ حزبەکە بە ڕوونی کێشەی کەمی هەبوو بۆ مانەوەیان.

قەیرانی پیسۆی ساڵی ١٩٩٤ ئەنجامێکی کارەساتباری بەسەر ئابووریی *مەکسیک*دا هەبوو (پیسۆ پارەی *مەکسیک*ە) و توانای حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* لاواز کرد بۆ ئەوەی درێژە بە پێدانی کۆمەک بە تۆڕی لایەنگرانی بدات. لەبەر ئەوەی ئەو کارەساتە ئابوورییە یەکەم سستبوونی ئابووری نەبوو لە *مەکسیک* و دەنگدەرانیش زۆر لێبوردە نەبوون بەرامبەر حزبەکە. کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە دەنگدەران چیتر کۆمەکی ئابوورییان لە حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی* پێ نەگەیشت بۆ پشتگیریکردنی حزبەکە، لە حزبەکە هەڵگەڕانەوە و پشتگیریی خۆیان بۆ ئۆپۆزسیۆن تەرخان کرد. لە کاردانەوەی ئەوەدا، ئەو دەستەبژێرانەی ناو حزبەکە کە وا دانرابوون لە حزبەکە هەڵدەگەڕێنەوە، کاتێک بینییان هەلیان بۆ ڕەخساوە و حزبەکە دەردەکەوت لاواز بووە، لە حزبەکە هەڵگەڕانەوە.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٠دا، هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار ئەنجام درا. **کاردیناس** کە کاندیدی حزبی *چەپی شۆڕشگێڕی دیموکراتی* بوو، ١٧٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. کاندیدی حزبی *شۆڕشگێڕی دامەزراوەیی*، **فرانسیسکۆ لاباستیدا**، ٣٦٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. کاندیدی حزبی *کاری نیشتمانیی پارێزگار*، **ڤیڤسینتا فۆکس**، ٤٣٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. **فۆکس** وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا و زیاتر لە هەشتا ساڵ باڵادەستیی حزبی *شۆڕشگێری دامەزراوەیی* بە فەرمی کۆتایی هات.

**پوختە و ئەنجام**

بە زۆری دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان خۆیان وا پیشان دەدەن کە ڕژێمی دیموکراسین، چەندین لەو دیکتاتۆرییەتانە هەڵبژاردنەکان دەکەن و پەرلەمان تیایاندا بەکارە، تەنانەت هەندێکیان ڕێگە بە حزبە سیاسییەکانی تر دەدەن کێبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی پۆست بکەن. لەپشت ئەو ڕوخسارە بە ڕواڵەت دیموکراتییەیان، ئامرازێکی حزبیی باشدامەزراو و زۆر بەدامەزراوەییکراو هەیە، کە ڕژێم بە هۆیەوە بەردەوام چاودێری و کۆنترۆڵی کۆمەڵگە دەکات و پەنا بۆ سەرکوتکردن یان بۆ فرۆفێڵ دەبات، ئەگەر باڵادەستییەکەی بە هەر شێوەیەک تووشی مەترسی ببێت.

دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕژێمێکی تەمەندرێژن، تەمەندرێژیی ئەو دیکتاتۆرییەتانە لە چەند ڕوویەکەوە دەدرێتە پاڵ متمانەیان لەسەر بە ناو دامەزراوە دیموکراتییەکان. دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان جۆرەها ستراتیج بەکار دەهێنن بۆ ڕاکێشانی دەستەبژێران (بەگشتی جەماوەر) بۆ ناو پرۆسەی سیاسی و هەندێک بەرژەوەندییان بۆ دابین دەکەن کە پەیوەست بێت بە مانەوەی دیکتاتۆرییەتەکە. پێکهاتەی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان بە جۆرێکە کە دەستەبژێرانی حزبەکە بە شێوەیەکی ئاسایی دەستکەوتیان زۆرتر دەبێت ئەگەر پێکەوە کار بکەن، تەنانەت کاتێک لەسەر هەندێک پرس ناکۆکیش بن وەک لەوەی لە حزبەکە هەڵبگەڕێنەوە و پەیوەندی بە ئۆپۆزسیۆنەوە بکەن. لە حاڵەتێکی ئاوادا، ئەو ڕژێمانە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێن بەرگە دەگرن و دەتوانن بەرگەی گۆڕانە سیاسی و دابەشبوونە ناوخۆییەکان بگرن.

لەم بەشەدا، لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانمان کۆڵییەوە. ئەو چەندین لایانەمان پیشان دا کە ئەو ڕژێمانە تیایاندا لە یەک دەچن، هەروەها ئەو لایەنە گرنگانەش کە تیایاندا لێک جیاوازن. بە ئەنجامدانی ئەوانەی سەرەوە، ئەم بەشە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن حوکمڕانیکردن لە لایەن حزبێکی سیاسیی باڵادەست دەتوانێت ئەو بەرژەوەندییانەی دیاری بکات کە سیاسەتمەدارەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە و ئەو ستراتیجانەش کە ئەو سیاسەتمەدارانە دەیگرنە بەر بۆ دەستەبەرکردنی مانەوەی سیاسییان.

# بەشی یازدەیەم
# باشووری بیابانی ئەفریقا و دەوروبەری

دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لەوانەیە لە هەموو شێوەکانی دیکتاتۆرییەتەکان هەمەڕەنگتر بێت؛ لە دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویدا هەموو دەسەڵات بە دەستی تاکەکەسێکەوەیە و بە زۆری سیاسەتەکان ڕەنگدانەوەی هەوەس و ئارەزووەکانی کەسی دەبن. هیچ کەسێک نییە بتوانێت هەڵسوکەوتەکانی سەرکردە هێمن بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو هەڵسوکەوتە نامۆش بێت. لەم بەشەدا، شیکردنەوەیەکی قووڵی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان یان حوکمڕانیی یەککەسی دەخەینە ڕوو. گفتوگۆ لەسەر پێکهاتی ناوەوەی ئەم ڕژێمانە دەکەین، شێوازەکانی هەڵسوکەوتیان و ئەو ستراتیجانەی کە سەرۆکەکان دەیگرنە بەر بۆ دەستەبەرکردنی مانەوەی سیاسییان.

### دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی چییە؟

دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ئەو ڕژێمانەن کە تیایاندا تاکەکەسێک کۆنترۆڵی سیاسەت دەکات. لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، یەک کەس دەست بەسەر سوپا و دامودەزگاکانی دەوڵەت و حزبی فەرمانڕەوادا (ئەگەر هەبێت)

دەگرێت. هیچ دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بوونی نییە کە پەیوەست نەبێت بە سەرۆکەوە. هەرچەندە سەرۆک دەشێت هاوپەیمانی بکات یان حزبێکی سیاسی دروست بکات، بەڵام ئەو حزبە تەنیا ئامێرێکی دەستی سەرۆک دەبێت. دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بە زۆری ئەندامی پێشوو یان ئەو کاتەی سوپا دەبن. کاتێک دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن، سوپا بە تەواوی ملکەچی ئەوان دەبێت. ئەو دیکتاتۆرە تاکڕەوانە لەوەدا لە دیکتاتۆرەکانی دیکتاتۆرییەتە سەربازی و تاکحزبییەکان جیاوازن، کە نە هیچ حزبێک و نە سوپا ڕۆڵیان نابێت نە لە سیاسەت دروستکردن و نە لە بڕیاردانی هەڵبژاردنی جێنشینی دیکتاتۆرەکەدا. لەبری حزب و سوپا، دیکتاتۆر کۆنترۆڵی هەموو بڕیارە سیاسییەکان دەکات و پۆستە سیاسییەکانیش دابەش دەکات.

دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بەوپەڕی ئازادییەوە فەرمانڕەوایی دەکەن و ڕێگە بە زۆر سیاسەتی نامۆ دەدەن. نموونە زۆرن، **موعەممەر قەزافی**ی *لیبیا* ساڵنامەی گریگۆری گۆڕی بۆ ساڵنامەی هەتاوی و ناوی هەموو مانگەکانیشی گۆڕی بۆ ئەو ناوانەی خودی خۆی دای دەهێنان. **هاستنگس باندای** *مالاوی* بڕیارێکی دەرکرد کە نابێت ژنان پانتۆڵ لە پێ بکەن. **فرانسیکۆ ماسیاس نگویما**، سەرۆکی *گینیای ئیستیوائی* هەموو جۆرە دەرمانێکی هاوچەرخی لە وڵاتەکە قەدەغە کرد، تەنانەت لە ماوەی بڵاوبوونەوەی کۆلێرای ترسناکیشدا. هەروەک **سامیۆڵ دیکالۆ** دەنووسێت، دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی دەکرێت وا پێناسە بکرێت کە سیستەمێکی دەسەڵاتگەرایی سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتییە و تاکێک دای دەنێت (مەدەنی بێت یان سەربازی)، تێیدا پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ڕواڵەتدا

دەپارێزرێن یان نا، هەموو بڕیارە سیاسییەکان ئەو دەریان دەکات و هەموو کۆمەڵگە وا دەبینێت کە موڵکی کەسیی ئەو بێت.

دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان گرووپێک لە خەڵک هاووڵاتییان هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی لە کاروباری فەرمانڕەواییدا یارمەتیی بدەن، ئەو گرووپە بە تاقمی دیکتاتۆر ناسراوە. ئەندامانی ئەو تاقمە بە شێوەیەکی ئاسایی دۆست یان ئەندامی خێزانی دیکتاتۆرن. تەرازووی هێز لە نێوان سەرۆک و تاقمەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەرژەوەندیی سەرۆکدایە. لە حاڵەتێکی ئاوادا، دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان ڕووبەڕووی هەندێک لەو یاسایانە دەبنەوە کە دەسەڵاتەکانیانی سنووردار دەکەن. ڕژێمەکان بە ڕژێمی تاکڕەوی پێناسە دەکرێن کاتێک مافی فەرمانڕەواییکردن بدرێتە کەسێک نەوەک فەرمانگەیەک، هەرچەندە بە فەرمی دەستووری نووسراویش هەبێت.

دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لەوەدا لە جۆرەکانی تری ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان ناچن کە تیایاندا هێڵی نێوان سەرۆک و خودی ڕژێمەکە بە زۆری لێڵە. هەرچەندە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان هەندێک جار دوای مردن یان خانەنشینی سەرۆکەکە دەمێننەوە، بەڵام گۆڕینی سەرکردایەتی لە ناوخۆی ڕژێمدا تا ڕادەیەک دەگمەنە.

**پێناسەی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی**

* یەک کەس فەرمانڕەوایی دەکات، دەسەڵات بە تەواوی لە بندەستی یەک کەسدایە.
* دامەزراوەکان سەربەخۆ نین.
* سوپا ملەچی سەرۆکە.
* حزبە سیاسییەکان، ئەگەر هەبن، دەسەڵاتی دیفاکتۆیان نییە.
* بژاردە سیاسییەکان سەرۆک بڕیاریان لێ دەدات.
* هیچ کۆتوبەندێک لەسەر دەسەڵاتی سەرۆک نییە.
* تاقمێکی دۆستانی سەرۆک و ئەندامانی خێزانی سەرۆک یارمەتیی سەرۆک دەدەن لە فەرمانڕەواییدا.

## شیکردنەوەی تیۆرییانەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان

دەمێکە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان سەرنجی توێژەرانی بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە و ئەو ئەدەبیاتەی بۆ ئەو دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییانە تەرخان کراوە، تەواو دەوڵەمەندە. ئەو ڕژێمانە لە چەند ڕوویەکەوە بە زۆری بە هۆی ئەو هەڵسوکەوتە ڕاڕا و نامۆیانەیان سەرنجڕاکێش بوون. لەو دیکتاتۆرییەتانەدا هەموو دەسەڵات لە بندەستی تاکەکەسێکدا کۆ بووەتەوە، سەرۆک هەرچییەکی بوێت دەیکات. تەنانەت لەو ڕژێمانەدا سیاسەتی ئەوپەڕی ناگونجاو و سەرەڕۆیانە دەکرێت بوونیان هەبێت. لەم بەشەدا، بابەتە سەرەکییەکان لەسەر دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لە ئەدەبیاتی ئەو دیکتاتۆرییانەدا دەخەینە ڕوو.

## جۆرەکانی فەرمانڕەوایی تاکڕەوی سوڵتانیزم

سوڵتانیزم جۆرێکە لە ڕژێم کە **ئێچ ئی شەهابی** و **خوان لینز** بە قووڵی لێی دەکۆڵنەوە. زاراوەی سوڵتانیزم لە بنەڕەتدا لە لایەن **ماکس ڤیبەر** داڕێژراوە. ڕژێمە سوڵتانییەکان بە شێوەیەکی بنچینەیی کۆمەڵەیەکی بچووکی ناو کۆمەڵە گەورەکەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکانە. ڕژێمە سوڵتانییەکان شێوەیەکی ئەوپەڕی حوکمڕانیی تاکڕەوییە کە تاکەکەسێک فەرمانڕەوایی دەکات و دووڕوویی دەستوورییشی تێدایە، دڵسۆزی بۆ سەرۆک لە ڕێی تێکەڵێک لە ترس و پاداشت بۆ هاوکارەکانی بەدەست دەهێنرێت. ڕژێمە سوڵتانییەکان نە لەسەر ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت و نە لەسەر کاریکی کەسیی سەرۆک و نە لەسەر شەرعییەتێکی کاریزمایی بونیاد نەنراون. ڕژێمە سوڵتانییەکان لەوەدا لە دیکتاتۆرییەتە تۆتالیتارییەکان جیاوازن کە بەکارهێنانی تیرۆر تیایاندا بە هۆی هیچ هاندەرێکی ئایدیۆلۆجیایی نییە و هیچ هەوڵێکیش لە لایەن ڕژێمەکەوە نادرێت بۆ کۆکردنەوە جەماوەر لە دەوری خۆی. لەبری ئەوە، لە ڕژێمە سوڵتانییەکاندا، ئامانجی فەرمانڕەوا بەکارهێنانی دەسەڵاتە بۆ هەندێک مەبەستی تایبەت، کە فەرمانڕەواکە پێی خۆشە و دابەشی دەکات بەسەر هاوکاریکەرە دڵسۆزەکانی.

لە ڕژێمە سوڵتانییەکاندا، دامەزراوەی سیاسیی کارا بوونی نییە، ئەو ڕژێمانە بەوە دەناسرێنەوە کە دەسەڵاتی تاکەکەسی باڵادەستە و بە هەڕەمەکی دەسەڵات بەکار دەهێنرێت و کەرتی گشتی و تایبەت تیکەڵن. گەندەڵی و بەرژەوەندیی خزم و دۆستان خستنە پێش بەرژەوەندیی خەڵک زۆر باون و

بەردەوام ئابووری تووشی دەستتێوەردانی حکومەت دەبێتەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی داهاتەکانی بۆ سەرۆک.

ڕژێمە سوڵتانییەکان لە ڕێی بەکارهێنانی بەربڵاویی ترسەوە بەردەوامی بە دەسەڵاتەکانیان دەدەن. مانەوەی کارمەندە سیاسییەکان لە پۆستەکانیاندا بەندە لەسەر مەرجی دڵسۆزییان بۆ سەرۆک. لە حاڵەتێکی ئاوادا، کارمەندانی دەوڵەت لە مانەوەیان لە کارەکانیان زۆر کەم دڵنیان و دەکرێت لە هەر کاتێکدا بێت پۆستیان بدرێتێ یان لە پۆستەکانیان دەربکرێن. ڕژێمە سوڵتانییەکان لە ڕێی بەخشینەوەی پاداشتی مادی بە بەشە گرنگەکانی کۆمەڵگە لەسەر دەسەڵات دەمێننەوە. ئەو ڕژێمانە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە لە ڕێی پێدانی کۆمەکەوە دەهێننە ناو ڕژێمەکەیان و گەشەکردنی درێژخایەنی ئۆپۆزسیۆن لاواز دەکەن. خەڵک هێنانە ناو ڕژێمەکە بە شێوەیەک دەبێت کە ڕژێمەکە هەڵیان دەبژێرێت بۆ ئەوەی بنکەیەکی جەماوەریی تەسکی پشتگیری دروست بکات، کە ڕژێمەکە بۆ هێشتنەوەی کۆنترۆڵکردنی بەسەر دەسەڵاتدا پێویستی پێ دەبێت.

گۆڕانی سەرکەوتوانەی ڕژێمە سوڵتانییەکان بۆ ڕژێمی دیموکراسی ئەگەرێکی دوورە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سەرۆک بە ناو دەوڵەت و هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا شۆڕ بووەتەوە، دەبێت دروستکردنی دامەزراوە سیاسییەکان لە سەرەتاوە دەست پێ بکرێتەوە. کاتێک ئەو ڕژێمانە دەڕووخێن، بەدیموکراتیکردن کارێکی دەگمەن دەبێت.

**دیکتاتۆرییەتەکانی پەیامبەری،**
**شازادەیی، ئۆتۆکراتی و ستەمکاری**

**ڕۆبەرت جاکسۆن** و **کارڵ ڕۆزبێرگ** دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بەسەر چوار جۆردا دابەش دەکەن: پەیامبەری، شازادەیی، ئۆتۆکراتی و ستەمکاری. ئەم توێژەرانە نموونەکانی *ئەفریقا* بەکار دەهێنن بۆ باسکردنی ئەم پۆلێنەیان.

جۆری پەیامبەری لە سەرکردەی تاکڕەو، کە دێتە سەر دەسەڵات دیدێکی پێیە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگە. بە شێوەیەکی توند جەخت لە ئایدیۆلۆجیا دەکاتەوە و ئامانجەکانی سەرکردەکە لەوە گەورەترن کە تەنیا بۆ لەسەردەسەڵاتمانەوە بێت. جۆری شازادەیی لە سەرکردەی تاکڕەو فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە دەکات لەسەر بنچینەی پەیوەندییەکانی نێوان ئاغا و ڕەعییەت. سەرکردە بە شێوەیەکی ستراتیجییانە مامەڵە لەگەڵ پشتیوانانی دەکات و ناچاریان دەکات کە کێبڕکێ لەگەڵ یەک بکەن بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لای ئەو بەدەست بهێنن. جۆری ئۆتۆکراتی لە سەرکردەی تاکڕەو زۆر لە جۆری شازادەیی دەچێت؛ سەرکردەی ئۆتۆکراتی فەرمانڕەوایی دەکات لە ڕێی دەستەبەرکردنی پشتیوانیی بەشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە لە ڕێی فەرماندەکردنەوە نەک لە ڕێی ستراتیجەوە. دوا جۆریان، جۆری ستەمکاریی سەرکردەی تاکڕەوە کە دەسەڵاتەکەی خۆی بەبێ هیچ کۆتوبەندێک پیادە دەکات. دیکتاتۆری ستەمکار گەندەڵترین دیکتاتۆرە و ترس بەکار دەهێنێت وەک ئامڕازێک بۆ لەسەردەسەڵاتمانەوە.

توندوتیژی زۆر بڵاوە و بە زۆری دیکتاتۆرەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەکاری دەهێنێت.

لە کاتێکدا ڕژێمی جۆری پەیامبەری لەسەر ئامانجەکانی دیکتاتۆر بونیاد دەنرێت، بەڵام ڕژێمەکانی جۆری شازادەیی و ئۆتۆکرات و ستەمکاری لەسەر ئەو هۆیانە بونیاد دەنرێت کە سەرکردەکە بەکاری دەهێنێت بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتەکەی. شازادە لە ڕێی ستراتیجێکی زیرەکانە بۆ سوودی خۆی فەرمانڕەوایی دەکات، ئۆتۆکرات لە ڕێی فەرماندان و بەڕێوەبردنەوە فەرمانڕەوایی وڵات دەکات و ستەمکاریش بە هۆی تیرۆرێکی ڕەهاوە فەرمانڕەوایی دەکات. بە پێچەوانەوە، جۆری پەیامبەری هەوڵ دەدات کۆمەڵگە دووبارە ڕێک بخاتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ دیدی ئایدیۆلۆجییانەی خۆی بیانگونجێنێت.

**دیکتاتۆرییەتەکانی پەیامبەری، شازادەیی، ئۆتۆکراتی و ستەمکاری (جاکسۆن و ڕۆزبێرگ)**

پەیامبەری

❊ ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا: بەهێزە،

❊ ئامانجی سەرەکی: دووبارەبونیادنانەوە کۆمەڵگە.

❊ ئامرازی مانەوە: کۆمەڵگە دڵسۆزی بێت، چونکە کۆمەڵگەی وا بونیاد ناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ دیدی ئەو بێتەوە.

شازادەیی

❊ ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا: بەهێزە.

❊ ئامانجی سەرەکی: مانەوەلەدەسەڵات.

❊ ئامرازی مانەوە: پەیوەندییەکانی نێوان خاوەن سایە و دەستوپێوەند، پەرت بکە و زاڵ بە، بەکارهێنانی ستراتیج بۆ سوودی خۆی.

ئۆتۆکرات

❊ ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا: لاوازە.

❊ ئامانجی سەرەکی: مانەوەلەدەسەڵاتدا.

❊ ئامرازی مانەوە: هێز و بەڕێوەبردنی وڵات.

ستەمکاری

❊ ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا: لاواز.

❊ ئامانجی سەرەکی: بەکارهێنانی نابەجێی دەسەڵات.

❊ ئامرازی مانەوە: ترس و تیرۆر.

## پێکهاتەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان

پێکهاتەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕژێمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و متمانە دەکاتە سەر بژاردە پەسەندەکانی ئەو دیکتاتۆرەی لەسەر دەسەڵاتە. لە هەموو دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، دیکتاتۆر لە لوتکەی هەرەمی سیاسیدایە و دەسەڵاتی سیاسی بە کارامەیی بە شێوەیەکی نەگونجاو بەکار دەهێنێت.

هەروەها دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بە دەگمەن (ئەگەر هەبێت) خاوەن دامەزراوەکانی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتن. لەبەر ئەوە، سەرکردە تاکڕەوەکان بە زۆری زیاتر ترسیان لە ئایندەی سیاسییان هەیە لەچاو هاوتاکانیان لە دیکتاتۆرییەتەکانی تردا. لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان یاسایەکی ڕوونی دیاریکراویان نییە کە تا ماوەی چەند فەرمانڕەوایی دەکەن و کێ دوای خانەنشینییان دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئەو دیکتاتۆرانە بە زۆری لە ترسێکی بەردەوامدا دەژین لەوەی کە ڕکابەرەکانیان پلانیان لە دژ بگێڕن و بیانڕووخێنن. لەگەڵ ئەو ئازادی و دەسەڵاتە بەرفراوانەی ئەو دیکتاتۆرە تاکڕەوانە هەیانە، بەڵام هەست بەوە دەکەن کە متمانەیان بە کەس نەبێت. ئەو دیکتاتۆرانە هیچ هۆیەکیان لە بەردەستدا نییە پێی دڵنیا بن لەوەی کە دەستوپێوەندەکانیان ڕاستییەکانیان بۆ دەگوازنەوە، چونکە ئەو دەستوپێوەندانە هاندەرێکی وا زۆریان نییە تا هەواڵی وا بە دیکتاتۆر بڵێن کە ببێتە مایەی تووڕەبوونی.

هەرچەندە، لەوەش بەولاوەتر، چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەش لەناو پێکهاتەی ناوەوەی ڕژێمە تاکڕەوییەکاندا هەیە. هەندێک لەو ڕژێمانە حزبی سیاسییان هەیە، پەرلەمانیان هەیە و هەڵبژاردنەکانیش ئەنجام دەدەن، لە کاتێکدا ئەوانی تر نییانە.

هەندێک لەو ڕژێمانە یەک هێزی سەربازییان هەیە، لە کاتێکدا ئەوانی تر یەکەی سەربازی و نیمچەسەربازییان هەیە. هەندێک دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی پێکهاتەیەکی ناوخۆیی ڕوونی دیاریکراوی هەیە، لە کاتێکدا لەوانی تردا یاسا هەن کە ناڕوونن یان نەزانراون.

زۆرترینی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان تێکەڵێک لە ترس و پاداشت بەکار دەهێنن بۆ مانەوەلەدەسەڵاتدا. لە هەندێکیاندا، ترس ئامڕازیکی زاڵی بەکارهێنانە، لە کاتێکدا لەوانی تردا بایەخدان بە دڵسۆزی زیاتر متمانەی دەکرێتە سەر. دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویی نموونەی بەم جۆرە لە لایەن **دیکالۆ** باس کراوە:

> "دیکتاتۆری تاکڕەو ئەوپەڕی دەسەڵاتی هەیە تا ئەو ڕادەیەی کە لە ناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا پیادە دەکرێت. سەرپەرشتیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەتاڵانبردن لەگەڵ پلەوپایە، ئەو کەتیرەیەن کە پیاوەکانی دیکتاتۆر بە دیکتاتۆرەوە دەنووسێنێت. دیکتاتۆر بە شێوازێکی ڕەهای ئیمپراتۆرییانە فەرمانڕەوایی دەکات، بە زۆری بۆ خۆشنوودی یان شکۆدارکردنی خۆی و داڕشتنی کۆمەڵگە بەگوێرەی ئەندێشەی خۆی و چەوساندنەوەیان لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیدا. دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بۆشاییەکی کۆمەڵایەتیی گەورە دروست دەکەن بۆ ئەوەی هەوەس و ئارەزووە کەسییەکانی خۆیانی تێدا جێبەجێ بکەن، بۆشاییەک کە بەتایبەتی دەبێتە مایەی ناسەقامگیری بۆ ڕژێمەکانی دوای خۆی."

سیاسەت لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا لە بژاردە پەسەندە زاڵەکانی سەرۆکی ڕژێم جیا ناکرێتەوە، کە دەتوانێت چۆنی پێ خۆش بێت وا کۆمەڵگە لە قاڵب بدات و بە دەسەڵاتە

لەبننەهاتووەکەی سامانی دەوڵەت بۆ خۆی ببات. تا چەند دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان ئەو ڕێکارانە دەگرنە بەر، متمانە دەکاتە سەر سروشتی تایبەتی ئەو سەرکردەیەی لەسەر دەسەڵاتە.

**تایبەتیمەندییە سەرەکییەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان**
* دیکتاتۆر بەرپرسی سیستەمی سیاسییە.
* پێکهاتەی ناوخۆی ڕژێمەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لەو ڕژێمانەدا لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، متمانە دەکاتە سەر بڕاردە پەسەندەکانی دیکتاتۆر.
* تێکەڵیی ترس و پاداشت بەکار دەهێنرێت بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی سیاسی.

## مانەوەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان

دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لەوەدا بێهاوتان کە هیچ لە جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتی تر وەک ڕژێمەکانی ئەوان بە تەواوی سەرنج ناکاتە سەر دەسەڵاتی سیاسیی یەک تاکەکەس. هەرچەندە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ڕژێمێکن زۆر دەمێننەوە، بەڵام پێکهاتە تایبەتییەکەیان وایان لێ دەکات کە قورس بێت بۆیان دوای کۆتاییهاتنی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆر بمێننەوە. لەبەر ئەوە، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان وای پیشان دەدەن کە تێکرای مانەوەیان لە هیی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان کەمتر بێت، چونکە پێکهاتەی دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان باشتر داڕێژراون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەدواییەکداهاتنی سەرکردایەتی. لەم بەشەدا، گفتوگۆ لەسەر ئەو ئامرازانە دەکەین کە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بەکاریان دەهێنن.

### سەرکوتکردن

یەکێک لە ئامرازە هەرە دیارەکان کە بە دەست دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکانەوە بێت، سەرکوتکردنە. بە توندوتیژی داپڵۆسینی هەڵگەڕاوەکان یان ئەوانەی بەرەنگاری هێزەکانیان دەبنەوە، ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشەکان. لە ڕاستیدا، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بە دڕندەیی ناویان دەرکردووە. دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دەتوانن بەبێ هیچ کۆتوبەندێک فەرمانڕەوایی بکەن و کاتێک ڕووبەڕووی نادڵنیاییەکی زۆر دەبنەوە سەبارەت بە مانەوەی سیاسییان، بە زۆری پەنا بۆ سەرکوتکردن و دڕندەیی دەبەن لەپێناو بەردەوامیدان بە دەستگرتنیان بەسەر دەسەڵاتدا.

هەروەها ئەمەش بۆ ئەوە نییە کە بڵێین جۆرەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان دڕندە و بێبەزەیی نین، وەک ڕژێمەکانی *کامبۆدیا* لەژێر فەرمانڕەوایی **خمێر ڕووژ** یان *میانمار* لەژێر فەرمانڕەوایی *ئەنجوومەنی سەربازیی بورمایی* ئەوە ڕوون دەکەنەوە. هەرچەندە هەموو جۆرە دیکتاتۆرییەتەکان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتکردن بەرامبەر بە جەماوەر، بەڵام دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان لە هەموویان بەتواناترن بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتکردن بەرامبەر بە دەستەبژێرەکان. وەک لە بەشی شەشەمدا باسمان کرد، دەرکردنی تاقمەکانی دەستەبژێران لە ڕیزی پیاوانی دەسەڵات لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، شتێکی باوە. لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان مامەڵە لەگەڵ گرووپێکی دەستەبژێری ڕێکخراو یان دامەزراوەیی ناکەن، دیکتاتۆرەکان دەتوانن هەڵسوکەوتی بێبەزەییانە لەگەڵ دەستەبژێرە تاکەکاندا

بکەن، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی سزا ببنەوە لە لایەن تاقمە گەورەترەکانی دەستەبژێران.

بە زۆری دەستەبژێرە ڕۆشنبیرەکان دەبنە ئامانجی دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان، چونکە ئەو دیکتاتۆرانە وەک ڕکابەریکی ئایندە تەماشای ئەو ڕۆشنبیرانە دەکەن. **عیدی ئەمین**ی *ئۆگەندا* نموونەیەکی ئەم حاڵەتەیە. **عیدی ئەمین** وای بڵاو دەکردەوە کە لە ماوەی دەسەڵاتیدا لە *ئۆگەندا* سەد هەزار تا شەشسەد هەزار ڕۆشنبیری کوشتووە. لە ماوەی حوکمڕانیی ڕژێمی **نیگۆمای** *گینیای ئیستیوایی* بەدوای ڕۆشنبیراندا دەگەڕان بۆ ئازاردانیان. هەروەها لە سەردەمی ڕژێمی **کوامی نیکرومای** *گانا* و **سیکۆتۆری** *گینیا* بە گومانێکی زۆرەوە مامەڵەیان لەگەڵ ڕۆشنبیران دەکرد.

لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، تەنانەت کەمترین هەڵگەڕانەوەی ناوخۆیی قابیلی لێبوردن نییە. دەسەڵاتی دیکتاتۆریی تاکڕەو سنووری بۆ سەرکوتکردن و مامەڵەکردنی بێبەزەییانە نییە. بۆ نموونە، دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان لە *ئەفریقا* بە دڕندەییەکی بەرنامەبۆدانراو مامەڵەیان لەگەڵ هاووڵاتییان دەکرد، وەک ڕژێمەکانی **چارلس تایلەر** لە *لیبریا* و **عیدی ئەمین** لە *ئۆگەندا* و **جان بیدل بۆکاسا** لە *کۆماری ئەفریقای ناوەند* و **تیۆدۆرۆ ئۆبیانگ نگوما مباسۆگۆی** *گینیای ئیستیوایی* ئەمە ڕوون دەکەنەوە.

هەروەها دڕندەییەکی **سەدام حسێن**ی *عێراق*یشمان دێتەوە یاد. کاتێک **سەدام حسێن** لە ساڵی ١٩٧٩دا دەسەڵاتی گرتە دەست، لەگەڵ هەموو بەرپرسە باڵاکانی کۆ بووەوە و بیستویەک بەرپرسی بە ناو ناپاکی دەستنیشان کرد و پاشان لە بەرچاوی هەموو بەرپرسە باڵاکانی تر ئەو بە ناو ناپاکانەی

کوشت. هەر بەرپرسێک هەر پێشنیارێکی بۆ **سەدام** کردبایە، **سەدام** ڕقی لێ دەبووەوە و دەکوژرا. بۆ نموونە، لەماوەی جەنگی *ئێران-عێراق*دا، وەزیری تەندروستی هەڵەیەکی کرد، کە گوتی **سەدام** بۆ ماوەیەکی کاتی واز لە دەسەڵات بهێنێت بۆ ئەوەی ئەو مەرجەی *ئێران* بۆ ئاشتی جێبەجێ بکات. **سەدام** سوپاسی ئەو هەڵوێستە ڕاشکاوانەی وەزیری تەندروستیی کرد، پاشان ئەو وەزیرەی بە پارچەپارچەکراوی لە کیسەی مردواندا بۆ هاوسەرەکەی نارده ماڵەوە.

## هەڵبژاردنی تۆڕەکانی لایەنگران

کاتێک دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بەدیهێنانی دڵسۆزی لە ناخی دەستەبژێرەکانیدا ترس هەڵنابژێرن و ئەو دەستەبژێرانەی چەند بەشێکی کۆمەڵگە هەڵیان دەبژێرێت، ئەوا پارە و پۆست و پلە بەکار دەهێنن. دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ئەو سیستەمانەن کە فەرمانڕەواکان دەبەستنەوە "نەک بە جەماوەر"، یان تەنانەت بەوانەی فەرمانڕەواییان دەکەن (بە لایەنی کەمەوە بە ڕاستەوخۆیی نا)، بەڵکو بەوانەی سیستەمەکە پێک دەهێنن لە لایەنگران و پاشکۆ و خزمەتکار و پشتیوانان و ڕکابەران. ئاستی نزمی بەدامەزراوەییکردن کارئاسانی بۆ دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دەکات بۆ دروستکردنی ئەو تۆڕانەی لایەنگران کە لەگەڵ پێداویستییەکانیان دەگونجێن. لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرەکان کۆنترۆڵی خەرجکردنی داهاتی دەوڵەت دەکەن، دەتوانن کێیان پێ خۆش بێت پاداشتی بدەنێ. لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا پەیوەندیی نێوان دیکتاتۆر و دەستوپێوەندە زۆرەکانی سیاسەت دیاری دەکات لە باڵاترین

ئاستی کۆشکی سەرۆکایەتییەوە تا ساکارترین ئەنجوومەنی گوند.

قەبارەی تۆڕی لایەنگرانی دیکتاتۆریی تاکڕەو تا بکرێت بچووک دەبێت بۆ ئەوەی سامان بەسەر ئەو تاکە هەڵبژێردراوانە دابەش بکرێت، کە زۆر گرنگن بۆ مانەوەی دیکتاتۆر لەسەر دەسەڵات. وەرگرانی سەرەکیی پاداشتی دەستبڵاوانەی دیکتاتۆر، بە ئاسایی ئەندامانی تاقمی دیکتاتۆریی تاکڕەون یان دارودەستەکەیەتی. ئەندامانی خێزانی دیکتاتۆر، ئەندامانی خێڵ/ئیتنی و دۆستانی گیانیبەگیانیی دیکتاتۆر بە شێوەیەکی ئاسایی پاداشتی چاکیان لە ڕژێمە تاکڕەوییەکان دەدرێتێ. لەبەر ئەوەی قەبارەی تۆڕی لایەنگران بچووکە، ئەدایەکی ئابووریی لاواز نابێتە هۆی ناسەقامگیریی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان هەتا پارەی تەواو هەبێت بدرێتە پشتیوانە سەرەکییەکانی دیکتاتۆر.

دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان کە پاداشت دەدەنە پشتوانانیان، بەم پاداشتانە ئەوە دەستەبەر دەکەن کە ئەو پشتیوانانە بۆ بژێویی ژیانیان متمانە بکەنە سەریان و مانەوەی ڕژێمەکە ئەو بژێویی ژیانەیان بۆ دابین دەکات. لە ڕاستیدا، لە هەندێک لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، کارمەندانی حکومەت ئەوەی لە بەشینەوەی پاداشت دەستیان دەکەوێت، زیاترە لە مووچە ڕاستەقینەکانیان.

**جەی ئولفێلدەر** دەڵێت مانەوەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان تا ڕادەیەکی زۆر متمانە دەکاتە سەر سەوداکانی نێوان تاقمەکان نەک سەر دانیشتوانی ئاسایی، لەبەر ئەوە دەستەبژێری فەرمانڕەوا سەربەستترن لە فەرامۆشکردنی بەرەنگارییە جەماوەرییەکان یان سەرکوتکردنیان بە

شێوەیەکی توندوتیژ، کاتێک ئەو بەرەنگارییانەی جەماوەر ڕوو دەدەن. ئەو جۆرە پەیوەندییانەی نێوان دیکتاتۆر و دەستوپێوەند پەرەی پێ دەدرێت بۆ ئەوەی پەیڕەوانی دیکتاتۆرەکان بە شێوەیەکی زیاتر کوێرانە بە فەرمانڕەوایی دیکتاتۆەرکان ببەسترێنەوە.

## پەرستنی کەسێتی

هەروەها دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان پەرستنی کەسێتی بۆ پەیداکردنی پشتیوانی بۆ ڕژێمەکەیان بەکار دەهێنن. بەو تایبەتمەندێتیی پەرستنی کەسێتییەوە، دیکتاتۆر دەڵێت کە خودی خۆی دەوڵەت دەنوێنێت، بە جۆرێک کە چەمکەکانی دیکتاتۆر و دەوڵەت لەگەڵ یەکدا ئاوێتە بوون و بەڕێوەبردنی ڕژێمەکە بەستراوەتەوە بە چارەنووسی کەسیی فەرمانڕەوای باڵای ڕژێمەکە. ئەو ئاوێتەبوونە وا لە دیکتاتۆر دەکات کە بتوانێت دەسەڵات لە دەستی خۆیدا چڕ بکاتەوە. پشتیوانان وا دەزانن کە دیکتاتۆرەکان لە سەروو ئاستی مرۆڤەوەن و کوێرانە بڕوایان پێیانە و بەبێ هێچ مەرجێک دوای دەکەون و پشتیوانییەکی سۆزدارانەی بێمەرجی دەکەن. ئەو سەرکردە یان دیکتاتۆرانە وا گرنگییان پێ دەدرێت و وێنا دەکرین کە ڕزگارکەری جەماوەرن و جەماوەریش وا لێ دەکریت کە هەست بکات ژیانی لەسەر ڕژێمەکەیە. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵسۆزییەکی بێدوودڵی و ئێجگار زۆری جەماوەر بۆ سەرۆکەکە.

زۆرجار کاریزما گرنگە بۆ سەرکەوتنی سەرکردەکە لە دروستکردنی پەرستنی کەسێتیدا. ئەو کاریزمایە بە زۆری لە "دەربڕینی دڵسۆزییەکی بەپەرۆش لە پەرستنی کەسێتیی

سەرۆکدا" دەردەکەوێت. شوێنکەوتوانی سەرکردە، سەرکردە بەوە دادەنێن کە چەند تایبەتیمەندییەکی کەسیی هەیە نەک ئەو بەها یان بیروڕایانەی بەرجەستەیان دەکات. هەروەها میدیا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت وەک هۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی پەرستنی کەسێتیی دیکتاتۆر. وێنەکانی سەرکردە بە ناو هەموو کۆمەڵگەدا بڵاو دەکرێنەوە و ئەو بابەتانەی کە سەرکردە شکۆدار دەکەن لە هەموو شوێنێکدا دەبن.

پەرستنی کەسێتی بەکەڵکە، چونکە ئەوانە هەستی گوێڕایەڵی لە لای دانیشتوان بۆ سەرکردە دروست دەکەن. بە بڵاوکردنەوەی پەیامی بابەتییانە لە ناو خەڵکدا، کە جەخت لەسەر دەسەڵاتە لەڕادەبەدەری دیکتاتۆرەکان بکاتەوە، دیکتاتۆرەکان پشتیوانیی بۆ حوکمڕانییەکەیان بەدەست دەهێنن بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هێز ببەن، کۆمەڵگە دێنە سەر ئەو بڕوایەی کە "سەرکردە توانای کەسی و ڕۆشنبیری و گوتاربێژی و دیبلۆماسی و هیی تریشی هەیە".

## پەرت بکە و زاڵ بە

بۆ نەهێشتنی دروستبوونی ئەو گرووپانەی کە بتوانن بەرەنگاری دەسەڵاتی ڕژێم ببنەوە، دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بە زۆری ستراتیجی "پەرت بکە و زاڵ بە" بەکار دەهێنن، ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە دەستەبژێران لەگەڵ یەکتردا لە کێبڕکێدا بن و هاوکات ڕزگاربوون لەو تاکانەی دەستەبژێران کە دەست دەکەن بەوەی دەسەڵاتێکی زۆر بەدەست بهێنن. دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوەکان دەبێت بەردەوام ئەو هەڕەشانەی لەسەر دەسەڵاتەکەیان هەیە کەم بکەنەوە، ئینجا ئەگەر ئەو هەڕەشانە لە سوپا یان لە حزبێکی سیاسی

یاخود لە جەماوەرەوە بن. بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشانە، دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان زۆر جار پۆست لە یەکێک دەستێننەوە دەیدەنە یەکێکی تر و تاکەکانی دەستەبژێرەکان بە جۆرێک لە پۆستەکان دادەنێن یان لایان دەبەن کە گومان و کێبڕکێ لە ناویاندا دروست بکات. ئەم کارە بارودۆخێکی گومانـاویی زۆر بەدی دەهێنێت کە هەمیشە دەستەبژێرەکان لە حاڵەتی ئامادەییدا بن و نەهێڵێت هیچ گرووپێک لە ناو خۆیاندا یەکگرتوو بن. هەروەها ئەم کارە ناهێڵێت ڕکابەرانی ئایندەش گەشە بە بنکەکانی دەسەڵاتی خۆیان بدەن.

هەڕەشەکان لە لایەن سوپاوە بۆ دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بەتایبەتی مایەی دەردەسەرین بۆیان، بۆ نەهێشتنی مەترسیی کودەتای سەربازی، دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بە زۆری سوپا دابەش دەکەن بۆ چەندین هێز و هێزی نیمچەسەربازی دروست دەکەن بۆ ئەوەی وەک بەرەنگارییەک بێت بۆ سوپا. بۆ نموونە، لە *عێراق* **سەدام حسێن** چەندین میلیشیای دروست کردبوو، ئەو میلیشیایانەی ئەوپەڕی دڵسۆز بوون بۆی و کاری پاسەوانێتیی کەسیی خۆی پێ سپاردبوون. ئەوانەی کەمتر دڵسۆز بوون بە هێزی شەڕکەری دانابوون و لە شوێنی زۆر دوور دایانبوون. دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان زیاتر هەڕەشەی سوپا لەسەر خۆیان کەم دەکەنەوە، ئەویش بە دەستوەردان لە پلەبەرزکردنەوەی ناو سوپا، کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئەو ڕێککەوتنانەی بەشکردنی دەسەڵات، کە لە نێوان گرووپ یان تاقمەکانی ناو سوپادا هەیە و ئەفسەرە بەدەسەڵاتەکانیش ناچار دەکات زوو خۆیان خانەنشین بکەن.

بە هۆی ستراتیجی پەرت بکە و زاڵ بە، دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بەوە دەناسرێنەوە کە ئاڵوگۆڕی گەورە بە

داروودەستەکانیان دەکەن لە پۆستەکانیاندا. ئەمە ئەنجام دەدەن بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی ئەوانەی لە هەلقۆستنەوە دەگەڕێن و بۆ ئەوەی نەهێڵن هیچ لەوانەی کە دەشێت لە داهاتوودا بەرەنگاریان ببنەوە، دەسەڵاتێکی زۆر بەدەست بهێنن.

## هەڕەشە دەرەکییەکان لەسەر مانەوەلەدەسەڵاتدا

شتێکی باو نییە لەناو دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا، کە بە هۆی دووبەرەکییەکانی ناوخۆ یان هەڵگەڕانەوەی دەستەبژێران لە گرووپی پشتیوانیی دیکتاتۆر، دەسەڵات لەدەست بدەن. هەروەها دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بە دەگمەن بە ویستی خۆیان واز لە دەسەڵات دەهێنن. ئەو هەلومەرجانە وا دەکەن کە نەشێت گۆڕینی ڕژێم لەناو دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوییەوە دەست پێ بکات، چونکە ئەو دیکتاتۆرانە تا کۆتایی هەر لە دەسەڵاتدا دەمێننەوە. فەرمانڕەوا تاکڕەوەکان بە دەگمەن بەبێ ململانێ کۆتوبەندی سیاسی لا دەبەن یان واز لە دەسەڵات دەهێنن. ئەو فەرمانڕەوایانە دەبێت ناچار بکرێن واز لە دەسەڵات بهێنن. هەروەها ناشێت دەستەبژێرانیش هەوڵی چاکسازی بدەن، چونکە ئایندەی سیاسییان بە شێوەیەکی بەهێز بە ئایندەی ڕژێمەوە بەستراوەتەوە. لەبەر ئەوەی دەستەبژێران لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بنکەیەکی دەسەڵاتی سەربەخۆیان نییە، ئەگەری ئەوە زۆر کەمە کە دوای گۆڕانی سیاسی پلەوپایەیەکی بەرزیان دەست بکەوێت وەک ئەوەی پشتیوانە نزیکەکانی ڕژێمی تاکحزبی و سەربازی دەستیان دەکەوێت. لە حاڵەتێکی ئاوادا، بێجگە لە مردنی دیکتاتۆر، بە زۆری گۆڕینی ڕژێم لە دەرەوەی حکومەتەوە دەست پێ دەکات، ئەویش یان لە ڕێی ڕاپەڕینی خەڵکەوە یان لە ڕێی دەستتێوەردانی بێگانەوە.

لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان ئەوەندە زۆر بە دەسەڵاتەوە نوساون، ئەوانە بە زۆری واز لە دەسەڵات ناهێنن، تەنانەت ئەگەر ڕووبەڕووی هەڕەشە سەربازییە ترسناکەکانیش ببنەوە. بۆ نموونە، **سەدام حسێن**، ڕەتی کردەوە بڕوای بەوە بێت کە کۆتایی ڕژێمەکەی نزیک بووەتەوە کاتێک *ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا* لە ساڵی ٢٠٠٣دا هەڕەشەی ئەوەی لێ کرد کە دەستبەجێ *عێراق* داگیر دەکات. **سەدام حسێن** بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە لە لایەن هێزەکانی *ئەمەریکا*وە لە سەرۆککۆماری لا برا و سێ ساڵ دواتر لە سێدارە درا. دەشێت لابردنی ڕژێمە تاکڕەوییەکان لە دەسەڵات درێژە بکێشێت و پڕدەردەسەری بێت، چونکە دیکتاتۆرەکان بە توندی هەوڵ دەدەن کە کۆنترۆڵی گۆڕانەکە بکەن.

### هەندێک نموونەی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو

ئەم بەشە بژاردەیەک لە لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی بە خێرایی چاو بە ناو جیهانی سەرنجڕاکێشی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا بخشێنن. لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان بەتایبەتی لە *باشووری بیابانی ئەفریقا* باون، هەندێک لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لەسەر ئەو ناوچەیە وەردەگرین. بابەتەکە بە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدراو لەسەر *هایتی* کۆتایی پێ دەهێنین بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری دیکتاتۆرییەتێکی تاکڕەوی کە چەندین دیکتاتۆر تێیدا فەرمانڕەواییان کردووە. ئەو خاڵە سەرەکییانەی لێرە و لە بەشەکانی پێشوودا باس کراون، هەموویان تیشکیان خراوەتە سەر بۆ ئەوەی بە توندی تێر لەگەڵ ڕاستەقینە لێک بدەین.

## دەسەڵات لە کۆماری ئەفریقای ناوەند
## دەسەڵاتێکی ڕەها بوو (١٩٦٦-١٩٧٩)

**بۆکاسا** فەرمانڕەوای دیکتاتۆرییەتێکی تاکڕەوی بوو لە *کۆماری ئەفریقای ناوەند* بۆ نزیکەی سیازدە ساڵ. **بۆکاسا** ئازاد بوو لەوەی چۆنی پێ خۆش بایە وا ڕەفتاری کردبایە، بە زۆری ڕەفتاری هەڵەی دەکرد، کەم کەس بەرەنگاری دەسەڵاتەکەی دەبووەوە. لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک لە ناوخۆدا نەیدەتوانی سنوور بۆ دەسەڵاتی **بۆکاسا** دابنێت، ڕووخانی کۆتایی دەسەڵاتەکەی بە دەستی فەڕەنسا بوو کە بەخێوکەرەکەی پێشووی **بۆکاسا** بوو. لەم لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەدا، ئەوە پیشان دەدەین کە چۆن دەسەڵات لە بندەستی **بۆکاسا** لە *کۆماری ئەفریقای ناوەند* بوو بە دەسەڵاتی ڕەها.

**بۆکاسا** لە ساڵی ١٩٦٦دا لە *کۆماری ئەفریقای ناوەند* دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، ئەویش دوای ئەوەی ئامۆزاکەی کە سەرۆککۆماری ئەو وەختە **دەیڤد داکۆ**، لە ڕێی کودەتایەک کە لە ٣١ی دیسێمبەری ١٩٦٥دا ئەنجامی دا، لەسەر دەسەڵاتی لا برد. **بۆکاسا** خێرا زۆرترین دامەزراوە حکومییەکانی لا برد و *ئەنجوومەنی نیشتمانی* و دەستووری وڵاتەکەی هەڵوەشاندەوە. ئامانجی **بۆکاسا** بۆ چڕکردنەوەی دەسەڵات بوو لە بندەستی خۆی و لاوازکردنی هەر تاکێک یان ڕێکخراوێک بوو کە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆی. خۆی تا مردن بە سەرۆککۆمار دانا و تەنیا ڕێگەی بە یەک حزبی سیاسی دا کە چالاکیی هەبێت، ئەویش *بزووتنەوەی لەپێناو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی ڕەشەکانی ئەفریقا* (*MESAN*) بوو. ئەو بزووتنەوەیە تەنیا بە ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی

**بۆکاسا** دروست کرابوو. **بۆکاسا** دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو وڵاتدا بەهێز کرد، ئەویش بە وەرگرتنی هەموو پۆستە مەدەنییە گرنگ و سەربازییەکان لە حکومەتدا بۆ خۆی. **بۆکاسا** بەرپرسی چەندین وەزارەت بوو کە وەزارەتەکانی بەرگریی نیشتمانی و ناوخۆ و ڕاگەیاندن و کشتوکاڵ و هێزی ئاسمانیی سەربازی و خزمەتگوزاریی گشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی دەگرتەوە. چەند دامەزراوەیەک دەمایەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو و **بۆکاسا** لە فەرمانڕەواییکردنی وڵاتدا دەستکراوە بوو.

دوای لەناوبردنی دامەزراوە سیاسییەکانی وڵاتەکە، هیچ هێزێک نەمابوو کە بتوانێت جڵەو بۆ کارەکانی **بۆکاسا** دابنێت. ئەو دەسەڵاتە زۆرە و دەستکراوەییەی **بۆکاسا** هەیبوو بە پێچەوانەوە وای لێ کرد کە زۆر هەستیار بێت لەوەی کە ڕکابەرەکانی پلان دادەنێن بۆ ئەوەی لەسەر دەسەڵاتی لا ببەن. بۆ بەهێزکردنی دەستگرتنی بەسەر دەسەڵاتدا بەرامبەر بەو جۆرە هەڕەشە هەستپێکراوانە، **بۆکاسا** پەرستنی کەسێتیی داهێنا. **بۆکاسا** خۆی وا پیشان دا کە باوکی میللەتە و نازناوی **پاپا بۆک**ی لە خۆی نابوو. **بۆکاسا** ناوی خۆی لە خوێندنگە و دامەزراوە و شەپقەی سەربازی و ڕێگە نابوو. وێنەکانی لە هەموو شوێنێکی وڵاتدا دەردەکەوتن، لەسەر جلوبەرگیش و **بۆکاسا** لە ناو جەماوەردا خۆی بە کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە مەدالیا دەڕازاندەوە.

**بۆکاسا** لەبەر ئەوەی بەدگومان بوو لەوەی کە تاکەکان هەوڵی ڕووخاندنی دەدەن، بێجگە لە ئەندامە نزیکەکانی خێزانەکەی بڕوای بە کەسی تر نەبوو. هەرچەندە **بۆکاسا** کەمتر بەگومان بوو لە دڵسۆزیی ئەندامانی گرووپە

ئیتنییەکەی، بەڵام هەمیشە لە نزیکەوە چاودێریی وردی ئەوانەی کە لە دەوری بوون دەکرد. **بۆکاسا** بە لایەوە پەسەند بوو کە ماستاوچی و مەراییکەرەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و دڵنیا بێت لەوەی کە پۆستە سەرەکییەکانی ئاسایش بە دەست خزمە دڵسۆزەکانییەوە بێت. ئەگەر **بۆکاسا** بیبینیایە هەندێک لە فەرمانبەران لە دوورەوە جێی هەڕەشەن، ئەوا لە کارەکەی لای دەبردن یان ئەگەر بەخت یاوەریان بوایە ئەوا دووبارە دایدەمەزراندنەوە. چەندین لەوانە دیار نەدەمان.

لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی **بۆکاسا** لە لایەن سیاسییەکانی ناوخۆوە سنووری بۆ دانەنرابوو، ڕەفتارە نامۆکانی دەستیان کردەوە کە فەرمانڕەواییەکی دڕندانە بکات. **بۆکاسا** تا ڕادەیەک کە باوەڕ ناکرێت، لە خۆی بایی بوو و بەپەرۆش بوو کە بەردەوام مەرایی بۆ بکرێت و بە بەشانوشەوکەتی هەڵبڵێن. هەروەها **بۆکاسا** ئەوپەڕی پارەی بەفیڕۆ دەدا. **بۆکاسا** زۆر جار ئاهەنگی دەگێڕا کە پارەیەکی زۆری تێدا خەرج دەکرد و لە ئاهەنگی تاجلەسەرنانەکەی لە ساڵی ١٩٧٧دا، بیستودوو ملیۆن دۆلاری خەرج کرد (ئەو بڕە پارەیە ٢٤٪ی داهاتی نەتەوەیی *کۆماری ئەفریقای ناوەندی* پێک دەهێنا). **بۆکاسا** لەسەر ئارەزووی خۆی ئەو ئاهەنگی تاجلەسەرنانەی ساز کرد و دەستوورێکی ئیمپڕاتۆریی دانا و هاتە سەر ڕێبازی کاسۆلیکی و خۆی وەک ئیمپڕاتۆر ڕاگەیاند. **بۆکاسا** زۆر جار بە جلوبەرگی زۆر نابەجێ لە ناو جەماوەر دەردەکەوت وەک لەبەرکردنی چاکەتی ڕازێنراوە بە مەدالیا و جلوبەرگی بەشکۆ. بێگومان، ئەگەر هەر کاتێک کەسێک بە **بۆکاسا** پێکەنیبایە لەسەر ئەو ڕەفتارەی ئەوا بە توندی بە قامچی لێی دەدرا.

هەروەها دەسەڵاتی ڕەهای **بۆکاسا** لە دڕندەییەکەشی ڕەنگی دابووەوە. **بۆکاسا** بەوە ناسرابوو کە خۆی بەشداریی لە لێدان و ئەشکەنجەدانی ئەوانەی دەگوترا هەڵگەڕاونەوەتەوە، دەکرد. کاتێک **بۆکاسا** دەسەڵاتی گرتە دەست، هەر کەسێک گومانی ڕکابەریی لێ کرابایە دەیکوشت و پاکتاوی دەکرد و ئەگەر یاریدەرەکانی دەرکەوتبان ناپاکن، ئەوا یەکسەر لە سێدارەی دەدان. تەنانەت منداڵانیش تووشی دڕندەیی لەڕادەبەدەری **بۆکاسا** دەبوونەوە. کاتێک کۆمەڵێک لە منداڵان ڕەتیان کردەوە کە ئەو جلوبەرگە یەکپۆشانەی کە یەکێک لە پیاوەکانی **بۆکاسا** دەیفرۆشت بکڕن، **بۆکاسا** ئەو منداڵانەی گرت و زیندانیی کردن، زۆر لە هاووڵاتییان دەیانگوت کە چەندین لەو منداڵانە ڕەنگە کوژرا بن. **بۆکاسا** دەیتوانی چیی پێ خۆش بێت بیکات، بێ گوێدانە پاساو یان دڕندەیی بڕیارەکانی.

## ڕووخانی ڕژێمەکەی بۆکاسا

فەرمانڕەواییەکەی **بۆکاسا** بەسەر *کۆماری ئەفریقای ناوەند* نەیتوانی تا هەتاهەتایە درێژە بکێشێت. هەرچەندە *فەڕەنسا* لە سەرەتادا پشتگیریی لە **بۆکاسا** کرد، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩دا نەیتوانی چیتر چاو لە ڕەفتارە توندوتیژەکانی بپۆشێت. لە مانگی ئەیلوولی ئەو ساڵەدا، سەربازانی *فەڕەنسا* کودەتایەکیان کرد کاتێک **بۆکاسا** لە دەرەوەی وڵات بوو و **داکۆی** سەرۆککۆماری پێشوویان هێنایەوە سەر دەسەڵات (زۆر سەیر بوو تا ئەو کاتە بە زیندوویی مابووەوە).

## ناکارامەیی لە ئۆگەندا (١٩٧١-١٩٧٩)

هەرچەندە *ئۆگەندا* لە لایەن چەندین دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوەوە فەرمانڕەوایی کرابوو، بەڵام لەوانەیە ڕژێمی **عیدی ئەمین** لە هەموویان بەدناوتر بووبێت. **عیدی ئەمین** بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەستی بەسەر *ئۆگەندا*دا گرت و وەک چەندین دیکتاتۆری تاکڕەو لە ڕێی تێکەڵەیەک لە ترس و پارە و پۆستبەخشینەوە درێژەی بە دەسەڵاتەکەی خۆی دابوو. لەم نموونە لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەدا، تیشک دەخەینە سەر ناکارامەیی حکومەتەکەی **عیدی ئەمین**. ئەم ناکارامەییە ئەنجامی دوو هۆکار بوو: **عیدی ئامین** ئەو کارمەندانەی لە پۆستەکان دەرکرد کە دەیانتوانی شارەزایی خۆیان بخەنە بەر دەستی و خودی **عیدی ئەمین** لێهاتوو نەبوو بۆ حوکمڕانیکردن.

**عیدی ئەمین** لەساڵی ١٩٧١دا دەسەڵاتی گرتە دەست بە هۆی کودەتایەکی سەربازی کە هاوپیشە سەربازییەکەی پێشووی، **میلتۆن ئۆبۆتۆی**، لە دەسەڵات لا دا و کودەتایەکە لە لایەن جەماوەرەوە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لێ کرا. **عیدی ئەمین** خۆی وەک کەسێکی کاریزمایی پیشان دا و ڕاستەوخۆ بە زمانی هۆزەکان قسەی بۆ جەماوەر دەکرد و زۆر جار لە ناو جەماوەر دەردەکەوت. **ئەمین** بەوە ناسرابوو کە کەسێکی نامۆ بێت و خولیای ئەوە بوو ڕێزی لێ بگیردرێت. بۆ نموونە، **ئەمین** سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بەم نازناوە ئاماژەی بۆ بکرێت: "خاوەنشکۆ سەرۆککۆماری *ئۆگەندا*، **جەنەڕاڵ حاجی عیدی ئەمین دادا**" VC , DSO، MC. *ڕادیۆی کەمپالا* فەرمانی پێ کرابوو ڕۆژانە چەندین جار ئاماژە بەو نازناوەی بکات.

وێڕای ئەو هەموو نازناوانەش، **ئەمین** بە ئاسانی لە لایەن ئەوانەی لە دەوری بوون هەڕەشەی لێ دەکرا. ئەو کەسانەی دەردەکەوتن کە زۆر لە **عیدی ئەمین** ڕۆشنبیرتر و کارامەترن لە پۆستەکانیان دەردەکران. ئەوانەی لە ناو سوپا شارەزایی و پەروەردەیەکی کەمیان هەبوو پلەیان بەرز دەکرایەوە و ئەفسەرانی پەروەردەنەکراو لە پۆستە گرنگەکانی حکومەت دادەنران. کارمەندانی ڕۆشنبیر بە زۆری لە کارەکەیان دەردەکران لەسەر ئەو بنەمایەی کە دڵسۆزی حکومەت نین و کەسانی نەشارەزا لە شوێنەکانیان دادەنران.

**عیدی ئەمین** بەوە ناسرابوو کە ئەوپەڕی دڕندەیی بەرامبەر ستافەکەی بەکار دەهێنا ئەگەر گومانی لە نادڵسۆزیی ئەوان کردبایە. **ئەمین** بە زۆری دڵڕەقانە ڕەفتاری لەگەڵ یاریدەرەکانی و ئەندامانی کابینەکەی و بەردەستەکانی دەکرد. هەر فەرمانبەرێکی حکومی کە مشتومڕی لەگەڵ **ئەمین** کردبایە ئەو بە توندی ڕەفتاری لەگەڵ دەکرا. لەبەر دوودڵیی بەرامبەر ڕکابەرەکانی، **عیدی ئەمین** ئەوەی بە دوژمنی دانابایە لە پۆست دەردەکرا، زیندانی دەکرا یان دەکوژرا.

**عیدی ئەمین** پێی باش بوو ئەندامانی خێزانەکەی و دۆستە نزیکەکان و ئەندامانی برادەری لە هۆزەکەی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، چونکە بە لای ئەوەوە دڵسۆزی بەهای زۆر زیاتر بوو لە شارەزایی و زانیاری. هەموو ئەو کارانەی **ئەمین** بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر کارامەیی کارمەندانی حکومەتی کەم کردبووەوە. **ئەمین** بەردەوام (جاری وا هەبوو پێشبینینەکراو بوو) دارودەستەکەی لە پۆستەکاندا دەگۆڕی (نیازی ئەوە بوو کە دڵنیا بێت لەوەی سوپا و کارمەندە حکومییەکان لە

ئامادەباشیدا بن)، ئەم گۆڕینە نەبوو بە هۆی چاککردنی ئەو ناکارامەییە.

ناکارامەیی خودی **عیدی ئەمین** کارەکانی خراپتر کردبوو؛ **ئەمین** بیرۆکەی کەمی لەسەر بەڕێوەبردنی حکومەت هەبوو. چەندین لە سیاسەتەکانی دژی یەکتر بوون، زۆرترینیان ناکەریگەر بوون. **عیدی ئەمین** هەستی بەوە دەکرد کە لە سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەی *ئەنجوومەنی وەزیران*ەکەی ئاسوودە نییە، ڕەتی دەکردەوە ڕاپۆرتەکانی حکومەت بخوێنێتەوە و هەوڵی کەمی دەدا بۆ زانینی ئەوەی حکومەت چۆن کارەکانی بەڕێوە دەبات. بڕیاری سیاسیی لە خۆوە و بێ پلان دەردەکرد. **عیدی ئەمین** پێی باش بوو متمانە بکاتە سەر فاڵچی و خەونەکانی یان هەست و سۆزە زگماکییەکانی بۆ بڕیاردان وەک لە ئامۆژگاریی پسپۆران. کاتێک ڕاوێژی بە خەڵکی تر دەکرد، ڕاوێژکردنەکەی لە شێوەی قسەی بەرئاگرداندا بوو. سیاسەتەکانی وڵاتەکە لە ڕێی بڕیاری کەسییەوە جێبەجێ دەکران و لە *ڕادیۆی کەمپالا* (*Kampala*)ەوە پەخش دەکران. هەر دامەزراوەیەک کە **عیدی ئەمین** پێشتر هەڵی نەوەشاندبووەوە، ئەوا بە هۆی فەرمانڕەواییە نامۆکەی دەیخستە حاڵەتی ئیفلیجییەوە.

ناکارامەیی حکومەتەکەی **ئەمین** زیانێکی گەورەی بە *ئۆگەندا* گەیاند. **ئەمین** زیاد لە پێویست پارەی حکومەتی خەرج دەکرد و وڵاتەکەی تووشی کەموکورتییەکی گەورەی دارایی کرد، لە کاردانەوەیدا بۆ ئەم کەموکورتییە پارەی کاغەزی زۆری چاپ دەکرد. دوای ئەوەی **عیدی ئەمین** وڵاتەکەی لە قەرزدا نقوم کرد، بڕیاری دا مووچەی فەرمانبەران ڕابگرێت، بەتایبەتی مووچەی سوپا. خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە

حکومەتە خۆجییەکان و دامودەزگا گشتییەکان بوونی نەبوو، بەرهەمی بەروبومی دانەوێڵە ڕووی لە کەمی کردبوو و زۆرترینی پیشەسازییەکان لە کارکردن وەستابوون. بە دەربڕینێکی سادە، سیاسەتەکانی **عیدی ئەمین** و خەرجییە لەڕادەبەدەرەکانی سەرچاوەی مرۆیی و دارایی وڵاتەکەی وشک کردبوو.

### ڕووخانی ڕژێمەکەی عیدی ئەمین

بڕیاری **عیدی ئەمین** لە ساڵی ١٩٧٨دا بۆ داگیرکردنی ناوچەیەکی *تانزانیا* بە ناوی *کاگیرا ساڵینت* و لکاندنی بە وڵاتەکەی، ڕووخانی دەسەڵاتەکەی خێراتر کرد. *تانزانیا* بە هێز وەڵامی هێزە سەربازییەکەی *ئۆگەندای* دایەوە و لە خاکی *تانزا* دەری کردن و *سوپای تانزانیا* هاتە ناو خاکی *ئۆگەندا* بۆ لابردنی **ئەمین** لەسەر دەسەڵات. کاتێک سوپای **ئەمین** هەستیان بەوە کرد کە **ئەمین** دەڕووخێت، سوپاکە یاخی بوو و **ئەمین**یان بەجێ هێشت. لە ساڵی ١٩٧٩دا هێزەکانی *تانزانیا* سەرکەوتنیان ڕاگەیاند و **عیدی ئەمین**یان ناچار کرد هەڵبێت بۆ *لیبیا*.

### پەرت بکە و زاڵ بە لە زائیر (١٩٦٥-١٩٩٧)

**جۆزیف مۆبوتۆ** لە ساڵی ١٩٦٥دا بوو بە سەرۆککۆماری *زائیر*، دوای ئەوەی کودەتایەکی بێ خوێنڕشتنی بە پشتیوانیی *ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا* ئەنجام دا. **مۆبوتۆ** بە ڕاگەیاندنی باری لەناکاو خێرا دەستی کرد بە هەڵوەشاندنی دامەزراوە حکومییەکان. **مۆبوتۆ** کۆنترۆڵی کایەی سیاسیی *زائیری* کرد بۆ زیاتر لە سی ساڵ تا لەسەردەسەڵاتلابردنی لە

یەکەم جەنگی کۆنگۆ. درێژەکێشانی فەرمانڕەوایی **مۆبوتۆ** بۆ ئەو ستراتیجانە دەگەڕێتەوە کە ئەو بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا بەکاری هێنان. ئەم نموونە لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە بەتایبەتی لە بەکارهێنانی **مۆبوتۆ** بۆ یەک ستراتیج دەکۆڵێتەوە، ستراتیجی "پەرت بکە زاڵ بە"، کە وای لە **مۆبوتۆ** کرد بتوانێت دەرفەتەکانی دەستەبژێرەکان و بەشەکانی تری کۆمەڵگە بۆ هاوکاریکردنی یەکتری دژی ئەو، سەر نەگرن.

کاتێک **مۆبوتۆ** دەسەڵاتی گرتە دەست، بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی بە ئاشکرا ڕکابەرە سیاسییەکانی لە کودەتاچی و ئەوانەی لێی جیا دەبوونەوە و ئەوانەی بۆ داهاتوو دەبوونە هەڕەشە، لە سێدارە دان. هەندێک لەو لەسێدارەدانانە بە بەرچاوی خەڵکەوە ئەنجام دەدران. **مۆبوتۆ** ئەوەی ڕاگەیاند کە دەبێت "نموونەیەکی سەرنجڕاکێش" بۆ دڵنیابوون لە سزای ڕژێم بەدی بهێنێت. **مۆبوتۆ** بە خێرایی بوو بە تەنیا سەرچاوەی بڕیاردان لە *زائیر*. **مۆبوتۆ** چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە بەبێ هیچ چەندوچوونێک ملکەچی بڕیارەکانی بن، ڕای دەگەیاند "کاتێک سەرۆک بڕیارێک دەدات، ئەو بڕیار دەدات".

یەکێک لە لایەنە بەهێزەکانی **مۆبوتۆ** تێگەیشتنی لە سیمبولی سیاسی بوو. **مۆبوتۆ** پەرستنی کەسێتیی پەرە پێ دا، ئەویش بە دڵنیابوون لەوەی وێنەکەی لە هەموو شوێنێکی وڵات هەڵواسراوە. فەرمانبەرانی حکومەت ناچار کرابوون کە وێنەی **مۆبوتۆ** لە بەرۆکی چاکەتەکانیان بدەن و فەرمانیان پێ کرابوو لەبری مۆدێلی جلوبەرگی ڕۆژئاوایی، جلوبەرگی وەک **مۆبوتۆ** بپۆشن. **مۆبوتۆ** بۆ بەهێزکردنی پەرستنی کەسێتییەکەی فەلسەفەی مۆبوتیزمی داهێنا، کە

نیشتمانپەروەریی تێکەڵی بیرکردنەوەکانی خۆی کردبوو، بە جۆرێک هەستێکی لە ناو هاووڵاتییان دروست کردبوو کە گوێڕایەڵی بن. **مۆبوتۆ** ئەو نازناوەی بە خۆی دابوو، باوکی نەتەوە و ڕزگارکەری گەل. بۆ برەودان بەو وێنەیەی خۆی، هەموو شەوێک پێش دەستپێکردنی دەنگوباس دەبوو تەلەفزیۆن وێنەی **مۆبوتۆ** پیشان بدات، لە ئاسمان لە ناو هەورەکانەوە دەهاتە خوارەوە. لە ساڵی ١٩٧٥دا، فەرمانی دەرکرد کە نابێت هیچ کەسێک لە حکومەتدا بە ناو ناوی بهێنرێت جگە لە خۆی، بە جۆرێک کە لە بنچینەدا تەنیا هەر ئەو خۆی گرنگە.

**مۆبوتۆ** ستراتیجی بوو لە ڕەفتارکردنی لەگەڵ دەستەبژێران و بەشە گرنگەکانی کۆمەڵگە. **مۆبوتۆ** ئەو بەشە گرنگانەی کۆمەڵگەی کە پێی دەچوو بەرەنگاری ببنەوە، لێک ترازاندبوو و پاداشتی دەدا بە ئەو تاک و گرووپانەی کە پشتیوانیی ئەویان دەکرد. **مۆبوتۆ** کۆمەکی بەکار دەهێنا بۆ دروستکردنی پشتیوانی دڵسۆز بۆ خۆی و ئەو کۆمەکەی بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش دابەش دەکرد بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی. بۆ نموونە، کاتێک کرێکارانی گواستنەوە مانیان گرت، **مۆبوتۆ** وەڵامی مانگرتنەکەی دایەوە بەوەی خۆی ئەو گرفتانەی کرێکارەکانی لەگەڵ سەرکردەکانیان باس کرد و پاشان لەسەر تەلەفزیۆن فەرمانی دەرکردنی بەڕێوەبەرە بەلجیکییەکەی کۆمپانیاکەی دەرکرد. **مۆبوتۆ** بە ئەنقەست ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی سەرکوت دەکرد یان دەیهێنانە ناو حکومەتەوە، بە شێوەیەک کە وایان لێ بکات پشتیوانی لە دەسەڵاتەکەی بکەن، لە کاتێکدا بە ئەنقەست دووبەرەکییە ناوچەیی و ئیتنییەکانی لە *زائیر* خەستتر دەکرد بۆ ئەوەی

ئۆپۆزسیۆن بە دابەشبوویی بمێنێتەوە. **مۆبوتۆ** تۆڕی کۆمەکە بەرفراوانەکەی بەکار دەهێنا بۆ خەستکردنەوەی ناکۆکییە ئیتنییەکانی زائیرییەکان و بۆ ئەوەی درز بخاتە ناو ڕیزی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز. هەرچەندە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لە *زائیر* کەم نەبوون، بەڵام بنکەکانیان لە دەرەوەی وڵاتەکە بوو و پێ نەدەچوو هەڕەشە بۆ سەر ڕژێمەکە دروست بکەن.

**مۆبوتۆ** ئەوانەی لە داهاتوو دەکرا ببنە دوژمنی، بە لای خۆیدا ڕای کێشان، ئەویش لە ڕێی تۆڕی کۆمەککردنەوە، بۆ ئەوەی سنوور بۆ گەشەکردنی ئۆپۆزسیۆن دابنێت. **مۆبوتۆ** پلەبەرزکردنەوەی وەک ڕێگەیەک بەکار دەهێنا بۆ درێژەدان بە نزیکییەکەی لەگەڵ ڕکابەرەکانی، هاوکات لە پلە و پۆستیش دەری دەکردن بۆ ئەوەی بارودۆخێکی گوماناوی لای ئەوان دروست بکات. بۆ نموونە، **ناگوزە کارڵ ئیبۆند** لە ماوەی سالانی ١٩٦٠دا، ڕکابەرێکی **مۆبوتۆ** بوو. **مۆبوتۆ کارڵ ئیبۆندی** هێنایە ناو ڕژێمەکەی، ئەویش بە کردنی بە وەزیری دەرەوە لە سالانی ١٩٧٠دا. هەرچەندە **کارڵ ئیبۆند** بە ناپاکی تاوانبار کرابوو و لە ساڵی ١٩٧٧دا سزای مەرگی بۆ بڕابووەوە، **مۆبوتۆ کارڵی** لە مەرگ ڕزگار کرد و لە ساڵی ١٩٧٩دا کردی بە سەرۆکی *ئەنجوومەنی وەزیران*. تەنیا دوو ساڵ دواتر، **کارڵ ئیبۆند** لە وڵات دەرکرا بۆ ئەوەی لە تاراوگە بژی، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٥دا **مۆبوتۆ** چاکەی لەگەڵ کرد و گەڕایەوە *زائیر* و کرا بە باڵوێزی *زائیر* لە *ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا*.

**مۆبوتۆ** بەتایبەتی بەتوانا بوو لە بەشبەشکردن و خۆسەپاندن بەسەر سوپادا. خودی **مۆبوتۆ** کۆنترۆڵی سوپای کردبوو و بە شێوەیەکی سەرەکی سوپاکەی پڕ کرد لە

ئەفسەری ناوچەکەی خۆی کە *ئیکواتیور* بوو. تەنیا خزمە نزیک و دەستوپێوەند و ئەندامانی هۆزی *نگباندی* پۆستە هەرە گرنگەکانی هێزە چەکدارەکانیان درابوویە و پێکهاتەی سوپا بە ڕادەیەکی زۆر بە سیاسی کرابوو. لەبەر ئەوەی پێکهاتەی فەرماندەی سوپا دامەزراوەیی نەبوو یان هەڕەمەکی بوو، **مۆبوتۆ** بەردەوام ئاڵوگۆڕی بە پۆستی ئەفسەرەکان دەکرد و هانی دەدان کە هەر چالاکییەکی گوماناوییان بینی، ڕاستەوخۆ بە ڕاپۆرت بۆ ئەوی بەرز بکەنەوە. بۆ ئەوەی کەشوهەوایەکی ترس لە ناو ئەندامانی سوپادا بەدی بهێنێت، **مۆبوتۆ** لە ساڵی ١٩٧٨دا زیاتر لە ١٠٪ی ئەو ئەفسەرانەی لە سوپا دەرکرد، کە ئومێدێکی زۆریان لێ دەکرا ببنە کادیرێکی سەربازیی زۆر باش. هەروەها **مۆبوتۆ** سوودی لە ناکۆکییە ئیتنی و ناوچەییەکان وەرگرت بۆ ئەوەی نەهێڵێت سوپا ببێتە هێزێکی یەکگرتوو و ببێتە هەڕەشە بۆ دەسەڵاتەکەی. ئەم کارەی **مۆبوتۆ** دەستەبەری ئەوەی کرد کە لە ناو سوپادا تاقمی سەربەخۆ بوونیان نەبێت. **مۆبوتۆ** بۆ ئەوەی زیاتر کۆنتڕۆڵی هێزی سوپا بکات، یەکەیەکی پاسەوانی سیڤیلی هەزار کەسیی دامەزراند، کە لەژێر فەرماندەی نزیکترین هاوکاریدا بوو، کە **جەنەڕاڵ کپاما بارامۆتۆ** بوو. **مۆبوتۆ** بە ئەنقەست سوپای بە لاوازی هێشتەوە بۆ ئەوەی مەترسیی کودەتاکردن لەسەر خۆی نەهێڵێت، چونکە هەرگیز لە دڵسۆزییان دڵنیا نەبوو.

هەروەها **مۆبوتۆ** بە تاکتیک ڕەفتاری لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەت دەکرد. **مۆبوتۆ** پێی خۆش بوو ئاڵوگۆڕ بە ئەندامانی حکومەت و ئەندامانی *ئەنجوومەنی وەزیران* بکات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە هیچ یەکێک لەوانە دەسەڵاتی زۆر پەیدا نەکات و بۆ ئەوەی ئەو ئەندامانە دەربارەی ئایندەی سیاسییان

هەست بە نادڵنیایی و لاوازی بکەن. فەرمانبەرانی حکومەت بە زۆری ئەوەیان وەبیر دەهێنانەوە کە ماوەی لەسەرپۆستمانەوەیان شلۆقە و بە تەواوی متمانە دەکاتە سەر ئارەزووی **مۆبوتۆ**. دەستڕاگەیشتن بە دەسەڵات لەژێر سایەی **مۆبوتۆ** متمانەی دەکردە سەر چاکەی **مۆبوتۆ** و زۆر جاریش لەسەر هەوەس و ئارەزووی ئەو، وەک ئەم شیکردنەوەیە پیشانی دەدات: "بەرپرسانی پۆستە گشتییەکان بە تەواوی متمانەیان دەکردە سەر **مۆبوتۆ** بۆ هەڵبژاردیانن و مانەوەیان لەسەر پۆستەکانیان. **مۆبوتۆ** بۆ ئەوەی ئەو بەرپرسانە بە بەگومان و لاواز بهێڵێتەوە، بە زۆری لە پۆستەکانیان ئاڵوگۆڕی پێ دەکردن. **مۆبوتۆ** ڕۆڵی سەرکردەیەکی گەورەی دەبینی لە پێدانی پاداشت یان پۆست بە هاوولاتییان کە لەسەر بڕیاری وردی کەسیی خۆی بوو."

هەروەها پەیوەندیی **مۆبوتۆ** لەگەڵ هێزە بێگانەکان حسابی بۆ کرابوو. **مۆبوتۆ** توانیی پشتیوانیی وڵاتە گرنگەکان بۆ *زائیر* درێژە پێ بدات، ئەویش بە جەختکردنەوەیەکی زیرەکانەی لەسەر گرنگیی ستراتیجی *زائیر* بۆ *ڕۆژئاوا* لە هەردوو بواری ئابووری و سیاسییەوە. **مۆبوتۆ** پشتیوانییە دەرەکییەکانی جۆراوجۆر کرد بۆ سنووردارکردنی بڕی ئەو فشارەی هەر هێزێکی دەرەکی بە تەنیا دەیکەنە سەری. ئەو ستراتیجە وەرگرتنی بڕێکی زۆری کۆمەکی ئابووری بۆ **مۆبوتۆ** دەستەبەر کرد بۆ درێژەدان بە تۆڕی کۆمەکەکەی، کە زۆر گرنگ بوو بۆ بەردەوامیدان بە فەرمانڕەواییەکەی.

بێگومان ستراتیجی پەرت بکە و زاڵ بە، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر بەتوانایی بیرۆکراسییەتی *زائیر* هەبوو. دامەزراوەکانی قەرزپێدانی نێودەوڵەتی سەرنجیان دا کە

بیرۆکراسییەتی زائیری بە خراپی ڕێک خراوە. هەروەها ئەو بە خراپی ڕێکخستنەی بیرۆکراسییەکە ئاکامی نەرێنیی بۆ سەر هێزی سوپای زائیری هەبوو بەرامبەر بە هەڕەشە دەرەکییەکان.

## ڕووخانی ڕژێمەکەی زائیر

جووڵە سیاسییە کارامەییەکانی **مۆبوتۆ**، ئەوی لە مەترسییە ناوخۆییەکان بۆ سەر دەسەڵاتەکەی پاراست. وەک زۆر لە دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان، ڕووخانی کۆتایی ڕژێمەکەی **مۆبوتۆ** بە دەستی دوژمنانی دەرەکی بوو. **مۆبوتۆ** بە ئاشکرا پشتیوانیی لە ڕەگەزی توتسیی وڵاتی ڕواندایی دەکرد و ئەم کارەی بوو بە مایەی تووڕەکردنی ڕەگەزی توتسی لە ناوچەکە. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ و ١٩٩٧دا، یاخیبووە توتسییەکان بە سەرکەوتوویی دەستیان بەسەر بەشێکی زۆری خاکی ڕۆژهەڵاتی *زائیر*دا گرت، لە کاتێکدا **مۆبوتۆ** لە دەرەوەی وڵات لە چارەسەری پزیشکی دەگەڕا. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٧دا، یاخیبووە توتسییەکان لەگەڵ هێزەکانی تری دژی **مۆبوتۆ** لە ناوچەکە و *ڕواندا* یەکیان گرت بۆ گرتنی پایتەختی *زائیر*، **کینشاسا** و **مۆبوتۆ**یان ناچار کرد لە تاراوگە بمێنێتەوە.

## بەدواییەکداهاتنی سەرکردایەتی لەناو ڕژێمدا لە هایتی (١٩٥٧-١٩٨٦)

دیکتاتۆرییەتی تاکڕەویی *هایتی* لە بندەستی فەرمانڕەوایی خێزانی *دوڤالی* (*Duvalier*) لەوەدا جیا بوو لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکانی تر، کە ئەو فەرمانڕەواییە دوای حوکمڕانیی دامەزرێنەری ڕژێمەکە، **فرانسوا دوڤالی**، هەر مایەوە.

بەدواییەکداهاتنی سەرکردایەتی لەناو ڕژێمدا بە دەگمەن لەناو دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان ڕوو دەدات، بەڵام ئەگەر ڕوو بدات ئەوا کوڕی دامەزرێنەی ڕژێمەکە یان خزمێکی نێرینەی جێگەی دەگرێتەوە. لە *هایتی* ئەم حاڵەتە جیاواز نەبوو؛ کاتێک **فرانسوا دوڤالی** مرد، کورەکەی، **جین کلاود دوڤالی** سەرکردایەتیی *هایتی*ی گرتە دەست. ئەم لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە بە درێژی باسی ئەوە دەکات کە چۆن دوڤالییەکان لە *هایتی* درێژەیان بە دەسەڵاتەکەیان دا لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە بە هۆیانەوە ڕژێم توانیی بەردەوامی بە سەردەمی دامەزرێنەریی ڕژێمەکە بدات.

**فرانسوا دوڤالی** (بە **پاپا دۆک** ناسرابوو، چونکە ئەو دکتۆر بوو) لە ساڵی ١٩٥٦ بە سەرۆکی *هایتی* هەڵبژێردرا. بە پشتیوانیی سوپا زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا. بڕیارەکەی **پاپا دۆک** لە ساڵی ١٩٥٧دا سەبارەت بە دانانی دەستوورێکی نوێ بە سەرەتای دەستپێکردنی فەرمانڕەواییە دەسەڵاتگەراییەکەی دادەنرێت. لە ساڵی ١٩٦١دا، **پاپا دۆک** پەرلەمانی لە دوو ژوورەوە (واتە ژووری نوێنەران و پیران (وەرگێڕ)) کرد بە یەک ژوور و بڕیاری دا دووبارە هەڵبژاردن بکرێتەوە (لە دەستووری ساڵی ١٩٥٧دا ئەو هەڵبژاردنە ڕێپێدراو نەبوو). **پاپا دۆک** ئەو هەڵبژاردنانەی بردەوە بە سیازدە ملیۆن و بیست هەزار و حەوتسەد و چلوهەشت دەنگ بەرامبەر بە سفر. لە ساڵی ١٩٦٤، **پاپا دۆک** ڕای گەیاند کە ئەو تا مردن سەرۆکی *هایتی*یە.

**پاپا دۆک** بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ستراتیجی جۆراوجۆری جێبەجێ کرد، کە ئەمانە کاری ئاساییین لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا. **پاپا دۆک** دەستی کرد بە هاندانی

پەرستنی کەسێتیی خۆی، ئەویش بە دانانی وێنەکانی خۆی لە هەموو شوێنێکی وڵاتدا و هەندێک لەو وێنانە ئەو پەیامەیان بە گوێی خەڵکدا دەدا، کە ئەو لە لایەن **عیسای مەسیح**ەوە بۆ سەرۆکایەتیی *هایتی* هەڵبژێردراوە. لە یەکێک لەو وێنانەدا **پاپا دۆک** لە تەنیشت **عیسای مەسیح** وەستاوە و **مەسیح** دەستی لەسەر شانی ئەو داناوە لەگەڵ نوسینێک کە دەڵێت "من **پاپا دۆک**م هەڵبژاردووە". **پاپا دۆک** خۆی وا پیشان دەدات کە ئەو دەوڵەتە و هەر کەسێک دوژمنی ئەو بێت ئەوا دوژمنی وڵاتەکەشە. ئەو کارانەی **پاپا دۆک** وێنەیەکی باوکایەتیی **پاپا دۆک**ی لای خەڵک دروست کرد. هەروەها **پاپا دۆک** جادو٢گەریی بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەر بەکار هێنا. **پاپا دۆک** ڕەنگی ئاڵای وڵاتەکەی لە شین و سوورەوە گۆڕی بۆ ڕەش و سوور، ئەو ڕەنگانە پەیوەست بوون بە جادووگەریی نهێنیی کۆمەڵگەکان. **پاپا دۆک** زانیارییەکانی لەسەر جادووگەری بۆ چەسپاندنی ترس و گوێڕایەڵی لە دەروونی جەماوەردا بەکار هێنا.

بۆ نەهێشتنی هەڕەشەی کودەتا، **پاپا دۆک** دەسەڵاتی سوپا و ئامڕازەکانی دەوڵەتی لە ناوەنددا کۆ کردەوە، بە شێوەیەک کە هەموو دەسەڵاتی بڕیاردانی لە خۆیدا کۆ کردەوە. **پاپا دۆک** کاری بۆ لابردنی هەڕەشەی سوپا کرد، ئەویش لە ڕێی پارچەپارچەکردنی سوپا و دروستکردنی هێزەکانی ئاسایشی تایبەت بە خۆی. ئەو هێزانە ئەمانەیان دەگرتەوە: گاردی کۆماری و میلیشیای لادێی تایبەت کە بە *تۆنتۆن ماکۆوتس* ناسرابوو. ئەو دوو هێزە بۆ ئەوە دروست کرابوون کە هاوسەنگییەک بەرامبەر سوپا دروست بکەن، ئەو سوپایەی بە مەبەست **پاپا دۆک** بە لاوازی هێشتبوویەوە. میلیشیای لادێی تایبەت بە شێوەیەکی سەرەکی لەو گەنجانەی لادێکان پێک

هاتبوو کە زۆر دڵسۆزی ڕژێم بوون. میلیشیای لادێی تایبەت لە *هایتی* وەک پۆلیسی ئاسایش کاریان دەکرد و هەر ڕەفتارێکی تێکدەرانەیان ببینیایە سزایان دەدا. لە کۆتاییدا هێزەکەی میلیشیای لادێی تایبەت بوو بە دوو ئەوەندەی هێزی سوپا، چونکە **پاپا دۆک** ئەفسەرە کاریگەرەکان یان فەرماندەکانی سوپای لە ڕیزی سوپا دەرکرد.

ئەو هێزە ئاسایشە تایبەتانە سەلماندیان کە بۆ **پاپا دۆک** بەکەڵکن، چونکە **پاپا دۆک** لە چەند هەوڵێکی کودەتا لە ماوەی حوکمڕانییەکەی ڕزگاری بوو. یەکەم کودەتا، بۆ نموونە، لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٨دا کرا. ئەو هەڵە گەورانەی کودەتاچییەکان کردیان (وەک دڵنیانەبوونیان لە شوێنی ئەو چەکانەی بۆ کودەتاکە پێویست بوون) هەوڵی کودەتاچییەکانی لەبار برد. زیرەکیی **پاپا دۆک** ئەوی لە ڕووخان لە کودەتایەک ڕزگار کرد، فەرمانڕەوایی **پاپا دۆک** دوای مردنی لە ساڵی ١٩٧١دا ماوەیەکی کورتی پچڕانی بە خۆیەوە بینی.

گواستنەوەی دەسەڵات لە **پاپا دۆک**ەوە بۆ کوڕەکەی **جان کلود دوڤالییە**، تا ڕادەیەک بێ پچڕان بوو. دوڤالییەی لاو (بە **بەیبی دۆک** ناسرا بوو) ئامادە کرابوو بۆ ئەوەی دوای مردنی باوکی دەسەڵاتی *هایتی* بگرێتە دەست و لە لایەن باوکییەوە بۆ جێنشینی دەستنیشان کرابوو. چەند کۆسپێکی کەم هەبوون لە ڕێی گواستنەوەی دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕ، چونکە **دوڤالییەی** باوک نزیکەی هەموو ئەو دامەزراوانەی دەوڵەتی تێک دابوو کە لە داهاتوودا دەبوونە هەڕەشە بۆ دەسەڵاتەکەی. **ڕیچارد سنایدەر** ئەوە بە باشی ڕوون دەکاتەوە: "لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٦٠دا کە **پاپا دۆک** لە هێزە بیانییەکان دابڕا، هاوسەنگیکردن لە بەکارهێنانی ئۆپۆزسیۆن بۆ ناو

فەرمانڕەواییەکەی و بەکارهێنانی سەرکوتکردن بۆ ڕێگرتن لە گەشەکردنی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ و هەروەها کردنی هێزە چەکدارەکانیش بە پاشکۆی خۆی بوو بە هۆی ئەوەی هەموو ڕکابەرە گرنگەکان بۆسەر دەسەڵاتی دەوڵەت نەهێڵێت. سەقامگیریی فەرمانڕەوایی و گواستنەوەی بێگرێوگۆڵی دەسەڵات لە ساڵی ١٩٧١دا بۆ کوڕەکەی، **جان کلۆد**، بەرهەمەکانی ئەو بارودۆخە بوون کە ڕکابەرە ترسناکەکانی تێدا نەمابوون."

**بەیبی دۆک** کە هاتە سەر دەسەڵات تەنیا تەمەنی ١٩ ساڵ بوو، لە سەردەمی ئەودا دەسەڵاتەکان کەمتر لەوەی باوکی لە ناوەندا کۆ کرابوونەوە؛ **بەیبی دۆک** جڵەوی دەسەڵاتەکەی بەسەر لادێکان و سوپادا شل کردبوو. **بەیبی دۆک** پێی باشتر بوو کە هەوڵەکانی بۆ دزینی سامانی دەوڵەت چڕ بکاتەوە وەک لەوەی دەسەڵاتی بێبەزەییانە بەکار بهێنێت. ئەو تا ڕادەیەکی زۆر متمانەی نەکردە سەر سەرکوتکردن بۆ درێژەدان بە فەرمانڕەواییەکەی. لەژێر فەرمانڕەوایی **بەیبی دۆک**دا، *هایتی* وای لێ هات کە تا ڕادەیەکی زۆر متمانە بکاتە سەر کۆمەکی بیانی، بە شێوەیەکی سەرەکی کۆمەکی *ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا*، ئەمەش بوو بە هۆی زیادبوونی متمانەی ڕژێمەکە لەسەر هێزە بیانییەکان.

## ڕووخانی ڕژێمەکە

گەندەڵی لە سەردەمی **بەیبی دۆک** بە هەموو شوێنیکی وڵاتدا بڵاو ببووەوە، ئەدای ئابوورییەکەی ئەوەندە لاواز بوو، کە بوو بە هۆی زیادبوونی ناڕەزایی لەسەر ئاستی ناخۆ و نێودەوڵەتی. بۆ نموونە، سەردانی **پاپا جۆن پاوڵی دووەم** لە ئازاری ١٩٨٣دا، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایی

جەماوەری لە دژی ئەوپەڕی هەژاریی *هایتی* و زیادبوونی نایەکسانی. هەروەها خۆپیشاندان دەستی پێ کرد و لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥دا تا مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام بوو. وەڵامی **بەیبی دۆک** بۆ خۆپیشاندانەکان بریتی بوو لە تێکەڵەیەک لە بەڵێن و سزا کە لە نێوان سەرکوتکردن و ئاشتکردنەوە خۆی دەبینییەوە. **بەیبی دۆک** هەوڵی هێورکردنەوەی جەماوەری دا بە دووبارە پێکهێنانەوەی *ئەنجوومەنی وەزیران* و هیوای خواست کە ئەو دووبارەپێکهێنانەوەیە وەک نیشانەیەکی هەوڵدانی ڕژێم تەماشا بکرێت بۆ دەرکردنی ئەوانەی بەرپرسیارن لە گەندەڵی و تێکدانی ئابووریی وڵاتەکە. کاتێک ناڕەزاییەکان بەردەوام بوون، **بەیبی دۆک** بە توندوتیژی لەگەڵ میدیا جووڵایەوە و پۆلیس و سوپای بەکار هێنا بۆ دامرکاندنەوەی ئەو نائارامییە.

لە هەمان کاتدا، گرووپیک لە ئەفسەرانی *سوپای هایتی*، ئەوانەی لە سەرەتادا دژایەتیی دەسەڵاتگرتنەدەستی **بەیبی دۆک**یان کرد، بینیان کە **بەیبی دۆک** چەند لاواز بووە و دەستیان کرد بە پلانداننان بۆ ڕووخاندنی. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦دا نائارامیی ناوخۆ لە *هایتی* سەرنجی *ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای* بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئیدارەی **ڕیگەن** خێرا پێداگریی کرد لەسەر ئەوەی کە دەبێت **بەیبی دۆک** واز لە دەسەڵات بهێنێت و *هایتی* بەجێ بهێڵێت. لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٦دا، **بەیبی دۆک** داواکەی *ئەمەریکای* قبووڵ کرد بۆ ئەوەی یارمەتیی چوونەدەرەوەی لە *هایتی* بدات. **بەیبی دۆک** بە ماوەیەکی کورت دوای ئەوە، ئەو بەڵێنەی بە *ئەمەریکای* دابوو شکاند، ئاژاوە لە *هایتی* دەستی پێ کرد و *ئەمەریکا* ڕای گەیاند کە کۆمەکەکانی بۆ ئەو وڵاتە

کەم کردووەتەوە. ئەو پێشهاتانە هانی کودەتاچییە سەربازەکانی دا کە داوا لە **بەیبی دۆک** بکەن دەستبەجێ واز لە دەسەڵات بهێنێت. لە ٧ی شوباتی ١٩٨٦دا، **بەیبی دۆک** ئەو داوایەی جێبەجێ کرد و *هایتی*ی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی تا لە ژیاندا ماوە لە *فەرەنسا* لە تاراوگە ژیان بەسەر ببات، دوای زیاتر لە سی ساڵ حوکمڕانیی خێزانی *دوڤالییە*.

## ڕۆڵی کەسێتی

*ژمارەیەک لە توێژەران تیشکیان خستووەتە سەر ڕۆڵی کەسێتیی سەرکردە لە ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکاندا. بۆ نموونە لە کتێبێکی **ڕۆبەرت توکەر**، سیاسەت وەک سەرکردایەتی، سەرکردایەتی وەک توخمێکی سەرەکیی سیاسەتی باس کردووە. **توکەر** گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکات کە هۆکاری کەسی دەبێت بخرێتە ناو نموونە تیۆرییەکانی دیکتاتۆرییەتە تۆتالیتارییەکانەوە. **توکەر** دەنووسێت، کەسێتیی دیکتاتۆر بەشداری دەکات لە تۆتالیتاریزم و دەبێت ئەو کەسێتییە بە یەکێک لە پێکهاتە گرنگ و جێگرەکانی تۆتالیتاریزم دابنرێت.*

*هەروەها **سامیۆڵ دیکالۆ** لە توێژینەوەکەیدا، شێتییەکانی دەسەڵات: دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکانی ئەفریقایی، باسی ڕۆڵی کەسێتی دەکات. لەو توێژینەوەیەدا دەڵێت، دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی شێوەیەکی بێهاوتای ئۆتۆکراسیی ئەوپەڕی ستەمکارییە لە ڕیزبەندیی جۆرەکانی تۆتالیتاریزمدا و بەو سروشتە کەسی و لادەر لە ڕێی ڕاست و ستەمکارییەی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەی پیادەی دەکات، دەناسرێتەوە. توێژینەوەکەی **دیکالۆ** ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چی ڕوو دەدات کاتێک کەسێتییەکی نائاسایی تێکەڵی فەرمانڕەواییەکی تاکڕەوی دەبێت.*

هەروەها پسپۆڕانی دەروونناسیی سیاسی تەماشای ڕۆڵی کەسێتییش دەکەن. ئەو تایبەتمەندییانەی کەسێتی کە لێیان کۆڵراوەتەوە، بە زۆری بەدگومانی لە کەسانی تر و خۆویستی دەگرێتەوە، کە زۆر جار ئەو دوو تایبەتیمەندییە تێکەڵ بە یەکتری دەبن. کۆبوونەوەی ئەو هەموو تایبەتمەندییانە لە دیکتاتۆردا زۆر ترسناکە و دەشێت ڕەفتاری بێبەزەییانە و نامۆی لێ بکەوێتەوە.

ئەو دیکتاتۆرە بەدگومانانە لە کەسانی تر (Paranoids) زۆر هەستیارن و کێشەی وایان بە خەیاڵدا دێت کە هەر بوونیان نییە. لەبەر ئەوە پێیان باشە متمانە نەکەنە سەر هیچ کەسێک. ئەو دیکتاتۆرە بەدگومانانە بەردەوام چاوەڕوانی دۆزینەوەی پلانن کە دژیان بکرێت. ئەو دیکتاتۆرانە لەو بڕوایەدان کە پشتیوانەکانیان لەسەر لێواری ناپاکیکردنن بەرامبەریان، ئەمەش وایان لێ دەکات کە کاردانەوەیکی زۆریان بەرامبەر کێشەی بچووکیش هەبێت. هەروەها دیکتاتۆر خۆویستەکانیش (Narcissists) دەشێت دوژمن بۆ خۆیان بەدی بهێنن، کە لە واقعدا هەر بوونی نەبێت. ئەو دیکتاتۆرە خۆویستانە ڕەفتاری بەدگومانی وا پیشان دەدەن کە لە لۆجیکیشی تێدەپەڕێنێت، بڕوایان بە کەس نییە و پشتیوانە هەرە دڵسۆزەکانیان تێک دەشکێنن. بۆ نموونە، **سەدام حسێن** هەمیشە لەو بڕوایەدا بوو کە دەزانێت کام لەپشتیوانەکانی پلان دژی ئەو ڕێک دەخات، تەنانەت پێش ئەوەی خودی ئەو پشتیوانانە بەو پلانە بزانن. ئەو دیکتاتۆرە خۆویستانە پێویستییەکی زۆریان بەوەیە خۆیان زۆر بەدڵ بێت. ئەو دیکتاتۆرە خۆویستانە هەستێکیان لا دروست دەبێت کە خۆیان زۆر بە گرنگ بزانن و خەڵکی تریش بە کەمتر. کاتێک

*سەرکردەیەکی خۆویست تووڕە دەبێت، هیچ دوودڵی ناکات لەوەی کە کاری توندوتیژیی ترسناک و تۆقێنەر ئەنجام بدات. ئەو خۆویستانە خولیای بەدستهێنانی دەسەڵاتن. تەنانەت کاتێک دەگەنە لوتکەی دەسەڵاتێکی بەهێز، بەردەوام دەبن لە هەوڵدان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی زیاتریش بەدەست بهێنن.*

*بە وردی ڕۆڵی کەسێتی لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا زۆر جار بە گرنگ دانراوە، چونکە ئەو ڕژێمانە دامەزراوەیان تێدا نین تا بتوانن ڕەفتاری دیکتاتۆر هێور بکەنەوە. هەروەها ئەو بارودۆخی نەبوونی دامەزراوەییە دەشێت ببێتە هۆی دروستکردن و بەهێزکردنی ئارەزووە بەدگومان و خۆویستەکانی دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان.*

## پوختە و ئەنجام

دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان وا لە تاکێک دەکەن کە ئەوەی دیکتاتۆرێک پێی خۆشە و ئەوەی ڕقی لێیەتی بچەسپێت و کۆنترۆڵی بواری سیاسیی وڵاتیش بکات. لە هیچ جۆرێکی تری دیکتاتۆرییەتدا، دیکتاتۆر بە کەللەڕەقی فەرمانڕەوایی ناکات و سەرکردایەتییەکەیان هاوواتایە لەگەڵ خودی ڕژێمەکە. ئەو جۆرە ئازادییە لە فەرمانڕەواییدا دەشێت ببێتە هۆی بەدیهێنانی سیاسەتی نامۆ و بواری سیاسیی نادیار و ناجێگیر و تێکدانی دامەزراوەکانی دەوڵەت. دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بەو ئازادییەی هەیانە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە پێیان خۆشە، توانای ئەوەیان هەیە کە لە هەموو سەرکردە دەسەڵاتگەراییەکان بێبەزەییتر بن، بەڵام هەندێکیان میهرەبانن یان بە لایەنی کەمەوە خۆیان بە میهرەبان دەبینن. وەک **ئەلیکسانەر لۆکاشینکۆی** سەرۆکی *بیلاڕووسیا* لەساڵی ٢٠٠٣دا بە

ڕادیۆیەکی ڕاگەیاند: "شیوازی فەرمانڕەواییکردنی دەسەڵاتگەراییانە تایبەتمەندییەکی منە و هەمیشە دانم بەوەدا ناوە. بۆچی؟ دەتوانین چەندین سەعات بۆ قسەکردن لەسەر ئەوە تەرخان بکەین. تۆ پێویستت بەوەیە کۆنترۆڵی وڵات بکەیت و گرنگترین شت ئەوەیە ژیانی خەڵک تێک نەدەیت."

هەرچەندە دەشێت ژیانی دیکتاتۆرێکی تاکڕەو لە چەند ڕوویەکەوە خۆش بێت، بەڵام ئەو جۆرەش نییە کە ناخۆشیی تێدا نەبێت. دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان دەبێت فێڵباز و زیرەک بن، دەبێت بێبەزەییانە کار بکەن بۆ نەهێشتنی سەرهەڵدانی ڕکابەران و ناکۆکینانەوە لە ناو گرووپی ئۆپۆزسیۆن و بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسییە نادیارانەی کە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لە لایەن گرووپە چەکدارەکانەوە دێن. دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان بڕوایان بە کەس نییە و ئەو بڕوانەبوونەیان بە کەس ئاڵۆزتر بووە بە هۆی کەمیی ئەو دامەزراوانەی کە دەتوانن ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی دەسەڵات دەکەن یان شەرعییەت بۆ فەرمانڕەواییە بەردەوامەکەیان دەستەبەر بکەن.

ئەم بەشە لەو دیاردە ڕوون و چەند لایەنەی فەرمانڕەوایی تاکەکەسی کۆڵییەوە، لە هێزی چالاکە سیاسییەکانی دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکانمان کۆڵییەوە، چۆن ئەو هێزانە بەکار دێن و چۆن شکست دەهێنن. هەروەها لەو ڕێگە جۆراوجۆرانەمان کۆڵییەوە کە سەرکردە تاکڕەوەکان بەکاری دەهێنن بۆ پاراستن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی بندەستیان. ئەم بەشە بە چاوپێداخشاندن بە جیهانی دیکتاتۆرییەتی تاکڕەوی، ئەوەی پیشان دا کە چۆن سیاسەت بەکار دێت کاتێک سەرکردەکان بەبێ هیچ کۆتوبەندێک فەرمانڕەوایی دەکەن.

# بەشی دوازدەهەم
# ڕژێمە پادشاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوروبەری

ڕژێمە پادشاییەکان دەشێت وا دەرنەکەون کە جۆرێک بن لە دیکتاتۆرییەت، لەگەڵ ئەوەشدا *شانشینی یەکگرتوو* و *سوید* و *هۆڵەندا*، ئەوانە هەموو ڕژێمی پادشایین بە مانا کردارییەکەی، بەڵام هەمووشیان دیموکراتین. ئەو جۆرە ڕژێمە پادشاییە تەشریفاتییانە لە هەموو جیهاندا باون، هەرچەندە لە ڕاستیدا دەسەڵاتێکی زۆر کەمی سیاسی بە دەست پادشایە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕژێمی پادشاییە دیفاکتۆیەکان دەکۆڵێتەوە. کە تیایاندا پادشا لەوە زیاترە سەرۆکێکی تەشریفاتی بێت و خێزانی پادشا بەرپرسیار دەبێت لە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیی ڕاستەقینە پیادە دەکات.

ڕژێمە پادشاییەکان تا ڕادەیەک ئەمڕۆ باو نین، بەتایبەتی لە دەرەوەی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*. هەرچەندە ڕژێمە پادشاییەکان ڕیشەکەیان لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* نییە، بەڵام زۆربەی ئەو ڕژێمە پادشاییانەی جیهان کە ئێستا ماون کەوتوونەتە ئەم ناوچەیە.

رژێمە پادشاییەکانی ئەمڕۆ
ئەم لیستەی خوارەوە ئەم دیکتاتۆرییەتە پادشاییانەن کە ئەمڕۆ هەن:
* برونای (١٩٥٩–تا ئێستا)
* ئەردەن (١٩٤٦–تا ئێستا)
* مەڕاکیش (١٩٥٦–تا ئێستا)
* عەممان (١٧٤١–تا ئێستا)
* عەرەبستانی سعوودی (١٩٢٧–تا ئێستا)
* سویسرا (١٩٦٨تا ئێستا)
* ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو (١٩٧١–تا ئێستا)

ئەم بەشە بە ڕوونکردنەوەیەکی درێژی ئەوەی کە مەبەستمان لە ڕژێمە پادشاییەکان چییە دەست پێ دەکات، پێش ئەوەی لەوە بکۆڵینەوە کە چۆن دروست بوون و چۆن سیستەمە سیاسییەکەیان کار دەکەن. هەروەها خاڵە سەرەکییەکان لە ئەدەبیاتی خێراگەشەکردووی کە بۆ ڕژێمە پادشاییەکان تەرخان کراوە، دەخەینە ڕوو و بە بژاردەیەک لە نموونەی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو کۆتایی بەم بەشە دەهێنین.

## فەرمانڕەوایی پادشایی چییە؟

ڕژێمە پادشاییەکان ئەو ڕژێمانەن کە کەسێک لە وەچەی پادشا بێت و بەگوێرەی نەریتێکی قبوولکراو یان دەستوور بە میرات سەرۆکی دەوڵەتی بۆ مابێتەوە. ڕژێمە پادشاییە تەشریفاتی یان دەستوورییەکان دەخەینە دەرەوەی ئەو باسەمان، چونکە دەسەڵاتی سیاسی تیایاندا بە دەستی حکومەتێکی مەدەنییەوەیە، لەبریان سەرنج دەخەینە سەر ئەو

ڕژێمە پادشاییانەی کە دەسەڵاتی ڕەها تیایاندا لە لایەن خێزانی فەرمانڕەواوە کۆنترۆڵ کراوە.

لە ڕژێمە پادشاییەکاندا، دەسەڵاتی بڕیاری سیاسی و دەستڕاگەیشتن بە پۆستی سیاسی و کۆنترۆڵکردنی سوپا لە لایەن خێزانی فەرمانڕەواوە دەستی بەسەردا گیراوە. سەرۆکی ڕژێمەکە بە شێوەیەکی سروشتی پادشایە یان میرە و دەستەبژێرانی ڕژێمیش بە شێوەیەکی ئاسایی ئەندامی خێزانی پادشان. شەرعییەتی ڕژێم و بەرپرسە سەرەکییەکانی ڕژێمەکە بە پەیوەندییەکی توندی خوێن و ڕەگەزەوە بە خێزانی پادشاوە بەستراون. لە ڕژێمە پادشاییەکاندا جێنشینی سەرکردایەتی بە دامەزراوەیی کراوە. هەرچەندە پێویست نییە سیستەمی لە باوکەوە بۆ کوڕە گەورە بەکار بهێنرێت، بەڵام گواستنەوەی دەسەڵات لە پادشایەکەوە بۆ یەکێکی تری دوای ئەو، دەبێت بەگوێرەی نەریتێکی قبووڵکراو بێت.

لە ڕژێمە پادشاییەکاندا، خێزانی پادشا کۆنترۆڵی کایەی سیاسی دەکات لەگەڵ گرتنەدەستی پۆستە سەرەکییەکان لە لایەن ئەندامانی خێزانی پادشا و کەسانی هاوپەیمانیان. هەندێک ڕژێمی پادشایی، پەرلەمان و هەڵبژاردنیان هەیە، بەڵام هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتیی وڵات ناکرێت. هەندێک لە ڕژێمە پادشاییەکان ڕێگە بە دروستکردنی حزبە سیاسییەکان و کارکردنیان دەدەن، وەک لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکانیشدا، ئەو دامەزراوانە بە شێوەیەکی سروشتی ئامڕازن بۆ مانەوەی ڕژێمەکە وەک لەوەی هۆیەک بن بۆ کێبڕکێی سیاسی یان ئاڕاستەکردنی سیاسەت.

**پێناسەی ڕژێمی پادشایی**
* خێزانی پادشایی لەسەر دەسەڵاتە، پادشا یان میر بەرپرسی دەسەڵاتە.
* یاسا و ڕێساکانی جێنشینی ڕوون و دیاریکراون.
* شەرعییەتی سەرکردایەتیی ڕژێمەکە لەسەر بنچینەی بنەچەیە.
* خێزانی پادشا بەرپرسی سوپا و سیاسەتن.
* پەرلەمان و حزبە سیاسییەکان و هەڵبژاردنەکان جاروبار یاسایین، بەڵام بۆ خێزانی پادشا گرنگ نین.

## شیکردنەوەی تیۆرییانەی ڕژێمە پادشاییەکان

بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبیاتی شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان، لێکۆڵینەوەی کەم لەسەر حوکمڕانیی پادشایی کراون. هەرچەندە ئەو لێکۆڵینەوانەی بۆ ڕژێمە پادشاییەکان تەرخان کراون بە خێرایی بەرفراوان دەبن، بەڵام تا ئێستا ئەو لێکۆڵینەوانە تا ڕادەیەک وەک پێویست گەشەیان نەکردووە. لەم بەشەدا بیرۆکە سەرەکییەکانی ئەم ئەدەبیاتە دەخەینە ڕوو و باسی جۆرە جیاوازەکانی ڕژێمە پادشاییەکان دەکەین لەگەڵ ئەوەی چۆن دروست بوون. هەروەها ئەو هۆکارانەش کە بەشداری لە مانەوەیان دەکەن، باس دەکەین.

## جۆرەکانی ڕژێمە پادشاییەکان

### ڕژێمە پادشاییە بنەچەیی و نابنەچەییەکان

**مایکڵ هێرب** ڕژێمە پادشایەتییەکان دەکات بە دوو گرووپ، کە ڕژێمی پادشایەتیی بنەچەیی و نابنەچەییە. لە ڕژێمی پادشاییە بنەچەییەکاندا خێزانی پادشا دامەزراوەیەکی

فەرمانڕەوایی دروست دەکات، لە کاتێکدا لە ڕژێمە پادشاییە نابنەچەییەکاندا پادشا بە تەنیا فەرمانڕەوایی دەکات. ڕژێمی پادشاییە بنەچەییەکان لەوەدا لە ڕژێمە پادشاییە نابنەچەییەکان جیاوازن، کە خێزانی فەرمانڕەوا چاکتر دەتوانێت کۆنتڕۆڵی دەسەڵاتی شانشینیەکە بکات وەک لە هیی نابنەچەیی.

ڕژێمە پادشاییە بنەچەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەریان هەڵدا، چونکە خزمەکانی فەرمانڕەواکان لە سەرەتای سەردەمی نەوتەوە سەرچاوەی بەهێزی سەوداکردنیان لە بەردەستدا بووە و توانیویانە ئەو سەرچاوانە بەکار بهێنن بۆ مانەوەی فەرمانڕەواکان لە دەسەڵاتدا و یارمەتیی ئەو فەرمانڕەوایانەی ویستویانە دەسەڵاتیان هەبێت بدەن، یان بۆ هێرشکردنە سەر و لابردنی ئەوانەی لەسەر دەسەڵات بوون. تەنانەت پێش ئەوەی داهاتی نەوت بە لێشاو بێتە دەستی ئەو فەرمانڕەوایانە، یەکگرتوویی خێزانی فەرمانڕەوا هێزێکی سەوداکردنی گەورەی دا بە فەرمانڕەوا. بێگومان سەوداکردن بە سەرمایە جیاوازەکانی دەوڵەتەوە کرا، وەک داهاتی گومرگ و زەوی. کاتێک پارەی نەوت بە لێشاو هاتە دەست ئەو فەرمانڕەوایانە، وایان لێ هات پێویستیان بە بیرۆکراسییەتێکی گەورەتر و دەوڵەت هەبێت. ئەمەش بوو بە هۆی گواستنەوە لە فەرمانڕەواییەکی پەرتوبڵاوەوە بۆ فەرمانڕەواییەکی یەکگرتوو، کە پادشا لە ڕێی پێکهاتەیەکی بەڕێوەبەریی هەڕەمییەوە فەرمانڕەوایی دەکرد و ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو. بەڕێوەبەرێتییە پەرتوبڵاو و ناسەرەکییەکانی ڕابردوو تێک دران و خێزانی فەرمانڕەوا هێنرایە ناو دەزگایەکی بیرۆکراتیی ناوەندیی نوێ. دانوستان لە نێوان پادشا و خێزانی فەرمانڕەوا بوو بە هۆی دابەشکردنی فەرمانگەکانی دەوڵەت و

دابەشکردنی داهاتی نەوت بەسەریاندا، هەموو ئەوانە دەسەڵاتیان بەسەر سەرجەم خێزانی فەرمانڕەوادا دابەش کرد.

لە ڕژێمی پادشایی بنەچەییدا، ئەندامانی خێزانی فەرمانڕەوا کۆنترۆڵی فەرمانگە سەرەکییەکانی دەوڵەت و وەزارەتەکان دەکەن. چوونی خێزانی فەرمانڕەوا بۆ ناو کۆمەڵگە تۆڕێکی زانیاری بۆ پادشا دەستەبەر دەکات و هەروەها دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر خێزانی پاشادا وا دەکات پادشا بەرپرسیار بێت لەو کارانەی کە دەیکات. ڕژێمە پادشاییە بنەچەییەکان میکانزمی ئامادەیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان و پرسی جێنشینی. ئەو ڕژێمانە زۆر سەقامگیرتر و خۆگرترن لە ڕژێمە پادشاییە نابنەچەییەکان. ئەندامانی خێزانی فەرمانڕەوا پشتیوانی لە بەردەوامیی سیستەمەکە دەکەن، چونکە هەر یەکێک لەو ئەندامانە بەرژەوەندیی لە بەردەوامبوونی سیستەمەکەدا هەیە، تەنانەت ئەو ئەندامانەش کە لە پۆستیکی باڵا لا براون و بە هەر شێوەیەک بێت قەرەبوو کراونەتەوە. ڕژێمە پادشاییە بنەچەییەکان لەو دامەزراوانە پێک هاتوون کە هانی میر و شێخەکان دەدەن کە بەدوای دەسەڵاتدا بگەڕێن بۆ ئەوەی ئەو کارانە بگرنە دەست کە دەبنە هۆی بەردەوامیی باڵادەستیی خێزانەکە بەسەر دەوڵەتدا.

لە ڕژێمە پادشاییە نابنەچەییەکاندا، بە پێچەوانەوە، پادشا بە ڕادەیەکی زۆر کەم بە هاوکاریی خێزانەکەی فەرمانڕەوایی دەکات و دەسەڵات بە ڕادەیەکی زۆر لە ناوەندا چڕ کراوەتەوە. دەسەڵاتی پادشا لە چەند ڕوویەکەوە ڕەهایە و دەسەڵاتەکە لە بندەستی پادشادا چڕ کراوەتەوە. لەبەر ئەوەی خێزانی فەرمانڕەوا لە ڕژێمە پادشاییە نابنەچەییەکاندا دەسەڵاتی کەمترە لە خێزانی فەرمانڕەوای ڕژێمە پادشاییە

بنەچەییەکان، هەڵسوکەوتی پادشا تا ڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵ نەکراوە. لەبری ئەوە، ئەندامانی خێزانی فەرمانڕەوا و دەستەبژێرەکانی تر بۆ پێدانی پۆست پێیان متمانە دەکەنە سەر چاکە و پیاوەتیی کەسیی پادشا و دەبێت کار بۆ ئەوە بکەن پادشا بە کەسانی چاکیان بزانێت. لە ڕژێمە پادشاییە نابنەچەییەکاندا، ڕژێمەکە ناهێڵێت کۆمەڵگە بە سیاسی بکرێت و ڕژێمەکە لە ڕێی پەیوەندییەکانی فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراوەوە بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە. **لیزا ئەندرسۆن** ڕژێمە پادشاییە نابنەچەییەکان وەک ڕژێمی پادشایی سەرۆکایەتی تەماشا دەکات، چونکە پیاوێکی بەهێز دەست بەسەر دەوڵەتدا دەگرێت، کە تا رادەیەک چەند دامەزراوەیەکی سیاسیی سەقامگیری کەمی هەیە.

وەک دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان، ڕژێمە پادشاییە نابنەچەییەکان بە زۆری دەڕووخێن کاتێک فەرمانڕەوا واز لە پادشایەتی دەهێنێت، چونکە لە ڕژێمەکەدا یەکگرتوویی لە نێوان دەستەبژێراندا نییە و ئەو هێزە دامەزراوەییە پێویستەشی تێدا نییە بۆ دەستەبەرکردنی گواستنەوەیەکی بێگرێوگۆڵی دەسەڵات لە فەرمانڕەوایەکەوە بۆ یەکێکی تری دوای ئەو. کاتێک ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ سەر هەڵدەدات، ڕژێمە پادشاییە نابنەچەییەکان دوو بژاردەیان هەیە: سەرکوتکردن یان واز لە دەسەڵات هێنان. لە حاڵەتێکی ئاوادا، چەندین ڕژێمی پادشایی نابنەچەیی بە هۆی ڕاپەڕینەوە ڕووخان، وەک ئەوەی لە *ئێران* (١٩٧٩) و *ئەفغانستان* (١٩٧٣) ڕوویان دا.

**ڕژێمە پادشاییە بنەچەیی و نابنەچەییەکان (مایکڵ هێرب)**

ڕژێمە پادشاییە بنەچەییەکان

* خێزانی پادشا فەرمانڕەوایی دەکات.
* خێزانی فەرمانڕەوا دەتوانێت کۆنترۆڵی دەسەڵاتی پادشا بکات.
* میکانزمەکانی چارەسەکردنی ناکۆکییەکان و جێنشینی ئامادەن.
* دامەزراوەکان هانی ئەندامانی خێزانی فەرمانڕەوا دەدەن کە پشتگیری لە بەردەوامیی ڕژێم بکەن.

**ڕژێمە پادشاییە نابنەچەییەکان**

* پادشا بە تەنیا فەرمانڕەوایی دەکات بە نزیکەی تەواوی دەسەڵاتی ڕەهاوە.
* دەسەڵات لە بندەستی پادشادا چڕ کراوەتەوە.
* خێزانی فەرمانڕەوا متمانە دەکەنە سەر لوتف و مەرحەمەتی پادشا بۆ ئەوەی پۆستیان بداتێ.
* کۆمەڵگە بە سیاسی ناکرێت.
* بە زۆری ئەم ڕژێمە دەڕووخێت کاتێک پادشا واز لە دەسەڵات دەهێنێت.

## پێکهاتەی ڕژێمە پادشاییەکان

ڕژێمە پادشاییەکان لەوەدا لە شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان جیاوازن کە پێکهاتەی ڕژێمەکە پەیوەندیی بە شەرعییەتی خێزانی پادشاوەیە. هەرچەندە دەسەڵات بە زۆری بە کەسی دەکرێت و لە بندەستی پادشادا کۆ دەبێتەوە، بەڵام پادشاکان دەبێت لەگەڵ ئەندامانی تری خێزانەکەیان گفتوگۆ بکەن، چونکە ئەو ئەندامانە دەتوانن لێپرسینەوە لەگەڵ پادشاکاندا بکەن لەسەر ئەو بڕیارانەی داویانن. هاوسەنگیی وردی تەرازووی هێز لە نێوان پادشا و خێزانی فەرمانڕەوادا لە ڕژێمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. لە دەرەوەی خێزانی پادشایی، چەند دامەزراوەیەکی

کەم هەن کە دەتوانن بە فەرمی سنوور بۆ دەسەڵاتی پادشا دابنێن، هەروەها چەند دامەزراوەیەکی کەمیش هەن کە دەتوانن کۆتوبەند بۆ ڕەفتاری خێزانی پادشا دابنێن.

لە ڕژێمە پادشاییەکاندا، خێزانی فەرمانڕەوا (کە پادشا سەرۆکی خێزانەکەیە) بڕیار دەدات کە کێ دەتوانێت بەشداری لە سیاسەتدا بکات و هەروەها ئەو بنەما سیاسییەکانی سیاسەتی شانشینەکەش دیاری دەکات. خێزانی فەرمانڕەوا سیاسەتەکان هەڵدەبژێرێت، هەرچەندە چەندین ڕژێمی پادشایی لە دروستکردن بڕیاری سیاسییاندا، ڕۆڵی ڕاوێژکردن بەرز دەنرخێنن و چەندین کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری ڕێک دەخەن بۆ ئەوەی گوێ لە ڕا و بۆچوونەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بگرن. هەروەها خێزانی فەرمانڕەوا کۆنترۆڵی دابەشکردنی سامانی وڵاتەکە دەکەن و بەرپرسی چەندین کەرتی سەرەکیی ئابوورییش دەکەن.

ئەندامانی خێزانی فەرمانڕەوا لە ڕژێمە پادشاییەکاندا بە شێوەیەکی سروشتی هەموو پۆستە گرنگەکانی حکومەت بە دەستەوە دەگرن، وەک پۆستە وەزارییە گرنگەکان و پۆستەکانی ناو ئەنجوومەنەکان. ڕژێمە پادشاییەکان لە *کەنداو* بە توندی دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە لە ڕێی ئەوەی زۆرینەی پۆستە گرنگەکانی *ئەنجوومەنی وەزیران*یان بە ئەندامانی خێزانەکانیان پڕ کردووەتەوە. بۆ نموونە، لە *عەرەبستانی سعوودی* خێزانی پادشا دەستیان بەسەر پۆستە باڵا مەدەنی و سەربازییەکاندا گرتووە. دەسەڵات لە ناو ئەندامانی خێزانی پادشادا لە ڕێی دامەزراندنی جۆراوجۆر و دانانی بیرۆکراتییەوە دابەش کراوە، ئەوانە هەموویان یارمەتیی بەردەوامبوونی سەقامگیری دەدەن لە شانشینەکەدا.

**تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕژێمە پادشاییەکان**
* دەسەڵات بە دەست خێزانی پادشایە.
* خێزانی فەرمانڕەوا کۆنترۆڵی سیاسەت و ئەنجوومەنە ڕاوێژکارییەکان دەکات کە جاروبار لەگەڵیان کۆ دەبنەوە.
* دەسەڵاتی پادشا بەرامبەر بە خێزانی فەرمانڕەوا لە ڕژێمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.
* پۆستە گرنگەکان بە دەست خێزانی فەرمانڕەواوە دەبن.

## مانەوەی ڕژێمە پادشاییەکان

هەرچەندە لە جیهاندا کارێکی کەم کراوە لەسەر لێکۆڵینەوەی تێکڕای مانەوەی ڕژێمە پادشاییەکان بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری ڕژێمەکاندا، بەڵام ئەم ڕژێمە پادشاییانە وا دەردەکەون کە ڕژێمێک بن زۆر بمێننەوە. بۆ نموونە، ڕژێمی پادشایی *عەممان* لە سەدەی هەژدەوە لەسەر دەسەڵاتە! هەرچەندە ئەو زۆرمانەوە دیارەی ئەو ڕژێمە دەکرێت بە هۆی چەند هۆکاری سەرسووڕهێن بێت، لە کاتێکدا تێکڕای مانەوەی ڕژێمە پادشاییەکانی دوای سەردەمی *دووەم* جەنگی *جیهانی* نزیکەی چل ساڵە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لێکۆڵینەوە سەرەتاییانەی لەسەر زۆرمانەوەی ڕژێمە پادشاییەکان کراون، بەگومانن لەسەر تەمەندرێژیی ئەو ڕژێمانە. **مانفرێد هالپیرن** دانی پێدا دەنێت کە دەبێت ئەو ڕژێمە پادشاییانە توانای نەرمینواندنیان هەبووبێت (بە بەشدارییپێکردنی لایەنی تر لە دەسەڵاتدا)، بەڵام ڕەشبینە لەوەی کە بە کردار ئەو نەرمینواندنەیان ئەنجام دابێت. بە هەمان شێوە، **سامیوڵ هانتینگتۆن** بەڵگە لەسەر ئەوە

دەهێنیتەوە کە پێ ناچێت ئەو ڕژێمە پادشاییانە لە جیهانی مۆدێرندا زۆر بمێننەوە. ڕای **هاتینگتۆن** ئەوەیە کە ڕژێمە پادشاییەکان ناتوانن لە یەک کاتدا دەسەڵات لە ناوەنددا چڕ بکەنەوە و بنکە جەماوەرییەکەیان فراوان بکەن و نە دەتوانن خۆشیان لەگەڵ هەموو ئەو داواکارییە سیاسییانە بگونجێنن کە لەگەڵ تازەگەری و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا دێنە کایەوە. ڕژێمە پادشاییەکان بەرەو نەمان دەڕۆن، چونکە ئەو ڕژێمانە ناتوانن ڕێگری لە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بکەن.

لەم ساڵانەی دواییەدا، توێژەران ڕوویان لەو بوارە کرد و دەستیان کرد بە خستنەڕووی هەندێک ڕوونکردنەوە، کە بۆچی ڕژێمە پادشاییەکان تەمەنیان درێژە. بە ڕای **ڕۆبەرت گراهام**، ڕژێمە پادشاییەکان زۆر ماونەتەوە، چونکە ئەو ڕژێمانە هۆکارێکی ئەوپەڕی کاریگەر بوون لە کارامەیی بەکارهێنانی دەسەڵاتدا. بە ڕای **ئەندەرسۆن**، ڕژێمە پادشاییەکان تەمەنیان درێژە، چونکە سروشتی تاکڕەوی و کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند و حوکمڕانیی ڕەهایان هەبووە. بە هەمان شێوە، **دانیەڵ برومبێرگ** داکۆکی لەوە دەکات کە تەمەندرێژیی ڕژێمە پادشاییەکان بە هۆی ئەو ڕاستییەوەیە کە بوارێکی فراوانتریان لە بەردەستدا بووە بۆ بڕیارڕدانی سەرپێی و تاقیکردنەوە لەچاو ئەوەی ڕژێمە ئۆتۆکراتییەکانی تر کردوویانە. لەم بەشەدا، هەندێک هۆکاری گرنگ دەخەینە ڕوو کە بەشداری لە زۆرمانەوەی ڕژێمە پادشاییە بنەچەییەکان دەکەن.

## توانای خۆگونجاندن

وەک چەندین لە سەرکردەکان، پادشایەکانیش سیاسەتمەداری فێڵبازن بۆ ئەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا بهێڵنەوە. ئەوەی گرنگ بێت بۆ مانەوەیان توانای خۆگونجاندیانە لەگەڵ تازەگەری و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا. پادشایەکان بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا، دەبێت ڕوخساری دەرەوەیان بگۆڕن بۆ ئەوەی لەگەڵ پرسەکانی ڕۆژگاردا بێنەوە. بۆ نموونە، هەردوو **شا حەسەنی دووەمی** *مەراکیش* و **شا حسێنی یەکەمی** *ئەردەن* سیاسەتمەداری لێزان بوون، کە بە ئاسانی خۆیان لەگەڵ بارودۆخی گۆڕاودا گونجاند. بێگومان ئەو خۆگونجانەیان بە باشی خزمەتی ڕژێمەکەیانی کرد لە ڕووی درێژەدان بە سەقامگیری و پیشاندانی وێنەیەکی شەرعییەتی ڕژێمەکانیان.

لەبەر ئەوەی پادشاکان ڕووبەڕووی هەمان کۆتوبەندە دامەزراوەییەکان نابنەوە وەک ئەوەی سەرکردەکان لە ڕژێمە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبی و سەربازییەکان ڕووبەڕوی دەبنەوە، توانایان زیاترە بۆ گونجان لەگەڵ گۆڕاندا. لە ڕژێمە پادشاییەکاندا سیاسەتمەداری بەتوانای کەمتر هەن کە بتوانن ڤیتۆی بڕیارەکانی ڕژێمەکە بکەن. لە هەمان کاتدا، لەبەر ئەوەی لە ڕژێمە پادشاییەکاندا مەرجەکانی جێنشینی بۆ سەرکردایەتی ئامادەیە، پادشایەکان لەچاو دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان کەمتر تووشی بەدگومانی دەبن. بێگومان ئەمەش وا لە پادشاکان دەکات باشتر بتوانن بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەستنیشانی ئەو هەڕەشانە بکەن کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە و هەنگاوی پێویست بۆ ڕەواندنەوەیان بگرنە بەر لەپێناو دەستەبەرکردنی بەردەوامیی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا.

ڕژێمە پادشاییەکان بە شێوەیەکی سروشتی شەرعییەتەکەیان بە هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت نابەستنەوە، لەبەر ئەوە دەتوانن خۆیان لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەکان بگونجێنن بەبێ ئەوەی قوربانی بە پرەنسیپەکانی خۆیان بدەن. لەبەر ئەوەی ڕژێمە پادشاییەکان، فەرمانڕەواییەکەیان لەسەر بنچینەی "گوتاری شۆڕشگێڕی و سیاسەتێکی ئابووریی بڕواپێنەکراو" دانامەزرێنن، ئەم ڕژێمانە دەتوانن بیر لە چاکسازی بکەنەوە بەبێ ئەوەی لە ڕووخان یان نەمان بترسن.

ڕژێمە پادشاییەکان لە ڕێی گونجاندنی بارودۆخی شانشینەکانیان، ڕێگە بە چالاکییەکی کەمی ئۆپۆزسیۆن دەدەن. کاتێک ئەو ڕژێمە پادشاییانە ئەو توانای گونجاندنە لەدەست دەدەن، ئەو لەدەستدانە ئەوە پیشان دەدات کە ڕژێمەکانیان لە نەمان نزیک دەبنەوە. بۆ نموونە، **شا فەیسەڵی دووەم**ی *عێراق*، لە ساڵی ١٩٣٨دا هاتە سەر تەختی پادشایی. **شا فەیسەڵ** تا ساڵی ١٩٥٠ش لە بارودۆخێکی وا گەورە ببوو کە زۆر دوور بوو لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی *عێراق* و هەروەها ڕاوێژکارەکانیشی. سیاسەتەکانی **شا فەیسەڵ** و بژاردەکانی وەبەرهێنان بوو بە هۆی ئەوەی دڵڕەنجانی چینی ناوەڕاستی *عێراق* و فراوانکردنی کەلێنی نێوان چینی هەژار و دەوڵەمەند. **شا فەیسەڵی دووەم** نەیزانی چۆن ڕەفتار لەگەڵ سکاڵاکان و نیگەرانییە کۆمەڵایەتییەکان بکات یان چۆن داواکارییەکانی جوتیار و کرێکاران جێبەجێ بکات. لە ساڵی ١٩٥٨دا ڕژێمی پادشایی *عێراق* بە هۆی شۆڕشێکەوە ڕووخا.

**ڕەوایی**

ئەوەی گرنگە بۆ مانەوەی ڕژێمە پادشاییەکان، توانای ئەو ڕژێمانەیە بۆ چەسپاندنی ڕەوایی فەرمانڕەواییەکەیانە لە لای هاووڵاتییان. ئەو ڕەواییە وا لە ڕژێمە پادشاییەکان دەکات کە هاووڵاتییان گوێڕایەڵیان بن بەبێ ئەوەی متمانە بکەنە سەر بەکارهێنانی هێز. ئەو ڕەواییە لەسەر چەمکی یاسای میرات بونیاد نراوە لەگەڵ جەختکردنەوەیەکی زۆر لەسەر گرنگیی خانەدانیی بنەچەیی و بەها نەریتییەکان. لەبەر ئەوە ئەو ڕژێمە پادشاییانەی لە لایەن هێزە بیانییەکانەوە دامەزراون ڕووبەڕووی کێشەی تایبەت دەبنەوە سەبارەت بە چەسپاندنی ڕەوایی حوکمڕانییان.

ڕژێمە پادشاییەکان بۆ بونیادنانی ڕەوایی و دروستکردنی هۆیەکانی کۆنترۆڵکردن بە وریایی بابەتی نەریتی خانەدانی بەکار دەهێنن. ڕژێمە پادشاییەکان بە چەند ڕێگەیەک کە جێی متمانەی جەماوەر بێت، خۆیان وا پیشان دەدەن کە بنەچەی ئەم ڕۆژگارەیان پەیوەندیی بەوانەی ڕابردوویانەوە هەیە. ڕژێمە پادشاییەکان چەندین نەریت دادەهێنن و ئەفسانەی بەهێز بەدی دەهێنن بۆ ئەوەی خێزانەکانیان بە دەستکەوتەکانی ڕابردووەوە ببەستنەوە. تەنانەت هەندێک لەو ڕژێمە پادشاییانە پارە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی تەرخان دەکەن بۆ دووبارە نوێکردنەوەی کەلەپووری خۆجێی.

بۆ نموونە، ڕژێمە پادشاییەکان لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*دا وێڕای نەریت و دامەزراوەکان، پایەی ئایینیی مێژوویی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ بەهێزکردنی شەرعییەتی ئایینییان. لە *عەرەبستانی سعوودی*، ڕژێمی پادشایی سوود لە ڕۆڵەکەی دەبینێت وەک خزمەتکاری دوو مزگەوتە پیرۆزەکە و

پێشوازیکەری ملیۆنان موسڵمان لە کاتی حەجدا. هەروەها پادشایانی سعوودی لێکدانەوەی وەهابی بۆ *ئیسلام* و هاوپەیمانیی مێژوویی نێوان هۆزی *ئالسعود* و **محەمەد بن عەبدولوەهاب**یان بەکار هێنا بۆ بەهێزکردنی شەرعییەتی ڕژێمەکەیان.

توانای بڵاوکردنەوەی شکۆی شەرعییەتی نەریتی لە ناو جەماوەردا، مانەوەی ڕژێمە پادشاییەکان بەهێز دەکات. لە وڵاتی *مەغریب*، **شا حەسەنی دووەم** بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە لە بنەچەی پەیامبەرە، هەموو ساڵێک زنجیرەی بنەچەی خۆی بڵاو دەکاتەوە و وای پیشان دەدات کە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە سەر بنەچەی پەیامبەری *ئیسلام* **محەمەد**. **شا حەسەنی دووەم** دەڵێت کە "امیر المؤمنین"ە و پۆشاکی نەریتی لە بەر دەکات و پارە بۆ پرۆژەی ئیسلامی تەرخان دەکات. مادەی نۆزدەی دەستووری *مەغریب* دەڵێت: "**شا** هێمای یەکێتییە و لە لایەن خوداوەندەوە دانراوە."

هەروەها **شا حسێن**ی *ئەردەن* دەڵێت کە لە وەچەی پەیامبەر **محەمەد**ە و وێڕای ئەوەی خزمەتکارێکی حەرەمی ئەلشەریفە لە *ئۆرشەلیم*. سەرەڕای ئەوەش، **شا حسێن** چاودێریی پرۆژە ئیسلامییەکانیش دەکات، وەک نوێکردنەوەی *قوببەی سەوز*.

لە *نیپاڵ*، خێزانی پادشا بە وردی ئەفسانەی جۆراوجۆریان دەربارەی شکۆی ڕابردوویان بەدی هێنا؛ ئەندامانی خێزانەکە دەیانگوت کە لە بنەچەی **ڤیشنوی** خوداوەندی *هیندۆس*ن، کە پارێزەری ڕاستەقینەی ئایینی هیندۆسین. ئەو خۆدانە پاڵ بنەچە خوداییە مافی خودایی فەرمانڕەواییکردن بۆ خێزانی

پادشا دەستەبەر دەکات، کە لە ڕێی چەند نەریتێکی ئایینی ئاڵۆزەوە پیرۆز دەکریت و ڕەوایی پێ دەدرێت.

کاتێک ڕەوایی ڕژێمە پادشاییەکان تێک دەچێت، ئەوا چیتر زیاتر لەسەر دەسەڵات نامێنن. بۆ نموونە، لە میسر، ڕژێمی پادشایی جاروبار ڕووبەڕوی کێشەکانی شەرعییەت دەبووەوە بە هۆی دەستبڵاویی **شا فاروقی یەکەم** و هەستپێکردنی بەشە سەرەکییەکانی دانیشتوان کە **شا فاروق** جگە لە دەستکەلایەک بە دەستی حکومەتی *بەریتانیا*وە هیچی تر نیە. گەندەڵی و ناکارامەیی و لاوازیی **فاروقی یەکەم** لە بەرچاوی جەماوەر بە شێوەیەکی ترسناک زیانی بە شەرعییەتی ڕژێمەکە گەیاند و لە ساڵی ١٩٥٢دا سوپا ڕژێمەکەی ڕووخاند و کۆتایی بە فەرمانڕەوایی سی ساڵەی ڕژێمی پادشایی هێنرا.

## یەکگرتوویی خێزانی

یەکگرتوویی خێزانیی فەرمانڕەوا بە زۆری توانای خێزانەکە زیاد دەکات بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتیان. پەیوەندییەکانی خێزان دەتوانێت پەیوەندییەکی بەهێز لە ناو دەستەبژێری فەرمانڕەوا دروست بکات و نەهێڵێت ئەگەری هەڵگەڕانەوە لە ناو دەستەبژێرەکەدا ڕوو بدات. کاتێک ئەندامانی خێزانەکە تووڕە دەبن، سەوداکردن و/یان بەرتیلپێدان بەگشتی بەسن بۆ مسۆگەرکردنی دڵسۆزیی دەستەبژێر. میرە تاکەکان دڵیان خۆش دەکرێت لە ڕێی پێدانی کاروباری بازرگانی، کە وایان لێ بکات بتوانن بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانی پێ بەرەو پێش ببەن. هەرچەندە هەموو ئەندامێک ناتوانێت ئەوەی دەیەوێت دەستی بکەوێت، بەڵام پاداشتی بۆ یەکگرتوویی خێزانەکە دەدرێتێ بۆ

دەستەبەرکردنی ئەوەی کە هەموو ئەندامانی خێزانەکە باری داراییان باشتر دەبێت ئەگەر ڕژێمەکە تێک نەچێت و بمێنێتەوە.

هەروەها هەڕەمی پێکهاتەی خێزانیی فەرمانڕەوا بەشداری لە سەقامگیریی خێزانەکە دەکات و مندالانی خێزانی فەرمانڕەوا (واتە میرەکان) بە شێوەیەکی سروشتی پلەیان لە پلەی باوکیان (واتە پادشاکان) کەمترە. هەرچەندە تەرازووی وردی هێز لە سەرجەم ڕژێمە پادشاییەکاندا لە ڕژێمێکی پادشایی بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بە شێوەیەکی ئاسایی قسەی پادشا دەخوات لە بەرزکردنەوەی پلە لە ناو ڕژێمەکەدا و پادشا دەتوانێت سزای ئەندامان بدات لەپێناو دەستەبەرکردنی ڕێکوپێکی لەناو ڕژێمەکەدا. بۆ نموونە، لە *عەرەبستانی سعوودی*، ئەندامە گەنجەکانی خێزانی پادشایی بە شێوەیەکی ئاسایی ڕێز لە هەڕەمی خێزانی دەگرن و بە ڕێزەوە ڕەفتار لەگەڵ ئەندامەکانی لە خۆیان بەتەمەنتر دەکەن و گرنگ نییە جیاوازیی تەمەنیان زۆر کەمیش بێت.

بێگومان لە ڕژێمە پادشاییەکاندا، ئەگەر بنەچەی ئەندامانی خێزانی پادشا هاوبەشیش بێت، گرەنتیی یەکگرتوویی دەستەبژێر ناکات، ڕکابەریی نێوان ئەندامانی خێزان دەشێت ببێتە هۆی ئەنجامدانی کودەتایەک لە ناو خێزانەکە و ئەندامێکی خێزانی پادشا لە دەسەڵات لا ببرێت و ئەندامێکی تری خێزانەکە لە شوێنەکەی دابنرێت. لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە ناکۆکییە دەشێت ببێتە هۆی ناسەقامگیریی ڕژێمە پادشاییەکان، ئەندامانی خێزانی پادشا بە زۆری بە پەسەندی دەزانن کە هاوکاریی یەکتری بکەن، وەک لەوەی لەگەڵ یەکتر بە شەڕ بێن لەپێناو دەستەبەرکردنی درێژەپێدانی فەرمانڕەوایی خێزانی پادشا.

## کڕینی دڵسۆزی (کڕینی خەڵک)

لە ڕژێمە پادشاییەکاندا، ئابووری لە لایەن گرووپێکی بچووکی تاکەکان یان وردتر بڵێین لە لایەن پادشا و ئەندامانی خێزانی پادشاوە کۆنترۆڵ دەکرێت. کۆنترۆڵی ڕاستەخۆ بەسەر ئابووریدا وا لە ڕژێمە پادشاییەکان دەکات بتوانن تۆڕی پێویست لە دەستوپێوەند بۆ خۆیان دروست بکەن بۆ دەستبەرکردنی پشتیوانیی بەشە گرنگەکانی جەماوەر بۆیان. بۆ نموونە لە *نیپاڵ*، پادشا دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئابووریدا هەیە و کۆنترۆڵی تەواویشی بەسەر دابەشەکردنی زەویدا هەیە. ئەمەش ڕێگەی بە خێزانی پادشا داوە کە بە شێوەیەکی کاتی زەوی ببەخشێت بەو هەوادارە ئەوپەڕی دڵسۆزانەی ناو دەستەبژێری ڕژێمەکە. بەو چالاکییە ئابوورییە زۆرەی لە بەردەستی خێزانی دەسەڵاتداردا هەیە، ڕژێمە پادشاییەکان بە ئاسانی دەتوانن هەندێک هۆ بۆ هاوولاتییان دابین بکەن کە ببنە مایەی ڕەزامەندییان لە ڕژێمەکە لەپێناو دروستکردنی تۆڕێک لە دڵسۆزان بۆ ڕژێمەکەیان.

هەروەها چەندین ڕژێمی پادشایی لە نەوتدا دەوڵەمەندن، کۆمەکی دارایی زیاتریان لە بەردەستدایە بۆ کڕینی دڵسۆزیی هاوولاتییان. بۆ نموونە، لە *بەحرەین* سامانی نەوت بەکار دەهێنرێت بۆ ڕازیکردنی خێزانە شیعییە کاریگەرەکان، کە دەشێت لە داهاتوودا ببنە سەرچاوەیەکی دروستکردنی ئۆپۆزسیۆن دژی ڕژێمەکە. سامانی نەوت ڕێگەی بە چەندین ڕژێمی پادشایی دا کە پەیوەندی لەگەڵ بەشە گرنگەکانی کۆمەڵگەدا دروست بکەن بەو مەرجانەی کە ڕژێمەکەیان قبووڵ بێت. ئەو ڕژێمە پادشاییانەی سامانی نەوتیان نییە، چەند ئامرازێکی جۆراوجۆریان لە بەردەستدایە بۆ کڕینی

ئۆپۆزسیۆن و خەڵاتکردنی هەوادارانیان، لەو ئامڕازانە داهاتی گومرگ، پێدانی زەوی و داهاتەکانی کاری بازرگانیی تاکەکەسی. بۆ نموونە، ڕژێمە پادشاییەکانی *ئەردەن* و *نیپاڵ* بە لێزانانە سامانە نانەوتییەکانیان بەکار هێناوە، پیشەسازییەکانی گەشتوگوزار و کۆمەکە بیانییەکانیان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی لە بەرچاوی گرووپە هەوادارە گرنگەکان بە ڕژێمێکی باش دەربکەون.

کۆنترۆڵکردنی ئابووری لە لایەن ڕژێمە پادشاییەکانەوە ڕێگەی بەو ڕژێمانە داوە کە خۆیان خەڵک هەڵبژێرن بۆ ئەوەی کۆمەکی داراییان بەسەردا دابەش بکەن، ئەمەش وا لە پادشاکان دەکات ڕۆڵی ناوبژیکەری دەسەڵات لە نێوان هێزە ناکۆکەکاندا بگێڕن، وەک باوکی منداڵانی ناکۆک. بێگومان ئەوە هەڵوێستێکی نموونەییە بۆ پادشا، چونکە ئەو ناوبژیکەرییەی وای لێ دەکات لەسەر ناکۆکییەکان گەورەتر بێت و لە سزا بەخشرابێت و سەرزەنشتیش نەکرێت. هەندێک مافی تایبەت دەدرێت بە هەندێک گرووپی هەڵبژێردراو، وێڕای ئەوەی ڕژێمەکە لە بنچینەدا پشتیوانیی هەندێک کەسانی گرنگ دەکرێت. بەبێ دەنگکردن و/یان بەشدارییپێکردنی گرووپەکانی فشار و هەندێک ڕێکخراوی تری مەترسیداری کاریگەر لە پۆستەکاندا لە لایەن ڕژێمەکەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی سەرکردایەتیی ڕژێمەکە لە فەرمانڕەواییدا هیچ کۆتوبەندیکی لە پێش نەبێت.

هەرچەندە سەرکوتکردنی هەڵگەڕاوە سیاسییەکان شتێکی باوە لە ڕژێمە پادشاییەکاندا، بەڵام زۆرینەی ئەو ڕژێمانە بە شێوەیەکی سەرەکی متمانە دەکەنە سەر بەشدارییپێکردنی ئۆپۆزسیۆن لە حکومەتدا و پەیداکردنی پشتگیری. بۆ نموونە،

خێزانی پادشای *نیپاڵ* دڵنیایی دا کە چینی ناوەڕاست و دەستەبژێرە خاوەن موڵکەکان سوودیان لەو بارودۆخەی ئێستا وەرگرتووە، وای لەو گرووپانە کردووە بۆ ماوەی چەندین ساڵ ببنە سەرچاوەیەکی پشتیوانی بۆ خێزانی پادشا. لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*، چەندین سەرکردەی ئایینی کارمەندی خاوەن مووچەی حکومەتن و بۆ دەوڵەت کار دەکەن. ئەو سەرکردە ئایینییانە لە ڕێی پێدانی پۆست و مووچە زۆرەوە لەناو ڕژێمەکەدا کۆنترۆڵ کراون. ئەوانەی دەشێت لە داهاتوودا ببنە ڕکابەر پۆستی دەوڵەت و/یان هەندێک گرێبەستی بەسوودی حکومەتیان دراوەتێ.

## ڕاوێژکردن

ڕاوێژکردن شێوازێکە لە شێوازەکانی دروستکردنی بڕیار لە ڕژێمە پادشاییەکاندا. بۆ نموونە، لە ڕژێمە پادشاییەکانی ناوچەی *کەنداو* ڕاوێژکردن نەریتێکە کە ڕەوایی و سەقامگیریی ئەو ڕژێمانەی بەهێز کردووە. خێزانە پادشاییەکان بڕیاری گرنگ بە ڕێککەوتنی هەموو ئەندامانی خێزانەکانیان دەدەن، ئەمەش زانیاریی بەسوود دەخاتە بەردەستی پادشا بۆ ئەوەی لە داڕشتنی سیاسەتی ڕژێمەکەدا یارمەتیدەری بێت. بۆ نموونە، لە *عەرەبستانی سعوودی* کاتێک **شا فەیسەڵ** لە ساڵی ١٩٦٤دا هاتە سەر دەسەڵات، سامانی مەزنی نەوتی وڵاتەکە ئەوەی دەخواست کە دەبوو دامودەزگاکانی وڵاتەکە فراوانتر بکرێن. *ئەنجوومەنی وەزیران* دروست کرا بۆ ڕێکخستنی ئەم پرۆسەیە. ئەنجوومەنەکە لە بنچینەدا کۆمیتەیەکی باڵای میرە گەورەکان بوو کە ئامۆژگاریی **شا فەیسەڵ**یان دەکرد لە دەرکردنی بڕیارە گرنگەکاندا. وێڕای ئەوەش ئەنجوومەنەکە

یارمەتیی **شایان** دەدا لە کاروبارە گارگێڕییە ڕۆتینییەکاندا. جەختکردنەوە لەسەر ڕاوێژکردن لە ڕژێمە پادشاییەکاندا لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز دەبێت، لەسەر ئاستی ناو خێزانی پادشا لە ڕێی ئەنجوومەنە ڕاوێژکارییەکان و لەسەر ئاستی دانیشتوانیش بەگشتی.

*ئەنجوومەنی ڕاوێژکارییەکان* (کە لە کوێت و *عەرەبستانی سعوودی* و *عەممان* و *بەحرەین* هەن)، وا لە پادشایەکان دەکەن بتوانن وا دەربکەون کە هاوولاتییان دەستیان دەگاتە ئەوان، ئەمەش بێزاربوونی خەڵک و ئەو دڵڕەنجانە سیاسییە هەستپێکراوەی ناو شانشینەکە کەم دەکاتەوە. ئەو ئەنجوومەنە ڕاوێژکارییانە کاری ئەوە دەکەن ئەوە بۆ دانیشتوان بگوازنەوە، کە خێزانی فەرمانڕەوا ئازایانە لە دەرەوەی پلەوپایەی پادشایی پێیان خۆشە بۆ دەرکردنی بڕیارەکان ڕاوێژ بە هاوولاتییان بکەن. هەروەها ئەو ئەنجوومەنانە زانیاریی بەسوود دەخەنە بەردەستی ڕژێمەکە دەربارەی ئەوەی چ سیاسەتێک دەبێت پەیڕەو بکرێت و یارمەتیی خێزانی فەرمانڕەوا دەدەن بۆ پێشبینیکردن و چاودێریکردن و بیرکردنەوە لە نیگەرانییەکان پێش ئەوەی لەژێر کۆنترۆڵ دەربچن. هەرچەندە بەگشتی ئەنجوومەنە ڕاوێژکارییەکان بە کردار دەسەڵاتێکی سیاسیی کەمیان هەیە، بەڵام ئەو وێنەیە پیشان دەدەن کە گوێ لە قسەکانی خەڵک دەگیردرێت، هەروەها لە هەمان کاتیشدا زانیاری دەدەن بە ڕژێمەکە لەسەر ئەو ناڕەزایەتییانەی کۆمەڵگە، کە دەشێت ببنە هۆی ناسەقامگیری.

هەروەها ڕژێمە پادشاییەکان بە شێوەیەکی سروشتی هۆیەکانی تری ئامادەکراویان لە بەردەستدایە بۆ ڕاوێژکردن

لەگەڵ جەماوەر و دەستەبژێرانی ڕژێم. بۆ نموونە، سوڵتانی *عەممان* سالآنە گەشتێکی تایبەت بە ناو وڵاتەکەدا دەکات و لە لایەن میدیاکانەوە بڵاو دەکرێتەوە، لەو گەشتەیدا سکاڵا لە هاووڵاتییان وەردەگرێت. ئەم پرۆسەیە پێی دەگوترێت "پەرلەمانی کراوە". لە چەندین ڕژێمە پادشاییەکانی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*دا، داوا لە هاووڵاتییان دەکرێت بچن بۆ "دیوان" یان شوێنی فەرمیی کۆبوونەوەی خێزانە دەسەڵاتدارەکان. چەندین ڕژێمی پادشایی سیستەمی مەجلیس بەکار دەهێنن، ئەم مەجلیسانە کۆڕی کراوە لەخۆ دەگرن کە وەک زنجیرەیەکی پەیوەندیی نێوان فەرمانڕەوا و هاووڵاتییان بەکار دێت لەپێناو پاراستنی شێوازە نەریتییەکانی کارلەیەکترکردنی سیاسییانەی هەردوو لا.

بۆ نموونە، لە *عەرەبستانی سعوودی*، مەجلیس وەک ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری و کۆڕێکی گفتوگۆکردن بەکار دێت. ئەو مەجلیسە لە لایەن ئەندامانی خێزانی فەرمانڕەوا ساز دەکرێت. لەبەر ئەوەی خێزانی پادشایی *عەرەبستانی سعوودی* خێزانێکی گەورەیە، چەندین مەجلیس ساز دەکرێن و کۆڕی ئەم مەجلیسانە وەک هۆیەک بەکار دێن بۆ دەستەبەرکردنی پەیوەندیی بەشێکی زۆری هاووڵاتییانی سعوودی لەگەڵ حکومەتدا. هاووڵاتییان خۆیان دەتوانن سکالا پێشکەش بە شای *سعوودیە* بکەن و میرەکانیش وەک ناوبژیکەر لە نێوان هاووڵاتییان و دەوڵەتدا کار دەکەن.

کوێت هەنگاوێک زیاتر لە *سعوودیە* ڕۆیشتووەتە پێشەوە و پەرلەمانی هەیە. پەرلەمان هەندێک دەسەڵاتی سیاسیی هەیە و تەنانەت هەندێک جار بەرەنگاری خێزانی دەسەڵاتداریش بووەتەوە. وەک کوێت، *ئەردەن* پەرلەمانێکی هەیە کە تا

ڕادەیەکی کەم کاریگەریی خۆی پیادە کردووە. بۆ نموونە، لە مانگی مایسی ساڵی ٢٠٠٠دا، زیاتر لە نیوەی پەرلەمانتاران داوکارییەکیان واژۆ کرد کە داوای کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پەرلەمانیان کردبوو (ئەو کاتە وەرزی دانیشتنی پەرلەمان نەبوو) بۆ ئەوەی متمانە لە حکومەت بستێننەوە.

ئەو پێکهاتە ڕاوێژکارییانە وا لە هاووڵاتییان دەکات هەست بەوە بکەن کە دەستیان بەو ڕژێمانە دەگات. وەک هاووڵاتیەکی بەحرەینی دەڵێت: "زۆر نیگەران نیم لەوەی دەنگم هەبێت یان... لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانم قسە لەگەڵ یەکێک بکەم کە دەتوانێت بە ئاسانی تەلەفۆنەکەی هەڵبگریت و قسە لەگەڵ خێزانی فەرمانڕەوا بکات." ئەو پێکهاتە ڕاوێژکارییانە پەیوەندییەکان لە نێوان خێزانی فەرمانڕەوا و هاووڵاتییان دەستەبەر دەکەن، کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ناسنامەی هاوبەش لە نێوانیاندا. پادشا بە ڕاوێژکردنی ئاشکرا لەگەڵ بەشەکانی تری کۆمەڵگە، وا دێتە بەرچاو کە لە بەرژەوەندییە هەرە باشەکانی خەڵک کار بکات، ئەمەش سەقامگیریی ڕژێمەکە بەهێز دەکات.

## هەڵبژاردن و پەرلەمان و حزبە سیاسییەکان

زۆر لە ڕژێمە پادشاییەکان هەڵبژاردن دەکەن، پەرلەمانیان هەیە و ڕێگە بە هەبوونی حزبە سیاسییەکان دەدەن. وەک جۆرەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان، مەبەست لەو دامەزراوانە ڕێگەدان نییە بە پرۆسە سیاسییە دیموکراتییەکان، بەڵکو زیاتر بۆ درێژکردنی تەمەنی ڕژێمەکەیە (لە بەشی سێیەم باس کراوە). کاتێک ڕژێم دەست بە دروستکردنی فشار دەکات بۆ پووچەڵکردنەوەی هەڕەشەکانی گرووپە گەورەکانی ناو کۆمەڵگە، ئەوا ڕژێمەکە دامەزراوە دیموکراتییە ڕەمزییەکانی

وەک هەڵبژاردن و پەرلەمان بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنن. ئەو دامەزراوانە ڕۆڵی شانۆگەریی بەیاساییکردنی کارەکانی ڕژێمەکە دەگێڕن، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ڕژێمەکە دەکەن.

هەڵبژاردنەکان تەمەنی ڕژێمە پادشاییەکان درێژ دەکەنەوە، چونکە ئەو هەڵبژاردنانە وا لەو ڕژێمانە دەکەن بتوانن دانوستان لەسەر هاوبەشیکردن لە دەسەڵاتدا لە نێوان کۆشک و پەرلەماندا بکەن. هەڵبژاردنەکان ئامڕازێکن بە هۆیانەوە خێزانی فەرمانڕەوا دەتوانێت دەسەڵات بەسەر ژمارەیەکی سنووورداری گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن دابەش بکات، لە کاتێکدا هەموو ئەوانە ڕۆڵی پادشا دەپارێزن. ڕژێم لە نزیکەوە کۆنترۆڵی پڕۆسەی هەڵبژاردن دەکات بۆ دەستەبەرکردنی ئەوەی کە ئەو گرووپانەی لایەنگری ڕژێمن، ئەنجامی باش بەدەست بهێنن و بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ستراتیجی دەسەڵات بەسەر هێزە ناکۆکەکاندا دابەش بکات، بە جۆرێک گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن یەک نەگرن و نەبنە ڕکابەرێکی سیاسیی گەورە. ڕژێمەکە بە شێوەیەکی سروشتی فەرمان دەردەکات کە چەند حزب دەتوانن لە هەڵبژاردن بەشدار بن، چۆن ڕێگەیان پێ دەدرێت بۆ بۆ کاری حزبی و چەند کۆمەکی دارایی دەتوانن وەربگرن. هەروەها ڕژێم بڕیاری دەستنیشانکردنی کاتەکانی هەڵبژاردن دەدات و ڕێسا و ڕێنمایی دەردەکات بۆ گۆڕینی دەنگەکان بۆ کورسیی پەرلەمانی. لە ئەنجامدا زۆر لە گرووپەکان کەمتر لە پێویست نوێنەریان لە پڕۆسە سیاسییەکەدا دەبێت و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان ناچار دەبن ڕەفتار لەگەڵ ئەو کۆتوبەندە گەورانە بکەن کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردن لە بەردەمیان دادەنرێت.

هەروەها ڕژێمەکە دەتوانێت پەنا بەرێتە بەر فرتوفێڵ بۆ بردنەوە لە هەڵبژاردنەکاندا. بۆ نموونە، لە کوێت، کڕینی دەنگ ڕووی داوە و بە زۆری گۆڕینی سنووری ناوچەکانی دەنگدان بەکار هاتووە بۆ پشتیوانیکردنی ئەو کاندیدانەی لایەنگری ڕژێمەکە بوون. هەروەها ڕژێم بۆ ئەوەی نەهێڵێت ئۆپۆزسیۆن یەک بگرێت، ئەوا هەر جارەی پشتیوانیی خۆی لە نێوان کاندیدەکانی عەرەبە کۆچەر و نەتەوەپەرست و ئیسلامییەکان گۆڕیوە. بە هەمان شێوە، لە *ئەردەن* لادان لە یاسا و ڕێساکانی هەڵبژاردن ڕووی داوە و لە هەندێک لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگەکان دزراون. یاسای حزبەکان بەکار هاتوون بۆ پارچەپارچەکردنی ئۆپۆزسیۆن و هەروەها ناوچەکانی دەنگدان دەستکاری کراون بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی دەنگی دانیشتوانی فەڵەستینی. لە *مەغریب* فرتوفێڵی هەڵبژاردن ئەوەندە بڵاوە، کە بە زۆری دەنگدەری کەم دەچن بۆ دەنگدان، چونکە ئەو دەنگدەرانە زۆر کەمیان بڕوایان بەوە هەیە کە دەنگەکەیان دەژمێردرێت. هەروەها **شا حەسەنی دووەم** گۆڕینی سنووری ناوچەکانی دەنگدان و بە ناڕاسەوخۆیی کورسییە هەڵبژێردراوەکانی پەرلەمانی بەکار هێنا بۆ ئەوەی پەرلەمان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بمێنێتەوە.

هەموو ئەو هۆکارانە لە بەرژەوەندیی هەڵبژاردنی ئەو کاندید و گرووپانەی لایەنگری ڕژێمن دەبن و مایەی سەرنەکەوتنی کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن دەبن. لە ئەنجامدا، پەرلەمانەکان لە ڕژێمە پادشاییەکاندا بە شێوەیەکی ئاسایی پڕن لە لایەنگرانی ڕژێم و جاروبار ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن لەو پەرلەمانانەدا هەڕەشەیەکی کەم بۆ ڕژێمەکە دروست دەکەن. مەبەست لەو هەڵبژاردنانە پەیداکردنی دڵسۆزانە بۆ ڕژێم، کە

بەرژەوەندییان لە مانەوەی ڕژێمە پادشاییەکەدایە. ئەگەر هەڵبژاردن خواستی ڕژێمەکە نەهێنێتە دی، ئەوا ڕژێمەکە پەنا بۆ داخستنی پەرلەمان دەبا.

هەروەها زۆر لە ڕژێمە پادشاییەکان ڕێگە بە دروستبوونی حزبی سیاسی دەدەن. خاڵی گرنگ بۆ ئەو حزبە سیاسییە یاساییانە ئەوەیە دڵنیایی ئەوە بدەن بە ڕژێمەکە کە بەشداریکردنی سیاسییانەیان لەناو ئەو چوارچێوەیە دەبێت کە ڕژێمەکە بۆی داناون. هەروەها گرنگە کە ئەو حزبە سیاسییانەی هەڕەشە بۆ ڕژێمەکە دروست دەکەن بە دابەشبوویی بمێننەوە بۆ ئەوەی یەک نەگرن و ببنە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن، کە ناسەقامگیری دروست بکەن. بۆ نموونە، لە *ئەردەن* حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان ڕێگەیان پێ دەدرێت دابمەزرێن و بمێننەوە بەو مەرجەی پەیوەستی شەرعییەتی ڕژێمەکە بن. شای *ئەردەن* زۆر زیرەکانە ناکۆکی لە نێوان فەڵەستینییەکان و ئەردەنییەکانی ئەوبەری *دۆڵی ئەردەن* و گرووپ و هۆزەکانی تر دروست دەکات، وێڕای دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان حزبە ئایدیۆلۆجییە جیاوازەکان. هەرچەندە حزبە سیاسییەکان لە *ئەردەن* یاسایین، بەڵام سیستەمی هەڵبژاردن وا دانراوە کە هانی کاندیدە سەربەخۆکان بدات وەک لەوەی هانی حزبە سیاسییە بەهێزەکان بدات. بەم جۆرە، ئەو حزبانەی لە *ئەردەن* هەن لە ناو خۆیاندا دابەشبوو و لاوازن.

### سەرکوتکردنی هەڵبژاردە

دەزگا ئاسایشە بەهێزەکان زۆر گرنگن بۆ تەمەندرێژیی ڕژێمە پادشاییەکان، ئەو دەزگایانە وا لە ڕژێمەکان دەکەن لە نزیکەوە بتوانن چاودێریی ڕای گشتی بکەن و زانیاری لەسەر

هەست و ئارەزووی دانیشتوان کۆ بکەنەوە. زۆر لە ڕژێمە پادشاییەکان بە هۆی ئەو سامانە زۆرەی هەیانە، وردتر بڵێین پارەی نەوت، دەتوانن دارایی تەواو بۆ ئەو دەزگایانەی ئاسایش دابین بکەن. وێڕای ئەوەش، هێزی ئاسایشەکانیان بە زۆری بیانییان تێدایە، کە پێ ناچێت پێش سەرکوتکردنی هەڵگەڕاوەکان بیر لە هیچ بکەنەوە.

بۆ نموونە، لە *عەرەبستانی سعوودی* هەموو ڕێکخراوەکان لە نزیکەوە چاودێری دەکرێن. هەمان شتیش ڕاستە بۆ *بەحرەین*، کە هێزەکانی ئاسایش و هەواڵگری، خۆپیشاندەر و ئەندامی ئۆپۆزسیۆنیان گرتووە و تەنانەت هاووڵاتییانیشیان لە ناو کۆبوونەوە ئایینییەکاندا بریندار کردووە. هەروەها هێزەکانی ئاسایش لە *عەممان* بە توندی نەیانهێشت نائارامی ڕوو بدا و چالاکوانە سیاسییەکانیان بێبەزەییانە سزا دا. ڕژێمە پادشاییەکانی تر لە *کەنداو*، چاودێریی دانیشتوانە ئاوارەکان دەکەن بۆ ڕێگریکردن لەو ڕاپەڕینە سیاسییانەی کە لە لایەن لایەنی بیانییەوە پشتگیری دەکرێن. هەروەها ئەو ڕژێمانە بە وردی چاودێریی ڕۆشنبیران و سەرکردە ئایینی و ئەوانەی لە دەرەوە دەخوێنن یان گەشت بۆ دەرەوە دەکەن، دەکەن. یەکخستنی تۆڕەکانی زانیاریی سیخوڕەکان لەگەڵ خزمەتگوزارییە هەواڵگرییە پڕۆفیشناڵەکان، میکانزمیکی کارامەتری ئاسایشی ڕژێم لە کۆمەڵگەدا بەدی دەهێنێت: میکانزمێکی مەترسیداری ترس و تۆقاندن.

هەرچەندە سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت ڕێ لە چالاکییەکانی ئایندەی هەڵگەڕاوان بگرێت، بەڵام زۆر لە ڕژێمە پادشاییەکان (بەتایبەتی ئەوانەی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*) لەوە تێگەیشتن کە بەکارهێنانی سەرکوتکردن دەشێت ئەنجامی

پێچەوانەی هەبێت. بە زۆری ئاسانترە کە هۆیەکانی هاندان بۆ تاکەکان دەستەبەر بکەیت بۆ ئەوەی پشتگیری لە مانەوەی ڕژێم بکەن وەک لەوەی متمانە بکەیتە سەر سەرکوتکردن بۆ مانەوەلەسەردەسەڵات. زۆرینەی ئەو سەرکوتکردنانەی لە ڕژێمە پادشاییەکان بەکار دێن، سنووردار کراون بۆ ئەو چالاکییانەی دژی ڕژێم دەکرێن و ئەو هاووڵاتییانە ناگرێتەوە کە بەگوێرەی یاسا ڕەفتار دەکەن. سەرەڕای ئەوەش ئەوانەی ڕژێم گومانی ئەوەیان لێ دەکات لە داهاتوودا ببنە هەڵگەڕاوە، ئەوا ڕژێمەکە بەرتیلیان دەداتێ بۆ ئەوەی ڕەفتارەکانیان لەگەڵیدا بگونجێنن لەبری ئەوەی زیندانی بکرێن. ژمارەی گیراوان بەگشتی بە ئەوپەڕی کەم دەهێڵرێتەوە.

### دڵسۆزیی سوپا (وەفاداریی سوپا)

لە ڕژێمە پادشاییەکاندا وەک لە هەموو دیکتاتۆرییەتەکاندا، دڵسۆزیی سوپا بۆ ڕژێم گرنگە بۆ مانەوەی ئەو ڕژێمە لەسەر دەسەڵات. پادشاکان لە پلانی کودەتا یان هەوڵەکانی کوشتنیان پارێزراو نین؛ بۆ نموونە، **شا فەیسەڵی دووەم**ی *عێراق* لە کودەتای ساڵی ١٩٥٨دا لەسەر دەسەڵات لا درا و دوای ماوەیەکی کورت لە سێدارە درا. ڕژێمە پادشاییەکان بۆ مانەوەلەسەردەسەڵات دەبێت دەستەبەری دڵسۆزیی سوپا بۆ خێزانی فەرمانڕەوا بکەن. وەک **کیشاب بهاتارای** ئاماژەی بۆ دەکات، لە *نیپاڵ* خێزانی دەسەڵاتداری پادشا توانیی لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتێکی ئابووریی کارەساتباری هەبوو، ئەو مانەوەیەشی بە هۆی دڵسۆزیی سوپای شاهانە بوو.

زۆر له ڕژێمه پادشاییەکان بە هۆی هەڕەشەی لەدەسەڵاتلادانیان لە لایەن سوپاوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سوپا دەدەن لە ڕێی دابەشکردنی ئەندامانی خێزانی پادشا بەسەر هەموو جومگەکانی سوپادا. ئەمەش وا لە خێزانی فەرمانڕەوا دەکات بتوانێت چاودێریی سوپا بکات و دڵسۆزیی سوپا دەستەبەر بکات. ئەمە لە *ئەردەن* و *عەرەبستانی سعوودی* و *مەغریب* ڕاستە، کە خزمە نێرینەکانی پادشا لە پۆستە گرنگەکانی سوپا دامەزرێندراون بۆ پاراستنی ڕژێمەکە لە دژی هەر یاخیبوونێکی چاوەڕوانکراو. هەرچەندە ئەو ستراتیجە وا لە سوپا ناکات بەرامبەر هێزی دەرەکی زۆر کاریگەر بێت، بەڵام ناهێڵێت کودەتا ڕوو بدات. تاکتیکی تر بەکار دێت بۆ بەدیهێنانی دڵسۆزیی سوپا، ئەویش بەکرێگرتنی سەربازانی بەکرێگیراوانی بیانی دەگرێتەوە (ستراتیجێکە زۆر لە ڕژێمە پادشاییەکانی *کەنداو* سوودیان لێ وەرگرتووە)، هەروەها دەستەبەرکردنی پێدانی مووچەی باش بە ئەندامانی سوپا.

**جێنشینی**

یاسا بەدامەزراوەییکراوەکان بۆ دیاریکردنی جێنشینی، پێکهێنەری بنچینەیی تەمەندرێژیی ڕژێمە پادشاییەکانن. ڕێکارە ڕوونەکان بۆ دەستاودەستکردنی سەرکردایەتی دەبنە هۆی بەدیهاتنی بارودۆخێکی زیاتر چاوەڕوانکراو و سەقامگیریی سیاسییانە و کەمکردنەوەی ئەگەری بەدەستهێنانی دەسەڵات لە ڕێی توندوتیژی و ئاژاوەوە، کاتێک سەرکردەکان واز لە دەسەڵات دەهێنن یان لە دەسەڵات لا دەبرێن.

لە ڕووی مێژووییەوە، زۆر لە ڕژێمە پادشاییەکان یاسای ئامادەکراوی چەسپاویان نەبووە بۆ جێنشینی. هەموو نێرینەکانی بنەچە ناسەرەکییەکانی خێزانی فەرمانڕەوا، مافی فەرمانڕەواییان

هەبووە. لە هەندێک باردا، پاشا لە لایەن ئەندامانی خێزانە پادشاییەکانەوە هەڵبژێردراوە، پاشان ئەو هەڵبژاردنەیان خستووەتە بەردەم پیاوماقوڵانی کۆمەڵگە یان پیاوانی ئایینی (عولەما) و مەجلیس کردووە بۆ پەسەندکردنی بژاردەکەیان. لەبەر ئەوەی ئەو پرۆسەیە زۆر جار توندوتیژیی تێکەوتووە، ئێستا زۆرینەی ڕژێمە پادشاییەکان ڕێکاری دامەزراوەییان هەیە بۆ جێنشینی، کە جێی ڕەزامەندیی خێزانی پادشان.

لە هەندێک ڕژێمی پادشاییدا، پرۆسەی جێنشینی تا ڕادەیەک دیموکراتییە، ڕاوێژکردن و کۆدەنگی بەکار دەهێنرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کارامەترین ئەندامی خێزانەکە هەڵبژێردراوە بۆ فەرمانڕەوایی. بۆ نموونە، لە *عەرەبستانی سعوودی*، هەرچەندە شا جێگر بۆ خۆی دیاری دەکات، بێگومان ئەو دیاریکردنی جێگرە دوای ئەوە دەبێت کە شا ڕاوێژ بە ئەندامە بەتەمەنەکانی خێزانەکەی دەکات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ناو خێزان دەربارەی ئەوەی کە کێ لە داهاتوودا دەسەڵات بگرێتە دەست. خێزانی فەرمانڕەوا بەرژەوەندیی لەوەدایە کە فەرمانڕەوایەکی دانا و خۆشەویست لای دانیشتوان هەڵببژێرێت، بۆ ئەوەی ڕژێمە ناچار نەکرێت واز لە دەسەڵات بهێنێت.

جێنشینی لە کوێت زۆر ئاڵۆز بووە، چونکە سیستەمەکە لە بنچینەدا زۆر نافەرمییە و ڕکابەری لە ناو خێزانی دەسەڵاتداردا سەری هەڵداوە، لە نێوان دوو لقی وەچەی **شێخ موبارەک**، **جابر** (ساڵی ١٩١٥ تا ساڵی ١٩١٧ فەرمانڕەوایی کردووە) و **سالم** (ساڵی ١٩١٧ تا ساڵی ١٩٢١ فەرمانڕەوایی کردووە). بۆ هێورکردنەوەی ئەو کێشەیە، ئەو دوو وەچەیە بە نۆبە فەرمانڕەوایی کوێت دەکەن.

له چەندین ڕژێمی پادشاییدا، مافی کوڕی گەورە بۆ جێنشینی پەیڕەو دەکریت، واتا فەرمانڕەوای داهاتوو هەمیشە گەورەترین کوڕی خێزانی پادشایی یان بەتەمەنترین خزمێکی بەتوانای پادشا دەبێت. لە *نیپاڵ*، مافی کوڕی گەورە یان کچی گەورە یەکسانە، واتا گەورەترین منداڵ کوڕ بێت یان کچ شایستەی ئەوەیە بچێتە سەر تەختی پادشایی. سوودی مافی کوڕی گەورە ئەوەیە کە ڕێنمایی ڕوون دەستەبەر دەکات بۆ ئەوەی کێ لە داهاتوو ببێتە فەرمانڕەوا. شێوەیەک لە شێوەکانی مافی کوڕی گەورە لە *مەغریب* و *بەحرەین* و *ئەبوزەبی* و *دوبەی* و *قەتەر* بەکار دەهێنرێت.

هەرچەندە هەبوونی یاساکان بۆ جێنشینی لە ماوەی گۆڕانی پاشادا، گرەنتیی سەقامگیریی ڕژێم ناکات، بەڵام ڕژێمەکە بەهێز دەکات.

## هەندێک لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو

ئەم بەشە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدراو لەسەر *ئێران* دەخاتە ڕوو بۆ ڕوونکردنەوەی ڕوخسارە گرنگەکانی فەرمانڕەوایی پادشایی لە ڕژێمێکی پادشایی نابنەچەییدا. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدراوی کورت لەسەر ڕژێمی پادشایی *سوازیلاند* دەخەینە ڕوو بۆ پێشکەشکردنی نموونەیەکی دەرەوەی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* لە ڕژێمی پادشایی بنەچەیی. لە سەرجەمی ئەم بەشەدا جەخت لەسەر هەندێک بیرۆکە کراوەتەوە دەربارەی ئەوەی چۆن ڕژێمە پادشاییەکان کارەکانیان بەڕێوە دەبەن و ئەو هۆکارانەی وا لە هەندێک ڕژێمە پادشاییەکان دەکەن تەمەندرێژتر بن لەوانی تر.

## دەسەڵاتی کۆکراوە لە ناوەنددا لە ئێران (١٩٢٥-١٩٧٩)

ڕژێمی پادشایی *ئێران* بە ڕژێمێکی پادشایی نابنەچەیی پۆلێن دەکرێت، کە دەسەڵات لە دەستی پادشادا چڕ کراوەتەوە. هەرچەندە ئەم ڕژێمە پادشاییە بۆ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ لە دەسەڵاتدا مایەوە، بەڵام بە دەست کێشەکانی شەرعییەتەوە دەیناڵاند. لەم لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەدا، گفتوگۆ لەسەر ئەو هۆکارانە دەکەین کە بوون بە هۆی تەمەندرێژیی ئەو ڕژێمە، وێڕای ئەو ڕووداوانەی ڕووخانەکەیان خێراتر کرد.

**ڕەزا شا پەهلەوی** (بە **ڕەزا شا** ئاماژەی بۆ دەکەین)، لە ساڵی ١٩٢٥دا لە ڕێی کودەتایەکەوە کە خێزانی دەسەڵاتداری قاجاریی ڕووخاند، هاتە سەر دەسەڵات. چەند ساڵێکی کەم پێش کودەتایەکە **ڕەزا شا** لەپشت پەردەوەوە حوکمڕانیی دەکرد، **ڕەزا شا** توانیی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت بە هۆی پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ سوپا و پشتگیریی هێزە بیانییەکان و لاوازیی خێزانی دەسەڵاتداری قاجاری. دوای کودەتاکە بە ماوەیەکی کورت، **ڕەزا شا** سەرۆکی وەزیران و پەرلەمانی (یان مەجلیسی) دانا، کە دەنگی بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی قاجاری دا و دانی بە **ڕەزا شا** دانا وەک شایەکی نوێ.

کاتێک **ڕەزا شا** دەسەڵاتی گرتە دەست، کاری بۆ ئەوە کرد کە ئەو پشتگیرییەی لە سوپاوە هەیبوو بەهێزی بکات. **ڕەزا شا** کاری لەسەر ناوبانگی خۆی کرد وەک سەربازێکی مەزن، نزیکەی بە هەمیشە دەرکەوتنی بە جلێکی سەربازی بێ نیشانەکانی پلەوپایەی سەربازی لە ناو جەماوەردا. **ڕەزا شا** سوپای کرد بە سوپایەکی پرۆفیشناڵ لە ڕێی ڕێکخستنیەوە بۆ هێزێکی نیمچەڕۆژئاوایی نەوەد هەزار کەسی. پەیوەندیی

ئەرێنیی **ڕەزا شا** لەگەڵ سوپادا، ئەگەری ئەوەی کەم کردەوە کە سوپا کودەتا دژی ئەو بکەن.

هەروەها لە سەرەتادا **ڕەزا شا** لە لای خەڵکی مەدەنییش خۆشەویست بوو. **ڕەزا شا** هەوڵی دا چاکسازیی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکات بۆ بەمۆدێرنکردنی *ئێران* و بیکاتە هێزێکی جیهانی. ئەو کاری بۆ ئەوە دەکرد *ئێران* بکاتە کۆمەڵگەیەکی سیکۆلار و ژنان مافی زیاتریان هەبێت و سیستەمی خوێندنیش لە *ئێران* سیستەمێکی مۆدێرن بێت.

**ڕەزا شا** بۆ جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییانە، دەسەڵاتی لە بندەستی خۆیدا چڕ کردەوە. **ڕەزا شا** دەسەڵاتی مەجلیسی سنووردار کرد، بە جۆرێک لە کۆتاییدا مەجلیسەکە وەک دەستکەلایەکی لێ هاتبوو کە **شا** سیاسەتەکانی پێ پەسەند دەکرد و ئەو بۆ خۆی بڕیاری دەدا کە کێ بۆ مەجلیسەکە هەڵببژێردرێت. حزبە سیاسییەکان سەردەمێک بەهێز بوون، دواتر قەدەغە کران یان دەسەڵاتەکانیان ئەوپەڕی سنووردار کران. هەروەها چاودێری لەسەر میدیا زۆر توند بوو. **ڕەزا شا** ویستی کە **شا** دەبێت لە سەرووی هەموو گرووپەکانی کۆمەڵگەوە بێت و کەس بۆی نەبێت دەسەڵاتەکەی سنووردار بکات. **ڕەزا شا** خۆی وەک باوکی خەڵکی *ئێران* وێنا کرد و هەوڵی دا خۆی وەک نوورێکی عیرفانی پیشان بدات. بۆ ئەنجامدانی ئەو هەوڵەی، **ڕەزا شا** فەرمانی دەرکرد کە مۆنۆمێنت و وێنەکانی لە هەموو شوێنێکی سەرانسەری وڵاتەکە دابنرێن.

ڕژێمی پادشایەتی لەژێر فەرمانڕەوایی **ڕەزا شادا** بە دەست چەند کێشەیەکی شەرعییەتەوە دەینالاند، چونکە فەرمانڕەواییەکەی هیچ میراتێکی پادشایانەی نەبوو. لە

هەوڵێکدا بۆ ئەوەی شەرعییەت بە ناوەکەیەوە بلکێنێت، **ڕەزا شا** کاتێک دەسەڵاتی گرتە دەست، ناوی **پەهلەوی***ی* خستە سەر ناوەکەی خۆی. ئەو ناوی **پەهلەوی**یە هێمایەکە بۆ شکۆدارکردنی ڕابردووە کۆنەکەی. بۆ بەهێزکردنی بەڵگەنامەکانی خێزانی پادشایی، **ڕەزا شا خاتوو فەوزیە**، کە خوشکی گەورەی **شا فاروقی یەکەم**ی شای میسڕ بوو، بۆ **محەمەدی** کوڕی هێنا. هەروەها **ڕەزا** متمانەی کردە سەر خۆبەزلزانین و ئەتەکێت بەکارهێنان لە کاروباری گشتیی خێزانەکەیدا، بۆ ئەوەی وێنەیەکی شایانەی خێزانەکەی پیشان بدات و دووبارە بۆ هاووڵاتییان جەخت لەسەرە ئەوە بکاتەوە، کە فەرمانڕەوایەکی شەرعیی *ئێران*ە.

پێش ساڵانی ١٩٤٠، *ئێران* هەر زوو کەوتە ناو سەنگەری شەڕە سیاسییەکانی هێزە گەورەکانی جیهان لە ماوەی *دووەم جەنگی جیهانی*دا. لە ساڵی ١٩٤١دا بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ *شانشینی یەکگرتوو*، **ڕەزا شا** ناچار کرا واز لە تەختی پادشایی بهێنێت بۆ **محەمەدی** کوڕی. گواستنەوەی دەسەڵاتی پادشایی لە باوکەوە بۆ کوڕ تا ڕادەیەک بێگرێوگۆڵ بوو.

هەروەها **محەمەد ڕەزا پەهلەوی** (بە شای *ئێران* ئاماژەی بۆ دەکرێت) وەک باوکی بە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە بندەستی خۆی فەرمانڕەوایی کرد. تەنیا دوو حزبی سیاسی ڕێگەیان پێ درابوو چالاکی ئەنجام بدەن، حزبی *نەتەوەپەرست* و حزبی *گەل*، بەڵام هەر یەکێک لەو دوو حزبە هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە یان کاریگەریان نەبوو. **شا** بەردەوام بوو لەسەر نەریتی باوکی لە بەکارهێنانی سەرکوتکردن بۆ توندکردنی کۆنترۆڵی بەسەر دەسەڵاتدا، لە ڕێی دانانی سانسۆر لەسەر میدیا و لە نزیکەوە چاودێریکردنی ئەوانەی

گومانی ئەوەیان لێ دەکرا ببنە ڕکابەری ڕژێمەکە، وەک پیاوانی ئایینی. هەموو ئەوانەی لە ناو سوپادا جێی متمانە نەبوون، لە سوپا دەرکران و چینی بازرگانانی بازاڕیش سەرکوت کران. هەروەها **شا** هۆزەکانی لە *ئێران* لاواز کرد، ئەویش بە بەستنی هاوپەیمانییەکی کاتی لەگەڵیاندا، پاشان **شا** بە زیرەکانە هانی دان بۆ ئەوەی کێبڕکێ لەگەڵ یەکتری بکەن کە ببێتە مایەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتیان. **شا** خۆی لەسەر لوتکەی هەموو دامەزراوەکاندا دانا و وای کرد هەموو دەستەکانی حکومەت متمانە بکەنە سەر ئەو، وەک کاروبارەکانی دەوڵەت و سوپا و دامەزراوە نیمچەسەربازییەکانی وەک ڕێکخراوی *هەواڵگریی نیشتمانی و ئاسایش* (*ساڤاک*) و *تۆڕەکانی پۆلیسی نهێنی*. زۆرینەی دامەزراوەکانی دەوڵەت گەندەڵ و ناکارامە بوون.

## ڕووخانی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شا

ڕژێمی پادشایەتیی *ئێران* هەمیشە کێشەکانی شەرعییەتی هەبووە؛ **شا** لە لایەن دانیشتوانەوە وا دەبینرا کە دەستکەلای هێزە ڕۆژئاواییەکانە. ئەوەی ئەو وێنەیەی **شای** تۆختر دەکردەوە، بوونی بیانییەکی زۆر بوو لە *ئێران*. لە ساڵی ١٩٧٨ زیاتر لە شەست هەزار بیانی لە *ئێران* دەژیان، کە دوو لەسەر سێیان ئەمەریکی بوون. بوونی ئەو بیانییانە لە *ئێران* ئەو هەستەی لای ئێرانییەکان بەهێز کرد کە بەرنامەی **شا** بۆ بەمۆدێرنکردن هەڕەشە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی و بەها کولتووری و ناسنامەی ئێرانی دەکات.

**شا** بە بەشینەوەی پۆست و کۆمەکی دارایی بەسەر دۆستانیدا، نەیتوانی شەعبییەتی خۆی لە لای هاووڵاتییان

باشتر بکات. لە سەردەمی **شادا** دڵسۆزانی ڕژێم قۆرخکاری و گرێبەستی کاری پڕقازانجیان دەدرایە. **شا** توانیبووی بە داهاتی نەوتی *ئێران* پشتیوانانی خۆی دڵخۆش بکات. ئەو داهاتانەی نەوت لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠ ئەوپەڕی زیادی کرد کاتێک نرخی نەوت بەرز بووەوە. بەو داهاتە زیادەیە، **شا** دەستی کرد بە بەرنامەیەک بۆ بەپیشەسازیکردنی *ئێران* و دامەزراندنی سوپایەکی گەورە. ئەو بەرنامانەی **شا** سەرچاوە دامەزراوەیی و مرۆییەکانی *ئێرانی* شپرزە کرد و بوو بە هۆی تێکچوونێکی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی. ناڕەزایی خەڵک بەرامبەر ڕژێم بە هۆی بەربڵاویی گەندەڵیی فەرمی و ئاستی بەرزی هەڵاوسان و زیادبوونی جیاوازیی نێوان چینی هەژار و دەوڵەمەند، زیادی کرد.

لە هەمان کاتدا، لە کۆتایی ساڵانی ١٩٧٠دا، ڕژێمی **شا** ڕووبەڕووی پشکنینی نێودەوڵەتی بووەوە بە هۆی پێشێلکارییەکانی لە بواری مافی مرۆڤدا. سەرۆکی *ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا* لە ساڵی ١٩٧٧دا دەسەڵاتی گرتە دەست و مافی مرۆڤی کردبوو بە بەشێکی گرنگی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی. ئەو فشارانە **شای** ناچار کرد کە ڕێگە زیاتر بە ئازادیی ڕادەربڕینی سیاسی بدات. ئەوانەی ڕکابەریی ڕژێمیان دەکرد سوودیان لەو کرانەوە زۆرەی ڕژێم وەرگرت و دەستیان کرد بە ڕێکخستن و سازکردنی ناڕەزاییدەربڕین.

لە ساڵی ١٩٧٨دا، قەبارە و ئاستی ناڕەزاییەکان زیادی کرد. مانگرتن لە سەرتاسەری *ئێران* دەستی پێ کرد. کاتێک جووڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن زیادی کرد، **شا** ناچار کرا لە ١١ی شوباتی ساڵی ١٩٧٩دا لە *ئێران* هەڵبێت. دوای هەڵهاتنی **شا**، یەکسەر کۆمارێکی ئیسلامی جێگەی ڕژێمی پادشایی گرتەوە.

## شەرعییەتی پادشایی لە سوازیلاند (١٩٦٨-تا ئێستا)

چەند ڕژێمێکی پادشایی کەم لە دەرەوەی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* بوونیان هەیە، ڕژێمی پادشایی *سوازیلاند* بەدەرە لەوە. ئەم لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە کورتە ئاماژە بۆ هەندێک هۆکاری گرنگ دەکات کە بەشداریی لە زۆرمانەوەی ڕژێمی پادشایی سوازیلاندی دەکات.

*سوازیلاند* لە سەرەتای ساڵانی ١٩٠٠ەوە لە لایەن *بەڕیتانیا*وە فەرمانڕەوایی کراوە. لە ساڵی ١٩٦٠ەوە فشار بۆ سەربەخۆبوون لە *شانشینی یەکگرتوو* لە زیادبووندا بوو. چەند حزبێکی سیاسی دروست بوون یەکێک لەو حزبانە، *جووڵانەوەی نیشتمانیی ئیمبۆکۆدڤۆ* (*IMN*) بوو. ئەم جووڵانەوەیە لە لایەن **شا سۆبهوزای دووەم** دامەزرا، ئەو شایەی هەر بە ناو بۆ سەدان ساڵ فەرمانڕەوایی *سوازیلاندی* کرد. *شانشینی یەکگرتوو* لە ساڵی ١٩٦٧ ڕازی بوو کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەو وڵاتە بکرێت و سەربەخۆیی دەدات بە *سوازیلاند* کە لەژێر فەرمانڕەویی پادشایی دەستووریدا بێت. **سۆبهوزای دووەم** و *جووڵانەوەی نیشتمانیی ئیمبۆکۆدڤۆ* سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و لە ساڵی ١٩٦٨دا *سوازیلاند* سەربەخۆیی وەرگرت.

**سۆبهوزای دووەم** کەسێتییەکی کاریزمای هەبوو کە جێگەی ڕێز بوو. **سۆبهوزای دووەم** لێزانێکی بەهێز بوو بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر و توانای دروستکردنی کۆدەنگیی هەبوو. **سۆبهوزای دووەم** جەختی لەسەر شەرعییەتی خێزانی پادشایی و دەسەڵاتی مێژوویی ئەو خێزانە لە سیاسەتی *نیوزیلاندا* دەکردەوە. **سۆبهوزای دووەم** سەرنجی دەخستە سەر نەریتەکانی سوازیلاندی و وای پیشان دا کە "شێوازی

ژیانی سوازیلاندی" بالاَتره له شێوازەکانی ژیانی ڕۆژئاوا و ئەو دابونەریتانەی کۆلۆنیالیزم لەگەڵ خۆی بۆ وڵاتەکەی هێناون. **سۆبهوزای دووەم** له ڕێی ئەو زانیارییه قووڵەی دەربارەی یاسا و نەریتی سوزیلاندی هەیبوو، توانیی ئەم وێنەیەی ڕژێمی پادشایی پیشان بدات و له هۆشی هاووڵاتییاندا بیچەسپێنێت. **سۆبهوزای دووەم** له ساڵی ١٩٧٣دا دەستووری هەڵوەشاندەوە و ڕای گەیاند که فەرمانڕەوای ڕەهای *سوازیلانده*.

له ڕژێمی پادشایی سوازیلاندی، ئابووری به تەواوی له لایەن خێزانی پادشاییەوە کۆنترۆڵ کرابوو. شوێنی شا له لوتکەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسی بوو. **شا** ئەوپەڕی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەبوو، دەسەڵاتی بەسەر پەرلەماندا هەبوو (کاری پەرلەمان له دەستپێکردن و گفتوگۆکردنی دۆزه سیاسییەکان کارێکی ڕووکەش بوو)، لێپرسراوی هێزه چەکدارەکان و هێنانی سەربازی نوێ بوو بۆ ناو سوپا و پلەی کارمەندانی حکومەتی بەرز دەکردەوە و زۆرینەی کارمەندانی له پۆست دەردەکرد. هەروەها **شا** دەسەڵاتەکانی دادوەرییشی پیاده دەکرد. ئەنجوومەنێکی ناوخۆ له پیاوان هەبوو که به *لیکۆکۆ* (*Liqoqo*) ناسرابوو، ئامۆژگاریی شای دەکرد و کۆڕێکی گشتی هەبوو که پێی دەگوترا *لیباندلا* (*Libandla*)، هەلی بۆ هاووڵاتییانیش دەڕەخساند بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر سیاسەته جیاوازەکان بکەن.

پلەبەرزکردنەوەی سوپا له *سوازیلاند* بەتایبەتی ئەوانه سوودیان لێ دەبینی که سەلماندبوویان دڵسۆزی ڕژێمن. دڵسۆزیی ئەفسەرانی سوپا بۆ ڕژێمەکه بەهێز دەکرا له ڕێی

پێدانی هەلی بازرگانی بەو ئەفسەرانەی سوپا کاتێک خانەنشین دەکران. ڕۆڵی سوپا بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیوانیکردن بوو لە ڕژێم لەبری ئەوەی *سوازیلاند* لە هەڕەشەکانی هێزە بیانییەکان بپارێزێت. بوونی بەردەوامی سوپا لە *سوازیلاند* دەستەبەری بنکەیەکی سەرکوتکردن دەکات بۆ پاڵپشتێکردن لە سیاسەتە توندوتیژەکانی ڕژێم.

کاتێک **سۆبهوزای دووەم** لە ساڵی ١٩٨٢دا کۆچی دوایی کرد، **لیکۆکۆ** یەکێک لە کوڕەکانی هەڵبژارد، **مسواتی سێیەم**ی تەمەن چواردە ساڵ، بۆ جێنشینی. دوو لە هاوسەرەکانی **سۆبهوزای دووەم** بۆ ماوەی چوار ساڵی دواتر فەرمانڕەواییان کرد بۆ ئەوەی **مسواتی سێیەم** بتوانێت خوێندنەکەی تەواو بکات. لە ساڵی ١٩٨٦دا **مسواتی سێیەم** تاجی پادشایی لە سەر نرا، بەمەش دەسەڵات بەبێ گرێوگۆڵ لە فەرمانڕەوایەکەوە بۆ ئەوەی دوای خۆی گوێزرایەوە. لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا کە زۆرینەی خەڵکی *سوازیلاند* لە هەژاریدا دەژین، بەڵام ڕژێمە پادشاییەکەی تا ڕادەیەک لە *سوازیلاند* خۆشەویستە و تا ئێستاش **مسواتی سێیەم** لە دەسەڵاتدایە.

## پوختە و ئەنجام

هەرچەندە ڕژێمە پادشاییەکان کەمتر لە شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەتەکان توێژینەوەیان لەسەر کراوە، بەڵام گرنگییان لەوان کەمتر نییە. ڕژێمە پادشاییەکان هەندێک جار لەوەدا لە ڕژێمە تاکڕەوییەکان دەچن کە دەسەڵات لە بندەستی تاکەکەسێکدا کۆ دەکرێتەوە. هێشتا ڕژێمە پادشاییەکان لە چەند ڕەفتارێکی گرنگدا لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکاندا

جیاوازن. لە هەندێک ڕژێمی پادشاییدا (وەک ڕژێمە پادشاییە بنەچەییەکان) دەسەڵاتی پادشا لە لایەن خێزانی فەرمانڕەواوە کۆنترۆڵ دەکرێت، بە هەمان شێوە لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکاندا، دەستەبژێرانی حزب کۆنترۆڵی دەسەڵاتی دیکتاتۆر دەکەن. ئەوەی زۆر گرنگە لە ڕژێمە پادشاییەکاندا، ئەوەیە کە شەرعییەتی ڕژێمەکە لەسەر بنچینەی بنەچەی پادشایی دانراوە. بێگومان ئەو جەختکردنەوەیە لەسەر بنەچەی خێزانی مانای ئەوەیە کە پرۆسەی جێنشینی لە ڕژێمە پادشاییەکاندا زۆر بێ گرێوگۆڵترە لەچاو شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەت.

زۆر شتی نەزانراو دەربارەی فەرمانڕەوایی پادشایی دەمێنن، بەتایبەتی لە ڕووی ئەوەی چۆن ڕژێمە پادشاییەکان لەگەڵ شێوەکانی تری دیکتاتۆرییەت بەراورد دەکەین لەبارەی بژاردە سیاسییەکانیان و ڕەفتارە کێشەئامێزەکانیان و ئەدای ئابوورییان. هەرچەندە ڕژێمە پادشاییەکان وا دەردەکەون کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش تەمەندرێژ بن، بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە ئایا هۆکاری تری سەرسووڕهێن هەن (وێڕای جۆری ڕژێم) لە ڕاستیدا کاریگەرییان لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنیان هەبێت. توێژینەوەی زیاتر پێویستە بۆ باشتر جیاکردنەوەی ئەو تایبەتیمەندییە سەرەکییانەی ڕژێمە پادشاییەکان کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارکردنیان هەیە و دەستنیشانکردنی ئەو هەڕەشە تایبەتییانەی کە بۆ مانەوەیان ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

# بەشی سیازدەیەم
# دیکتاتۆرییەتە دووڕەگەکان

وەک بە ناوەکەیان دیارە، دیکتاتۆرییەتە دووڕەگەکان ئەو ڕژێمانەن کە تایبەتیمەندییەکانی دوو جۆر لە دیکتاتۆرییەتەکان یان زیاتر هەڵدەگرن. لەناو دیکتاتۆرییەتە دووڕەگەکاندا، دیکتاتۆرییەتە دوورەگەکانی تاکڕەوی/سەربازی و تاکڕەوی/تاکحزبی ئەوپەڕی باون. دیکتاتۆرییەتە دووڕەگەکانی تاکحزبی/سەربازی و تاکڕەوی/تاکحزبی/سەربازی (کە بە هەڕەشەی سیێلایەنە ئاماژیان پێ دەکرێت) دەگمەنن. ئەم بەشە بژاردەیەک لە لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لەسەر دیکتاتۆرییەتە دوورەگەکان دەخاتە ڕوو، بە درێژی باسی ئەوە دەکات کە چۆن سیاسەت لەو ڕژێمە تێکەڵاوانە دادەڕێژرێت.

### دیکتاتۆرییەتی دووڕەگیی تاکڕەوی/سەربازی پاکستان (١٩٧٧-١٩٨٨)

*پاکستان* لەژێر فەرمانڕەوایی **جەنەڕاڵ محەمەد زیائولهەق** (بە زیا ئاماژەی پێ دەکرێت)، بە دیکتاتۆرییەتێکی دووڕەگیی تاکڕەوی/سەربازی پۆلێن دەکرێت. **زیا** بە کودەتایەک لە ساڵی ١٩٧٧دا هاتە سەر دەسەڵات، کە سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتە، **زولفەقار عەلی بۆتۆی**، لەسەر دەسەڵات لا برد. **زیا** لەگەڵ

سوپا بۆ دە ساڵی دواتر فەرمانڕەوایی *پاکستان*ی کرد. ئەم ڕژێمە لە ساڵی ١٩٨٨دا ڕووخا، کاتێک **زیا** لەگەڵ جەنەڕاڵە باڵاکانی سوپا بە هۆی تێکشکانی نادیاری فڕۆکەیەکەوە کوژران.

## ڕەگەزەکانی تاکڕەوی

کاتێک **زیا** دەسەڵاتی گرتە دەست، شێوازێکی تاکڕەوی لە فەرمانڕەواییدا بەکار هێنا. **زیا** سەرکردەیەکی خاوەن کاریزما بوو و هەوڵی دا خۆی وەک باوکێکی ئایینخواز لە لوتکەی هەڕەمی سیاسیی *پاکستان* پیشان بدات. ژمارەیەکی کەم لە هاووڵاتییان گومانیان لە دەسەڵاتەکەی یان لە ڕاستگۆیی ئەو دەکرد.

**زیا** دوای ئەوەی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، یەکسەر هەڕەشە چاوەڕوانکراوەکانی سەر دەسەڵاتەکەی، کە لە حزبە سیاسییە بەهێزەکان و دەستەبژێرە مەدەنییەکان سەرچاوەیان دەگرت، لاواز کرد و دژایەتیی جێبەجێکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکانی وەک هەڵبژاردنەکان و ئەنجوومەنی یاسادانان و حزبە سیاسییەکانی کرد. **زیا** پاساوی بۆ ئەو دژایەتییەی بەوە دەهێنایەوە کە هەڵبژاردنەکان تەنیا پیاوکوژ و ئاژاوە و سەرگەردانییان لە *پاکستان* بەرهەم هێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆتاییدا **زیا** لە ساڵی ١٩٨٤دا ڕێگەی دا هەڵبژاردنەکان بکرێن و زیاتر لە ٩٥٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و بۆ خولێکی ماوە پێنج ساڵی بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا.

ڕقلێبوونەوەی **زیا** لە ئەنجوومەنی یاسادانان یان پەرلەمان بوو بە هۆی دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی ئەلتەرناتیڤ. ئەنجوومەنەکە لە کەسانێک پێک هاتبوو کە لە بوارە جیاوازەکانەوە هاتبوون و وەک دەستەیەکی ڕاوێژکاری بۆ

سەرۆککۆمار کاریان دەکرد. هەموو ئەو دووسەد و هەشتاوچوار کەسە لە لایەن سەرۆککۆمارەوە دەپاڵێوران. لە کۆتاییدا **زیا** ئەنجوومەنی نیشتمانیی دووبارە دامەزراندەوە، بەڵام ئەنجوومەنەکەی دانەمەزراندەوە تا ئەنجوومەنەکە هەموو ئەو کارانەی **زیا** کە لە ساڵانی ڕابردوو کردبوونی قبووڵ کرد، بەو کودەتایەش کە **زیا** لە ساڵی ١٩٧٧دا کردبووی. بۆ دەستەبەرکردنی پشتگیری لە سیاسەتەکانی، **زیا** پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتە خۆجێییەکان و لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدارە گەندەڵانە بەهێز کرد کە دەتوانرا بە ئاسانی بکڕدرێن.

وەک ئاماژەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی *پاکستان* لە لایەن خودی **زیا**وە، **زیا** چەند یاسایەکی هەموار کرد کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەویان دەکرد. نموونەیەک لەو یاسا هەموارکراونە، هەمواری هەشتەمی ئەو یاسایە بوو کە دەسەڵاتی دابوو بە سەرۆککۆمار *ئەنجوومەنی نیشتمانی* هەڵبوەشێنێتەوە، کاتێک ئەو هەڵوەشانەوەکە بە گونجاو بزانێت. هەروەها ئەم هەموارکردنە دەسەڵاتی دابوو بە سەرۆککۆمار کە سەرۆکی سوپای داهاتوو دابمەزرێنێت. هەروەها **زیا** لە ڕێی هەموارکردنە دەستوورییەکانەوە کە سەروەریی دادگا مەدەنییەکانی لاواز کردبوو، دڵنیا بوو لەوەی کە سیستەمی دادوەرییشی پەک خستووە.

**زیا** کاری بۆ لاوازکردنی حزبە سیاسییەکان کرد لە *پاکستان*. **زیا** نەیهێشت زۆرینەی حزبە سیاسییەکان خۆیان لە *کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن* تۆمار بکەن. لە دوای ١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٩، تەنیا ڕێگە بە چوار حزب درابوو بۆ ئەوەی خۆیان لە *کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن* تۆمار بکەن. زۆرینەی حزبەکان هەڵوەشێندران و کۆمەک و کەلوپەلەکانیشیان دەستیان بەسەردا گیرا.

## ڕەگەزەکانی سوپا

هەرچەندە **زیا** لە چەند ڕوویەکەوە فەرمانڕەوایی تاکەکەسیی پیادە دەکرد، بەڵام سوپا بەشدارییەکی ڕاستەخۆی لە بەڕێوەبردنی *پاکستان* دەکرد. کاتێک **زیا** هاتە سەر دەسەڵات، سوپا وەک تەنیا بکەرێکی گرنگی سەربەخۆ لە *پاکستان* دەرکەوت. سوپا بەرپرسیارێتیی لە بەشە گرنگەکانی پەڕێوەبردنی مەدەنی و کەرتە سەرەکییەکانی ئابووری پێ بەخشرابوو. سوپا لە هەموو ئاستەکانی کاروباری دەوڵەتدا بەشدار بوو.

سوپا بە شێوەیەکی ستراتیجی هاوکاریی لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکانی کرد کاتێک ئەو هاوکاریکردنە لە بەرژەوەندیی ئەودا بوو. لەناو ئەو ڕژێمەدا، *ئیسلام* وەک پاساوێک بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و دروستکردنی یەکڕیزی لە ناو *پاکستان* و شاردنەوەی ئارەزووە دەسەڵاتگەراییەکانی ڕژێمەکە، بەکار دەهێنرا. کاتێک **زیا** فەرماندەی سوپا بوو، پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکان دروست کرد، دوای ئەوەی **زیا** بوو بە سەرۆککۆمار، چەک و پشتیوانیی دارایی بەخشی بە ئەو گرووپانە، بەتایبەتی ئەو گرووپانەی پشتیوانییان لە سوپا دەکرد و هێزی ئۆپۆزسیۆنی مەدەنییان دادەمرکاندنەوە.

هەروەها *ئیسلام* هێزێکی یەکخەر بوو بۆ سوپای پاکستانی. خویندکارانی کۆلێجەکانی سوپا لە خوێندنگە ئیسلامییەکان ڕاهێنانیان پێ دەکرا و بەو بڕوایە گۆشیان دەکردن کە ڕۆڵی سوپا بۆ پاراستنی *ئیسلام*ە لە هەڕەشەکانی دەرەوە. بۆ ئەوەی سوپا ئەم ئامانجە بهێنێتە دی، پێویست بوو بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و بە توندی پەیڕەوی پلەبەندیی هەڕەمی سەربازی بکات. یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی سوپا فەرمانڕەوایی **زیای** بەهێز کرد.

## دیکتاتۆرییەتی دووڕەگیی تاکڕەوی/تاکحزبی کووبا (١٩٥٩–تا ئێستا)

دیکتاتۆرییەتی کووبا لەژێر فەرمانڕەوایی **فیدڵ کاسترۆ** بە دیکتاتۆرییەتێکی دووڕەگیی تاکڕەوی/تاکحزبی دادەنرێت. لە ساڵی ١٩٥٩دا، **فیدڵ کاسترۆ** لەگەڵ گرووپێکی یاخی دەسەڵاتیان گرتە دەست و ڕژێمی **فولگینسیۆ باتیستا**یان بە شۆڕشێک ڕووخاند، کە بە *شۆڕشی کووبا* ناسرابوو. **کاسترۆ** بۆ چەندین ساڵ لەگەڵ حزبی *کۆمۆنیستی کووبا* فەرمانڕەوایی *کووبا*ی کرد. لە ساڵی ٢٠٠٨دا، برای **کاسترۆ**، **ڕائۆل**، دوای دەستلەکارکێشانەوەی **کاسترۆ** کرا بە سەرۆککۆمار. تا ئەمڕۆش ڕژێمەکە لە دەسەڵاتدایە.

## ڕەگەزەکانی تاکڕەوی

**فیدڵ کاسترۆ** لەگەڵ حزبی *کۆمۆنیستی کووبا* بۆ نزیکەی پەنجا ساڵ فەرمانڕەوایی *کووبا*ی کرد. ئەو سیستەمی فەرمانڕەواییە دووقۆڵییە بە ئەنقەست وا دانرابوو. سەرکردەکانی *شۆڕشی کووبا* دوودڵ بوون لەوەی دەسەڵاتێکی زۆر بدەنە دامودەزگاکانی حزبە نوێیەکە، چونکە لەوە دەترسان کە هەوڵەکانیان بۆ بەدامەزراوەییکردنی دەسەڵاتی کاریزمای **کاسترۆ** دەشێت بەفیرۆ بڕوات.

**کاسترۆ** لەگەڵ گرووپێکی بچووکی ئەفسەر کە پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتە پێکەوە جەنگابوون، بەرپرسیاری هەموو بڕیارە سیاسییە گرنگەکان بوون. ئەو بازنە ناوخۆییە لە کۆتاییدا ناونرا *مەکتەبی سیاسیی حزبی کۆمۆنیستی کووبا*. **کاسترۆ** کۆنترۆڵی هەموو جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی لە *کووبا* کردبوو، بە دەسەڵاتی دادوەرییشەوە و بەرپرس بوو لە

دامەزراندن لە هەر پۆستێکی گرنگدا. هۆی دەسەڵاتی کەسیی **کاسترۆ** *شۆڕشی کووبا* بوو، کە جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز بوو و کاریگەریی جیهانیی هەبوو.

وەک دیکتاتۆرە تاکڕەوەکانی تر، **کاسترۆ** تا ڕادەیەکی زۆر متمانەی کردە سەر سەرکوتکردن بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. بۆ نموونە، کاتێک ئابووریی *کووبا* لە ساڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٣دا خراپتر بوو، هاوکات لێبوردەیی ڕژێمی *کووبا* بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن کەمی کرد. وەک زۆر لە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان، سیاسەتە ئابوورییەکانی ڕژێمەکە کەمترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەتایبەتی لەو *کاتەوەی* یەکێتیی *سۆڤێت* ڕووخا. ڕژێم بۆ هێورکردنەوەی ناسەقامگیریی چاوەڕوانکراو، سەرکوتکردنی بەکار دەهێنا.

کاریزمای کەسیی **کاسترۆ** و گوتارە شۆڕشگێڕییەکانی، فەرمانڕەواییەکەی بەهێز کردبوو. **کاسترۆ** هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی پەیامەکانی شۆڕش بە زیندوویی بهێڵێتەوە و جەخت لەسەر گرنگیی دادی کۆمەڵایەتی بکاتەوە. بە گوتەی **ولیام ئێم لیۆگراندە**، "ئەو کاتانەی شۆڕشەکە تووشی ناکۆکی و دابەشبوونی توند دەبووەوە، دەسەڵاتی **کاسترۆ** دەستەبژێرەکانی لێک نزیک دەکردەوە و یەکی پێ دەگرتنەوە. لە ڕێی کێشەکانی نێوان *باڵی شارستانیی* جووڵانەوەی ٢٦ی *تەمووز* و *سوپای یاخیبوان*، لە نێوان جەنگاوەرە کۆنەکانی *سیرا* (*Sierra*) و کۆمۆنیستە کۆنەکان، لە نێوان هێزە چەکدارەکان و *وەزارەتی ناوخۆ* دوای لەسێدارەدانی **جەنەڕاڵ ئۆشاواو**، لە نێوان چاکسازیخوازەکان و توندڕەوەکان بە درێژایی ئەو ماوەی تایبەتییەی *کووبای* تێکەوتبوو".

**کاسترۆ** وەک دیکتاتۆرێکی تاکڕەو، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە داڕشتنی سیاسەتی *کووبا*دا گێڕا. بڕیاردروستکردن لە *کووبا* هەر دەبوو پێویستی بە ڕای **کاسترۆ** بێت. دەستەبژێرەکان ناچار کرابوون لەگەڵ یەک کێبڕکێ بکەن بۆ ئەوەی سەرنجی **کاسترۆ** بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و **کاسترۆ** ڕازی بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی لایان پەسەندە. دوابڕیار بڕیاری **کاسترۆ** بوو لەسەر هەڵبژاردنی سیاسەتەکان و کێشە ناوخۆییەکانی تر، ئەمەش ئەگەری سەرهەڵدان یان گەورەبوونی دابەشبوونە گرنگەکانی لەناو ڕژێمەکەدا کەم کردبووەوە.

## ڕەگەزەکانی تاکحزبی

حزبی کۆمۆنیستی *کووبا* دوای شۆڕش دروست بوو، ئەم حزبە پێش شۆڕش هێزێکی سیاسی نەبوو. ئامانجی حزبەکە ئەوەبوو ببێتە "گرەنتییەکی ڕێکخراوەیی بۆ بەردەوامبوونی سیستەمی سۆشیالیستیی *کووبا*". لەبەر ئەوەی حزبی کۆمۆنیستی *کووبا* بەشێک نەبوو لە خەباتی دژی ڕژێمی **باتیستا**، حزبەکە گەشەی کرد بۆ حزبێکی نیشتمانیی کووبی وەک لەوەی ببێتە نوێنەرێکی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕ.

بۆ **کاسترۆ**، حزبی کۆمۆنیستی *کووبا* وەک ئامڕازیک بوو بۆ یەکخستنی *کووبای* دوای شۆڕش و کۆکردنەوەی گرووپی پشتگیری لە ڕژێم. لە کۆتاییدا حزبی کۆمۆنیستی *کووبا* بەهێز بوو و ژمارەی ئەندامەکانی لە پەنجاوپێنج هەزار لەساڵی ١٩٦٩دا بوو بە زیاتر لە دووسەد هەزار ئەندام لە ساڵی ١٩٧٥دا. لە کۆتایی ساڵانی ١٩٧٠دا، حزبەکە لە ڕووی دامەزراوەییەوە ئەوەندە بەهێز بوو وای لێ هاتبوو لە حزبێکی

کۆمۆنیستیی نموونەیی بچێت. حزبەکە لەگەڵ **کاسترۆ** (دواتر لەگەڵ جێنشینەکەی، **ڕائۆل**) کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی ژیانی *کووبا*یان کردبوو، لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانەوە تا بیرۆکراسیی دەوڵەت و دەزگای ئاسایش.

لە ئاسۆی *کووبا* وا دەرناکەوێت کە حزبی سیاسیی دیکە بە شێوەیەکی یاسایی ڕێگەیان پێ بدرێت دەربکەون. چەند ئاماژەیەکی کەم هەن کە سیستەمێکی فرەحزبی لە لایەن حزبی *کۆمۆنیستی کووبا*وە بە وردی بیری لێ کرابێتەوە و لە ئێستادا بەڵگەی کەم هەن کە ئەو سیستەمی فرەحزبییە لە ناو دانیشتواندا دەنگدانەوەیەکی بەهێزی لێ بکەوێتەوە.

## دیکتاتۆرییەتی دووڕەگیی تاکحزبی/سەربازی ئیلسەلڤادۆر (١٩٤٨-١٩٨٤)

دیکتاتۆرییەتی *ئیلسەلڤادۆر* ساڵی ١٩٤٨ تا ساڵی ١٩٨٤ دیکتاتۆرییەتێکی دووڕەگیی تاکحزبی/سەربازی بوو. بەگوێرەی مێژوو ئەو ڕژێمانە بە دەگمەن سەریان هەڵداوە. ئەم ڕژێمە لە ساڵی ١٩٨٤دا دەسەڵاتی گرتە دەست دوای ئەوەی ژمارەیەک لە ئەفسەرانی پلەنزم، **سەلڤادۆر کاستانیدا کاسترۆ**یان لە دەسەڵات لا برد. سوپا و حزبی *شۆڕشگێڕیی یەکخستنی دیموکراتی* (*PRUD*) بۆ سیوشەش ساڵی دواتر دەستیان بەسەر *ئیلسلڤادۆ*ردا گرت و سەرپەرشتیی ماوەیەکی پڕ توندوتیژی و دڕندەییان کرد لە مێژووی *ئیلسلڤادۆ*ردا. حزبی *شۆڕشگێڕیی یەکخستنی دیموکراتی* لە ساڵی ١٩٥٠دا لە لایەن **میجەر ئۆسکار ئۆسۆریۆ** دامەزرا. **ئۆسۆریۆ** لە ساڵی ١٩٥٠دا بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا. دواتر حزبی *ئاشتبوونەوەی نیشتمانی* جێگەی حزبی *شۆڕشگێڕیی*

یەکخستنی *دیموکراتی‌ی* گرتەوە. ڕژێمەکە لە ساڵی ١٩٨٤دا لە ماوەی شەڕی ناوخۆی *سەلڤادۆر*دا ڕووخا، کاتێک **خۆزیە ناپۆلیۆن دوارتە** لە هەڵبژاردندا پۆستی سەرۆککۆماری بردەوە، ئەو هەڵبژاردنەی کە زۆر لە چاودێران بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەردیان دانا.

### ڕەگەزەکانی تاکحزبی

حزبی *شۆڕشگێڕیی یەکخستنی دیموکراتی*، بەرهەمی بیری **ئۆسۆریۆ** بوو و لە لایەن بەشێکی چینی ناوەڕاستی هاووڵاتییانی مەدەنی و ئەندامانی سوپا پشتیوانیی لێ دەکرا کە بەرژەوەندییەکانیان و پابەندبوونیان لەگەڵ تازەگەری دەهاتەوە. حزبی *شۆڕشگێڕیی یەکخستنی دیموکراتی* پێویستییەکانی گرووپەکانی بەڵێندەرانی دابین دەکرد، بەمەش پشتیوانیی ئەندامانی فەرمانڕەوای بۆ ئەو بەڵێندەرانە دەستەبەر دەکرد.

لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی ڕژێمە بە دیموکراتی دەربکەوێت، ناوبەناو هەڵبژاردنی ئەنجام دەدا. حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لەو هەڵبژاردنانەدا بە توندی شکستیان دەهێنا و لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٠دا هیچ کورسییەکیان لە پەرلەمان نەبوو. ڕژێم بۆ دەستەبەرکردنی بردنەوەی حزبی *شۆڕشگێڕیی یەکخستنی دیموکراتی* لە هەڵبژاردنەکاندا، بە شێوەیەکی بەرفراوان تۆقاندن و فێڵ و سەختەکاریی بەکار دەهێنا. هەروەها یاسای بەرکار هەبوون مەرجی بۆ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان دانابوو کە نابێت پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان هەبێت، ئەمەش توانای ئەو حزبە ئۆپۆزسیۆنانەی لاواز کردبوو بۆ پەیداکردنی کۆمەکی دارایی. ڕژێم بە توندی

کۆنترۆڵی پرۆسەی هەڵبژاردنی کردبوو و بە تەواوی دەستکراوە بوو لە دەستکاریکردنی یاساکانی کەمپینی هەڵبژاردن.

حزبی *ئاشتبوونەوەی نیشتمانی* کە لە حزبی *شۆڕشگێڕیی یەکخستنی دیموکراتی* پەیدا ببوو، لە ساڵی ١٩٦٠دا لە لایەن **جەنەڕاڵ خۆلیۆ ڕیڤیراوە** دامەزرێندرابوو. حزبی *ئاشتبوونەوەی نیشتمانی* وەک حزبی *شۆڕشگێڕیی یەکخستنی دیموکراتی*، پەیوەست بوون بە گەشەکردنی ئابووری و سەقامگیری و چینەکانی ناوەڕاست و باڵا پشتگیرییان دەکرد. لە ساڵی ١٩٦٢دا، **ڕیڤیرا** پۆستی سەرۆککۆماری بردەوە، حزبی *ئاشتبوونەوەی نیشتمانی* تەنیا حزب بوو ڕێگەی پێ درابوو بەشداری لە هەڵبژاردن بکات. لە حزبی *ئاشتبوونەوەی نیشتمانی*دا (پێش ئەویش حزبی *شۆڕشگێڕیی یەکخستنی دیموکراتی*) سوپا باڵادەست بوو، وەک ئامڕازێک بەکار هات بۆ ڕێگەدان بە کاندیدەکانی سوپا بۆ کێبڕکێکردن لە هەڵبژاردنەکاندا و هەڵبژاردنی سەرۆککۆماردا، پێکهاتەی فەرماندەیی سوپایان وەک دەزگایەکی سیاسی بەکار دەهێنا.

لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠دا، کاتێک ڕژێم بڕوایەکی زۆری بە هێزی ڕێکخراوەیی و شەعبییەتی حزبی *ئاشتبوونەوەی نیشتمانی* هەبوو، بە هێواشی ڕێگەی بە حزبەکانی دیکە دا کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن. هەرچەندە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لە کۆتاییدا هەندێک کورسییان لە پەرلەمان بەدەست هێنا، بەڵام ڕژێم دەستەبەری ئەوەی کردبوو کە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان هەرگیز لەوە نزیک نابنەوە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست بهێنن.

### ڕەگەزەکانی سوپا

سوپا بۆ ماوەیەکی زۆر بوو ڕۆڵیکی سەرەکیی لە سیاسەتی *سلڤادۆر*دا دەگێڕا. سوپا مەشقیان پێ کرابوو بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی یاسا و ڕێساکان بن و پەیوەستی پلەبەندیی سوپا و نیشتمانپەروەر و دژی کۆمۆنیست بن. سوپا بەشداریی لە گەشەکردنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی *سلڤادۆر* کرد و خۆی وا پیشان دا کە ڕێکخراوێکی ئەوپەڕی بەتوانایە بۆ فەرمانڕەواییکردنی وڵاتەکە.

وەک لە دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکاندا کودەتا شتێکی ئاساییە، لەناو ئەو ڕژێمەشدا باو بوون. سوپا ویستی خۆی سەپاند بەسەر ئەوانەی کە چەند جارێکی جیاواز بە هۆی کودەتاوە یان هەوڵدانی کودەتاوە وڵاتیان بەڕێوە دەبرد. بۆ نموونە، **جەنەڕاڵ خۆزیە ماریا لیموس** کە لە ساڵی ١٩٥٦دا بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا، لە ساڵی ١٩٦٠دا دوای خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە پایتەخت کە داوای لابردنیان دەکرد، بە کودەتایەکی بێخوێنڕشتن لە دەسەڵات لا برا. یەکسەر دوای لابردنی **خۆزیە ماریا** ئەنجوومەنێکی مەدەنی-سەربازی کۆنترۆڵی وڵاتی کرد. **جەنەڕاڵ خۆلیۆ ئەدئەلبێرتۆ ڕیڤیرا** و **فابیۆ کاستیلۆ**، کە پرۆفیسۆرێکی زانکۆ بوو، سەرکردایەتیی ئەو ئەنجوومەنەیان دەکرد. هەرچەندە **کاستیلۆ** وەک هاوسۆزێکی *شۆڕشی کووبا* ناسرابوو، بەڵام دەستەبژێر و پارێزگارەکانی سوپای قایل دەکرد کە حکومەت کاریگەریی کۆمۆنیزمی لەسەرە. کودەتایەک لە ساڵی ١٩٦١دا *ئەنجوومەنی مەدەنیی سەربازی*ی ڕووخاند و ئەنجوومەنێکی نوێ دامەزرا، کە جەختی لەسەر پەیوەستبوونی خۆی بە بەرەنگاربوونەوەی

کۆمۆنیزم دەکردەوە و **ڕیڤیرای** وەک ئەندام گەڕاندەوە ناو ئەنجوومەنەکە.

هەرچەندە سوپا پەیوەست نەبوو بە دیموکراسی، بەڵام بە توندی هەستی بەوە دەکرد کە فەرمانڕەوایی تاکڕەوی شتێکی نەخوازراوە. ئەنجوومەنەکە لە ساڵی ١٩٦٢دا گۆڕانکاریی لە دەستووردا کرد و وای لە سوپا کرد کە بتوانێت ڕاستەوخۆ دەست لە حکومەت وەربدات ئەگەر حکومەت پەیوەست نەبێت بەو یاسایەی کە ناهێڵێت دووبارە هەڵبژاردنەوە بۆ سەرۆککۆمار بکرێت. ئەم پەیوەستبوونە بۆ خولی پێنج ساڵی بۆ هەر سەرۆککۆمارێک، یارمەتیی سەقامگیریی ڕژێمەکەی دا، ئەویش بە کەمکردنەوەی گومان سەبارەت بە ماوەی دەسەڵاتی سەرکردەکان و دەستاودەستکردنی سەرۆکایەتی.

## هەڕەشەی سیانی: میسر (١٩٥٢-تا ئێستا)

دیکتاتۆرییەتی میسری بە هەڕەشەیەکی سیانی پۆلێن دەکرێت، ڕژێمێکی دووڕەگ کە هەرسێ تایبەتمەندییەکەی دیکتاتۆرییەتی تێدایە. هەڕەشە سیانییەکان دەگمەنن، کاتێک سەر هەڵدەدەن ڕوویان لەوەیە کە زۆر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. ڕژێمی هەڕەشەی سیانی میسری لە ساڵی ١٩٥٢دا هاتە سەر دەسەڵات، دوای کودەتایەک کە بە *شۆڕشی* ١٩٥٢ ناسرابوو و ڕژێمی پادشایی ڕووخاند. کودەتاکە لە لایەن گرووپێک ئەفسەرەوە کرا، کە **جەمال عەبدولناسر** سەرکردایەتیی دەکرد. لە ساڵی ١٩٦٥دا ڕاگەیاندرا کە **ناسر** بووەتە سەرۆککۆمار. دوای مردنی **ناسر** لە ساڵی ١٩٧٠دا، **ئەنوەر سادات** کە جێگری بوو، کرا بە سەرۆککۆمار و دوای کوشتنی **سادات** لە ساڵی ١٩٨١دا، **حوسنی موبارەک** کە جێگری **سادات** بوو، کرا بە

سەرۆککۆمار. ئەمڕۆ دیکتاتۆرییەتی میسرٍ لە لایەن **موبارەک** و حزبی *دیموکراتی نیشتمانی*، کە لە ساڵی ١٩٧٨دا دامەزراوە، فەرمانڕەوایی دەکریت. *سوپای* میسرٍ بە بەهێزترین سوپا لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* دادەنرێت و هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی سیاسییش دەگێڕێت.

## ڕەگەزەکانی تاکڕەوی

**موبارەک** کە زیاتر لە سی ساڵ فەرمانڕەوایی میسرٍی کرد، زۆر لە تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆریی تاکڕەویی تێدایە. وەک ئەوانەی پێش خۆی، **موبارەک** متمانەی کردە سەر سەرکوتکردن و جێبەجێکردنی توندی یاسا وەک هۆیەک بۆ مانەوەلەسەردەسەڵات. باری نایاسایی لەو کاتەوەی **سادات** کوژرابوو کاری پێ دەکرا. ڕژێم بەردەوام بە توندوتیژی لەگەڵ ئەوانەی دژایەتییان دەکرد دەجووڵایەوە، لە کاتێکدا هەوڵی دەدا بە پلەی یەکەم ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی بهێنێتە ناو حکومەتەوە بۆ ئەوەی *ئیسلام* بکاتە لایەنێکی زۆر دیاری ژیانی گشتی.

لە کاتێکدا **ناسرٍ** و **سادات** فەرمانڕەوایی میسرٍیان بە شێوازێکی زیاتر کاریزمی و بەهێز کرد، **موبارەک** شێوازێکی تری بەکار هێنا. شێوازی سەرۆکایەتیی **موبارەک** بەوە ناسرابوو کە سەرنجڕاکێش نەبێت و بە شێوەیەکی کارامەیی و ڕێکخراوەیی کار بکات. لایەنی ئەرێنیی ئەو شێوازەی سەرۆکایەتییەی **موبارەک** ئەوە بوو، کە هەستێکی بەهێز لای هاووڵاتییان دروست ناکات بۆ لابردنی. هەروەها **موبارەک** بە بەوردی هەواداری لە ناو بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دروست

دەکرد بۆ ئەوەی تۆڕێکی پشتگیری بۆ ڕژێمەکە بەگشتی دروست بکات وەک لەوەی بەتایبەتی بۆ خۆی بێت.

چەند کۆتوبەندێکی کەم لەسەر دەسەڵاتی **موبارەک** هەبوون، هەرچەندە ڕژێمەکە سووریش بوو لەسەر ئەوەی کە سیستەمی فەرمانڕەوایی بە دیموکراتی دەکات. دەسەڵاتی **موبارەک** لە سەروو دەسەڵاتی پەرلەمانەوە بوو و ئازادییەکی زۆری هەبوو لە بەرەوپێشبردنی ئەجێندا سیاسییەکەی. **موبارەک** دەیتوانی بە بڕیار یاسا دەربکات کاتێک پەرلەمان لە پشوودا بێت یان پەرلەمان فەرامۆش بکات لە ڕێی ئەنجامدانی ڕاپرسییەک کە حکومەت پشتگیریی بکات. بێجگە لە دەسەڵاتی دادوەری، هەموو لقەکانی حکومەت لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە کۆنترۆڵ کرابوون.

وەک دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان، ئەفسەرە پلەباڵاکانی سوپا بە زۆری جێگۆڕکێیان لە پۆستەکانیان پێ دەکرا، بۆ ئەوەی هەرگیز نەتوانن پەیوەندیی بەهێز دروست بکەن یان لە ناو بەشەکانی سوپادا هەوادار بۆ خۆیان پەیدا بکەن (ئەوانە پێداویستیی ڕێکخراوەیی سوپان بۆ ئەنجامدانی کودەتا). هەروەها ڕژێمی میسری جەختی لەسەر متمانەبەیەکترنەبوون دەکردەوە، وای لە ئەندامانی سوپا کردبوو کە دوودڵ بن لەسەر گۆڕینەوەی زانیاری لەگەڵ یەکتری، بۆ ئەوەی هەماهەنگییان لەگەڵ یەکتردا نەبێت.

## ڕەگەزەکانی سوپا

دیکتاتۆرییەتی میسری پەیوەندییەکی توندی بە سوپاوە هەبووە لەوەتەی ئەو سوپایە دروست ببوو. **ناسر** تا ڕادەیەکی زۆر متمانەی دەکردە سەر کادیرانی سەربازی بۆ

جێبەجێکردنی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکەی. ئەفسەرانی سوپا پۆستە باڵاکانیان لە ناو حکومەت و کەرتە گشتییەکاندا بە دەستەوە بوو. پێنج ساڵی خایاند تا **ناسر** دەسەڵاتی خۆی لە ناو سوپادا بەهێز کرد و هەموو ئۆپۆزسیۆنێکی ڕیشەکێش کرد. **ناسر** هەوڵی دا سوپا لەگەڵ دەوڵەت یەک بخات لەژێر چەتری فەرمانڕەوایی خۆیدا. لەبەر ئەو هەوڵانەی **ناسر**، هێزە چەکدارەکان زیاتر دڵسۆزییان بۆ ڕژێمەکە هەبوو وەک بۆ دانیشتوان بەگشتی.

بە تێپەڕبوونی کات، ڕۆڵی سوپای میسری لە بواری سیاسیدا کەم بووەوە. سوپا دامەزراوەی سەرەکی بوو لە ساڵانی ١٩٥٠ و ساڵانی ١٩٦٠دا، بەڵام ئەو سەرەکیبوونەی دامەزراوەی سوپا لە ساڵانی ١٩٧٠ەوە تا ڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا هات. ڕێژەی ئەو کەسانەی کە پاشخانی سەربازییان هەبوو و لە حکومەتدا بەشدار بوون لە سەردەمی **ناسر**دا، لە ٣٥%ەوە کەمی کرد بۆ ٢٠% لە سەردەمی **سادات** و بۆ ١٠% لە سەردەمی **موبارەک**دا. سوپا ڕۆڵێکی زیاتر پاشکۆیی قبووڵ کرد، چونکە هەمیشە بەرژەوەندییەکانی لە لایەن ڕژێمەوە پارێزراو بوو. **موبارەک** توانیی سنوور بۆ کاریگەریی ڕاستەخۆی سوپا لە سیاسەتدا دابنێت بەبێ ئەوەی هەڕەشە لە سوپا بکات وەک دامەزراوەیەک.

هەروەها زیاتر قایلبوونی سوپا بەو ڕۆڵە پاشکۆییەی بە هۆی ئەو ڕاستییەوە بوو کە لە لایەن ڕژێمەوە کۆمەکی باشی پێ دەدرا. میسر یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە ڕیزی هەرە سەرەوەی ڕیزبەندیی ئەو وڵاتانەدایە کە کۆمەکی سەربازی لە *ئەمەریکا* وەردەگرن. سوپای میسری دەستی دەگاتە سیستەمەکانی چەکە هەرە پێشکەوتووەکان و ڕاهێنانی

سەربازی. تەنیا لە یەک بۆنەدا (لە ساڵی ١٩٨٦دا) یاخیبوون لە ناو سوپادا لەسەر مووچە و بارودۆخیان ڕووی دا. ئەو یاخیبوونە خێرا و بە توندی لە لایەن هێزە چەکدارەکانەوە سەرکوت کرا.

لەبەر ئەوەی سوپا سوودی لەو بارودۆخەی ئەو وەختە بینیبوو کاری بۆ پاراستنی دەکرد. لە ڕاستیدا، سوپا تاوانبار کرابوو بەوەی پشتیوانیی مامەڵە بازرگانییەکانی دەکرد کە ڕاستەوخۆ سوودی لێ دەبینی. چالاکییە بازرگانییە گەورەکانی سوپا (کە زیاتر لە نیوەی توانا پیشەسازییەکانی میسڕی دەنواند) وەک سەرچاوەیەکی بەهێز بوو بۆ پاراستنی ڕژێمەکە. هەروەها سوپا سوودی لەو پارانەی کە لە گرێبەستە سەربازی و بەرهەمهێنانی چەکدا دەستی دەکەوت دەبینی، تەنانەت سوپا بەشدار بوو لە بەرهەمهێنانی کەلوپەلی مەدەنی. لە ساڵی ١٩٩٤دا سوپا کۆنترۆڵی *بەڕێوەبەرایەتیی* *پڕۆژە خزمەتگوزارییە نیشتمانییەکان*ی کرد، کە شازدە کارگەی بەڕێوە دەبرد و حەفتاوپێنج هەزار کرێکار کاری تێدا دەکرد و هەموو شتێکی بەرهەم دەهێنا، لە مەکینەکانی کشتوکاڵییەوە بۆ داوودەرمان و فڕن. دەسەڵاتی ئابووریی سوپا لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ەوە فراوانبوونی بە خۆیەوە بینیبوو.

### ڕەگەزەکانی تاکحزبی

*حزبی دیموکراتی نیشتمانی* لە لایەن سەرۆککۆماری پێشوو، **سادات** دروست کرابوو. ئەو حزبە وەک سوپا و وەک هاوپەیمانێک لەگەڵ ڕژێم مایەوە، چونکە لەو پشتگیرییەی لە ڕژێم کۆمەکێکی زۆری دەست دەکەوت. *حزبی دیموکراتی نیشتمانی* بەردەوام بە لایەنی کەمەوە زۆرینەی کورسییەکانی

*ئەنجوومەنی گەل*ی بەدەست دەهێنا و هەروەها حزبێکی باڵادەست بوو لە کایەی سیاسیی میسڕدا.

وەک زۆر لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان، بیرۆکراسی و ژمارەی ئەو پۆست و هەلی کارانەی دایدەهێنان وەک ئامڕازێک بەکار دەهێنرا لەپێناو درێژکردنەوەی مانەوەی ڕژێمەکەدا. بەڵگە بۆ ئەوە، بیرۆکراسییەتی میسڕی تەواو گشتگیر بوو. بەرژەوەندییەکانی ئەم بیرۆکراسییە بە توندی بەسترابوونەوە بە پارێزگاریکردن لە بارودۆخی ئەو وەختەی ڕژێمەوە. دابەشکردنی پۆستە حکومییەکان ئامڕازێک بوو کە ڕژێم بە هۆیانەوە پاداشتی پشتیوانە ئەوپەڕی دڵسۆزەکانی دەدایەوە و شتی وای پێ دەبەخشین کە پێویست بوون بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی ڕژێمەکە. بێگومان ئەو پۆست و پاداشتبەخشینە بەکەڵک بوو لە میسڕێکدا کە ئاستی بێکاری تێیدا زۆر بەرز بوو؛ بە دەستەبەرکردنی پۆستی بەتاڵی زۆری حکومی تاکەکان ناچار دەکات بەردەوام بن لە پشتیوانیکردنی ڕژێم، کە زۆر گرنگە بۆ مانەوەی ڕژێمەکە.

*ئیخوان موسلمین* کە حزبێکی سیاسیی قەدەغەکراو بوو لە میسر و هێزێکی ئەوپەڕی مەترسیدار بوو بۆ ڕژێم، ڕێگەی پێ درا چەند کورسییەک لە *ئەنجوومەنی گەل* بەدەست بهێنێت (هەرچەندە *ئەندامەکانی* حزبی *ئیخوان موسلمین* وەک کاندیدی تاکی سەربەخۆ بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکان کرد). ڕێگەدان بە بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆن لە پرۆسەی سیاسیدا (هەڵبەت بە شێوازێکی زۆر سنووردار) هەوڵەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ شۆڕشکردن بەکار بهێنرێت. لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا کە *ئیخوان موسلمین* تا ئێستا باشترین ئەدایان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی ٢٠٠٥ پیشان دا. حزبی *دیموکراتی*

*نیشتمانی* وا دەردەکەوێت کە بە هەڕەشەی ناسەقامگیرییەوە خەریک بووبێت و ئەو ناسەقامگیرییەی لەو بەرەنگارییە ئابوورییە و ئیسلامییەدا سەری هەڵدا و لە چەند ڕوویەکەوە بەهێزتر بوو لەوەی کۆتایی ساڵانی ١٩٨٠.

**پوختە و ئەنجام**

لەم بەشەدا، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدراومان خستە ڕوو، کە بە نموونە دیکتاتۆرییەتە دووڕەگەکانی پیشان دا. بە خستنەڕووی ئەو لێکۆڵینەوانە، پیشانمان دا کە چۆن ئەو جۆرانەی ڕژێم دوو ڕەگەز یان زۆرتری جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتەکان لەخۆ دەگرن. هەرچەندە دیکتاتۆرییەتە دووڕەگەکان لەچاو هاوتا نادووڕەگەکانیان کەمتر باون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە جیهاندا بڵاون. لێرەدا گرنگە لەوە تێبگەین کە دیکتاتۆرییەتی دووڕەگ مانای چی دەگەیەنێت و چۆن ئەو ڕژێمە تێکەڵانە بە کردار ئەرکەکانیان ئەنجام دەدەن.

# ئەنجام

سیاسەتی دەسەڵاتگەرایی یەکێکە لە دواسنوورەکانی زانستی سیاسی؛ دەرخستنی شێوازە سیستەماتیکییەکان لە ڕەفتاری ڕژێمە دیکتاتۆرییەتەکاندا، وەک بەشێکی هەرە گرنگ لە ئەدەبیاتی سیاسەتی بەراوردکاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەمێنێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەو بارەی ئێستای لەم بوارە هەمیشە گەشەکردووەدا دروست کردووە. لە دروستکردنی ئەم بارەدا، جەخت لەسەر دوو بابەتی سەرەکی دەکاتەوە:

١. دیکتاتۆرییەتەکان یەک جۆر نین و هەمووشیان وەک یەک نین. ئەو دیکتاتۆرییەتانە بە زۆری لە یەکتر جیاوازن بە هەمان ئەو ئەندازەیەی کە لە ڕژێمە دیموکراسییەکانیش جیاوازن. کۆکردنەوەی دیکتاتۆرییەتەکان لەژێر یەک جۆردا دەبێتە هۆی بەهەڵەتێگەیشتنێکی ترسناک دەربارەی ئەوەی ئەو دیکتاتۆرییەتانە چۆن ڕەفتار دەکەن و شاردنەوەی ئەو جیاوازییە گرنگانەی دەربارەی ئەوەی چۆن ئەو دیکتاتۆرییەتانە لەناو خۆیاندا کارەکانیان ڕادەپەڕێنن.

٢. دیکتاتۆرەکان لە دیکتاتۆرییەتەکان جیاوازن. گۆڕینی سەرۆکایەتیی ناو ڕژێم لە دیکتاتۆرییەتەکاندا باوە؛ ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان بە زۆری لە پاش ماوەی فەرمانڕەوایی هەر تاکە سەرۆکێک، بە باشی دەمێننەوە. پیشاندانی دیکتاتۆر

و دیکتاتۆرییەت وەک هاوواتای یەک دەشێت ببێتە هۆی سەرلێشێوانێکی بنەڕەتی لەو ستراتیجانەی کە سەرۆک و دەستەبژێران هان دەدەن و هەروەها تێگەیشتنیشمان دەربارەی مانەوەی سیاسیی ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی دەشێوێنێت.

بە ڕەچاوکردنی ئەو بابەتانە، ئەم لێکۆڵینەوەیە توێژینەوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەدەبیاتی سیاسەتی دەسەڵاتگەرایی پێشکەش دەکات، لێکدانی تازەترین توێژینەوە لە بواری سیاسەتی بەراوردکاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشووتر کراون، بۆ ئەوەی وێنەیەکی ورد دەربارەی ئەوەی چۆن سیاسەت لە دیکتاتۆرییەتەکاندا کاری پێ دەکرێت، بخاتە ڕوو.

## خاڵە سەرەکییەکان

### بەشی یەکەم

لە یەکەم بەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پێشەکییەکمان دەربارەی جیهانی دیکتاتۆرییەتەکان خستە ڕوو. لە بەشی یەکەم، پاشخانێکی تیۆریمان خستە ڕوو لەسەر ئەوەی چۆن توێژەران دیکتاتۆرییەتەکان پۆلێن دەکەن و گفتوگۆمان لەسەر ئەو پۆلێنە جۆراوجۆرانە کرد کە بۆ لێکجیاکردنەوەیان بەکار دێن. ئەو جۆرە پۆلێنانە گرنگن بۆ ناسینەوەیان، چونکە ئەو دیکتاتۆرییەتانە بەردی بناغەی ئەنجامدانی توێژینەوەی شیکردنەوەی بەرواردکارین لە بواری سیاسەتی دەسەڵاتگەراییدا. جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەو پۆلێنەی بەکار هێنراوە دەشێت بە هۆی ئەو پرسیارە تایبەتە سەری هەڵدابێت کە توێژەر هەوڵ دەدات وەڵامی بداتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان دەستەبژێر و سەرۆک و دەستەبژێر و جەماوەر لە دیکتاتۆرییەتەکاندا، ئێمە متمانە دەکەینە سەر پۆلێنی **باربرا گیدس**، کە ڕژێمەکان پۆلێن دەکات بۆ ڕژێمی تاکڕەوی، سەربازی، یەکحزبی یان تێکەڵێک لە هەرسێکیان. ئەم پۆلێنکردنە ڕژێمەکان دابەش دەکات بەگوێرەی ئەو دامەزراوە سەرەکییانەی کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەستەبژێران لە دیکتاتۆرییەتەکاندا هەیە (وردتر بڵێین حزب و سوپا). پاشکۆیەکی جۆری ڕژێمە پادشاییەکان دەخەینە سەر ئەم پۆلێنە بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواوی جۆرەکانی دیکتاتۆرییەتەکانمان بداتێ، کە لە سەردەمی دوای *دووەم جەنگی جیهانی* سەریان هەڵداوە.

**بەشی دووەم**

ئەم بەشە لێکۆڵینەوەی تەواو لەسەر هۆیەکانی دروستبوونی ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی دەکات. لە کۆمەڵێک تیۆری پێشنیارکراو کۆڵرایەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی دیکتاتۆرییەت دژی دیموکراتی دروست دەبێت. دەردەکەوێت هەندێک هەلومەرجی دیاریکراو زەمینەیەکی بەپیت بۆ دروستبوونی ڕژێمی دەسەڵاتگەرایی دروست بکەن وەک هەژاری و نایەکسانیی ئابووری. هەروەها هۆکارە مێژوویی و جیۆپۆلیتیکییەکان وا دەردەکەون کە کاریگەرییان هەبێت لەوەی لە کوێ و کەی دیکتاتۆرییەتەکان سەر هەڵدەدەن. هەرچەندە توێژینەوەی سیستەماتیکیی کەم کراون لەوە بکۆڵنەوە کە بۆچی جۆرە جیاوازەکانی دیکتاتۆرییەتەکان سەر هەڵدەدەن، چەند ئاڕاستەیەکی ڕوون لە دابەشبوونی

ناوچەیی دیکتاتۆرییەتەکاندا هەیە: دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان زیاتر لە *باشووری بیابانی ئەفریقا* باون، دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان لە *ئەمەریکای لاتین* زیاتر باون، دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لە *ئاسیا* و *ئەورووپای ڕۆژهەڵات* زیاتر باون و ڕژێمە پادشاییەکان لە *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست* زیاتر باون.

**بەشی سێیەم**

لە بەشی سێیەم لە تێکڕای مانەوەی دیکتاتۆرییەتەکان دەکۆڵینەوە. ڕوونی دەکەینەوە کە چۆن جۆری ڕژێم کار دەکاتە سەر هەڵسوکەوتی سەرۆکەکان و دەستەبژێران و ئەوانەش بە دەوری خۆیان کار دەکەنە سەر مانەوەی ڕژێمەکە. دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان لەو جۆرە دیکتاتۆرییەتانەن کە ئەوپەڕی زۆر دەمێننەوە، دوای ئەوان دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دێن و لە کۆتاییدا دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان دێن. هەرچەند لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی کەم لەسەر خۆگریی ڕژێمە پادشاییەکان کراوە، بەڵام ڕژێمە پادشاییەکان بە ڕواڵەت دەرکەوتوون کە تا ڕادەیەک خۆگرن. توێژینەوەی زیاتر پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە لەو جۆرە پەیوەندییە. هەروەها ئەم بەشە لەو ڕۆڵە سەرەکییانەی کە هەڵبژاردنەکان و حزبە سیاسییەکان لە درێژبوونەوەی تەمەنی ئەم دیکتاتۆرییەتانە دەیگێڕن، دەکۆڵێتەوە، پیشانی دەدات کە چۆن ئەو دامەزراوانە وەک ئامڕاز بەکار دێن بۆ بەهێزکردنی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان و درێژکردنەوەی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا. هەروەها ئەو ڕێگەیانەی کە بە هۆیانەوە دیکتاتۆرییەتەکان دەڕووخێن باس کراون.

## بەشی چوارەم

بەشی چوارەم سەرنجدان لەسەر مانەوەی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکانەوە دەگوێزێت بۆ مانەوەی سەرۆکە دەسەڵاتگەراییەکان. لەم بەشەدا، جەخت لەسەر ڕۆڵی گرنگی دەستەبژێران لە مانەوەی دیکتاتۆرەکان دەکەینەوە. لە ڕاستیدا، گرووپی پشتوانانی دەستەبژێر لە دیکتاتۆر لە زۆربەی جارەکاندا بەرپرسە لە ڕووخانی دیکتاتۆر. پێکهاتەی دامەزراوەیی دیکتاتۆرییەت کاریگەریی لەسەر ئەوە هەیە کە بۆ دەستەبژێرەکان چەند ئاسان یان قورسە دیکتاتۆرەکان بڕووخێنن. لە ئەنجامدا، سەرۆکە تاکڕەوەکان درێژترین مانەوەیان لە دەسەڵاتدا دەبێت، دوای ئەوانیش سەرۆکەکانی ڕژێمە تاکحزبییەکان دێت و لە کۆتاییدا سەرۆکەکانی ڕژێمە سەربازییەکان دێن. هەروەها ئەم بەشە لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن دیکتاتۆرەکان لە دەسەڵات دەردەکرێن و جۆری ئەو ڕژێمانەش دیاری دەکات کە تیایاندا دەشێت دەرکردنەکان توندوتیژییان لەگەڵدا بێت و ئەگەری ئەوە هەیە ببنە هۆی ناسەقامگیریی ڕژێمەکە.

## بەشی پێنجەم

لەبەر ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی کە کودەتاکان لە سیاسەتی ڕژێمە دەسەڵاتگەراییەکان دەیگێڕن لە هاندانی دروستبوونی دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەتی نوێ و ئەوانەی دەبنە هۆی ڕووخاندنیشان، بەشی پێنجەم بۆ کودەتاکان تەرخان کراوە. ئەم بەشە لەوە دەکۆڵێتەوە کە مانای کودەتا چییە و بۆچی و چۆن ئەو کودەتایانە ڕوو دەدەن و ئەو هۆکارانەی کە بۆ سەرکەوتنیان پێویستن چین. سێ بەشی داهاتوو ئەوە پیشان دەدەن کە چۆن جۆری دیکتاتۆرییەتەکان کار دەکاتە سەر ئامانجە سیاسییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

## بەشی شەشەم

بەشی شەشەم لەو پەیوەندیی نێوان جۆری ڕژێم و چەقبەستوویی سیاسی یان چەند بۆ ڕژێمەکان ئاسان یان گرانە کە گۆڕانکاریی گەورە لە سیاسەتدا بکەن. ئەم بەشە یاریکەرە سەرەکییەکان لە پرۆسەی بڕیاردروستکردن لە دیکتاتۆرییەتەکان دیاری دەکات: سەرۆک و دەستەبژێرەکان. ئەگەر لە ڕژێمەکەدا حزبێک یان سوپا باڵادەست بێت یان هیچیان، ئەوا کاریگەریی دەبێت لەسەر لێکچوونی بژاردە سیاسییە پەسەندکراوەکانی سەرۆکەکان و دەستەبژێران، وێڕای توانای دەستەبژێران بۆ ڤیتۆکردنی بژاردە سیاسییەکانی سەرۆک. ئەوە پیشان دەدەین کە چەقبەستوویی سیاسی لە دیکتاتۆرییەتە تاکحزبییەکان زۆر توندە و دیکتاتۆرییەتە سەربازییەکان بە پلەی دووەم دێت و لە کۆتاییشدا دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان دێن.

## بەشی حەوتەم

لە بەشی حەوتەم، لە پەیوەندیی نێوان جۆری ڕژێم و ئابووری دەکۆڵینەوە. گفتوگۆ لەسەر ئەدەبیاتی دامەزراوە سیاسییەکانی ناوخۆ و ئەدای ئابووری دەکەین، تیشک دەخەینە سەر ئەو جۆرە ڕژێمانەی کە پەڕجووی ئابوورییان ئەنجام داوە، وێڕای ئەو ڕژێمانەش کە بوونەتە نێچیری کارەساتی ئابووری. هەروەها ئەم بەشە لەو ڕێگەیە دەکۆڵێتەوە کە تێیدا جۆری ڕژێم کار دەکاتە سەر بەکارهێنانی کۆمەکی دەرەکی لە لایەن دیکتاتۆرەکانەوە و ئارەزووی ئەو دیکتاتۆرانە بۆ ڕەفتاری گەندەڵی. دەردەکەوێت کە دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوییەکان زیاتر لە هاوتاکانیان لە

گەندەڵییەوە تێوە بگلێن و بە شێوەیەکی تالانئاسا دزی لە دەوڵەتەکە بکەن. توێژینەوەی زیاتر پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە دوولایەنە، وێڕای توێژینەوەی زیاتر بۆ هەڵهێنانی مەتەڵی ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی لە نێوان جۆری ڕژێم و ئەدای ئابوورییەکەیدا هەیە

**بەشی هەشتەم**

بەشی هەشتەم بابەتەکە دەگۆڕێت و گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن دیکتاتۆرییەت کار دەکاتە سەر ڕەفتاری کێشەی نێودەوڵەتی. ئەم بەشە پیشانی دەدات کە جۆری ڕژێم کار دەکاتە سەر ئەوەی چەند بە باشی دەوڵەتان دەتوانن لە ماوەی ڕوودانی کێشە نێودەوڵەتییەکان چارەسەرکردنەکانیان بخەنە ڕوو و وا لە هەندێک لە دیکتاتۆرییەتەکان بکات کەمتر بەشداری لە توندکردنی ناکۆکییەکان بکەن لەچاو ئەوانی تردا. هەروەها ئەم بەشە لێکۆڵینەوەی تەواو لەسەر پەیوەندیی نێوان جۆری ڕژێم و سروشتی ئەو زانیارییە هەواڵگرییە سەربازییانەی کە سەرۆکەکان لە ڕاوێژکارەکانیانی وەردەگرن، دەکات. لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرە تاکڕەوەکان ئەو زانیارییە هەواڵگرییە سەربازییانەی کە لە گرووپی ڕاوێژکارانیان پێیان دەگات ناتەواون، ئەگەری ئەوە زۆرە ئەو دیکتاتۆرانە لە سیاسەتی دەرەوەدا تووشی هەڵە ببن.

## بەشەکانی نۆیەم، دەیەم، یازدەیەم و دوازدەیەم

چوار بەشی داهاتووی ئەم لێکۆڵینەوەیە (لە بەشی نۆیەمەوە تا بەشی دوازدەیەم)، بە قووڵی لە هەر جۆرێک لە جۆرەکانی دیکتاتۆرییەت دەکۆڵێتەوە، ئەو کارە تیۆرییەی کە بۆ دیکتاتۆرییەتە تاکڕەوی و سەربازی و تاکحزبی و پادشاییەکان تەرخان کرابوو لەگەڵ کۆمەڵێک نموونەی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدراو لێک دەدات. ئەم بەشانە شیکردنەوەی درێژ دەخەنە ڕوو دەربارەی ئەوەی چۆن ئەو ڕژێمە جیاوازانە ڕەفتار دەکەن و چۆن سیاسەت لەناویاندا کاری پێ دەکرێت و ئەو هۆکار و ستراتیجانەی کە گرنگن بۆ مانەوەیان. ئەو نموونە لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوانە، ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە چۆن ئەو بیرۆکانە بە کردار کاریان پێ دەکرێت.

## بەشی سیازدەیەم

لە کۆتاییدا، بەشی سیازدەیەم بە کورتی لە دیکتاتۆرییەتە دووڕەگەکان دەکۆڵێتەوە و نموونەی واقعی بۆ هەر جۆرێک لەو دیکتاتۆرییەتە دووڕەگانە دەهێنێتەوە بۆ تیشک خستنە سەر ئەوەی ڕژێمە تێکەڵەکان لە واقعدا مانایان چییە.

دیکتاتۆرییەتەکان بە هەموو شوێنێکی نەخشەی سیاسیی جیهاندا بڵاو بوونەتەوە و هەروەها وا دەردەکەون کە لەسەر فەرمانڕەواییەکانیان بەردەوام بن. بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی باش هەوڵێکی گرنگە لەبارەی ئەوەی چۆن دیکتاتۆرییەتەکان کارەکانیان بەڕێوە دەبەن؟ کێ یاریکەری سیاسیی سەرەکییە تیایاندا؟ ئەو هاندرانە چین کە ڕووبەڕوی ئەو یاریکەرانە دەبنەوە؟ ئەو ژینگە دامەزراوییانەی کاری تێدا دەکەن چۆنە و

ئەو ئامرازانەی بۆ بەهێزکردنی مانەوەی سیاسیی خۆیان بەکاریان دەهێنن چین؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەیەکی گشتگیر دەربارەی دیکتاتۆرییەتەکان دەخاتە ڕوو، کۆمەڵەیەکی گەورە لە کارنامەکانی توێژینەوەی تیۆری و کرداری دەگرێتە خۆ کە بۆ ڕژێمە دەسەڵاتگەرایی و سەرۆکەکانیان تەرخان کراوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشهاتە گرنگەکانی بواری سیاسەتی دەسەڵاتگەرایی ڕوون دەکاتەوە، وێڕای ئەو پرسیارە گرنگانەی کە دەمێنن. لە ئەنجامدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە زانیاری دەربارەی جیهانی سەرنجڕاکێشی دیکتاتۆرییەتەکان دەخاتە ڕوو و هەندێک لەو نهێنی و خراپتێگەیشتنانەی کە ئەوانی شاردووەتەوە، کەم دەکاتەوە.

# بیبلۆگۆافیا


Abdalla, Ahmed. "The Armed Forces and the Democratic Process in Egypt." *Third World Quarterly* 10, 4 (October 1988): 1452–1466.

Acemoglu, Daron and James Robinson. *Economic Origins of Dictatorship and Democracy*. Cambridge, UK: Cambridge University Press, 2006.

Acemoglu, Daron, James Robinson and Thierry Verdier. "Kleptocracy and Divide and Rule: A Model of Personal Rule." *Journal of European Economic Association* 2 (April–May 2004): 162–192.

